زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# سیاسەت و پلاندارِێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا

تێزێکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین کراوە

وەکو بەشێک لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە زمانناسیدا

لە لایەن

**سعد عبدالرزاق قازی (قاضی)**

بە سەرپەرشتی بەڕێزان

**پ. د. رفیق محمد محی الدین شوانی**

**پ. هـ. د. جەعفەر شێخۆلئیسلامی**

کوردستان، هەولێر

ئاب ٢٠٢٠

## بەڵێننامەی قوتابی

من، سعد عبدالرزاق قازی (قاضی)، بەپێی ئەم بەڵێننامەیە، دڵنیاتان دەکەمەوە، ئەم تێزە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە "سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا"، بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی خۆمە و لە هەر شوێنێک و لە هەر کەسێک زانیارییەکم وەرگرتبێت، ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

وێڕای ڕێز و حورمەت

سعد عبدالرزاق قازی (قاضی)

## پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران

ئەم تێزە، بە ناونیشانی: "سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا"، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە زمانناسیدا، کە لە لایەن سعد عبدالرزاق قازی (قاضی)، بە سەرپەرشتی بەڕێزان: پ. د. رفیق محمد محی الدین شوانی لە زانکۆی سەلاحەدینی هەرێمی کوردستان و پ. هـ د. جەعفەر شێخۆلئیسلامی لە زانکۆی کارلتۆنی کەنەدا ئامادە و تەواو کراوە.

ناو: پ. د. رفیق محمد محی الدین شوانی

ڕێکەوت:

پ. ه. د. جەعفەر شێخۆلئیسلامی

ڕێکەوت:

هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراون و بە پشتبەستن بە ڕای سەرپەرشتیاران ئەم تێزە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن و گفتوگۆ دەکەم.

~~ناو: پ. ی. د. محمد فاضل مصطفى~~

سەرۆکی بەشی کوردی/ کۆلێژی زمان

ڕێکەوت:

ناو: پ. د. نوزاد شکر اسماعیل

بەرپرسی خوێندنی باڵا

ڕێکەوت:

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە (ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن)، کە ناو و واژۆمان لە خوارەوە هاتووە، ئەم تێزەمان کە ناونیشانەکەی بریتییە لە "**سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا**" و لە لایەن **سعد عبدالرزاق قازی** (قاضی) وەک بەشێک لە خوێندنی دکتۆراکەی بۆ بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە زمانناسیدا ئامادە کراوە، خوێندەوە و گفتوگۆمان لەسەر کرد، لە ئەنجامدا بڕیارماندا کە شایانی ئەوەیە بڕوانامەی دکتۆرای پێببەخشرێت.

ناو: پ. د. صباح رشید قادر
ئەندام
ڕێکەوت:

ناو: پ. ی. د. کوردستان موکریانی
ئەندام
ڕێکەوت:

ناو: پ. ی. د. نەریمان عبداللە کریم
ئەندام
ڕێکەوت:

ناو: پ. ی. د. شێرزاد سعید صدیق
ئەندام
ڕێکەوت:

ناو: پ. د. ساجدە عبداللە فرهادی
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:

ناو: پ. د. رفیق محمد محی الدین شوانی
سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ١٠/٩/٢٠٢١

ناو:ی پ. هـ د. جەعفەر شێخۆلئیسلامی
سەرپەرشتیار
ڕێکەوت:

ناو: پ. ی. د. عاطف عبداللە فرهادی
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕێکەوت: ١٦/١٢/٢٠٢٠

## پێشکەش

ئەم تێزە پێشکەشە بەو منداڵانەی کە لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەش کراون.

## سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانین بۆ سەرۆکی پایەبەرزی هەرێمی کوردستان جەنابی **نێچیرڤان ئیدریس بارزانی** کە وەک مام و باب و باپیری خۆی، لە پێناو خزمەت بە زانست و بردنەسەری پێگەی زمانی کوردیدا، دەرفەتی خوێندنی بۆ تاکی بەشەکانی دیکەی کوردستان و بۆ من ڕەخساند، مامۆستا **ئەحمەد قازی** کە لەو پێناوەدا هاندەر و ڕێنوێنم بوو، کاک **عەباس غەزالی میرخان** کە چاوی بەسەرمانەوە بوو و نەیهێشت تۆزی غوربەتمان لێبنیشێ، کاک **نزهت عمر صالح** کە چاوەدێری بە ئاکام گەیشتنی ئەم تێزەی کرد، **پەرەنگ خانم جیهانی** و **زاگروس** و **سەیف قازی** کە لەو ماوەیەدا هاوڕێ و هاوکارم بوون، **زانکۆی سەلاحەدین**، **بەشی کوردیی کۆلێژی زمان** و سەرپەرشتیارانی تێزەکەم بەڕێزان: پ. د. **ڕەفیق شوانی** و پ. هـ. د. **جەعفەر شێخولئیسلامی** کە لە نووسین و تەواوکردنی ئەم تێزەدا ڕێنماییان کردم، هەروەها هەموو ئەو کەسانەی بە پێدانی زانیاری، کتێب، گۆڤار، نووسراوە، تێبینی، سەرنج و تەنانەت بە وشەیەک یارمەتییان دام و هەڵەیان بۆ ڕاست کردمەوە.

# پوختە


لەم ساڵانەی دواییدا نووسەر و خاوەنڕای جیاواز ڕەخنەیان لە چۆنایەتی و چەندایەتی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لە بوارەکانی میدیا، پەروەردە، کارگێڕی و ... گرتووە. ئەمە خەمێکی گەورەی نووسەری ئەم تێزە بووە و هانی داوە توێژینەوەیەکی ئەکادیمییانە لەو بارەیەدا بکات، بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ ئەم ڕەخنانە چەندە پەیوەندییان بە سیستەمی پەروەردەوە هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی زۆربەی ئەندامانی خوێندەواری هەر کۆمەڵگەیەک لە سیستەمی پەروەردەدا فێردەبن، چۆن بنووسن و چۆن زمان بەکاربێنن، ئەم تێزە لەوەی کۆڵیوەتەوە کە ئاخۆ سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی چییە و سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە چ شێوەیەک بەو بابەتە ڕاگەیشتووە. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە تێگە و تیۆرییەکانی بواری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی خوێندۆتەوە، شەنوکەوی کردوون و لێکیداونەتەوە. بە دوای ئەودا سیاسەت و پلاندارێژیی زمانیی چەند وڵاتی جیهانی وەک نموونە شیکردووەتەوە. ئەوجار بە مێژووی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانیی کوردی لە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا چۆتەوە. لە درێژەدا لە بەر ڕۆشنایی مێتۆدی توێژینەوەکە ڕاپرسی لەگەڵ مامۆستا، قوتابی، دایکوباوکی قوتابی، بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی کردووە، هەروەها لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە وتووێژی کردووە و بەم جۆرە داتای پێویستی بۆ تێزەکە کۆکردۆتەوە. ئەو تێزە بە مەبەستی ئەوەی ئەنجامەکەی باشتر بگشتێندرێت، ڕای کچان و کوڕانی بە ڕێژەیەکی یەکسان وەرگرتووە، لەو بەشەدا بۆی دەرکەوتووە کە یەکەم، کچان لە وڵامدانەوە بە ڕاپرسییەکان وردتر و بەرپرسیارترن و دووهەم، ڕای کچان و کوڕان سەبارەت بە پێگەی زمانی کوردی تا ڕادەیەک جیاوازە و هۆگریی کچان بە زمانی دایک، بە مەبەستی پێخوێندن، لە هی کوڕان زۆرترە. لە درێژەدا لە بەر ڕۆشنایی بەشی تیۆری و زانیارییەکانی دیکەی تێزەکە داتاکانی لە ڕوانگەی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە وەسف کردووە، وێنەی بۆ داناون و دواتر

لەنێو چوارچێوەی مێژوویی خۆیاندا شەرحی کردوون و بە شێوەی ڕەخنەگرانە لێکیداونەتەوە. ئەوجار بە خستنە سەریەکی کۆی ئاکامی خوێندنەوە و لێکدانەوەی داتاکانی بە هەندێک ئاکام گەیشتووە کە دەکرێت بەشێکیان لەو خاڵانەدا کورت بکرێنەوە: ١. زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا خاوەنی پێگەیەکی بەرزە، بەڵام لە بەرانبەر زمانی ئینگلیزیدا پێویستی بە پشتگیری زۆرتر هەیە، بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە لەگەڵ زمانی ئینگلیزی لە کێبەرکێدایە. ٢. جەستەی زمانی کوردی کە بریتییە لە وشە، ڕێنووس، ڕێزمان و داڕشتنی کتێبە وانەییەکان، هەڵەیان تێدایە. ئەو هەڵانە کاریگەری نەرێنییان لەسەر پێگە و جەستەی زمانی کوردی داناوە و پێویستە چاکسازییان تێدا بکرێت. هەروەها پێویستە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان سادەتر و ڕەوانتر بکرێتەوە. ٣. فێرکاریی زمانی کوردی و فێرکاری بە گشتی پێویستییان بە پێداچوونەوە هەیە. بۆ نموونە پەروەردەکردنی مامۆستا و ڕاهێنانیان بە شێوازی سەردەمیانە دەتوانێت ئەم ئامانجە وەدی بێنێت تا لەئاکامدا زمانی کوردی لە بوارەکانی خوێندنەوە و نووسین و پێخوێندا بە باشترین شێوە کاری پێبکرێت و کاری بۆ بکرێت. ٤. سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە دیموکراتیزە بوونە و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، پێویستە ڕاوبۆچوونی پێکهاتەکانی سیستەمی پەروەردە، بۆ نموونە قوتابیان، مامۆستایان و دایکان و باوکان زۆرتر وەربگیرێت و بەهای زۆرتریان پێبدرێت. ٥. ڕادەی مووچە و چۆنییەتی گوزەرانی ژیانی مادی و هەروەها بارودۆخی کۆمەڵایەتی مامۆستا باشتر بکرێت، چونکە کاریگەری لەسەر ڕەوتی پەروەردە و ڕاهێنان و بارودۆخی زمان هەیە. ٦. لایەنی جۆراوجۆر لە پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا دەور دەبینن، بەڵام کاریگەری حکوومەت لە هەموان زۆرترە. لە بەر ئەمە چاوەڕوان دەکرێت کە حکومەت پلانی تۆکمەتر و درێژخایەنتری لە باری پێگە، جەستە و فێرکاریی زمانی کوردیدا هەبێت. جگە لەم ئاکامانە توێژەر بە پشتبەستن بە خوێندنەوە و داتا و لێکدانەوەکانی دیکەی ئەم تێزە چەند پێشنیازێکیشی کردووە کە بەشێکیان بریتین لە، بوارێک بۆ خوێندنی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە زانکۆکاندا بکرێتەوە، توێژینەوەی زۆرتر، بە مێتۆدی جیاواز و لە شوێنی جۆراوجۆر،

بۆ نموونە لە قوتابخانە ئەهلییەکان، لەبارەی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانیدا بکرێت و سیستەمی پەروەردە بەهای زۆرتر بە پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی کوردی بدات و لێژنەی پسپۆڕ بۆ لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوە بەو بابەتە تەرخان بکات. لە کۆتاییدا کەموکورتییەکانی تێزەکە باسکراوە، بۆ نموونە، ئاماژە بە کەمبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی کراوە.

وشە سەرەکییەکان: زمانی کوردی، سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی، قوتابخانە، سیستەمی پەروەدە، هەرێمی کوردستان

# ناوەرۆک


بەڵێننامەی قوتابی.....II
پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران.....III
بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ.....IV
پێشکەش.....V
سوپاس و پێزانین.....VI
پوختە.....VII
ناوەرۆک.....X
لیستی خشتەکان.....XV
لیستی وێنەکان.....XVI
بەشی یەکەم: پێشەکی.....١-١٢
ناوەرۆکی تێزەکە.....١١
بەشی دووەم: پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوودا و باکگراوندی تیۆری.....١٣-٧٨
٢. ١. سیاسەتی زمانی.....١٤
٢. ١. ١. سیاسەتی زمانی و حکومەت.....١٨
٢. ١. ٢. سیاسەتی ئاشکرا و سیاسەتی شاراوەی زمانی.....٢٢
٢. ١. ٣. سیاسەتی زمانی و مافی زمانی.....٢٣
٢. ١. ٤. سیاسەتی زمانی و یەکڕیزیی نیشتمانی.....٢٦
٢. ١. ٥. سیاسەتی زمانی و ئابووری.....٢٨
٢. ١. ٦. زمانی دایک و سیاسەتی زمانی.....٣٠
٢. ١. ٧. سیاسەتی زمانی و مافی چارەی خۆنووسین.....٣٤
٢. ١. ٨. قوتابخانە و سیاسەتی زمانی.....٣٥
٢. ١. ٩. زمانی نێونەتەوەیی و سیاسەتی زمانی.....٣٦
٢. ١. ١٠. ڕێژە و سیاسەتی زمانی.....٣٨
٢. ١. ١١. زمانپاڵێوی (Linguistic Purism) و سیاسەتی زمانی.....٤٠
٢. ١. ١٢. سیاسەتی زمانی و زمانی ستاندارد.....٤٢
٢. ١. ١٣. سیاسەتی زمانی و هاوسانی زمانی.....٤٥
٢. ٢. پلاندارێژیی زمانی (Language planning).....٤٦

٢. ٢. ١. خستنه ڕووی بابەتەکە ....................................... ٤٧
٢. ٢. ٢. گرنگی پلاندارێژیی زمانی ....................................... ٤٨
٢. ٢. ٣. جیاوازی سیاسەتی زمانی لەگەڵ پلاندارێژیی زمانی ....................................... ٤٩
٢. ٢. ٤. ئەو بابەتانەی کاریگەریان لەسەر پلاندارێژیی زمانی هەیە ....................................... ٥١
٢. ٢. ٥. پێناسەی پلاندارێژیی زمانی ....................................... ٥٣
٢. ٢. ٦. لقەکانی پلاندارێژیی زمانی ....................................... ٦٠
٢. ٢. ٦. ١. پلاندارێژیی پێگە (Status Planning) ....................................... ٦٠
٢. ٢. ٦. ٢. پلاندارێژیی جەستە (Corpus planning) ....................................... ٦٥
٢. ٢. ٦. ٣. پلاندارێژیی فێرکاریی (Acquisition Planning) ....................................... ٦٨
٢. ٣. سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە چەند وڵاتێکدا بە نموونە ....................................... ٧٠
٢. ٣. ١. هیند ....................................... ٧١
٢. ٣. ٢. ئەمریکا ....................................... ٧٣
٢. ٣. ٣. فەڕەنسا ....................................... ٧٦
بەشی سێهەم: سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا ....................................... ٧٩-١٠٤
٣. ١. کورد و "سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی" ....................................... ٨٠
٣. ٢. بارودۆخی کۆمەڵایەتی زمانی کوردی ....................................... ٨٢
٣. ٣. "سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی" لە بەشەکانی کوردستان ....................................... ٨٤
٣. ٤. سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی و شێوەزارەکانی زمانی کوردی ....................................... ٨٦
٣. ٥. سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا ....................................... ٩٢
٣. ٥. ١. مافی زمانە غەیرییە کوردییەکان لە باشووری کوردستان ....................................... ٩٨
٣. ٦. سەرپەرشتی و ئەندازیاری زمان ....................................... ٩٩
٣. ٧. داهاتووی زمانی کوردی ....................................... ١٠١
بەشی چوارەم: مێتۆد و هەنگاوەکانی توێژینەوە ....................................... ١٠٥-١١٨
بەشی پێنجەم: وەسف و شەرح و لێکدانەوەی داتاکان ....................................... ١١٩-٣١٦
٥. ١. وەسف و شیکردنەوەی داتای قوتابیان ....................................... ١٢٠
٥. ١. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم ....................................... ١٢٠
٥. ١. ٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووهەم ....................................... ١٢٢
٥. ١. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم ....................................... ١٣٠
٥. ١. ٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم ....................................... ١٣٦

٥. ١. ٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم........................................................................................ ١٣٨
٥. ١. ٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شەشەم........................................................................................ ١٤١
٥. ١. ٧. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم........................................................................................ ١٤٤
٥. ١. ٨. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری هەشتەم........................................................................................ ١٤٩
٥. ١. ٩. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری نۆهەم........................................................................................ ١٦٠
٥. ١. ١٠. وەسف و لێکدانەوەی ڕێژەی وەڵامی پرسیاری دەهەم........................................................................................ ١٦٥
٥. ١ . ١١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یازدەهەم........................................................................................ ١٧٢
٥. ١. ١٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دوازدەهەم........................................................................................ ١٧٦
٥. ١. ١٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێزدەهەم........................................................................................ ١٨٠
٥. ١. ١٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چواردەهەم........................................................................................ ١٨٦
٥. ١. ١٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پانزدەهەم........................................................................................ ١٩٠
٥. ١. ١٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شانزدەهەم........................................................................................ ١٩٩
ئەنجامی ڕاپرسیی قوتابیان........................................................................................ ٢٠٨
٥. ٢. وەسف و شیکردنەوەی ڕاپرسیی مامۆستایان........................................................................................ ٢١١
٥. ٢. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم........................................................................................ ٢١٢
٥. ٢. ٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووهەم........................................................................................ ٢١٥
٥. ٢. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم........................................................................................ ٢١٩
٥. ٢. ٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم........................................................................................ ٢٢٣
٥. ٢. ٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم........................................................................................ ٢٢٥
٥. ٢. ٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شەشەم........................................................................................ ٢٢٨
٥. ٢. ٧. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم........................................................................................ ٢٣٠
٥. ٢. ٨. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری هەشتەم........................................................................................ ٢٣٢
٥. ٣. وەسف و شیکردنەوەی ڕای دایکانوباوکان........................................................................................ ٢٣٤
٥. ٣. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم........................................................................................ ٢٣٥
٥. ٣. ٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووهەم........................................................................................ ٢٣٩
٥. ٣. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم........................................................................................ ٢٤٣
٥. ٣. ٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم........................................................................................ ٢٤٦
٥. ٣. ٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم........................................................................................ ٢٤٨
٥. ٣. ٦. وەسف ولێکدانەوەی پرسیاری شەشەم........................................................................................ ٢٥١

٥. ٣. ٧. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم ........ ٢٥٣
ئەنجامی راپرسیی دایکانوباوکان ........ ٢٥٦
٥. ٤. وەسف و لێکدانەوەی رای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە ........ ٢٥٦
٥. ٤. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم ........ ٢٥٧
٥. ٤. ٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووهەم ........ ٢٥٨
٥. ٤. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم ........ ٢٦٠
٥. ٤. ٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم ........ ٢٦١
٥. ٤. ٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم ........ ٢٦٣
٥. ٤. ٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شەشەم ........ ٢٦٤
٥. ٤. ٧. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم ........ ٢٦٧
٥. ٤. ٨. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری هەشتەم ........ ٢٦٨
٥. ٤. ٩. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری نۆیەم ........ ٢٦٩
ئەنجامی وەسف و لێکدانەوەی رای بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان ........ ٢٧٠
٥. ٥. وەسف و لێکدانەوەی رای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ........ ٢٧١
٥. ٥. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم ........ ٢٧٢
٥. ٥. ٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووهەم ........ ٢٧٤
٥. ٥. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم ........ ٢٧٧
٥. ٥. ٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم ........ ٢٧٨
٥. ٥. ٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم ........ ٢٨٠
٥. ٥. ٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شەشەم ........ ٢٨١
٥. ٥. ٧. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم ........ ٢٨٣
٥. ٥. ٨. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری هەشتەم ........ ٢٨٥
٥. ٥. ٩. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری نۆهەم ........ ٢٨٦
٥. ٥. ١٠. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دەیەم ........ ٢٨٨
٥. ٥. ١١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یازدەهەم ........ ٢٩١
٥. ٥. ١٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دوازدەهەم ........ ٢٩٢
٥. ٥. ١٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێزدەهەم ........ ٢٩٤
٥. ٥. ١٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چواردەهەم ........ ٢٩٦
٥. ٥. ١٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پانزدەهەم ........ ٢٩٨

٥. ٦. وەسف و لێکدانەوەی ڕای بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ..... ٣٠٠
ئاکامی گشتی و پێشنیازەکان ..... ٣١١
سەرچاوەکان ..... R٣٢٥-٣١٨
پاشکۆ ..... A٣٤١-A٣٢٧

# لیستی خشتەکان


خشتەی ٤. ١ هەژمار و ڕەگەزی قوتابیان لە سێ قوتابخانەی هەولێر............................ ١١١
خشتەی ٤. ٢ هەژمار و ڕەگەزی مامۆستایان............................ ١١٢
خشتەی ٤. ٣ هەژمار و ڕەگەزی دایکوبابانەی ڕاپرسیان لەگەڵ کراوە............................ ١١٣
خشتەی ٤. ٤ هەژمار و ڕەگەزی سەرپەرەشیارانی پەروەردەیی............................ ١١٤
**خشتەی ٥. ١ هەژماری حەزی قوتابی بەرانبەر بە زمانە جیاوازەکان ١٢٢**
خشتەی ٥. ٢ هەژماری قوتابی لەبارەی پێخۆشبوونی خوێندن بە زمانی کوردی............................ ١٣٠
خشتەی ٥. ٣ هەژماری قوتابی لەبارەی نووسینی بابەت بە زمانی کوردی............................ ١٣٧
خشتەی ٥. ٤ هەژماری قوتابی لەبارەی خوێندنەوەی کتێبی غەیری وانەیی............................ ١٣٩
خشتەی ٥. ٥ هەژماری قوتابی لەبارەی خوێندنەوەی بابەتە غەیری وانەییەکان............................ ١٤٢
خشتەی ٥. ٦ هەژماری قوتانی لەبارەی ڕەزامەندی لە جەستەی کتێبە غەیری وانەییەکان... ١٤٥
خشتەی ٥. ٧ هەژماری قوتابی سەبارەت بە چۆنییەتی ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان............................ ١٥٠
خشتەی ٥. ٨ هەژماری قوتابی سەبارەت بە چۆنییەتی خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان............................ ١٦٠
خشتەی ٥. ٩ هەژماری قوتابی سەبارەت بە ڕەزامەندی لە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان
............................ ١٦٦
خشتەی ٥. ١٠ هەژماری قوتابی سەبارەت بە هەڵەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان............................ ١٧٢
خشتەی ٥. ١١ هەژماری قوتابی سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵەکان............................ ١٧٦
خشتەی ٥. ١٢ هەژماری قوتابی سەبارەت بە تێگەیشتن لە کتێبە وانەییەکان............................ ١٨٠
خشتەی ٥. ١٣ هەژماری قوتابی سەبارەت بە تێگەیشتن لە کتێبە وانەییەکان............................ ١٨٧
خشتەی ٥. ١٤ هەژماری قوتابی سەبارەت بە تێنەگەیشتن لە کتێبە وانەییەکان............................ ١٩١
خشتەی ٥. ١٥ هەژماری مامۆستایان سەبارەت بە ڕەزامەندی لە خاڵبەندی............................ ٢١٦
خشتەی ٥. ١٦ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە زمانی پێخوێندن............................ ٢٣٦
خشتەی ٥. ١٧ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە چۆنییەتی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان
............................ ٢٤٠
خشتەی ٥. ١٨ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە ناردنی تێبینی لە سەر چۆنییەتی زمانی
کوردیی کتێبە وانەییەکان............................ ٢٤٤
خشتەی ٥. ١٩ هەژماری دایکانوبوکان لەبارەی گرنگی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان...... ٢٤٦
خشتەی ٥. ٢٠ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە ڕادەی پرسیاری منداڵەکانیان لە زمانی
کوردیی کتێبە وانەییەکان............................ ٢٤٩
خشتەی ٥. ٢١ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە ڕادەی پەیوەندیکردن بە قوتابخانە...... ٢٥١

## لیستی وێنەکان


وێنەی ٥. ١ ڕێژەی حەزی قوتابی لە زمانە جیاوازەکان ........ ١٢٢
وێنەی ٥. ٢ ڕێژەی پێخۆشبوونی خوێندنی زمانی کوردی ........ ١٣٠
وێنەی ٥. ٣ ڕێژەی نووسینی بابەت بەزمانی کوردی ........ ١٣٧
وێنەی ٥. ٤ ڕێژەی خوێندنەوەی کتێبی غەیری وانەیی ........ ١٣٩
وێنەی ٥. ٥ ڕێژەی جۆری خوێندنەوەی قوتابی ........ ١٤٢
وێنەی ٥. ٦ ڕێژەی ڕەزامەندی لە جەستەی زمانی بابەتە غەیری وانەییەکان ........ ١٤٥
وێنەی ٥. ٧ ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی سەبارەت بە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان ........ ١٥٠
وێنەی ٥. ٨ ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان ........ ١٦٠
وێنەی ٥. ٩ ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی لە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان ........ ١٦٦
وێنەی ٥. ١٠ ڕێژەی هەڵەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ........ ١٧٣
وێنەی ٥. ١١ ڕێژەی جۆر و هەژماری هەڵەکان ........ ١٧٧
وێنەی ٥. ١٢ ڕێژەی تێگەیشتنی قوتابی لەکتێبە وانەییەکان ........ ١٨١
وێنەی ٥. ١٣ ڕێژەی تێگەیشتنی قوتابی لە وانەی کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی ........ ١٨٧
وێنەی ٥. ١٤ ڕێژەی تێنەگەیشتنی قوتابی لە زمانی کتێبە وانەییە جۆراوجۆرەکان ........ ١٩١
وێنەی ٥. ١٥ ڕێژەی حەزی مامۆستا لەبارەی زمانی پێخوێندن ........ ٢١٢
وێنەی ٥. ١٦ ڕێژەی ڕەزامەندی مامۆستایان لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان ........ ٢١٦
وێنەی ٥. ١٧ ڕێژەی تێبینی قوتابی لەسەر جەستەی زمانی کوردی ........ ٢١٩
وێنەی ٥. ١٨ ڕێژەی ڕەزامەندی مامۆستا لەڕێنووسی کتێبە وانەییەکان ........ ٢٢٣
وێنەی ٥. ١٩ ڕێژەی دەربڕینی ڕای قوتابیان سەبارەت بەزمانی کوردی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە ........ ٢٣٠
وێنەی ٥. ٢٠ ڕێژەی حەزی دایکانوباوکان سەبارەت بە زمانی پێخوێندنی منداڵەکانیان ........ ٢٣٦
وێنەی ٥. ٢١ ڕێژەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لە ڕوانگەی دایکانوباوکانەوە ........ ٢٤٠
وێنەی ٥. ٢٢ ڕێژەی ناردنی تێبینی دایکان وباوکان لەسەر زمانی کوردی بۆ قوتابخانە ........ ٢٤٤
وێنەی ٥. ٢٣ ڕێژەی گرنگی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لای دایکانوباوکان ........ ٢٤٧
وێنەی ٥. ٢٤ ڕێژەی پرسیاری منداڵ لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لە ڕوانگەی دایکانوباوکانەوە ........ ٢٤٩
وێنەی ٥. ٢٥ ڕێژەی پەیوەندی دایکان وباوکان لەگەڵ قوتابخانەدا ........ ٢٥١
وێنەی ٥. ٢٦ ڕێژەی جۆری تێبینی دایکان وباوکان لە سەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ٢٥٤

وێنەی ٥. ٢٧ ڕێژەی ڕای بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان ........ ٢٥٨
وێنەی ٥. ٢٨ ڕێژەی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە ........ ٢٦٠
وێنەی ٥. ٢٩ ڕێژەی دەربڕینی ڕای مامۆستایان بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانە ........ ٢٦٢
وێنەی ٥. ٣٠ ڕێژەی تێبینی مامۆستایان بۆ بەڕێوەبەران سەبارەت بە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان ........ ٢٦٤
وێنەی ٥. ٣١ ڕێژەی پەیوەندی دایکانوباوکان لەگەڵ قوتابخانە لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان ........ ٢٦٥
وێنەی ٥. ٣٢ ڕێژەی حەزی سەرپەرشتیار لەبارەی جۆری زمانی پێخوێندن ........ ٢٧٢
وێنەی ٥. ٣٣ ڕێژەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە ........ ٢٧٤
وێنەی ٥. ٣٤ ڕێژەی گەیشتنی ڕینماییەکان بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ........ ٢٧٩
وێنەی ٥. ٣٥ ڕێژەی گەیشتنی ڕینماییەکان بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ........ ٢٨٠
وێنەی ٥. ٣٦ ڕێژەی ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران سەبارەت بە وەبەرچاوگرتنی ڕێنماییەکان ٢٨٢
وێنەی ٥. ٣٧ ڕێژەی کێشەی مامۆستا لەگەڵ جەستەی زمان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە ........ ٢٨٤
وێنەی ٥. ٣٨ ڕێژەی گەیشتنی ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایان سەبارەت بە زمانی کوردی بە سەرپەرشتیاران ........ ٢٨٥
وێنەی ٥. ٣٩ ڕێژەی ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران لە ڕای بەڕێوەبەران و مامۆستایان ........ ٢٨٧
وێنەی ٥. ٤٠ ڕێژەی کاریگەری ڕای مامۆستایان لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە ........ ٢٨٩
وێنەی ٥. ٤١ ڕێژەی ناردنی تێبینی مامۆستایان بۆ وەزارەتی پەروەردە ........ ٢٩١
وێنەی ٥. ٤٢ ڕێژەی سوودی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەسەر زمانی کوردی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە ........ ٢٩٣
وێنەی ٥. ٤٣ ڕێژەی کارپێکردن بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە ........ ٢٩٥
وێنەی ٥. ٤٤ ڕێژەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە ........ ٢٩٦

# بەشی یەکەم: پێشەکی

یەکێک لەو بابەتانەی سەرنجی توێژەری ئەم تێزەی، بە درێژایی تەمەنی، بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە بارودۆخی زمانی کوردی و مافی زمانی و چۆنییەتی مامەڵەی ئەملا و ئەولا، بەتایبەتی سیستەمی پەروەردە، لەگەڵ زمانی کوردی بووە. ئەوە وای کردووە، خەمی زمان ببێتە خەمی سەرەکی توێژەری ئەم تێزەیە و زۆرینەی خوێندنەوە و چالاکییەکانی تەرخانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکات. بۆی گرنگ بووە بزانێت، کاریگەری دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکان لەسەر زمانی کوردی چۆن بووە و کوردیش بۆخۆی بە چ شێوەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ زمانی کوردی کردووە و ئەو زمانە بە چ شێوەیەک گەیشتۆتە ئێستاکە و لە دواییدا چی لێبەسەردێت. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە توێژەری ئەم تێزە بیر لە ئەرکی زمان و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە زمان بکاتەوە، بۆ نموونە، بیر لە پەیوەندی نێوان زمان و شوناس بکاتەوە، بیر لەوە بکاتەوە کە ئاخۆ زمان بە چ شێوەیەک دەبێتە پردی پەیوەندی لە نێوان ڕابردوو و ئێستا و داهاتوودا، هەروەها بۆتە هۆی ئەوەی بیر لە گرنگی خوێندن و پێخوێندن بە زمانی دایک بکاتەوە. واتە نوسەری ئەم تێزە هەم خەمی زمانی کوردی لەبەر بووە و هەم بیری لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمێکی پەروەردەی سەرکەوتوو کردووەتەوە. لەو پێناوەدا سەرنجی کەوتۆتە سەر گوتەی ئەو کەسانەی کە لەبارەی بەهای زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەدا قسەیان کردووە. وەک ئەوەی ئەمیر حەسەنپوور لە ڕوانگەی محەمەد ئەمین زەکییەوە دەڵێت، زمانێک کە نەبێتە زمانی پەروەردە داهاتوویەکی پڕ لە مەترسی دەبێت (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٤، ل١٣). ئەو جۆرە بابەتانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە توێژەری ئەم تێزە بیر لە توێژینەوەیەک لەبارەی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بکاتەوە، چونکە پێی وابووە، ئەگەر سیستەمی پەروەردە پلانێکی تۆکمەی بۆ زمانی کوردی نەبێت، یەکەم، زمانی کوردی داهاتوویەکی مەترسیداری دەبێت و دووهەم، سیستەمی پەروەردە لە گەیشتن بە ئامانجەکانی پەروەردەییدا سەرکەوتوو نابێت و نموونەی ئەم بابەتە لە بەشەکانیدی تێزەکەدا باس کراوە.

توێژەری ئەم تێزە لە شاری مەهاباد لە دایک بووە و لەوێ پێگەیشتووە و بە هۆی جۆری سیاسەتی زمانی و پلاندارێژیی زمانی وڵاتی ئێران هەستی بە گرنگی چۆنییەتی مامەڵەی سیستەمی پەروەردە لەگەڵ زمانی دایکی کردووە، دواتر کاتێک بە مەبەستی خوێندنی دکتۆرا لە زماندا هاتۆتە باشووری کوردستان، بە ڕێنمایی سەرپەرشتیارەکانی هەوڵی داوە تێزەکەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات و لە چۆنییەتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بکۆڵێتەوە، بەڵکوو لە ئەنجامدا، لە چۆنییەتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان تێبگات و بتوانێت دەسکەوت و کەموکووڕی و بۆشاییەکانی دەستنیشان بکات، بەتایبەتی لە کاتێکدا کە بیستوویەتی زماناسان باسی بارودۆخی خراپی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا دەکەن. بۆ نموونە فەرهاد شاکەلی لەوبارەیەدا دەڵێت: "ئەمڕۆ لە کوردستاندا یەک تاکە کتێب، یەک تاکە گۆڤار، یەک تاکە ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە نییە کە بە کوردییەکی ڕاست و بە ڕێنووسێکی ڕاست نووسرابێ" (فەرهاد شاکەلی، ٢٠١١، ل٩). حەسەنپووریش ڕای وایە، ڕێنوسی زمانی کوردی گرفتی هەیە (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٤، ل ١٣٩). کەواتە ئەم تێزە ویستوویە توێژینەوەیەک لەبارەی پێگە و جەستە و فێرکاریی زماندا ئەنجامبدات. بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی، سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی بە باشترین شوێن زانیوە و بەو زانیارییە کە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بریتییە لەو کاریگەریانەی کە دەسەڵات و کۆمەڵگە لەسەر زمان هەیانە، بە ناونیشانێکی گونجاو، هەوڵی داوە، چۆنییەتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەڵسەنگێنێت.

## ناونیشانی تێزەکە

ناونیشانی ئەم تێزە "سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا"یە. ئەو بابەتە سەر بە زمانناسیی کۆمەڵایەتییە. زمانناسیی کۆمەڵایەتی بوارێکی زانستی زمانەوانییە کە پێیەکی لەنێو سیاسەت و کۆمەڵناسی دایە و پێیەکی لەنێو زمانناسی دایە. وەک مودەریسی دەڵێت، زمانناسیی کۆمەڵایەتی وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی سەیری زمان دەکات و لەنێو پێکهاتەی فەرهەنگی - کۆمەڵایەتیدا هەڵیدەسەنگێنێت، هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەدا، زمان لێکدەداتەوە (مدرسی، ١٣٩٣، ل١٣ و ٣٦). سیستەمی پەروەردە بەشێکی گرنگ لە کۆمەڵگەیە کە دەکرێت لە ڕووی خوێندنەوە و لێکدانەوەی ڕای پێکهاتەکانی، بۆ نموونە، مامۆستایان، چۆنییەتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی وڵاتەکە لێکبدرێتەوە و داهاتووی زمانە جۆراوجۆرەکان، بۆنموونە، زمانی نەتەوەیی وڵاتەکە پێشبینی بکرێت. یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانیی سیستەمی پەروەدەی هەر وڵاتێک ئەوەیە کە زمانی نەتەوەیی فێری نەوەی نوێ بکات، هەروەها هۆگری و ئەوین بە زمانی دایک بەهێز بکات و بەو جۆرە پێگەی زمانی دایک بەرز بکاتەوە. ئەوە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، یەکێک لە ئامانجەکانی سیستەمی پەروەردە بووە، بەتایبەتی لەسەردەمی دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرندا. واتە سیستەمی پەرورردە شوێنێکی گرنگە بۆ ڕەچاوکردنی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی، هەروەها شوێنێکی گونجاوە بۆ وردبوونەوە لە چۆنییەتی بیرکردنەوەی لایەنە کاراکانی سیستەمی پەروەردە. کەواتە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ئەم لێوەشاوەییەی تێدایە کە چۆنییەتی پێڕاگەیشتن بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا نیشان بدات.

## بنەمای تیۆری تێزەکە

"سیاسەت و پلاندارپێژیی زمانی" یەکێک لە گرنگترین لقەکانی کۆمەڵناسیی زمانە (داوری اردکانی، ١٣٩٢، ل١١). پلاندارپێژیی زمانی یەکێک لە بابەتەکانی زمانناسیی کۆمەڵایەتییە کە لەودا زمان لەنێو پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا دەخوێندرێتەوە و هەڵدەسەنگێندرێت (مدرسی، ١٣٩٣، ل٣٦). سیاسەت و پلاندارپێژیی زمانی بریتییە لەو کردەوە دەستانقەستانەی، لە لایەن حکومەت، رێکخراو، ناوەند و تاکەوە بۆ کاریگەری دانان لەسەر رەفتاری زمانی تاک و کۆمەڵگە ئەنجام دەدرێت، کردەوەگەلێک کە لایەنی سەپاندن یا سڕینەوەی ئەو بەشە لە شوناس دەگرێتەوە کە لەسەر دەستی زمان دروست دەبێت. پلاندارپێژیی زمانی بابەتێکە کە زۆرتر لە نیو سەدەیە، بە شێوەی فەرمی لە زانکۆکانی رۆژاوا کاری لەسەر کراوە و سی ساڵە هاتۆتە نێو زانکۆکانی وڵاتی ئێران (داوری اردکانی، b،١٣٩٠، ل٧) و لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا بابەتێکی نوێیە. ئەو توێژینەوەیە جۆری ڕوانین و بیر و ڕای زمانناسان و تیۆری سەر بەو بابەتەی تاوتوێ کردووە و دواتر لە ڕووی ئەو تیۆرانە چۆنییەتی سیاسەت و پلاندارپێژیی زمانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی هەڵسەنگاندووە و هەوڵی داوە بە یارمەتی ئەو تیۆرانە سیاسەتی ئاشکرا و شاراوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێکبداتەوە.

لە ڕووی خوێندنەوەی بابەتە تیۆرییەکانی سەر بە سیاسەت و پلاندارپێژیی زمانی و گونجاندنی لەگەڵ چۆنییەتی ئەم بابەتانە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، هەوڵی داوە لە چۆنایەتی و چەندایەتی سیاسەت و پلاندارپێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان تێبگات و لەو دەلاقەوە لە بابەتگەلی وەک یەکسانی و یەکریزی و ڕاهێنان و دواتر ئەو ئەنجامەی لەژێر کاریگەری ئەم جۆرە پلاندارپێژییە زمانییە لە باری گەشەی کۆمەڵایەتی و زانستی و ئابووری بەرهەمدێت ورد بێتەوە. بۆ ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەدا، پەیوەندی نێوان زمانناسی و کۆمەڵناسی درک بکات و بە لێکدانەوەی نموونەی

سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کەموکوورتییەکان بدۆزێتەوە و هاوکات تیۆری سەر بەم بابەتە دەوڵەمەندتر بکات.

## خەمی تێزەکە

مرۆڤ تەنیا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکوو دیاردەیەکی زمانیشە. کەسایەتی مرۆڤ، شێوەی بیرکردنەوەی و تێگەیشتنی لە جیهانی دوروبەری و ڕادەی ڕووناکبیری، پێش هەر شتێک، لە زمانەکەیدا دەردەکەون (ڕەفیق سابیر، ٢٠١٤، ل٩). واتە گەشەکردنی زمانی کوردی بە واتای گەشەی هزر و بیری کۆمەڵگەی کوردەوارییە کە نووسەران و خوێندەواران نوێنەرایەتی بەشێک لەو کۆمەڵگەیە دەکەن. سیستەمی پەرەوەردە شوێنی ڕاهێنانی بەشێکی سەرەکی لە خوێندەواران و نووسەرانی هەر وڵاتێکە، بۆیە ١. ئەوەی کە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا چۆنە، ٢. سیستەمی پەروەردە تا چ ڕادەیەک توانیوییەتی ئەم سیاسەت و پلانانە پراکتیزە بکات، ٣. ئەم سیاسەت و پلاندارێژییە چەندەی خزمەتی بەرهەمهێنانی زانیاری و پێشخستنی زانست کردووە و ٤. چەندە توانیوییەتی خزمەتی زمانی کوردی بکات، خەمی ئەم تێزەیە. ئەم تێزە خەم لەوە دەخوات، ئاخۆ بەو جۆرە سیاسەت و پلاندارێژییە زمانییە، چەندە دەبێت هیوادار بین کە سیستەمی پەروەردە نەوەیەکی خوێندەوار و نووسەری کارامە پەروەردە بکات بۆ ئەوەی دواتر بتوانن زمانی کوردی بەرەو پێشەوە بەرن و لە کۆمەڵگەی بەجیهانیبوون و تا ڕادەیەکیش بە ئینگلیزیکراودا داهاتوویەکی گەش بۆ زمانی کوردی مسۆگەر بکەن، خەمێک کە دەبێتە هۆی پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی. هۆی ئەم خەمە لانیکەم سێ شتە: ١. زاڵبوونی ئیمپریالیزمی زمانی ئینگلیزی (رابرت فیلیپسن، ١٣٩٥، ل٧١ و ٧٧)، بە جۆرێک کە لە زۆر شوێنی دونیادا خەریکە جێگە بە زمانەکانیدی لەوانە زمانی کوردی، لەق دەکات، ٢. لەم ساڵانەی دواییدا گلەیی هەبووە کە کوردی بە شێوەیەکی

ڕەمەکی و ناڕێک لە هەرێمی کوردستان کەلکی لێ وەردەگیرێ (فەرهاد شاکەلی، ٢٠١١، ل٩) و ٣. جۆری پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا ئامانجە زانستی و سیاسییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە باشی ناپێکێت.

بەو پێیەی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە لە قوتابخانەدا فێری خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی خۆیان دەبن، لێکۆڵینەوە لە بۆچوونی پێکهاتەکانی پەروەردەیی (قوتابی، مامۆستا، دایکوباوکان و هتد.) دەتوانێت یارمەتی ئەم تێزە بدات کە کەموکوورییەکانی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بدۆزێتەوە و بە پێشکەشکردنی پێشنیازی گونجاو، تا ڕادەیەک، خەمی تێزەکە برەوێنێتەوە.

## پرسیار و مێتۆدی بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی پرسیارەکان

پرسیاری سەرەکی ئەم تێزە ئەوەیە کە ئاخۆ سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی چییە، سیاسەتی زمانی عێراق و هەرێمی کوردستان لە هەمبەر زمانی کوردی چۆنە و پلاندارێژیی پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا چۆن بەڕێوە چوون و ئاکامەکانی چین و چ دەبن؟ بۆی گرنگ بووە کە بە چ شێوەیەک داتا کۆبکاتەوە و چۆن لێکیان بداتەوە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی بدۆزێتەوە. ئەم تێزە بۆی پرسیار بووە، ئاخۆ لە کوێ وەڵامی پرسیارەکانی دەست دەکەوێت. ویستوویە لە بارودۆخی زمانی کوردی تێبگات و بزانێت، ئاخۆ ئەم بارودۆخە بەرهەمی چ جۆرە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتێکە و سیستەمی پەروەردە چۆن و بۆچی بەو شێوەیە بە زمانی کوردی ڕاگەیشتووە. مەبەستی ئەوە بووە کە چەندی بتوانێت زانیاری و مەعریفە لەبارەی ناونیشانی تێزەکەدا بەدەستبێنێت. لەو پێناوەدا بارودۆخی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانیدی بەراورد کردووە، بۆ ئەوەی زمانی کوردی لە چوارچێوە و دەوروبەری خۆیدا فام بکات. پرسیار و

میتۆدی ئەم تێزە بۆ دروستکردنی بەرچاوڕوونی زۆرتر بۆ کەسانی بڕیاردەر بووە، نەک بڕیاردان لەبارەی جۆری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا. توێژەری ئەم تێزە هەوڵی داوە نە بە لای وەسفگەرایاندا بکەوێت و نە بەلای تەجویزگەرایاندا، بەڵکوو ویستوویە لە هەموو لایەک تێبگات و نێوبژیوانییان لە نێواندا بکات، ئەگەر هەڵویستێکیشی بووبێت، بە هۆی هۆگری بە بەهای وەکوو ئازادی، عەداڵەت، یەکسانی، مافی مرۆڤ و مافی گەلان بووە.

میتۆدی تێزەکە بریتییە لە چۆنییەتی کۆکردنەوەی داتاکان و هەروەها چۆنییەتی وەسف و شەرح و لێکدانەوەیان. داتاکانی ئەم تێزە بە سێ جۆر کۆ کراونەتەوە کە بریتین لە بەڵگەنامە و سەرچاوەی چاپکراو (نموونە، دەستووری هەرێم و عێراق)، ڕاپرسی و وتووێژ. ئەوجار، داتاکان پەرپەر کراون و لە باری چەندایەتی و چۆنایەتی وەسف و شەرح کراون. دواتر بە پشتبەستن بە زانیاری و تیۆری تێزەکە، بە شێوەی ڕەخنەگرانە لێکدراونەتەوە، بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستییانە لەسەر چۆنایەتی و چەندایەتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا ئەنجام درابێت.

**گریمانە**

توێژەری ئەم تێزە پێی وابووە کە پلاندارێژیی پێگە و جەستە و فێرکاری زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا لاوازە، پێی وابووە، دەستووری وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان بەهای پێویستیان بە زمانی کوردی داوە، بەڵام سیستەمی پەروەردە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و سەردەمانە پلانی بۆ جێبەجێکردنیان دانەڕشتووە.

## ئامانج و شوێنی توێژینەوەکە

مەبەستی ئەم تێزە ئەوە بووە کە بزانێت، ئاخۆ سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە چ شێوەیەک بە زمانی کوردی ڕادەگات و پلاندارێژیی پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا چۆنە؟ ئەم تێزە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە، پێویستی بە داتای گونجاو بووە. بۆ کۆکردنەوەی داتای پێویست، سێ قوتابخانەی لە شاری هەولێر بە نموونە وەرگرتووە کە بریتین لە قوتابخانەکانی "ئەختەر"، "جمهووری" و "فاخیر". لەو قوتابخانانەدا، لەگەڵ قوتابیانی پۆلی نۆ، مامۆستایان، دایکانوباوکان و بەڕێوەبەری ئەم سێ قوتابخانەیە ڕاپرسی ئەنجام داوە. دواتر لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی شاری هەولێر ڕاپرسی کردووە و دوای ئەویش لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە وتووێژی کردووە. ئەوجار وەسفی کردوون و بە شێوەی ڕەخنەگرانە لێکیداونەتەوە و گەیوەتە ئەنجامەکان. جگە لەو ئامانجە گشتیانە، تێزەکە لە ڕەوتی توێژینەوەکەدا، کۆمەڵێک زانیاری وردی بەدەستهێناوە کە سەرەڕای ئەوەی یارمەتی گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکە دەدەن، خۆشیان لەنێو توێژینەوەکەدا خاوەنی بەهایەکی تایبەتن.

## گرنگی تێزەکە

بایەخی ئەم تێزە لەو هزرەوە سەرچاوە دەگرێت کە پێی وایە، لێکۆڵینەوە لە زمانی کوردی جگە لەوەی کارێکی زانستی و ئەکادیمیانەیە، هاوکات ئەرکێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییشە، هەروەها پەیوەندی بەو بەهایەوە هەیە کە زمانی کوردی لە باری زانستی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، مێژوویی، نەتەوەیی و ... بۆ کورد هەیەتی. عەلی دلاویز لە زمانی محەمەد ڕەزا باتنییەوە دەڵێت: "زمان دیاردەیەکی تاکە کە ڕەوتی گەشەی مرۆڤ لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەکانی دیکە درێژە پێ دەدات. ئەگەر زمان لە فەرهەنگی هەر نەتەوە و قەومێک

بسڕینەوە، ڕەوتی کۆمەڵایەتی دەوەستێت و کۆمەڵگە لەبەریەک دەترازێت، ژیار و فەرهەنگی مرۆیی لەنێو دەچێت و کۆمەڵگە بۆ قۆناخی سەرەتای مێژوو دەگەڕێتەوە. لە ڕاستیدا زمان ئاوێنەی فەرهەنگی گەلێکە کە بەو زمانە قسە دەکات" (عەلی دلاویز، ١٣٩٠، ل٥٨). کەواتە توێژینەوە لەو بارەیەدا، دەتوانێت جگە لە دۆزینەوەی پرسیاری تێزەکە، لە چۆنییەتی گەشەی مرۆیی لە کوردستان وردبێتەوە و چۆنییەتی بەستنەوەی ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان بە یەکتر و گۆڕەکەکانی دیاری بکات. ڕەفیق سابیر لەو بارەیەدا دەڵێت: "لە بەر ئەوەی زمان گرنگترین فاکتەری مانەوەی کورد بووە، شەڕی کورد لە پێناوی مانەوەدا، پێش هەر شتێک، شەڕی زمان بووە" (ڕەفیق سابیر،٢٠١٤، ل١٠). کەواتە گرنگی ئەم توێژینەوە بە هۆی گرنگی زمانەوەیە و سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت، لە باری سیاسی و فەرهەنگی و گەشەی کۆمەڵایەتی و زانستی، لەم توێژینەوەیە سوودمەند بێت و بە پێچەوانەش ئەگەر ئەم جۆرە توێژینەوەیە نەکرێت، خەسارەتی بەردەکەوێت. جگە لەوەش، بە هۆی ئەوەی پێشتر کارێکی لەو بابەتە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا نەکراوە، ئەم تێزە بە شیکردنەوەی ئەزموونی چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، لەلایەک، دەتوانێت ئەم زانستە پەرە پێبدات و، لەلای تریش، گەر گوێی لێبگیرێت، بە دۆزینەوەی وەڵامی پرسیاری تێزەکە، دەتوانێت هاوکاری سیستەمی پەروەردە بکات. ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە لای وابێت، لەو هەرێمەدا ئەولەوییەتی گرنگتر لە زمان هەیە و ئەوەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە لەو بابەتە خافڵ بووبن، بەڵام ئەوە تێگەیەشتنێکی هەڵەیە و خەسارەتی گەورە لە سیستەمی پەروەردە و تەنانەت گەیشتن بە ئامانجەکانی حکومەت دەدات. بۆیە بۆ توێژەر گرنگ بووە، تێزێکی دکتۆرا لەسەر ئەو بابەتە بنووسێت و بە دوای ئەوەدا بگەڕێت کە ئاخۆ چەندایەتی و چۆنایەتی پلاندارێژیی زمانی چ کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگە هەیە. لە لای تریشەوە لەوە بکۆڵێتەوە کە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا چۆنە و بەرهەمی چ بوارێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە و چی

لێ بەرهەمدێت. ئەم تێزە توانایی ئەوەی هەیە، بایەخی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بۆ سیستەمی پەروەردە ڕوون بکاتەوە، کەموکورتییەکانی جۆری پێڕاگەیشتن بە زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا نیشان بدات و بەو ئەنجام و پێشنیازانەی دەیکات بواری پێداچوونە و چاکسازی لە پلاندارێژیی زمانیی سیستەمی پەروەردەدا بڕەخسێنێت. کەواتە سیستەمی پەروەردە دەتوانێت لە پێناو دۆزینەوەی گرفتی زمانی و دواتر گەشەی زمانی کوردی و چۆنییەتی چارەسەری کێشەکانی لقەکانی پلاندارێژیی زمانی کوردی، سوود لەم تێزە ببینێت.

### ناوەرۆکی تێزەکە

ئەم تێزە لە شەش بەش پێکهاتووە. سەرەتا بە پێشەکی دەستپێدەکات، لە پێشەکیدا ناونیشان، پرسیار، گریمانە، مەبەست، ئامانج و شوێنی کۆکردنەوەی داتا، گرنگی و ناوەرۆکی تێزەکە خراوەتە ڕوو. بەشی دووهەم، باسی تیۆر دەکات و بە نووسراوەکانی پێشوودا چۆتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، سیاسەتی زمانی لێکداوەتەوە و لە پەیوەندی لەگەڵ تێگەی جۆراوجۆردا هەڵیسەنگاندووە. بەدوای ئەودا پلاندارێژیی زمانی پێناسە کردووە و لقەکانی ئەوی بە جیا شرۆڤە کردووە. دواتر، بۆ ئەوەی باشتر بە قووڵایی ناونیشانی تێزەکەدا ڕۆبچێت و بتوانێت باشتر وەڵامی پرسیاری تێزەکە بداتەوە، سیاسەت و پلاندارێژیی چەند وڵاتێکی بە نموونە هێناوەتەوە و لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان بەراوردی کردووە. لە بەشی سێهەمدا، لە مێژوو و چۆنییەتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان، بەرانبەر بە زمانی کوردی، کۆڵیوەتەوە و لەو ڕێگەیەوە هەوڵی داوە بزانێت، پێگەی زمانی کوردی لە ڕابردوودا چۆن بووە و ئێستا چۆنە و لە داهاتووشدا چۆن دەبێت. بەشی چوارەم، باسی لە مێتۆدی تێزەکە، بۆ نموونە، چۆنییەتی کۆکردنەوەی داتا و وەسفکردن و لێکدانەوەی داتاکان

کردووە. لە بەشی پێنجەمدا، لە ڕووی تیۆر و بە پشتبەستن بە ئەزموونی وڵاتانیدی و لەسەر ئەساسی ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە، داتاکانی وەسف کردوون، وێنەی بۆ داناون و بە شێوەی ڕەخنەگرانە لێکی داونەتەوە. لە کۆتاییدا گەیشتۆتە ئەنجامی گشتی تێزەکە و لە ئەنجامی گشتی تێزەکەدا دۆزراوەکانی خستۆتە ڕوو و پێشنیازی خۆی کردووە.

# بەشی دووهەم: پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوودا و باکگراوندی تیۆری

خوێندنەوە و هێنانی ڕای زمانناسان لەبارەی ناونیشانی تێزەکە، هەڵسەنگاندنی ڕای زمانەوانان لەبارەی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی و هێنانی تێگە پەیوەندیدارەکان بەو بابەتەوە ناوەرۆکی ئەو بەشە لە تێزەکە پێکدێنن کە لە سێ لقی سیاسەتی زمانی، پلاندارێژیی زمانی و سیاسەت و پلاندارێژیی زمانیی لە چەند وڵاتێکدا بە نموونە گونجێندراوە.

## ٢. ١. سیاسەتی زمانی

یەکەمین کتێب کە زاراوەی سیاسەتی زمانی تێدا بەکارهێندراوە کتێبی سیبولێرۆیە (سپالسکی،١٣٩١، ل١٦). ئەم بوارە نوێیە پێبەپێی زمانناسیی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسیی زمان گەشەی کردووە و لە ساڵی ١٩٦٠دا، وەک بابەتێکی ئەکادیمی ناسراوە. زمانناسان باسیان لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسی و زمان کردووە. بۆ نموونە، زمانناسی فەڕەنسی، ئانتوان میە (١٨٦٦-١٩٣٦)، لە دەقی جۆراوجۆردا باس لە لایەنی کۆمەڵایەتی زمان دەکات. ئەو زمان بە واقعێکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەمدەدا (لویی ژان کالوە، ١٣٧٩، ل١٣). لەسەر ئەم بنەمایە، زمان بابەتێک بووە کە وردەوردە لەگەڵ بوارەکانی زانستی سیاسی و بەڕێوەبردن و فێرکاریدا تێکەڵ بووە و لەئاکامدا پەیوەندییەکی وردی لە نێوان سیاسەت و کۆمەڵناسی و زمانناسیدا دروست کردووە. پەیوەندی نێوان سیاسەت و زمان پەیوەستە بەو بیر و ڕایەی کە پێی وایە، سیاسەت بریتییە لەو شێوازەی حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵگە بەکاری دێنێت (ئازاد وەلەدبەگی، ٢٠٠٥، ل ٢٧٤). ئەندرۆ هیوود ڕای وایە، سیاسەت لەگەڵ بابەتەیلی ململانێ (conflict) و هاوکاری (cooperation) پەیوەندییەکی قووڵی هەیە و لە کردەوەدا خۆی لەنێو ئەو دوو ڕەفتارەدا دەردەخات (اندرو هیود، ١٣٩١، ل٩). نموونەی تێکهەڵچوون لەسەر زمان لە نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی هاوسێیدا زۆر بینراوە و کاریگەری لەسەر سیاسەت داناوە و بەپێی ئەم واقیعەوە تێگەی سیاسەت بە زمانەوە لکاوە. بەو شێوەیە دەکرێت بگوترێ،

سیاسەت بریتییە لەو هزرەی دەسەلات بۆ ئیدارەکردن و بەشارستانیکردنی کۆمەلگە هەیەتی و، بەو جۆرە، چۆنییەتی هەلسوکەوتکردن لەگەل زمان یەکێک لەو بابەتانەیە کە تێکەل بە چۆنییەتی ئیدارەکردنی ولات دەبێت، واتە لە رووی چۆنییەتی هەلسوکەوتکردنی دەسەلات لەگەل زماندا چۆنییەتی بەرێوەبردنی ولاتیش دیاری دەکرێت. محەمەد مەعرووف لەو بارەوە دەلێت: "بە بێ هەبوونی زمان شارستانییەت بەردەوام نابێ" (محەمەد مەعرووف،٢٠١١، ل٩).

سیاسەتی زمانی، بە شێوەی فەرمی، لە سەنەدی قانوونی ولاتاندا سەبارەت بە زمان خۆی دەردەخات. سیاسەتی زمانی دەولەت رادەسپێری بۆ جێبەجێکردنی قانوونی نووسراو یا نەنووسراوی ولاتان سەبارەت بە زمان. لە ئێستادا ١٢٥ ولات لە دەستووری بنەرەتی ولاتەکەیاندا، بە فەرمی سیاسەتی زمانییان هەیە. لە دەستووری ١٠٠ ولاتدا بە فەرمی باس لە خێروبێری بە فەرمیبوونی چەند زمانەیی لە ولاتانی فرە زماندا کراوە (سپالسکی، ١٣٩١، ل١٦). بۆ نموونە، دەستووری زمانی لە ولاتانی ئەفغانستان و بەلجیکا. لە دەستووری بنەرەتی ولاتی ئەفغانستان (١٩٦٣)، دان بە دوو زمانی پەشتوو و دەریدا هێندراوە و ئێستا ئەو دوو زمانە لەو ولاتەدا بە فەرمی ناسراون، هەروەها ولاتی بەلجیکا خاوەنی چوار هەرێمی زمانییە کە بریتین لە فەرەنسی، هولەندی، برۆکسێلی و ئەلمانی کە هەر چواریان فەرمین و ئەم بەفەرمیبوونە پشت بە دەستووری ئەم ولاتە دەبەستێت (سپالسکی، ١٣٩١، ل١٨).

پێناسەی سیاسەتی زمانی لە وەلامی ئەو پرسیارەدا دێت کە ئاخۆ چ کەسانێک و بە چ مەبەستێک و بۆ چ کەسانێکی دیکە بریاری زمانی دەردەکەن؟ سەرنج دان بەو پرسیارە و گەران بە دوای وەلامەکەیدا، بەرچاوی ئەم تێزە روون دەکاتەوە کە چۆن بە دوای هۆی جۆری سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بگەرێت و وەلامی پرسیارەکانی بدۆزێتەوە. داوەری ئەردەکانی لە پێناسەی سیاسەتی زمانیدا دەلێت: "سیاسەتی زمانی هزری گۆرینی دەستانقەستی زمانە کە لە لایەن دەزگا فەرمییەکانەوە بەرێوەدەچێت" (داوەری ئەردەکانی، ١٣٩٢، ل١٨). واتە لەو روانگەوە دەکرێت بگوترێ، سیاسەتی زمانی

چوارچێوەیەکە کە لەودا سەبارەت بە زمان بڕیار دەدرێت و دوو مەبەستی لە پشتە: یەکەمیان، گۆڕینی زمان و دووهەمیان، پاراستن و پەرەپێدانی زمان. کووپر باوەڕی وایە، هەرچەند سیاسەتی زمانی جاروبار هاوواتای پلاندارێژیی زمانی بەکار دەهێندرێت، بەڵام سیاسەتی زمانی زۆربەی جاران بریتییە لەو مەبەستانەی کە پلاندارێژیی زمانی لە پێناویدا کار دەکات (هەمان). کەواتە دەتوانرێت ئەو دوو تێگەیە لە یەکتر جیا بکرێتەوە و بگوترێت، سیاسەتی زمانی مەبەست و بیرۆکەی زاڵ بە سەر چۆنییەتی دارشتنی پلاندارێژیی زمانی دایە و پلاندارێژیی زمانی پلانێکی کردارییە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی. لەو دوو پێناسەی سەرەوەدا ئەردەکانی بڕیاردان سەبارەت بە زمان بە ئەرکی سیاسەتی زمانی دەزانێت. کەچی کووپر سیاسەتی زمانی بەو مەبەستانە دەزانێت کە پلاندارێژیی زمانی لە پێناو وەدیهاتنیاندا کار دەکات.

مەک کێی (داوری اردکانی، ١٣٩٢، ل١٨) لەبارەی پێناسەی سیاسەتی زمانیدا دەڵێت: "سیاسەتی زمانی بریتییە لە گونجاندنی کۆمەڵگە لەگەڵ جۆراوجۆری زمانیدا". ئەو بۆ ڕوونکردنەوەی پێناسەکەی نموونە دێنێتەوە و دەڵێت، "تاکزمانی جۆرێکی تایبەتە لە سیاسەتی زمانی هەندێک وڵات کە دەکرێت تێیاندا سیاسەتی فرەزمانیش ڕەچاو بکرێت، چونکە کاتێک مەبەستی دەسەڵاتێکی سیاسی گۆڕینی هەندێ زمان و یەکدەستکردنی وڵاتێکی چەند زمانە بێت، بە شێوەیەکی سروشتی ئاخێوەرانی زمانە بەر گۆڕانەکە بەرگری لە زمانی خۆیان دەکەن و بەرەنگاری ئەو دەسەڵاتە دەبنەوە کە هەوڵی تێدابردنی زمانەکەیان دەدات. ئەو ڕای وایە، بەرگری فەرەنسی ئاخێڤەرانی کەنەدا نموونەیەکی بەرچاو لە بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەو جۆرە سیاسەتە زمانییەیە. ئەو بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو نموونەیە لە سیاسەتی زمانی، بابەتەکە زۆرتر شیدەکاتەوە و دەبێژێت: "لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا زۆرینەی خەڵکی کێبێک کە زمانیان فەرەنسی بوو، ناچار بوون بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ بەشێکی کەم لە خەڵکی ئەو پارێزگایە کە زمانەکەیان ئینگلیزی بوو، زمانی ئینگلیزی بەکاربێنن. ئەم سیاسەتە زمانییە هەموو

بوارەکانی ژیانی ئەو هەرێمەی خستبووە ژێر کاریگەری خۆی. فەڕەنسی زمانەکان هەوڵیان دا بە هێزی سیاسی خۆیان ئەو ڕەوتە بگۆڕن. لە پێشدا بە پاڵپشتی کۆمەڵێک قانوون قوتابخانەکانی زمانی فەڕەنسییان لە بەرانبەر زمانی ئینگلیزیدا پەرەپێدا و دواتر بەکارهێنانی زمانی فەڕەنسییان لە شوێنە گشتییەکاندا کرد بە زۆرەملی. ئەو سیاسەتە زمانییە کە لە لایەن ناوەندە سیاسی و حکومییەکانەوە بەڕێوە چوو، دواتر بوو بە هۆی گۆڕانی هەلومەرجی زمان لەو پارێزگایەدا." (سپاڵسکی،١٣٩١، ل٨).

یەکێکی دیکە لەو بوارانەی لە سیاسەتی زمانیدا گرنگە، ئەو بیرۆکانەن کە کاریگەرییان لەسەر جەستەی زمان، واتە لەسەر دەنگ، وشە، ڕێنووس و ڕێزمان هەیە. بۆ نموونە، ئەو هەوڵانەی لەبارەی کۆنترۆڵی جۆری دەربڕین و ڕێنووس و ڕێزمان دەدرێن، بەشێکن لە سیاسەتی زمانی. لەو بارەوە سپاڵسکی (سپاڵسکی، ١٣٩١، ل٥٥) چوار تایبەتمەندی سەرەکی بۆ بواری تیۆری سیاسەتی زمانی دەستنیشان کردووە: ئەلف: ئەرکی زمانی، ب: بیروباوەڕی زمانی، ج: سیاسەتی زمانی و د. پلاندارێژیی زمانی کە لە پلاندارێژییەکی وردەوە سەرچاوە دەگرێت و هەوڵ دەدات داب و نەریت و بیروباوەڕی زمانی کۆمەڵگەیەک بگۆڕێت.

لە ڕووی کۆی ئەم پێناسانەوە دەکرێت بگوترێ، سیاسەتی زمانی بیرۆکەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زمانە کە لە لایەن لایەنی بکەرەوە سەبارەت بە زمان لە ئارادایە. بکەر هەموو ئەو تاک و گرووپ و دەسەڵاتانە دەگرێتەوە کە کاریگەریان لەسەر زمان هەیە. حکومەت کاریگەرترین لایەنی سیاسەتی زمانییە و سیستەمی پەروەردە گرنگترین شوێنی دروستکردنی ئەم کاریگەرییەیە. حکومەتەکان خاوەنی سیاسەتی زمانی جیاوازن کە بە مەبەستی کونترۆڵکردنی کۆمەڵگە دایدەڕێژن. جیا لە حکومەت هەندێک لایەنیدیش هەن کە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر زمان دادەنێن. بۆ نموونە، لە سیستەمی پەروەردەدا جگە لەوەزارەت قوتابی، مامۆستا، دایکوباوکان و سەرپەرشتیارانیش دەتوانن کاریگەرییان لەسەر زمان هەبێت. کەواتە سیاسەتی زمانی بریتییە لەو کاریگەرییانەی حکومەت

و پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە مەبەستی سەرپەرشتیکردن یا ئەندازیاریکردنی زمان هەیانە و بەشیکی گرنگی لە سیستەمی پەروەردەدا خۆی نیشان دەدات. لە درێژەدا بۆ وردبوونەوەی زۆرتر لە تێگەی سیاسەتی زمانی، هەوڵ دەدرێت کۆمەڵێک تێگەی پەیوەندیدار بەو تێگەیە باس بکرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناونیشان و پرسیاری تێزەکە بەرجەستە بکرێتەوە.

### ٢. ١. ١. سیاسەتی زمانی و حکومەت

لە نێوان حکومەت و سیاسەتی زمانیدا، پەیوەندییەکی دوولایەنە هەیە و بەشێکی گرنگ لەو سیاسەتە زمانییەی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بەڕێوەدەچێت بەرهەمی سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. واتە دەکرێ بگوترێت، ئەو سیاسەتە زمانییەی لە سیستەمی پەروەردەدا بەڕێوەدەچێت، زۆرتر بەرهەمی جۆری بیرکردنەوەی حکومەت بەرانبەر بە بابەتی زمانە. سیاسەتی زمانی زۆربەی جاران کێشەی بۆ دەوڵەتان ناوەتەوە. لە هەندێک شوێن، کێشەکە ئەوەیە کە دەوڵەتان لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان هەوڵی یەکدەستکردنی زمانی وڵاتەکەیان داوە. لە بەرانبەر ئەو یەکدەستکردنەدا گەلان بێدەنگ نەبوون و ئەوانیش لە پێناو پاراستنی شوناسی خۆیاندا زمانیان وەک کەرەسەیەکی سیاسی بەکارهێناوە. دەوڵەتی فەرەنسا نموونەیەکی باشە بۆ ئەو بانگەشەیە. سیاسەتی زمانی ئەوان لەسەر پیرۆزی زمانی فەرەنسی دامەزراوە. ئەوان لایان وایە، زمانی فەرەنسی هێمایەکە بۆ یەکگرتوویی وڵاتی فەرەنسا. تەنانەت زمانی فەرەنسیان بە سەر ئەو وڵاتانەدا سەپاندووە کە دەسەڵاتیان بە سەریاندا شکاوە و بە کورتی سیاسەتی زمانی خۆیان لەسەر ئەم جۆرە ئایدیۆلۆژیا زمانییە دامەزراندووە (سپاڵسکی، ١٣٩١، ل٨٦). بۆ نموونە، تەرخانکردنی بەشێک لە وتاری حەوتوانەی رۆژنامەی "لۆمۆند" لە پاریس بۆ وتارە هەڵبژێراوەکانی گۆڤاری "نیویۆرک تایمز" کە بە زمانی ئینگلیزی بوو، بوو بە هۆی ئەوەی هێرشی بکرێتە سەر و بە نووسراوە،

دژایەتی زۆر بۆ سەر نووسەرەکەی بنێردرێت. دواتر هەرچەند وتاری زانستی بە زمانی ئینگلیزی دەرفەتی چاپ و بڵاوبوونەوەی لێ نەستێندرا، بەڵام دژایەتیکردنەکە هەروا بەردەوام بوو (سپالسکی، ١٣٩١، ل٨٧). سەرەڕای ئەو جۆرە سیاسەتە زمانییەش، زمانی فەرەنسی نەیتوانیوە لە دووسەد ساڵی ڕابردوودا، زمانەکانی غەیری خۆی لەنێوببات (سپالسکی، ١٣٩١، ل١٠١).

گەلی کورد نموونەی ئەو گەلانەیە کە بۆ پاراستنی شوناسی خۆی و گەیشتن بە دەسەڵات، لە زمان وەک کەرەسەیەکی سیاسی سوودی وەرگرتووە و وەکوو زۆربەی ئەو وڵاتانەی سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاندووە، پشتی بە تێگەی زمانی بەستووە. کورد تا ئەو کاتەی، زمانی کوردی بوو بە زمانی فەرمی وڵاتی عێراق، بە سیاسەتی زمانی ئەو دەوڵەتانەی تێیدا ژیاوە ڕازی نەبووە و زۆر جار زمان بۆتە چەقی ئاریشەکانی کورد لەگەڵ حکومەتە ناوەندییەکان. دواتر بە هۆی خەباتی گەلی کورد لە پێناو مافی زمانیدا، سیاسەتی زمانیی وڵاتی عێراق لە بەرژوەندی زمانی کوردی گۆڕاوە و ئاکامەکانی شۆڕبۆتەوە نێو سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان و بۆتە هۆی بەهێزبوونی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا، بەڵام کۆمەڵێک هۆ هەیە کە تەحەدای پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا دەکەن و لە درێژەی نووسینی تێزەکەدا بە وردی باسیان دەکرێت.

کاریگەری حکومەت لەسەر زمان بە مانای ئەوە نییە کە بەکار هێنانی هێز تەنیا فاکتەر لە فەوتان یا بەردەوامی زماندایە. بەڵکوو باوەڕ و هۆشیاری زمانی و جۆری چالاکی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر بابەتیدی هۆگەلێکن کە کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی زمان هەیە. بۆ نمونە کووپر پێی وایە، بنەماڵە گرووپێکی کۆمەڵایەتییە کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر زمان دابنێت (سپالسکی، ١٣٩١، ل٥٩). واتە بنەماڵەکان سەرەڕای کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنی جۆری زمان لە بنەماڵەدا، کاریگەرییان لەسەر باوەڕی زمانی، جۆری قوتابخانە و نرخاندنی پێگەی زمان و شێوەزارە جۆراوجۆرەکان هەیە. ئەگەر حکومەت سیاسەتی زمانی خۆی لەگەڵ

فەرهەنگی زمانی کۆمەڵگە بگونجێنێت، ئەوکاتە دەبێتە خاوەنی ئیدارەیەکی دیموکراتیک و دەتوانێت پشتیوانی خەڵک بۆ خۆی مسۆگەر بکات. دەنا پێچەوانەکەی دەبێتە هۆی بێ متمانەیی خەڵک و لاوازبوونی دەسەڵاتی حکومەت. ئەم تێزە بە پشتبەستن بەو بیرۆکەیە، بە دوای وەڵامی پرسیارەکانی لە سیستەمی پەروەردەدا دەگەڕێت.

دەستووری حکومەتی ئێستای عێراق، بە فەرمی دانی بە فرەزمانی ئەم وڵاتەدا هێناوە و زمانی کوردی زمانی فەرمی ئەم وڵاتەیە. وەک لەو توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە، دەستووری حکومەتی عێراق بۆتە هۆی ئەوەی، پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا، بگاتە ئاستێکی دادپەروەرانە و، سەلماندوویەتی کە بە پێچەوانەی ئەو حکومەتانەی کە پێیان وایە، وەبەرچاوگرتنی مافی زمانی گەلان دەبێتە هۆی ناسەقامگیری ئەم وڵاتانە، وەبەرچاوگرتنی مافی زمانی گەلان دەبێتە هۆی ئاشتەوایی لە نێوان خەڵک و حکومەتدا. هەر وەک ئەوەی زمانناسان داکۆکی لەسەر دەکەن، ڕەچاوکردنی مافی زمانی ئیسپانیایی لە ئەمریکا هەڕەشە نابێت لەسەر زمانی ئینگلیزی و سەقامگیری لەو وڵاتەدا (سپاڵسکی، ١٣٩١، ل١٣٣).

فیشمەن، لە ڕوانگەی فرەزمانییەوە، وڵاتەکان بە سێ دەستە دابەش دەکات. ئەلف: تاک زمانە، بێ: دووزمانە و پێ: چەند زمانە. لەو دابەشکردنەدا هەر زمانە و سەر بە نەتەوەیەکی زمانی جیاوازە. دەستەی یەکەم، ئەو وڵاتانەن کە جەماوەرەکەی سەر بە یەک نەتەوەن یا ئەگەر نەتەوەی تریشیان تێدا هەبێت، ڕێژەیان کەمە. وەک ئیسلەند و ژاپۆن. دەستەی دووهەم وڵاتانی دوو زمانە یا چەند زمانەن کە دوو یا چەند نەتەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بە یەکەوە لە وڵاتەکەدا دەژین. وەک عێراق، تورکیا، سووریا، کەنادا و بەلجیکا. دەستەی سێهەم وڵاتانی فرەنەتەوەن کە بە چەندین زمانی جیاواز قسە دەکەن، هەر یەکەش ڕێژەیەکی بەرچاو لە جەماوەری وڵاتەکە پێکدێنن و ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان داوای مافی زمانی دەکەن و نەتەوەی خۆیان بە زمانەکەیان ناوزەد دەکەن. بۆ نموونە، وڵاتانی ئێران، هیند، سویسرا و نیجیریا (سپاڵسکی، ١٣٩١، ل٨٠).

سیاسەتی زمانی لە وڵاتانی دەستەی یەکەمدا، لەسەر بنەمای تاکزمانییە و بۆ دیاریکردنی زمانی فەرمی کاریان لە دوو دەستەکەی دیکە ئاسانترە، هەر چەند ئەوانیش لەوانەیە لە هەڵبژاردنی شێوەزارێک لە ناو شێوەزارە جیاوازەکانی سەر بە زمانەکە تووشی گرفت و ڕاڕایی بن، تا ڕادەیەک کە لە وانەیە شێوەزاری زمانێک خۆی لە قەرەی زمانێکی سەربەخۆ بدات، بەڵام دەستەی دووهەم و سێهەم بۆ هەڵبژاردنی زمانی فەرمی و وەبەر چاوگرتنی مافی زمانی گەلانی دیکە پێویستیان بە وردبینی و وردبوونەوەی زۆرتر هەیە. لەو حاڵەتەدا دەکرێت، زمانێکی بیانی وەک زمانی فەرمی دەستنیشان بکرێت. وەک وڵاتە ژێردەستەکانی ئەفریقا کە زمانی ئینگلیزی یا فەڕەنسی زمانی فەرمی ئەوانە، یا دەکرێت زمانێک لە زمانەکانی ناو وڵاتەکە بەپێی کۆمەڵێک پێوەر بە فەرمی بناسرێ و مافی زمانەکانیدی وەبەرچاو بگیرێت، یا ببێت بە خاوەنی چەند زمانی فەرمی. ئەوانەش هەمووی پەیوەستە بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی وڵاتەکان و ویستی نەتەوە زمانییەکان سەبارەت بە مافی زمانی خۆیان و جۆری سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتانە کە پشت بە تێگەیشتن و قانوونی ئەو وڵاتانە دەبەستێت. لەسەر ئەو بنەمایە هەرێمی کوردستان وڵاتێکی فرەزمان و فرەشێوەزارە و حکومەت بەپێی فەرهەنگی زمانی ئەم وڵاتە و سیاسەتی زمانی و ئیمکاناتی ئابووری خۆی مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتە کردووە و لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە.

## ٢. ١. ٢. سیاسەتی ئاشکرا[1] و سیاسەتی شاراوە[2]ی زمانی

داوەری ئەردەکانی لە زمان شیفمەنەوە دەڵێ: "دوو جۆر سیاسەتی زمانی هەیە. سیاسەتی ئاشکرا و سیاسەتی شاراوە. سیاسەتی شاراوەی زمانی سیاسەتێکی نادیار، نافەرمی و باس نەکراوە (داوری اردکانی، ١٣٩١، b، ل١٦٨) شیفمەن بە کەڵکوەرگرتن لە لێکچواندنی سیاسەتی ئاشکرا و شاراوە بە کێوی سەهۆڵ و دەریا، پەیوەندی نێوان سیاسەتی زمانی و فەرهەنگی زمانی شیدەکاتەوە. ئەم تێزە پێی وایە، سیستەمی پەروەردە شوێنێکە کە جۆرەکانی شاراوە و ئاشکرای سیاسەتی زمانی تێدا بەڕێوەدەچێت. شیفمەن سیاسەتی ئاشکرای زمانی بە بەشی دەرەوەی کێوە سەهۆڵەکە دەشبێنێت و سیاسەتی شاراوەی زمانی بە بەشی ژێر ئاوەکەی کێوە سەهۆڵەکە دەچوێنێت و، فەرهەنگی زمانی بە بەحرێک دەشبێنێت کە کێوە سەهۆلەکەی تێدایە. لەو لێکچواندنەدا سیستەمی پەروەردە بەشێکە لەو بەحرە. شیفمەن فەرهەنگی زمانی تاک و کۆمەڵگە بە هەوێن و بنچینەی جۆری سیاسەتی زمانی ئاشکرا و شاراوەی زمانی دەزانێت و پێی وایە، ئەم دوانە لە باری چۆنییەتییەوە یەکێکن. لە ڕاستیدا هەر لەو ڕێگایەشەوەیە کە سیاسەتی زمانی لەگەڵ فەرهەنگی زمانی یەکدەگرێتەوە. واتە سیاسەتی زمانی هەردوو شێوەی ئاشکرا و شاراوەی سیاسەتی زمانی دەگرێتەوە و بەپێی پێکهاتەی فەرهەنگی زمانیی کۆمەڵگەکە خۆی دەردەخات. فەرهەنگی زمانی بریتییە لە تێروانینی ئاخێوەرانی زمانێک کە بە شێوەی دیار و نادیار، کاریگەری لەسەر چۆنییەتی سیاسەتی زمانی وڵاتەکە دادەنێن. بەشە نادیارەکە بەشە نەنووسراو و پلان بۆ دانەڕێژراوەکەیە کە بە ئاشکرا لەگەڵ خەڵک باس ناکرێ و بەشە دیارەکەش سیاسەتی ڕێکخراوە و بنکە فەرمییەکانە کە بە ئاشکرا قانوون و پلانی بۆ دادەڕێژرێت و لەسەر بنەمای فەرهەنگی زمانی دەسەڵاتدەران و

---

[1] Overt Policy
[2] Covert Policy

نوخبەی زمانی و ئەدەبی دادەمەزرێت. بۆیە دەکرێت بگوترێ، سیاسەتی ئاشکرای زمانی تێگەیەکە کە لەگەڵ پێوەرەکانی بەرێوەبەرانی فەرمی پلاندارێژەرانی زمانی پەیوەندی چڕی هەیە و بە ئاشکرا لەگەڵ خەڵک باس دەکرێت و بەرێوەدەچێت. ئەم بابەتە یارمەتی ئەم تێزەدەدا کە لە پلانەکانی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە زمان، لە سیستەمی پەروەردە باشتر تێبگات و زۆرتر بە قووڵایی بارودۆخی ئێستا و داهاتووی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بچێتەوە. دەکرێت، لە ڕووی ئەم تیۆرەوە دەستووری زمانی وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان بە بەشی ئاشکرای سیاسەتی زمانی حکومەتی عێراق و هەرێم لە قەلەم بدرێت و ئەوەش کە ڕوودەدات، بلکێندرێت بە سیاسەتی شاراوەی زمانی و بەو شێوەیە لە باری جۆراوجۆرەوە هەڵسەنگێندرێت.

لە سیاسەتی زمانی دادپەروەرانەدا، سیاسەتی ئاشکراو شاراوەی زمانی وەک یەکن. زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی خاوەنی سیاسەتێکی زمانی دادپەروەرانە نین. تەنانەت، ئەوەندە دەستوورەی کە بە ئاشکرا باس لە مافی زمانە غەیری فەرمییەکان دەکات، بەرێوە ناچێ و بە شێوەی شاراوە ڕێگە لە بەرپوەچوونەکەی دەگیرێت. گریمانەی ئەم تێزە ئەوەیە کە سیاسەتی ئاشکرا و شاراوەی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا، تا ڕادەیەک لەگەڵ یەکتردا جیاوازن و سیستەمی پەروەردە هەموو مافە دەستوورییەکانی زمانی کوردی کە دەستوور ئاماژەی پێکردووە جێبەجێ ناکات. ئەم تێزە هەوڵ دەدا لەو بابەتەش بکۆڵێتەوە.

### ٢. ١. ٣. سیاسەتی زمانی و مافی زمانی

مافی زمانی مافێکی ئینسانی، شارستانی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە و دەتوانرێت لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە سەیر بکرێت. زەوتکردنی ئەو مافە لە جینۆساید و ئاسیمیلە و هەڵاواردنی کۆمەڵگەی زمانیدا ڕەنگ دەداتەوە. هەڵاواردنی زمانی شێوەی جۆراوجۆری هەیە.

زۆرتر بەهادان بە زمانێک لە چاو زمانێکیدی یەک لە شێوەکانی هەڵاواردنی زمانییە و لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی ئەم هەڵاواردنە هەیە. بەهادان بە زمانێک و پەراوێز خستنی زمانێکی دیکە شێوەیەک لە تواندنەوەی زمانە پەراوێز خراوەکەیە. ئەو ڕەفتارە، لە گوێن هەڵاواردنی ڕەگەزی، خاوەن زمانە پەراوێز خراوەکە ئازار دەدات. ئازارێک کە ئەگەر بچییە بنج و بناوانییەوە، جگە لە شەڕ، خێری کەسێکی تێدا نییە. چۆنییەتی ڕەچاوکردن یا پێشێلکردنی مافی زمانی گەلان بابەتێکە کە پەیوەندی بە سیاسەتی زمانی وڵاتانەوە هەیە و بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئاستی جیاوازدا بەڕێوەدەچێت. پەروەردە شوێنێکی سەرەکییە بۆ دۆزینەوەی چۆنییەتی ڕەچاوکردنی ئەو مافە.

هاوشێوەسازی یەک لەو شێوازانەیە کە مافی زمانی گەلان پێشێل دەکات. ئەو شێوازە زۆرتر بە مانای سەپاندنی زمانی دەسەڵاتی پاوانخواز و ئیستیعماری بە سەر زمانی وڵاتانی داگیرکراودایە کە یەکەم جار بە شێوەی عەسکەری ئەو وڵاتانەیان داگیر کردووە. ئیسپانی زمانەکانی ئەمریکای لاتین سیاسەتی هاوشێوە سازییان بەکارهێناوە و زمانە خۆجێییەکانیان بە نارەسەن و نە گونجاو وەسف کردووە. بۆ نموونە وەک سپاڵسکی دەڵێت، ئەو سیاسەتە لە کاستاریکا بەڕێوە چووە. ئەو پێی وایە، داگیرکەران ئەو سیاسەتە زمانییەیان بە تەواوی بۆ نەچۆتەسەر و لە ساڵی ١٩٧٦ دا شەش زمانی خۆجێیی لە کاستاریکا، تا ڕادەیەک بە فەرمی ناسراون. بە جۆرێک کە لە ساڵی ١٩٩٩دا، قانونێک داندرا کە دەوڵەتی پابەند دەکرد کە پشتیوانی لە بەردەوامی و گەشەی ئەو زمانە خۆجێیانە بکات کە لەسەردەمانێکدا هەوڵی لەنێوبردنیان دەدرا. ئەو هەوڵانەی لە پێناو پاراستنی زمانی خەڵکی خۆجێیی پرستۆریکا دەدرێت، وەک هەوڵێک لە پێناو دابینکردنی مافی مرۆڤدا ناسراوە (سپاڵسکی،١٣٩١، ل٢٠٠).

پاراستنی زمان و شێوەزارە جیاوازەکان، یەک لەو بابەتانەیە کە لە ڕوانگەی ژینگەیی سەرنج دەداتە زمان. ئەو ڕوانگەیە کە لایەنی مافپەروەرانە و ژینگەیی هەیە، پێی وایە، هیچ جۆرە زمان یا شێوەزارێک نابێت بە سەر زمان یا شێوەزمانێکی دیکەدا فەرز بکرێت یا بە

گرنگتر بزانرێت. ئەو ڕوانگەیە پێی وایە، چۆن ژینگە بە بەردەوامبوونی هەموو گیا و گیانلەبەرێکەوە جوانە، جیهانی مرۆڤیش بە هەبوونی ئەم جۆراوجۆری زمان و کەلتوورەوە جوانە. بۆیە لەنێوچوونی هەر جۆرە زمانێک، بە مانای لەنێوچوونی جۆرە بوونەوەرێکی کەلتوورییە و لە ڕەنگاوڕەنگی ژینگەی فەرهەنگی مرۆڤ کەم دەکاتەوە. لەو نێوەدا زمانی کوردی و شێوەزارەکانی جۆرێکن لە ڕەنگەکانی. لەسەر ئەو بنەمایە، دەکرێ، سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئەو پلانانەوە لێک بدرێتەوە کە بۆ پاراستنی ئەم ڕەنگاوڕەنگییە زمانییە هەیەتی. کریستاڵ چوار هۆی دیکە بە گرنگی پاراستنی زمانە جۆراوجۆرەکان زیاد دەکات. ئەو دەڵێت، زمان پێشاندەری کەسایەتی و شوناسە و زمانەکان خەزێنەی مێژوون. زمانەکان لە ڕوانگەی تاکەکەسییەوە، ڕەنگدانەوەیەکی بێ وێنەن لە کەسایەتی مرۆڤ و کۆمەڵگە کە ئەزموونی نەوعی ئینسان سەبارەت بە جۆری ژیان تەرجەمە دەکەنەوە و خیروبێری نە تەنیا بۆ کۆمەڵگە زمانییەکە، بەڵکوو بۆ هەموو مرۆڤایەتی هەیە (سپاڵسکی،١٣٩١، ل١٧٤). دوایین نموونە سەبارەت بەوەی کە مافی زمانی لە مافەکانی دیکەی مرۆڤ جیا نییە، ئەوەیە کە وارینز(٢٠٠١) باسی دەکات. ئەو ڕای وایە، مافی زمانی لەنێو مافی مرۆڤدا گونجێندراوە و دەتوانین لە ناو دەقەکانی ماڤی مرۆڤدا بیانبینینەوە. لەنێو ئەو مافانەی کە تاکەکانی کۆمەڵگە لێی بەهرەمەندن و یەک لەوان بریتییە لە ئەسلی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڵاواردن (هەمان، ل١٦٣).

لە خاڵەکانی ٨٦ و ٩٧ی پەیمانی ڤێرسای، لە کونوانسیۆنی لادانی هەڵاواردن لە سیستەمی پەروەردە و لە خاڵی ٢٧ی پەیماننامەی مافی مەدەنی و سیاسی مرۆڤ و لە ڕاگەیێندراوی جیهانی مافی مرۆڤدا بە فراوانی داکۆکی لە مافی زمانی و بەکار هێنانی زمانی دایک لە پەروەردە و لە پەیوەندییە فەرمییەکاندا کراوە، هەروەها گوتراوە، وەبەرچاونەگرتنی مافی زمانی دەبێتە هۆی بەهانەدان و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی ئەو نەتەوانەی کە مافی زمانیان وەبەرچاوناگیرێ (Bbc/ 139). بەو جۆرە بایەخ نەدان بە زمانی دایک و نەتەوەیی یا

پەراوێز خستنی، بەتایبەتی لە سیستەمی پەروەردەدا، بە مانای پێشێلکردنی مافی مرۆڤە و دەکرێت بە جینۆسایدی زمانی لەقەڵەمبدرێ. چونکە جینۆساید هەموو کردەوەیەکی دەستانقەست دەگرێتەوە کە بە مەبەستی تێدا بردن یا لاوازکردنی شوناسی نەتەوەیی ئەنجام دەدرێت و زمان یەکێک لە کۆڵەکەکانی شوناسی گەلانە.

### ٢. ١. ٤. سیاسەتی زمانی و یەکڕیزیی نیشتمانی

یەکێک لەو هۆیانەی داڕێژەرانی سیاسەتی زمانی وڵاتان بیری لێ دەکەنەوە پاراستنی یەکریزیی نیشتمانییە. بۆیە بەشێک لە سیاسەتمەداران، بەتایبەتی ئەوانەی سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتانەیان داڕشتووە کە کوردیان تێدا دەژێ پێیان وایە، یەکدەستکردنی زمان دەبێتە هۆی یەکڕیزیی وڵات، بەڵام ئەم تێزە ڕای وایە، مەرج نییە فرە زمانی و وەبەرچاوگرتنی مافی زمانی گەلان ببێتە هۆی لە بەریەک هەڵوەشانەوەی ئەو وڵاتانەی کە فرەزمانن. هەر وەک چۆن مەرج نییە هەموو ئەو تاکانەی کە سەر بە یەک زمانن، خاوەنی یەک وڵات بن. واتە دەکرێت وڵاتێک فرە زمان بێ و مافی هەموو زمانەکانی تێدا وەبەرچاو بگیرێت و بە یەکگرتوییش بمێنێتەوە و لە لای تریشەوە نەتەوەیەکی زمانی خاوەنی چەندین وڵات بێت. ڕابێرت ئەندرسێن هاڵ لەو بارەیەدا دەڵێت، سویس نموونەیەکی دیاری ئەو وڵاتانەیە کە هەرچەند خەڵکەکەی بە چوار زمان قسە دەکەن، بەڵام وەک خەڵکیدی وڵاتی خۆیان خۆش دەوێ (ڕابرت ئەندرسێن هاڵ، ١٣٩١، ل٣٦٥). بۆیە ڕەنگە پێویست نەبێ لە پێناو دامەزراندنی نیشتماندا جیاوازی زمانی لەنێو ببرێت. لەنێو بەشێک لە سیاسەتمەداراندا ئەو باوەڕە باوە کە گۆیا جیاوازی زمانی، هەڵوەشانەوەی وڵاتانی لێدەکەوێتەوە. بۆیە هەوڵدەدەن بۆ پاراستنی یەکریزیی نیشتمانی، تاک زمانی پەرەپێبدەن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە هەڵەیە. چونکە جیابوونەوەی وڵاتی بەنگلادیش لە وڵاتی پاکستان بەرهەمی سەپاندنی سیاسەتی تاکزمانەیی سیاسەتمەدارانی وڵاتی پاکستان بوو

کە جگە لە زمانی ئوردوو، ئامادە نەبوون هیچ زمانێکی دیکە لەو وڵاتەدا بە فەرمی بناسن. هەر ئەوە، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی خوێناوی لە ڕۆژی ٢١ی شوباتی ١٩٥٢ و لەئاکامدا، لە ساڵی ١٩٧١دا، بەنگلادیش لە پاکستان جیابووە و ئەو ڕۆژە وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک دیاری کرا.

هەندێک کەس و لایەن هەمان تەعبیر بۆ شێوەزارە زمانییە جیاوازەکان بەکار دێنن و پێیان وایە، ڕەچاوکردنی مافی هاوسان بۆ شێوەزارەکانی زمانی کوردی مەترسی لەسەر یەکریزیی نیشتمانی لە کوردستان دروست دەکات. وردبوونە لەو جیاوازیانە بەرچاورِوونی زۆرتر لەسەر ئەو بابەتە دروست دەکات. پیتر ترادگیل بەبەراوردکردنی زمانی هولەندی و ئەڵمانیدا دەڵێت: "هەرچەند ئێستا دوو زمانی ئەڵمانی و هولەندی بە دوو زمانی جیاواز ناسراون، بەڵام لە هەندێک شوێنی وەک سنوورەکانی ئەڵمان و هولەندەدا، ئەو شێوەزارانەی کە قسەیان پێدەکرێت، زۆر وێکدەچن و ئەگەر بڵێین کە دانیشتوانی لایەکی سنوور بە زمانی هولەندی و هی لایەکەیدی بە زمانی ئەڵمانی قسە دەکەن، ئەو بانگەشەیە، زۆرتر لەوەی سەر بە زانستی زمانناسییەوە بێ، پەیوەندی بە هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە هەیە (پیتر ترادگیل، ١٣٧٦، ل٢٠). لەو ڕوویەوە دەکرێت بگوترێ، لە باری زانستییەوە یەکێک لە پێوەرەکانی سەربەخۆیی زمانێک ئەوەیە کە ئەو دوو لایەنەی سەر بە زمانی جیاوازن لە یەکدی تێنەگەن. کاتێک زمانەکان لە ڕوانگە زانستییەکانی زمانەوە وەک وشە، ڕێزمان، و تێگەیشتن زۆر وێکچوون، دەتوانرێت وەک شێوەزاری یەک زمان سەیر بکرێن، بۆیە جۆری هەڵسووکەوتی دوو زمان و لایەنەکانی سەر بە زمانە جیاوازەکان، دەتوانێت، بکەوێتە ژێر کاریگەری باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها دەتوانێت کاریگەری بخاتە سەر ڕەوتی ڕەفتاری زمانی ئاخێوەرانی لایەنەکانی سەر بە زمانە جیاوازەکان. لێرەدا پرسێکی گرنگ دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە، ئەگەر تەنانەت ئەم مەترسییە لە جێگەی خۆیدا بێ، ئاخۆ بەشی ئەوەندە دەکات، مافی

زمانی شێوەزارەکان بە مەبەستی پاراستنی یەکریزیی نیشتمانی یا هەر مەبەستێکی سیاسی دیکە پێشێل بکرێ؟

سەبارەت بە نموونەیەکی سەرکەوتووی سیاسەتی زمانی لە وڵاتانی فرەزماندا، دەکرێت باس لە وڵاتی سویسرا بکرێ. ئەو وڵاتە نموونەیەکە لەو وڵاتانەی کە وێڕای پاراستنی مافی زمانی نەتەوە جیاوازەکان، یەکریزیی نیشتمانی تێدا پارێزراوە. ئەوە نیشان دەدات، دەوڵەتان ناچار نین بۆ پاراستنی یەکپارچەیی وڵاتەکەیان و پەرەپێدانی خۆشەویستی لەنێو تاکەکانی سەر بە وڵاتەکەیان، سیاسەتی تاکزمانەیی ڕەچاوبکەن. ئەوە نیشان دەدات، ڕەفتاری دادپەروەرانە و مرۆڤدۆستانە و وەبەرچاوگرتنی مافی زمانی گەلان، بۆ بەردەوامبوونی ژیانی هاوبەش، لە یەکدەستکردنی زمان کاریگەرترە.

### ٢. ١. ٥. سیاسەتی زمانی و ئابووری

ئابووری یەکێک لەو هۆیانەیە کە کاریگەری دەخاتە سەر زمان و سیاسەتی زمانی وڵاتان. بۆ نموونە وەک بریگیت واینی (Bbc/ 139) دەڵێت:" لە سەدەی نۆزدەهەمدا بریتانیا بوو بە یەکێک لە نەتەوە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان و بەرهەمی داهێنانی پیشەسازی ئەو وڵاتە بوو بەهۆی ئەوەی خەڵکانی سەر بە زمانەکانی دیکە ناچار بن ئەو زمانە فێر بن، بۆ ئەوەی بتوانن ئەم بەرهەمە پێشەسازییانە بەکاربێنن." بەهێزبوونی ئابووری وڵاتانی ئەمریکا و بریتانیادا بوو بە هۆی گەشەی زمانی ئینگلیزی. ڕەنگە ڕادەی توانایی زمان وەک پێوەرێک بۆ بەردەوامی یا تێداچوونی زمان باسی لێبکرێت بەڵام، دەرکەوتن و سەرکەوتنی زمان تەنیا پەیوەندی بە چۆنییەتی زمانەکەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندی بە هۆی تریشەوە هەیە کە ئابووری یەکێک لەوانە. لەو بارەدا معینیان پێی وایە، سەرکەوتنی ئابووری وڵاتان لە ناوخۆدا، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەرکەوتنی ئەوان لە بازاری جیهانیدا هەیە. بە جیهانیبوون و چوون بۆ نێو

بازاڕی جیهانی پێویستی بە زمانێکی جیهانی هەیە، چ لەنێو خۆی وڵات و چ لە دەرەوەدا. ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانێک پەرە بستێنێت و لە بەرانبەردا زمانەکانیدی بکەونە ژێر هەژموونیی ئەو زمانە (معينيان، ١٣٨٨، ل١٣٥). بەو شێوەیە زمانی کوردیش کەوتۆتە بەر کاریگەری هەلومەرجی ئابووری خۆی و ئابووری نەتەوەکانی سەردەست و نەتەوەکانی تری دەوروبەری خۆی.

مەسەلەی مافی زمانی و ئەو هەلومەرجەی لە پێناو بەدەستهێنانی مافی زمانی لە ململانی لە نێوان کورد و دەسەڵاتدارانەوە دروست بووە، کاریگەری نەرێنی خستۆتە سەر ئابووری ناوچەکە و کورد و هەروەها ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی. بە پێچەوانەش خوێندن بە زمانی کوردی کاریگەری ئەرێنی دەخاتە سەر ئابووری کوردستان. بۆ نموونە، خوێندن بە زمانی کوردی پێویستی بە هەزاران مامۆستا و پسپۆڕ و کتێب و قوتابخانە و شتی لەم جۆرە هەیە و دەبێتە هۆی دروستبوونی هەلی کار بۆ کوردەکان.

لایەنی ئابووریی سیاسەتی زمانی بواری دیکەش دەگرێتەوە. وەک باسمان کرد بەشێک لە سیاسەتی زمانیی هەر وڵاتێک بەندە بە کۆمەڵگە زمانییەکە. کۆمەڵگەی زمانیش هەندێک جار لە ڕوانگەی ئابووری سەیری زمان دەکات. بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتری ئەو بابەتە بیر لە چەند پرسیارێک دەکەینەوە. ئایا دایک و باوکان کاتێک منداڵەکانیان دەبەر خوێندن دەنێن بیر لەوە ناکەنەوە کە داخوا کام زمان باشتر یارمەتی باری ئابووری منداڵەکەیان لە داهاتوودا دەدات؟ ئایا دایکانوباوکان ئامادەن پارە خەرج بکەن بۆ ئەوەی منداڵانیان بە زمانی کوردی بخوێنن؟ ئەو پرسیارانە و زۆر پرسیاری دیکەی لەو بابەتە پەیوەندی نێوان سیاسەتی زمانی و ئابووریمان باشتر بۆ ڕوون دەکاتەوە و گرنگی کاریگەری ئابووری لەسەر سیاسەتی زمانی دەردەخات. سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستانیش کەوتۆتە ژێر کاریگەری بابەتی ئابووری. زۆربەی کۆمپانییەکان زمانی ئینگلیزیان کردووە بە مەرجی دامەزراندنی تاکی کورد. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە زمانی ئینگلیزی پەرە بستێنێت و ناوەندی جۆراوجۆر سوود لە دامەزراوە

فێرکارییەکانی زمانی ئینگلیزی ببینن. ئەوە بابەتێکە کە زمانی دایکی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆی. لە درێژەدا، بۆ ڕوونکردنەوەی زۆرتری سیاسەتی زمانی باس لە پەیوەندی نێوان سیاسەتی زمانی و زمانی دایک دەکرێت کە پەیوەندی بە سیاسەت و پلاندارێژیی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

## ٢. ١. ٦. زمانی دایک و سیاسەتی زمانی

زمانی دایک (mother tongue) کە بە زمانی یەکەم، زمانی باوان، یا زمانی نەتەوەیی و ناوچەیی ناوزەد کراوە، پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ سیاسەتی زمانیدا هەیە. ئەو زمانە بریتییە لە ڕێرەوێکی دەنگی کە تاک یەکەم جار لە باوان و خزمانی نزیکەوە فێری دەبێت، سۆزی خۆی پێ دەردەبڕێت، لاواندنەوەی پێ دەبیسێت، وشەی پێ بەیان دەکات، ڕستەی پێ ڕێکدەخات و لەگەڵ دەوروبەری خۆی پێی دەدوێت. زمانێک کە مرۆڤ زۆرترین زانیارییەکانی ژیانی بەو زمانە فێر دەبێت. هۆیەکەشی ئەوەیە، مرۆڤ هەشتا لە سەدی زانیارییەکانی هەتا سەردەمی پێنجساڵی بەو زمانە بەدەستدێنێت. سەرەڕای ئەوانەش، زمانی دایک ئەو شوناسەیە کە تاکی پێ دەناسرێتەوە، بەجۆرێک کە زۆربەی جاران زمانی دایک هەمان زمانی نەتەوەیی یا ناوچەییە کە گرووپێکی ئینسانی پێی دەدوێن. چۆنییەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ زمانی دایک پێوەرێکە کە دەتوانرێت لە ڕووی ئەوەوە سیاسەتی زمانی وڵاتان هەڵسەنگێندرێ. واتە سیاسەتی زمانی وڵاتان دەتوانێت بە جۆرێک بێت کە پارێزەری زمانە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتە بێت، یا دەتوانێت سیاسەتی هەڵاواردنی زمانی جێبەجێ بکات کە لەودا هەوڵی یەکدەستکردنی زمان دەدرێت و زمانە جۆراوجۆرەکان پشتگوێ دەخرێن. گرنگترین شوێنی بەکارهێنانی زمانی دایک کە تەعبیر لە جۆری سیاسەتی زمانی وڵاتان دەکات، سیستەمی پەروەردە و قوتابخانەیە. لە گوزارشتێکی یونسکۆ لە ساڵی ١٩٥١دا، لەژێر ناوی، "بەکار هێنانی

جۆرەکانی زمان لە پەروەردەدا"، هاتووە کە "... باشترین زمان بۆ پەروەردە زمانی دایکە. لە باری دەروون ناسییەوە، زمانی دایک کۆمەڵێک نیشانەی ماناداره کە بە شێوەیەکی ئوتۆماتیک کاری ئاخاوتن و تێگەیشتن ئەنجام دەدات، هەروەها لە باری کۆمەڵناسییەوە کەرەسەیەکە بۆ کەسایەتی بەخشین بە منداڵ. لە باری فێرکردن و ڕاهێنانیشەوە، باشترین و خێراترین زمانە." (زارع کهنمویی، ١٣٩٣، ل١١).

لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی، کە کورد بەشێکی سەرەکی ئەوان پێکدێنێت، زمانی دایک پەراوێز خراوە. پەراوێز خستنی زمانی دایک ئەو توانایییەی هەیە کە شوناسی نەتەوەیی مرۆڤ بگۆڕێت. بۆ نموونە، نەتەوەکانی سووریا و باکووری ئەفریقا کە ئێستا بە عەرەب دەناسرێن عەرەب نین، بەڵکوو بە توانەوەی زمانەکەیان، شوناسەکەیان گۆڕاوە و ئێستا بە عەرەب دەناسرێن، بەڵام لە عێراق و لە هەرێمی کوردستاندا زمانی دایک جێگە و پێگەیەکی شایستەی هەیە و ئەو بابەتە لە ناو سیستەمی پەروەردەی هەرێم و لە قوتابخانەکانیش وەبەرچاو گیراوە و وایکردووە کە سیستەمی پەروەردەی ئەو هەرێمە، ئەو هەڵاواردنەی تێدا نەمێنێت و جۆری مامەڵە لەگەڵ زمانی دایک لەنێو قوتابخانەکاندا، جیاواز بێ لەگەڵ بەشەکانیدی کوردستان. سەرەڕای ئەوەش بە هۆی گرنگی پلاندارێژیی زمانی و زاڵبوونی هەژمۆنی زمانی ئینگلیزی، وردبوونەوە لە گرنگی زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەدا، هەستیاری زۆرتر بۆ ئەم تێزە دروست دەکات.

زمانناسانی وەک دکتور جەعفەر لایان وایە، سەرەڕای ئەوەی هەندێک زمان خاوەنی گەنجینەی نووسراوەی زۆر و ڕابردووی زانستین بەڵام، توانایی هیچ زمانێک لە زمانێکی دیکە زۆرتر نییە. لەسەر ئەو بنەمایە زمانی دایک باشترین زمانە بۆ ئەوەی لە پەروەردە و لە زانکۆ و شوێنە زانستییەکان کاری پێ بکرێ. کەواتە زمانی دایک باشترین زمانە بۆ پەروەردە و داهێنان و کاری زانستی. بەو هۆیە دەکرێت بگوترێ، ئەگەر بە زمانی کوردی ڕابگەن، وەکوو هەموو زمانێکیدی توانایی دەربڕینی هەموو بابەتێکی هەیە و ئەو پێڕاگەیشتنەش لە قوتابخانە و

سیستەمی پەروەردەوە دەستپێدەکات. بۆ وردبوونەوەی زۆرتر لە بابەتی یەکسانی زمانی قسەیەکی هاڵ دەگێرمەوە. هاڵ بە بەراوردکردنی زمانی عەشیرەتێک لە خەڵکانی خۆجێیی ئەمریکایی کە لە لووتکەکانی کێوی ئاریزۆنا بە شێوەی گرووپی لەگەڵ یەکتر دەژین، بۆی دەرکەوت، بێ ئەوەی سوودێکیان لە پەروەردە بینیبێت، زمانەکەیان بۆ باسکردن و دەربڕینی دیاردەکانی لەرینەوەی زمان، بۆ دروستکردنی دەنگ و مانا لە زمانەکانی دیکە بە تواناترە (رابرت اندرسن هال، ١٣٩١، ل٢٦٢). ئەو گوتەیەی هاڵ لە باری زمانناسییەوە ئەوە دەگەیەنێت کە زمانە بوومی و ناوچەییەکان لە باری کۆمەڵێک واژە و دەستەواژەوە کە پەیوەندی بە ژینگە و ئابووری و فەرهەنگی زمانی ئەو گەلانەوە هەیە، خاوەنی گەنجینەیەکی زمانی دەوڵەمەندن، نەک ئەوەی زمانی ئەوان لە زمانەکانیدی بە تواناتر نیشان بدرێت. دیارە مەبەستیشی هەر ئەوەیە، چونکە لە درێژەدا دەڵێت، کاتێ لە بەهادانان لەسەر زمانە جۆراوجۆرەکان دەستمان هەڵگرت، بۆمان دەردەکەوێت، هیچ زمانێک بە تەنیا ناتوانێت لە مانا یا لە ڕێزماندا هەموو جیهان بەو جۆرەی کە هەیە لێکبداتەوە. هەر زمانێک بەشێک لەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت. لە دوایین لێکدانەوەدا، هاڵ دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە زمانەکان بە شێوەیەکی ڕێژەیی هاوتەرازی یەکترن و لەناویاندا زمانی دایک گونجاوترین زمانە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاری پەروەردەیی. جەعفەر شێخۆلئیسلامی لەبارەی سوودەکانی خوێندن بە زمانی دایکدا دەڵێت، فشار لەسەر منداڵ کەمتر دەبێتەوە، منداڵ باشتر پەروەردە دەبێت، منداڵ متمانەی زۆرتر بە خۆی دەکات، زانیارییەکان باشتر وەردەگرێت، تەبایی بەرهەمدێنێت، کەلتوور پارێزراوتر دەبێت و مافی منداڵ پێشێل ناکرێت (جەعفەر شێخۆلئیسلامی، ٢٠١٧، ل١٦). بەپێی ئەوەی ئەم تێزە لە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا دەکۆڵێتەوە، ئەم زانیارانە هاوکاری دەکەن کە باشتر لەو بابەتە ورد بێتەوە و زۆرتر باس لە گرنگی زمانی دایک بۆ کاری پەروەردەیی بکات. بەپێی ئەو خوێندنەوانەی سەرەوە و ئەزموونی ئەم تێزە بەشێک لە هۆیەکانی گرنگی زمانی دایک لەو خاڵانەی خوارەوەدا پۆلێن دەکرێن.

١. زمانی دایک باشترین کەرەسەی دەربڕینی بیر و هەستە، هەروەها کاریگەرترین و بەهێزترین هۆی دروستکردنی پەیوەندییە بۆ گۆڕینەوەی بیروڕای دوو لایەنی سەر بە زمانەکە.

٢. تاکەکان لە ڕێگەی زمانەوە، بەتایبەتی زمانی دایک، شوناسی خۆیان دەدۆزنەوە و گرووپی کۆمەلایەتی دروست دەکەن.

٣. لە ناو کۆی زمانەکاندا، زمانی دایک ئاسانترین زمانە بۆ فێربوون. تا ڕادەیەک کە مرۆڤ تەنیا لە زمانی دایکدا، بە باشترین شێوە، دەتوانێت بگاتە لووتکەی کارامەیی و دەسەلات.

٤. ئینسان بە بیرکردنەوە زانست بەدەستدێنێت. بە بێ زمان بیرکردنەوە محاڵە. ئینسان بە زمانی دایک بیردەکاتەوە. دەسا خوێندن بە زمانی دایک یەکەمین پێویستی پەروەردە و ڕاهێنانە و کاریگەرترین و بەسوودترین کەرەسەی گەشەکردنە زەینی مرۆڤە.

٥. زمانی دایک باشترین کەرەسەیە بۆ لاواندنەوەی دەروون و هەروەها بۆ گەشە و نەشەی هەست و سۆز لە ڕێگەی ئەدەب و شێعرەوە.

٦. هزر و بیری نوێ و ڕەسەن بەرهەمی زمانی دایکە. زمانی دایک بە ئاسانکردنەوەی دەربڕینی بیر و هزر، دەبێتە هۆی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی بیرۆکەی نوێ و ڕەسەن.

٧. زمان ئاوێنەی هزر و فەرهەنگی هەر نەتەوەیەکە. خوێندن بە زمانی دایک ئەو دەرفەتە بە مرۆڤ دەدات، باس لە میراتی فەرهەنگی خۆی بکات، ڕێز لە ڕابردووی خۆی بگرێت و فەرهەنگی خۆی پێ بپارێزێت و پەیوەندی لەگەڵ ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو بگرێ.

٨. قوتابی بە فێربوونی قەبارە و پێکهاتەی زمانی دایک دەتوانێت دەستی بە نموونەی فکری و زانستی ڕیشەیی زمان بە گشتی ڕابگات و ئەوە ڕێگە خۆش دەکات کە زمانەکانی دیکە باشتر و وردتر فێر بێت.

٩. خوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی ئاسایش و ئارامی بۆ قوتابیان و هێز و متمانە و باوەڕ بە خۆیی لای قوتابی دروست ئەکات.

١٠. لە باری زانستییەوە لە ڕاگەیاندراوێکی ڕێکخراوەی یونسکۆدا هاتووە کە ئەو کەسەی نەتوانێت بە زمانی دایک خۆی قسە بکات و بنووسێت، نەخوێنەدەوارە و هەروەها هۆیەکی گرنگ لە بەجێهێشتنی خوێندن نەبوونی پەروەردە بە زمانی دایکە (حقمرادی، ٢٠١٦، ئاماژە).

١١. ڕێگەگرتن لە خوێندن بە زمانی دایک ئەو هەستە لای منداڵ دروست دەکات کە زمانی گەلی باڵادەست لە زمانەکەی ئەو بە تواناترە و سەبارەت بە زمانی دایکی خۆی هەست بە خۆ بە کەم زانین دەکات. ئەوە لە کاتێکدایە کە خوێندن بە زمانی دایک، شایی بەخۆبوون، باوەڕ بەخۆبوون، چێژ و ئیشتیا و بەرزەفڕی لای منداڵ بەرهەمدێتنێت.

١٢. زمانی دایک بە شێوەیەکی سروشتی بەرهەمی ژینگەیەکی تایبەتە و باشترین کەرەسەیە بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی مرۆڤی نێو ئەو ژینگەیە و لە بوارە جیاوازەکاندا باشترین کەرەسەی بەردەوامی ژیان لە ناو ژینگەی بەرهەم هێنی زمانەکەیە.

بەو شێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زمانی دایک بە هۆی کۆمەڵایەتی، ئابووری، مێژوویی و ژینگەیی باشترین کەرەسەیە بۆ ڕاهێنان و ئەگەر سیستەمی پەروەردە بایەخێکی زۆرتر بە زمانی دایک بدات، لە ئەرک و ئامانجەکانی خۆیدا سەرکەوتووتر دەبێت.

### ٢. ١. ٧. سیاسەتی زمانی و مافی چارەی خۆنووسین

یەکێک لە نیشانەکانی دابینبوونی مافی چارەی خۆنووسین، وەبەرچاوگرتنی مافی زمانی گەلانە. وەبەرچاونەگرتنی مافی زمانی نیشانەی پێشێلکردنی بەشێک لەو مافانەیە کە لێکەوتەی خراپی کۆمەڵایەتی هەیە. سپاڵسکی لە زمان فیشمەنەوە(١٩٧١) دەڵێت، ئەو سیاسەتە زمانییەی

که مافی زمانی گەلان وەبەر چاو ناگرێت و هەوڵی یەکدەستکردنی زمان دەدات، دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگە زمانییە جیاوازەکان کە خاوەنی سونەتێکی گشتی پەسەند کراون، لە بەرانبەر ئەو جۆرە سیاسەتەدا بوەستنەوە و هەوڵی ئەوە بدەن، زمانی خۆیان وەک زمانێکی نەتەوەیی بسەلمێنن. لەوانەیە هەتا پێشبچێت ئەو بەرگری زمانییە تۆختر ببێتەوە. بە ڕادەیەک کە توانای ئەوەی هەیە کە وڵاتێک لەبەریەک هەڵوەشێنێتەوە (سپالسکی، ١٣٩١، ل١٨١). بۆ نموونە هەڵوێستی کورد لە بەرانبەر دەوڵەتانی ناوەندیدا، بەشێکی بە هۆی ڕەچاونەکردنی ئەم مافە بووە. جۆری ڕووبەڕووبوونەوەی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زمانی کوردی قوتابخانەکان، نیشاندەری ڕادەی ڕەچاوکردنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کوردە و ئەم تێزە هەوڵ دەدا ڕادە و چۆنییەتییەکەی ڕوون بکاتەوە.

### ٢. ١. ٨ قوتابخانە و سیاسەتی زمانی

قوتابخانە بەشێکە لە سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێک و شوێنێکی گرنگە بۆ بەڕێوەچوونی سیاسەتی زمانی هەر وڵاتێک. واتە چۆنییەتی سیاسەتی زمانی وڵاتان لە سیستەمی پەروەردەی ئەو وڵاتانەدا خۆی نیشان دەدات. قوتابخانە شوێنێکە کە مەعریفە و کارامەیی بە قوتابی دەبەخشێت و زمان کەرەسەی سەرەکی ئەم ڕاهێنانەیە. ئەوانەی کە لە چۆنییەتی زمانی قوتابخانەدا ئەرک دەبینن، بریتین لە مامۆستا، کتێب، قوتابی، بەڕێوەبەری قوتابخانە، سەرپەرشتیاران و وەزارەتی پەروەردە. هەر کام لەوانە دەتوانن کاریگەری لەسەر جۆری پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا دابنێن. بۆ نموونە، وەک سادق ئەحمەد عوسمان لە زمانی سالح هێندییەوە دەڵێت: "مامۆستا چەقی بازنەی پەروەردەیە." (سادق ئەحمەد عوسمان، نامەی مەستەر، ٢٠١٤، ل٤٨). زۆر و کەمی ئەم کاریگەریانە بەپێی جۆری سیستەمی پەروەردە و بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستا و قوتابی گۆڕانی بە سەردا دێت. بە جۆرێک کە

سیاسەتێکی زمانی پەیڕەو دەکات. لەو بەشەدا هەوڵدەدرێت بە وردبوونەوە لە سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستان باس لە پەیوەندی نێوان سیاسەتی زمانی و زمانە باڵادەستەکان و بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی لە باشووری کوردستاندا بکرێت.

چەندین زمان و لەسەرووی هەموان ئینگلیزی و فەرەنسی هەوڵیان داوە وەک زمانی نێودەوڵەتی دەرکەون و پەلوپۆ باوێژنە نێو وڵاتانی دیکە. ئەوەی لە سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستاندا لەو بارەوە دەبیندرێت، بەشێکی بەرهەمی ئەو سیاسەتە زمانییەیە و ئاسەوارەکەی، زۆر و کەم، بە سەر جۆری پلاندارێژیی زمانی هەرێمی کوردستانیشەوە دەبیندرێت. یەکێک لەو زمانانەی لە قوتابخانەکانی زۆربەی وڵاتاندا دەخوێندرێت و هەر کەسە و کەم و زۆر ناسیاوی لەگەڵ ئەو زمانانە و بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی هەیە. ئورووپا کە خۆی شوێنی سەرهەڵدانی ئەو زمانە نێونەتەوەییانەیە، نموونەیەکی باشە بۆ وردبوونەوە لە بارودۆخی ئەم زمانە نێونەتەوەییانە. وەک سپالسکی دەڵێت: "ئێستا یازدە زمان بە شێوەی فەرمی لە یەکییەتی ئورووپادا کاریان پێدەکرێت و هەر وڵاتەی هەوڵ دەدات، لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا یارمەتی زمانەکەی خۆی بدا، بەڵام زمانی ئینگلیزی خەریکی پەرەسەندنە و لە پەنا ئەویش زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی زۆرتر کاریان پێدەکرێت (سپالسکی، ۱۳۹۱، ل۷٤). وەک دوسوان پێشبینی دەکات لە داهاتوودا زمانی ئینگلیزی دەبێت بە زمانی نێوانگیر (هەمان، ل۷٥).

هەرێمی کوردستان لەو وڵاتانەیە کە نەتەنیا زمانی ئینگلیزی وەک زمانی دووهەم بەکار دێنێت، بەڵکوو لە زۆر شوێنی خوێندن و پەروەدەییدا، وەک زمانی زانستی و تەنانەت وەک زمانی یەکەم، بۆ خوێندن سوودی لێ وەردەگرێت. بۆ نموونە، دەیان قوتابخانە دامەزراون کە خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە و لە ساڵی ۲۰۱٦وە بەشێک لە قوتابخانە حکومییەکانی هەرێم، دەرسە زانستییەکانیان لە زمانی کوردییەوە کرا بە زمانی ئینگلیزی، بەڵام ئەو قانوونە لە ۲۰۱۹دا هەڵوەشاوە، هەروەها زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانی زانستی زانستگاکانی کوردستان. لە باری پەرەسەندنی پێگەی زمانی ئینگلیزی، دەکرێت ئاماژە بەو نموونە زیندوویە بکرێ:

نوسەری ئەم تێزە کاتێک بۆ خوێندنی دکتۆرا وەرگیرا، مەرجی زمانی ئینگلیزی بۆ وەرگیران و تەواوکردنی خوێندنەکەی تێپەڕاندنی چوار دەورەی سەنتەری زمان بوو. کەچی لە میانەی خوێندنەکەیدا پێی ڕاگەیێندرا، دەبێت شەهادەی تۆفێل یا ئایڵتس وەربگرێت. بەو جۆرە پەرەسەندنی پێگەی زمانی ئینگلیزی بە ڕادەیەکە کە پێگەی زمانی کوردی لە باری زانستی و دەروونی و پەروەردەیی و سیاسی و مێژوویی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە.

### ٢. ١. ١٠. ڕێژە و سیاسەتی زمانی

بەشێک لە زمانناسان ڕایان وایە، ڕێژەی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان، پەیوەندی بە مافی زمانی ئەوانەوە نییە، بۆ نموونە، وەک تاریق جامباز دەڵێت، لە وڵاتی سویسرا ڕێژەیەکی کەمتر لە ١٪ زمانەکەیان ڕیتۆرۆمانیشە، بەڵام مافەکەیان لەگەڵ زمانی ئەڵمانی کە ٧١٪ زمانی خەڵکی ئەو وڵاتە پێکدێنێت بەرانبەرە (تاریق جامباز، ٢٠١٤، ل٦٢). ڕەفیق سابیر لەو بارەوە دەڵێت: "پێکهاتنی زمانی ئەدەبیی یەکگرتوو و بە ستانداردکردنی، پەیوەندی بەزۆری و کەمی ژمارەی ئەو کەسانەوە نییە کە بەو زمانە دەدوێن، بەڵکوو لە بنەڕەتدا پەیوەندی بەو ڕۆڵە مێژووییەوە هەیە کە ئەو زمانە لە ژیانی کەلتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەدا بینیویەتی و دەیبینێ." بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییەش، یەکەم مادەی پێویست بۆ تێگەیشتن لە چۆنییەتی فرەزمانیبوونی وڵاتێک، ئامار و ڕێژەی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکانە و زۆر جار ڕێژەی ئاخێوەران کاریگەری لەسەر پێگەی زمانەکە دادەنێت. گای کۆک لەو بارەدا دەڵێت: "سەرەڕای ڕوانینی زانستی و ئەکادیمیک و ڕوانینی گشتی مرۆڤ بۆ زمان، دوو شێوازی دیکە بۆ هەڵسەنگاندنی زمانەکان هەن و لە ئێستادا هەر دوو شێوازەکە گرنگن. لەو دوو شێوازەدا لە ڕێژەی ئاخێوەران و بڵاوبوونەوەی جوگرافیایی ئەوان سوود وەردەگیرێت (گای کوک، ١٣٨٩، ل٢٦). زۆر وڵات هەن کە ڕێژەی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکانی وڵاتی خۆیان دیاری دەکەن،

بەڵام ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژین یا حاشا لە هەبوونی زمانی کوردی دەکەن یا ئەگەریش چەند زمانەبوونی وڵاتەکەیان پەسەند کردبێت، رێگە نادەن رێژەی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان لەنێو وڵاتەکەیان دیاری بکرێت. سیاسەتی زمانی لە وڵاتی عێراق بە جۆرێکی دیکەیە و هەر ئەوەشە کە بۆتە بنەمای جۆری پێراگەیشتنی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی. واتە هەرچەند رێژەی کورد بەرانبەر بە رێژەی عەرەب لە ئاستێکی خوارتردایە، بەڵام زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی، یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی ئەم وڵاتەیە. سەرەڕای ئەوەش ئەم تێزە هەوڵ دەدات لە رووی وەسف و لێکدانەوەی داتاکان پەیوەندی نێوان رێژە و سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەڵسەنگێنێ. گریمانەی ئەوەش دەکات، رێژەی ئاخێوەرانی زمان یا شێوەزارە جیاوازەکان لە جۆری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانیدا وەبەرچاو نەگیرابێ. ویلیام سامارین زیادبوونی رێژەی ئاخێوەرانی زمانێک بە مەرجێکی گرنگ بۆ گۆڕینی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی وڵاتان دەزانێت و لەو بارەدا دەڵێت" ئەگەر زمانەکان بە هۆی رێژەیانەوە لە ئاستی"بچووک" دا پۆلێن کراون، دواتر بە هۆی تەقینەوەی جەماوەری ئاخێوەری ئەو زمانانە، ناکرێ ناوی بچووکیان لێ بندرێت و زیادبوونی رێژە دەتوانێت سەرنجی زمانەوانان بۆ لای خۆی رابکێشێت" (ویلیام سامارین،١٣٨٧، ل١٤). واتە رێژەی ئاخێوەرانی زمانێک کاریگەری لەسەر جۆری سیاسەت و پلاندارێژیی وڵاتان دادەنێت. بۆ نموونە، زیادبوونی ئاخێوەرانی زمانی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان ئەم دەرەفەتە دەرەخسێنێت کە لە داهاتوودا پێگەی ئەو زمانە لە سیستەمی پەروەردەدا گۆڕانی بە سەردا بێت.

### ٢. ١. ١١. زمانپاڵێوی (Linguistic Purism) و سیاسەتی زمانی

زمانپاڵێوی بەرهەمی جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ سەبارەت بە زمانە. هەوڵێکی دەستانقەستە کە لەژێر کاریگەری سیاسەتی زمانی وڵاتاندا ئەنجام دەدرێت. وەک داوەری ئەردەکانی دەڵێت، ئەم تێگەیە یەکەم جار ئەڵمانییەکەن لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا بەکاریان هێناوە و کاریان لەسەر کردووە و دواتر دونیای تەنیوەتەوە (داوری اردکانی، ١٣٧٨، پێشەکی). واتە دەکرێت بگوترێ، زمانپاڵێوی یەک لە بابەتە بەرچاوەکانی بواری کۆمەڵناسیی زمانە و لەنێو کۆمەڵناسیی زمانیشدا زۆرتر پەیوەندی بە جەستەی زمانەوە هەیە کە ئەویش لقێکی سەرەکی پلاندارێژیی زمانییە. ئەوانەی لەو بوارەدا کاریان کردووە، زۆر جار کەوتوونەتە داوی دەمارگرژی نەتەوەییەوە، چونکە ئەم تێگەیە دەتوانێت کەرەسەیەک بێ بۆ پاراستن و بەدەستهێنانی شوناس و ناسنامەی نەتەوەیی. ئەم تێگەیە ڕاوبۆچوونی جیاواز لە خۆی دەگرێت. بۆ وێنە ڕای قوتابخانەکانی سەر بە مێژوو، شیکاری، ئەرکی زمان و ئەزموونگەڕایی کۆمەڵایەتی _ زمانی دەگرێتەوە کە دەکرێت هەر کامەیان بە جیا توێژینەوەیان لەبارەوە بکرێ. بە کورتی ڕوانینی جۆراوجۆر لەبارەی زمانپاڵێویدا هەیە. کەسانی وەک ڕابێرت هاڵ (١٩٥٠) دەڵێن، باشترە دەست لە ڕەوتی گەشە و گۆڕانی زمان نەدرێت و ڕێگە بدرێ زمان ڕەوتی سروشتی خۆی لە ئاڵوگۆڕ و گەشەدا تێپەڕێنێت. کەسانێکی دیکەی وەک جاشوا فیشمەن، بە پێچەوانە پێیان وایە، پێویستە کاریگەری لەسەر ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی زمان دابندرێت (حەسەنپوور، ٢٠١٣، ل٥٤ و ٥٥). ئەم تێزە پێی وایە، پێویستە کار لەسەر لایەنەکانی دەنگ، ئەلفوبێ، ڕێنووس، وشە، ڕێزمان، خاڵبەندی و دارشتن بکرێت و هەر لەو پێناوەدا ڕەخنە لە حەسەنپوور دەگرێ کە گوتوویە: "با زمانناسان بەربینگی ئەلفوبێیەکە بەربدەن! پەتیکردن بەسە! پەتیکردنی زمانەکەمان بەسە! چیدی زمانەکەمان هەژار و کۆڵەوار مەکەن!" (حەسەنپوور، ٢٠١٣، ل٦٥). چونکە ئەم تێزە پێی وایە، ئەوە کەمبایەخکردنی یەکێک لە لقەکانی جەستەی زمانە

که خۆی یەکێکە لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژیی زمانی و پێویست نییە قوربانی ئەولەوییەتەکانی دیکەی پلاندارێژیی زمانی بکرێت.

پێوەرسازی بابەتێکە کە لە ڕەوتی زمانپاڵێویدا دەور دەبینێت و لایەنی بەربژێرکردن، هەڵبژاردن، پاڵاوتن، ڕێکخستن و بە پێزکردن و دەوڵەمەندکردنی زمان دەگرێتەوە. یەک لە مەبەستەکانی زمانپاڵێوی، گەیاندنی پێگەی زمان بە ئاستی کۆمەڵایەتی پەسندکراوە و زمانی پێوەریش زمانێکە کە خاوەنی ئەو ئاستە بێت (داوری اردکانی، ١٣٧٨، ل٨٢). ئەو جۆرە لە زمانپاڵێوییە دەچێتە خانەی هۆشیاری زمانی و وەک کەرەسەیەک لە پێناو گەشەی زماندا جێگەی بەها پێ بەخشینە. ئەم تێزە پێی وایە، پێوەرسازی بۆ ئێستای زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لە سیستەمی پەروەردەدا، کارێکی پێویستە. چونکە ئەو زمانە لە قوتابخانە و زانکۆکاندا کاری پێدەکرێت و پێویستە بۆ ڕاپەراندنی ئەو ئەرکە زۆرتر ئامادە بکرێت.

بەو شێوەیە زمانپاڵێوی بریتییە لەو هەڵوێستەی کۆمەڵگە یا بەشێک لە کۆمەڵگە لە پێناو پاراستن و پاڵاوتنی زماندا، بە تایبەت لە باری وشەوە، دەیگرێت. پاراستنی زمان مانای کەرەسەیی و سۆزدارانە و پێناسەیی هەیە و لە پێناو بەرزکردنەوە و پاراستنی پێگەی زماندا بە کار دەهێندریت. زمانپاڵێوی هەر لە کۆنەوە بە شێوەی جۆراوجۆر بەکارهێندراوە و بە هۆی ئەوەی لایەنی ئیدیۆلۆژی و راسپاردەیی و بەربەستی و کەرەسەیی بە زمان دەبەخشێت، زمانەوانان زۆریان کەیف پێی نایە. هەر چەند ئەوانەی باوەڕیان بە زمانپاڵێوی هەیە کۆمەڵێک لێکدانەوەی ئابووری، زانستی، مێژوویی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە بەرگری لە زمانپاڵێویدا دەکەن، بەلام ئەوە بابەتێکی چەقبەستوو نییە و زۆر جار بەپێی هەلومەرجەکە گۆڕانی بە سەردادێت.

### ٢. ١. ١٢. سیاسەتی زمانی و زمانی ستاندارد

زمانی کوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەوە، بە تایبەت بە دوای شەڕی جیهانی هەوڵ دەستی بە ستانداردبوون کرد.(حەسەن پوور، ٢٠١٤، ل٨٢). بە بڕوای ئەم تێزە، ڕەوتی بە ستانداربوونی زمانی کوردی بەر لەو سەد ساڵەش هەر بەردەوام بووە و بەرهەمی ئەو بەکارهێنانە بووە کە لە ماوەی سەدان ساڵی پێشوودا بە شێوەیەکی هەمە چەشنە لە خوێندنەوە و نووسین و کارپێکردندا بەکارهێنراوە. زمانی کوردی لەژێر گوشارێکی هەمەلایەنە و لە بارودۆخێکی دژواردا ڕەوتی ستانداردبوونی تێپەڕاندووە و تا ئێستای هێناوە. ئێستاش زمانی ستاندارد کوردی مشتومڕێکی زۆری لەسەرە. بەشێک لەو مشتومڕانە پەیوەندیان بە ئەلفوبێ، ڕێنووس، وشە، ڕێزمان و ... هەیە و بەشێکیشیان پەیوەندیان بە ڕای جیاوازی زمانناسان و خاوەنڕایان و تەنانەت ئاخێوەرانی کورد سەبارەت بە شێوەزارەکانی زمانی کوردی هەیە. واتە هەرچۆنێکی لێکبدرێتەوە، ستانداردبوونی زمانی کوردی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جۆری پێڕاگەیشتن بە زمانی کوردی هەیە. ئەوەش بواری پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی دەگرێتەوە. حەسەن پوور پێی وایە، زمان لەخۆیەوە و بە شێوەیەکی خۆڕسکی ستاندارد نابێ و بە شێوەیەکی وشیارانە و بە دەستێوەردانی بە بەرنامە ڕەوتی ستانداردبوون بە ئاکام دەگات (ئەمیر حەسەن پوور، ٢٠١٤، ل٨٠). ئەم تێزەش لای وایە، سیستەمی پەروەردە شوێنێکی گرنگە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەیە و چۆنییەتی دەستێوەردان لە زمانی کوردی و هەر ئەوەشە کە ئەو مەیدانەی بۆ توێژینەوەکەی خۆی هەڵبژاردووە.

وەک باسکرا یەکێک لەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە تێگەی زمانی ستانداردەوە هەیە، مەسەلەی شێوەزارە. لە پەیوندی نیوان زمانی ستاندارد و شێوەزاردا لێدوانی جۆراوجۆر دراوە. بۆ نموونە، عەبدولمەناف ڕەمەزان لە زمانی زمانناسانەوە، شێوەزار وەپێش زمان دەخات و دەڵێت: "نابێ باس لە زمان بکرێت، بەڵکوو دەبێت باس لەو دیالێکتانە بکرێت کە

بوونەتە زمانی ستاندەرد...". ئەو لە درێژەدا دەڵێت: "دیالێکت بە هۆی ستاندەردبوونەوە سیفەتی زمانی پێدەدرێ." (عەبدولمەناف ڕەمەزان، ٢٠١١، ل٤٨). گای کوک پێی وایە، بیچمی ستانداردی زۆربەی زمانەکان، وەک ئەو زمانە دەچێت کە لە بواری ئابووری و سیاسی زۆرترین هێز و ئاستی لە ناوچە یا لە چینێکی تایبەتدا هەیە. بۆ نموونە، باشووری بریتانیا و کاستیل لە سپانیادا. شێوەزاری باڵادەست لەو ناوچانەدا بە هۆی سیاسی، نە بە هۆی زمانی، بە زمانی ستاندارد ناسراوە و پشتیوانی لێ کراوە و کۆدی بۆ داندراوە. بۆیە کاتێک باڵانسی هێز دەگۆڕدرێت، تێگەی زمانی پێوەریش گۆڕانی بە سەردا دێت. سەرهەڵدانی ئینگلیزی ئامریکایی وەک جێگرەوە و شێوەی ستانداردی ئینگلیزی بریتانیایی، نموونەیەکە کە لە کتێبە وانەییەکاندا هەیە (گای کوک، ١٣٨٩، ل١٧).

سپاڵسکی لە زمانی کووئرک و ئیستێرنەوە دەڵێت: "زمانی ستاندارد بریتییە لە ڕێککەوتنی گشتی لەسەر ئەو شتەی کە شارەزایان ئەو بە زمانێکی دروست دەزانن." (سپالسکی، ١٣٩١، ل٣٨). لەو ڕوانگەوە ستانداردسازی و پلاندارێژیی زمانی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەیەکەوە هەیە. زمانناسانی کورد لەبارەی زمانی ستانداردا سمینار و کۆڕوکۆبوونەوەیان پێک هێناوە و لەوبارەدا وتاریان نوسیوە و کتێبیان چاپ کردووە. بۆ نمونە، کامیار سابیر لەبارەی زمانی ستانداردەوە دەڵێت: "زمانی ستاندەرد، چ وەک دیبەیتی و چ وەک پرۆسێس خزمەتێکی گەورە بە هۆمەجێنسی (یەکدەستکردن) ڕەوشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی ئەو گەل و نەتەوانە دەکات کە بەکاری دەهێنن (کامیار سابیر، ٢٠٠٩، ل٢٨). نەریمان خوشناو لەبارەی زمانی ستانداردا دەڵێت: "زمانی ستاندارد یەکێکە لە شێوەکانی زمانی باو لە کۆمەڵگای زمانیدا کە بە گۆڕانکارییەک لە شێوە و چۆنییەتی دروستکردنی، و ڕۆڵ و بەکارهێنانی دروست بووە، و لە لایەن زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگەی زمانی بە سەرچاوەی زمانی دادەنرێت و لە نوسین و گوتندا بەکار دێت" (نەریمان خوشناو، ٢٠١٣، ل٧٦). ئەو لە درێژەدا دەڵێت:" لە ڕوانگەی گونجاندنەوە، زمانی ستاندارد زمانێکە کە

کەمترین جۆراوجۆری لە ڕۆخساریدا و زۆرترین جۆراوجۆری لە ڕۆلیدا هەیە، واتا زۆرترین پەیوەندی دروست بکات بتوانێت لە جێگەی شێوەکانی دیکەی زمان بەکاربێت".

ڕەفیق شوانی لە کتێبی زمانەوانیدا باس لە زمانی ستانداردی کوردی دەکات و لەو بارەدا دەڵێت:" زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە لە لایەن زۆرینەی نوسەران، ئەکادیمیان، زانایان، ڕۆشنبیران و کارگێڕان لە خوێندن و نووسین و زانست و ئەدەبیات و بەڕێوەبردنی کارگێڕیدا بەکار دێت. ئاست و شوێنێکی بەرزی لە نێوان زارەکانیتردا لە لای قسەپێکەرانی زمانەکە و زارە نزیکەکانییەوە بە هۆی پەیوەندی لە ڕووی ڕۆشنبیری یا ڕامیاری یا بازەرگانییەوە هەیە. ئەم زارە (لهجە) لە ناو زارەکانی تردا دەبێتە زمانی نوسراو بۆیە (زمانی نموونەیی، ستاندارد) یا زمانی دەستووریشی پێدەڵێن. هەر زارێک لە ناو هەر زمانێکدا ئەم دەورانەی هەبێت، یا باشترە بڵێین بووبێتە زمانی شیعر و ئەدەبیات، زمانی ڕاگەیاندن، زمانی خوێندن و زانست و ئەکادیمی و دانراو و بڵاوکراوەی هەبێت و بەردەوامی، لەم ڕوانەوە، بەخۆیەوە دەبینی و، دەبێتە زمانی ستاندارد یا ئەو دەورە دەبینێت." (ڕەفیق شوانی، ٢٠٠٩، ل٢٠٩).

بە شێوەیەکی سروشتی ئەم پێناسانەی بۆ زمانی ستاندارد کراون جێگەی مشتومڕن. ئەرکێکی سەرەکی ئەم تێزەش لە پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوو ئەوەیە. بۆ نموونە، ئەوەی کامیار سابیر زۆرتر باس لە ئەرکی زمانی ستاندارد دەکات تا ئەوەیکە پێناسەی بکات. ئەم تێزە لە ڕووی ئەو گشتە پێناسانەی بۆ زمانی ستاندارد کراون، پێی وایە، زمانی ستاندارد زمانێکە کە قۆناخەکانی دانانی خەت، ڕێنووس، ڕێزمان و تۆماری تێپەڕاندووە و ئەدەبیاتی پێ بەرهەمهاتووە و ئەرکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، زانستی، ئابووری و فەرهەنگی ڕادەپەڕێنیت و لە لایەن ئاخێوەرانییەوە پەسند کراوە. تەنانەت، ئەگەر لە چاو هەندێک زمان، لە قۆناخێکی بەرەژێرتری ڕەوتی بە ستانداردبوون دابێت.

## ٢. ١. ١٣. سیاسەتی زمانی و هاوسانی زمانی

هاوسانی زمانی لە بەرانبەر نەوەکوژی زمانی، قڕکردن (جینۆساید)ی زمانی، تواندنەوە (ئاسیمیلە)ی زمانی و هەڵاواردنی زمانیدا دێت. هاوسانی یا ئازادی زمانی دوو تێگەن کە دەکرێت لە ڕێگای دراسە و جێبەجێکردنی ئەوانەوە، چاکسازی لە سیستەمی سیاسەتی یەکدەستکردنی زماندا بکرێت. ئەم بیرۆکەیە باوەڕی بە هاوسانی زمانەکان هەیە و هەوڵ دەدات ڕێگە لە سیاسەتی پاوانخوازانەی زمانی بگرێت. هاوسانی زمانی هەموو ئەو قانوونانە دەباتە ژێر پرسیار کە زمانێک بە سەر زمانێکی دیکەدا فەرز دەکات، هەروەها بایەخ بە ئازادی زمانی دەدا و بەربەستەکان لە بەردەم زمانە جیاوازەکان لادەبات. هاوسانی زمانی ڕێگە خۆش دەکات، لە وڵاتێکی یەکپارچەدا، زمانە جیاوازەکان بە عەدالەت لە پەنای یەکدیدا بژین. دابینکردنی خوێندن بە زمانی دایک هەنگاوێکی سەرەکی بۆ گەیشتن بەو مەبەستەیە و سیستەمی پەروەردە شوێنێکی گونجاوە بۆ ئەوەی بزانرێت ئاخۆ ئەم عەدالەت و هاوسانییە زمانییە وەبەرچاو گیراوە. ئەوە پرسیارێکە کە دەتوانێت جۆری مامەڵەی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هاوسانی زمانی پێشان بدات.

لە خوێندنەوە و وردبونەوە لە بابەتەکانی سەر بە تیۆری سیاسەتی زمانی و بابەتە پەیوەندیدارەکان بەو بابەتە، دەرکەوت، سیاسەتی زمانی چییە و پەیوەندی بە چ بابەتگەلێکی دیکەوە هەیە و پەیوەندییەکانی ئەم تێگانە لەگەڵ جۆری پێ ڕاگەیشتنی سیستەمی پەروەردە بە زمانی کوردی چین. زانرا کە سیاسەتی زمانی لە چ هزرێکەوە سەرچاوە دەگرێت، چۆن بەڕێوەدەچێت و بە چ مەبەستێک دادەڕێژرێت. زانرا تیۆری سیاسەتی زمانی چییە، بۆ ئەوەی دواتر لەبەر ڕۆشنایی ئەو، داتاکانی تێزەکە لێکبدرێتەوە. ئەم بەشە ئەم دەرفەتە فەراهەم دێنێت بۆ ئەوەی تێزەکە باشتر لە سیاسەتی زمانی هەرێم و چۆنییەتی پراکتیزەبوونی ئەم سیاسەتە لە سیستەمی پەروەردەدا، ورد بێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوەی باشتر وەڵامی پرسیاری تێزەکە

بدرێتەوە. ئەو بەشە دەروازەیەکە بۆ وردبوونەوە لە تیۆری پلاندارێژیی زمانی کە ئەم تێزە لە درێژەدا لەسەری ئەوێستێت.

## ٢. ٢. پلاندارێژیی زمانی (Language planning)

زاراوەی پلاندارێژیی زمانی یەکەم جار لە ساڵی ١٩٥٧دا لە لایەن واین ڕایشەوە دەکار کراوە و دواتر لە ساڵی ١٩٥٩دا ئینار هاگن بەکاری هێناوە (مدرسی، ١٣٩٣، ل٢٥٤). حەسەنپوور وەک یەکەم کەسی کورد لە سالی ١٩٧٥ لە لێدوانێک لە گەڵ تەوفیق وەهبیدا لەم دەستەواژەیەی سوود وەرگرتووە و بۆ Language planning "بەرنامە ڕۆنانی زمانی" بەکارهێناوە (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٤، ل١٠). سەلام ناوخۆش بۆ ئەم دەستەواژەیە "پلانی زمانی بەکارهێناوە (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٤، ل١٦١). زمانناسە فارسەکان دەستە واژەی "برنامەریزی زبان" یان بۆ بەکارهێناوە (داوری اردکانی، ١٣٩٠، ل٧). جەعفەر شێخۆلئیسلامی لە "بەرنامەڕێژیی زمانی" کەڵکی وەرگرتووە (جەعفەر شێخۆلئیسلامی، ٢٠١٨، ل٣٦). بە وردبوونەوە لەو بابەتانەی سەرەوە، ئەم تێزە دەستەواژەی "پلاندارێژیی زمانی" دارشتووە و ئەم دەستەواژەیەی لەو دەستەواژانەی دیکە بە گونجاوتر زانیوە و لە کۆی تێزەکەدا، بە جێگەی "Language planning"، "پلاندارێژیی زمانی" بەکار هێناوە.

وردبوونەوە لە ئەرکی پلاندارێژیی زمانی یارمەتی ئەم تێزە دەدا کە باشتر بە قووڵایی بابەتەکەدا ڕۆبچێ. وەک ڕابرت فیلیپسن دەڵێت، پلاندارێژیی زمانی لە کۆنەوە ئەرکی ئەوە بووە کە بە یارمەتی زانیاری و لێهاتوویی زمانناسان و کەسانی شارەزای ئەو بوارە، کێشەکانی سەر بە پێگە و جەستەی زمانی چارەسەر بکات. بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە زمان پێویستی بە ئەندازیاریکردن بووە (رابرت فیلیپسن، ١٣٩٥، ل١٢٢). لە ڕووی ئەم لێدوانانەوە دەردەکەوێت، پلاندارێژیی زمانی خەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و زانستی هەیە و بێ لایەن نییە.

بەو پێیەش ئەم تێزە بیر لە کێشە و گرفتەکانی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا دەکاتەوە و هەوڵ دەدات، ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەری کێشەکانی زمان بدۆزێتەوە. بۆ وردبوونەوە لەو بابەتە، لەسەرەتای ئەو بەشەدا هەوڵدراوە باس لە جیاوازی سیاسەتی زمانی و پلاندارێژیی زمانی بکرێت. دواتر بابەتەکە خراوەتەڕوو. ئەوجار گرنگییەکەی باس کراوە و ئەو بابەتانە باس کراون کە کاریگەریان لەسەر پلاندارێژیی زمانی هەیە. بە دوای ئەودا، ڕای زمانەوانان سەبارەت بە تێگەی"پلاندارێژیی زمانی" گوازراوەتەوە و شیکراوەتەوە. دوای ئەوەی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ "پلاندارێژیی زمانی" پێشکەش کراوە، سەرنج دراوەتە سەر لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژیی زمانی کە بریتین لە پلاندارێژیی پێگە، جەستە و فێرکاریی زمانی و بە وردی ناسێندراون و تا ڕادەیەکیش لەگەڵ هەلومەرجی کوردستان و سیستەمی پەروەردەی ئەو هەرێمەدا بەراورد کراون.

## ٢. ١. ٢. خستنە ڕووی بابەتەکە

پلاندارێژیی زمانی تێگەیەکە کە یەکەم جار لە ڕۆژاوادا سەری هەڵداوە. ئەو تێگەیە زۆرتر لە نیو سەدەیە هاتۆتە نێو بەشە زانستییەکانی زمانەوە. ڕابرت فیلیپسن لەوبارەیەدا دەڵی، ڕاسپاردەی پسپۆڕانە و پێشەیی لەبارەی پلاندارێژیی زمانیدا، بە زۆری لە ڕۆژاوادا سەری هەڵداوە و ئەو زانستە لەسەر بنەمای ئەزموونی ڕۆژاواییەکان بەرهەمهاتووە (ڕابرت فیلیپسن، ١٣٩٥، ل١١٩). ئەو بابەتە لە چۆنییەتی داڕشتن و جێبەجێکردن و ئامانجی ئەو پلانانە دەکۆڵێتەوە کە بۆ پێگە و جەستە و فێرکاری زمانی دادەندرێن. ئەوەیکە ئاخۆ ئەو بڕیارانەی لەبارەی پلاندارێژیی زمانیدا دەدرێن چەندە خزمەتی خەڵک و زمانەکان دەکات، بۆ وێنە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، پەیوەندی بە سروشتی حکومەت و ڕادەی بەشداری و

هاوکاری خەڵک لەگەڵ ئەو بڕیارانە هەیە. ئەم تێگەیە لە هەرێمی کوردستاندا، تا ڕادەیەک نوێیە. حەسەنپوور بۆ یەکەم جار سوودی لەو تێگەیە وەرگرتووە؛ بۆ ئەوەی بارودۆخی زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا پێ لێکبداتەوە. ئەو دەڵێت، هەرچەند محەمەد ئەمین زەکی وەک مێژوونووس ناسراوە، بەڵام خەریکی زمان و ئەدەبی کوردیش بووە و لە ساڵەکانی ۱۹۳۰ و ۱۹۳۱دا لێکدانەوەیەکی گرنگی سەبارەت بە خولێک لە مێژووی بەرنامە ڕۆنانی زمانی (Language planning) کوردی گەڵاڵە کردووە، بەڵام دەوڵەتی ئینتیداب دەنگی کپ کرد (ئەمیر حەسەن پوور، ۲۰۱٤، ل۱۰).

وردبوونەوەی زۆرتری ئەم تێزە لە تێگەی پلاندارێژیی زمانی، پشت بە پێناسەی محەمەد مەعرووف فەتاح دەبەستێت کە بە پشتیوانی چەندین زمانناسی وەک ساپیر لە زمان کردوویەتی. ئەوان پێیان وایە، زمان پێرەوێکی دەنگی و واتاییە کە بە هۆی کۆمەڵێک ڕەمزەوە پەیوەندی لە نێوان دەنگ و شتێکدا دەنوێنێت، هەروەها ئەو بەشە لە ڕای ئەوان کە لایان وایە، زمان تایبەتە بە مرۆڤ، یاسای بۆ دارێژراوە، بە یاسا کار دەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤ دایە (محمد معروف فتاح، ۲۰۱۱، ل۱۱). ئەو پێناسەیە لە زمان نیشان دەدات، زمان بە هەمان شێوە کە مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی، بە هەمان شێوەش دەکرێت، بکەوێتە ژێر کاریگەری مرۆڤەوە. واتە مرۆڤ دەتوانێت لەژێر کاریگەری جۆری سیاسەتی زمانیدا، پلان بۆ زمان دابڕێژێت و بە حکومی یاسا، یا تەنانەت لە دەرەوەی یاسا، کاریگەری لەسەر دابنێت.

### ۲. ۲. ۲. گرنگی پلاندارێژیی زمانی

لەسەر بنەمای ئەو بایەخەی کە زمان هەیەتی، بەهادان بە پلاندارێژیی زمانی، بە شێوەی ئەرێنی، دەبێتە هۆی گەشەی فەرهەنگی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە لای دیکەوە، کەمتەرخەمی سەبارەت بە پلاندارێژیی زمانی، دەبێتە هۆی لاوازبوونی فەرهەنگ و ئابووری و

سیاسەتی گەلی سەر بە زمانەکە و لە دواییدا دەبێتە هۆی فەوتانی زمانەکە و لەنێوچوونی شوناسی نەتەوەی سەر بە زمانەکە. کوردستان و زمانەکەی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە، یەک لەو بوارانەیە کە بە دەستلێنەدراوی ماوەتەوە و توێژینەوەیەکی ئەوتۆی لەبارەدا نەکراوە. ئەنجامدانی توێژینەوە لەو بارەیەدا، سەرەڕای ئەوەی دەتوانێت یارمەتی ئەزموونی زانستی بابەتی پلاندارێژیی زمانی بدا و شتێکی لێ زیاد بکات، یارمەتی کوردیش دەدات، زمانی کوردی وەک خەزێنەیەکی نەتەوەیی و ئینسانی بپارێزێت و ببێتە هۆی ئەوەی کوردیش وەک نەتەوەکانی دیکەی جیهان، خاوەنی شوناسی زمانیی خۆی بێت. پلاندارێژیی زمانی دەتوانێت، بە جۆرێک بێت کە پەیوەندییەکانی یەک لە دوای یەکی نەوەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ یەکدی بپارێزێت. واتە دەتوانێت پەیوەندی نێوان بەرەی نوێ لەگەڵ مێژوو، فەلسەفە و ئەدەبیاتی ئێستا و ڕابردووی کورد بپارێزێت و، کارێکی وا بکات، تاکی کورد لە لەگەڵ ڕابردوو و مێژووی خۆی پەیوەندی هەبێت و لەگەڵ چیرۆک و ئوستوورە و مووسیقا و فەرهەنگ و شیعر و فۆلکلۆری نەتەوەیی خۆی بێگانە نەبێت.

### ٢. ٢. ٣. جیاوازی سیاسەتی زمانی[٣] لەگەڵ پلاندارێژیی زمانی

هەرچەند ئەم دوو زارەوەیە بە یەکەوە بەکاردەهێنرێن و بابەتی هاوبەشیان زۆرە، بەڵام بە هۆی جیاوازی ئەم دوو تێگەیە پێویستە بە وردی باسی جیاوازییەکانی ئەوان بکرێت. لەو ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێ، پلاندارێژیی زمانی هەم دانانی سیاسەتی زمانی دەگرێتەوە و هەم بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتانەش لە خۆ دەگرێت و تەنیا لە دانانی سیاسەتدا کورت ناکرێتەوە. وەک داوەری ئەردەکانی باس دەکات، شیفمەن[٤] (١٩٩٦) سیاسەتی زمانی و پلاندارێژیی زمانی

---

٣ Language Policy
٤ Schiffman,H

وەک دوو تێگەی جیاواز دەستنیشان دەکات، بەڵام پێی وایە، پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ یەکدیدا هەیە. بە ڕای ئەو سیاسەتی زمانی ئەو کۆمەڵە تیروانینە ئاشکرا و شاراوانەن کە بە شێوەی فەرمی و نافەرمی سەبارەت بە زمان هەن، بەڵام پلاندارێژیی زمانی ئەو چالاکییە عەمدی و ئاشکرا و بەرچاوانەن کە لەبارەی زماندا ئەنجام دەدرێن، هەروەها دەڵێ، شیفمەن (١٩٩٦) پلاندارێژیی زمانی بە کۆمەڵێک چالاکی دەخەملێنێت کە پەیوەندی هەم بە وردەکاری و هەم بە لایەنی گشتییەوە هەیە کە شێوازەکانی دەستانقەست و نادەستانقەستی گۆڕینی زمان دەگرێتەوە، کەچی پێی وایە، سیاسەتی زمانی تەنیا پەیوەندی بە لایەنی گشتی و گۆڕینی دەستانقەستی زمان لە لایەن ڕێکخراوە فەرمییەکانەوە هەیە (داوری اردکانی، ١٣٩١، ل١٨ و ١٩). واتە دەکرێت بگوترێ، سیاسەتی زمانی هزرێکە، لەژێر کاریگەری فەرهەنگ و سیاسەتی وڵاتێکدا بڕیاری لە بارەدا دەدرێت و پلاندارێژیی زمانیش بریتییە لە چۆنییەتی جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە کە لەژێر کاریگەری فەرهەنگ و سیاسەت و بارودۆخی کۆمەڵگە بەڕێوە دەچن. واتە وەک ئەردەکانی دەڵێت، سیاسەتی زمانی پێشەکیی پلاندارێژیی زمانییە (داوری اردکانی، درآمدی بر ...، ١٣٩٠، ل١٥٨).

جیاوازی سیاسەتی زمانی و پلاندارێژیی زمانی بە بەراوردکردنی ئەم دوو تێگەیە لەسەر زمانی کوردی باشتر دەردەکەوێت. بۆ نموونە، لە دەستووری وڵاتی عێراقدا زمانی کوردی بە زمانێکی فەرمی ئەو وڵاتە ناسراوە. ئەوە بابەتێکە کە لایەنی سیاسەتی زمانی دەگرێتەوە و لای زمانناسان یەکلا کراوەتەوە. کەچی لەبارەی چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانیدا ڕای جیاواز هەیە. بۆ نموونە، لەبارەی پێگەی زمانی کوردی لە پەروەردەدا لەوانەیە کەسانێک هەبن کە لەبارەی ڕادەی پێخوێندن بە زمانی کوردی بیری جیاوازیان هەبێت. کەوابوو دەکرێت بگوترێ، ئەو بەشەی پەیوەندی بە بژاری جۆری زمان لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە، پەیوەندی بە سیاسەتی زمانییەوە هەیە، بەڵام چۆنییەتی بەڕێوەچوونی سیاسەتە زمانییەکە پەیوەندی بە پلاندارێژیی زمانییەوە هەیە. کەواتە سیاسەتی زمان جەخت لەسەر بنەماکانی

بڕیاردان" دەکات و پلاندارێژی زمانی پێداگری لەسەر چۆنییەتی جێبەجێکردنیان دەکات. لە وڵاتی عێراقدا، زمانی کوردی بە فەرمی ناسراوە و سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتە مافی تەواوی بەو زمانە بەخشیوە و مشتومڕەکە لەسەر چۆنییەتی جێبەجێکردنی سیاسەتەکە، واتە پلاندارێژیی زمانییە، بەڵام سیاسەتی زمانی وڵاتی ئێران بە جۆرێکە کە مافی زمانی گەلانی غەیری فارسی بە تەواوی ڕەچاو نەکردووە و ئەوەندەش کە لە قانوونی ئەم وڵاتەدا دانی پێدا هێندراوە، پلانی جێبەجێکردنی بۆ دانەڕێژراوە.

لە ڕووی ئەم زانیاریانەی سەرەوە, دەکرێت بگوترێ، سیاسەتی زمانی باس لە چۆنییەتی بیرۆکە زمانییەکە دەکات؛ کەچی پلاندارێژیی زمانی پلانی جێبەجێکردنی بیرۆکەکەیە. واتە سیاسەتی زمانی کەرەسەی پلاندارێژیی زمانییە. بەمجۆرە، پلاندارێژیی زمانی و سیاسەتی زمانی، بەیەکەوە پەیوەندی بەشی (جوزء) و گشتی (کول) یان هەیە، بە جۆرێک کە پلاندارێژیی زمانی هەم سیاسەتی زمانی دەگرێتەوە و هەم دارشتن و بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنەکەی. ئەم تێزە بە هۆی لە یەکدینزیکی ئەو دوو تێگەیە لە بەشێکدا گونجاندوونی، بەڵام لە دوو لقی جیاوازدا خوێندنەوەی لەبارەدا کردوون.

**٢. ٢. ٤. ئەو بابەتانەی کاریگەریان لەسەر پلاندارێژیی زمانی هەیە**

لەو بەشەدا باس لەو بابەتانە دەکرێت کە کاریگەریان لەسەر پلاندارێژیی زمانی هەیە. فێرگۆسێن لە وتارێکدا بە ناوی"هەلومەرجی کۆمەڵایەتی _ زمانیی پلاندارێژیی زمانی" ئەو بابەتە بەرجەستە دەکاتەوە و پێی وایە، هەموو چالاکییەکانی پلاندارێژیی زمانی پەیوەستە بە هەلومەرج و جۆری ژینگەی زمانەکە و پلاندارێژیی زمانی تەنیا بە مەرجی ناسینی کۆمەڵگەکە سەرکەوتوو دەبێت. واتە ئەو ڕای وایە، چۆنییەتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی مەرجێکی گرنگە بۆ دیاریکردنی جۆری پلاندارێژیی زمانی. شەفیق قەزازیش لەبارەی کێشەی زمانی ستانداردا ئاماژە بە لایەنی زمانناسیی کۆمەڵایەتی دەکات و دەڵێت، ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان ئەوە

دەسلمێنێت کە زمان خاوەنی لایەنی کۆمەڵایەتییە. بە جۆرێک کە کاریگەری لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت و بە هەمان شێوە کاریگەریشی لەسەر دادەنێت (شەفیق قەزاز، ٢٠٠٤، ل٢٧). زمانناسانی دیکە بە جۆرێکیدی باسی گرنگی کاریگەری بارودۆخی کۆمەڵایەتی لەسەر پلاندارێژیی زمانی دەکەن. بۆ نموونە، ئلدێرسن و هاڵبێرت ( ١٩٦٨) پێرستی پلاندارێژییەکی سەرکەوتوو بەو جۆرە دەست نیشان دەکەن: رێکوپێکی و هەبوونی پەیوەندی لە نێوان بڕیارە جۆراوجۆرەکاندا، بە وەبەرچاوگرتنی دەرفەتێک کە ئەگەر بڕیارەکان هەڵەبوون، دەرفەتی قەرەبووکردنەوەیان هەبێت و بتوانرێت ئاکامی بڕیارەکان پێشبینی بکرێت (داوری اردکانی،١٣٩٠، b، ل٥٩). واتە ئەوان دوای جۆری پلاندارێژیی زمانی، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، دەکەن بە پێوەر و لەسەرەتاوە ئامادەیی ئەوەیان هەیە کە بەپێی ئاکامی پلانەکە، ئاڵوگۆڕ بە سەر جۆری پلاندارێژییەکەدا بهێنن. بۆیە پێویستە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانیش ئامادەیی ئەوەی هەبێت کە وەک ئلدرسێن و هاڵبێرت دەڵێن، بە ئاسانی گۆڕان بە سەر جۆری پلاندارێژیی زمانی لە پەروەردەدا بهێنێت.

ژینگەی سروشتی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەی کە پلانی زمانی بۆ دادەڕێژرێت، کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی هەیە. بۆ نموونە، ئەوەی پلانی زمانی بۆ سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دادەڕێژێت، دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت، وشە و زاراوەکانی زمانی کوردی کە بە هەزاران ساڵ بەرهەم هاتوون، بۆ سرۆشت و ئابووری ژیانی جوگرافیای کوردستان لە وشە و زاراوەی زمانەکانی دیکە گونجاوترن و بە باشترین شێوە دەتوانن ئەرکی زمان بۆ دابینکردنی ژیانی خەڵک تێپەڕێنن. بۆ نموونە، کورد دەیان وشە و زاراوەی بۆ بەفر و باران و ئاژەڵ و ئاژەڵداری و کشتوکاڵ هەیە کە لە زمانی فارسی و عەرەبیدا نین و بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ژیانی ژینگەی کوردستان پێویستن. ئەوە بەشێکە لەو کاریگەریانەی کە ژینگەی کۆمەڵایەتی لەسەر زمانی کوردی هەیەتی و پلاندارێژەری زمانی دەبێت وەبەر چاوی بگرێت و لە سیستەمی پەروەردەدا ڕەنگ بداتەوە.

### ٢. ٢. ٥. پێناسەی پلاندارِێژیی زمانی

بۆ پلاندارِێژیی زمانی پێناسەی جۆراو جۆر کراوە. بۆ نموونە، ئەمیر حەسەنپوور لە سمینارێکدا (١٩٩٢) لەو بارەدا دەڵێت: وەک چۆن پلان بۆ پێشخستنی ئابووری وڵاتێک هەیە، پلاندارِێژیی زمانیش پلانێکە بۆ گەشەپێکردن و بەرەوپێش بردنی زمان. ئەو رِای وایە، پلاندارِێژیی زمانی زانستێکی نوێیە و گەورەترین ئەرکی بەرِێوەبردنی ئەو پلانە دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات و حکومەت. لەم رِووەوە دەڵێت: بە هۆی ئەوەی پلاندارِێژیی زمانی پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، پێویستە زانستەکانی بواری کۆمەڵایەتیشی تێدا وەبەر چاو بگیرێت. پێناسەکەی ئەمیر حەسەنپوور هەر چەند پێناسەیەکی بەرگرە، بەڵام پێناسەیەکی گشتگیر نییە. چونکە سەرنجی نەداوەتە ئەو بەشە لە پلاندارِێژیی زمانی کە هەوڵی پەراوێزخستن و لەنێوبردنی زمانێکی دیکە دەدات. بۆ نموونە، پلاندارِێژیی زمانی لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی بۆ پەراوێزخستن یا فەوتاندنی زمانی کوردی بووە.

گای کووک (١٣٨٩، ل٨) رِای وایە، پلاندارِێژیی زمانی بریتییە لە بریاردان لەبارەی پێگەی فەرمی زمانەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکوو پەروەردە و رِاهێنان کە زۆربەی جاران قانوون پشتیوانی لێدەکات. واتە بەپێی بۆچوونی ئەو، پلاندارِێژیی زمانی بوارێکە لە نێوان زمانناسی و کۆمەڵناسیدا و لە لای دیکەوە، پەیوەندی رِاستەخۆی لەگەڵ سیاسەتی وڵاتاندا هەیە. داوەری ئەردەکانی لە زمان فیشمەنەوە لەو بارەدا دەڵێت، پلاندارِێژیی زمانی سەرەکیترین بابەتی کۆمەڵناسیی زمانە و تەنانەت هەندێک لە لایەنەکانی دەچێتە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمەڵناسیی زمان ( داوری اردکانی، ١٣٩٠، ل٧). واتە ئەویش هەر وەک گای کووک رِای وایە، پلاندارِێژیی زمانی بوارێکی خوێندنەوەیی سەربەخۆ نییە و پەیوەندی چرِی لەگەڵ کۆمەڵناسیدا هەیە. لە رِووی ئەم دوو پێناسەوە دەکرێت بگوترێ،

پلاندارێژیی زمانی بەشێکە لە زانستی زماننناسیی کارەکی و دەکەوێتە نێو چوارچێوەی خوێندنەوەی کۆمەڵناسیی زمانەوە.

ڕوبین و جێرنوود (١٩٧١) پلاندارێژیی زمانی بە گۆڕینێکی دەستانقەست دەزانن کە لەسەر نیشانەکانی زمان، چ لە نووسیندا و چ لە ئاخاوتندا، بەڕێوەدەچێت. ئەوان بۆچوونیان وایە، ئەو دەستێوەردانە لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە بەڕێوەدەچێت کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کراون. لە ڕووی ئەم پێناسەیەوە دەردەکەوێت کە ئەرکی پلاندارێژیی زمانی، چارەسەری کێشەکانی سەر بە زمانە و ئەرکی پلاندارێژە کە بۆ گەیشتن بە باشترین بڕیار لەبارەی زماندا هەوڵ بدا و لایەنەکانی چارەسەری کێشەکە هەڵسەنگێنێت. ڕوبین پلاندارێژیی زمانی بەو جۆرە پێناسە دەکات: "پلاندارێژیی زمانی، چارەسەرکردنی کێشەی زمانە لە ڕێگەی بڕیاردان لەبارەی مەبەست، کەرەسە و ئەو ئاکامانەی کە بە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بەدەست دێن (داوری اردکانی، b، ١٣٩٠، ل٨). داس گۆپتا (Das gupta)، (١٩٧١) پێناسەیەکی دیکەی بۆ پلاندارێژیی زمانی کردووە. ئەو لە بابەتێکدا بە ناونیشانی "بەرەو تیۆری پلاندارێژیی زمانی"، دەنووسێ، پلاندارێژیی زمانی بەکارهێنانی هۆشیارانەی سەرچاوەیلی زمانی بە شێوەیەکی کونترۆڵ کراوە (هەمان:٩). ئەو پێی وایە، زمان یەکێک لەسەرمایە و داهاتەکانی هەر نەتەوەیەکە کە دەبێت پلانی بۆ دابندرێت. خاڵی هاوبەش لە نێوان ڕۆبین و داس گۆپتا ئەوەیە کە هەردووکیان ڕایان وایە، هۆی وەکوو چییەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بایەخی فەرهەنگی، نەریتی کۆمەڵگە و ... کاریگەری لەسەر پلاندارشتنی گشتی وڵاتاندا هەیە. بە ڕای ئەوان، لە پلاندارێژیی زمانیدا، زمان دەستمایەییەکی کۆمەڵایەتییە و خاوەنی بەهایەکی کەرەسەییە و لە لایەکیدیشەوە شوناسی نەتەوەی خاوەن زمانەکەیە (هەمان، ٩).

سەرەڕای ئەو پێناسانە، پێناسەیدیش بۆ پلاندارێژیی زمانی کراون کە دەتوانێت بابەتەکە زۆرتر ڕوون بکاتەوە. بۆ نموونە، ئیسمیت (١٩٩١) پێی وایە، پلاندارێژیی زمانی کردەوەیەکە لە دەرەوەی زمان و ئەرکی سەرەکیشی چاککردنی سیستەمی زمانە. سیستەمێک کە جەماوەرێکی

زۆر دەوری تێدا دەبینن و گۆڕینیشی کارێکی دژوارە. ئەو ئاماژەی بەوە کردووە، ڕەوتەکانی بڕیاردان سەبارەت بە زمان یا پلاندارێژیی زمانی، چەند سەدەیە بە ناونیشانی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچێت. بۆ نموونە سەپاندنی زمان (Language imposition)، گەشەی زمان ( Language Spread)، و سیاسەتی زمان (Language Policy). بە بڕوای ئەو سەپاندنی زمانی فەرمی یا کارگێڕی بە سەر خەڵکی وڵاتێکدا، کە زمانێکی دیکەیان هەیە، عەقلییەتێکی لە پشتە کە زۆرتر مەبەستی ئابووری و سیاسی هەیە تا مەبەستی زمانی. واتە لە پێناسەکەی ئیسمیتدا دەردەکەوێت، ئاکامی پلاندارێژیی زمانی لە باری ئابووری و سیاسییەوە، لەگەڵ مەبەستەکانی زمانناسی یەک ناگرێتەوە. ئیسمیت چۆنییەتی قبووڵکردنی زمانە داسەپاوەکە، بەکارهێنانی بەردەوامی زمانەکە و گرنگی و بەهای فێربوونی زمانەکە، بە مەبەست و لێکەوتەکانی ئەم ڕەوتە لەنێو کۆمەڵگە زمانییەکە دەبەستێتەوە (هەمان:٩ و١٠). وەک زمانەکانی لاتین و یۆنانی و عەرەبی و فارسی و تەنانەت تورکی کە هەر کامەیان بەجۆرێک خۆیان بە سەر کۆمەڵگە زمانییەکانی دیکەدا سەپاندووە. ئەو خۆسەپاندنە لەوانەیە لێکەوتەی سیاسی و ئابوورییەکەی بە دڵی خاوەن زمانە داسەپاوەکە بێت، بەڵام لە ڕوانگەی ئەو زمانەی کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو زمانانە، بۆ نموونە کوردی، زیانی سیاسی و ئابووری بەرهەم هێناوە و لە ڕوانگەی زمانناسیشەوە، بۆتە هۆی لاوازبوونی زمانە ژێر دەستەکان. لە ئاکامی ئەو جۆرە سیاسەت و پلاندارێژییە زمانییەدا، هێندێک تاک و کۆمەڵگەی زمانی توانیویانە لە بەرانبەریاندا خۆڕاگرن و هێندێک کۆمەڵگە یا تاکی زمانی لە بەرانبەریاندا تواونەوە. تەنانەت زمانە باڵادەستەکانیش لە زیانی ئەو جۆرە پلاندارێژییە زمانییە بێ بەهرە نەبوون و جاری وا هەیە لە بەر کاریگەری هۆی جۆراوجۆری وەک ئایین، کەوتوونە بەر گوشار و کاریگەری یەکدیکە. بۆ نموونە، زمانی فارسی لە فەرهەنگستانی یەکەمەوە، هەوڵ دەدات وشەی گونجاو بۆ سەدان وشەی عەرەبی بدۆزێتەوە کە پێکهاتەی زمانی فارسییان تەنیوە. لە شوێنێکیدی ئیسمیت (١٩٩١) باس لەوە دەکات کە لە نێوان پلاندارێژیی زمانی و گەشەی کۆمەڵایەتیدا، پەیوەندییەکی قووڵ هەیە

(هەمان، ل١٠). ئەو لێدوانەی ئیسمیت بە شێوەی ڕوبین و گوپتا، کە لەسەرەوە باسمان کردن، بابەتی پلاندارێژیی زمانی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکان گرێ دەدات. بەو جیاوازییەی کە ئیسمیت زۆرتر سەرنجی سیاسی و ئابووری بە جۆری دارشتنی پلانی زمانی هەیە.

فێشمەن یەکێکی دیکە لەو زمانناسانەیە کە سەرنجی داوەتە سەر بابەتی پلاندارێژیی زمانی، ئەو پێی وایە، پلاندارێژیی زمانی سەرەکیترین بابەتی کۆمەڵناسی زمانە کە هەندێک لە لایەنەکانی ئەو دەکەوێتە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمەڵناسی زمان. کەواتە دەبێ دان بەوە دابندرێ کە پلاندارێژیی زمانی بوارێکی لێکۆڵینەوەیی سەربەخۆ نییە (داوری اردکانی، ١٣٩٠، a، ل٧). کووپر (Cooper,R,L) (١٩٨٩) پێی وایە، پلاندارێژیی زمانی هەوڵی لایەنێکە بۆ ئەوەی ڕەفتاری زمانی لایەنێکی دیکە بخاتە ژێر کاریگەری خۆی، نەک ئەوەی تەقەلایەک بێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان. بە ڕای ئەو پلاندارێژیی زمانی تەنیا ئەو شتە نییە کە لە پانتای وڵاتێک یا نەتەوەیەکدا ئەنجام دەدرێت؛ بەڵکوو پێی وایە، پلاندارێژیی زمانی لە کۆمەڵگەی بچووکتریشدا ئەنجام دەدرێت. وەکوو بنەماڵە، قوتابخانە، پۆلی خوێندن و تاد. لەو ڕوانگەیەوە، پلاندارێژیی زمانی ئەو چالاکییانەش دەگرێتەوە کە سەرپەرشتی بنەماڵەکان لەماڵەوە ڕەچاوی دەکەن. هەر بۆیەشە کە کووپر بڕیارەکانی سەرپەرشتی ماڵباتەکان بە گرنگ وەسف دەکات و پێی وایە، ئەوە سیاسەتی زمانی بنەماڵەکانە کە دەبێتە هۆی مانەوە یا فەوتانی زمانێک (داوری اردکانی١٣٩٠، b، ل١١). کووپر پێی وایە، ئەم کاریگەریانە لە سێ ئاستی پێگە، جەستە و فێرکاریدا ڕوو دەدەن (داوری اردکانی، ١٣٩٠، a، ل٩). بۆچوونەکەی کووپر ئەم تێزە دەگەیەنێت بەو ئەنجامەی کە چالاکییەکانی سەر بە پلاندارێژیی زمانی، هەم دەتوانێت لەسەرەوەڕا بەرەو خوار بەڕێوە بچێت و هەم دەتوانێت لە خوارەوەڕا بەرەو سەرەوە بڕوا. بە بەراوردکردنی ئەو ڕایەی کووپر لەگەڵ کاریگەری جۆری پلاندارێژیی زمانی بنەماڵەکان، ئەنجامگەلێکی سەرنج ڕاکێش بەدەست دەکەوێت. بۆ نموونە، دەکرێت بگوترێ، بەپێی ئەوەی باشووری کوردستان کۆمەڵگەیەکی نەریتییە و بنەماڵەکان لە چۆنییەتی پەروەردەی منداڵاندا

دەورێکی کاریگەریان هەیە، بنەماڵە دەتوانێت دەورێکی کاریگەر لە پلاندارێژیی زمانی کوردیدا بگێڕێت. بەپێی بەدواداچوونی خۆم، ئێستا لە باشووری کوردستان، زۆربەی بنەماڵەکان هەوڵ دەدەن منداڵەکانیان لە قوتابخانە ئینگلیزییەکاندا ناونووسی بکەن. هەرچەند بەشێکی ئەو ڕەفتارانە بەرهەمی هەژموونی زمانی ئینگلیزی و جۆری پلاندارێژیی زمانی لە باشووری کوردستانە، بەڵام بە هۆی کاریگەری بنەماڵەکان لەسەر بژاردەی جۆری زمانی خوێندن، دەتوانین پلاندارێژیی زمانیی بنەماڵەکان لە دەرەوەی ئەو بابەتانە بە گرنگ وەسف بکەین. نموونەی بەرچاوی ئەو ڕاستییە ئەوەیە کە کاتێک لە بەڕێوەبەرانی سیستەمی پەروەردەی باشووری کوردستان دەپرسن، بۆچی وەزارەتی پەروەردە وانەکانی بیرکاری و زانستییان لە خوێندنی سەرەتاییدا کردووە بە ئینگلیزی، لەکاتێکدا کە مامۆستاکان شارەزایی تەواویان نییە بۆ وانە گوتنەوە بە زمانی ئینگلیزی و دایکانوباوکانیش بە هۆی ناشارەزایی بە زمانی ئینگلیزی، توانای هاوکاری قوتابییانیان نییە، لە وەڵامدا وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە دەڵێت، لەو ساڵانەی دواییدا، دایکانوباوکان خوازیاری ئەوەن، منداڵەکانیان فێری زمانی دووهەم بن، بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن و لەو پێناوەشدا هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن. بۆیە وێدەچێت، داواکاری دایکانوباوکان هۆیەک بێ بۆ بە ئینگلیزیکردنی خوێندنی سەرەتایی وانەکانی بیرکاری و زانستی. وەزارەتی پەروەردە لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە دایکانوباوکان بە هۆی نەزانینی زمانی ئینگلیزییەوە بە چ شێوەیەک دەتوانن یارمەتی قوتابی بدەن، دەڵێت، پێویست ناکات دایکانوباوکان لە پەروەردەدا دەور ببینن (سامان سوهەیلی، ڕادیۆ ڕووداو ٢٠١٧/٥/٢). ئەوان دەڵێن، بە هۆی ئەوەی زمانی وانە زانستییەکان لە قوتابخانە حکومییەکاندا ئینگلیزی نییە، دایکانوباوکان پارەیەکی زۆر سەرف دەکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بنێرنە ئەو قوتابخانە ئەهلیانەی کە خوێندنیان بە زمانی ئینگلیزییە. واتە هەرچەند جۆری هەڵس و کەوتی بنەماڵەکان دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هەوڵی دەسانقەست، بەڵام پلاندارێژیی زمانی بنەماڵەکانیش دەورێکی گرنگ لە پلاندارێژیی زمانی وڵاتدا دەبینێت.

بەپێی ئەو شتانەی باسکران، کووپر پلاندارێژیی زمانی بە هەموو ئەو هەوڵە دەسانقەستانە دەزانێت کە بۆ خستنە ژێر کاریگەری کردەوەی زمانی تاکەکان و کۆمەڵگە بە ئەنجام دەگات و لە ئاستەکانی پێگە و جەستە و فێرکاریدا دەردەکەوێت. کووپر هەشت بابەت و لایەن لەسەر چالاکی پلاندارێژیی زمانی بە کاریگەر دەزانێت، ١. سەرپەرشتیارانی زمان، ٢. گیروگرفتەکانی زمان، ٣. بەردەنگەکانی پلاندارێژیی زمانی، ٤. مەبەستەکانی پلاندارێژیی زمانی، ٥. پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی شوێنی پلاندارێژیی زمانی، ٦. رێگەچارەکانی چارەسەری کێشە و گرفتەکانی زمان، ٧. کەرەسەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان و گرفتەکان و ٨. ئاکامی چارەسەرییەکان. کووپر هەر وەک فیشمەن (Fishman,J,A) پێی وایە، پلاندارێژیی زمانی سەرەکیترین بابەتی کۆمەڵناسیی زمانە کە لە شەستەکانەوە سەری هەڵداوە. فیشمەن پێی وایە، هەندێک لایەنی پلاندارێژیی زمانی دەچنە دەرەوەی سنووری کۆمەڵناسیی زمان و هەر بەو هۆیەش رای وایە، پلاندارێژیی زمانی خاوەنی شوێنێکی خوێندنەوەی سەربەخۆ نییە (داوری اردکانی، a، ١٣٩٠، ل٧، ٩ و ١٠).

بەوجۆرە، پلاندارێژیی زمانی پێیەکی لەنێو بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دایە و پێیەکی لەنێو زمانناسی دایە. واتە ئەو بەشەی کە باس لە پلاندارێژیی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا دەکات، زۆرتر لایەنی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە و ئەو بەشەی کە باس لە پلاندارێژیی جەستەی زمان دەکات، زۆرتر پەیوەندی بە زمانناسی تۆخەوە هەیە. هەر بەو پێودانەش دەتوانرێت، هەلومەرجی پلاندارێژیی زمانی لە باشووری کوردستان بە شێوەیەکی رەخنەگرانە شیبکرێتەوە و پلانێکی گونجاوی بۆ دابرێژرێت.

مارک پاین(٢٠١٣: ١) ئەو پێناسەی فیشمەن بۆ پلاندارێژیی زمانی بە گونجاو دەزانێت کە دەڵێت، پلاندارێژیی زمانی بە دواداچوونێکی دەسانقەستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان لە ئاستی نەتەوەییدا. ئەم پێناسەیە یەکێکە لە پێناسە هەڵبژێردراوەکانی کووپریش کە هەر دوو لایەنی پێگە و جەستەی زمانی دەگرێتەوە. مارک پاین، لەو وتارەدا ئاماژە بە رای کاپلان و

بالداف (Kaplan & Baldauf, 1997) دەكات و دەڵێت، پلانی زمانی كردەوەیەكە كە بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری زمانی، لە لایەن حكومەتەوە بەڕێوەدەچێت.

سەلام ناوخۆش لە پێناسەی ئەو تێگەیەدا دەڵێت: پلانی زمانی هەوڵێكی سیاسی دروستە كە لە ئاكامی هەبوونی ڕەوشتێكی سیاسی - كۆمەڵایەتی دروست دەبێت و، هەوڵ دەدات ڕەوشتی زمان لە وڵات بگۆڕێت (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠، ل٥١). سەلام ناوخۆش لەو پێناسەیەدا، دروستبوون دەكاتە مەرجێك بۆ پێناسەی پلاندارێژیی زمانی. كەچی ئەم تێزە پێی وایە، پێویست بە بەها بەخشین ناكات و دروستی یا نادروستی، بۆ پێناسەكردنی پلاندارێژیی زمانی مەرجێكی گونجاو نییە. چونكە بۆ نموونە، دەكرێت پلاندارێژیی زمانی هەبێت، بەڵام مافی زمانی گەلانی جیاوازی وڵاتەكەی تێدا وەبەر چاو نەگیرابێت. تەنانەت دەتوانێت هەوڵێكی سیاسیش نەبێت.

ئەم تێزە بە پشتبەستن بە ڕای زانایانی بواری پلاندارێژیی زمانی، بەو شێوەیە پێناسەی پلاندارێژیی زمانی دەكات: پلاندارێژیی زمانی یەكێك لە بابەتەكانی سەر بە زمانناسیی كۆمەڵایەتییە كە لەودا زمان لەنێو پێكهاتەی كۆمەڵایەتیدا دەخوێندرێتەوە و هەڵدەسەنگێندرێت و بریتییە لەو هەوڵە دەسانقەستانەی كە لەژێر كاریگەری سیاسەتی زمانیدا، بە مەبەستی كاریگەری دانان لەسەر پێگە، فێركاری و جەستەی زمانیی تاك، كرووپە كۆمەڵایەتییەكان، نەتەوە یا خەڵكی وڵاتێك، بە مەبەستی گۆڕین یا چارەسەری كێشەكانی سەر بە زمان، ئەنجام دەدرێت؛ هەوڵگەلێك كە زۆر جار لە لایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بە مەبەستی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و كۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێت و جاری وا هەیە لە لایەن تاك، بنەماڵە یا گرووپی كۆمەڵایەتییەوە بە مەبەستی جۆراو جۆری وەكوو بەرگریكردن لە شوناسی نەتەوەیی و هەروەها بۆ گەشە پێدان بە بابەتی زانستی، فێركاری، ئابووری، سیاسی، كۆمەڵایەتی، مێژوویی، هونەری، پەیوەندیكردن و ... بەڕێوەدەچێت.

## ٢. ٢. ٦. لقەکانی پلاندارێژیی زمانی

بەپێی ئەو زانیاری و توێژینەوانەی لەسەرەوە باسمان کردن، مەبەستی پلاندارێژیی زمانی بریتییە لە سەپاندن، گەشەپێدان، گۆڕین، پاراستن و بەرگریکردن لە زمان. حەسەنپوور پلاندارێژیی زمانی دەکاتە دوو بەش. ئەو دەڵێت: "لە زانستی زماندا، بەرنامەڕۆنانی زمان دەکرێتە دوو بەش: بەرنامە ڕۆنانی پلەوپایەی زمان (planning status) و بەرنامەرۆنانی جەستە یان کەرەستەی زمان (corpus planning)" (ئەمیر حەسەن پوور، ٢٠١٤، ل١٠). دواتر بە هۆی گرنگی فێرکاریی زمانی، پلاندارێژیی فێرکاریی زمانیش وەک لقێکی سەربەخۆ لە پلاندارێژیی زمانی دیاری کراوە کە لەو بەشەدا بە وردی باسی کراوە و باسی دەکرێت. کەواتە بواری چالاکییەکانی پلاندارێژیی زمانی بە سەر سێ لقدا دابەش دەکرێت. ١. پلاندارێژیی پێگە، ٢. پلاندارێژیی جەستە و ٣. پلاندارێژیی فێرکاریی زمانی.

### ٢. ٢. ٦. ١. پلاندارێژیی پێگە (Status Planning)

پلاندارێژیی پێگەی زمانی بە کۆی ئەو چالاکییانە دەگوترێت کە بۆ کاریگەری دانان لەسەر کردەوەی زمانی تاکەکان و کۆمەڵگە لە باری پێگەی زمانەوە ئەنجام دەدرێت (داوری اردکانی، a، ١٣٩٠، ل١٤). لەو بوارەدا، بابەتی سۆزدارانەی وەکوو پەیوەندی زمان و شوناسی نەتەوەیی، زمان وەک دەسمایەی فەرهەنگی و زمان وەک کەرەسەی ڕاگواستن و فێرکاری، دێتەگۆڕێ. جاری وا هەیە، پلاندارێژیی پێگە و پلاندارێژیی جەستە وەها لێک نزیک دەبنەوە و تێکداڵێن کە جیاکردنەوەیەن لە یەکدیکە دژوار دەبێت. پەرەپێدانی جوگرافیای زمان و ڕێژەی بەکاربەرانی زمانەکە و هەروەها پەرەپێدانی دەوری زمانەکە کە بریتییە لەو بابەتانەی کە بەو

زمانە بەکاردەهێنرێن؛ وەکوو خوێندن، ئایین، زانست، بازرگانی، سیاسەت، ئیدارەکردن و هتد، پەیوەندییان بە پلاندارێژیی پێگەی زمانییەوە هەیە (هەمان، ل١٤ و ١٥).

پلاندارێژیی پێگەی زمانی، زۆرتر لە لایەنەکانیدی، پەیوەندی بە کۆمەڵناسیی زمانەوە هەیە و لایەنی فەرهەنگی و سیاسی لە خۆیدەگرێت. بە واتایەکیدی، پلاندارێژیی پێگەی زمان بریتییە لەو هەولانەی لە پێناو پێگەی زمانێک لەنێو کۆمەڵگەیەک و یا لە دەرەوەی کۆمەڵگەیەک لە پێناو پێگەی زمانەکەدا ئەنجام دەدرێت. پێناسەکردنی پلاندارێژیی پێگەی زمان، جاری وا هەیە، لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دێت کە لە وڵاتێکی فرە زمانیدا کام زمان بژار دەکرێت، بە چ مەبەستێک بژار دەکرێت و ئەو زمانە چ دەورێک دەبینێت و دەبێت چ دەورێک ببینێت. یا لە حاڵەتێکدا کە زمانێک کۆمەڵێک شێوەزاری هەیە و تا ئێستا هیچ کامیان بە فەرمی نەبوونە، ئەرکی پلاندارێژیی زمانی لەو پێناوەدا چی دەبێت و پێشتر سەبارەت بەو بابەتە چی کراوە و پێویستە چی بکرێت. کەواتە پلاندارێژیی پێگە، بەو هەوڵە دەستانقەستانە دەگوترێت کە پێگەی زمان و شێوەزارەکان لەنێو کۆمەڵگەیەکدا دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بەشێکی گرنگ لە پلاندارێژیی پێگە پەیوەستە بە بڕیاری سیاسی ئەو وڵاتەوە کە لەژێر کاریگەری سیاسەتی زمانیدا، لەبارەی پێگەی زمانێک یا چەند زمان یا شێوەزاردا دەدرێت. توێژینەوەی ورد و زانستانە لەو بابەتە دەتوانێت بەرچاوڕوونی دروست بکات بۆ بڕیاردەرانی پلاندارێژیی زمانی کە جگە لە دەسەڵات، هەموو بەشەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. هەر بەو پێیەش پۆلێنی جۆراوجۆر بۆ جۆری پێگەی زمانی کراوە.

ـ پێگەی ناوچەیی: زمانی ڕەسەن و ستاندارد نەکراوی کۆمەڵگەیەکی زمانی.

ـ پێگەی پێوەر (Standard): جۆرێکی ڕەسەنە، بەڵام ستاندارد کراوە.

ـ پێگەی کلاسیک (Classic): زمانی ستاندارد کە ئیتر زمانی ڕەسەن نییە.

ـ پێگەی پیجین (Pidgin): زمانێکی لێکدراو کە وشەکانی یەک زمان دەبەستێتەوە بە پێکهاتەی ڕێزمانی زمانەکانی دیکەوە. یا ئەو جۆرە زمانەیە کە لە تێکەڵبوونی وشەی زمانێک لەگەڵ ڕیزمانی زمانێکی دیکە بەرهەم هاتووە. ئەم جۆرە زمانە بۆ پەیوەندی گرتن لە نێوان دوو لایەن بەکار دەهێندرێت و نەبۆتە زمانی دایک و زمانی سەرەکی وڵاتێک یا ناوچەیەک.

ـ پێگەی کریوڵ (Creole): زمانێکی نێوانگرە کە لە تێکەڵبوونی دوو زمان دروست بووە و بۆتە زمانی ناوچەیی کۆمەڵگەیەکی زمانی (داوری اردکانی، b، ۱۳۹۰، ل۳۱ و ۳۲).

بە بڕوای ئیسمیت، بابەتێکی گرنگتر لە جۆرەکانی زمان، ئەو ڕۆڵەیە کە زمان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتیدا دەیبینێت. ئیسمیت حەوت دەوری کۆمەڵایەتی بۆ زمان قایل دەبێت.

زمانی گرووپی (Group): زمانێکە بۆ پەیوەندی گرتنی گرووپێکی تایبەت لەنێو کۆمەڵگەیەکی زمانیدا و جاری وا هەیە بۆ بەرجەستەکردنەوەی گرووپێکی تایبەت لەنێو کۆمەڵگەیەک بەکاردەهێندرێت.

زمانی فەرمی یا کارگێڕی (Official): زمانێکە کە بۆ مەبەستی کارگێڕی لە پانتای وڵاتێک و نەتەوەیەکدا بەکاردەهێندرێت.

زمانی پەیوەندی (Wider communication): زمانێکە کە وەک زمانی نێوانگر لەگەڵ زمانێکی گشتگیرتر لە نێوان یەک نەتەوە بەکاردەهێندرێت.

زمانی پەروەردەیی (Educational): زمانێکە کە بە مەبەستی فێرکردن لەسەرەتا یا دوای ساڵەکانی سەرەتایی خوێندن بەکاردەهێندرێت.

زمانی ئایینی (Religious): ئەو زمانەی کە بۆ مەبەستی ئایینی بەکاردەهێندرێت.

زمانی نێونەتەوەیی (International): زمانێک کە بەشێوەی نێونەتەوەیی بۆ پەیوەندی لە نێوان میللەتانی جیاواز بەکاردەهێندرێت.

زمانی قوتابخانە (School): زمانێک کە وەک بابەتی خوێندن یا پێ خوێندن لە قوتابخانەکاندا بەکاردەهێندرێت (هەمان، ل٣٢).

کلاس (١٩٦٨) ڕای وایە، چوار هۆی گرنگی پەیوەندی لە نێوان زمان و نەتەوەدا هەن کە پەیوەندیان بە پێگەی زمانەکەوە هەیە. ئەم چوار هۆیە بریتین لە ١. ئەسڵ و ڕیشەی زمانی بەکارهێنراو لە دەوڵەتی نەتەوەییدا، ٢. قۆناخی کامڵبوونی زمانەکە لە باری پێگەوە، ٣. ئاستی ماف و دادوەری و ڕادەی چۆنییەتی بە کار هێنانی زمانەکە لەو بوارانەدا و ٤. هێزی چەندایەتی (کەممی) زمانەکە کە بریتییە لە ڕێژەی ئەو کەسانەی کە زمانەکە بە کار دەهێنن (هەمان،ل٣٣).

ئیسمیت (١٩٩١) پەیوەندی نێوان زمانی فەرمی و زمانی ناوچەیی (ڕەسەن) بەو شێوەیە دابەش دەکات.

- زمانی خۆجێیی (Endogiossia): زمانی فەرمی و زمانی ناوچەییی بەشێکی زۆر لە جەماوەری وڵاتێکە. وەک زمانی ئەڵمانی لە ئەڵمان و زمانی فارسی لە ئێران.
- زمانی هاوردە: بەو زمانە هاوردە فەرمی کراوە دەڵێن کە زمانی ناوخۆی وڵاتەکە نەبێت و هێندرابێت. وەک زمانی ئینگلیزی لە وڵاتی غینا.
- تێکەڵاوێک لەو دوانەی سەرەوە: یانی هەر دوو زمانەکە کە بە شێوەیەکی هاوسان فەرمییەتیان هەبێت. وەک سەواحیلی و ئینگلیزی لە کینیا.

لە باشووری کوردستان زمانی خۆجێیی وەک زمانی فەرمی و ڕۆژانە بەکاردەهێندرێت و لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانیشدا زمانی کوردی خاوەنی پێگەیەکی بەرزە.

ئیسمیت قۆناخەکانی پێگەیشتنی زمان لە باڵاترین ئاستەوە بۆ نزمترین ئاست بەو شێوەیە دابەش دەکات.

ـ زمانی بەتەواوی مودێرن، گەشەکردوو و پێوەر کە توانایی ئەوەی بەدەست هێناوە هەموو دەورێک ببینێت، وەکوو ئینگلیزی و فەرانسەوی.

- زمانی پیوەری گرووپێکی بچووک

- زمانی نیوە پیوەر کە بۆ مەبەستی زانستی نوێ بە کار ناهێندرێت.

- زمانی پیوەری گەنج

- زمانی نیوە پیوەر کە تازە بۆتە خاوەنی ڕێنووس

- زمانی بێ خەت

ئیسمیت لەسەر زاری فیرگۆسێن (١٩٧١) پێگەی زمان لەسەر بنچینەی ڕێژەی جەماوەری سەر بە زمانەکان دابەش دەکات: "زۆرینە"، "کەمینە" و "نە زۆرینە و نە کەمینە".

- زمانی سەرەکی (Major) یا زۆرینە

زمانی ڕەسەنی بیست و پێنج لە سەدی جەماوەر یا زۆرتر لە یەک میلیون نەفەر کە پێگەیەکی فەرمی و کارگێڕی هەیە و زمانی فەرمی پەنجا لە سەدی خوێندەوارانی ناوەندی ولاتێکە.

- زمانی لاوەکی (فرعی) یا کەمینە: زمانی ڕەسەنی زۆرتر لە پێنج لە سەدی (دە هەزار نەفەر) دانیشتوانی ولاتەکەیە و لە سالانی سەرەتایی خوێندندا لە پەروەردە بەکار دەهێندرێت.
- ئەو زمانانەی نە سەرکین و نە لاوەکی یا ئەو زمانەی کە نە زۆرینەیە و نە کەمینە: بریتییە لەو زمانەی کە بۆ هەندێک مەبەستی تایبەت بەکار دەهێندرێت. وەکوو لاتین یا عەرەبی بۆ مەبەستگەلی ئایینی. یا ئەو زمانەی کە بۆ گرووپێک یا تەمەنێکی تایبەت بەکاردەهێندرێت.

لەسەر بنەمای ئەو تیۆرە، زمانی کوردی لە عێراقدا زمانێکی ڕەسەن و زۆرینەیە و سەرەکییە.

وەک ئیسمیت دەڵێت ئەو پۆلکردنە بۆ کۆمەڵگەی فرەزمان و فرەنەتەوە زۆر گونجاو نییە. ئەو دەڵی: ئەوەی بۆ کۆمەڵگەیەکی زمانی گرنگە دەورێکە کە بە زمانەکانی ناو کۆمەڵگەکە دەدرێت، نە جۆری زمانەکان. زۆر بە کار هێنانی زمانێک لە باری نێونەتەوەیی و نێوخۆییەوە، لە قوتابخانەدا گرنگە. بۆ نموونە، ئیسپانیا خاوەنی دوو زمانی سەرەکییە (ئیسپانیایی و کاتالان). زمانێکی دیکەشی هەیە بە ناوی باسک، زمانێکیشی هەیە کە بۆ مەبەستی دینی بەکار دەهێندرێت کە لاتینە، زمانێکیدیش کە فەرانسەوییە و وەک زمانی دووەم کە لە ئاستی ناوەندیدا دەخوێندرێت (هەمان، ل٣٣، ٣٤ و ٣٥).

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی پلاندارێژیی پێگەی زمانی پاراستنی شوناسی نەتەوەییە، چونکە پێگەی زمانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەسەلەی شوناسەوە هەیە و سەرنجدان بە پێگەی زمانی لە پلاندارێژیی زمانیدا، خاوەنی گرنگییەکی تایبەتە. لە درێژەدا دەگەینە لقی دووهەمی پلاندارێژیی زمانی کە پلاندارێژیی جەستەی زمانییە.

### ٢. ٢. ٦. ٢. پلاندارێژیی جەستە (Corpus planning)

مەبەست لە پلاندارێژیی جەستە، ماکی زمانە کە لە ئاستەکانی دەنگ، وشە، وشەسازی، ڕێنووس، ڕێزمان، داڕشتندا خۆی دەردەخات (داوری اردکانی، a، ١٣٩٠، ل١١). لەم ڕووەوە پلاندارێژیی جەستەی زمان بریتییە لە داڕشتنی پلان بۆ ئەو ماکانەی زمان کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێ کرا. بەپێی ئەوەی ماکی زمان بریتی دەبێت لەو شتانەی کە زمان دروست دەکات و زمان ڕێکدەخات، ئەو پلانە لەسەر ڕەفتاری زمانی کاریگەری دەبێت و کاریگەری دەخاتە سەر ئاخاوتن و نووسین و فێربوون. واتە پلاندارێژیی زمانی بە شێوە نەریتییەکەی بریتییە لەو شتانەی کە کۆمەڵگە لەگەڵ مادەی زماندا ئەنجامی دەدات. زۆر کەس و لایەن باسی گرنگی

جەستەی زمانیان کردووە. بۆ نمونە، ئەمیر حەسەنپوور پێداگری لەسەر چاککردنی ڕێنووس دەکات و دەڵێت: "ئەگەر بەرژەوەندی زمانەکەتان (زمانی کوردی) دەوێت، تێبکۆشین بۆ چاککردنی ڕێنووس (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٤، ل٦٥). ئەو بەشە لە پلاندارێژیی زمانی بەشەکانی تۆمارکراوی زمانی باو دەگرێتەوە کە بە مەبەستی گەشەپێدانی زمانەکە ئەنجام دەدرێت و سەرەڕای ئەو شتانەی باسیان کرا دارشتن و زیادکردنی وشە بە شێوازی جۆراوجۆر و کونترۆلی وشە نوێیەکان لە خۆ دەگرێت. پلاندارێژیی جەستە بە تەنیا هەر ئەوشتانەش ناگرێتەوە، بەڵکوو لە ڕادەی وشە تێدەپەڕێ و جەستەی زمان بە گشتی دەگرێتەوە. بۆ وێنە ئەو هەوڵانەش دەگرێتەوە کە بۆ پێوانەسازی و پاڵاوتنی زمانێک ئەنجام دەدرێن. کەواتە دەکرێت ڕەوتی پلاندارێژیی جەستە بەو شێوەیە دەسنیشان بکرێت، تۆمارکردن، پێوانەسازی، نوێسازی، پەرەپێدان و پاڵاوتن. هەڵبەت بە هۆی ئاڵۆزبوونی بابەتی پلاندارێژیی زمانی، بە هۆی ئەو بابەتە لایەنە جۆراوجۆرانەی کە کاریگەریان لەسەر زمان هەیە و هەروەها لەباری جیاکردنەوەی ڕەوتە جۆراوجۆرەکان لە یەکدیکە، پلاندارێژیی بۆ جەستە زمان کارێکی دژوارە. بۆ نموونە، ناکرێ ڕاشکاوانە بگوترێ تۆمارکردن گرنگترە یا پێوانەسازی. چونکە بەر لە تۆمارکردندا دەبێت جۆرێک لە جۆرەکانی زمانەکە دەست نیشان کرابێت، هەروەها تۆمارکردن خۆی دەتوانێت لایەنەکانی داهێنان، چاکسازی و گۆڕین بگرێتەوە (داوری اردکانی، b، ١٣٩٠، ل١٩،٢١،٢٠). دراسە و پێک گرتنی ئەم بابەتانە بۆمان دەردەخات، پلاندارێژیی جەستەی زمان پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ پلاندارێژیی پێگەی زماندا هەیە. چۆنکە بەهادان و خزمەتکردن بە جەستەی زمانێک دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی زمانەکە بەرز ببێتەوە.

سەرەڕای ئەو شتە گشتییانە، پلاندارێژیی جەستە بۆ هەر زمانێک لەگەڵ پلاندارێژیی بۆ زمانێکیدیدا جیاوازە، چۆنکە هەر زمانە و قۆناخێک لە ژیان تێپەر دەکات. بۆ نموونە، ڕێنووس بەشێکە لە پلاندارێژیی جەستە. زمانی وا هەیە کە تا ئێستاش هەر زارەکییە و کاری دانانی ڕێنووس لەسەر نەکراوە و لە بەرانبەردا زۆر زمان هەن کە ئەو قۆناخەیەن تێپەڕاندووە. ئەو

سەرنجە لایەنەکانی دیکەی جەستەی زمانیش دەگرێتەوە. جاری وا هەیە تۆمارکردن بۆ زمانێک بریتییە لە دانانی ڕێنووس کەچی بۆ زمانێکیدی فەرهەنگ نووسین و دارشتنی ڕێزمان مەبەستی سەرەکییە. بۆ نموونە، خەریکبوون بە لایەنی وشەسازی و ڕستەسازی و گوتار لە زمانێکدا، نیشان دەدات کە ئەو زمانە لە قۆناخێکی بەرزتری پلاندارێژیی زمانی دایە.

کووپر (١٩٨٩) بەهۆی تێکەڵاوی و کاریگەری تێگەکانی پێگە و جەستەی زمان، هەڵاواردنی ئەم دوو تێگەیە لە یەکدیکە بە کارێکی دژوار دەزانێت و پێی وایە، سەرکەوتنی پلاندانەرانی زمانی لە سێ بوارەکەدا بە یەکەوە بەستراونەتەوە. ئەو لەبارەی پلاندارێژیی جەستەی زماندا دەڵێت: پلاندارێژەرانی جەستەی زمانی باوەڕیان وایە، جەستەی زمان دەبێت پێشاندەر و هەڵگری نەریتی دێرین یا ڕەسەن، بەهاکانی مودێرن، کاریگەری، شەفافییەت و ... بێت. خۆیشی پێی وایە، پلاندارێژیی پێگە دەکەوێتە بەر کاریگەری جەستەی زمانەوە، بەتایبەتی ئەو کاتەی زمانێک یا شێوەزارێک هەڵدەبژێردرێت بۆ ئەوەی دەوری زمانێکی نێوبژیوان بگێرێت. ئەو جۆرەکانی پلاندارێژیی جەستە بەو شێوەیە دەستنیشان دەکات، خەتسازی، پێوانەسازی و مودێرنسازی. بە ڕای ئەو مودێرنسازی، پەرەپێدان و نوێسازیش دەگرێتەوە. ڕای ئیسمیت لەبارەی ئەرکی پلاندارێژیی جەستەدا، لەگەڵ هی کووپر جیاوازە. ئەو ڕای وایە، پلاندارێژیی جەستەی زمانی ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە کە دەبێتە هۆی گۆڕینی جۆری جەستەی زمانێک، یانی ئەو هەوڵانەی کە لە پێکهاتەی زماندا (دەنگ، بڕگە، وشە، ڕستە، واتا، دارشتن و خاڵبەندی) ئاڵوگۆڕ پێکدێنن. ئەو پێی وایە، زۆرترین چالاکییەکانی پلاندارێژیی زمانی لە بواری جەستەی زماندا بووە و لەسەر ئەو بنەمایە، ڕەوتی پلاندارێژیی جەستە بەو جۆرە شیدەکاتەوە: تۆمارکردن، خەتسازی، دارشتنی وشە، گۆڕینی خەت، ڕێنووس، ڕێزمان، خاڵبەندی و ... ( داوری اردکانی، b،١٣٩٠، ل٢٣). لە دوای پلاندارێژیی جەستەی زمانی باس لە پلاندارێژیی فێرکاریی زمانی دەکەین کە لقی سێهەمی پلاندارێژیی زمانییە.

### ٢. ٢. ٦. ٣. پلاندارِێژیی فێرکاریی (Acquisition Planning)

پلاندارِێژیی فێرکاری لایەنەکانی فێرکردنی زمان، فێربوونی جۆری زمان و دەوری زمان لە فێرکردندا دەگرێتەوە. پلاندارِێژیی فێرکاری بریتییە لە کاریگەری دانان لەسەر زمانی خوێندن، زمانی پێخوێندن، فێرکردنی زمانەکان و هەروەها چۆنییەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ جۆرەکانی زمانی یەکەم، دووهەم یا زمانە بیانییەکان (کووپر، ل١٩٧٨). پلاندارِێژیی فێرکاری کەرەسەیەکە بۆ بردنەسەری پێگە و ئاستی ئەو زمانانەی کاری فێرکارییان پێدەکرێت (داوری اردکانی، ١٣٩٠، b، ل:٣٥).

فێربوونی زمانێک بە شێوەیەکی باش و کارپێکردن بە زمانێک لە بواری فێرکاریدا، یارمەتییەکی باشە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمانەکە. دیارە ئەوە پێچەوانەکەشی ڕاستە. واتە ڕێگەگرتن لە خوێندن بە زمانێک یا خراپ بەکارهێنانی زمانێک لە فێرکردن و پێخوێندندا (نموونەی ئەوەی کەسێک زمانی کوردی باش نەزانێت و دەرسی کوردی بلێتەوە)، دەتوانێت، زیانێکی زۆر لە زمانەکە و لە ڕەوتی فێرکاری بدات. فێرکاریی زمانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جەستەی زماندا هەیە کە ئەویش هەر بەو شێوەیە پەیوەندی بە پێگەی زمانەوە هەیە، بەڵام لە بەر گرنگی لایەنی فێرکاریی زمانی، زمانناسان فێرکاریی زمانییان وەک لقێکی سەربەخۆی پلاندارِێژیی زمانی دەسنیشان کردووە. بەو هۆیە ئەم تێزە هەوڵی داوە لە جۆری فێرکاریی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان ورد بێتەوە و بەشێک لە پرسیارەکانی ئەو لقە لە پلاندارِێژیی زمانی دەگرێتەوە. بەڵکوو لە ئەنجامدا بتوانێ هاوکار بێت، بۆ دارِشتنی پلانێکی گونجاو بۆ فێرکاریی زمانیی کوردی لە باشووری کوردستاندا. پرسیارەکانیشی ئەمانەن: ئاخۆ دەوری زمانی کوردی لە پرۆسەی فێرکاریدا چەندەیە و چۆنە و فێرکاریی زمانی کوردی بە چ شێوەیەک بەڕێوەدەچێت؟

سەرەڕای ئەو شتانەی باس کران، بیروبۆچوونیدیش لەبارەی تێگەی "فێرکاریی زمانی"دا لە ئاراداان کە جێگای سەرنجن. بۆ نموونە، کووپر (١٩٨٩) پلاندارێژیی فێرکاریی زمانی بە لقێک لە لقەکانی زماننناسی کارەکی دەزانێت. کاپلان و بالدۆف (Kaplan, R, B. and Baldauf) (١٩٩٧) ، کنێدی (Kennedy.C) ، (١٩٨٤) ، ئینگرام (Ingram,D,E) ، (١٩٨٩)، پالستون (Paulston,C,B)، (١٩٩٠) و میکلالین (Mclaughlith,S)، (١٩٩٤) لە توێژینەوەیەکی نوێتردا، لەسەر پلاندارێژیی فێرکاریی زمانی، ناونیشانی پلاندارێژی لە فێرکردنیاندا هێناوەتە گۆڕێ. ئەوان پلاندارشتن بۆ فێربوونی چۆنییەتی خوێندنەوە و نووسینەوە، بە بەشێک لە پلاندارێژیی فێرکاری دادەنێن (داوری اردکانی، a،١٣٩٠، ل١٧). بە ڕای ئەم تێزە کووپر لایەنی کۆمەڵایەتی پلاندارێژیی فێرکاریی زمانی بەرجەستە دەکاتەوە و ئەوانی دیکە زۆرتر بایەخ بە لایەنی زمانناسانەی بابەتەکە دەدەن. لە لایەکی دیکەوە هاگێن باس لەوە دەکا کە لقەکانی پلاندارێژیی زمانی دەبێ سەرنج بدەنە یەکدیکە و ئەو سێ لقە پەیوەندی چڕیان لە گەڵ یەکدیکە هەیە (هەمان، ل١٧ و ١٨). بەو شێوەیە پەرەپێدانی فێرکاریی زمانی هاوواتایە لەگەڵ جێبەجێکردنی بەشەکانیدی پلاندارێژیی زمانی و دەکرێت لە ڕێگەی فێرکارییەوە، پەرە بە لقەکانی دیکەی پلاندارێژیی زمانی بدرێ یا بە پێچەوانە خەسارەتیان لێبدرێ. بەو شێوەیە پلاندارێژیی فێرکاریی زمانی، هەموو لایەنەکانی پلاندارێژیی زمانی دەگرێتەوە. واتە بە هەمان شێوە کە پلاندارێژی پێگە و جەستە کاریگەرییان لەسەر پلاندارێژیی فێرکاری هەیە، پلاندارێژیی فێرکاریش کاریگەری لەسەر ئەوان هەیە و دەکرێت لە ڕێگەی پلاندارێژیی فێرکارییەوە یاریدەی پێگەی زمان و جەستەی زمان بدرێت، بۆ ئەوەی مەبەستەکانی پلاندارێژیی زمانی بە گشتی وەدیبێن. بۆیە دەکرێ بە پشتبەستن بەو زانیارییانەی سەرەوە، جەخت لەوە بکەینەوە، پلاندارێژیی زمانی لە هەر بوارێک لەو سێ بوارانەدا، دەبێت بە سەرنجدان بە دوو بوارەکەیدی جێبەجێ بکرێت و ئەو سێ بوارە دەبێت بە یەکەوە کاریان لەسەر بکرێت. لەو ڕوویەوە خاڵێکی گرنگیدی لەبارەی پلاندارێژیی فێرکاریی زمانیدا ئەوەیە، تێگەی فێرکاریی زمانی پەیوەندییەکی

چڕی لەگەڵ پێوانەسازیدا هەیە. چونکە پێی وایە، یەکدەستبوون لە فێرکاریدا لە تایبەتمەندییەکانی پێویست بۆ فێربوون و فێرکردنە.

ئەم تێزە، لە کۆتایی ئەم بەشەدا، بەو ئەنجامە گەیشتووە کە ئەرکی ڕاستەقینەی پلاندارێژیی زمانی بەهابەخشین بە بابەتی زمان لە سیستەمی پەروەردەدایە. جگە لەوەش، کاریگەری دانان لەسەر پەروەردە و ڕاهێنان، چارەسەری دیمۆکراتییانە و دادپەروەرانەی بابەتی زمان، داڕشتنی پلانی زمانی بۆ پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا، ئەرکیدیکەی پلاندارێژیی زمانین. لە پلاندارێژیی زمانیدا ئەرکی حکومەت و دامودەزگاکانی، بەبەراورد لەگەڵ تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا، زۆرترە. چونکە ئیمکاناتی حکومەت و دامودەزگاکانی لە تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان زۆرترە. ئەم تێزە پێی وایە، پلاندارێژیی پێگە، جەستە و فێرکاریی زمانی لە پەروەردەی باشووری کوردستاندا بابەتێکی هەستیارە. چونکە جۆری ئەم پلاندارێژییە دەتوانێت یارمەتیدەری کورد بێ بۆ پەروەردە و ڕاهێنانی باشتر لە ڕەوتی بە دەوڵەتبووندا، بۆ ئەوەی لە سێبەری ئەودا باشتر خزمەتی زمانی کوردی بکرێت و لە ئەنجامدا سیستەمێکی پەروەردەی پێشکەوتوو دابمەزرێت.

لە درێژەدا سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی چەند وڵاتێک لێکدەدرێتەوە و لەگەڵ بارودۆخی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان بەراورد دەکرێت؛ بۆ ئەوەی جۆری پێراگەیشتن بە زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا، باشتر ڕوون بێتەوە.

## ٢. ٣. سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە چەند وڵاتێکدا بە نموونە

خوێندنەوە و لێکدانەوەی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی وڵاتانی جۆراوجۆر، ئەو دەرفەتە بەو تێزە دەبەخشێت کە باشتر لە ناونیشانی تێزەکە و مەیدانی توێژینەوەکەی تێبگات. بەراوردکردنی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ وڵاتی عێراق و چۆنییەتی

بەڕێوەچوونی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، بەرچاورِوونی بەم تێزە ئەبەخشێت، لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئەم بابەتە، لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان باشتر ورد بێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە باس لە چۆنییەتی سیاسەت و پلاندارِێژیی زمانی لە چەند وڵاتی هیند، ئەمریکا و فەڕەنسادا دەکرێت.

### ٢. ٣. ١. هیند

بە هۆی ئەوەی وڵاتی هیند خاوەنی ٣٨٧ زمانی زیندوو و ٥٤٤ شێوەزارە، سیاسەتی زمانی لەو وڵاتە بە وردی هەڵسەنگێندراوە. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بۆ ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی، دەتوانێت بە سوود بێ. ئێران خاوەنی ٦٩ زمان، وڵاتی عێراق ٢٣ زمان و سووریا خاوەنی ٢٣ زماننا‌سراوە (سپاڵسکی، ١٣٩١،ل٢٣٣ تا ٢٣٥). بابەتی زمان لە وڵاتی هیند، ململانێ و شەر و هەڵای زۆری ناوەتەوە. قانوونی ئەو وڵاتە جگە لە زمانی ئینگلیزی کە زمانێکی فەرمی و هاوشێوەی زمانە فەرمییەکانی ئەو وڵاتەیە، ١١ زمانی دیکەی بە فەرمی ناسیوە کە بریتین لە ئاسامی، بنگاڵی، کۆجراتی، هیندی، کۆندا، کشمیری، مالایالام، ماراتی، ئۆریا، پەنجابی، سانسکریت، سیندی، تامیلی، تلۆگۆ و ئوردوو(هەمان، ل٢٣٦) (جێگەی سەرەنجە کە ١٥ زمانی دیکە لەو لەستەی سەرەوەدا ناویان هاتووە، کەچی لە کتێبەکەدا ئاماژە بە هەژماری ١١ کراوە). سیستەمی خوێندن لە وڵاتانی فرە نەتەوە و چەند زمانەدا پێویستی بە بڕیارِی مکوڕ و دیمۆکراتیک سەبارەت بە مەسەلەی زمان لەنێو پەروەردەدا هەیە. هەر چەند سەربەخۆبوونی هیند بەرهەمی دژایەتی لەگەڵ ئیستیعماری بریتانیا بە زمانیشەوە بوو، بەڵام دوای سەربەخۆبوون، ئەو وڵاتە بڕیاری دا کە زمانی ئینگلیزی وەک یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی ئەو وڵاتە بهێڵێتەوە. سیاسەتێک کە ڕەنگە بتوانێت لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی بەڕێوە بچێت. ئێستا لە وڵاتێکی وەکوو ئێران گەر سیاسەتی زمانی بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک بەڕێوە بچێت و مافی زمانی گەلانی ئەو وڵاتە دابین بکرێت، زمانی فارسی دەتوانێت وەک زمانی فەرمی

ئەو وڵاتە بمێنێتەوە. یا دەکرێت شێوەزاری کوردی ناوەڕاست بکرێت بە زمانی فەرمی بۆ گشت هەرێمی کوردستان و شێوەزارەکانی دیکە زمانی پێخوێندنی ناوچەکانی خۆیان تا پۆلی شەشی سەرەتایی بن و لە پاڵ ویشدا کوردی ناوەڕاست وەک زمانی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بخوێندرێت و لە دوای پۆلی شەش بکرێت بە زمانی پێخوێندن لە گشت قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان و وانەیەکی شێوەزاری سەر بە شوێنەکەش لە پاڵ هەموو وانەنەکانی دیکەدا بخوێندرێت.

لە دوای سەربەخۆیی هیند مشت و مڕی زۆر لەسەر چۆنییەتی سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتە کرا. کەمینە زمانییەکان توانییان پێناسەیەکی ورد لە زمانی دایک بکەن کە بریتی بوو لە زمانی باوان کە منداڵ لەماڵەوە قسەی پێدەکات. هێند لە پێناو دابینکردنی مافی زمانی تاکەکان و بە مەبەستی پاراستنی یەکییەتی نیشتمانی ئەو وڵاتەدا، لە ڕێگای پلۆرالیزمی زمانییەوە، بڕیاری دا، تا شەشی سەرەتایی، زمانی باوی نێو بنەماڵەکان بکات بە زمانی خوێندن و لە پەنای ئەودا زمانی هیندی فێر بکرێن و وەک زمانی نەتەوەیی و فەرمی بۆ سەرانسەری هیند بەکار بهێندرێت. لە لایدییەوە، زمانی ئینگلیزی بۆ خوێندنی باڵا کەلکی لێ وەربگیرێت و وەک زمانی نێو کۆڕەکانی ڕووناکبیری و زانستی بپارێزرێت. ئەو سیاسەتە بە هەندێک دەسکاری لە ناوچە جیاجیاکان بوو بە بنەمای سیاسەتی زمانی و پێکەوە حاوانەوە و ئاشتەوایی لەو وڵاتەدا. هەڵبەت لە زۆربەی شارە گەورەکاندا، زمانی دایک وەک زمانی خوێندنی سەرەتایی وازی لێ هێندراوە و لە زۆربەی قوتابخانەکانی شاردا کە هەلومەرجی ژیان باشترە، هەر لەسەرەتاوە بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن. بەجۆرێک کە زمانی ئینگلیزی لەو وڵاتەدا، لەسەردەمی ئیستیعمار زۆرتر پەرەی سەندووە (هەمان، ل٢٤٠). ئەوە ڕەوتێکە کە تا ڕادەیەک لە باشووری کوردستانیش دەبیندرێت و پێویستە توێژینەوەیەکی وردی لەسەر بکرێت. بۆ ئەوەی چەندی و چۆنی ئەم گریمانەیە باشتر ڕوون بێتەوە. خوێندنەوە و لێکدانەوەی زۆرتری سیاسەتی زمانی

لە وڵاتانی جۆراوجۆری وەک ئەمریکا، بەرچاوروونی بۆ داڕشتنی سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستان و هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژی دروست دەکات.

### ٢. ٣. ٢. ئەمریکا

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەسەرەتادا، بەهای بە زمانە جیاوازەکان دەدا و ئەو نەریتە بریتانییەی ڕەچاو دەکرد کە لەودا زمان نەدەبوو کونترۆڵ بکرێت و ڕێکبخرێت و تاک ئیختیاری لێ بستێندرێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، سیاسەتی تاکزمانی پەرەی هەستاند و ئینگلیزی ستاندارد بوو بە هێمای عەقلانییەت، ئەخلاق و جوانیناسی. لەئاکامدا فرە زمانی کە لە مێژووی نەتەوەیی ئەم وڵاتەدا سەری هەڵدابوو، بەرەو نشێو چوو. هەرچەند لە قانوونی ئەم وڵاتەدا ئاماژەی پێنەکرابوو، بەڵام زمانی ئینگلیزی وەک تاکە زمانی ڕەسمی پەرەی هەستاند (رابرت فیلیپسن، ١٣٩٥، ل٣٥).

کەواتە پەرەسەندنی زمانی ئینگلیزی لە وڵاتی ئەمریکا بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتی زمانی ئەم وڵاتە نەبوو. چونکە ئەمریکا، لەسەرەتادا، هاوشێوەی وڵاتی بریتانیا سیاسەتێکی زمانی تۆکمەی نەبوو. لەو ساڵانەی دواییدا، بریتانیا بە مەبەستی پاراستنی هەندێک هەنجاری زمانی و بە مەبەستی پێدانی سەربەخۆیی زمانی بە وێلز و ئیسکاتلەند، ئاوڕی لە سیاسەتی زمانی ئەم وڵاتە داوەتەوە، بەڵام ئەمریکا بەبەراورد لەگەڵ وڵاتی بریتانیادا، ئەوەندە سیاسەتە زمانییەشی نەبووە، تا ڕادەیەک کە تەنانەت لە دامەزراندنی فەرهەنگستانی زمانی خۆی پاراستووە (هەمان، ل٤٠).

لە لایەکی دیکەوە، وەک سپاڵسکی دەڵێت، لەوەتەی ئەمریکا سەربەخۆیی خۆی لە وڵاتی بریتانیا ڕاگەیاندووە، هەوڵی داوە زمانێکی ئینگلیزی تایبەت بە خۆی بەرهەم بێنێت، بەڵام

سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتە بە گشتی لەسەر ئەو ئەساسە دامەزراوە کە "زمان مەسەلەیەکی کەسییە (سپالسکی،١٣٩١، ل١٢٧).

بە بڕوای هیرناند-چاوێز نووسینەوەی قانوونی وڵاتی ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی سەرەتای سەپاندنی ئەو زمانە و سەرکوتکردنی زمانەکانی دیکە بوو. دواتر هەرچەند خەڵکێکی زۆر کە لە ئەمریکا دەژیان و جەماعەتێکی زۆر کە بۆ ئەو وڵاتە سەفەریان کرد، زمانەکەیان ئینگلیزی نەبوو، بەڵام زۆربەیان هەوڵیاندا بە دووسێ نەسڵ خۆیان لەگەڵ فەرهەنگی زاڵی زمانی ئینگلیزیدا ڕێکبخەن. فیشمەن دەڵێت، دوو ڕەوتی سڕینەوەی قەومی و بە ئەمریکیبوون لە لایەک و پاراستنی سەربەخۆیی فەرهەنگی_ زمانی لە لایەکی دیکە هەمیشە بە شێوەیەکی هاوسان لە هەموو وڵاتی ئەمریکادا بەڕێوە چووە. سەرەڕای ئەوەش زمانی وەک فەڕەنسی و هامیش و جوولەکەکانی هاسیدیک توانیویانە زمانی خۆیان بپارێزن (سپاڵسکی،١٣٩١، ل١٢٨ و ١٢٩). فیشمەن لە درێژەی ئەم بابەتەدا دەڵێت، واویدەچێت کە زمانە خۆجییەکانی ئەمریکا یا ئەوانەی کۆچیان کردووە بۆ ئەمریکا لەنێو جڤاکی خۆیاندا پارێزراو بن، چونکە خەڵکی ئەو وڵاتە گرنگی زۆر بە وەبەرچاوگرتنی قانوونی فرەزمانی لەو وڵاتەدا دەدەن.

ئەوەی لە قانوونی ئەمریکادا بە ئاشکرا باس لە زمان نەکراوە، بەو مانایە نییە کە ئەیالەتەکان یا ئەو وڵاتە بە گشتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانییان نەبێت. لە سەدەی نۆزدەهەم، کالیفۆرنیا و لویزیانا بە فەرمی بە دوو زمانە ناسران و هەر لەو سەدەیەدا هەوڵ درا، زمانی ئەڵمانی لە پنسیلوانیا و یۆهایۆ بە فەرمی بناسرێت و لەو پێناوەدا، سیستەمی پەروەردەی ئەو وڵاتە چەند زمانەیی پەسەند کرد (هەمان، ١٣٩١، ل١٣٠). دواتر بە هۆی هەستی نەتەوە پەرەستی دوای شەڕ و بێگانە دزی و نەتەوە خوازی، ئەم پلانە زمانییە گۆڕدرا. هەستی دژایەتی لەگەڵ ئەڵمان وایکرد، نووسراوە ئەڵمانییەکان کۆبکرێنەوە و ناوەندەکانی سەر بەو زمانە دابخرێن. تەنانەت مۆسیقای ئەڵمانی قەدەغە کرا و خوێندنی زمانی ئەڵمانی لە قوتابخانەکان ڕێگەی لێ گیرا و بە کردەوە تا ساڵی ١٩٣٠ ئەمریکا بوو بە وڵاتێکی تاک زمانە،

بەلام لە بژاردنی ڕێژەی ئەم وڵاتە لە ساڵی٢٠٠٠دا، دەرکەوت، ١٧/٦ لە سەدی ئەم وڵاتە لە ماڵەوە بە زمانی نائینگلیزی قسە دەکەن و هەر لەو ساڵەدا تەنیا ٥٣ لە سەدی ئیسپانیایی زمانانی ئەم وڵاتە توانیویانە بە باشی بە زمانی ئینگلیزی قسە بکەن (سپاڵسکی،١٣٩١، ل١٣٣). لە ساڵی١٩٩٧دا، دوای ململانی زۆر، ئەیالەتی ئۆهایۆ دانی بەوە داهێنا کە خوێندن بە دوو زمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی ئەنجام بدرێت و بە دوای ئەودا ئەیالەتەکانیدیش قانوونی لەو شێوەیان پەسەند کرد. لە بەرانبەردا سیاسەتمەدارانی نەتەوەخواز لە واشنگتۆن، بە بێ سەرنج دان بەو ڕاستییە کە ٩٩٪ خەڵکی پۆرتۆریکۆ زمانەکەیان ئیسپانیاییە، پێداگریان لەسەر ئەوە کرد کە خوێندن لە پورتۆریکۆ بە زمانی ئینگلیزی بێت. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی خەسارەتێکی زۆر بەر پەروەردەی تاکەکانی ئەو ناوچەیە بکەوێت. چونکە کاتێکی زۆریان بۆ فێربوونی ناتەواوی زمانی ئینگلیزی بەسەردەچێت و ڕادەی زانستییان لە چاو ئەو کەسانەی بە زمانی دایک دەخوێنن نزمترە. تەنانەت ئەو سیاسەتە زمانییە یارمەتی فێربوونی باشتری زمانی ئینگلیزیشی بە وان نەداوە. عەقلییەتی پشت ئەم سیاسەتە زمانییە پێی وایە، ئەگەر لێبگەڕێن لە قوتابخانەکاندا بە ئیسپانیایی بخوێنن، ئەوە بە چاوی زمانێکی بیانی سەیری زمانی ئینگلیزی دەکەن و هاووڵاتییەکی باش بۆ وڵاتی ئەمریکا نابن. ئەوە لێکدانەوەیەکە کە لەسەر ئەو ئەساسە هەڵەیە بونیات نراوە کە هاووڵاتی باشبوون پەیوەستە بە تاکزمانیبوون، گریمانەیەک کە هەڵەبوونەکەیمان باس کرد (رابرت اندرسن هال،١٣٩١، ل٢٦٥ و ٢٦٦). هەر لە درێژەی ئەم جۆرە سیاسەتە زمانییە لە ساڵی ١٩٩٧دا، دوازدە ئەیالەت ڕێگەیان لە خوێندنی دوو زمانەیی گرت، بەلام دواتر بە هۆی هۆشیاری زمانی خەڵک و دەسەلات، باس لە پێویستی دوو زمانەیی لە سیستەمی پەروەردەدا کراوە (سپاڵسکی،١٣٩١، ل١٣٧). قانوونی دووزمانەیی لە ئەمریکا داهێنانێکی سیاسی بوو کە لە لایەن سیاسەتمەداران و نوێنەرانی خەڵک بە هۆی ڕێژەی جەماوەری زمانی لە ئەیالەتە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە دیاری کرا. بۆ وێنە لە تێکزاس و کالیفۆرنیا و نیۆیۆرک ڕێژەیەکی زۆری ئیسپانیایی زمان دەژین و لە ئەیالەتی مایان ڕێژەیەکی

زۆر خەڵکی فەرەنسی زمان هەیە. لە هەمان کاتدا ئەوەش وەبەر چاو گیراوە کە پێویستە زمانی ئینگلیزیش بەباشی فێر بکرێت. چونکە لە ژیانی ئابووری و زانستی تاکەکاندا دەتوانێت کاریگەر بێت.

وەک لەو خوێندنەوەیەدا دەرکەوت، لە دیاریکردنی جۆری سیاسەتی زمانیدا چوار هۆی سەرەکی دەور دەبینن کە بریتین لە: ١. هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، ٢. ئیدیۆلۆژی نەتەوەیی، ٣. ئینگلیزی وەک زمانێکی جیهانی و ٤. تێگەی مافی زمانی. بەو پێوەرە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە هەر وڵاتێکدا بیچمی تایبەت بەو وڵاتە وەردەگرێت. باوەڕە زمانییەکان لەوانەیە جیاواز بن و تەنانەت دژی یەکدیکەش بن، بەڵام دیمۆکراسی زمانی دەخوازێت کە گوێ لە دەنگ و بیر و بۆچوونی جیاواز بگیرێت. ئەو بەشە لەو تێزە، لە لایەک، دەبێتە هۆی تێگەیشتنی زۆرتر لە بابەتی پلاندارێژیی و سیاسەتی زمانی و لە لایەکیدیکەوە، دەبێتە هۆی بەرچاوروونی زۆرتر بۆ لێکدانەوەی داتاکان و گونجاندنیان لەگەڵ بارودۆخی هەرێمی کوردستان، هەروەها سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی هەرێمی کوردستان، دەتوانێت سوود لە ئەزموونی ئەم وڵاتە وەربگرێت.

### ٢. ٣. ٣. فەرەنسا

پێداچوونەوە بە سیاسەتی زمانی وڵاتی فەرەنسا بەرچاوروونی باشمان سەبارت بە جۆری سیاسەتی زمانی لەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی، یەکیان لەوان هەرێمی کوردستان لا دروست دەکات. گەرچی فەرانسە لە باری ئیدیۆلۆژی و بەڕێوەبەری زمانییەوە وڵاتێکی تاک زمانەیە بەڵام، بە کردەوە وا نییە. ئینسایکلۆپیدیای زمانەکانی جیهان باس لە سی و حەوت زمان لەو وڵاتەدا دەکات. بۆ نموونە ئاڵساتین، باسک، بریتانی، ئیتالی، پۆرتوغالی، عەرەبی، ئەلجەزایری و کانیل (بەربەری) کە هەرکامەیان زۆرتر لە پێنج سەدهەزار ئاخێوەریان هەیە و پێنج زمانی کۆریسکان، گاسکن، پرۆوانسی، عەرەبی مەراکیشی و عەرەبی تونسی هەر

یەکەو زۆرتر لە دووسەدهەزار ئاخێوەریان هەیە و هەروەها بۆ هەرکام لە زمانەکانی کاتالانی، زمانە نوێیەکان و زمانە بەربەرییەکانی دیکە زۆرتر لە سەدهەزار ئاخێوەر هەیە (سپالسکی، ١٣٩١، ل٩٣).

بە بڕوای جاج سەرەڕای ئەم جیاوازییە ئاشکرا زمانییە "تێگەی یەک وڵات، یەک نەتەوە و یەک زمان" بۆ زۆربەی خەڵکی فەڕەنسا پەسند کراوە. ئەوە وەبیرمان دێنێتەوە کە لە قانوونی فەرانسەدا، دەوڵەت و میللەت دووتێگەی هاوواتان. سیستەمی حقووقی و کارگێڕی زاڵ و زمانی باو، پێکەوە، دەبنە هۆی یەکگرتوویی نەتەوەیەک و ئەو هۆکارە لەنێو ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندیان بە زمانەوە هەیە، بەرچاوە. ئەم قانوونە لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ بەرگری لە زمانی فەرەنسی لە بەرانبەر زمانی ئینگلیزیدا هاتە ئاراوە. زمانی باسکی لە ئیسپانیا وەک زمانی ناوچەی خودموختار ناسراوە، بەڵام لە فەڕەنسا وەک زمانێکی زارەکی ناسرابوو. لە ساڵی ١٩٦٩دا، هەندێک قوتابخانە بە زمانی باسکی دامەزرا کە خەرج و باجەکەی دایک و بابانی قوتابییەکان دابینیان دەکرد و، سەرەڕای ئەوەش، دەوڵەتی فەڕەنسا دژایەتی لەگەڵ دەکرد، تا لە ساڵی ١٩٩٤دا دەوڵەتی فەڕەنسا ئەو قوتابخانانەی بە فەرمی ناسی و تەنانەت پشتیوانیشی لێکردن (هەمان).

سیاسەتی زمانی وڵاتی فەڕەنسا چەندین مەبەستی سەرەکی لە خۆی دەگرێت کە وەک ئیج دەڵێت، بریتین لە شوناس، تێفکرین، ئاسایش، نایەکسانی، ئیدیۆلۆژی، یەکپارچەیی و بەکەرەسەکردنی زمان (سپالسکی، ١٣٩١، ل٩٩). لە هەندێک وڵاتی وەک تورکیاش زمان لە پێناو یەکدەستکردنی شوناسی ئەم وڵاتە بەکارهێندراوە. لە سەدساڵی ڕابردوودا دەوڵەتە نەتەوەییەکانی ئەم جۆرە وڵاتانە، وڵاتەکانیان لەسەر یەک زمان، یەک وڵات و یەک نەتەوە بونیاد ناوە. ئەوان بەو جۆرە ویستوویانە ئیعتیباری ئیمراتوورییەتێکی لە دەست چووی چەق بەستوو ببوژێننەوە. بۆ ئەو مەبەستە لە داهاتی وڵاتەکە سوودیان وەرگرتووە، بۆ ئەوەی یەک زمان لەنێوەوە و لە دەرەوەی ئەم وڵاتانە پەرە پێبدەن و زمانەکانیدی نێوخۆ بسڕنەوە، بەڵام بە

پێداچوونەوە بە واقیعی کۆمەڵگەدا، ڕوون دەبێتەوە، وڵاتی فەڕەنسا لە درێژەی دووسەد ساڵ سیاسەتی زمانی یەکدەستکردنی زماندا، نەیتوانیوە ئەو وڵاتە لەباری زمانی یەکدەست بکات. هەروەها ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی، سەرەڕای خەسارەتی زۆر بۆ هەموو لایەک، چەندی هەوڵیان داوە، نەیان توانیوە زمانی ئەم وڵاتانە یەکدەست بکەن یا بەو سیاسەتە زمانییەی کە بژاریان کردووە نەیان توانیوە جیاوازی زمانی لەنێو ببەن. خوێندنەوەی سیاسەتی زمانی فەڕەنسا دەتوانێت دوو سوودی بۆ سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی هەرێمی کوردستان هەبێت. یەکەم، بەها بەخشینی زۆرتر بە زمانی کوردی و دوایی بەهادان بە شێوەزار و زمانە جیاوازەکانی ئەم هەرێمە لە سیستەمی پەروەردەدا. بەشی سێهەمی ئەم تێزە دەپەرژێتە سەر چۆنایەتی و چەندایەتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە کوردستاندا.

# بەشی سێهەم: سیاسەت و پلاندارِێژیی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا

ئەوبەشە لە تێزەکە باس لە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە عێراق و لە کوردستاندا دەکات. دەکرا ئەو بەشە لقێک بێ لە بەشی دووهەمی تێزەکە، بەڵام بە هۆی گرنگی بابەتەکە لە بەشێکی سەربەخۆدا گونجێندراوە. ئەو بەشە دەرفەتی تێگەیشتنی تێزەکە لە ڕەوت و چۆنییەتی ئەم بابەتە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا دەرەخسێنێت.

## ٣. ١. کورد و "سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی"

ئەو سیاسەتە زمانییەی لە باشووری کوردستان لە هەمبەر زمانی کوردی بەڕێوەدەچێت، بەشێکی بەرهەمی ئەو بەهایەیە کە دەستووری وڵاتی عیراق بە زمانی کوردی داوە. لەبارەی بەهاپێدان بە زمانە جیاوازەکان ئەحمەدی ڕای وایە، پلۆرالیزمی زمانیی وڵاتانی فرە زمان، لێمان دەخوازێت کە ئەو جۆرە وڵاتانە خاوەنی دەوڵەتێکی لامەرکەزی بن نەک دەوڵەتێکی چەقبەستووی ناوەندخواز (احمدی،١٣٨٢، ل ٣٧٨ و ٣٧٩). ئەو بەهایەی دەستووری وڵاتی عێراق بە زمانی کوردی داوە، بەرهەمی ئەم لامەرکەزییەتەیە کە لە ئاکامی خەبات و هۆشیاری زمانی و مافخوازی تاکی کورد و کۆمەڵێک هۆیدی بەرهەمهاتووە. سپاڵسکی دەڵێت، هەر چەند لە ئێستادا سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بۆتە بابەتێکی زانستی، بەڵام بەشێک لە سیاسەتی زمانی، پەیوەستە بە ڕادەی بەهاپێدانی نەتەوە و تاکی زمانی بە زمانەکەی و ڕادەی بەهای هەر زمانێکیش پەیوەستە بە ڕادەی خۆشەویستی زمانەکە لە لایەن ئاخێوەرانی. تەنانەت، بۆ نموونە، ڕادەی پەتیگەری لە زماندا و زۆر شتیدی لەو بابەتە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕێژەی سۆزی تاک بەرانبەر بە زمانەکەی (سپالسکی، ١٣٩١، پێشەکی). واتە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی، ڕادەی بایەخدان و جۆری ڕوانینی تاک و نەتەوە بە زمانەکەیەتی. کورد لە بەرانبەر سیاسەتی زمانی ئەو دەوڵەتانەی کە تێیاندا دەژی، جاری وایە سیاسەتێکی دیاری هەبووە و بە ئاشکرا داوای مافی زمانی خۆی کردووە و جاری واش

بووە بە شێوەیەکی نادیار هەوڵی پاراستن و گەشەی زمانەکەی داوە و دەکرێت وەک سیاسەتی شاراوەی زمانی کوردی باسی بکرێت و نموونەکانی جیاوازی ئەم جۆرە ڕەفتارە دەسنیشان و پۆلێن بکرێن. بۆ نموونەی ئەرێنیی مامەڵە لەگەڵ زمانی کوردی، دەکرێت ئاماژە بە جۆری مامەڵەی ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ زمانی کوردی و هەروەها جۆری هەڵسوکەوتی تاکی کورد لەگەڵ زمانی کوردی، وەکوو ئەوەی مامۆستایەکی کورد لە شارێکی وەکوو مەهاباد وانەی خۆی بە زمانی کوردی دەڵێتەوە، یا نامەی نێوان دوو تاکی کورد بە کوردی دەنووسرێت، بکرێت. بۆ مامەڵەی نەرێنیش لەگەڵ زمانی کوردی دەکرێت ئاماژە بەو بنەماڵانە بکرێت کە بەهای پێویست بە زمانی دایکی خۆیان و منداڵەکانیان نادەن و لە ماڵێدا بە زمانی باڵادەست دەپەیون، یا ئاماژە بەو ڕێکخراوە سیاسیانە بکرێت کە هەرچەند بۆ مافی نەتەوایەتی کورد خەبات دەکەن، بەڵام لەنێو بارەگاکانیاندا و لە پەیوەندییەکانیاندا بە زمانی تورکی دەنووسن و قسە دەکەن.

لە هەرێمی کوردستانیشدا نموونەی جۆرەکانی جیاوازی مامەڵەی تاکی کورد لەگەڵ زمانی کوردیدا دەبیندرێت. بۆ نموونە ئەو هۆگرییەی بنەماڵەکان بە زمانی ئینگلیزییان هەیە یا ئەو نارەزایەتییەی مامۆستایانی زمانی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین لە ساڵی ٢٠١٧دا لە هەمبەر بەئینگلیزیکردنی بەشێک لە وانەکانی خوێندن لە قوناخی سەرەتایی دەریانبڕی و لەودا داوایان کرد، خوێندنی وانەکان لە قوتابخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا بە زمانی کوردی بێت.

زمانناسە بە ناوبانگەکانیش باس لە گرنگی جۆری ڕوانینی نەتەوەی زمانی بە زمانەکەی خۆیان دەکەن. بۆ وێنە سپاڵسکی و شیفمەن (سپالسکی، ١٣٩١، ل١) بەشی یەکەمی کتێبەکەیان بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە. ئەوان پێیان وایە، زیندوو مانەوە و پەرەسەندنی زمان چەندین فاکتۆری هەیە کە هۆشیاریی گەلی سەر بە زمانەکە یەکێک لەو هۆیانەیە. هەر لەوبارەدا مافیۆن (سپالسکی، ١٣٩١، ل١١) ڕای وایە، بەشێک لە هۆیەکانی مەرگ و ژیانی زمان،

بەستراوەیە بە هەڵسوکەوت و تایبەتمەندییەکانی ئاخێوەرانی زمانەکە و فەرهەنگی زمانی کۆمەڵگەکە. واتە باوەڕی گرووپە زمانییەکان کاریگەری لەسەر سیاسەتی زمانی وڵاتان دادەنێت و چۆنییەتی سیاسەتی زمانی لە باشووری کوردستانیش لەو قاعیدەیە جیا نییە.

### ٣. ٢. بارودۆخی کۆمەڵایەتی زمانی کوردی

زمانی کوردی زمانێکە کە لە کۆنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قسەی پێکراوە و پێی نووسراوەتەوە و بەو جۆرە سیستەمێکی زمانی تایبەتی بۆ ژیانی ئاخێوەرانی دروست کردووە. بەو شێوەیە ئەو زمانە سەرەڕای دەنگ و شێوە و وشە و ڕێزمانی تایبەت، پێکهاتەیەکی زەینی تایبەتیشی لای تاکی کورد بەرهەمهێناوە و ئەوە یەکێک لەو تایبەتمەندیانەیە کە لە کۆنەوە نەتەوەی کوردی پێ ناسراوەتەوە. مێژووی سیاسی ئەو زمانە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم دەسەڵاتی دامەزراوەیی کورد لەو ناوچەیەدا و تەمەنێکی دوور و درێژی هەیە. لەگەڵ زاڵبوونی دینی ئیسلام بە سەر بەشێک لە خاکی کوردستاندا، زمانی کوردی وەک زمانەکانیدی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام وەک زمانێکی سەربەخۆ ژیانی خۆی پاراستووە. بۆ نموونە، جیا لەوەی ئەو زمانە ژیانی نێوماڵ و شەقامی کوردستان بووە، لە سەدەی پازدە و شازدەدا تا نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم زمانی فەرمی میرنشینانی کوردستان بووە. حکومەتی میرنشینانی کورد هەتا سەدەی نۆزدەهەم بەردەوام بوون. زمانی کوردی لەو چەند سەدەیەدا لە زۆربەی بەشەکانی کوردستان کاری وەرگێڕان و نووسینی لە بوارە جیاوازەکاندا پێکراوە و شاعیران و نووسەرانی کورد بەو زمانە نووسیویانە. سەوادی، خانی و مەلای جزیری نموونەی ئەم شاعیر و نووسەرانەن. لە بواری پەخشانی کوردییەوە، دەقێکی وەرگێڕدراو دۆزراوەتەوە کە وەک ساغکەرەوەکەی دەڵێت، هی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمە و، لە چواردەهەزار لاپەڕەی کورت پێک هاتووە (ژان لۆی ئاسۆلان دو شێرڤیل، ٢٠١٩، پێشەکی). بە

دوای ئەواندا، شاعیران و نووسەرانی وەکوو نالی، حاجی قادر و وەفایی، مصباح الدیوان و سەیفولقوزات بە زمانی کوردی دیوانە شیعریان بەرهەم هێناوە. لە سەد ساڵی ڕابردوودا، ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا ژیاوە، دەوڵەتگەلێکیان تێدا دامەزراوە کە لە پێناو دورستکردنی دەوڵەت – نەتەوەدا، سیاسەتی تاکزمانیان پەیڕەو کردووە و، زمانی کوردی یەکێک لەو زمانانە بووە کە کەم تا زۆر، ڕێگەی نووسین و خوێندنی لێ گیراوە. لە ئێراندا ڕەزاخان بە بیانووی نەتەوەسازی، سیاسەتی تاکزمانی پەیڕەو کردووە و ئەو سیاسەتە، بە کۆمەڵێک جیاوازییەوە، هەتا ئێستا پەیڕەو دەکرێت. هەڵبەت وەک ڕابرت ئەندێرسن هاڵ باس دەکات، هەر لە کۆنەوە ئەو بیرۆکەیە هەبووە کە مرۆڤ بە زمانێکی هاوبەش قسە بکات و ئەفسانەی بورجی بابێلیش باس لەو بیرۆکەیە دەکات. لە لای دیکەوە، گرووپی زمانی جۆراوجۆر هەبوون و هەن کە هەوڵیان داوە بە زمانەکەی خۆیان قسە بکەن (رابرت اندرسن هال، ١٣٩١، ل٢٣٨). بۆ نموونە کورد هەوڵی پاراستنی زمانی کوردی داوە و لە پێناو پاراستنی زمانەکەیدا زۆر جار تووشی ململانێ سیاسی و سەربازی بووە. لەو پێناوەشدا، وەک ئەوەی چۆن زمانی ئینگلیزی لەژێر دەسەڵاتی زمانی فەرانسەوی دەرچوو (هەمان، ل٢٤٠)، کوردیش توانیویە زمانەکەی خۆی بپارێزێت و، بەو شێوەیە لەژێر گوشاریشدا پێداگری لەسەر بەدەستهێنانی مافی زمانی خۆی کردووە و تا ڕادەیەکیش سەرکەوتوو بووە. ڕێژەی ئاخێوەر، داهێنانی ئەدەبی و زمانی، کتێب و بڵاوکراوە، میدیا و سۆشیال میدیا دەورێکی گرنگیان لە پاراستن و گەشەی زمانی کوردیدا بووە. بەو شێوەیە زمانی کوردی بۆ ئاخێوەرانی، لە لایەک بۆتە شوناس و بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و لەلایدیشەوە بۆتە کەرەسەی گواستنەوەی مەبەست و بیر و باوەڕ و فەلسەفەی ژیان. کەواتە هەرچەند سیاسەتی زمانی گەلانی باڵادەست توانیوییە کاریگەری نەرێنی لەسەر هەلومەرجی زمانی کوردی دابنێت، بەڵام زمانی کوردی بە هۆی پێویستی ژینگەی کوردەواری بەو زمانە و بیروباوەڕ و هۆشیاری ئاخێوەرانی، توانیویەتی وەکوو زمانێکی زیندوو بمێنێتەوە و تا ڕادەیەکیش گەشە بکات.

بەبەراوردکردنی زمانە فەوتاوەکان لەگەڵ زمانی کوردیدا، دەردەکەوێت، زمانی کوردی سەرەڕای ئەوەی لەژێر گوشاردا تووشی خەسارەتی گەورە بووە، بەڵام بە هۆی بارودۆخی ئابووری و جوگرافیایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها بە هۆی جۆری بیرکردنەوەی ئاخێوەرانی پارێزراوە. مانەوەی زمانی کوردی بە مانای ئەوە نایە کە ئاڵوگۆڕی بەسەردا نەهاتووە. وەک سپالسکی دەڵێت، لە ڕەوتی مێژوودا، گۆڕانی شێوەی ژیان لە ڕاوچییەتی بۆ ئاژەڵداری و کشتوکاڵ، جۆراوجۆری زمانی کەم کردووەتەوە، هەر بەو جۆرەی کە گەشەی پیشەسازی لە ئورووپا بۆتە هۆی ئەوەی جۆراوجۆری زمان کەم ببێتەوە، لە هەمان کاتدا بۆتە هۆی بەرهەمهاتنی زمانی جۆراوجۆر (سپالسکی، ١٣٩١، ل١٠). بەو پێودانە زۆر بابەت هەن کە لەسەر گۆڕین و پاراستنی زمان دەوریان هەیە. لەو ڕوانگەوە زمان بوونەوەرێکە کە بیچم و جۆری خۆی نەتەنیا هەر لە سیاسەت، بەڵکوو لە زۆر بابەتی دیکە وەردەگرێت. واتە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی و دەرکەوتەکانی، بەرهەمی کۆی ئەو هۆیانەیە کە باس کران و لە دواییدا باسیان دەکرێت.

### ٣. ٣. "سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی" لە بەشەکانی کوردستان

سیاسەتی زمانی هەموو ئەو هەوڵە دەستانقەستانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە جۆری بیرکردنەوە لەبارەی زماندا هەیە و دوایی کاریگەری دەخاتە سەر پلاندارێژیی زمانی لە کۆمەڵگەدا. جۆری هەڵسوکەوتی قانوون و دەوڵەت و کۆمەڵگە لەگەڵ زماندا، بەشێکی گرنگن لە سیاسەتی زمانی وڵاتان. سیاسەتی زمانی دەوڵەتان بریتییە لەو هزرەی کە کاریگەری دەخاتە سەر بابەتەکانی سەر بە زمان. بۆ نموونە، سیاسەتی زمانی وڵاتان ئەم توانایيەی هەیە کە ئاستی پێگەی زمانە جۆراوجۆرەکان لە ناو وڵاتەکەدا دیاری بکات و کاریگەری بخاتە سەر ڕەوت و

چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی و هەروەها کاریگەری بخاتە سەر سیاسەتی گشتی وڵاتەکە و تاک و وڵاتانی دەوروبەری خۆی.

جۆری سیاسەتی زمانی هەر وڵاتێک نە تەنیا کاریگەری دەخاتە سەر پلاندارێژیی زمانی وڵاتەکەی خۆی، بەڵکوو، ئەم توانایییەی هەیە، بە ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری لەسەر سیاسەتی زمانی وڵاتانیدی، بەتایبەتی دروانسێکانی، دابنێت، ئەم کاریگەرییە کاتێک تۆختر دەبێتەوە کە نەتەوەیەک دابەشی چەند وڵات بووبێت و هەر کام لەو وڵاتانە سیاسەتێکی زمانی جیاوازیان بەرانبەر زمانە جیاوازەکانی وڵاتی خۆیان هەبێت. نموونەی سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتانەی کە کورد بەشێکی بەرچاوی ئەو وڵاتانە پێک دێنێت، نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بانگەشەیە. واتە جۆری سیاسەتی زمانی لە هەریەک لەو وڵاتانە کاریگەری دەخاتە سەر بارودۆخی زمانی بەشەکانیدی ئەم وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژیت. بۆ وێنە ئەگەر لەسەر ئەساسی سیاسەتی زمانی وڵاتی عێراق، پلانێکی باش بۆ زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا دابرێژرێت، کاریگەری لەسەر ژیان و مافی زمانی لە وڵاتانی هاوسێشی دەبێت کە بەشێک لە پێکهاتەکەیان کوردن. دیارە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. بۆیە وردبوونەوە و لێکدانەوەی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانیی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، کاریگەری لەسەر سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی دراوسێ و بەشەکانیدی کوردستان دەبێت.

ئەحمەدی خانی لە سەدەی حەڤدەدا، بە فەرمی باسی زمانی کوردی و دەسەڵات و دامەزراوەی سیاسی بۆ کورد دەکات. بۆ نموونە، دەڵێت: "ڕابت ژ مە ژی جهان پناهک/ پەیدا ببتن مە پادشاهک ... دا خلق نبێژین کو اکراد/ بێ معرفتن، بێ اصل و بنیاد/ انواعی ملل خودان کتێبن/ کرمانج تنێ د بێ حسێبن" (ئەحمەدی خانی، ٢٠٠٩، ل٢٦ و٣٠). دواتر کورد لە هەموو خەباتە نەتەوەیییەکانیدا داوای مافی زمانی کردووە. دوای دامەزرانی وڵاتی عێراق، زۆربەی دەوڵەتەکانی ئەو وڵاتە، هەوڵیان داوە، زمانی عەرەبی بکەن بە زمانی پێخوێندن. ئەوان، تا ئەو جێیەی توانیویانە، مەجاڵی خوێندن بە زمانی کوردییان بەرتەسک کردووەتەوە. ئەوە نیشان

دەدات، پەیوەندییەکی ورد لە نێوان ناسیۆنالیزم و بارودۆخی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی وڵاتی عێراقدا هەیە. لە لایەک، ناسیۆنالیزمی کوردی بۆتە هۆی بەرگریکردنی هێزە ناسیۆنالیستەکان لە زمانی کوردی و، لە لایدیشەوە، ناسیۆنالیزمی عەرەبی بۆتە هۆی لاوازکردنی زمانی کوردی لەو وڵاتەدا. واتە سیاسەتی زمانی لە وڵاتی عێراق، بەرانبەر بە زمانی کوردی بە دوو جۆر بەڕێوە چووە: جۆری یەکەم، بریتییە لەو گوشارانەی کە بە هۆی سیاسەتی زمانی دەسەڵاتە ناوەندییەکان بە شێوەی جۆراوجۆر بەسەر زمانی کوردیدا سەپاون، دووهەم، ئەو بەرگرییانەی کە کورد بە نووسین و ساغکردنەوەی زمانی کوردی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، لە پێناو پاراستن یا بە کەرەسەکردنی زمانی کوردی ئەنجامی داوە. لە درێژەدا باس لە پەیوەندی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لەگەڵ شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەکرێت.

## ٣. ٤. سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی و شێوەزارەکانی زمانی کوردی

زمان تێکەڵاوێکە لە دەنگەکان کە مرۆڤ لە سروشت و دەوروبەر و ژینگەی خۆی فێری بووە و بۆ پەیوەندیگرتن بەکاری هێناوە، لە دواییدا ئەو دەنگانە بەپێی پێویستییەکانی مرۆڤ، وێڕای مێشکی ئەو گەشەی کردووە و لە قۆناخێکی مێژووییدا بووە بە گرێبەستێکی زمانی. ئەوجار لە ڕووی ئەو زمانەوە جۆری بیرکردنەوە و شوناسی ئەو گەلە دیاری کراوە و لە ڕێگەی زمانەوە نەتەوەی جیاواز و هەروەها جۆری هزر و بیری نەتەوە زمانییە جیاوازەکانی پێناسراوەتەوە. زمانناسانی وەک ئیدوارد ساپیر و بنیامین وۆرف پێیان وایە، دروستبوونی هزر و تێگەیشتنی گشتیی ئێمە لە جیهانی دەرەوە، پەیڕەوی لە پێکهاتەی تایبەتی زمانی ناوچەیی ئێمە دەکات. کەواتە ئاخێوەرانی هەر جڤاکێکی زمانی لەبارەی جیهانی دەوروبەری خۆیاندا تێگەیشتنێکی تایبەتیان هەیە کە لە زمانەکەیاندا خۆی نیشان دەدات. لەو ڕوانگەوە، ئەو گەلانەی

بە زمانی جیاواز قسە دەکەن، تێگەیشتنیشیان لە جیهان جیاوازە (معینیان، ١٣٨٨، ل١٠٠). ئەگەر ئەم بیرۆکەیە بسەلمێنرێت، دەکرێت هەر زمانێک بە تەفسیرێکی کاتی لەو جیهانە هاڵۆزە لە قەڵەم بدرێت. کەواتە یەکێک لە شێوازە سەرەکییەکانی تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەر، وردبوونەوە لە زمانە جیاوازەکانە. ئەگەر هەر زمانێک بە بەرهەمی مێژووی دوور و درێژی هەوڵی مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لە جیهاندا بزانرێت، ئەوکاتە ڕەنگە ئەم تێگەیشتنە بەرهەم بێت کە جۆراوجۆری زمان سەرچاوە و گەنجینەیەکی بەهاداری نەوعی ئینسان و تاکی کوردە.

لەسەر ئەو بنەمایەی سەرەوە و زۆر هۆیدیکەی وەک بەهای زمانی دایک لە بابەت پەروەردە و زانست و ڕاهێناندا، دەکرێت بە گشتی جۆری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی و بەتایبەتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو بەهایەی کە بە زمان و شێوەزارەکانی زمانی کوردی داوە، لێکبدرێتەوە. ئەم لێکدانەوەیە دەکرێت جارێکی ڕووی لە زمانە جیاوازەکان بێت و دەکرێت جارێکیان ڕووی لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی بێت. هەرچەند ناونیشانی ئەم تێزە زمانە نەک شێوەزار، بەڵام بە هۆی گرنگی بابەتەکە، بە کورتیش بێت، هەوڵ دەدرێت لە ڕووی زمانناسیی کۆمەڵایەتییەوە ئاوڕێکی لێبدرێتەوە.

ئەگەر لە وڵاتێکی چەند زمانەدا، زمانێک بکرێت بە زمانی ڕەسمی و نەتەوەیی ئەو وڵاتە، ئاخێوەرانی زمانەکانی دیکە هەست بە نایەکسانی و هەڵاواردن دەکەن. ئەگەر ئەو هەستە تێکەڵ بە بیری سیاسی بکرێت، هەڵاواردنی زمانی دەبێتە هۆی ناڕەزامەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەو ناڕەزامەندییە لە زۆربەی وڵاتان، تەنانەت لەو وڵاتانەی کە خاوەنی مێژوویەکی دوور و درێژ و بارودۆخێکی سیاسی سەقامگیریشن ڕوودەدات. بۆ نموونە، لە نێوان ئاخێوەرانی زمانی باسک لەگەڵ حکومەتی ئیسپانیا یا ئاخێوەرانی زمانی کوردی لەگەڵ حکومەتی وڵاتانی خۆیان ڕوویداوە. ئەو هەڵاواردن و دوایی ناڕەزایەتییانە، لەوانەیە لە پەیوەندی لەگەڵ ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی یەک زمانیشدا ڕووبدەن. بۆ نموونە، ئەو ناڕەزایەتیانەی لەبارەی شێوەزارەکانی

زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا ڕوویانداوە. چۆنییەتی سەرهەڵدانی مافی شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی، دەکرێت لە سێ ڕوانگەوە سەیر بکرێت. یەکەم، لە ڕوانگەی جیاوازی شێوەزارەکانی زمانی کوردی لە باری زمانناسییەوە، دووهەم، لە ڕووی ویستی خەڵکی سەر بەو شێوەزارانە و سێهەم، لە ڕوانگەی سیاسییەوە.

لایەنی سیاسی ئەو بابەتە، بەشێکی پەیوەندی بە سیاسەتی زمانیی حکومەتە ناوەندییەکانەوە هەیە کە ویستوویانە ئەم جیاوازییە بەرجەستە بکەنەوە وماڵی کوردی پێ لەتلەتتر بکەن. حەسەنپوور لەوبارەیەدا دەڵێت: دوای شکستی ئۆتۆنۆمی لە ساڵی ١٩٧٥دا، ڕادیۆی حکومەتی عێراق بەرنامەیەکی بە دیالێکتی هەورامی کە ڕێژەیەکی زۆر کەم و بچووک لە کۆی دانیشتوانی کوردستانی عێراق قسەی پێ دەکەن بڵاو دەکردەوە (ئەمیر حەسەن پوور، ٢٠١٠، ل٥٧). حکومەتی بەغدا ئەو کارەی بە مەبەستی سیاسی دەکرد. چونکە بەر لەو کاتە و لە نێوان سالانی ١٩٣٩ تا ١٩٦٦ و تا ١٩٧٥دا، دیالێکتی سەرەکی و زاڵ بەسەر پەخشی ڕادیۆی کوردیدا، شێوەزاری کوردی ناوەڕاست بوو. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٦ کە یەکییەتی نیشتمانی خەباتی خۆی بۆ ئۆتۆنۆمی دەستپێکردەوە، گوتار و هەواڵەکانی بە شێوەزاری کوردی ناوەڕاست بوو. حکومەت بۆ قووڵترکردنی جیاوازییەکانی نێوان کورد پەرەی بە شێوەزارە لە یەک نەچووەکانی زمانی کوردی دەدا (هەمان). سەرەڕای ئەوەش، ڕاستە کە ڕادیۆی حکومەتی عێراق بە مەبەستی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی کورد و دابڕانی نێوماڵی کورد ئەم کارەی دەکرد، بەڵام ئەوە هەموو چیرۆکەکە نەبوو. چونکە لە ڕاستیدا، شێوەزارەکانی زمانی کوردی، لە دەرەوەی ئەم جۆرە پیلان گێڕییە، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی زمانین کە شێوەزارەکان لە یەکدیکە جیا ئەکاتەوە، لە لایدیشەوە، ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە هۆی بارودۆخی جوگرافیایی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی داوایان کردووە کە بەها بە شێوەزارەکەیان بدرێت. کەوابوو پێویستە جگە لە ڕوانگەی سیاسی، لە ڕوانگەی زانستی زمانناسی و هەروەها

زمانناسیی کۆمەڵایەتی سەیری ئەم بابەتە بکرێت و سەرنج بدرێتە بابەتی شێوەزارەکانی زمانی کوردی.

لە ساڵی ٢٠٠٨دا ٥٢ کەس لە نووسەرانی سۆرانی ئاخێو کە زۆربەیان خەڵکی دەڤەری سلێمانی بوون، داوانامەیەکیان دا بە حکومەت و پارلمانی کوردستان و، تێیدا داوایان کردبوو کە سۆرانی ببێت بە زمانی ستانداردی (فەرمی) هەرێم... ئەمیری حەسەنپوور یەکێک لەو کەسانە بوو کە دژی بە فەرمیبوونی ڕاوەستا ... ئەوە لە ڕوانگەی کاک ئەمیرەوە ناعەدالەتی بوو. ئەو پێی وابوو بەپێی داواکاری بادینان، دەبوایە هەر دوو شێوەزار بەفەرمی بکرێت (جەعفەر شێخۆلئیسلامی، زمان و زمانناسی کوردی).

لێرە پرسیار ئەوەیە، ئاخۆ ئەو مافەی بۆ زمانە جیاوازەکان لە وڵاتێکی فرە زماندا دەبێ وەبەر چاو بگیرێت، دەبێت بۆ شێوەزارەکانی یەک زمانیش وەبەر چاو بگیرێت؟ بەتایبەتی ئەو شێوەزارانەی کە بە هۆگەلی جۆراوجۆر خاوەنی ستانداردی باڵان؟ واتە دەکرێت بە چاوی مافی زمانی سەیری مافی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بکرێت؟ ئایا بە فەرمیکردنی یەک شێوەزار لە شێوەزارەکانی کوردی، بۆ نموونە، کوردی ناوەڕاست، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی هەڵاواردن و نایەکسانی لای ئاخێوەری شێوەزارەکانیدیکەی زمانی کوردی؟ بۆ نموونە، ئاخۆ لە باشووری کوردستان شێوەزارەکانی کوردی خواروو و ژووروو خۆیان لە بەرانبەر کوردی ناوەڕاستدا بە مەغدوور نازانن؟ ئایا ئەوە هەڵوێستێکی زمانناسانەیە، یا کۆمەڵایەتی و سیاسییە؟ کام یەک لەو هۆیانە بەرجەستەترە؟ ئەگەر هۆیەکەی هەر کام لەوانە یا هەموویان بێت، دەبێ کۆمەڵگەی کوردەواری چۆن لەگەڵ ئەم دیاردەیە بەرەوڕوو ببێتەوە و چ سیاسەت و پلانداڕێژییەکی زمانی پەیڕەو بکات؟ هەرکام لە جۆرەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردەیە، چ تێچوویەک و چ خەسارەتێک و چ دەسکەوتێکی دەبێت؟ ئایا لە باری ئابووری و سیاسییەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان یا بەشەکانیدی کوردستان ئەو توانایییەیان هەیە مافی هاوسان بۆ شێوەزارەکانی زمانی کوردی دابین بکەن؟ پرسیاری سەرەکیتر ئەوەیە کە

ئایا زماناسانی کورد بیریان لەوە کردووەتەوە کە تێگەیەک بە ناوی زمانی گشتگیر هەیە کە دەکرێت یەکێک لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی بێت و لە پەنا بەفەرمیبوونی شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا، وەک زمانێکی گشتگیر و نەتەوەیی حیسابی بۆ بکرێت و بەو جۆرە کارێکی وا بکرێت، سەرەڕای دروستبوونی زمانێکی نەتەوەیی کوردی، مافی زمانی گەلانی سەر بە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردیش پێشێل نەکرێت؟ ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان خاوەنی زمانێکی گشتگیر بێت؟ ئەگەر ئەوە پێویستە، ئایا دەبێت زمانێکی بیانی بکرێت بە زمانی گشتی یا یەکێک لە شێوەزمانەکانی کوردی بکرێت بە زمانی گشتی و نەتەوەیی و لە بەرانبەردا شێوە زمانەکانی دیکەدا بە فەرمی بناسرێن؟

دەکرێت لە ڕوانگەی ئەم پرسیارانەی سەرەوەڕا ڕەخنە لە ڕوانگەکەی ئەمیر حەسەنپوور و ئەم پەنجاو دوو کەسە بگیرێت و بەو جۆرە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی هەرێمی کوردستان لە ناسیۆنالیزمی زمانی و یەکسانی خەیاڵامیزی کۆمۆنیستی ڕزگار بکرێت و بەو جۆرە ڕێگەچارەیەکی سێهەم بدۆزرێتەوە کە تا ڕادەیەکی باش لەگەڵ خاڵەکانی مافی مرۆڤیش دەگونجێن (فیلیپسێن، ١٣٩٥،ل ١١٨، ١٣١، ١٣٢، ١٣٣). یەکەم، دەکرێت، ڕەخنە لەو پەنجا و دوو کەسە بگیرێت و بگوترێ، وەبەرچاونەگرتنی مافی شێوەزارێک کە گەلەکەی داوای بە فەرمیبوونی دەکات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاخێوەرانی نیگەران بن و تووشی دڵە ڕاوکە ببن و خەباتێکی دەروونی دەست پێ بکەن و ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی دوو لایەنە لە نێوان ئاخێوەرانی ئەم دوو شێوەزارە دادەنێت. ڕەنگە نموونەی ئەم سیاسەتە زمانییە لە وڵاتانی وەکوو فەرەنسا هەبێت، بەڵام ناکرێت مۆدێلێک لە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بکرێتە نموونە و بەسەر گشت کۆمەڵگەکاندا بسەپێندرێت. بۆ سیاسەت و پلاندارێژییەکی زمانی سەرکەوتوو دەبێت تایبەتمەندی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی و ئابووری کۆمەڵگەکە وەبەرچاو بگیرێت، دەنا سیاسەت و پلاندارێژییەکە سەرکەوتوو نابێت. لە لایدیەکەوە کەسانی وەک حەسەنپوور دەبێت ئاگادار بن کە پەرە پێدان بە جیاوازی زمانی و نەبوونی

زمانێکی هاوبەش و گشتگیر لە باشووری کوردستان دەبێتە گرفت بۆ پەیوەندی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و زانستی تاکی ئەو هەرێمە. هەبوونی زمانی گشتگیر و هاوبەش نەک پێویستییەکی هەرێمی بەڵکوو پێویستییەکی جیهانیشە کە وای کردووە مرۆڤ بەردەوام بە دوای زمانی هاوبەشدا بگەڕێت. هەر بەو هۆیە، دەستی بردووە بۆ دروستکردنی زمانی دەسکرد کە سەرەتاییترینی ئەوان ڤۆلاپووک (Volapuk) بوو. زمانی ئیسپرانتوو (Esperanto) ش یەکێکیدی لەو زمانانە بوو کە پێشوازی لێ کرا (معینیان، ١٣٨٨، ل١٢١) و کەسایەتی وەک پێشەوا قازی محەمەد سەرەڕای ئەوەی چەندین زمانی دەزانی، هەوڵی فێروونی دەدا، بەڵام دواتر ئەو زمانە دەسکردە پەرەی نەستاند و، زمانی ئینگلیزی، وەکوو یەکێک لە زمانەکانی ئەم جیهانە، بە هۆگەلی وەک هێزی ئابووری و سیاسی و پیشەسازی و بازرگانی و هونەری، بوو بە زمانێکی جیهانی و گشتگیر، بۆیە لە باشووری کوردستان، دەکرێت هۆی جۆراوجۆری سیاسی و ڕێژەیی و ئەدەبی و مێژوویی و ئابووری و جوگرافیایی وەبەر چاو بگیرێت و بە پێچەوانەی ڕای حەسەنپوور ڕێگەیەکی سێهەم بژار بکرێت. بەپێی ئەو خوێندنەوانەی ئەم تێزە ئەنجامیداوە، بارودۆخی هەرێمی کوردستان، لە باری چۆنایەتی کۆمەڵگەی زمانییەوە، تا ڕادەیەکی زۆر وەکوو بارودۆخی وڵاتی نورویژ دەچێت و دەکرێت سیاسەتی زمانی وڵاتی نەرویژ، تا ڕادەیەکی زۆر لە هەرێمی کوردستانیش، بەرانبەر شێوەزارە جیاوەزەکانی زمانی کوردی وەبەر چاو بگیرێت. هەر لەو سونێنگەیەدا، دەکرێت پێشنیاز بکرێ، شێوەزمانەکانی کوردی بە فەرمی بناسرێن و شێوەزاری کوردی ناوەڕاست بکرێت بە زمانی گشتگیر و هاوکات هەوڵی پەرەپێدانی زمانێکی یەکگرتووش بدرێت. هەروەها سەرەڕای هەبوونی چەندین شێوەزاری زمانی کوردی لە باکووری کوردستان، شێوەزاری کوردی ژووروو وەک زمانی نەتەوەیی و گشتگیر بۆ ئەو پارچەیە لە کوردستان پێشنیاز بکرێت و شێوەزارەکانی دیکەی باکووری کوردستانیش بە فەرمی بناسرێن. سەرەڕای ئەو قسانەش، گەڕان بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارانەدا و دۆزینەوەی سیاسەتێکی زمانی گونجاو و

پلاندارِێژیی بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی لە کوردستان کە بەردەوام لە حاڵی ئالوگۆڕدایە، دەتوانێت ناونیشانی چەندین لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بێت.

## ٣. ٥. سیاسەت و پلاندارِێژیی زمانی لە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستاندا

تێگەیشتن لە چۆنییەتی سیاسەت و پلاندارِێژیی زمانی سیستەمی پەروەردەی هەر وڵاتێک، شێوازی جۆراوجۆری هەیە. بۆ وێنە دەتوانرێت لە ڕووی قانوونی زمانی وڵاتەکەوە ئەو بابەتە لێکبدرێتەوە. تاریق جامباز ڕای وایە، وڵاتان لەبارەی قانوونی زمانەوە چوار بەشن. ١. ئەو وڵاتانەی لە دستوورەکەیاندا بە فەرمی باسی سیاسەتی زمانی نەکراوە. وەک وڵاتی ئەمریکا. ٢. ئەو وڵاتانەی کە لە دەستوورەکەیاندا باس لە یەک زمان کراوە و زمانەکانیدیکەی وڵاتەکە نکۆڵیان لێکراوە. وەک تورکیا و سووریا. ٣. ئەو وڵاتانەی کە لە دەستوورەکەیاندا یەک زمان بە فەرمی ناسراوە، بەڵام زمانەکانی دیکە مافی ئەوەیان هەیە کە ئەدەبیاتەکەیان لە پاڵ زمانی فەرمی وڵاتەکەدا بخوێندرێت و لە میدیا و بڵاوۆک و چاپەمەنیدا سوودی لێ وەربگیرێت. وەک وڵاتی ئێران. ٤. ئەو وڵاتانەی کە لە دەستوورەکەیاندا زمانەکان مافی هاوسانیان هەیە (تاریق جامباز، ٢٠١٤، ل٦١). خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەستوورەکانی وڵاتی عێراق و پێداچوونەوە بە چۆنییەتی بارودۆخی زمانی کوردی لەنێو ئەو دەستوورانەدا یەک لەو شێوازانەیە کە دەکرێت لە ڕووی ئەوەوە چۆنییەتی سیاسەتی زمانی و ڕەوتی پلاندارِێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی ئەو وڵاتەدا هەڵسەنگێندرێت. بۆ ئەو مەبەستە، لەو بەشەدا، لە ڕووی دەقی دەستوور و خوێندنەوەی بابەتەکانی پێشوو، تاووتوێی دەستوورەکانی عیراق لەمەڕ زمانی کوردی و چۆنییەتی بارودۆخی ئەو زمانە لەو وڵاتەدا دەکات.

بەشێکی گرنگ لەو هەڵسوکەوتەی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ زمانی کوردی دەکرێت، بەرهەمی خەبات و ماندووبوونی گەلی کوردە. لەسەردەمی

عوسمانییەکان، لە ساڵی ١٩١٠دا کە عێراق بەشێک لەو وڵاتە بوو، ئەندامانی کۆمەڵەی تەعالی و تەرەقی کوردستان، یەکەم قوتابخانەی کوردیان لە شاری ئەستەنبوڵ دامەزراند (خەلیل عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ل٥). دوای ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی و پێش دروستبوونی وڵاتی عێراق، دەسەڵاتدارانی بریتانیایی کە وڵاتی عێراقیان ئیدارە دەکرد، بەهایان بە زمانی کوردی داوە و پێش دامەزراندنی وڵاتی عێراق (١٩٢١)، زمانی کوردی لە هەردوو سەردەمی حکومەتی جنووبی کوردستان بەکار هاتووە (تاریق جامباز، ٢٠١٤، ل١٤). وەک تاریق جامباز لە درێژەدا بۆمان دەگێڕێتەوە، لەسەردەمی حوکمرانی شێخ مەحمووددا هەوڵدراوە زمانی کوردی بە فەرمی بکرێت. واتە کورد وێڕای خەبات بۆ دابینکردنی هەموو مافە نەتەوەییەکان، بۆ دابینکردنی مافی زمانیش هەوڵی داوە و مافی زمانی بە یەکێک لە دیارترین نموونەکانی مافی نەتەوەیی زانیوە. بۆ نموونە، دەتوانرێت باس لە هەردوو حکومەتەکەی شێخ مەحموود (١٩١٨، ١٩٢٢) بکرێت کە پێداگریی لەسەر بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی کردووە و کوردی زمانی فەرمی کارگێڕی ئەو حکومەتانە بووە و شێوەزاری کوردی ناوەڕاست کراوە بە بنەمای چاپ و خوێندن. دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقیش لەژێر گوشاری ژوورەوە و دەرەوەدا کەم و زۆر دانیان بە مافی زمانی کوردیدا هێناوە (تاریق جامباز،٢٠١٤، ل٦٨). هەر لەو پەیوەندییەدا، لە ساڵی ١٩٢٣ تەوفیق وەهبی، لەسەر ڕاسپاردەی وەزارەتی مەعاریف (پەروەردە)، ڕێزمانی کوردی بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان ئامادە کردووە (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٠، ل١٠٧).

خەلیل عەبدوڵلا دەڵێت، قانوونی بنەڕەتی ساڵی ١٩٢٥، یەکەم دەستوورە کە لەژێر سایەی دەوڵەتی بریتانیادا بۆ عێراق نووسراوەتەوە. لە مادەی شازدەی ئەو قانوونەدا مافی ئەوە بە تایفە جیاوازەکان دراوە کە قوتابخانە دابمەزرێنن و هەر یەکە بە زمانی تایبەتی خۆیان زانست فێری منداڵانیان بکەن (خەلیل عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ل١٢). وەک دەردەکەوێت، لەو دەستوورەدا بە فەرمی باسی ئاستی زمانی کوردی نەکراوە و کورد بە نەتەوەیەکی زمانی نەناسراوە. هەر لەو بارەیەدا، پێشتر، واتە لە ساڵی ١٩٢٣دا، ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق

بڕیارێکی دەرکرد و هاووڵاتیانی کوردستانی دڵنیا کردەوە کە دەتوانن لە مامەڵە فەرمییەکاندا زمانی کوردی بەکاربێنن و ناچار نین زمانی عەرەبی لە پەیوەندییە فەرمییەکاندا بەکار بێنن. هەر لەو ساڵەدا ویلایەتی موسڵ لە لایەن لێژنەی ناوبژیوانی دەوڵەتییەوە، بە شەرتێک درا بە عێراق کە جوابی داوای کوردان سەبارەت بە مافی زمانی بداتەوە و مافی زمانی ئەوان لەنێو پەروەردە و دام و دەزگا حکومییەکان وەبەر چاو بگیرێت (هەمان، ل١٣).

حەسەنپوور دەڵێت، لە ساڵی ١٩٣١دا ڕێژیمی ئینتیداب بۆ ڕازیکردنی کورد و ئاسۆری و تورکمەن قانوونی لوغاتی محەلی بەسەر بەغدادا سەپاند. بەمجۆرە، زمانی کوردی وەک زمانێکی محەلی بە فەرمی ناسرا و لەو پێناوەدا تەوفیق وەهبی و محەمەدەمین زەکی هەوڵێکی زۆریان داوە. تەوفیق وەهبی وەدوای کێشەی زمان کەوتووە و محەمەدەمین زەکیش هەر چەند وەک مێژوونووس ناسراوە، بەڵام لە ١٩٣٠ و ١٩٣١دا، لێکدانەوەیەکی گرنگی سەبارەت بە خولێک لە مێژووی پلاندارێژیی زمانی کوردی گەڵاڵە کردووە، بەڵام حکومەتی ئینتیداب دەنگی ئەوی کپ کردووە. ئەو دەڵێت: "زەکی لە بواری پلاندارێژیی زمانیدا، لەو ساڵانەدا دوو عەریزەی بۆ مەلیک فەیسەڵ و مەندووبی سامی نووسیوە و ڕەخنەی لە لایحەی لۆغاتی محەلی گرتووە و پێشانیداوە کە ئەو لایحەیە پلەوپایەی زمانی کوردی نزم دەکاتەوە و دەبێتە مانعی تەرەقی و تەکامولی زمانی کوردی و عەدل و وعوود تەئمین ناکات." (حەسەنپوور، ٢٠١٤، ل٨، ١٠ و ١١). لە ڕووی خوێندنەوەی ئەم بابەتانە دەردەکەوێت، حکومەتی ئینتیداب مافی زمانی کوردی و مافەکانی دیکەی گەلی کوردی لە وڵاتی تازە دامەزراوی عێراقدا لەبەر چاو نەگرتووە و پێی وابووە، لەبەرچاوگرتنی ئەو مافانە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی و بەو هۆیە وەبەرچاوگرتنی مافی زمانی دەبێتە مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندی ئەوان لەو وڵاتەدا. بەو هۆیە داخوازییەکانی کوردی لەمەڕ مافی زمانی کوردی لەو وڵاتەدا ڕەد کردووەتەوە.

هەر لەو بارەیەدا نەریمان خوشناو دەڵێت، لە ساڵی ١٩٣١دا، دەوڵەتی عیراق لە قانوونی زمانە ناوچەییەکاندا، بەکارهێنانی زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکان دەسەلمێنێت و

لەدواییدا ئەو یاسایە لە ناوچەی سلێمانی و هەولێر کاری پێ دەکرێت (نەریمان خوشناو، ٢٠١٣، ل٢٣٠). خەلیل عەبدوڵاش لەو بارەدا دەڵێت، لەو ساڵەدا، قانوونی زمانە ناوخۆییەکان لە لایەن هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و ئەعیانی عێراق (ژمارە ٧٤) پەسەند کرا و، پاشای عێراق واژۆی کرد و وەک یەکەم قانوون دانی بە زمانی کوردی لە عێراقدا هێنا. سنووری جێبەجێکردنی ئەو قانوونە لە مادەی دوودا ئاماژەی پێ کرابوو و ئەو ناوچانەی دەگرتەوە: ١. لیوای مووسڵ لە قەزاکانی ئامێدی، زاخۆ، زێبار و ئاکرێ. ٢. لیوای هەولێر لە قەزاکانی کۆیە، ڕانییە و ڕەواندز. ٣. لیوای کەرکووک لە قەزاکانی گل و چەمچەماڵ. ٤. لیوای سلێمانی لە قەزاکانی مەرکەز، هەڵەبجە و شارباژێر (خەلیل عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ل١٣و ١٤و ١٥). ئەم تێزە پێی وایە، هەرچەند ئاستی زمانی کوردی بە دەرکردنی ئەو قانوونە بەرز بۆوە، بەڵام بەهای واقیعی خۆی پێ نەدرا. چونکە ڕێگە نەدرا زمانی کوردی بکرێتە زمانی پێخوێندن لە قوناخی ناوەندی و بەرزدا و ئەوە خۆی جۆرێک بوو لەسەرکوتکردنی زمانی کوردی.

لە قانوونی کاتی ساڵی ١٩٥٨دا، کە یەکەم قانوونی سەردەمی کۆمارییە، ئاماژە بە بابەتی زمان نەکراوە، بەڵام خاڵی ئەرێنی دەستوورەکە ئەوە بوو کە لە خاوەنداری عێراقدا، کورد و عەرەبی بە شەریک دانابوو. دوای ڕووخانی دەسەڵاتی مەلیکی لە عێراق، هەلومەرجێکی باشتر بۆ زمانی کوردی ڕەخسا. لە ساڵی ١٩٥٨دا، دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز (ژوئیە) کە عەبدولکەریم قاسم دێتە سەر حوکم و جەنابی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکییەتی سۆڤییەتڕا دەگەڕێتەوە بەغدا، دەستووری عێراق گۆڕانی بەسەرداێت و لە ساڵی ١٩٥٩دا، لە پێناو سەلماندنی هاوبەشی کورد و عەرەب لە وڵاتی عێراقدا، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی بەغدا لە ئاستی بەکالۆریۆسدا دەکرێتەوە.

لە ئاگربەستی ساڵی ١٩٦٣دا، کە لە نێوان عێراق و شۆڕشی کورددا هاتە ئاراوە، پرۆژەیەک سەبارەت بە لامەرکەزی لە عێراق بڵاو کرایەوە. بەپێی ئەو پرۆژەیە زمانی کوردی وێڕای زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردستانییەکانی عێراق بە فەرمی ناسرا، بەڵام تەنیا لە

پەروەردەی سلێمانی جێبەجێ کرا و لەدواییدا پرۆژەکە جێبەجێ نەکرا (خەلیل عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، ل٢٢). دواتر لە قانوونی ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٦٣ و ٢٢ی نیسانی ١٩٦٤ و قانوونی ٢٩ی نیسانی ١٩٦٤دا، ئاماژە بە زمانی کوردی نەکراوە و تەنانەت عێراق بە وڵاتێکی عەرەبی ناسراوە و زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی وڵاتی عێراق داندراوە. ئەوە ئەو سەردەمەیە کە ناسیۆنالیزمی ڕادیکالی عەرەبی گەشە دەکات و ئاڵای عیراق بە سێ ئەستێرە دەنوێندرێت کە مەبەستی سێ وڵاتی عێراق و میسر و سووریایە (هەمان، ل٥٢). لە باری قانوونییەوە ئەم بارودۆخە زۆری نەخایاند و بە هۆی خەبات و ماندووبوونی گەلی کورد لە پێناو وەدیهێنانی مافەکانیدا، حکومەتی عێراق بە هەموارکردنەوەی قانوونی ١٩٦٨ ڕازی کرا و لە خاڵی یەکەمی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا، ئاماژە بەوە کرا کە لەو ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن، زمانی کوردی و زمانی عەرەبی، زمانی فەرمی بن. خوێندن لەو ناوچانە بە زمانی کوردی بێت و زمانی عەرەبی وەک زمانی دووهەم بخوێندرێت. ئەم خاڵەی بەیاننامەکە لە مادەی حەوتی قانوونی ساڵی ١٩٧٠دا، دانی پێدا نرا (هەمان، ل٢٤). لەو بارەدا نەریمان خوشناو ڕای وایە، زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی لە ناوچە کوردییەکاندا بوو بە زمانی فەرمی وڵاتی عێراق (نەریمان خوشناو، ٢٠١٣، ل٢٣٢، ٢٣٣ و ٢٥٧)، بەڵام سەرەڕای ئەوەی دان بە مافی زمانی کوردیدا نرا، دەسەڵاتی عیراق لە پەرەپێدان بە زمانی عەرەبی لە بەرانبەر زمانی کوردیدا ڕانەوەستا و بە عەرەبیکردنی سیستەمی پەروەردە درێژەی کێشا. بە شێوەیەک کە وەک ئەمیری حەسەنپوور لە تێزی دکتۆراکەیدا دەڵێت، لە ساڵی ١٩٧٢دا، یەکێک لە ئەندامانی پارتی دیمۆکرات، لە ٢٤ی ئۆکتوبردا، بە هۆی بەعەرەبیکردنی سیستەمی پەروەردە لە خانەقین شکایەتی لە بەرپرسانی ئەو شارە کرد. چونکە دایک و باوکانی کوردیان ناچار دەکرد، منداڵانەکانیان لە قوتابخانە عەرەبییەکاندا ناونووس بکەن. بەڕادەیەک کە کێشەی قورسی لە نێوان حکومەت و پارتی دیمۆکراتی کوردستان نایەوە. دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٣٧٣دا، هەمان کاریان بە شێوەی دیکە لە کەرکووک و نەینەوا و عەنکاوەی هەولێر ئەنجام دا. ڕەوتی پاشگەزبوونەوە

له مافه زمانییەکان و به عەرەبیکردنی سیستەمی پەروەردە لە دوای ساڵی ١٩٧٥ خێراتر بەڕێوە چوو و هەتا ساڵی ١٩٩١ ئەو ڕەوتە درێژەی هەبوو (Hassan pour Amir، ١٩٩٢، ل١١٧).

له پرۆژەی یاسای کۆماری عێراق لە ساڵی ١٩٩١دا، قانوونی زمان لەو وڵاتە گۆڕانی بەسەرداهات. لەو پرۆژەیەدا زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی ناوچە کوردستانییەکان ناسرا (خەلیل عەبدوڵلا، ٢٠١٢، ل٢٧). لە ساڵی ٢٠٠٤دا، قانوونی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە، کە دەستوورێکی کاتی بوو، بۆ بەڕێوەبەری وڵاتی عیراق لە دوای پرۆسەی ئازادی ئەو وڵاتە، لە مادەی نۆدا زمانی کوردی هاوشێوەی زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی سەرانسەری عیراق ناساند (هەمان، ل٣٠). دوای ساڵێک، واتە لە ساڵی ٢٠٠٥دا، زمانی کوردی بە شێوەی قانوونی هاوشانی زمانی عەرەبی بە زمانی فەرمی سەرانسەری عیراق ناسرا و لە مادەی چواری قانوونی ئەو وڵاتەدا ئاماژەی پێ کرا و بە پێویست زانرا کە قانوونێکی تایبەت بە زمانی فەرمی و چۆنییەتی جێبەجێکردنی دەربکرێت. لە مادەی چواری دەستووردا هاتووە، یەکەم، زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەرمین لە عیراقدا، مافی سەرجەم عیراقییەکان وەک تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی، پارێزراوە لە فێرکردنی مندالانیان بە زمانی دایک لە دەزگاکانی فیرکردنی دەوڵەتدا بەپێی ڕێنماییە پەروەردەییەکان، یا بە هەر زمانێکیدی لە دەزگاکانی فێرکردندا. دووەم، سنووری دەستەواژەی زمانی فەرمی دیاری دەکرێت. چۆنییەتی جێبەجێکردنی حکومی ئەو مادەیەش بە یاسا ئەم خاڵانە دەگرێتەوە: ١. دەرکردنی رۆژنامەی فەرمی بە هەر دوو زمان، ٢. قسەکردن و وتووێژ و دەربڕین لە بوارە فەرمییەکاندا بە هەر یەک لە دوو زمانەکە وەک ئەنجومەنی نوێنەران، ئەنجومەنی وەزیران، دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان، ٣. داننان بە بەڵگەنامە فەرمییەکان و ئاڵوگۆڕکردنی نامە و دەرکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان بە هەر دوو زمان، ٤. کردنەوەی قوتابخانە بە هەر دوو زمان بەپێی قانوونی پەروەردە و ٥. هەر بوارێکی دیکە کە بنەمای یەکسانی بگرێتەوە، وەک پارە و پاسپۆرت و پووڵ. سێهەم، دامودەزگا فیدراڵییە فەرمییەکان

هەر دوو زمانەکە بەکار دەهێنن. چوارەم، زمانی تورکمانی و سریانی دوو زمانی فەرمی دیکەن، لەو یەکە کارگێڕییانەدا کە زۆرینەی دانیشتوان پێک دەهێنن. پێنجەم، هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە، زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەر دا (هەمان، ل٣١ تا ٣٦). لە ڕووی خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ زۆرتر لە هەموو دەستوورەکانی وڵاتی عێراق بایەخی بە زمان بە گشتی و بەتایبەتی بایەخی بە زمانی کوردی داوە.

لە ڕۆژی ٢٥/ ١/ ٢٠١٤دا، پەرلەمانی کوردستان لە یاسای ژمارە شەش لە مادەی دوودا، کوردی و عەرەبی بە دووزمانی فەرمی سەرانسەری عێراق دیاری کردووە. ئەو مادە یاساییە بە پشتبەستن بە حکومی بڕگەی یەک لە مادەی پەنجاوشەشی یاسای ژمارە یەکی هەموارکراو و لەسەر پێشنیازی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لە دانیشتنی ئاساییدا بڕیاری لەسەر دراوە (سایتی پەرلەمانی کوردستان).

### ٣. ٥. ١. مافی زمانە غەیرییە کوردییەکان لە باشووری کوردستان

لە مادەی چوارەمی دەستووری عێراقدا، ساڵی ٢٠٠٥، بەو شێوەیە باسی زمانەکانی ئەو وڵاتە کراوە: یەکەم، زمانی کوردی و عەرەبی دوو زمانی فەرمی وڵاتی عێراقن. زمانی تورکمانی و سریانی لەو یەکە کارگێڕییانەدا، کە زۆرینەی دانیشتوان پێک دەهێنن، زمانی فەرمین. مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی ڕۆڵەکانیان بە زمانی دایکییان وەک تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی. هەر لەو مادە دەستوورییەدا ئاماژە بەوە کراوە، هەر هەرێم و پارێزگایەک مافی ئەوەی هەیە، زمانێکی ناوخۆیی دیکە بکاتە زمانی فەرمی، ئەگەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا. لە مادەی ٣ی قانوونی پەرلەمانی

کوردستاندا هاتووە کە زمانی پێکهاتەکانیدی (تورکمان و سریان و ئەرمەن) لە یەکەی بەڕێوەبەرایەتی خۆیاندا و لە کاتی پێویستدا، لە پاڵ زمانی کوردی فەرمین (سایتی پەرلەمانی کوردستان). لە ساڵی ٢٠١٥دا پەرلەمانی کوردستان یاسایەکی لەبارەی مافی پێکهاتەکانی کوردستان سەلماند کە لە مادەی هەشتی ئەودا باس لە مافی زمانی پێکهاتەکانی غەیری کورد لە باشووری کوردستان دەکات و حکومەت پابەند دەکات بە پارێزگاریکردن لە زمانی دایک (یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانی کوردستان – عیراق). جێگەی ئاماژەیە کە ئەو مادە دەستوورییە لە بەر ڕۆشنایی مادەی چوارەمی دەستووری هەمیشەیی کۆماری عێراقی فیدراڵدا، بۆ زۆرتر پێشخستن و بایەخدان بە زمانی دایک و ڕێزگرتنی زۆرتر لەسەرجەم پێکهاتەکانی کوردستان لەسەر بنەمای پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە هەرێمی کوردستان دەرچووە. سەرەڕای ئەوەش، وەک ئەمیری حەسەنپوور باس دەکات، "لە ساڵی ١٩٣١دا، ڕژیمی ئینتیداب لە پرۆسەی سەربەخۆکردنی عێراقدا، بۆ ڕازیکردنی کورد و ئاسۆری و تورکمەن "قانوونی لوغاتی محەللی" بەسەر بەغدادا سەپاند." (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٠، پێشەکی). مەبەست لەو ئاماژە کورتە ئەوەیە کە لە کۆنەوە، جگە لە کوردەکان، گەلانیدیکەی عێراقیش بە دوای مافی زمانی خۆیانەوە بوون. واتە لە ڕووی خوێندنەوەی ڕەوتی مێژووی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە وڵاتی عێراقدا، دەردەکەوێت، گەلانیدیکەی عێراقیش بەدوای دابینکردنی مافی زمانی خۆیاندا بوون و مافی زمانی ئەوانیش تا ڕادەیەک دانی پێدا نراوە. بەتایبەتی لە ڕووی قانوونییەوە، ئەم مافە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەو گەلانەی کە زمانەکەیان کوردی نییە، وەبەرچاو گیراوە.

## ٦.٣. سەرپەرشتی و ئەندازیاری زمان

سەرپەرەشتیی زمانی، بریتییە لەو هەڵسوکەوتانەی کە بۆ کۆنترۆڵکردنی زمان لە یەکەیەکی بچووکی وەک بنەماڵە و قوتابخانە، تا گەورەترین یەکەی وەک وڵات یا جیهاندا

ڕوودەدات و مەبەستی پێڕاگەیشتن بە زمانەکەیە. ئەو کردەوە زمانییە دەتوانێت لە لایەن تاکێک یا بەڕێوەبەری قوتابخانەیەک یا حکومەت، بەپێی تێگەیشتنیان، لەگەڵ زماندا ئەنجام بدرێت.

ئەندازیارییکردنی زمان بەو هەوڵە ڕێکخراوەییانە دەگوترێت کە دەسەڵات بۆ کارتێکەری لەسەر زمان، بە مەبەستی کونترۆڵی خاوەن زمانەکە ئەنجامی دەدات. بەتایبەتی لە وڵاتانی فرە زماندا کە دەسەڵات بە شێوەی جۆراوجۆر لەگەڵ زمانە جیاوازەکاندا مامەڵە دەکات. بۆ نموونە، سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژین زۆرتر ئەندازیاریکردنی زمان بووە نەک سەرپەرشتیکردنی زمان. بۆ وێنە سیاسەتی زمانی وڵاتی تورکیا هەتا ساڵی ۲۰۰۲ جینۆسایدی زمانی کوردی بووە. تا ئەو کاتەی ئەو وڵاتە لە ساڵی ۲۰۰۲ دا، بە مەبەستی چوونە ناو یەکییەتی ئورووپا قانوونێکی پەسند کرد کە لەودا قانوونی لە سێدارەدان هەڵوەشاوە و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردە و میدیای ئەو وڵاتەدا ئازاد کرا (سپاڵسکی، ۱۳۹۱، ل۳). هەروەها لە ئێران سەرەڕای ئەوەی لە قانوونی ئەو وڵاتەدا خوێندنی زمانی کوردی لە پەنا زمانی فەرمی ئێراندا پێشنیاز کراوە، بەڵام ئەم وڵاتە بە کردەوە زمانی ئەندازیاری کردووە و بەرەو تاکزمانەیی بردووە. هەڵبەت، لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۹۷۹، بارودۆخی زمانی کوردی تا ڕادەیەک گۆڕاوە. بۆ نموونە، لە میدیاکان زۆرتر کاری پێ دەکرێت و لە ساڵی ۲۰۱۵وە، لە ڕادەی بەکالۆریۆسدا لە زانکۆی سنە دەخوێندرێت، بەڵام لە قوتابخانەکان پێی ناخوێندرێت و تەنانەت نەبۆتە وانەی خوێندن. هەڵبەت لە کوردستانی ئێران، بە پێچەوانەی وڵاتی تورکیا، زمانی کوردی زمانی شەقام و بازار و تەنانەت وانە پێ گوتنەوەیە و هەروەها زمانی ئایین و مزگەوتەکانیشە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێت، سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتە لە ئەندازیاریکردنی زمانەوە بەرەو سەرپەرشتیکردنی زمانی بڕوات و لەسەر ئەو ئەساسە پلانی بۆ دابڕێژرێت. بەو مەبەستەی ئاستی زمانی کوردی و زمانەکانیدی غەیری فارسی، کە تا ئێستا لە مافی تەواوی خۆیان بێبەش کراون، مافی خۆیان پێبدرێت.

ئەوەی لە قانوونی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، سەرپەرشتیکردن و پاراستن و بەها پێبەخشین و پەرەپێدان بە زمانی کوردییە، بەڵام پلانێکی تۆکمەی زمانی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم قانوونە دانەڕێژراوە. ئەم تێزە لەسەر ئەساسی ئەم تیۆرە هەوڵ دەدات چۆنییەتی بارودۆخی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا لێکبداتەوە. تا بەو شێوەیە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا هەڵسەنگێنێت و داهاتووی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا پێشبینی بکات.

## ٣. ٧. داهاتووی زمانی کوردی

داهاتووی زمانی کوردی بەندە بە سیاسەتی زمانییەوە و ئەویش بەندە بەو پلانانەی کە لەسەر ئەساسی ئەو سیاسەتە بۆ زمانی کوردی دادەڕێژرێت. سیاسەتی زمانی بەرهەمی سێ بابەتی سەرەکی، کارپێکەری زمانی، ئایدیۆلۆژی یا باوەڕی زمانی و هەروەها بەڕێوەبەری و پلاندارێژیی زمانییە. بەکارهێنانی زمانی کوردی پەیوەستە بە خواست و چۆنییەتی کارپێکردنی جڤاکی کوردی بە زمانەکەی، ئایدیۆلۆژی و باوەڕی زمانیش پەیوەستە بەوەی کە زمانی کوردی چۆن باوەڕێکی لە پشتە و بەڕێوەبەرییەکەشی بریتییە لەو پلانانەی بۆ بەڕێوەبەری زمانی کوردی دادەڕێژرێت. لەو بارەوە بوردیۆ (سپاڵسکی، ١٣٩١، ل٢٤٩) باسی ڕاهاتنی زمانی دەکات کە هەر نەتەوەیەکی زمانی هەیەتی. ڕاهاتنی زمانی بریتییە لەو ئاوات و ئارەزووانەی کە جۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک سەبارەت بە زمانەکەی دیاری دەکات. ڕاهاتنی زمانی کوردیش بریتییە لەو ئاوات و ئارەزووانەی کە جۆری ڕوانین و بیرکردنەوەی تاکی کورد لە هەمبەر زمانی کوردی دیاری دەکات کە بەرهەمی جۆری ژیانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی تاکی کوردە. کەواتە ڕاهاتنی زمانی، وێڕای کۆمەڵێک هۆیدی، جۆری سیاسەت و

پلاندارێژیی زمانی و هەروەها چەندایەتی و چۆنایەتی ئێستا و داهاتووی زمانی کوردی دیاری دەکات.

وەلامی ئەو پرسیارەی کە زمان تاچەند پەیوەندی بە شوناسی نەتەوەیی، ناوچەیی، لۆکالی و مەزەبییەوە هەیە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ڕاهاتنی زمانی کۆمەڵگە زمانییەکەوە. کەوابوو چۆنییەتی هەلومەرجی زمانی کوردی، چۆنییەتی باوەڕی زمانی تاکی کورد، چۆنییەتی هەژمونی زمانی باڵادەست و گشتگیربوونی زمانی ئینگلیزی و هەروەها ڕادەی بەرجەستەبوونەوەی مافی زمانی لە ناو بیرۆکەی تاکی کورددا، ڕۆڵێکی گرنگ لە چارەنووسی داهاتووی زمانی کوردیدا دەگێڕن.

باوەڕی زمانی، ئەوەندەی خۆی دەکەوێتە ژێر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی، دەتوانێت هەر بەو ڕادەیەش کاریگەری بخاتە سەر ئەم لایەنانە. بۆ نموونە، جاری وا هەیە درزێکی وا دروست دەکات، کە وەک سپۆلسکی(١٣٩١) دەڵێ، فەڕەنسییەکان لە کێبێکی کەنەدا یا کەتەلۆنییەکان لە ئیسپانیا، تا ڕادەی سەربەخۆیی بەرەو پێش دەبا و جاری واشە وەک فریزییەکانی هولەند بە خودمۆختارییەکی زمانی کۆتایی دێت. مافی زمانی کوردی بە زۆری وەک داوایەکی سیاسی لە لایەن شۆرشگێران و خەباتکارانی کوردەوە بەرز بۆتەوە و زۆرجار بەشێک بووە لە ئامانجی سیاسی کورد و لە پێناویدا شۆڕش کراوە. جاری واش بووە لە چوارچێوەی قانووندا و بە شێوەی ڕیفۆرمخوازانە بە مەبەستی دابینکردنی پەروەردە و ژیانێکی دادپەروەرانە خەباتی بۆ کراوە.

فیشمەن هەشت ئاست بۆ زمان دیاری دەکات کە بریتین لە ١. زمانێک کە لە ئاستی فێرکاری، ئیدارە، دەولەت و ڕاگەیاندنە گشتییەکان بەکار دەهێندرێت، بەلام ئاخێوەرانی سەربەخۆیی سیاسیان نییە، ٢. زمانێک کە لە ئاستی دەولەتی ناوچەیی و ڕاگەیاندنی گشتیدا بەکار دەهێندرێت، ٣. زمانێک کە لە شوێنی کار و کۆمەڵگە و گەرەک بەکار دەهێندرێت، ٤.

زمانێک کە لە پێش چوون بۆ قوتابخانە و لە خوێندنی سەرەتاییدا لە قوتابخانە حکومی و ئەهلییەکاندا بەکار دەهێندرێت، ٥. زمانێک کە لە ئاستی ئاخاوتنی ماڵەوەدا بەکار دەهێندرێت و نەبۆتە زمانی نووسین و خوێندنەوە، ٦. زمانێک کە کۆمەڵێک ئاخێوەر لەگەڵ یەکدیکە و لەگەڵ منداڵەکانیان بەو زمانە قسان دەکەن، ٧. زمانێک کە کەسانێک لەگەڵ یەکدیکە قسەی پێ دەکەن و ئیتر تەمەنیشیان لەوە تێپەڕیوە کە منداڵیان بێ و زمانەکە بۆ بەرەی دوای خۆیان بگوازنەوە و ٨. زمانێک کە کەسانێکی پیر و بەساڵاچوو قسەی پێ دەکەن (سپاڵسکی، ١٣٩١، ل٢٥٢).

ئێستا بە یارمەتی ئەو نموونەیە دەتوانین هەلومەرجی زمانێک لەگەڵ زمانێکی دیکە و ئەگەری مانەوە یا فەوتانی زمانەکە دیاری بکەین. ژینگەی زمانی کوردی لە بەشە جیاکانی کوردستان وەک یەک نییە. هەر شوێنە و بەپێی هەلومەرجی سیاسی و سیاسەتی زمانی ئەو وڵاتانە ژینگەیەکی جیاوازی هەیە و شوێنی زمانەکە دەکەوێتە ئاستی جۆراوجۆری ئەو پۆلێنکردنەی کە فیشمەن دایناوە. زمانی کوردی لە باشووری کوردستان لە ئاستی یەکەمدایە، چونکە بە فەرمی ناسراوە و لە پەروەردە و ئاستی باڵای کارگێڕی و سیاسی و ئابووری، هەتا نێو شەقام و بازار و میدیا و نێو ماڵەکان کاری پێدەکرێت. هەڵبەت کەموکووری لە سیاسەتی زمانی باشووری کوردستان، بە نیسبەت زمانی کوردی هەیە و لە جێگای خۆی باس کراوە و لە دواییشدا زۆرتر باسی دەکرێت. لە رۆژاوای کوردستان لەوەتەی کورد دەسەڵاتی گرتۆتە دەست، هەلومەرجی زمانی کوردی گۆڕانی بەسەرداهاتووە و لە ڕەدەی دووهەم و سێهەم و چوارەمدایە. لەو بەشە لە کوردستان هەرچەند زمانی کوردی لە قانوونی ئەو وڵاتەدا بە فەرمی نەناسراوە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ سالانی پێشوودا گەشەی کردووە. ئاستی زمانی کوردی لە ئێران دەچێتە خانی پینجەم و شەشەمەوە. بەو مانایە کە زمانی کوردی زمانی ناو ماڵ و شەقام و بازار و لە ئیدارەکان کاری پێ دەکرێت و تا ڕادەیەک لە میدیا و بڵاوۆک بەکاردەهێندرێت و کتێبی پێ چاپ دەکرێت و لە زانکۆیەکی وەکوو شاری سنەدا، زمانی کوردی لە ئاستی بەکالۆریۆسدا دەخوێندرێت. لە تورکیا هەر چەند لەو دواییانەدا لەژێر گوشاری

ئوروپاییەکان و مافی مرۆڤدا هەندیک مەجالی کورت بۆ زمانی کوردی ڕەخساوە، بەلام زمان لەژێر هەڕەشەدایە و بە هۆی ئەوەی لە دەستووری ئەو ولاتەدا هیچ ئاستێکی بۆ دیاری نەکراوە، لە ئاستی شەشەم و حەوتەم و هەشتەمی ئەم پۆلێنە دایە، بە جۆرێک کە لە زۆر جێگا قسەی پێناکرێت و زۆر جار لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکیدی ناگوازرێتەوە. کەواتە زمانی کوردی لە بەشە جیاکانی کوردستاندا، داهاتووی جیاوازی هەیە. ئەم زمانە لە باشووری کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانیدی کوردستاندا، داهاتوویەکی ڕوونتری هەیە. لە بەشی چوارەمی ئەم تێزەدا باس لە مێتۆد و هەنگاوەکانی کۆکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکان دەکرێت.

# بەشی چوارەم: مێتۆد و هەنگاوەکانی تۆژینەوە

لەم بەشەدا میتۆد و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی ئەم تێزە پێشکەش دەکرێت. سەرەتا باسی ئەوە دەکرێت، ڕاپرسی و وتوویژ چین و چۆن دەتوانن ببنە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و کۆکردنەوەی داتا (ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی خوێندنەوە و ڕاپرسی و وتوویژەوە بەدەست دەکەون) ی ئەم توێژینەوەیە. دووهەم، پرسیاری لێکۆڵینەوەی ئەم تێزە دووپات دەکرێتەوە. سێهەم، نیشان دەدرێت، چۆن ئەم شێوازی داتا کۆکردنەوەیە دەتوانێت وەڵامی پرسیاری توێژینەوەکە بدۆزێتەوە. بۆ ئەم مەبەستە داتاکان پەڕپەڕ دەکرێن و بە شێوەیەکی چالاکانە لێکدەدرێنەوە. ئەوەش لە پێناو ئەوەدا دەکرێت کە شتە بینراو و بیسراوەکان وەک خۆی نەگێردرێتەوە، بەڵکوو لێکدانەوەیەکی نوێیان لە بارەدا بکرێت و بەو شێوەیە مانای جیاواز دەرکەوێ و بەرجەستە بکرێتەوە. ئەمجار، باسی ژینگە و مەیدانی لێکۆڵینەوەکە و داتاکانی تێزەکە دەکرێت. کاتێک بۆمان ڕوون بۆوە، داتاکان لە کوێ کۆکراونەتەوە، ئەمجار باسی چۆنییەتی کۆکردنەوەیان دەکرێت. لە کۆتاییدا باسی ئەوە دەکرێت، داتا کۆکراوەکان چۆن وەسف و شەرح و شیکراونەتەوە.

بەر لە چوونە ناو وردەکاری میتۆدی لێکۆڵینەوەکە بە پێویستی دەزانم، پرسیارەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بخەمە ڕوو. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئاخۆ سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان چۆن بە زمانی کوردی ڕاگەیشتووە؟ واتە پلاندارێژیی بۆ زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بە چ شێوەیەک کراوە. بۆ ئەوەی بزانرێت، بۆ نموونە، ئاخۆ، سیستەمی پەروەردە لە باری پێ خوێندنەوە بەهای پێویستی بە زمانی کوردی بەخشیوە؟ دواتر، پرسیار لە پلاندارێژیی جەستەی زمانی کراوە و، هەوڵدراوە بزانرێت ئاخۆ سیستەمی پەروەردە و لایەنە کاریگەرەکانی دیکە چۆن بە ڕێنووس، ڕێزمان، وشە، خاڵبەندی و دارشتنی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان ڕاگەیشتوون. لە کۆتاییدا پرسیار لە پلاندارێژیی فێرکاری کراوە و هەوڵی وردبوونەوە لە چۆنایەتی و چەندایەتیی فێرکاری زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا دراوە.

ڕاپرسی و وتوویژ دوو شیوازی سەرەکی ئەم تێزەن کە ئامرازی کۆکردنەوەی داتاکان پێکدێنن. ڕەفیع پوور لە گرنگی ئەو بابەتەدا دەڵێت، پڕ بایەخترین و بەسوودترین شێوازی توێژینەوە لە زانستە کۆمەلاتەتییەکاندا، ڕاپرسی و وتوویژە (رفیع پور، ۱۳۹۱، ل ۳۳ تا ٤٤). ستێفنی تیلوێر دەڵێت: "وتوویژ باوترین شێوازی کۆکردنەوەی داتایە، کە بۆ شیکاری گوتار بەکار دەهێندرێت. لەو شێوازەدا قسەکان و گوتەکان داتای سەرەکین نەک ئەو کەسەی کە وتوویژی لەگەڵ دەکرێت" (استفنی تیلور، ۱۳۹۷، ل۱۰۷). توێژەر دەتوانێت لە ڕێگەی وتوویژەوە لە زمان و ڕوانگەی ئەو کەسەی کە وتوویژی لەگەڵ دەکات لە بارودۆخەکە تێبگات. لەوبارەیەدا گوتراوە: "زمان بەشێکە لە بەردەوامی ژیانی تاکە کەسی و کۆمەلایەتی مرۆڤ و بەو هۆیە بەردەوام پەیوەندی لەگەڵ زەین و باوەڕ و زانستەکانی مرۆڤ هەیە (اچ. جی. ویدوسن، ۱۳۹۵، ل٥٦). ئەو تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی توێژەر لە ڕێگەی وتوویژ و ڕاپرسییەوە لە چۆنایەتی و چەندایەتیی ئەو بابەتە تێبگات کە توێژینەوەی لە بارەدا دەکات. لەدواییدا دەتوانێت بچێتە بنجوبناوانی قسەکان. گوتارەکان درک بکات و لێکیان بداتەوە. بەو شێوەیە، ڕاپرسی کەرەسەیەکە کە توێژەر دەتوانێت لە ڕێگەی ئەوەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ شوێنی توێژینەوەکەیدا بگرێت.

پرسیار زۆر جار هاوواتای توێژینەوە دێت و بەو شێوەیە ڕاپرسییەکانی ئەم تێزە، خۆیان، بەشێکن لە کاری توێژینەوەکە. پرسیارەکان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ڕاپرسییان لەگەڵ کراوە وەکوو یەکە. بەمجۆرە ئەنجامەکان بە شێوەی ڕێژەیی هەڵدەسەنگێندرێن و توێژەر دەتوانێت ئەنجامەکان بە شێوەیەکی گشتی پێک بگرێت و لەگەڵ یەکدیکە بەراوردیان بکات و ئەنجامێکی گشتیان لێ بەدەست بێنێت. واتە دەتوانێت جیاوازییەکان و وێکچوونەکان، لە بۆچوونی بەشداراندا، نیشان بدات. بۆ نموونە، جیاوازی ڕای قوتابخانەکان لەگەڵ یەکدیکە یا ڕای قوتابیان لەگەڵ مامۆستایان و سەرپەرشتیاران و وەزارەت.

داتاكانی كۆكردووەتەوە. جێگەی باسە كە بەڕێوەبەری قوتابخانەكان بە تەواوی لەگەڵ توێژەر هاوكاریان كردووە. چۆنییەتی ئەنجامدانی ڕاپرسییەكە بەپێی كات و وەختی قوتابخانە و قوتابییەكان جیاواز بووە. چۆنییەتی ڕاپرسی لەگەڵ هەركام لەو لایەنانە لە بەشی ڕوونكردنەوەی سەربەواندا باس دەكرێت.

**شوێنی كۆكردنەوەی داتای** ئەم توێژینەوەیە سێ قوتابخانەی شاری هەولێرە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم شارە ئەوەیە كە هەولێر پایتەختی هەرێمی كوردستانە و سەرەڕای خەڵكی ڕەسەنی شارەكە، خەڵكی زۆربەی ناوچەكانیدیكەی كوردستانیشی تێدا دەژین. ئەو تایبەتمەندیانە دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانرێ ئەنجامی توێژینەوەكە باشتر بگشتێندرێت. هەر بۆ ئەو مەبەستە، سێ قوتابخانە هەڵبژێردراوەكان لە سێ شوێنی جیاوازی هەولێر و بە تایبەتمەندی جیاوازەوە بوون. زمانی پێخوێندن لە هەر سێ قوتابخانەكە شێوەزاری كوردیی ناوەڕاست بووە. یەكێك لە قوتابخانەكان تێكەڵ و یەكێكیدیكە كچانە و ئەویدیكەیان كوڕانە بووە. هۆی ئەم هەڵبژاردنە ئەوە بووە كە داتاكان كوڕان و كچان بە ڕێژەیەكی وەك یەك بگرێتەوە، چونكە ویستوویە لەوەش بكۆڵێتەوە ئاخۆ ڕای كچان و كوڕان لەبارەی پرسیاری ئەم تێزەدا جیاوازی هەیە یان نا. ئەمە گرنگە، چونكە هەندێك توێژینەوە نیشانیان داوە كە لەوانەیە كوڕان و كچان لەبارەی بابەتە كۆمەڵایەتییەكانەوە ڕای جیاوازیان هەبێت ( GhsooReda, 2015). هەروەها لە هەڵبژاردنی قوتابخانەكاندا، ئەوە لەبەر چاو بووە، پێگەی كۆمەڵایەتی قوتابییەكان زۆربەی چین و توێژەكانی كۆمەڵگە بگرێتەوە، چونكە تایبەتمەندی چینایەتی دەتوانێت لەسەر بۆچوونی خەڵك سەبارەت بە بابەتەیلی وەكوو زمان و پەروەردە كاریگەری هەبێت و باشتر وایە، پلاندارێژەری زمانی ئەم شتانە وەبەر چاو بگرێت.

بواری ئەم لێكۆڵینەوەیە زماننناسی كارەكی دەگرێتەوە. چونكە توێژینەوەیەكی تیۆری و مەیدانییە لەسەر ئەرزی واقیع كە لەودا زمان بابەتێكی سەرەكییە. هەندێك لە زمانناسانی وەك ویلیام گریب (William Grabe) پێیان وایە، زماننناسی كارەكی بابەتێكە كە لە بواری سیاسەت

و پلاندارێژیی زمانیدا کار دەکات و بیر لە چارەسەری کێشەکانی زمان دەکاتەوە (آقا گل زادە،١٣٩٤، ل٢٢). کەواتە ئەم تێزە ڕای وابووە کە یەکێک لە شێوازە باشەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانیدا سەرنجدان بە کۆمەڵگە، بەتایبەتی کەسانێکە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بابەتەکەوە هەیە. بە پشتبەستن بەم تیۆرە، ئەم تێزە لەگەڵ قوتابیان، مامۆستایان، دایکانوباوکان، بەڕێوەبەرانی قوتابخانە، سەرەپەرەشتیارانی پەروەردەیی ڕاپرسی کردووە و لەگەڵ بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە وتووێژی ئەنجامداوە. هەوڵی داوە بە تەواوی بەشداری بەو کەسانە بکات کە ڕای ئەوانی پرسیوە یا وتووێژی لەگەڵ کردوون. بە دانانی پرسیاری ئازاد و بە پرسیاری شیکارانە هەوڵی داوە بگاتە کۆمەڵێک داتا کە لەوانەیە پێشتر خۆی بیری لێ نەکردبێتەوە. هەوڵی داوە بە جۆری پرسیارەکان کارێکی وا بکات کە وەڵامدەر ببێتە بەشێک لە کێشەکە و بەو جۆرە کارێکی وایکردووە کە تەنیا خۆی لە جۆری بەرهەم هێنانی داتادا بڕیاردەر نەبێت. بە پشتبەستن بە ڕای ئەمیری حەسەنپوور، داتاکانی تەنیا لە ڕۆشنبیران و شارەزایانی بابەتەکە کۆ نەکردووەتەوە (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٤، ل١٠٩). بۆ ئەوەی دیمۆکراسی تێدا پارێزراو بێت و لەدواییدا ئەنجامەکانی گشتگیر و هەمە لایەنە بن، ڕاپرسی لەگەڵ هەموو جومگەکانی پەیوەندیدار بە سیستەمی پەروەردە کردووە. بۆ نموونە، لەگەڵ قوتابیان و دایکانوباوکان لە چین و توێژ و ڕەگەزی جیاواز ڕاپرسی کردووە. چۆنکە کێشەی ئەم تێزە تەنیا کێشەیەکی زمانی نییە، بەڵکوو بابەتێکە کە لایەنی کۆمەڵناسیی زمانی و زمانناسیی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. ئەگەر کێشەکە تەنیا زمانی بایە، دەکرا لە ڕوانگەی ڕێزمان و ڕێنووس و وشەی کتێبە وانەییەکان هەڵسەنگێندرابان.

لە قوتابیاندا لەگەڵ قوتابیانی پۆلی نۆدا ڕاپرسی کردووە. ئەمەی بۆ گرنگ بووە، لەگەڵ قوتابی کام پۆل ڕاپرسی بکات. بۆیە پۆلی نۆی ناوەندی هەڵبژاردووە. چونکە لە لایەکەوە، پۆلی نۆ کۆی قوتابیانی زانستی و ئەدەبی دەگرێتەوە و، لەلایدیکەوە، قوتابی ئەو قوناخە لە مەسەلەی

زمان و لە ناوەرۆکی پرسیارەکان تێدەگات و دەکرێت پشت بە وەڵامەکانیان ببەسترێت. شێوەی **ڕاپرسی لەگەڵ قوتابیانی** ئەم سێ قوتابخانەیە کە بەشێک لە داتای تێزەکە لەخۆ دەگرێت بەو شێوەیەی خوارەوە بووە.

دوای سەردانی قوتابخانەی فاخیر سەرۆکی قوتابخانە ڕایگەیاند، بەیانی لە کاتژمێر دە توێژەر بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە. کاتژمێر دەی ئەو ڕۆژە قوتابییەکانی پۆلی نۆی لە ژوورێکی گەورەدا کۆ کرابوونەوە. جێگری بەڕێوەبەری قوتابخانە پرسیارەکانی لە نێوان قوتابیاندا بڵاو کردەوە. توێژەر لەسەرەتای ڕاپرسییەکەدا پرسیارەکانی ڕوون کردەوە و ڕایگەیاند، ئەگەر پرسیار هەبێت ئامادەیە بۆیان ڕوون بکاتەوە.

کاتێ توێژەر بە مەبەستی داتا کۆکردنەوە قسەی لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەی کوڕانەی جمهووری کرد، بەڕێوەبەری قوتابخانەی جمهووری پاش ڕەزامەندی گوتی، ئەمڕۆ هەلێکی باشە. چونکە هەموو قوتابییەکان لێرەن و تاقیکارییان هەیە. پێیان دەڵێم پاش تاقیکاری لەو ژوورە گەورەیەدا دابنیشن و وەڵامی ڕاپرسییەکەت بدەنەوە. بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەختەریش بە هەمان شێوە هاوکاری توێژەری کرد و لە بارودۆخێکی گونجاو و گەرموگوڕدا ڕاپرسییەکە بەڕێوە چوو. هەژماری قوتابییەکان بە گشتی ١٦٢ کەس بوون و ڕێژەکەیان لە هەرکام لە قوتابخانەکان بە گوێرەی ئەم جەدوەلەی خوارەوە بوو.

خشتەی ٤. ١ هەژمار و ڕەگەزی قوتابیان لە سێ قوتابخانەی هەولێر

| قوتابخانەکان | سەرجەم قوتابیان | کوڕەکان | کچەکان |
|---|---|---|---|
| ئەختەر | ٢٦ | ٠ | ٢٦ |
| جمهوری | ٤٧ | ٤٧ | ٠ |
| شەهید فاخیر | ٨٩ | ٤٣ | ٤٦ |

بەشێکیدیکەی داتای ئەم تێزە بە ڕێگای پڕکردنەوەی **ڕاپرسی لەگەڵ مامۆستایان** بەدەست هێندراوە. گرنگی ڕاپرسی لەگەڵ مامۆستایان لەوە دایە کە ئەوان زۆرترین زانیاریان لەبارەی چۆنییەتی پێگە و جەستە و فێرکاری زمانی کوردیدا هەیە، چونکە سەرەڕای ئەوەی وانەی کتێبە کوردییەکان دەڵێنەوە، کۆمەڵێک زانیاری جۆراوجۆریشیان لە ڕێگەی قوتابی، بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیارانەوە پێدەگات. ڕاپرسی لەگەڵ مامۆستایان لە چاو قوتابیان ئاسانتر بوو. هەرجارە و چەند مامۆستایەکی پۆلی نۆ لە قوتابخانە بوون و ڕاپرسییەکانیان پڕ دەکردەوە. ئەوانیدیش لە ڕێگەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکان بە دەستیان دەگەیشت و کاتێک دادەندرا و ڕاپرسییەکان وەردەگیرانەوە. خشتەی خواروو ژمارە و سەرپێوانی ئەوان نیشان دەدات کە بە گشتی٢٢ کەس بوون.

خشتەی ٤. ٢ هەژمار و ڕەگەزی مامۆستایان

| قوتابخانەکان | سەرجەم مامۆستایان | پیاو | ژن |
|---|---|---|---|
| ئەختەر | ٥ | ٢ | ٣ |
| جمهوری | ٧ | ٧ | ٠ |
| شەهید فاخیر | ١٠ | ٦ | ٤ |

**دایکانوباوکان** بەشێکیدیکە لەو کەسانەن کە ئەم تێزە ڕاپرسی لەگەڵ کردوون. هۆی ئەوەی ڕاپرسی لەگەڵ دایکانوباوکان کراوە ئەوەیە، ئەوان بە هۆی ئەو چاوەدێرییەی بەسەر وانەی منداڵانیاندا هەیانە، سەرنج دەدەنە کتێبە وانەییەکان و گلەیی و گازندەی منداڵانیان لەبارەی جەستە و فێرکاری زمانی کوردی لە قوتابخانەدا پێدەگاتەوە، هەروەها لەوانەیە بە هۆی ئەوەی یارمەتی منداڵانیان دەدەن لە چۆنییەتی پێگە، جەستە و فێرکاری زمانی کوردی تێبگەن و سەرنجی تایبەتیان لەوبارەیەدا هەبێت. کاریگەری دایکان و باوکان لەسەر سیاسەت و

پلاندارێژیی زمانی بابەتێکی دیکەیە کە ئەم تێزەی هانداوە ڕاپرسی لەگەڵ ئەوانیش بکات.
کۆکردنەوی ڕاپرسی دایکانوباوکان بە دوو شێوە بووە، بەشێکیان بە شێوەی چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ دایکانوباوکان ئەنجام دراوە و لە بەشێکی دیکەدا داوا لە بەڕێوەبەری قوتابخانە کراوە کە ڕاپرسییەکان بە دایکانوباوکانی قوتابیان پۆلی نۆ بگەیێنێت. لەو خشتەی خوارەوەدا ڕێژە و ڕەگەزی ئەو دایکوباوکانەی ڕاپرسیان لەگەڵ کراوە دیاری کراوە کە لەسەریەک ٢٥ کەس بوون.

خشتەی ٤. ٣ هەژمار و ڕەگەزی ئەو دایکانوباوکان

| قوتابخانەکان | سەرجەم دایکانوباوکان | پیاو | ژن |
|---|---|---|---|
| ئەختەر | ٤ | ٢ | ٢ |
| جمهوری | ٦ | ٤ | ٢ |
| شەهید فاخیر | ١٥ | ٨ | ٧ |

**بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان**، کە بریتین لە بەڕێوەبەر و جێگرەکانی، بەشێکیدی لەو کەسانە بوون کە ئەم تێزە ڕاپرسی لەگەڵ کردوون. هۆی ئەوەی توێژەر ڕاپرسی لەگەڵ ئەوان کردووە ئەوەیە کە ڕۆژانە قسەوباس و گلەیی و گازندەی مامۆستا بەوان دەگات. هەروەها بە هۆی پەیوەندی ئەوان لەگەڵ دایکانوباوکان، ڕای دایکانوباوکانیش لەبارەی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان بە دەست ئەوان دەگات. سەرەڕای ئەوەش، بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، لە لایەکەوە، پردی پەیوەندی نێوان مامۆستا و دایکانوباوکان لەگەڵ سەرپەرشتیارنی پەروەردەیین و لە لایەکیدیش ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی ئەوانەوە بە مامۆستایان دەگات. لەو

سێ قوتابخانەیەدا، لەگەڵ شەش کەس لە بەڕێوەبەران ڕاپرسی کراوە کە سێیان پیاو و سێیان ژن بوون.

پێکهاتەیەکی دیکەی پەروەردەیی کە ئەم تێزە ڕاپرسی لەگەڵ کردوون **سەرپەرشتیارانی پەروەردەیین.** ئەوان کەسانێکن کە لە لایەن وەزارەتەوە دیاری کراون بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن کونترۆڵ بکەن. بەپێی ئەوەی ئامرازی خوێندن لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردییە، ئەرکی ئەوانە کە لە چۆنییەتی ئەم ئامرازە و جۆری کارپێکردنی ورد ببنەوە. وردبوونەوەی ئەوان لە زمانی کوردی لایەنی پێگە، جەستە و فێرکاری زمانی کوردی دەگرێتەوە. واتە ئەوان پێیان سپێردراوە، ڕای مامۆستایان و قوتابیان و بەڕێوەبەران و دایکوباوکان لەبارەی ئەم سێ لقەی پلاندارێژیی زمانیدا وەربگرن و وێڕای تێبینی خۆیان بۆ وەزارەتی بنێرنەوە. لە لایدیشەوە، ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە وەربگرن و بۆ قوتابخانەکانی بنێرن و لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونیان دڵنیا ببنەوە. بەو هۆیە ئەم تێزە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکەی لەگەڵ ١٤ کەس لە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی شاری هەولێر ڕاپرسی کردووە کە خشتەکەی بە شێوەی خوارەوەیە.

خشتەی ٤. ٤ هەژمار و ڕەگەزی سەرپەرەشیارانی پەروەردەیی

| سەرجەم سەرپەرشتیاران | پیاو | ژن |
|---|---|---|
| ١٤ | ١٢ | ٢ |

ڕاپرسی لەگەڵ سەرپەرشتیاران بە شێوەی نووسراو و لە شوێنی کارگێڕی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە شاری هەولێر ئەنجام دراوە. توێژەر خۆی چۆتە لای

سەرپەرشتیاران و لە لایان دانیشتووە و ئەگەر پێویست بووبێ ڕوونکردنەوەی لەبارەی پرسیارەکان داوە. نموونەی پرسیارەکان لە پاشکۆی ئەم تێزەدا دەست دەکەون.

یەکێک لە شێوەکانی لێکدانەوەی داتاکان پێکگرتنی ڕای مامۆستا، دایکوباوک، بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیاران لەگەڵ یەکدیکەیە. بۆ ئەوەی بزانرێ، ئاخۆ ئەو کەسانەی ڕاپرسی و وتووێژیان لەگەڵ کراوە چۆن لەبارەی پرسیاری تێزەکەدا بیردەکەنەوە. لە دواییدا ئایا ڕای ئەوان لەگەڵ یەکدیکە تێکدەکاتەوە یا جیاوازە؟ لەو ڕێگەیەوە ویستوویە بزانێت، ئاخۆ پێکهاتەکانی پەروەردە ئاگایان لە بیروڕای یەکدیکە هەیە یان نا؟ ئەگەر ئاگایان لە یەکدیکەیە ئایا بیروڕاکان ڕادەگوازرێن؟ ئەو پرسیارە بۆیە کراوە، بۆ ئەوەی، ئەگەر وەڵامەکەیان ئەرێنی بێت، دەکرێت هیوا و هۆمێد بە چاکسازی بە جۆری پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەبێت و دەنا دەبێت ئەم خاڵەش خەمی لێبخورێت و چاکسازی تێدا بکرێت.

**بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە** لایەنێکیدیکەیە کە وتووێژی لەگەڵ کراوە. گرنگی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان لەوە دایە کە ڕای ئەو دەتوانێت جۆری بیرکردنەوەی وەزارەتی پەروەردە لەبارەی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانیدا نیشان بدات. دەتوانێت یارمەتی ئەو توێژینەوەیە بدات کە تێبگات، ئاخۆ وەزارەت ئاگای لە بارودۆخی زمانی کوردی هەیە و ئەگەر ئاگای لێیە ئەم ئاگادارییە چەندەیە، هەروەها ویستوویە لە ڕێگەی بەراوردکردنی ڕای وەزارەت لەگەڵ پێکهاتەکانیدیکەی پەروەردەیی لەوە تێبگات کە جیاوازی و وێکچوونەکان چەندەیە، بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان وەزارەت و بەشەکانیدی سیستەمی پەروەردە بزانێت. ئەم تێزە بۆ ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان سەردانی وەزارەتی کردووە و دوای گرتنەوەی کات، سەردانی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی کردووە و لە شوێنی کارگێری خۆی وتووێژی لەگەڵ ئەنجام داوە. پرسیاری وتووێژەکە لەبارەی جەستە و پێگە و فێرکاری زماندا بووە، هەروەها لەبارەی چۆنییەتی پەیوەندی نێوان وەزارەت و جومگەکانی پەروەردەیی

پرسیاری کردووه که بریتین له قوتابی، مامۆستا، دایکان و باوکان، بەڕێوەبەری قوتابخانه و سەرپەرشتیاران.

داتای کۆکراوەی ئەم بەشە داتای چەندایەتی و چۆنایەتی بوون. پرسیارەکانی وتوویژەکە بە شێوەی نیوە داڕێژراو بوو، بەو واتایە کە پێشتر چەند پرسیار گەڵاڵە کران بۆ ئەوەیکە چوارچێوەیەکی بابەتانە بە دانیشتنەکە بدات. لەگەڵ ئەمەشدا هەرکات پێویست بوو، پرسیاری نیوئاخن دەکرا. بەمجۆرە توێژەر توانیوییەتی زانیاری ورد لە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان وەربگرێت.

**وەسفی داتاکان و لێکدانەوەی رەخنەگرانەیان** قۆناخێکیدی ئەم تێزەیە کە لە پێناو دەرخستنی زۆرتری تایبەتمەندی و وردەکارییەکانی سەر بە بابەتەکە بەکارهێندراوە. واتە بە یارمەتی ئەم ئامرازە هەوڵدراوە پەردە لەسەر بەشی شاراوەی داتاکان لابدرێت و وردەکارییەکانی بابەتەکە، شتە ورد و نادیارەکان، تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا بکرێت. لێکدانەوەی داتای ئەم تێزە بەو شێوانەی خوارەوەیە.

١. **وەسفکردن:** لەو بەشەدا، بە بەکارهێنانی هەژمار و ڕێژە داتاکان وەسف کراون. وەسفی داتا دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕای بەرپرسیارەکان، تا ڕادەیەکی زۆر، دەربکەوێت. بەکارهێنانی زمانی وەسفی دەتوانێت ڕووداوێکی ئاسایی بکاتە ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش و بەو شێوە زەینی بەردەنگ ئاوێتەی بابەتەکە بکات. وەسفی داتا بە هەژمار پێمان دەڵێت، ئاخۆ پرسیارلێکراوەکان لەبارەی پێگە، جەستە و فێرکاری زمانی کوردیدا دەڵێن چی و چۆن بیر دەکەنەوە.

٢. **لێکدانەوەی چەندایەتی:** لێکدانەوەی چەندایەتی بەو جۆرە لێکدانەوەیە دەگوترێ کە لەسەر بنەمای ئامار و بژاردن ئەنجام دەدرێت. واتە لەو جۆرە لێکدانەوەیەدا ئامار و ڕێژە و هەژمار قسە دەکەن و قسەی توێژەریش شەرحی ئەم جۆرە داتایەیە. وەک ساعی ئەرەسی

دەڵێت، زانیاری ڕێژەیی و هەژماری لە لێکدانەوەی چەندایەتیدا هاوکاری ئەم تێزەی کردووە بۆ ئەوەی تێگەی زەینی و دابڕاوی (ئینتیزاعی) داتاکان دەربکەوێت و بکەوێتە بەر چاوی خوێنەران (ساعی ارسی، ل٨٢). لەسەر ئەو بنەمایە، بەشێک لە لێکدانەوەی ئەم تێزە بەو شێوەی چۆنایەتی ئەنجام دراوە. واتە هەژمار و ڕێژەکان پێکگیراوە و توێژەر لە ناو ئەو ڕێژە و هەژمارانەدا بە دوای وەڵامی پرسیارەکەیدا گەڕاوە. بۆ نموونە، ئەم تێزە لە ڕووی ڕێژەکانەوە لە پێگەی زمانی کوردی لای قوتابی وردبۆتەوە و لە ڕووی ڕێژەی ڕەزامەندی مامۆستایان سەبارەت بە خۆشەویستی زمانی کوردی پێگەی زمانی کوردیی لە سیستەمی پەروەدەدا هەڵسەنگاندووە. وەک محەمەدپوور لە زمان گیرتزەوە دەڵێت، لێکۆڵینەوەی چەندایەتی لە چاو لێکۆڵینەوەی چۆنایەتی تەواوتر و بەسەرەوبەرەترە، بەڵام لێکدانەوەی چۆنایەتی سەرەڕای ئەوەی زۆرتر بە قووڵایی داتاکاندا ڕۆ دەچێت، بەڵام ناتەواوە (محمد پور١٣٩٢، ل٥٩). بەو هۆیە بەشێک لە لێکدانەوەی ئەم تێزە چەندایەتییە. لە ڕووی داتاکانەوە هەژمار و ڕێژەی دیاری کردووە و وێنەی بۆکێشاونەتەوە و شەرحی کردوون و لەئاکامدا پێگە و جەستە و فێرکاری زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا پێ هەڵسەنگاندووە. خاڵی بەهێزی لێکدانەوەی چەندایەتی لە چاو لێکدانەوەی چۆنایەتی لەوە دایە کە بە هۆی ئەوەی لێکدانەوەی چەندایەتی بە شێوەی ئاماری و بەرفراوانتر و ئاسانتر ئەنجام دەدرێت گشتاندنیشی ئاسانترە. ئەم شێوازە بەشێک بووە لە چۆنییەتی لێکدانەوەی داتاکانی ئەم تێزە. بۆ ئەنجامی ئەو کارە سەرەتا ڕێژەی داتاکان دیاری کراوە. دواتر وێنەی بۆ داندراوە و ئەمجارە بە شێوەی چەندایەتی لێکدراوەتەوە.

٢. **لێکدانەوەی چۆنایەتی:** لێکدانەوەی چۆنایەتی بریتییە لە گەڕان بە دوای مانا لەنێو داتادا. ئەو جۆرە لێکدانەوەیە تەنیا بیر لە مانای ڕواڵەتی و ڕێزمانی داتاکان ناکاتەوە. بەڵکوو، هەوڵ دەدات مانای نادیار و شاراوەی ناو داتاکانیش بدۆزێتەوە و لێکیان بداتەوە. ئەو شێوازە پشت بەو بیرۆکەیەی برایان پالتریج دەبەستێت کە لەبارەی شیکاری پراگماتیکی (pragmatics) گوتاردا

دەڵێت: "جاری وایە پراگماتیک لەگەڵ ماناناسیدا یەکتر ناگرنەوە. چونکە ماناناسی پەیوەندی بە مانای حەرفی وشەکانەوە هەیە (برایان پالتریج، ١٣٩٦: ١٦). واتە بە سەرنجدان بە جۆری بەکارهێنانی زمان لە لایەن ئەو کەسانەی ڕاپرسی یا وتووێژیان لەگەڵ کراوە، مانای پشت قسەکانی ئەوان دۆزراوەتەوە و لێکدراونەتەوە. بەم جۆرە، ئەم شێوازە لە لێکدانەوە لە هەژمار و ڕێژە تێپەڕیوە و لە کەرەسەی بەرفراوانتر بۆ هەڵسەنگاندنی داتا کەڵکی وەرگرتووە. واتە لێکدانەوەی چۆنایەتی گەڕان بە دوای کۆمەڵێک مانادا بووە کە لە دەرەوەی ڕواڵەتی داتاکان خۆی نیشانداوە. بەو جۆرە، ئەم تێزە بە یارمەتی ئەو شێوازە، هەوڵی داوە لە مێتودی ڕاپرسی و وتووێژەکاندا کۆمەڵێک داتا بەرهەم بێنێت کە لەودا زۆرتر لەوەی باسی هەژمار بکرێت، باس لە تێگە و ناوەرۆک و بابەتە هزرییەکان کراوە. بەو جۆرە، ئەم تێزە، لە لێکدانەوەی چۆنایەتیدا، لە زەینییەت و لەو مانا و تەعبیرانە وردبۆتەوە کە لە پەناوپەسیوی داتاکاندا خۆیان حەشارداوە. کەوابوو، لێکدانەوەی چۆنایەتی لەم تێزەدا بریتییە لە کاریگەری دەقی داتاکان لەسەر توێژەر، کە پەیوەندی بە ڕێژەی ئەو پەیام و تێگانەوە هەیە کە داتاکان ناردوویانە و توێژەری ئەم تێزەی، بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ، خستۆتە بەر کاریگەری خۆی و لە لێکدانەوەکانیدا خۆیان دەردەخەن.

# بەشی پێنجەم: وەسف و شەرح و لێکدانەوەی داتاکان

لەو بەشەدا، بە پشتبەستن بە تیۆر و خوێندنەوەی بابەتەکانی پێشوو، ئەو داتایانەی کە کۆکراونەتەوە سەرەتا وەسف دەکرێن و لە ڕووی هەژمار و ڕێژەکانەوە بە شێوەی چەندایەتی شەرح دەکرێن و لەدواییدا بە شێوەی چۆنایەتی و ڕەخنەگرانە لێکدەدرێنەوە. داتاکان بریتین لەو ڕاپرسی و وتووێژانەی کە لەگەڵ قوتابیان، مامۆستایان، دایکونباوکان، بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان لەوەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دراون.

## ٥. ١. وەسف و شیکردنەوەی داتای قوتابیان

بەو هۆیەی قوتابی یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی سیستەمی پەروەردەیە و مەبەستی سەرەکی قوتابخانە و سیستەمی پەروەردە ڕاهێنان و پەروەردەکردنی قوتابیانە، ڕای قوتابی دەتوانێت ئەم تێزە لە چۆنییەتی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی و چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئەرکی زمان و، هەروەها کەموکوڕییەکانی لە سیستەمی پەروەردەدا ئاگادار بکاتەوە. بۆ ئەو مەبەستە ڕای ١٦٢ قوتابی لە شازدە پرسیاردا و لە سێ قوتابخانەی جیاواز وەرگیراوە و لە خوارەوەدا، بەو شێوازەی کە لە مێتۆدی لێکدانەوەی داتاکاندا باس کراوە، یەک بەیەک وەسف دەکرێن و لێکدەدرێنەوە.

### ٥. ١. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم

پرسیاری یەکەم لە قوتابی دەپرسێت کە بە کام زمان دەخوێنێت. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە چوار زمانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەڕەنسی دیاری کراوە. ڕێژەی سەداسەدی قوتابیان زمانی کوردیان هەڵبژاردووە. ئەو ڕێژەیە پێگەی زمانی کوردی لە ڕووی پێخوێندنەوە

نیشان دەدات. مەبەستی پرسیارەکە ئەوەیە کە بزانێت، ئاخۆ، پێگەی زمانی کوردی لەبارەی پێخوێندنەوە، لە قوتابخانەکانی حکومی هەرێمی کوردستاندا بە چ شێوەیەکە. بەرزی پێگەی زمانی کوردی، پەیوەندی بە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە هەرێمی کوردستان هەیە. ئەنجامی ئەم پرسیارە نیشان دەدات، زمانی کوردی لە باری پێخوێندنەوە، پێگەیەکی بەرزی هەیە و حکومەت و سیستەمی پەروەردە، لە باری پێخوێندنەوە بەهایەکی باشیان بە پێگەی زمانی کوردی داوە. ئەم تێزە پێی وایە، هەڵسوکەوتی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ زمانی کوردی، لە لایەک، بەرهەمی سیاسەتی زمانی وڵاتی عێراقە کە لە دەستووری ئەم وڵاتەدا زمانی کوردی، هاوشان لەگەڵ زمانی عەرەبی، بە زمانی فەرمی ئەو وڵاتە ناسیوە، لە لایدیشەوە بەرهەمی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە لەودا زمانی کوردی زمانی فەرمی و زمانی یەکەمی ئەو هەرێمەیە و بەهایەکی بەرزی بە زمانی کوردی داوە. ئەم بەها بەخشینە بەرهەمی خەباتی سەدان ساڵەی کورد لە پێناوی مافی زمانی دایە. بۆ نموونە، مەسعود بارزانی لە کتێبی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورددا دەڵێت، لە بەهاری ١٩٠٧ی ز. شێخ عەبدولسەلام برووسکەیەک بۆ بابی عالی لە ئەستەمبۆڵ لێ دەدا و لە خاڵی یەکەم و دووهەمدا داوا دەکات، زمانی کوردی بکرێت بە زمانی فەرمی و لە کوردستان خوێندن بە زمانی کوردی بێت (مسعود بارزانی، ٢٠١٢، ل٢٠). داوایەک کە شۆڕشەکانیدیکەی کوردیش پێداگریان لەسەر کردووە و لەدواییدا بووە بە بەشێک لە دەستووری وڵاتی عێراق و ئاستێکی بەرزی بە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بەخشیوە و لە ڕای قوتابیاندا بە ئاشکرایی خۆی نیشان داوە.

## ٥. ١. ٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووهەم

لە پرسیاری دووهەمدا لە قوتابی پرسیار کراوە، ئاخۆ لە نێوان چوار زمانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی و فەرەنسی، زۆرتر حەزی لێیە بە کام زمان بخوێنێت. خشتە و ڕێژەی وڵامەکان بەم جۆرەن.

خشتەی ٥. ١ هەژماری قوتابی لەبارەی حەزی قوتابی بەرانبەر بە زمانە جیاوازەکان

| ناوی قوتابخانە | کوردی | ئینگلیزی | عەرەبی | فرانسی | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەختەر | 20 | 5 | 0 | 1 | 0 | 26 |
| فاخیر | 24 | 57 | 7 | 1 | 0 | 89 |
| جمهوری | 18 | 15 | 7 | 4 | 3 | 47 |
| کۆی گشتی | 62 | 77 | 14 | 6 | 0 | 162 |




وێنەی ٥. ١ ڕێژەی حەزی قوتابی لە زمانە جیاوازەکان

وەڵامی قوتابیان نیشان دەدات، قوتابی زۆرتر حەزی لێیە کە بە زمانی ئینگلیزی بخوێنێت. دوای ئەو بە نێوانێکی کەم، زمانی کوردی دێ و زمانی عەرەبی و فەرەنسی بە پلەی سێهەم و چوارەم دێن. لە لێکدانەوەی ئەم ڕێژانەدا، دەکرێت بیر لە هۆ و ئاکامی ئەم ڕادەیە لە

حەزی قوتابی بەرانبەر بە زمانی کوردی بکرێتەوە و لەگەڵ ڕادەی حەزی قوتابی بەرانبەر زمانی ئینگلیزی بەراورد بکرێت. بەبەراوردکردنی حەزی قوتابیان لە رابردوو و ئێستادا، ڕەفیق شوانی، ڕای وایە، لە ڕابردوودا، حەزی قوتابی  بە زمانی کوردی، بە بەراورد لەگەڵ ئێستا، زۆرتر بووە (وتووێژی کەسی، ٣/ ٦/ ٢٠١٨، هەولێر). ئەوە بابەتێکە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردی دادەنێت. ئەگەر لە هۆی ئەم ڕێژەیە بکۆڵینەوە دەتوانین زۆر بابەتی بۆ دەستنیشان بکەن. بۆ وێنە، چوونە سەری هەژموونی زمانی ئینگلیزی کە بە هۆی ئابووری و زانستی بەرهەمهاتووە. لایەنی ئابوورییەکەی ئەوەیە، لە لایەک زانینی زمانی ئینگلیزی دەرفەتی کار و سەفەر بۆ تاکی کورد دروستدەکات و لە لای دیکەشەوە دەرفەتی خوێندن و بەدەست خستنی زانیاری زۆرتر بۆ قوتابی بەرهەمدێنێت. هۆیدیش کە دەکرێت ئاماژەی پێبکرێت، جۆری پلاندارێژیی سیستەمی پەروەردەیە. داوەری ئەردەکانی(داوری اردکانی، ١٣٩٢، ل٤٥) ڕای وایە، ئاستی پێگەی زمان، زۆربەی جاران، دەکەوێتە بەر کاریگەری ئەو بڕیارانەی کە حکومەت لەبارەی زمانەوە دەیدا. ڕادەی هۆشیاری زمانی کۆمەڵگە بابەتێکی دیکەیە کە دەکرێت وەک هۆی حەزی قوتابی بەرانبەر بە زمانی کوردی ئاماژەی پێبکرێت.

هۆیەکیدی کە پەیوەندی بە بەرزی و نزمی ڕێژەی حەزی قوتابی بە زمانی کوردی یا زمانەکانی دیکە هەیە، چۆنییەتی فێرکاری زمانەکەیە. جۆری فێرکاری و بەکار هێنانی ئەو بابەتە لە لایەن مامۆستاوە، کاریگەری لەسەر پێگەی زمانی کوردی لەسەر قوتابی هەیە کە دواتر لە پرسیارەکانی دیکەدا زۆرتر باسی لێ دەکرێت و شیدەکرێنەوە. بابەتێکی دیکە کە لێرەدا جێگەی وردبوونەوەیە ئەوەیە کە قوتابی بە ڕێژەیەکی کەم پێی خۆشە کە بە زمانی عەرەبی بخوێنێت. چونکە زمانی عەرەبی یەکێک لە زمانە فەرمییەکانی ئەو وڵاتەیە.

بەبەراوردکردنی ڕێژەی حەزی قوتابیانی دوو قوتابخانەی جمهووری و ئەختەردا، لەگەڵ قوتابخانەی فاخیر مێرگەسۆری دەردەکەوێت، قوتابیانی چینی مامناوەند زۆرتر پێیان خۆشە، بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن. لێرە دەردەکەوێت، ئاستی ژیانی ئابووری کاریگەری لەسەر

بیروبۆچوونی قوتابی سەبارەت بە زمانی پێ خوێندن هەیە. واتە ڕێژەی حەزی قوتابی سەبارەت بە زمانی کوردی کەوتۆتە بەر کاریگەری بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێژەی حەزی قوتابی بۆ پێ خوێندن بە زمانی کوردی بەپێی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا دێت. ڕێتێدەچێت، هۆیەکەی ئەوە بێ کە چینی ناوەند بۆ سەرەوە زۆرتر دەکەوێتە بەر کاریگەری تکنۆلۆژی سیستەمی دەستمایەداری کە لەسەر دەستی زمانی ئینگلیزی بەرهەمدێت.

بابەتێکیدی کە لە بەراوردی ڕێژەی حەزی کچان و کوڕان بۆ زمانی کوردی بە بەراوردکردنی دوو قوتابخانەی ئەختەر و جمهوری دەردەکەوێت ئەوەیە، کچان ٣٩٪ زۆرتر لە کوڕان حەزیان لە خوێندن بە زمانی کوردییە. ئەوە لەوانەیە بەهۆی ئەوە بێت کە یەکەم، ڕێژەی عاتیفەی کچان لە کوڕان بەرانبەر زمانی دایک زۆرترە و دووهەم، بە هۆی پیاوسالاربوونی کۆمەڵگە کوڕان زۆرتر بیر لە سەفەر و دەرفەتی کار بکەنەوە، چونکە زمانی ئینگلیزی دەرفەتی کار و سەفەر بەرهەمدێنێت. واتە دەکرێ بگوترێ دەرفەتی کار و سەفەر بۆ ئەوان زۆرترە.

<u>لە درێژەی پرسیاری دووهەمدا</u> لە قوتابی پرسیار کراوە، بە چ هۆیەک حەزی لەو زمانەیە کە لە پرسیاری دووهەمدا هەڵیبژاردووە. هۆی ئەو قوتابییانەی زمانی ئینگلیزییان هەڵبژاردووە بەو جۆرەیە: ١. چونکە زمانێکی نێودەوڵەتی و سوود بەخشە و بۆ داهاتوو بە کەڵکە، ٢. چونکە فێربوونی ئاسانە و ٣. لە هەموو وڵاتێک ئیشی پێدەکرێت.

لە لێکدانەوەی ئەم هۆیانە دەردەکەوێت، بەجیهانیبوونی زمانی ئینگلیزی بۆتە هۆی ئەوەی ئەو زمانە ببێتە خاوەن هەژمونی، هەژمونی و دەسەڵاتیش بۆتە هۆی ئەوەی حەزی قوتابی بۆ لای زمانی ئینگلیزی بچێت. ئەوە نیشان دەدات، بەهێزبوون هۆیەکی کاریگەرە لە ڕاکێشانی سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆی. واتە بەهێزبوون و نێودەوڵەتیبوون لە پەنا کۆمەڵێک هۆی دیکە کە بەشێکیان پەیوەندیان بە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا

هەیە، ئەو توانابییەی بە زمانی ئینگلیزی بەخشیوە کە زۆرتر لە چل لەسەدی قوتابیانی ئەو سێ قوتابخانەیە، لەسەرووی زمانی کوردی، حەزی خۆیان بۆ زمانی ئینگلیزی دەربڕن. ئەو ڕێژەیە دەریدەخات، پێویستە سیستەمی پەروەردە خەم لە پێگەی زمانی کوردی بخوا و، بە داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ پێگەی زمانی کوردی پێگەی ئەو زمانە لای قوتابی بەرز بکاتەوە. چونکە وەک باس کرا زمانی دایک لە باری شوناس و فێرکاری و بەخشینی زانیاری لە زمانەکانی دیکە باشترە.

سوودبەخشی هۆیەکی گرنگیدیکەیە کە بۆتە هۆی حەزی قوتابی بەرانبەر زمانی ئینگلیزی. سوودبەخشی زمانی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان تەنیا پەیوەست بە بارودۆخی زمانی ئینگلیزی لە جیهاندا نییە، بەڵکوو بەشێکی بەرهەمی ئەم سیاسەتە زمانییەیە کە لە هەرێمی کوردستان و لە سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵای ئەو وڵاتەدا بەڕێوەدەچێت. سیاسەتێک کە بۆتە هۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی چ بۆ کارکردن و چ بۆ بەردەوامی لە خوێندندا، تەنانەت لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، مەرجێکی سەرەکی بێت. لەوەش زۆرتر، کوردستان خاوەنی هەلومەرجێکی وایە کە دەرفەتی کار بۆ کەسانێک کە زمانی ئینگلیزی دەزانن زۆرترە لە کەسانێک کە ئەو زمانە نازانن.

لە شرۆڤەی هۆی دووهەمدا کە باس لەوەکراوە، فێربوونی زمانی ئینگلیزی ئاسانە. دەبێت بگوترێ، ئەوە هەر چەند باوەڕێکی باوە، بەڵام هەڵەیە. جەعفەر شێخۆلئیسلامی (٣/ ٥/ ٢٠١٧، کۆلێژی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هۆڵی یەعقوبی) لە سمینارێکدا بە ناوی "زمانی ئینگلیزی زمانێکی زمانپارێزە یا زمان کوژ؟" باس لە هەڵەبوونی ئەم باوەڕە دەکات. ئەو دەڵێت، بە پێچەوانەی ئەو شتەی بۆتە باو، زمانی ئینگلیزی زمانێکی ئاسان نییە. ئەو دەڵێت: "هیچ زمانەوانێک ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێت کە زمانی ئینگلیزی لە زمانەکانی دیکە ئاسانترە. زمانی ئینگلیزی پڕە لە کاری بێ قاعیدەی ڕێزمانی و ڕێنووسەکەشی بۆ نووسین و نووسینەوە ئاسان نییە، بەڵام دەسەڵاتی خەڵکی ئینگلیزی زمان ئەو پێگەیەی بۆ زمانی ئینگلیزی دروست کردووە."

ئەو ڕای وایە، زمانی بەدەسەلات زمانی خەلکی بەدەسەلاتە و زمانی بێدەسەلات زمانی خەلکی بێدەسەلاتە. لە لایدیشەوە، ڕاگەیاندن بۆ زمانی ئینگلیزی و بەهادان بە زمانی ئینگلیزی بە جۆرێکە کە زۆربەمان هەر لەسەردەمی منداڵییەوە، شتێک لەو زمانە هەر فێردەبین، ئەو هۆیانە و هۆی دیکەش وایان کردووە کە وەها تێگەیشتنێک دروست بێت. ئەم تێزە ڕای وایە، ئەو هۆیانە وایان کردووە کە زمانی ئینگلیزی لە لای بەشێک لە قوتابیان، تەنانەت، لە زمانی دایک خۆشەویستتر بێ. هەر ئەوەشە بۆتە هۆی دروستبوونی ئەم باوەڕە لای قوتابی و دواتر بۆتە هۆیەک بۆ ئەوەی قوتابی، تەنانەت، زمانی ئینگلیزی لە زمانی دایکی خۆی لا خۆشەویستتر بێت.

هۆی سێهەمی قوتابی کە دەڵێت: "چونکە لە هەموو ولاتێک ئیشی پێدەکرێت"، نیشان دەدات، لە لایەک بە جیهانیبوونی زمانی ئینگلیزی کاریگەری لەسەر حەزی قوتابی بەرانبەر ئەو زمانە داناوە. لە لایدیشەوە نیشان دەدات، قوتابی ئاگادارە کە ئەگەر بیەوێت لە هەندەران کار بکات، پێویستی بە زمانی ئینگلیزی دەبێت. ئەوەش یەکێک لەو هۆیانەیە کە وای کردووە حەزی قوتابی بۆ زمانی ئینگلیزی لە زمانی کوردی زۆرتر بێت، هەرچەند زمانی کوردی زمانی دایکی خۆیەتی.

هۆی قوتابیانی قوتابخانەی جمهووری کە زمانی کوردیان هەڵبژاردووە، لەو خاڵانەدا پۆلێن کراوە: ١. چونکە زمانی وڵاتەکەمانە، ٢. چونکە زمانی شیرینی دایکە، ٣. چونکە باشتری لێ تێدەگەم، ٤. چونکە زمانی خۆمە، ٥. چونکە زمانێکی سادە و ئاسان و خۆشە. ٦. زمانی باب و باپیرانە.

لە لێکدانەوەی هۆی وەڵامی قوتابیان بۆ پرسیاری دووهەم، دەکرێت بگوترێ، زمان بە لای قوتابییەوە، هێمایەکە کە جوگرافیای کوردستان نیشان دەدات. واتە زمانی کوردی ئەم توانایییەی هەیە، کوردستانی پێ بناسرێتەوە. ئەوە نیشان دەدات، زمان بابەتێکی سیاسییە و دەتوانێت شوناسی وڵاتێکی حاشا لێکراو بێت، هەروەها نیشان دەدات کە ئەم پێوەرە، یەک لە

پێوەرە گرنگەکانە کە دەبێتە هۆی خۆشەویستی زمانی کوردی و ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی کە یەکێک لەو بابەتانەی کە پێگەی زمانی کوردی لای قوتابی بەرز دەکاتەوە، ئەوەیە کە زمانی کوردی یەکێک لە شوناسە گرنگەکانی تاکی کوردە.

لە لێکدانەوەی ئەو هۆیەی کە قوتابی دەڵێت، بۆیە حەزم لە زمانی کوردییە، چونکە زمانی کوردی زمانی شیرینی دایکە، دەردەکەوێت کە زمانی دایکبوون، پێوەرێکی گرنگە بۆ خۆشەویستی زمانێک و چوونەسەری پێگەی زمانەکە بە لای ئاخێوەرەکەیەوە. واتە ئەو زمانەی منداڵ یەکەم جار لە زگی دایکیدا گوێی لێدەبێت و یەکەم جار قسەی پێدەکات، حەزێکی گەورە لای تاک دروست دەکات. سەرەڕای ئەوەش، ئەو هۆیە نیشان دەدات، هۆگری بە زمان لایەنی سۆزدارانەشی هەیە. واتە ئەو زمانەی یەکەم جار دایک منداڵی پێ دەلاوێنێتەوە و لایەلایەی پێ دەڵێت و حیکایەتی بۆ پێدەگێڕێتەوە، دەچێتە ناو ناخوداگای منداڵەوە و لە دەروونی نادیاری ئەودا دەمێنیتەوە و حەزێکی قووڵی لا دروست دەکات.

باش تێگەیشتن یەکێکی دیکە لەو هۆیانەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی قوتابی زمانی کوردی هەڵبژێرێت. ئەوە نیشان دەدات، زمانی دایک بەبەراورد لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا، زمانێکە کە قوتابی بە باشترین شێوە لێی تێدەگات. بە باشی تێگەیشتن لە زمانێک، مەرجی سەرەکی پێگەیاندنی قوتابییە و تێگەیشتن و تێگەیاندنی قوتابی ڕەمزی سەرکەوتن لە بواری خوێندن و دواتر لە بوارە جۆراوجۆرەکانیدیشدایە. هۆی تێگەیشتنی باشتر هۆیەکیشە بۆ ئەوەی حەزی قوتابی بۆ لای بابەتەکە بچێت و، دواتر، لە ڕێگای ئەم حەز و تێگەیشتنەوە، دەتوانێت لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا سەرکەوتنی زۆرتر بەدەست بێنێت و داهێنانی لەسەر بەرهەم بێنێت.

لە دەربڕینی هۆی چوارەمدا کە بەڕێژەی چوارەم دێ، قوتابی هۆی خۆشەویستی زمانی کوردی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە زمانی خۆیەتی. ئەو هۆیە باس لە گرنگی هەستی خاوەنداری مرۆڤ بەرانبەر بە زمان دەکات. مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی حەزی لە شتەکانی خۆیەتی.

ئیخۆبوون بابەتێکە کە حەز بۆ ئینسان دروست دەکات. لە بەرانبەردا، هەست بە ئیخۆنەبوون یا هەست بە بێگانەکردنی زمانێک، تێگەی "ئەویدی" لای مرۆڤ دروست دەکات. واتە زمانی دایک ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە ئاخێوەری زمانەکە بە هی خۆی بزانێت و بیپارێزێ و خۆشی بوێ و خزمەتی بکات.

وەک لە هۆی وەڵامی قوتابیان دەردەکەوێت، سادەبوون، ئاسانی و خۆشی، سێ هۆکاری دیکەن کە دەبن بە هۆی ئەوەی قوتابی زمانی کوردی خۆش بوێت. ئەوەی کە زمان کەرەسەیە و باشترین کەرەسە بۆ تێگەیاندن و تێگەیشتن زمانێکە کە بە لای قوتابییەوە سادە بێ، بۆتە هۆی ئەوەی کە قوتابی حەز لە زمانی کوردی بکات. ئاسانبوون و خۆشی زمانیش دوو هۆی دیکەن کە گونجاوی زمانێک بۆ کارپێکردن لە پرۆسەی پەروەردەدا نیشان دەدەن. واتە ئەم هۆیە باس لە بەهادان بە پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا دەکات.

هۆی کۆتایی حەزی قوتابیان بۆ زمانی کوردی ئەوەیە کە زمانی باب و باپیرانە. ئەو هۆیە لە چاو هۆیەکانیدی بە ڕێژەی کەمترین دێت. دانەپاڵی باب و باپیر بۆ سەر زمانی کوردی نیشان دەدات، کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی پیاو سالارە و قوتابی زمانی کوردی بە باب و باپیرانییەوە دەبەستێتەوە، هەروەها ئەو پێوەرە جۆرە هۆگرییەک لای قوتابی دروست دەکات کە سەرەڕای پێشاندانی شوناسبوونی زمان بۆ قوتابی، دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی خاوەنداری لە زمانەکە بکات و هەست بکات، ئەوە زمانێکی بۆماوەییە و دەبێت خاوەنداری لێبکات. ئەوەش هۆیەکە بۆ پاراستن و گەشەی زمان و دەبێتە هۆی پاراستنی کەلتوور و فەرهەنگ و بەها مێژووییەکان لای قوتابی و لەدواییدا ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیت.

ئەو هۆیانەی قوتابیانی پۆلی نۆی قوتابخانەی جمهووری باسیان کردووە نیشان دەدات، پێویستە زمانی کوردی پێگەکەی لەوەی هەیە بەرزتر بکرێتەوە. ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، ئەو بوارەی قوتابی تێدا پەروەردە کراوە نەیتوانیوە بە جۆری پێویست حەز بۆ زمانی کوردی لای

قوتابی دروستبکات. سەرەڕای ئەوەش، بەپێی ئەو هۆیانەی کە قوتابی باسی کردوون، دەردەکەوێت، قوتابی زمانی کوردی خۆش دەوێ و پێگەی زمانی کوردی ئەوەندە هەیە کە پشتی پێ ببەسترێت و پلانی تۆکمەتری بۆ دابمەزرێندرێت. لە درێژەی ئەم باسەدا، هۆی ئەو قوتابیانە پۆلێن کراوە کە زمانی ئینگلیزییان هەڵبژاردووە و لەدواییدا بە هۆی ئەوەی ناونیشانی تێزەکە زمانی کوردییە، لەگەڵ پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، بەراورد دەکرێت.

<u>لە لێکدانەوەی ئەم پرسیارەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی</u> کە کۆمەڵێک بابەت هەیە کە دەبێتە هۆی بەرهەم هاتنی حەزی قوتابی بەرانبەر زمانە جیاوازەکان. سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، دەتوانێت بیر لەو هۆیانە بکاتەوە و پلان بۆ ئەو زمانە دابرێژێ کە پێی باشە پێگەی بەرز بێتەوە. چونکە وەک لویس جان کالفی دەڵێت، جێبەجێکردنی لایەنەکانی سەر بە پلاندارێژیی زمانی لە ئەستۆی دەوڵەتە (لویس جان کالفی، ٢٠١٢، ل١٥٣). بە بڕوای توێژەری ئەم تێزە، ئەو تێروانینەی لویس نیشان دەدات، هەر چەند سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی وڵاتان، تا ڕادەیەکی زۆر، بەرهەمی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری وڵاتەکەیە، بەڵام جۆری پلاندارێژیی زمانی ئەرکی حکومەتە و لە چۆنییەتییەکەی و ئاکامەکانی بەرپرسیارە. بەتایبەتی کاتێک دەبینرێت، زمانی ئینگلیزی خاوەنی کۆمەڵێک پشتیوانی بەهێزی ئابووری، زانستی، مێژوویی، کەلتووری، ئینترنێتی، پیشەسازی و جەماوەرییە کە ڕۆژبەڕۆژ پێگەی ئەم زمانە بەهێزتر دەکات و کردوویەتە هەڕەشە لەسەر زمانەکانیدیکە کە زمانی کوردی یەکێک لەوانە. حکومەت و سیستەمی پەروەردە دەتوانێت بە بیرکردنەوە لەو هۆیانەی کە قوتابیان باسیان کردووە، پێگەی زمانی کوردی بەرز بکاتەوە، یا هەرنەبێ کارێکی وا بکات، پێگەکەی لەوەی هەیە لاوازتر نەبێت.

### ٥. ١. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم

پرسیاری سێهەم دەیەوێت بزانێت، ئاخۆ، قوتابیان تا چ ڕادەیەک خوێندنی زمانی کوردییان پێخۆشە. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە چوار بژاردەی هیچ، کەم، زۆر و یەکجار زۆر بۆ قوتابیان دەستنیشان کراوە. هەژمار و ڕێژەی وڵامی ئەم پرسیارە بە جۆری خشتە و وێنەی خوارەوەیە.

خشتەی ٥. ٢ هەژماری قوتابی لەبارەی پێخۆشبوونی خوێندنی زمانی کوردی

| قوتابخانە | هیچ | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 1 | 9 | 13 | 15 | 9 | 47 |
| فاخیر | 3 | 12 | 46 | 28 | 0 | 89 |
| ئەختەر | 2 | 2 | 8 | 14 | 0 | 26 |
| کۆی گشتی | 6 | 23 | 67 | 57 | 9 | 162 |




وێنەی ٥. ٢ ڕێژەی پێخۆشبوونی خوێندنی زمانی کوردی

ئەو وێنەیە ڕێژەی جیاوازی حەزی قوتابیان لەو سێ قوتابخانەیە بۆ زمانی کوردی دیاریدەکات. بۆ نموونە، زۆرترین ڕێژەی کچان حەزیان لە خوێندن بە زمانی کوردییە. لە هەمان کاتیشدا، لەنێو ئەوانەدا کە خوێندن بە زمانی کوردییان پێخۆش نییە، کچان زۆرترین ڕێژەیان تۆمار کردووە. خاڵیکی سەرنجڕاکێشیتر ئەوەیە کە قوتابخانەی تێکەڵاو و کوڕانە بەبەراورد لەگەڵ قوتابخانەی کچانەدا، زۆرتر لەگەڵ کۆی گشتیدا یەکدەگرنەوە. ئەمە وەکوو پێکهاتەیەکی جێگای پرسیار خۆ دەنوێنێت کە لەدرێژەدا لەبارەیدا دەدوێین.

ڕێژەی ئەو کەسانەی خوێندنی زمانی کوردییان زۆر و یەکجار زۆر پێخۆشە کە دەگاتە ٧٦٪ی قوتابیان، نیشان دەدات، زمانی کوردی خاوەن پێگەیەکی بەرزە. بەتایبەتی پێگەی ئەو زمانە کاتێک بەرجەستەتریش دەبێتەوە کە ٣٥٪ قوتابیان بە یەکجار زۆر وەڵامیان داوەتەوە. وەڵامی ئەو پرسیارە بەبەراورد لەگەڵ پرسیاری دووهەمدا نیشان دەدات، سەرەڕای ئەوەی قوتابی هەستی بە گرنگی زمانی ئینگلیزی کردووە، بەڵام ئەگەر بژاردەی ئینگلیزی لە بەردەستیدا نەمێنێت، بە زۆری بە لای زمانی کوردیدا دەشکێتەوە. ئەوەی لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ١٨٪ قوتابیان خوێندنی زمانی کوردییان پێخۆش نییە. ئەم تێزە لە درێژەی لێکدانەوەی هۆی وەڵامەکاندا هەوڵ دەدات، زۆرتر لە هۆی وەڵامی قوتابیان ورد بێتەوە.

هۆی ئەو قوتابیانەی بە <u>زۆر و یەکجار زۆر</u> وەڵامیان داوەتەوە، لە زۆرەوە بۆ کەم، بەو شێوەیە پۆلێن دەکرێت: "مامۆستامان باشە و وەڵاممان دەداتەوە، مامۆستاکەمان تەنیا بە شێوەی تیۆری وانە ناڵێتەوە، بەڵکوو بە شێوەی کردەیی باسی دەکات، زمانێکی ئاسان، خۆش و سادەیە و دەتوانی بیخوێنی و سەعی لەسەر بکەی، زمانی خۆمانە، زمانی باب و باپیرانە (زمانی نیشتمانییە، ، زمانی دایکە)، بە شانازی دەزانم و شوناسی ئێمەی کوردە، کوردی بە دونیا ناساند و کوردستان بە خوێندنی ئەو زمانە پێش دەکەوێت". .ئەو کەسانەی وەڵامی <u>کەم و</u>

نەخێریان داوەتەوە بەو شێوەیە هۆی وەڵامەکانیان پۆلێن دەکرێت: "لە بەر ئەوەی قەت نابین بە دەوڵەت، چونکە ناتوانین بەو زمانەی کە خۆمان دەمانەوێ بخوێنین. من هەولێریم و هەندێک جار لە هەندێک وشە تێناگەم، ئەگەر بە زمانێکی دیکە بخوێنین، دەتوانین زمانێکیدیش فێربین، دەیزانم و لەبەر ئەوەی ناخۆشە، لە بەر ڕێزمانی و نموونەی ئەدەب. ناخۆشە، پێویستم پێی نییە و تێیناگەم و لەبەرکردنی گرانە.

لە لێکدانەوەی ڕێژە و و هۆی وەڵامی پرسیاری سێهەمدا، دەبێت بگوترێ، بەشێک لەو حەزە، پەیوەندی بە جۆری پلاندارێژی زمانی بە گشتی و جۆری پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەیە و ئەویش بە نۆبەی خۆی بەرهەمی سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. هەڵبەت، باسکردن لەو بابەتە بەو مانایە نییە کە کاریگەری فەرهەنگ و مێژوو و بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر پێگەی زمانی کوردی لای قوتابی وەبەرچاو نەگیرێت. وەک داوەری ئەردەکانی (داوری داوری اردکانی، ۱۳۹۰، ل۱٥) باس دەکات، ئەو لایەنانەی کاریگەرییان لەسەر پێگەی زمان هەیە، دەری دەخەن، کە لە خوێندنەوەی پێگەی زماندا، کاریگەری لایەنی کۆمەڵناسیی زمان لە لایەنی زمانناسانەی زمان بەرجەستەترە.

کاتێک لە هۆی ئەو کەسانە دەڕوانین کە خوێندنی زمانی کوردییان پێخۆشە، بۆمان دەردەکەوێت، ئاسانبوونی زمانی کوردی یەک لە هۆیەکانی پێخۆشبوونی ئەو زمانەیە. ئەوە نیشان دەدات، یەکەم زمانی دایک ئاسانترین زمانە بۆ قوتابی و دووهەمیش، ئاسانبوونی زمان مەرجێکە کە زمان لای قویابی خۆشەویست دەکات. لێرە پرسیار ئەوەیە، چۆن زمانێک ئاسان دەکرێتەوە؟ ئەو نامە پێی وایە، ئەگەر لایەنە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە جەستەی زمان وەک خاڵبەندی و ڕێزمان و ڕێنووس و داڕشتنی کتێبە وانەییەکان ڕێک و پێک بێت و فێرکاری زمانیش بە ڕێکوپێکی ئەنجام بدرێت، ئەم مەرجە دێتەدی و دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی

زمانەکەی پێخۆش بێت. پێچەوانەکەشی ڕاستە و بەشێک لە هۆی ئەو کەسانەی کە خوێندنی زمانی کوردییان پێخۆش نییە، هۆیەکەیان نەبوونی ئەو مەرجانەیە کە باسییان کرا.

مدرسی (١٣٩٣، ل٢٨٤) ڕای وایە، ئەو زمانەی کاری خوێندنی پێدەکرێت و وەک زمانی پێوەر بەکار دەهێندرێت، پێویستە دوو تایبەتمەندی هەبێت کە بریتین لە ١. خۆڕاگری و خۆڕاهێنان و ٢. وردی (دقت) و پۆختی و پاراوی. واتە توانایی زمانی پێوەر لە لایەک پێویستی بە خۆڕاهێنان لەگەڵ تێگە نوێیەکاندا هەیە و ئەوە یەک لەو مەرجانەیە کە دەرفەتی ئەوە بە زمان دەبەخشێت، بتوانێ ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێت و ویستی قوتابی دابین بکات. لە لایدیشەوە، پێویستە داهێنانەکانی پوخت و پاراو و ورد بن بۆ ئەوەی بتوانن هەڵگری باری مانایی تێگە جۆراوجۆرەکان بن و لە زمانان خۆشبێن. داهێنان لە زماندا دەبێت خاوەنی مەرجی دیکەش بێت. بۆ نموونە، بتوانێ کۆدەنگی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و زۆربەی کۆمەڵگە قبووڵی بکەن. بۆ ئەوەی بەو شێوەیە بتوانێت یەکگرتوویییەکی زمانی دروست بکات و سنووری خۆی لەگەڵ زمانەکانی دەوروبەری خۆیدا دیاری بکات.

بە ڕای ئەو قوتابیانەی کە خوێندنی زمانی کوردیان پێخۆشە، نیشتمانیبوون و خۆمانەبوون دوو هۆیدیکەی ئەم بابەتەن. وەک مدرسی (١٣٩٣، ل٢٩٦) باس دەکات، زمانی نیشتمانی خاوەنی تێگەیەکی بێ لایەنانەیە. واتە زمانێکە کە تەنیا بۆ ئەوەیە کە نیشتمانی خاوەن زمانەکە لە نیشتمانەکانی دەوروبەری خۆی جیا بکاتەوە، بەڵام بە بڕوای توێژەر زمانی کوردی بۆ گەلێکی بندەستی وەکوو کورد، زمانێکە کە لە ڕێگای ئەوەوە توانیوییە و دەتوانێت بەرگری بێ لە شوناسی خۆی بکات و لە ڕێگای ئەوەوە لە بەرانبەر داگیرکاری گەلانی دیکە بوەستێتەوە. ئەو هۆیەی کە لەودا قوتابی زمانی کوردی وەک زمانی نیشتمانی وەسف دەکات، نیشان دەدات، زمانی کوردی لای ئەو قوتابیانە، زمانێکی نیشتمانییە و کوردستان وڵاتێکە کە بە زمانی کوردی دەناسرێتەوە و زمانی کوردیش کەرەسەیەکە بۆ ناسینەوە و بەرگریکردن لەو نیشتمانە.

وەک لە تیۆری باسەکەدا ئاماژەی پێکراوە (رابرت فیلیپسن، ١٣٩٣، ل٢٥٩) بەشێک لە بەرپرسیارەتی هەبوون یا نەبوونی ئەم هەستە لای قوتابی، دەکەوێتە ئەستۆی ڕێکخراوە حکومییەکان کە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان یەک لە ڕێکخراوە کاریگەرەکانی ئەم بوارەیە، بەڵام هاوکات دەبێ ئەوشمان لە بیر بێت، بەشێکی سەرەکی لە بەرپرسیارەتی ئەو ١٨٪ کە خوێندنی زمانی کوردیان پێخۆش نییە یا کەمیان پێخۆشە و لەدواییدا کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر هەستی نیشتمانی تاکی کورد، دوبارە دەکەوێتە ئەستۆی جۆری پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا.

ئەوەی کە بە ڕای قوتابی زمانی کوردی ئەو توانایییەی هەیە کە کورد بە جیهان بناسێنێت، زمانی کوردی لای قوتابی خۆشەویست کردووە. ئەوە نیشان دەدات، قوتابی لە ڕوانگەی نەتەوەیی دەروانێتە زمانەکەی، بابەتێک کە بە ڕای ئەم تێزە سیاسیبوونی زمان بەرجەستە دەکاتەوە و نیشان دەدات، پلاندارێژیی زمانی ئەوەندەی بابەتێکی زمانناسانەیە، بەو ڕادەیەش پەیوەندی بە کۆمەڵناسییەوە هەیە، بەجۆرێک کە دەکرێت لە ڕێگای زمانەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێمی کوردستان لێکبدرێتەوە. پێشتر لە بەشی تیۆردا نیشاندرا، چۆن پلاندارێژیی زمانی پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە.

ئەو هۆیەی کە قوتابی زمانی کوردی بە زمانێکی خۆش وەسف دەکات، جیگەی سەرنجێکی زۆرترە. بە باوەڕی فیشمەن (٢٠٠٢) زمان بە شێوەیەکی زاتی و خۆیی ناتوانێ نە خۆش بێت نە ناخۆش. واتە وەک ئەو دەڵێت، زمان ناتوانێ لە خۆوە هەڵگری وەها بەهایەک بێت (داوری اردکانی، ١٣٩٠، ل١٦٠). کەواتە ئەوە ئاخێوەرانی زمانن کە وەها بەهایەک بە زمان دەبەخشن. بۆیە دەکرێت بگوترێ، زمانی کوردی بە هۆی بارودۆخی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی توانیویە ئەو ئاست و بەهایە بەدەستبێنێت و بە زمانێکی خۆش بناسرێتەوە. هەڵبەت دەبێت ئەوەمان لە بیر بێت، زمان و پێگەکەی بەردەوام لە حاڵی گۆڕان دان. واتە ئەوە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و جیهانییە کە وێڕای سیاسەت و

پلاندارێژی حکومەتەکان و پێکهاتەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی چۆنییەتی پێگەی زمان لە داهاتوودا دیاری دەکات. لە ڕووی ئەو داتایانەوە دەگەین بەو ئەنجامەی کە ئەگەر سیستەمی پەروەردە توێژینەوەی ورد لەو بارەدا بکات، دەتوانێت پلانێک بۆ زمان دابڕێژێت کە زۆرترین کاریگەری لەسەر زمانی تاک و کۆمەڵگە هەبێت.

بە بەراوردکردنی پێگەی زمانی کوردی لەو سێ قوتابخانەیەدا، دەردەکەوێت کە کچان زۆرتر لە کوڕان زمانی کوردیان پێخۆشە. واتە پێگەی زمانی کوردی لە لای کچان بەرزترە. ئەو جیاوازییە نیشان دەدات کە لایەنی سۆزداری لە خۆشەویستی زماندا دەور دەبینێت. واتە دیاریکردنی زمانی دایک بۆ زمانی یەکەم پڕ بە پێستییەتی، چونکە ئەم هۆگری و خۆشەویستییە لە کچاندا بەرزترە.

لە لێکدانەوەی هۆی ئەو کەسانەی کە خوێندنی زمانی کوردیان پێخۆش نییە، ئەو هۆیە جێگەی سەرنجە، کە قوتابی دەڵێت، چونکە هیچ کات نابین بە دەوڵەت! ئەوە نیشان دەدات، نەبوون بە دەوڵەت کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردی هەیە و بۆتە هۆی ئەوەی کە پێخۆشبوونی خوێندن بە زمانی کوردی لاواز بێ. دیارە پێچەوانەکەشی ڕاستە و بەدەوڵەتبوون یەک لەو هۆیانەیە کە پێگەی زمانی کوردی لای قوتابی بەرز دەکاتەوە.

زانینی زمانی کوردی یەکێکی دیکە لەو هۆیانەیە کە حەزی قوتابی بەرانبەر خوێندن بە زمانی کوردی کەم کردووەتەوە. ئەو وەڵامە لەوانەیە دوو هۆی هەبێت. یەکەم، قوتابی تێنەگەیەندراوە کە بایەخی زمان لە زانینەکەی زۆرترە و دووهەمیش، نیشان دەدات، قوتابی زۆرتر حەزی لە فێربوونی ئەو زمانەیە کە نایزانێ و دەیەوێت فێری بێت. ئەو هۆیەش نیشان دەدات، سیستەمی پەروەردە و لایەنە کاریگەرەکانیدی نەیان توانیوە ئەرکەکانی زمانی دایک بۆ قوتابی ڕوون بکەنەوە. بە هۆی ئەو شتانەی کە قوتابی لەبارەی ڕێزماندا باسی کردووە هۆیەکیدیش لەوانەیە ئەوە بێت کە سیستەمی پەروەردە دەیەوێت قوتابییەکی پۆلی نۆ بکات بە

زماناسێک کە زمانی کوردی شیبکاتەوە، بەتایبەتی لەو جێگایەی کە قوتابی باس لە قورسی ڕێزمانی کوردی دەکات.

هۆیەکی دیکە بۆ ئەوەی قوتابی حەزی لە خوێندن بە زمانی کوردی نییە، ئەوەیە کە ناتوانن بەو زمانە بخوێنن کە خۆیان حەزیان لێیە. ئەوە نیشان دەدات، ئەو قوتابیانە یا ئەوەیە کەسانێکن کە زمانی دایک ئەوان زمانێکی غەیری کوردییە یا دەنا شێوەزارەکەی ئەوان جیاوازە لەو شێوەزارەی کە لە قوتابخانە دەخوێندرێ یا قسەی پێدەکرێت. ئەوە نموونەیەکی باشە کە بزانین ئاخۆ ئەوانەی بە زمانی خۆیان ناخوێنن چ هەستێکیان بەرانبەر بە زمانی خوێندنی وڵاتێک هەیە کە پێی دەخوێندرێت و زمانی دایکی ئەوان نییە. ئەوەی کە سیستەمی پەروەردە بە چ شێوەیەک ئاوڕ لەو مەسەلەیە دەداتەوە و چ پلانێکی بۆ ئەو بابەتە هەیە شتێکی دیکەیە، بەڵام ئەوەی لێرە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە بە زمانی دایکی خۆیان ناخوێنن لەوانەیە ڕقیان هەستێ و ڕقەکەشیان بە زمانی باڵادەست دەرببڕن.

لە کۆتایی وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەمدا، دەکرێت بگوترێ، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی قوتابیان خوێندنی زمانی کوردیان پێخۆشە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاویش هەیە کە پێیان خۆش نییە و هۆیەکەشی پەیوەندی بە جۆری پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردە و ڕێکخراوەکانیدی هەرێمی کوردستاندا هەیە.

### ٤.١.٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم

لە پرسیاری چوارەمدا، لە قوتابی پرسیار کراوە، ئاخۆ بە زمانی کوردی هیچ بابەتێکی ئەدەبی وەکوو شیعر و چیرۆکی نووسیوە. قوتابی سەرپشک کراوە کە بە نەخێر یا بە بەڵێ وەڵام بداتەوە. هەژمار و ڕێژەی وەڵامەکان بە جۆری خشتە و وێنەی خوارەوەن.

خشتەی ٥. ٣ هەژماری قوتابی لەبارەی نووسینی بابەت بە زمانی کوردی

| قوتابخانەی | بەڵێ | نەخێر | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 25 | 18 | 4 | 47 |
| ئەختەر | 10 | 16 | 0 | 26 |
| فاخیر | 29 | 60 | 0 | 89 |
| کۆی گشتی | 64 | 94 | 4 | 162 |




وێنەی ٥. ٣ ڕێژەی نووسینی بابەت بەزمانی کوردی

نووسین بەشێکی هەرە گرنگە لە پرۆسەی پەروەردە. نووسین یەکێک لەو مەرجانەیە کە قوتابی لەگەڵ زمانەکەیدا ڕادێنێت و سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی گەشەکردنی قوتابی، دەبێتە هۆی گەشەکردنی پێگە و جەستەی زمانی کوردی. واتە نووسین کاریگەری ئەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردی لە لای قوتابی هەیە. ئەو ڕێژانە نیشان دەدەن سیستەمی پەروەردە نەیتوانیوە، لە دەرەوەی بابەتە وانەییەکان، قوتابی لەسەر نووسین ڕابێنێت و ئەو کارە وەک بەشێک لە ئەرکی پەروەردەیی خۆی جێبەجێ بکات. ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێگە و جەستەی زمانی کوردی لای قوتابی.

بەبەراوردکردنی ڕێژەی نووسین لە نێوان ئەم سێ قوتابخانەیەدا دەردەکەوێت، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ڕادەی نووسینی کوڕان و کچاندا نییە و قوتابی بە گشتی بە ڕێژەیەکی کەم خۆی بە نووسینی بابەتی غەیری وانەیی سەرقاڵ دەکات. واتە قوتابی فێرناکرێ کە چۆن بنووسێت. هۆی ئەو بابەتە، پەیوەندی بە پلاندارێژیی فێرکاری لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. واتە جۆری فێرکاری دەتوانێت هاندەری قوتابی بێ بۆ نووسین. هەڵبەت توێژەر ئەوەی لەبیرە کە بوونە نووسەر، کارێکی دەگمەن و ئەستەمە و تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە پلاندارێژییەکی تۆکمەش هەیە، زۆربەی قوتابیان نابنە نووسەر. بۆیە لێرە مەبەست ئەوەیە، کە بەپێی ئەرکی پەروەردەییش بێ، وەک ڕاهێنان لە بواری نووسیندا، پێویستە قوتابی لەبارەی هەندێک بابەتدا بنووسێت. بۆ نموونە، ئەگەر دوای تەواوبوون لە دەسگایەک دامەزرا بتوانێت لە چوارچێوەی چاوەڕوانی ئەو دەزگایەدا ڕاپۆرتێک بنووسێ یا گوزاریش لە کار و چالاکییەکانی بکات. بێ ئەوەی هەڵەی لە ڕێنووس و ڕێزمان و خاڵبەندیدا هەبێت، بەڵام لەوەسف و لێکدانەوەی ئەم پرسیارەدا دەردەکەوێت کە سیستەمی پەروەردە، فێرکاریی نووسینی بابەتی غەیری وانەیی نەخستۆتە نێو پلانی پەروەردەیی خۆی. بابەتێک کە لە درێژخایەندا کاریگەری نەرێنی ئەخاتە سەر پێگە و جەستەی زمانی کوردی. بەپێی ئەوەیکە نووسین و خوێندنەوە تەواوکەری یەکدیکەن، لە درێژەدا، ڕێژە و چۆنییەتی خوێندنەوەی بابەتە غەیری وانەییەکان لە لایەن قوتابییەوە لێک دەدرێتەوە.

### ٥.١.٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم

پرسیاری پێنجەم تەواوکەری پرسیاری چوارەمە و لە قوتابی دەپرسێت، ئایا جگە لە کتێبە وانەییەکان کتێبی دیکە دەخوێنێتەوە. هەژمار و ڕێژەی وەڵامەکان لەو سێ قوتابخانەیە بە شێوەی خوارەوەن.

خشتەی ٥. ٤. هەژماری قوتابی سەبارەت بە خوێندنەوەی کتێبی غەیری وانەیی

| قوتابی | بەڵێ | نەخێر | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|
| جمهوری | 19 | 28 | 47 |
| ئەختەر | 19 | 7 | 26 |
| فاخیر | 62 | 27 | 89 |
| کۆی گشتی | 100 | 62 | 162 |




وێنەی ٥. ٤ ڕێژەی خوێندنەوەی کتێبی غەیری وانەیی

خوێندنەوە یەکێک لەو بابەتانەیە کە کاریگەری لەسەر پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی هەیە. لە لایدیش پلاندارێژیی زمانی کاریگەری لەسەر ڕادەی خوێندنەوەی قوتابی دادەنێت. بۆیە دەتوانرێ، لە ڕووی ڕێژەی خوێندنەوەی قوتابی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەڵسەنگێندرێ و باس لە چۆنییەتی پێگە و جەستە و فێرکاری زمانی کوردی لە ئێستا و لە داهاتوودا بکرێت. وەک محەمەد ڕەزا باتنی باس دەکات، زۆربەی زانکۆ بەرزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەنی ناوەند و کلینیکی تایبەت بە خوێندنەوەن و لەو بارەدا خەریکی توێژینەوەن بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بدۆزنەوە، قوتابی قوتابخانەکان لەسەر خوێندنەوە ڕابێنن

(باطنی، ٢٥٣٥شا، ل٦٤). له قوتابخانەکانی کەنەدا، له پۆلی سەرەتاییەوە هەتا کۆتایی ناوەندی، قوتابی ڕادێنن به خوێندنەوەی کورته چیرۆک و ماڵپەڕەکان. بۆ نموونه، له پۆلی هەشت و نۆدا قوتابی له ماوەی ساڵێکدا نزیکەی چوار هەتا پێنج ڕۆمان دەخوێنێتەوە و چەند پرۆژە دەنووسێ، بۆ تەواوکردنیان ناچاره به دەیان ماڵپەڕ سەنگ و سووژن بکات و شیان بکاتەوە (جەعفەر شێخۆلئیسلامی، ٧/ ٨/ ٢٠١٩). له سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، پلانێک بۆ ڕاهێنانی قوتابی لەبارەی خوێندنەوەدا نییه. واته بەهایەکی ئەوتۆ به خوێندنەوە نەدراوە و لەسەر هونەری چۆن خوێندنەوە کار نەکراوە. تەنانەت، تا ئەو جێیەی توێژەری ئەم زانیبێتی، لەو بارەوە توێژینەوەیەکیش نەکراوە بۆ ئەوەی چۆنییەتی و ڕادەی خوێندنەوە زانرابێت.

خوێندنەوە بابەتێکه که کاریگەری لەسەر لایەنەکانی پلاندارێژیی زمانی هەیه. واته له ڕێگەی خوێندنەوە زمان گەشە دەکات، پەرە دەستێنێت و لەئاکامدا فەرهەنگ و زانیاری پێش دەکەوێت. لەو توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت که به گشتی ٧٠٪ قوتابیان بابەتی غەیری وانەیی دەخوێننەوە، بەڵام ڕادەی خوێندنەوەکەیان دیار نییه و ٣٠٪ ناخوێننەوە که دەبێت سیستەمی پەروەردە ئەو ڕێژەیه به گرنگ بزانێت و خەمی لێبخوات. جیا لەو شتانەی باسی کرا، پرسیاری پێنجەم بۆ ئەوە له قوتابی کراوە که لەدواییدا جەستەی زمانی نێو کتێبه غەیری وانەییەکان بەبەراورد لەگەڵ کتێبه وانەییەکان هەڵسەنگێندرێت و لێکبدرێنەوە.

وەڵامی ئەو پرسیارە و بەراوردکردنی لەگەڵ پرسیاری پێشوو که باس له ڕێژەی نووسینی قوتابی دەکات، نیشان دەدات، ڕێژەی خوێندنەوەی بابەتی غەیری وانەیی له ڕێژەی نووسینەکەی زۆرترە. لێرەدا ڕەنگه ئەم پرسیارە لای خوێنەری ئەم تێزە دروست بێت، که به هۆی ئەوەی نووسین کارێکی داهێنەرانەیه و له زۆربەی کۆمەڵگەکان خوێندەوار له نووسەر زۆرترە، ناکرێ بەراوردی ڕادەی نووسین لەگەڵ ڕادەی خوێندنەوە بکرێت، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم تێزەیه نووسەربوون به مانا باوەکەی نییه، بەڵکوو مەبەست له نووسین، ئەوەیه که سیستەمی پەروەردە به جۆرێک دارێژرابێت که له قوتابی بوێ، له دەرەوەی بابەته

وانەییەکان بابەتیدی بخوێنێتەوە و لەبارەیاندا بنووسێت. ئەم تێزە ئەوە وەک بۆشایی چاولێدەکات و، پێشنیاز دەکات، سیستەمی پەروەردە بایەخێکی زۆرتر بە مەسەلەی نووسین بدا. بەبەراوردی ڕێژەی خوێندنەوە لە نێوان کچان و کوڕانی دوو قوتابخانەی ئەختەر و جمهووریدا دەرکەوت، کچان زۆرتر لە کوڕان بابەتی غەیری وانەیی دەخوێننەوە و، بە بەراورد بە تێکەڵاوی قوتابخانەی فاخیریش دەرکەوت، قوتابی چینی مامناوەند زۆرتر بەها بە خوێندنەوەی بابەتی غەیری وانەیی دەدەن.

دامەزراندنی ناوەندی خوێندنەوە لە سیستەمی پەروەردەدا یەکێکی دیکە لە پێشنیازەکانی ئەم تێزەیە. ئەم ناوەندە دەتوانێت لەسەر چۆنییەتی و ڕادەی خوێندنەوە لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا توێژینەوە ئەنجام بدات. لەدواییدا ناوەند و کلینیکی پەیوەندیدار بەو بابەتە بۆ مامۆستایان دابمەزرێندرێت، بە جۆرێک کە مامۆستا بۆ ئەم بابەتە ڕابهێندرێت. بۆ ئەوەی هەم گرنگی بابەتەکە درک بکرێت و هەمیش لەسەر چۆنییەتی خوێندنەوە ڕابهێندرێن و لەدواییدا ئەم زانیارییانە بگوازرێتەوە ناو پەروەردە. جێبەجێکردنی ئەم پێشنیازە دەبێتە هۆی گەشەی زانیاری لە ڕێگەی زمانەوە و خزمەتی پێگە و جەستە و فێرکاری زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا دەکات.

### ٥. ١. ٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شەشەم

پرسیاری شەشەم تەواوکەری پرسیاری پێنجەمە و دەیەوێت بزانێت کە ئەو بابەتانەی لە دەرەوەی کتێبە وانەییەکان دەخوێندرێنەوە چین و ڕێژەکەیان چەندەیە. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە، شەش بژاردە خراوەتە بەردەستی قوتابی کە بریتین لە، ڕۆمان، گۆڤار، ڕۆژنامە، شیعر، کتێبی زانستی و کتێبی وەرزشی. شوێنی بەتاڵیش داندراوە، کە ئەگەر لە دەرەوەی ئەم

بژاردانە بابەتێکیدی هەیە کە قوتابی دەیانخوێنێتەوە، بنووسرێ. هەژمار و ڕێژەی وەڵامەکان بەو شێوەی خوارەوەیە.

خشتەی ٥. ٥ هەژماری قوتابی لەبارەی جۆری ئەو بابەتە غەیری وانەییانەی قوتابی دەیانخوێنێتەوە

| قوتابخانە | ڕۆمان | گۆڤار | ڕۆژنامە | شیعر | زانست | وەرزش | بێ وەڵام | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 1 | 1 | 3 | 6 | 7 | 2 | 27 | 47 |
| ئەختەر | 10 | 3 | 3 | 1 | 8 | 1 | 0 | 26 |
| فاخیر | 18 | 14 | 4 | 12 | 31 | 10 | 0 | 89 |
| کۆی گشتی | 29 | 18 | 10 | 19 | 46 | 13 | 27 | 162 |




وێنەی ٥. ٥ ڕێژەی جۆری خوێندنەوەی قوتابی

زمان کەرەسەی پەیوەندی نێوان قوتابی و کتێبە غەیری وانەییەکانە. ئەوە سەرنجی ئەم تێزە بۆ دوو شت ڕادەکێشێت. یەکەم، ئەوەی کە سیستەمی پەروەردە چەندە توانیوییە توانای قوتابی لە ئەمری خوێندنەوەدا بەرز بکاتەوە و دواتر چ پێگەیەکی بۆ زمانی کوردی لای قوتابی دابین کردووە، تا قوتابی بەو زمانە بخوێنێتەوە، هەروەها چ جۆرە کتێب و دەقێک بە زمانی

کوردی ئامادە کراوە کە سەرنجی قوتابی بۆ لای خوێندنەوەی زۆرتر ڕابکێشێت. لە لایدیشەوە بارودۆخی زمانی کوردی لە کتێبە غەیری وانەییەکاندا بە چ شێوەیەکە. ئەو پرسیارە و ڕێژەی وەڵامەکانی دەریدەخات، پێویستە سیستەمی پەروەردە و بە گشتی حکومەت، بەهایەکی زۆرتر بە کتێبی جۆراوجۆری غەیری وانەیی بدەن. بەتایبەتی لە باری زمانەوە کارێکی وا بکەن کە ئەو کتێبانە بتوانن سەرنجی قوتابی زۆرتر ڕابکێشن و ببنە کەرەسەیەک بۆ پەرە پێدانی زانست لە کۆمەڵگەدا. لە ڕووی ڕێژەی وەڵامی ئەو پرسیارە دەردەکەوێت، زۆرترین بابەتێک کە قوتابی لە دەرەوەی کتێبە وانەییەکان دەیخوێنێتەوە بابەتی زانستییە. ئەوە دەریدەخات، قوتابی بەشێک لە زانیارییەکانی خۆی لە کتێبە غەیری وانەییەکان وەردەگرێت، هەروەها ئەو ڕاپرسییە دەری خستووە، ڕۆمان یەک لەو بابەتانەیە کە لە لایەن قوتابییەوە بەهای پێ دەدرێت. واتە کاریگەری لەسەر جەستە و پێگەی زمانی کوردی هەیە. بۆیە ئەگەر زۆرتر بەها بە ڕۆمان بدرێ، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەی زمانی کوردی و لە ڕێگەی ڕۆمانەوە دەتوانرێت جەستەی ئەم زمانە وای لێبکرێت کە قوتابی چێژی زۆرتری لێوەربگرێت و بەهرەی زۆرتری لێببینێت و باوەڕێکی زۆرتری بە زمانەکەی لا دروست بێت. بە تایبەت لەسەردەمێکدا کە ئیمپریالیزمی زمانی ئینگلیزی خەریکە زمانەکانی دیکە قووت دەدات و خاوەنی هەژموونییەکی باڵادەستە.

شیعر یەکێکیدی لە جۆرەکانی ئەدەبییاتە کە بە دەرەجەی سێهەم دێت. گەر چاوێک بە ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت، نووسەرانی کورد، زیاد لە هەموو جۆرەکانی نووسین، بەهایان بە شیعر داوە. داهێنانی زمانی و هونەری و وێنەیی لە شێعردا، لەسەرووی هەموو بابەتە هونەرییەکانەوەیە و کورد لە هونەری شیعردا زۆرترین چالاکی نواندووە. دیارە ئەوە هەر تایبەت بە زمانی کوردی نییە و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە گشتی، زۆرتر لە هەموو ژانرێک بەهایان بە شیعر داوە. شیعری کوردی سەرەڕای داهێنان لە زماندا، بە هۆی ئاهەنگینبوونییەوە، توانیویە زمانی کوردی لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکیدی، تەنانەت ئەگەر توانای خوێندنەوەشیان نەبووبێ، بگوازێتەوە و بەو شێوەیە گرنگترین جۆری ئەدەبیات ئەژمار بکرێت

كە كاریگەری لەسەر پێگە، جەستە و فێرکاری زمان بووە و هەیە. بۆیە جێگەی خۆیەتی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، لە پلاندارێژیی زمانیدا بەهایەکی زۆرتر بۆ ئەم ژانرە ئەدەبییە قایل بێت.

ڕێژەی خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامە لە چاو بابەتەکانی دیکە کەمە. ئەوە نیشان دەدات ڕۆژنامە و گۆڤار نەیانتوانیوە سەرنجی قوتابی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. پێویستە وەزارەتی پەروەردە خەم لەو بابەتە بخوا و دەرفەتێکی وا بخوڵقێنێت، کە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بتوانن سەرنجی قوتابی ڕابکێشن. لە قوتابخانەکانیش قوتابی هانبدرێ، زۆرتر ئەم جۆرە بابەتانە بخوێنێتەوە. بابەتی وەرزیشی لە کۆتاییدا دێت و ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت، وەرزیش زۆرتر لە ڕێگەی بینین و ئەنجامدانەوە بەڕێوەدەچێت نەک خوێندنەوە. لە کۆتاییدا سەرەڕای ئەو شتانەی باس کرا، ئەو توێژینەوەیە دەریدەخات، لە لایەکەوە سیستەمی پەروەردە دەتوانێت لە ڕێگەی ڕاهێنانی قوتابی، چۆنایەتی و چەندایەتی خوێندنەوەی بابەتی غەیری وانەیی پەرە پێبدا و بەو جۆرە کاریگەری بخاتە سەر پێگە و جەستەی زمانی کوردی و لە باری فێرکاریشەوە سوود لە بابەتە غەیری وانەییەکان ببینێت، لە لایەکیشەوە نیشان دەدات حکومەت و کۆمەڵگە دەتوانن لە ڕێگەی بەهادان بە بابەتە غەیری وانەییەکان، هەم خزمەتی زمان بکەن و هەم خزمەتی زانست، کە لە دواییدا دەبێتە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵی کوردەواری. بەراوردکردنی زمانی بابەتە وانەییەکان و بابەتە غەیری وانەییەکان تەوەرەیەکی دیکەیە کە چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، زۆرتر ڕوون دەکاتەوە.

### ٥.١.٧. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم

پرسیاری حەوتەم دەیەوێت ڕوانگەی قوتابی سەبارەت بە چۆنییەتی جەستەی زمانیی بابەتە غەیری وانەییەکان بزانێت و لەگەڵ جەستەی زمانیی کتێبە وانەییەکان بەراوردی بکات.

بۆ ئەوەی لە ڕووی ئەو بەراوردە، لە چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی لە کتێبە وانەییەکاندا باشتر تێبگات. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە لە قوتابی پرسیار کراوە: بە چ ڕادەیەک لەو زمانە کوردییە ڕازییە کە بابەتە غەیری وانەییەکانی پێ نووسراوەتەوە. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە چوار بژاردە لە بەردەم قوتابی داندراوە کە بریتین لە هیچ، کەم، زۆر و یەکجار زۆر. هەژمار و ڕێژەی وڵامەکان بەم جۆرەن.

خشتەی ٥. ٦ هەژماری قوتابی سەبارەت بە ڕەزامەندی لە جەستەی کتێبە غەیری وانەییەکان

| قوتابخانە | هیچ | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | ٣ | 10 | 24 | 10 | 0 | 47 |
| ئەختەر | 2 | 6 | 14 | 4 | 0 | 26 |
| فاخیر | 1 | 13 | 58 | 10 | 7 | 89 |
| کۆی گشتی | 6 | 29 | 96 | 24 | 7 | 162 |




وێنەی ٥. ٦ ڕێژەی ڕەزامەندی لە جەستەی زمانی بابەتە غەیری وانەییەکان

ئەوانەی زۆر ڕازین، بەو شێوەیە باس لە هۆی وەڵامەکانیان دەکەن: "لێی تێدەگەم، زمانی دایک و زمانی خۆمانە، زمانێکی خۆشە، هەڵەی کەم تێدایە، زانیاری بەسوودمان پێدەبەخشێت، نووسەرەکانی باش و بە توانان، بەپێی تێگەیشتنی قوتابی نووسراوە، کوردی نیشانەی سەربەخۆبوونی کوردستانم دەسەلمێنێ، جگە لە شێوەزاری سۆرانی بە شێوەزاری کرمانجیش نووسراوە. وەک زمانی عەرەبی کێشەی نییە". ئەوانەی یەکجار زۆریان هەڵبژاردووە، بەو جۆرە باس لە هۆیەکانی دەکەن: "بە جوانی لێی تێدەگەی، زمانی دایک و باب و باپیرانە و بە باشی نووسراوە و ئەوانەی کتێبەکانیان داناوە ناودارن". ئەوانەی کە بە کەم وەڵامیان داوەتەوە دەڵێن: "هەڵەی تێدایە، بۆ نموونە، هەڵەی ڕێزمانی، خاڵبەندی باش نییە، وشەکانی ڕەسەن نین، وشەی وای تێدایە کە قوتابی لێی تێناگات، بە وردی نووسراوە و لێی تێناگەی، شێوەزاری جۆراوجۆری تێدا بەکار دەهێندرێت، زانیاری زۆریان تێدا نییە و باشترە زۆرتر بەها بە ئینگلیزی بدرێ". ئەو کەسانەی هیچ ڕازی نین، بەو شێوەیە باس لە هۆیەکەی دەکەن: "لێی تێناگەم و سوودم پێ ناگەیێنێ و مێشکم ماندی دەکات".

وەک لە ڕێژەکان دەردەکەوێت، زۆربەی قوتابیان لەو زمانە ڕازین کە بابەتە غەیری وانەییەکانی پێ نووسراوەتەوە. ئەوە نیشان دەدات کە هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی لەو بابەتانەدا نین یا ئەگەر هەشبێ لەو ئاستەدا نییە، کە بووبێ بە هۆی ناڕەزامەندی قوتابی. ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی لە زمانی بابەتە غەیری دەرسییەکان بە گشتی ٥٩٪ زۆر و ١٥٪ یەکجار زۆرە، لەسەر یەک دەبێتە ٧٤٪. بە بەراورد ئەو ڕێژەیە لەگەڵ ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی لە جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان کە بە گشتی ٦٠٪ دەردەکەوێت، هەڵەی جەستەی زمانی بابەتە دەرسییەکان لە بابەتە غەیری وانەییەکان زۆرترە.

ئەگەر ڕەزامەندی قوتابی بکەین بە یەکێک لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی زمانی بابەتە غەیری وانەییەکان بۆمان دەردەکەوێت، هەبوونی شێوەزاری جۆراوجۆر لەنێو بابەتە غەیری وانەییەکاندا، یەکێک لەو هۆکارانەیە کە ڕەزامەندی قوتابی لەسەر بونیاد نراوە. ئەوە نیشان

ڕەدات بەهادان بە شێوەزاری قوتابی، لە ناو کتێبە وانەییەکاندا دەبێتە هۆی پێک هێنانی ڕەزامەندی قوتابی، بەڵام لە لایەکیشەوە بۆ بەشێک لە قوتابیان گرفتی دروست کردووە و بە ڕەخنەوە لەو بابەتە دەڕوانن، چونکە وشە و ڕێزمانی شێوەزارێ غەیری شێوەزاری ئەوان بۆتە هۆی لاوازبوونی تێگەیشتنی ئەوان. ئەوە بابەتێکە، کە وەک لە هۆی وەڵامەکان دەردەکەوێت، بە شێوەی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری دەخاتە سەر لقەکانی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا و لە دەرەوەی ئەویش. ئەوە ئاشکرای دەکات، کە پێویستە سیستەمی پەروەردە، بە مەبەستی دروستکردنی حەزی قوتابی و دواتر بردنە سەری پێگەی زمانی کوردی و پەرەپێدانی ڕادەی زانیاری قوتابی، زۆرتر بیر لەو بابەتە بکاتەوە و پلانی گونجاوی بۆ دابڕێژێت. بۆ نمونە، قوتابی لە بارودۆخی زمانی کوردی و هەلومەرجی کۆمەڵگەی کوردەواری و بەهای فێربوون و تێگەیشتن لە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی تێبگەیەندرێت.

جوان تێگەیشتن یەکێکی دیکە لەو هۆیانەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی قوتابی لە زمانی بابەتە غەیری وانەییەکان ڕازی بێت. ئەگەر لە باری زمانەوانییەوە بیر لە هۆی جوان تێگەیشتن بکرێتەوە، ئەو ئەنجامە بەدەستدێت، ئەو زمانەی بابەتە غەیری وانەییەکانی پێنووسراوەتەوە، لە چاو کتێبە وانەییەکان، لە باری ڕێنووس، ڕێزمان، خاڵبەندی و جۆری داڕشتنەوە سەرکەوتووە. واتە ئەوانە کۆمەڵێک هۆن کە دەبن بە هۆی باش تێگەیشتنی قوتابی، بۆیە سەرنجدان بەو خاڵانە کە دەبنە هۆی باشتر تێگەیشنی قوتابی، مەرجێکی گرنگن کە ئەگەر لە کتێبە وانەییەکانی سیستەمی پەروەردەدا وەبەرچاوبگیرێت، دەبێتە هۆی ڕەزامەندی قوتابی و دواتر ڕاپەڕاندنی سەرکەوتوانەی ئەرکی سیستەمی پەروەردە کە لەسەر دەستی زمان جێبەجێ دەکرێت.

یەکێکیدی لەو هۆیانەی ڕەزامەندی قوتابی بەرهەم هێناوە، خۆمانەبوونی زمانی کوردییە. "خۆمانەبوون" تێگەیەکە کە باس لە پەیوەندییەکی سۆزدارانە لە نێوان قوتابی و زماندا دەکات. ئەوە نیشان دەدات کە زمان تەنیا کەرەسە نییە. بەڵکوو بەشێکە لە حەز و خۆشەویستی

مرۆڤ. ئەوە ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی کە مرۆڤ وەک چۆن هەست بە خۆمانەبوونی زمانی دایک دەکات و خۆشیدەوێت، لەوانەیە، زمانی غەیری دایکی خۆی خۆشنەوێت. خۆمانەبوون هاوەڵناوێکە کە خۆشەویستی و هۆگری بەرهەمدێنێت. ئەوە دەتوانێت هۆیەک بێ بۆ ئەوەی بمانگەیێنێت بەو ئەنجامەی، زمانی دایک زۆرتر و باشتر بتوانێ کاری پەروەردەیی پێبکرێت.

زانیاری بەخشین هۆیەکی دیکەیە کە بۆتە هۆی ڕەزامەندی قوتابی لە بابەتە غەیری وانەییەکان. ئەم خاڵە بەم تێزە دەڵێت، ناوەرۆکی کتێبە وانەییەکان دەبێت بە جۆرێک بن کە زانیاری سوودمەن بە قوتابی ببەخشن. ئەوە دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی ڕەزامەندی قوتابی و لەئاکامدا ڕادەی زانیاری لای قوتابی بەرز دەکاتەوە. ڕەنگە لێرەدا ئەو پرسیارە بێتەگۆڕێ، مەگەر دەکرێت کتێبی وانەیی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییە نەبێت؟ لێرە مەبەست ئەوەیە، کتێبەکان توانایی ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکەیان ببێ کە زمان و جۆری دارشتنەکەی دەورێکی کاریگەر لەو بابەتەدا دەبینن. لە لایدیشەوە، بە سوودبوونی زانیاری، بەرۆژکردنەوەی زانیاری و هەروەها کارپێکەری ئەو زانیارییانە لە ژیانی رۆژانە و خاڵی سێهەمیش، حەزی قوتابی کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی هەیە. واتە هەم زمان و هەم ناوەرۆکی کتێبە وانەییەکان لە بەخشینی زانیاریدا دەورێکی گرنگ دەبینن کە لایەنی فێرکاری دەگرێتەوە و یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژی زمانییە.

ناوداربوونی نووسەری بابەت هۆیەکی دیکەیە کە قوتابیان ئاماژەیان پێداوە. ئەو خاڵە دەریدەخات، بۆ دروستکردنی حەزی خوێندن و خوێندنەوە و فێربوون، ناوداری نووسەر دەورێکی کاریگەر دەبینێت. بۆیە سیستەمی پەروەردە پێویستە بایەخ بەو بابەتە بدات و پێگەی نووسەرانی بابەت بۆ قوتابیان باس بکرێت و بەرز بنرخێندرێت و بەهای پێویستی پێ بدرێت. ئەوە دەتوانێت یارمەتی بەشی فێرکاری لە سیستەمی پەروەردەدا بدات.

له ئەنجامی بەراوردکردنی ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی و زمانی بابەتە غەیری وانەییەکان، لەگەڵ زمانی کتێبە وانەییەکان، چەند ئاکامێک دەست دەکەوێت. یەکەم، بارودۆخی جەستەی زمانی بابەتە غەیری وانەییەکان لە جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان باشترە کە بە شێوەی ناڕاستەخۆ کاریگەری لەسەر پێگەی زمانی کوردی دادەنێت. دووهەم، زمانی کوردی باشترین کەرەسەی فێرکردن و ڕاهێنانە. سێهەم، زمان جیا لەوەی کەرەسەی ڕاگواستنی مەبەست و بیر و باوەڕی مرۆڤ بە یەکدیکەیە، لایەنی سۆزدارانەشی هەیە و هۆیەکە کە شوناسی تاکی لەسەر بونیاددەندرێت. چوارەم، وەبەرچاوگرتنی حەزی قوتابی دەبێتە هۆی هۆگری و لەدواییدا پێشکەوتنی زۆرتری قوتابی لە بوارەکەی خۆیدا.

### ٥.١.٨ وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری هەشتەم

پرسیاری هەشتەم هەتا پرسیاری سێزدەهەم پەیوەندی بە جەستەی زمانی کوردی لە کتێبە وانەییەکانی پۆلی نۆی ناوەندیدا هەیە. ئەو پرسیارە دەیەوێ ڕوانگەی قوتابی سەبارەت بە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان بزانێت و ڕادەی ڕەزامەندی قوتابی لە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان هەڵسەنگێنێت و دواتر لێکیانبداتەوە. ڕێنووس یەکێک لەو بابەتانەیە کە پەیوەندی بە جەستەی زمانەوە هەیە و جەستەی زمانیش یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدایە. داوەری ئەردەکانی (داوری اردکانی، a ،١٣٩٠، ل١١) لەو بارەدا دەڵێت: "مەبەست لە جەستەی زمان ماکەی زمانە کە لایەنی وشە، ڕێنوس، ڕێزمان، خاڵبەندی و دارشتن دەگرێتەوە". ئەم تێزە ڕای وایە، قوتابی چەقی بابەتی سیستەمی پەروەردەیە و زۆر گرنگە کە لە ڕوانگەی قوتابییەوە، لە جەستەی زمانی کوردی تێبگات و لەدواییدا هەڵیسەنگێنی. ئەم تێزە بە نیازە بە وردبوونەوە لە وەڵامی ئەو پرسیارانە و هۆیەکانی، لە جەستەی زمانی

کوردی ناو کتێبەوانەییەکان تێبگات، گرنگییەکەی باس بکات و لە ئەنجامدا هاوکار بێ لە پێناو چاکسازی جەستەی زمانی کوردی لە کتێبە وانەییەکاندا.

هەژمار و ڕێژەی وڵامی قوتابیان سەبارەت بە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان بەو شێوەی خوارەوەیە.

خشتەی ٥. ٧ هەژماری قوتابی سەبارەت بە ڕەزامەندی لە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان

| قوتابخانە | نەخێر | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 3 | 11 | 22 | 5 | 6 | 47 |
| ئەختەر | 1 | 9 | 13 | 3 | 0 | 26 |
| فاخیر | 8 | 27 | 49 | 5 | 0 | 89 |
| کۆی گشتی | 12 | 47 | 84 | 13 | 6 | 162 |




وێنەی ٥. ٧ ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی سەبارەت بە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان

بە گشتی لە ڕێژەی وەڵامی قوتابی دەردەکەوێت، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان توانیوییەتی تا ڕادەیەک ڕەزامەندی قوتابی بەرهەم بێنێت. ئەوە ئەنجامێکی گرنگە کە بەشێکی زۆری بەرهەمی پلاندارێژی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندایە. ڕەزامەندی قوتابی لە ڕێنوسی کتێبە وانەییەکان سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانەوە هەیە، دەبێتە هۆی چوونەسەری ئاستی پێگەی زمانی کوردی. وەک وارداف (٢٠٠٢، ل٣٥٣) دەڵێت، پلاندارێژیی زمانی هەوڵێکە بۆ دەستێوەردانی دەسانقەستی دەسەڵات لە زماندا (غفارثمر، ١٣٩٦، ل٢٣٦). بەو هۆیە ڕادەی ڕەزامەندی قوتابی بەرهەمی جۆری ئەو دەستوەردانە ئانقەستەیە کە حکومەت لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردەوە لەسەر قوتابی بە ئەنجامی دەگەیەنێت. هەر بەو هۆیەش لەبارەی پێگەی زمان و هەروەها چۆنییەتی مامەلەکردن لەگەڵ جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان، بەرپرسیارە.

ڕێژەی ڕەخنەکان نیشان دەدات، کتێبە وانەییەکان هەڵەی ڕێنووسی زۆریان تێدایە و بەو هۆیە ڕەزامەندی قوتابی بە ڕادەیەکی پەسەند کراو و پێویست بەدی نەهاتووە و ئەوەش پەیوەندی بە جۆری پلاندارێژی سیستەمی پەروەردە لەبارەی جەستەی زمانی کوردییەوە هەیە. واتە بەرهەمهێنانی ناڕەزامەندی قوتابی، بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر شانی حکومەت و، ئەو ڕێژەیە لە ناڕەزامەندی قوتابی لە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان دەخوازێ کە حکومەت ئاوڕێکی مکوڕ لە زمانی کتێبە وانەییەکان بداتەوە.

ئەگەر زمان وەک کەرەسەی ڕاگواستنی زانیاری و دروستکردنی زانیاری لای قوتابی سەیر بکرێت، ئەو کەرەسەیە ئەوکاتە کاری خۆی بە تەواوی بەئەنجام دەگەیێنێت کە جەستەی زمانەکە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک خزمەتی کرابێت. واتە ئەگەر جەستەی زمانی نەتوانێ ڕەزامەندی قوتابی دابین بکات، سەرەڕای ئەوەی ئامانجەکانی فێرکاری پێ جێبەجێ نەکراوە، کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردیش داناوە. بەوپێیەی زمان خاوەنی تایبەتمەندی کۆمەلایەتی و سیاسییە، بەو جۆرە کاریگەری دەخاتە سەر بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و

ئابووری کۆمەڵگەی کوردەواری. لە ڕوانگەی سیاسی ئەگەر داڕێژەرانی سیاسەت بیر لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەکەنەوە، یا هەرنەبێ دەیانەوێ نیشتمانێک بونیاد بنێن کە لەودا زمانی کوردی پارێزراوبێ، وا باشترە زۆرتر سەرنج بدەنە جەستە و پێگەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان. لە درێژەی هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی هۆی بژاردەی قوتابیان باشتر دەتوانین بچینە ناو وردەکاری بابەتەکە و بەرچاورِوونی زۆرتر دەکەوێتە بەر دەست.

هۆی وەڵامی قوتابیان کە بژاردەی زۆریان هەڵبژاردووە، بەم جۆرەیە: "کەسێک خوێندەواری تەواوی هەبێت دەتوانێت بیخوێنێتەوە، هەڵەی کەم تێدایە، خاڵبەندی باشە، بابەتەکانی بە سوودن، هەندێکی بە بادینی نووسراوە، بە پوختی نووسراوە و بە ئاسانی لێی تێدەگەم و ئەو کتێبانەی چاپیان تازەیە زۆر باشن، بەڵام کۆنەکان نا". ئەوانەی کەمیان هەڵبژاردووە بەو شێوەیە باسی هۆیەکانی ئەکەن: "لە بەر ئەوەی هەندێ جار کتێبەکان کۆن و دڕاون و نووسینەکەیان دیار نییە، ڕێنووسی کتێبەکان یەکدەست نییە، هەندێک جار ڕێنووسەکەی هەڵەی تێدایە و هەموو جار مامۆستا پێمان دەڵێت، قوتابی پێویستە خۆی ئەم هەڵانە چاک بکاتەوە، هەڵەی زۆر تێدایە و سەر لە قوتابی دەشێوێنێ و هەندێک جار مانایان نییە". ئەوانەی بە نەخێر وەڵامی داوەتەوە بەو شێوەیە باس لە هۆیەکەی دەکەن: "زۆربەی وشەکانی بە زمانی دیکە نووسراوە و نازانرێ کە بە کوردی چی پێدەڵێت، هەڵەی زۆر تێدایە و پێویستە بە زمانێکی باشتر بنووسرێتەوە و بەتایبەتی کتێبی وانەی کۆمەڵایەتی هەڵەی زۆر تێدایە". ئەوانەی بە یەکجار زۆریش ولامیان داوەتەوە ڕایان وایە، کتێبە وانەییەکان هەڵەیان تێدا نییە و بەباشی نووسراون و بە باشی دەخوێندرێنەوە.

ڕادەی ڕەزامەندی قوتابی لە ڕێنوسی کتێبە وانەییەکان نیشان دەدات، سیستەمی پەروەردە تا چ ڕادەیەک بایەخی بە پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان داوە و چ بڕیارگەلێکی لەبارەی جەستەی زمانی کوردی داوە و بە چ شێوەیەک جێبەجێی کردوون. چونکە پلاندارێژی جەستەی زمان لقێکی سەرەکی ئەم تێگەیە و بەشێکی گرنگی چۆنییەتی

ئەو بابەتە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، لەنێو ڕێنووسی کتێبە وانەییەکاندا، خۆی دەردەخات. ڕێژەی ئەو قوتابیانەی کە لە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان ڕازین نیشان دەدات، کتێبە وانەییەکان بۆ پشت پێبەستن دەبن و تا ڕادەیەکی باش توانیویانە ببنە مایەی ڕەزامەندی قوتابی، بەڵام لە ڕووی ئەو ڕێژەیەی ڕازی نین یا کەم ڕازین دەردەکەوێت، ڕێنووسی کتێبەکان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە و پێداچوونەوەش بەو بابەتە ئەوە دەگەیێنێت کە پێویستە سیستەمی پەروردە بیر لە پلانێکی نوێ لەبارەی جەستەی زمانی کوردی کتێبە دەرسییەکان بکاتەوە و چاوەدێرییەکی وردیش بەسەر چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئەم بابەتەدا بکات. بۆ ئەوەی بتوانێت، لەو ڕێگەیەوە کاریگەری بخاتە سەر چۆنییەتی ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان کە لقێکە لە پلاندارێژیی جەستەی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا.

یەک لەو هۆیانەی کە ڕەزامەندی قوتابی لە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان بەرهەم هێناوە ئەوەیە، کە دەڵێت: "گەر کەسێکی خوێندەواری هەبێت دەیخوێنێتەوە". ڕاستە خوێندنەوە مەرجی ڕێنووسێکی باشە و مەرجێکی پێویستە، بەلام، ئەم مەرجە مەرجێکی تەواو و کافی نییە. مەرجی تەواو ئەوەیە کە نووسراوەکە هەموو مەرجەکانی نووسراوەیەکی باشی هەبێت و قوتابی بتوانێت بە باشی و بە خێرایی و بە بێ گرێ بابەتی کتێبە دەرسییەکان بخوێنێتەوە و بێ شرۆڤە بتوانێت زانیاری لێوەربگرێت.

هۆی چوارەمی ڕەزامەندی قوتابی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ئەوەیە کە شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردیان تێدا بەکارهێندراوە. ئەو هۆیە بوار بۆ ئەم تێزە دەڕەخسێنێت کە هەڵوێستەیەک لەسەر سیاسەتی زمانی و پلاندارێژیی زمانی کوردی لە کتێبە وانەییەکاندا بکات.

سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان کە پەیرەوی لە جۆری سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات، دەتوانێت شێوەزارێک لە شێوەزارەکانی باو لە هەرێمی

کوردستاندا بژار بکات و لەدواییدا بیکا بە زمانی پێخوێندن لە سیستەمی پەروەردەدا. مودێلێک کە وڵاتی گەورەی چین لە دوای شۆڕشی ١٩٤٩دا ڕەچاوی کردووە. واتە بۆ لە یەکدیکە تێگەیشتنی تاکی چینی، لە کونفراسێکدا (١٩٥٥) ڕێک کەوتن کە زمانێکی نوێ بۆ چینی گەورە دروست بکەن و لەو پێناوەدا زمانی "پۆتۆنگ هوا" یان وەک زمانی هاوبەش بۆ وڵاتی چین دیاری کرد. زمانێک کە ئەساسەکەی شێوەزاری پێکەن و شێوەزارەکانی باکووری ئەو وڵاتە بوو و بە سەرکەوتوویی توانی بە ئامانج بگات (رابرت فیلیپسن، ١٣٩٣، ل٢٩٠). نموونەیەکی جیاوازیتر کە یارمەتی پلاندارێژی و سیاسەتی زمانییەکی گونجاو بۆ هەرێمی کوردستان دەدا، سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی وڵاتی نوروێژە. نوروێژ یەک لە وڵاتە چووکە و کەم ڕێژەکانی ئیسکاندیناوییە کە چەندین سەدە لەژێر دەستی وڵاتی دانمارک و ماوەیەکیش ژێر چەپۆکەی وڵاتی سوئێد بووە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمدا، توانی سەربەخۆ بێت. لەو کاتەوە خەڵکی نوروێژ هەوڵیان دا لە هەموو دەرفەتەکان بۆ سەقامگیرکردن و پاراستنی شوناسی خۆیان کەڵک وەربگرن. لەو پەیوەندییەدا زمان یەکێک لە هێماکانی گرنگی شوناسی نەتەوەیی ئەوان بووە، بەڵام ئەو وڵاتە خاوەنی زمان و شێوەزاری جۆراوجۆرە. بەو هۆیە بە پێویستیان زانی کە زمانێکی هاوبەش بدۆزنەوە. خەڵک و نوخبەی ئەم وڵاتە، وەکوو باشووری کوردستان، لەبارەی زمانی فەرمیدا ڕای جیاوازیان هەبوو. گرووپێک ڕایان وابوو، بڕیاردان لە زمانێکی یەکگرتوو دادی ئەم کێشەیە دەدات و پێویستە بیر لە زمانێکی نەرویژی- دانمارکی بکرێتەوە بۆ ئەوەی ببێت بە زمانی پێوەر. گرووپێکی دیکە ڕایان وابوو کە یەکێک لە شێوەزارە ڕەسەنەکانی نەرویژ بکرێت بە زمانی پێوەر. بەو شێوەیە دوو شێوەزاری جیاواز کە هەر دووکیان سەر بە زمانێک بوون (لاندزمۆڵ یا زمانی نەتەوەیی و ڕیکسمۆڵ یا زمانی نیشتمانی) پێشنیاز کرا. بە هۆی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتی نوڕوێژ و بەرجەستەبوونەوەی دەوری حکومەت لەو بوارەدا، لە ئەنجامدا ئەو وڵاتە بوو بە خاوەنی دوو زمانی پێوەر کە هەر کامە و لە جوگرافیای خۆیدا کاری پێدەکرێت. واتە هیچ کام لەو دوو شێوەزارە نەیتوانیوە ئەوی

دیکەیان لابدا و یا ئەویدی قبووڵ بکات، بۆ ئەوەی یەکێک لەو دوو شێوەزارە ببێت بە زمانی گشتی بۆ کۆی ئەم وڵاتە. ئەوە بۆ وڵاتێکی چووکە و فەقیری وەک نەرویژ، هەڵگری تێچوویەکی زۆر بووە و تەنانەت بواری نایەکگرتوویی لە نێوان خەڵکدا ڕەخساندووە. ئەوە لە کاتێک دایە کە ئەم دوو لایەنە زمانییە زۆر لێک نزیکن و خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی هاوبەشی زمانین و بە ڕای زۆر کەس دوو شێوەزاری یەک زمانن. لە ئێستادا بە هۆی کۆی ئەم هۆیانەی باسیان کرا زمانەوانانی ئەم وڵاتە خەریکن، ئەم دوو زمانە تێکەڵ بکەن و زمانێکی پێوەری هاوبەش بونیاد بنێن کە پێی دەگوترێ: "سامنوشک (Samnorsk) یا "نۆرویژی یەکگرتوو"، سیاسەتێک کە خەریکە بە ئارامی بەڕێوەدەچێت (مدرسی، ١٣٩٣، ل٢٨٩- ٢٩٥).

وەک لە وەڵامی هۆی پرسیارەکان دەردەکەوێت، هۆی ڕەزامەندی بەشێک لە قوتابیان لە کتێبە وانەییەکان بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە شێوەزاری جیاوازی تێدا بەکارهێندراوە. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی ئەم تێزە سەرنج بداتە گرنگی ئەو بابەتە و سەرەڕای بەهادان بە زمانێکی فەرمی بۆ هەرێمی کوردستان، بیر لە بەهای شێوەزارە جیاوازەکانیش بکاتەوە. واتە لە ڕووی هەڵسەنگاندنی ڕای قوتابیانەوە دەردەکەوێت، کە گرنگە بیر لە ئەوە بکرێتەوە، پلانێکی زمانی وا دابڕێژرێت، کە لەلایەک بتوانێت ئامانجی ئەو کەسانە بپێکێت کە بیر لە وڵاتێکی یەکدەست و دیمۆکراتیک دەکەنەوە و لە لایدیش ویستی کۆمەڵگەی کوردەواری تێدا وەبەرچاو گیرابێت.

ئەوانەی لە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان ڕازی نین یا بە کەمی لێی ڕازین ئاماژەیان بەوە کردووە کە کتێبە وانەییەکان کۆن و دڕاون. ئەوە نیشان دەدات، کۆنی و دڕاوی کێشە بۆ خوێندنەوەی قوتابی دروست دەکات. واتە کۆنی و دڕاوی کتێبەکان بە هۆی بەکار هێنانی لە لایەن قوتابیانی ساڵەکانی پێشوو، بۆتە هۆی ئەوەی قوتابی لە خوێندنەوە و تێگەیشتنی بابەتەکاندا تووشی کێشە بێت. ئەوە لە حاڵێکدایە کە بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ توێژەری ئەم تێزەی کردووە و لەم تێزەدا هاتووە، دەڵێت:" ئێمە بۆ هەموو قوتابیانی پۆلی نۆ کتێبی نوێ دابین دەکەین." (دەقی وتووێژی ئەم تێزە لە گەڵ

بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە). ئەوە نیشان دەدات، یەکەم، یا وەزارەتی پەروەردە کتێبی تازە بۆ هەموو قوتابخانەکان ڕەوانە ناکات یا ئەگەر ڕەوانەش بکرێت بە قوتابیان نادرێت و لە کتێبە کۆنەکان کەڵک وەردەگیرێت و دووهەم، بۆ قوتابیانی پۆلەکانی دیکە کتێبی نوێ ڕەوانە ناکرێت و ئەوانیش کێشەی کتێبی دڕاو و کۆنیان هەیە، ئەوەش بابەتێکە کە کاریگەری نەرێنی لەسەر جەستەی زمانەکە هەیە و لەدواییدا کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر پێگەی زمانی کوردی. بەپێی ئەو پێناسانەی کە لە پلاندارێژیی زمانی کرا، ئەگەر حکومەت و سیستەمی پەروەردە بیانەوێت کاریگەری لەسەر جەستە و پێگەی زمانی کوردی دابنێن، دەبێت بیر لە چارەسەری کێشەی دڕاوی و کۆنی کتێبە وانەییەکان بکەنەوە.

ڕێژەیەک لە قوتابیانی ناڕازی دەڵێن، وشەکان بە زمانی غەیری کوردی نوسراون و لەئاکامدا، ئەوان بە باشی لە نوسینی کتێبەکان تێناگەن. تێنەگەیشتن لە نووسینی کتێبە وانەییەکان چەند هۆکارێکی هەیە. بەشێک لەو هۆکارانە بریتین لە هەڵەی ڕێزمانی، ڕێنووسی، داڕشتن و ناوەڕۆکی و هەروەها بەکارهێنانی وشەی زمانێکی دیکە، یا تەنانەت شێوەزارگەلی زمانی کوردی کە قوتابی لێی تێناگات. هەمووی ئەوانەش پەیوەندیان بە پلاندارێژیی جەستەی زمانەوە هەیە و پێویستە سیستەمی پەروەردە بیر لە چاکسازی لەو بابەتەدا بکاتەوە. پرۆسەیەک کە ئەگەر کاتژمێرێک زووتر دەستپێبکات باشترە. بە ڕای کوپر (داوری اردکانی، ١٣٩٠، ل١٢) سەرەکیترین بابەتی کۆمەڵناسیی زمان، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی ڕەفتاری زمانییە. واتە کۆمەڵناسیی زمان لە چۆنییەتی بەکارهێنانی زماندا کورت نابێتەوە، بەڵکوو جۆری تێڕوانین بە زمان و کردارە ئاشکرا و دیارەکانی زمانیش دەگرێتەوە. بۆیە دەکرێت بگوترێ، بەشێکی سەرەکی هۆی جۆری تێڕوانینی قوتابی بە زمانی کوردی بەرهەمی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی حکومەت و سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە. ئەم تێزە ئەوەشی لەبیرە کە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بەرهەمی کۆمەڵگەی کوردەواری و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و واقیعی سیاسی، ئابووری و مێژوویی هەرێمی کوردستانیشە.

لە ڕێگەی دۆزینەوە و وەسف و لێکدانەوەی جۆری تێڕوانینی قوتابی بە کتێبە وانەییەکان، دەکرێت جۆری نیگاو هەست و سۆزی قوتابی بەرانبەر زمانەکەی خۆی درک بکرێت. بۆ نموونە لەو جێگەیەدا کە قوتابی دەڵێت: "لە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان ڕازیم، چونکە لە شێوەزاری بادینی کەلک وەرگیراوە." ئەوە نیشان دەدات، قوتابی هۆگری بە پاراستنی شێوەزارەکەی خۆیەوە هەیە. ئەم هۆیە یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە دەتوانرێت لە ڕووی ئەو دەروونناسی و کۆمەڵناسیی زمانی تاووتوێ بکرێت و وەبیر سیستەمی پەروەردە بهێنرێتەوە، کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان چۆن کۆمەڵگەیەکە و پێویستە چ جۆرە پلانێکی زمانی بۆ دابڕێژرێت. وەک غەفارسەمەر لە زمانی شیفمەن (١٣٩٦، ل٢٧٦) باس دەکات، فەرهەنگی زمانی بریتییە لە باوەڕ و تێروانین و ئەفسانەکانی خەڵک سەبارەت بە زمان (غفارثمر، ١٣٩٦، ل٢٥٣). ئەم تێزە پێی وایە، پلاندارێژەرانی زمانی و تەنانەت ئەوانەی سیاسەتی زمانی وڵاتێک دادەڕێژن، دەبێت فەرهەنگی زمانی کۆمەڵگەکە وەبەرچاوبگرن. سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانیش لە پلاندارێژیی زمانی خۆیدا دەبێت سەرنج بداتە گرنگی ئەم بابەتە و لەنێو کتێبە وانەییەکاندا و لە پلاندارێژیی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکاندا وەبەر چاوی بگرێت. دیارە ئەوە هەر ئەو بەشە لە کوردستان ناگرێتەوە، کە بە کرمانجی ناوەڕاست دەخوێنن، بەڵکوو ئەم سەرنجە بۆ ناوچەی کرمانجی ژووررووش دەبێت وەبەر چاو بگیرێت.

ڕازیبوون یا نەبوونی قوتابی لە جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان، سەرەڕای کاریگەری لەسەر ڕادەی فێربوونی قوتابی، کاریگەری لەسەر پێگەی زمانەکەش هەیە. زانراوە کە مەبەستی سەرەکی سیستەمی پەروەردە، ڕاهێنانی قوتابییە و زمان گرنگترین کەرەسەی گەیشتن بەو ئامانجەیە. لە پێداچوونەوە بە هۆی ناڕەزامەندی قوتابی لە ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان، دەردەکەوێت، هەبوونی هەڵە لە کتێبە وانەییەکاندا، یەک لەو هۆیانەیە کە هەستی ناڕەزایەتی لای قوتابی دروست کردووە. هەبوونی هەڵە لە کتێبە وانەییەکاندا، جگە لە دروستکردنی هەستی ناڕەزایەتی، زیانی زانستی بە قوتابی دەگەیێنێت. بەپێی ئەوەی مەرجی

سەرەکی سیستەمی پەروەردە بەخشینی زانیاری بە قوتابییە، هەبوونی هەڵە لە زماندا کێشە لە بەردەم ئەم ئەرکەی زماندا دروست دەکات. خەسارەتێکی دیکەی هەڵە لە جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکاندا ئەوەیە، خۆشەویستی و متمانەی قوتابی بە زمانەکە کەمدەکاتەوە و لەئاکامدا ڕێگە بۆ گەشەی هەژموونی زمانەکانیدی خۆش دەکات. واتە هەبوونی هەڵە لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان زیان لە پێگەی زمانی کوردی دەدات، کە یەکێکە لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژیی زمانی و باشترین زمانە بۆ ڕاهێنان و پەروەردەکردنی قوتابی کورد. لە درێژەدا بە لێکدانەوەی هۆی ئەوکەسانەی لە ڕێنووسی زمانی کوردی ڕازین، درێژە بە باسەکە دەدەین.

جێگەی سەرنجە کە لە هۆی ڕەزامەندی قوتابیدا هاتووە، چونکە هەڵەی کەم تێدایە، بۆیە قوتابی لە ڕێنووسی زمانی کوردی ناو کتێبە وانەییەکان ڕازییە. ئەم هۆیە نیشان دەدات کە ڕەزامەندی ئەو ڕێژەیە لە قوتابیان بەو هۆیە نییە کە بە لای وانەوە ڕێنووسی کتێبەکان هەڵەیان تێدا نییە. بەڵکوو بەهۆی ئەوە ڕازییە کە هەڵەی کەم تێدایە. ئەوە لە لایەک نیشان دەدات کە هەبوون یا نەبوونی هەڵە پێوەرێکی گرنگە بۆ ڕەزامەندی قوتابی و لە لای دیکەشەوە، بە ڕای ئەو کەسانەوە کە ڕازیشن، ڕێنووسی کتێبەکان، تا ڕادەیەک، هەڵەی تێدایە. ئەو هۆیە باس لە بارودۆخی دەروونی قوتابی بەرانبەر ئەو هەڵانە دەکات کە ڕۆژانە دەیانبینێ، هەروەها ئەوە نیشان دەدات، قوتابی بە کەم ڕازییە و تەنانەت هەڵەکان بە لای ئەو وەک شتێکی ئاسایی سەیر دەکرێت. ئەوە هۆیەکە بۆ ئەوەی قوتابی هەوڵنەدا ئەو هەڵانەی بۆ ڕاست بکرێتەوە و لەدواییشدا ئەوە دەبێت بە کەلتوورێک کە قوتابی بەرانبەر هەڵەکانی دیکەی کۆمەڵ وەها هەڵوێستێکی هەبێت، ئەوەش پەیوەندی بە بابەتی پەروەردە و فێرکارییەوە هەیە کە سیستەمی پەروەردە لێی بەرپرسیارە. ئەگەر سیستەمی پەروەردە بیەوێت کۆمەڵی کوردەواری گەشە بکات، باشترە هەوڵبدا نەوەیەکی پرسیارکەر و ڕەخنەگر بار بێنێت. نەوەیەکی وا کە هەڵەکان ببینێت، بۆی گرنگ بێت، بە ئاسانی بەسەریاندا تێنەپەڕێ و لەدواییدا هەوڵی چاکسازیان بدا.

کۆنی و دڕاوی کتێبە وانەییەکان یەکێکدی لەو هۆیانەیە کە بۆتە مایەی ناڕەزامەندی قوتابی. ئەوە ئاماژە بە گرنگی چۆنییەتی چاپ و چۆنییەتی کاغەزی کتێبە وانەییەکان دەکات. واتە ئەگەر ئەو شتانە وەبەرچاو بگیرێن، زۆرتر سەرنجی قوتابی ڕادەکێشرێ و مەبەستەکانی پەروەدە باشتر وەدیدێنێت، مەرجێک کە پێک نەهاتووە و لە ئەنجامدا بۆتە هۆی ناڕەزامەندی قوتابی.

هەڵە لە وشە و ڕێزمان و ڕێنووسدا سێ بابەتی دیکەن کە بوونەتە هۆی ناڕەزامەندی قوتابی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان. ئەم سێ خاڵەی قوتابیان ئاماژەیان پێداوە، پەیوەندی بە جەستەی زمای کوردی هەیە و ئەم هۆیە نیشان دەدات کە جەستەی زمان، بابەتێکی سەرەکی پلاندارێژی زمانییە و پێویستە سیستەمی پەروەردە خەمی لێبخوا. یەکدەست نەبوونی ڕێنووسی زمانی کوردی خاڵێکی دیکەیە کە بۆتە هۆی ناڕەزامەندی قوتابی لە زمانی کتێبە وانەییەکان. ئەوە نیشان دەدات، هەرێمی کوردستان لە قۆناخی پێوەرسازی ڕێنووسدا ماوەتەوە و هێشتا نەیتوانیوە ئەم پرۆسەیە بە جۆرێک تێپەرێنێ کە هەموو ئەوانەی دەستیان لە نوسینی کتێبە وانەییەکاندا هەیە، پەیڕەوی لە یەک پێوەری پەسەند کراو بکەن.

لەوەسف و لێکدانەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانەدا، دەگەین بەو ئەنجامەی کە سیستەمی پەروەردە سەرەڕای ئەوەی دەبێت بە ڕێنووس و ڕێزمان و خاڵبەندی و چۆنییەتی چاپ و نوێبوونی کتێبەوانەییەکاندا بچێتەوە، پێویستە بیر لەوەش بکاتەوە، کە هەڵە لە جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان چ کاریگەرییەکی لەسەر پەروەردەی تاکی کورد دەبێت. ئەو توێژینەوەیە دەریخستووە، جەستەی زمان بۆ قوتابی جێگەی پرسیارە و سیستەمی پەروەردە دەبێت بەها بەو پرسیارانە بدات و سەرەڕای چاککردنی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان، نیشان بدا کە پرسیاری قوتابی بەلایەوە گرنگە و ئامادەیە جەوێکی پەروەردەیی وا دروست بکات کە لەودا نەوەیەکی بیرمەند و پرسیارکەر بەرهەم بێت، نەوەیەک کە بە ئاسانی بەسەر هەڵەکاندا

تێناپەڕێت. سەرەڕای ئەمانەش، نیشانی داوە کە لە پێناو داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ زمان، پێویستە بیر لە بابەتی دیکەی سەر بە جەستەی زمان، وەک خاڵبەندی بکرێتەوە.

### ٥. ١. ٩. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری نۆهەم

پرسیاری نۆهەم لە ڕادەی ڕەزامەندی قوتابی لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان دەپرسێت. بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە چوار بژاردە لە بەردەست قوتابی دانراوە کە بریتین لە نەخێر، کەم، زۆر و یەکجار زۆر. هەژمار و ڕێژەی وەڵامەکان بەم جۆرەی خوارەوەن.

خشتەی ٥. ٨ هەژماری قوتابی سەبارەت بە ڕەزامەندی لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان

| قوتابخانە | نەخێر | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 6 | 7 | 21 | 7 | 6 | 47 |
| ئەختەر | 3 | 6 | 13 | 4 | 0 | 26 |
| فاخیر | 11 | 25 | 49 | 4 | 0 | 89 |
| کۆی گشتی | 20 | 38 | 83 | 15 | 6 | 162 |




وێنەی ٥. ٨ ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان

به گشتی ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابیان نیشان دەدات، زۆربەی قوتابیان لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان ڕازین. بە جۆرێک کە ئەگەر ڕێژەی زۆر و یەکجار زۆر بە یەکەوە کۆوە بکەین ٦٠٪ قوتابیان دەگرێتەوە. هەرچەند ڕەنگە قوتابی بە تەواوی ئاگاداری مەرجەکانی خاڵبەندی دروست نەبێت، بەلام ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات کە سیستەمی پەروەردە توانیوییەتی ڕەزامەندی زۆرینەی قوتابییان لەو بارەوە دابین بکات. سەرەڕای ئەوش ٣٥٪ قوتابیان یا کەم ڕازین یە ئەوەیە ڕازی نین. ئەگەر ئەو ڕێژەیە بکەین بە پێوەر بۆ ڕادەی کەموکووڕی خاڵبەندی لە کتێبە وانەییەکاندا، بۆمان دەردەکەوێت کە هەرچەند کتێبەکانی سیستەمی پەروەردە لە بواری خاڵبەندی پلەیەکی مامناوەندی وەردەگرن، بەلام بۆ گەیشتن بە شوێنێکی بەرز و پەسەند کراو پێویستیان بە پێدا چوونەوە هەیە.

هۆی ئەو قوتابیانەی لەو سێ قوتابخانەیەدا، بژاردەی زۆریان بۆ جۆری ڕەزامەندی خۆیان هەڵبژاردووە ئەمانەن: "هەڵەی زۆر نییە، بەپێی شوێنەکەی دانراوە، ڕستەکان لە یەکدیکە جیا ئەکاتەوە، ئاسانی دەکاتەوە، فێری سنووردانان لە نێوان ڕستە، وشە و نووسینمان دەکات، لە کۆتایی خاڵی بۆ دانراوە، بە جوانی خاڵبەندی کراوە، ڕێک و پێکە، قوتابی بە ئاسانی لێکیان جودا دەکاتەوە و خوێندنەوە ئاسان دەکاتەوە". ئەوانەی بژاردەی کەمیان هەڵبژاردووە، بەو شێوەیە باس لە هۆکارەکانی دەکەن: "کەموکورتی هەیە، لە زۆر جێ دەبێ خاڵ دابندرێ، کەچی دانەندراوە، ڕستەکان تێکەڵ کراون، هەڵەی تێدایە، کتێبەکان خاڵبەندییان کەمە، خاڵەکان لە شوێنی خۆیان دانەندراون و زۆر لێی تێناگەی و بە باشی دانەندراوە". هۆی ئەو کەسانەی کە بە نەخێر وەلامیان داوەتەوە ئەوانەن: "مانای خاڵبەندی نازانم و خاڵەکان یارمەتی خوێندنەوە نادەن". هۆی ئەوانەی یەکجار زۆریان هەڵبژاردووە و بەو جۆرەیە: "کۆتایی ڕستەکان بە خاڵ دیاری کراوە، لە کۆتایی ڕستەدا گەر پێویست بێ، نیشانەی پرسیار دادەنێن و لە بەر ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێک و پێک خاڵبەندی کراوە".

خاڵبەندی (punctuation) بەکارهێنانی کۆمەڵێک نیشانەی وەک خاڵ، فاریزە، پرسیار و سەرسوڕمانە کە بۆ دروست خوێندنەوە، ئاسان خوێندنەوە و گەیاندنی پەیام بەکاردەهێندرێت. نیشانەش بریتییە لە هەر شتێک کە نوێنەڕایەتی شتێکی دیکە جگە لە خۆی بکات (رمضانی، ١٣٨٣، ل٦٩). بە بڕوای ئەم تێزە خوێندنەوەی دروست و خێرا لەو بەرهەمانەن کە خاڵبەندی دروست بە دەقێکی دەبەخشێت. زمانی نووسین لەگەڵ زمانی گوتن جیاوازە. خاڵبەندی هاوکاری نووسراوە دەکات کە چۆنییەتی شێوەی ئاخاوتنی نووسراوەکە، بە هەمان شێوە کە دەگوترێ، بنوێندرێ، هەروەها خاڵبەندی لە ڕووی ڕێزمانەوە دادەندرێت. واتە ئەرکێکی ڕێزمانییە کە بۆ خوێندنەوەی خێرا و دروست بەکار دەهێندرێت. پێشتر لە زمانی کوردیدا بەهایەکی ئەوتۆ بە خاڵبەندی نەدەدرا و قوتابی لە ڕێگەی دوبارەکردنەوە، فێری شێوەی دروستی نووسین و خوێندنەوەی دەق دەبوو. هەر ئەو شتەی کە لە زمانی عەرەبیشدا باو بووە و قورئان بە شێوەی زارەکی، لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکیدی دەگوازڕایەوە و بۆ خەڵکی عەرەب وشەی بێ خاڵ و ئیعراب و خاڵبەندی کێشەیەکی ئەوتۆی دروست نەدەکرد، بەڵام لە دواییدا بۆ نووسین و خوێندنەوەی دروستی دەقەکان، بەتایبەتی چونکە خوێندنەوە و نووسین پەرەی هەستاند، نیشانە دانان وەک مەرجێکی لێهات و ئەو نیشانانەش لە زمانی سریانی وەرگیران (هەمان، ل٧٤). دواتر، کە ڕێنووسی کوردی دامەزرا، گرنگی خاڵبەندی لە ڕێگەی زمانەکانی دیکەی وەک فارسی و ئینگلیزی هاتە نێو ڕێنووسی زمانی کوردی و ئێستا بە پێویستیەکی گرنگ ناسراوە و قسەکەی عەلی سولح جوو دەسەلمێنێ کە دەڵێت: "ئەگەر خاڵبەندی بە شێوەیەکی دروست بەکار بهێندرێت، خوێندنەوە ئاسانتر دەبێتەوە و بە پێچەوانەش گەر خاڵبەندی نەبێ یا هەڵە بێت، لەوانەیە لە خوێندنەوەدا هەڵە بکرێت یا تێگەیشتن دژوار بێت (صلح جو، ١٣٩١، ل٢٣٢). کەواتە بەپێی ئەوەی زمان خاوەنی پێکهاتەیەکی بەسەرەوبەرەیە، پێویستە سیستەمی پەروەردە خەم لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان بخوا و ئەم

تایبەتمەندییە لە نووسینی کتێبە وانەییەکاندا زۆرتر وەبەر چاو بگرێت، چونکە خاڵبەندی یەک لەو پرەنسیپە پەسەند کراوانەی نووسینی ڕاست و دروستە.

سەرەتا جۆری وەڵامی قوتابیان دەریدەخات کە قوتابیان لە خاڵبەندی تێگەیشتوون و دەکرێت بۆ لێکدانەوەی ئەم بابەتە پشت بە ڕای ئەوان ببەسترێت. بۆ نموونە گوتوویانە: " بەپێی شوێنەکەی دانراوە، ڕستەکان لە یەکدیکە جیا ئەکاتەوە، ئاسانی دەکاتەوە، فێری سنووردانان لە نێوان ڕستە، وشە و نووسینمان دەکات". ئەو بەشە جێگەی سەرنجە کە بەشێک لە قوتابیان سەرەڕای ئەوەی گوتوویانە، خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان هەڵەیان تێدایە، بەڵام لێشی ڕازین. ئەوە بە هەربارێکدا لێکبدرێتەوە جێگەی ڕەخنەیە. بۆ نموونە نیشانەی هاتنە خواری ڕادەی چاوەڕوانیی قوتابییە. چونکە نیشان دەدات، قوتابی خۆی لەگەڵ کەم و کوورییەکان ڕاهێناوە و ئامادە نییە ڕەخنە لە کەموکووڕییەکان بگرێت. ئەوەش دەریدەخات کە سیستەمی پەروەردە نەوەیەکی ناڕەخنەگری پەروەردە کردووە کە شتەکان بە هەڵەوە قبووڵ دەکات و لەئاکامدا هەوڵی چاکسازییان بۆ نادات.

لە هۆکاری ئەو کەسانەی بژاردەی کەمیان هەڵبژاردووە و لە خاڵبەندی کتێبەکان ڕازی نین دەردەکەوێت کە خاڵبەندی ناو کتێبە دەرسییەکان کەم و کووری هەیە. واتە وەک ئەوان دەڵێن، لە زۆر جێگە خاڵ دانەندراوە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە مانا خۆی بە دەستەوە نەدا و، سەر لە قوتابی بشێوێت. ئەو جۆرە هەڵەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابی باش لە دەقەکە تێنەگات. یا هەر نەبێ ناچار بێت دوبارە بە دەقەکەدا بچێتەوە و کاتێکی زۆرتر لە ماوەی دیاری کراو بۆ تێگەیشتن لە دەقەکە تەرخان بکات. وەڵامی ئەو قوتابیانەی کە یەکجار زۆریان هەڵبژاردووە، نیشان دەدات، ئەم بابەتە لە ناو قوتابخانەکاندا بە باشی جێگە و پێگەی خۆی نەدۆزیوەتەوە، چونکە سەرەڕای ئەوەی لەنێو کتێبە وانەییەکاندا کەم کووڕی خاڵبەندی هەیە، بەڵام قوتابی لە خاڵبەندی کتێبەکان ڕازییە. ڕەنگە ئەوە ئەو بیرۆکەیە لای خوێنەر دروست بکات کە قوتابی بە بێ خاڵبەندیش دەتوانێت لە بابەتە وانەییەکان تێبگات، بەڵام ئەم تێزە ڕای وایە،

هەرچەند ڕەنگە قوتابی بە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە لە لایەن مامۆستاوە، بێ ئەوەی خاڵبەندی گونجاویش ڕەچاو کرابێت، بتوانێت لە بابەتەکە تێبگات، بەڵام وەک عەلی سولحجوو دەڵێت، ئەو کەمایەسییە، هەر نەبێ، دەبێتە هۆی لە دەست دانی کاتی قوتابی (صلح جو، ۱۳۹۱، ل۲۲۸). کەمایەسییەک کە هەرچەند لەوانەیە قوتابی هەستی پێ نەکات، بەڵام لەئاکامدا دەبێتە عادەت و دواتر هەموو بوارەکانی نووسین و خوێندنەوەی کۆمەڵ تووشی خەسارەت دەکات. یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی خاڵبەندی ئەوەیە کە ڕێنمایی خوێنەر دەکات و ناهێڵی سەری لێبشێوێت. بۆ نموونە، بە دانانی هێمای پرسیار لە بەردەم ڕستەیەک پێمان دەڵێت، ئەو ڕستەیە پرسیارییە نەک هەواڵی. ئەو ڕستانەی خوارەوە نموونەی ئەم بانگەشەیەیە.

ئەحمەد بۆ بازار ڕۆیشت.

ئەحمەد بۆ بازار ڕۆیشت؟

لەو ڕستانەی سەرەوەدا، نووسەر بە یارمەتی خاڵبەندی مانای ڕستەکەی دیاری دەکات.

ئەوەندەی ئەم تێزە بە دواداچوونی کردبێ، هێشتا چۆنییەتی خاڵبەندی لەنێو زمانناسان و نووسەرانی کورد، بە تەواوی، یەکلا نەکراوەتەوە. بۆ نموونە، بە تەواوی یەکلایی نەکراوەتەوە کە دوای "و"ێی خستنە سەریەکی کۆتایی ڕستە یا پێش "کە" ی پەیوەندیدەر فاریزە پێویستە یان ئاخۆ نا. واتە سەرەڕای ئەوەی زمانناسانی کورد زانیویانە کە خاڵبەندی، دەق ڕێکوپێکتر دەکات، بەڵام لەسەر چۆنییەتییەکەی ساغ نەبوونەتەوە و ئەگەر تا ڕادەیەک ساغیش بووبێتنەوە، هێشتا ئەو بابەتە شۆڕ نەبۆتەوە نێو پەروەردە و دەقەکانی پەروەردەیی و ڕاهێنانی لەسەر نەکراوە. ڕەحمان ئەفشاری ڕای وایە، خاڵبەندی لە زمانی فارسیشدا هێشتا نەیتوانیوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە (افشاری، ۱۳۹۵، ل۱۳). دەکرێت بەشێک لە هۆی قوتابیان وەک شاهید بۆ ئەم بابەتە بهێنرێتەوە. بە جۆرێک کە قوتابی بە شێوەی پێویست ئەرک و مانای خاڵبەندی لەنێو دەقدا نازانێت. بۆ نموونە، بە شێک لە قوتابیانی قوتابخانەی فاخێر کە بە کەم یا

بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، کاتێک باسی هۆی بژاردەکەی خۆیان دەکەن، دەڵێن، مانای خاڵبەندی نازانن. ئەو هۆیە نیشان دەدات، سیستەمی پەروەردە بە باشی نەیتوانیوە مانای خاڵبەندی و گرنگی خاڵبەندی بە قوتابی بگەیێنێت.

خاڵبەندی پەیوەندی بە پلاندارێژیی زمانەوە هەیە. بە بڕوای ئەم تێزە، ڕادەی بەهادان بەو بابەتە لە لایەن قوتابیەوە، پەیوەندی بەو بەها و بایەخە هەیە کە سیستەمی پەروەردە بە پلاندارێژیی زمانیی کوردی داوە. وەکی لەو پرسیار و وەڵامانە دەردەکەوێت، سیستەمی پەروەردە بەهایەکی ئەوتۆی بەو بابەتە نەداوە و قوتابی لێ ئاگادار نەکردووەتەوە، بۆ ئەوەی لەدواییدا بیر لەو بابەتە بکەنەوە و ببن بە بەشێک لە چاکسازی لە جەستەی زمانی کوردیدا و وەک سپاڵسکی دەڵێت، ببێتە هۆی ئەوەی باوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەکی زمانی وایان لا دروست بێت کە بەها بە لقەکانی پلاندارێژیی زمانی بدەن و ئالوگۆڕی ئەرێنی تێدا بەرهەم بێنن (سپالسکی، ١٣٩١، ل ٢٠).

بە وردبوونەوە لە ڕای قوتابیان و ئەم تیۆرانەی کە سەبارەت بە گرنگی خاڵبەندی باسیان لێوەکرا بۆ ئەم تێزە دەرکەوت، بۆ ئەوەی قوتابی لەسەر نۆرمێکی دروست ڕابهێندرێت و خوێندنەوەی کتێبە وانەییەکان ئاسانتر و دروستتر و خێراتر ئەنجام بدات، خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

### ٥.١.١٠. وەسف و لێکدانەوەی ڕێژەی وەڵامی پرسیاری دەهەم

لە پرسیاری دەهەمدا پرسیار لە قوتابی کراوە کە ئایا لەو زمانە کوردییە ڕازییە کە کتێبە وانەییەکانی پێ نووسراوەتەوە. ئەم پرسیارە چۆنییەتی ڕای قوتابی لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردی، لە کتێبە وانەییەکاندا، نیشان دەدات. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە، چوار بژاردە خراوەتە بەردەم قوتابی کە هەژمار و ڕێژەکەیان بەم جۆرەی خوارەوەیە.

خشتەی ٥. ٩ هەژماری قوتابی سەبارەت بە ڕەزامەندی لە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان

| قوتابخانە | نەخێر | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 6 | 5 | 20 | 11 | 5 | 47 |
| ئەختەر | 1 | 7 | 12 | 6 | 0 | 26 |
| فاخیر | 2 | 16 | 46 | 25 | 0 | 89 |
| کۆی گشتی | 9 | 28 | 78 | 42 | 5 | 162 |




وێنەی ٥. ٩ ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی لە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان

ئەو ڕێژەیە دەریدەخات، زۆربەی قوتابیان لەو زمانە کوردییە ڕازین کە کتێبە وانەییەکانی پێ نووسراوەتەوە. ڕەزامەندی قوتابی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نیشان دەدات، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، بە ڕێژەیەکی زۆر، توانایی ئەوەی هەیە کە کاری پەروەردە و ڕاهێنانی پێبکرێت. وەک یرنوود و داس گوپتا (١٩٧١) دەڵێن: دەکرێت وەک داهاتێک سەیری زمان بکرێت و پلاندارێژی بۆ بکرێت. چۆنییەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بایەخە

فەرهەنگییەکان، نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و ... دەتوانن کاریگەریان لەسەر پلانە گشتییەکانی حکومەت هەبێت (داوری اردکانی، ١٣٩٠، b، ل٨). گەر ئەو گوتەیە بە بنەمای لێکدانەوە وەربگرین و لە ڕووی ڕێژەی زۆرینەی قوتابیانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، دەتوانرێ ئەو ئەنجامەی لێدەستکەوێت کە زمانی کوردی زمانێکی گونجاوە بۆ ئەوەی کاری خوێندن و پەروەردەیی پێبکرێت. زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا زمانێکە کە پشتی بە واقیعی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مێژوویی هەرێمی کوردستان بەستووە و هەر ئەوە توانایییەکی گەورەی بە زمانی کوردی بەخشیوە کە ئەرکی زمانێکی سەرکەوتوو لەنێو سیستەمی پەروەردەی ئەم هەرێمەدا ببینێت.

ڕێژەی ئەو قوتابیانەی کە لە ڕێنوسی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازی نین، دەگاتە ٣٦٪ قوتابیان. هەر چەند ئەو ڕێژەیە لە بەرانبەر ڕێژەی ئەو قوتابیانەی کە لە زمانەکە ڕازین ڕێژەیەکی کەمە؛ بەڵام دەکرێت وەک گرفتێک سەیر بکرێت و هەوڵی چارەسەری بۆ بدرێت. چارەسەری ئەم گرفتە پەیوەندی بە پلاندارێژیی زمانی لەنێو سیستەمی پەروەردەدا هەیە. کوپر(١٩٨٩) لەو بارەوە دەڵی، پلاندارێژیی زمانی خاوەنی ئامانجی دیار و ئاشکرایە و بۆ چارەسەری گرفتەکانی زمان دامەزراوە (داوری اردکانی، ١٣٩٠، b، ل١١). بۆیە دەکرێت بگوترێ چۆن ئەو ڕێژەیە لە ڕەزامەندی قوتابی بەشێکی پەیوەندی بە پلاندارێژیی زمانی سیستەمی پەروەردەوە هەیە چارەسەرەییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی سیستەمی پەروەردە و ئەرکی سەرشانییەتی کە پلانی گونجاوی بۆ بردنە سەری ڕێژەی ڕەزامەندی قوتابی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەبێت.

لە لێکدانەوەی هۆی وەڵامەکاندا، بە گشتی هۆی ئەو قوتابییانەی کە بە زۆر وەڵامیان داوەتەوە ئەوانەن: "زمانی دایکە، زمانێکی خۆش و سادە و ئاسانە و بە باشی لێی تێدەگەی، ڕێنووسەکەی باشە، وا نووسراوە بتوانی بیخوێنی و سەعی لەسەر بکەی، زمانی باب و باپیرانە، حەزم لە زمانی کوردییە، قوتابیان فێری شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەبن، زمانی

خۆمە و مافی خۆمە هەموو وانەکان بە زمانی کوردی بخوێنم و بە کرمانجی ناوەڕاست نووسراوە و ئێمەش سۆرانین. هۆی ئەوانەی کەمیان هەڵبژاردووە بریتییە لە، هەندێ جار لێی تێناگەی، لە بادینییەکەی تێناگەم و تەنیا دەبێت لە بەری بکەم، حەزم لێ نییە، تەواو نییە و چەندین زمان تێکەڵ بە یەک کراوە، تا ئێستا لە شێوەزاری کرمانجی ژوورووی تێنەگەیشتووم و بە هەڵەی دەنووسن، ڕێنووسی تەواو نییە، بە روونی نەنووسراوە، هەڵەی تێدایە، هەڵەی ڕێزمانی و تێکەڵی شێوەزارەکان. ئەو قوتابیانەی بە یەکجار زۆر وەڵامیان داوەتەوە بەو شێوەیە باس لە هۆیەکانی دەکەن: ئاسان و ڕەوانە و بە باشی لێی تێدەگەم، زمانی نەتەوەی کوردە، زمانی ڕەسەنی منە، دەبێتە هۆی ئەوەی وشە زۆر کۆنەکانی لێ فێربین، فێری وانە و زیانم دەکات، هەست بە ئازادی دەکەم، زمانی خۆمانە و بە باشی دەیخوێنمەوە. ئەوانەی بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە، هەرچەند ڕێژەیان زۆر کەمە، حەز دەکەن جگە لە سۆرانی و کرمانجی بە شێوەزارەکان دیکەی زمانی کوردی، بۆ نموونە بە هەورامیش بنووسرێت.

لە لێکدانەوەی هۆی ئەو ڕێژە لە قوتابیان کە بە زۆر وەڵامیان داوەتەوە، دەردەکەوێت، جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، خاوەنی ڕێنووسێکە کە قوتابی دەتوانێت بە ئاسانی لێی تێبگات و، ئەم زمانە توانای ئەوەی هەیە کە زانیاری بە قوتابی ببەخشێت. وێدەچێت، ئەو شتەی کە بووبێتە هۆی ئەو هەڵبژاردنەی قوتابیان ئەوە بێت کە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان خاوەنی ڕێنووسێکی باشە. لە دەرەوەی هەڵسەنگاندنی ڕاستی و ناڕاستی ئەو ڕێژەیە لە ڕای قوتابیان لەبارەی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان، ئەم هۆیە دەریدەخات کە ڕێنووسی باش یەک لەو مەرجانایە کە ڕەزامەندی قوتابی پێکدێنێت، کەواتە دەبێت زۆرتری ئاوڕلێبدرێتەوە.

ڕەزامەندی ڕێژەیەکی بەرچاوی قوتابیان لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، ئەم تێزە ئەرخەیان ناکات کە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بێ گیروگرفتە، چونکە هۆی ڕەزامەندی قوتابیان لە کتێبە وانەییەکان تەنیا بە هۆی چۆنییەتی کارپێکردن بە جەستەی زمانی کوردی لە کتێبە وانەییەکاندا نییە. بەڵکوو زۆرتری بە هۆی ئەو بایەخەیە کە زمانی کوردی لای

قوتابی هەیەتی. ئەوان لە هۆیەکانیاندا، باس لەوە دەکەن کە زمانی کوردی زمانی خۆیانە، زمانی دایکە و زمانی باب و باپیرانیانە.

لە وردبوونەوە لە هۆیەکی دیکەی ڕەزامەندی قوتابی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، دەردەکەوێت، حکومەت لە بەها بەخشین بە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا، تا ڕادەیەک، سەرکەوتوو بووە. واتە دەکرێت بگوترێ، ئەوەی کە قوتابی بە هۆی زمانی دایکبوونی کتێبە دەرسییەکان، ڕەزامەندی خۆی بۆ ئەم بابەتە دەربڕیوە بەشێکی بەرهەمی ئەو سیاسەتە زمانییەیە کە لە هەرێمی کوردستان ڕەچاو کراوە. خۆمانەبوونی زمانی کتێبە وانەییەکان هۆیەکیدی گرنگی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دایە. ئەو هۆیەی قوتابی باسی کردووە، نیشان دەدات کە بژارکردنی یەکێک لە زمان یا شێوەزارەکانی هەر وڵاتێک بۆ بەنەتەوەییکردنی زمانەکە دەبێتە هۆی ڕەزامەندی بەشێکی زۆر لە قوتابیانی وڵاتەکە.

خاڵێکی دیکەی جێگەی سەرنج ئەوەیە، قوتابی هۆی حەزی یەکجار زۆری خۆی بۆ زمانی کوردی بەستۆتەوە بە ئەوەی کە بە زمانی خۆی دەخوێنێت و بەو هۆیەوە هەست بە ئازادی دەکات. دروستبوونی ئەو هەستە لای قوتابی لەوانەیە پەیوەندی بە نەبوونی مافی زمان لە بەشەکانیدی کوردستان هەبێت، یا ئەوەیە کە ئەم جۆرە قوتابییە بە هەر هۆیەک بێت، سەردەمێک لە ژیانی بە زمانی دایکی خۆی نەیخوێندووە، یا دایک و بابی لەو بارەیەدا قسەیان بۆ کردووە. ئەو هۆیەی قوتابی، ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی کە قوتابی نیگای سیاسی و کۆمەڵناسانەی بە زمان هەیە و لەئاکامدا، ئەو زمانەی کە وانەی پێ دەخوێنێت کاریگەری لەسەر دەروونی قوتابی دروست دەکات.

تێگەیشتنی تەواو یەکێکی دیکە لەو هۆیانەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی بەشێک لە قوتابیان لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان زۆر ڕازی بن، ئەوە نیشان دەدات، جگە لە لایەنی سۆزدارانە و

دایکبوونی زمانەکە، تێگەیشتن لە مەرجەسەرەکییەکانی ڕەزامەندی قوتابی لەو زمانەیە کە پێی دەخوێنێت و پێی دەنووسێت.

ئەو ڕێژەیە لە ناڕەزامەندی قوتابی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان جێگەی سەرنجە. گرنگی ناڕەزاتەتی قوتابی لەسەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، کاتێک بەرجەستە دەبێتەوە کە قبوولی بکەین، قوتابی چەقی بابەتی پەروەردەیە و ناڕەزامەندی قوتابی، لەو زمانەی کتێبە وانەییەکانی پێ نووسراوەتەوە، دەبێتە هۆی بێ متمانەیی قوتابی و لاوازبوونی کۆی پرۆسەی سیستەمی پەروەردە، کە پێگەیاندنی قوتابی لەسەرووی هەموانەوەیە. کەواتە باش دانەڕشتنی جەستەی زمانی کوردی، دەبێتە هۆی ناڕەزامەندی قوتابی و لەئاکامدا دەبێتە هۆی ئەوەی کارگێڕانی ئەو بابەتە بە کەمتەرخەم لە قەڵەم بدرێن و لەدواییشدا لەوانەیە لاوازبوونی پێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێبکەوێتەوە. چونکە ئەو حاڵەتە، ئەم گریمانەیە پشت ڕاست دەکاتەوە، حکومەت خۆی بەو کەمتەرخەمی و کەمایەسییانە ڕازییە، بۆیە گوێی خۆی لێخەواندووە.

باش تێنەگەیشتن لە بابەتەکان کە وەک لە هۆی وەڵامەکان دەردەکەوێت، بەشێکی پەیوەندی بە ئەوە هەیە کە شێوەزاری جۆراوجۆر لە ناو کتێبە وانەییەکان بەکارهێندراوە، یەکێک لە بەرهەمەکانی ئەم کێماسییە کە بۆ نموونە، دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی بۆ تێپەڕاندنی ساڵی خوێندن، پشت بە لەبەرکردنی بابەتە وانەییەکان ببەستێت. ئەوەش لەوانەیە هۆیەک بێ بۆ ئەوەی لە ئێستا و لە داهاتوودا، خاوەنی نەوەیەکی تێگەیشتوو نەبین. ئەو بابەتە بەتایبەتی بە لای ئەو کەسانەوە گرنگە کە لەو بوارەدا لێکۆڵینەوە دەکەن و دەزانن کە خەسارەتەکانی ئەم جۆرە کەمتەرخەمی و خەمساردیانە چەندەیە. هەڵبەت، بە شێوەیەکی سروشتی، ئەگەر ڕای ئەوان بە هێند وەرنەگیرێت، تووشی ناهۆمێدی دەبن و زۆر جار واز لە هەوڵەکانیان دێنن و لەئاکامدا ڕێچکە هەڵەکە، بە هەموو خەسارەتەکانییەوە، بەردەوام دەبێت. وەک سپاڵسکی لە زمان پۆلستۆن (١٩٩٧)ەوە باس دەکات، زۆربەی زانایان لەسەر بابەتی سیاسەتی زمانی

ڕەنووسن و هەوڵدەدەن کە سەرنجی کارگێڕانی ئەو بابەتە ڕابکێشن، بەڵام لەئاکامدا کەمتر وایە بابەتە زانستییەکان بخوێندرێنەوە و ببنە هۆی چاکسازی لە سیاسەتە گشتییەکاندا (سپالسکی، ١٣٩١، ل١٧٣).

تێنەگەیشتن لە وشەی نێو کتێبە وانەییەکان یەکێک لەو هۆیانەیە کە بۆتە هۆی ئەوەی قوتابی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازی نەبێت. وشە لە زماندا بابەتێکە کە پەیوەندی بە پلاندارێژی جەستەی زمانەوە هەیە و پلاندارێژیی جەستەش لقێکی سەرەکی لە پلاندارێژیی زمانییە. وەک ئەردەکانی باس دەکات، زۆرجار پلاندارێژەرانی زمانی لە دارشتنی دەقەکاندا، لەگەڵ کێشەی کەمی وشە بەرەوڕوو دەبن (داوری اردکانی، ١٣٩٠، b، ل٣٦). ئەم خاڵەی قوتابی باسیان کردووە دەریدەخات، پلاندارێژانی کتێبە وانەییەکانی کوردیش لەگەڵ ئەو کێشەیە بەرەوڕوون. ئەوە بابەتێکە کە واباشە ناوەندە پەیوەندیدارەکانی حکومی و زمانەوانان خەمی لێبخۆن و حکومەت پلانی بۆ پڕکردنەوەی خێرا و گونجاوی ئەم بۆشاییە هەبێت.

حەز لێنەبوون بەشێکی دیکەی ئەو هۆیانەیە کە وای کردووە قوتابی بە شێوەیەکی کەم لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازی بێت. دەتوانرێ هۆی جۆراوجۆر بۆ نەبوونی حەزی قوتابی بەرانبەر بەزمانی کوردی دیاری بکرێت. ئەوەی لێرە گرنگە ئەوەیە کە زانراوە بەشێک لە قوتابیانی هەرێمی کوردستان حەزیان لە زمانی کوردی نییە. زۆر هۆ هەیە کە ئەم حەز لێنەبوونە بەرهەمدێنێت. یەکەم، لەوانەیە قوتابی هەست بکات کە لە داهاتوودا ئەم زمانە یارمەتی ژیانی زانستی و ئابووری ئەو نادا و دووهەم، لەوانەیە پێگەی زمانی کوردی لە لای ئەو بە بەرزی نەنرخێندرابێت. ئەگەر هەموو یان بەشێک لەو هۆیانە ڕاست بن، جێگەی خۆیەتی کە سیستەمی پەروەردە لەو بوارەوە توێژینەوەی زۆرتر بکات و هەوڵی ڕەواندنەوەی ئەم گرفتە بدات.

وردبوونەوە لە پرسیاری دەهەم نیشان دەدات، سەرەڕای ئەوەی بەشێکی زۆر لە قوتابیان لە زمانی سیستەمی پەروەردە ڕازین، پێویستە سەرنج بدرێتە کەم و کورتییەکان و چاکسازی لەبارەدا بکرێت، بۆ ئەوەی زمانی کوردی باشتر بتوانێ ئەرکی خۆی لەنێو سیستەمی پەروەردەدا جێبەجێ بکات. وەک یەحیا مودەریسی باس دەکات ئەوە پێویستی بە کات هەیە (هەمان، ل٢٥٨) و، گرنگ ئەوەیە سیستەمی پەروەردە لە پێویستی ئەم چاکسازییە تێبگات و لە پێناو چارەسەرکردنیدا هەنگاو باوێژێت.

## ٥. ١. ١١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یازدەهەم

پرسیاری یازدەهەم لە قوتابی دەپرسێت، ئاخۆ زمانی کوردی نێو کتێبەکانی هەڵەیان تێدایە. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارەش چوار بژاردە لە بەردەم قوتابی داندراوە کە بریتین لە نەخێر، کەم، زۆر و یەکجار زۆر. ئەو پرسیارە دەیەوێت ڕێژەی هەڵەی کتێبە وانەییەکان لە ڕوانگەی قوتابییەوە بزانێت و لەو ڕێگەیەوە چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵسەنگێنێت و تێبگات کە ئاخۆ سیستەمی پەروەردە چۆن بە جەستەی زمانی کوری کتێبە وانەییەکان ڕاگەیشتووە و جۆری پێڕاگەیشتنەکەی لە ڕوانگەی قوتابییەوە چۆنە. هەژمار و ڕێژەی وەڵامەکان بەم شێوەی خوارەوەن.

خشتەی ٥. ١٠ هەژماری قوتابیان سەبارەت بە هەڵەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان

| قوتابخانە | نەخێر | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 6 | 26 | 5 | 6 | 4 | 47 |
| ئەختەر | 4 | 21 | 1 | 0 | 0 | 26 |
| فاخیر | 9 | 55 | 16 | 7 | 2 | 89 |
| کۆی گشتی | 19 | 102 | 22 | 13 | 6 | 162 |




وێنەی ٥. ١٠ ڕێژەی هەڵەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان

هەڵە لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا پەیوەندی بە پلاندارێژیی جەستەی زمان لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا هەیە. پلاندارێژیی جەستەی زمان یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژی زمانییە کە لایەنی دەنگ، وشە، ڕێزمان، ڕێنووس و خاڵبەندی و هەتا دوایی دەگرێتەوە. وەک فیشمەن (١٩٨٠) باس دەکات پلاندارێژیی جەستەی و پێگەی زمانی، بە بێ یەکدیکە گەمەیەکی بێ ئاکامن (داوری داوری اردکانی، درآمدی ....، ١٣٩٠، ل١٦). لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا زمانی کوردی خاوەنی پێگەیەکی بەرزە و هەر بەو پێیەش وردبوونەوە لە جەستەی زمانی کوردی، پێویستییەکی گرنگە بۆ زۆرتر بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی. ئەو پرسیارە بە دیاریکردنی ڕێژەی هەڵەکان، ئەو بەرچاو ڕوونییە دروست دەکات کە تا چ ڕادەیەک پێویستە سیستەمی پەروەردە دەست لە جەستەی زمانی کوردی ناو کتێبە وانەییەکان وەربدات.

ئەوەی لە کۆی ڕێژەی وەلامەکان بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە، نەوەد لە سەدی قوتابی هەستیان بە هەبوونی هەڵە لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا کردووە. ئەو ڕێژەیە گومانێک

لای ئەم تێزە ناهێڵێتەوە کە کتێبە وانەییەکان هەڵەیان تێدایە. هەڵەکردن لە هەر بابەتێکدا، یا نیشانەی نەزانییە یا نیشانەی کەمتەرخەمییە. هەبوونی هەڵە لە جەستەی زمانی کتێبی وانەییدا، ئەویش بەو ڕێژە زۆرە، بەتایبەتی لە وڵاتێک کە زمانی کوردی زمانی یەکەمە و یەکێک لە شوناسە گرنگەکانی نەتەوەی سەر بە زمانەکەیە و بە پلەی یەکەم کاری پەروەردەیی پێدەکرێت، دەبێتە هۆی تێکچوونی ئاسایشی زمانی و نائەمنی زمانی بەرهەمدێنێت. هەستی نائەمنی زمانی لە لایەن نرمینە موعینیان (معینیان، ۱۳۸۸، ل ۱۷۹) بەکارهێندراوە. ئەو دەڵێت: "هەڵە نوێنەرایەتی، نەزانی، کەمتەرخەمی، پشتگوێ خستن و ڕەنگە گەمژەیی بکات و، دەبێتە هۆی بەرهەم هاتنی نائەمنی زمانی" بەو پێودانە دەکرێت بگوترێ، هەبوونی هەڵە لە جەستەی زمانی کوردیدا، بەرهەمی هەر کام لەو هۆیانە بێ، لەوانەیە، ناجێگیری زمانی و لەدواییدا ناجێگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی زمانی کوردی لە لای ئاخێوەرانی کەم بایەخ بێ و لە ئەنجامدا هەست بکەن کێشەکە لە چییەتی زمانەکەدایە و لەئاکامدا، بۆ ڕاپەڕاندنی کاری پەروەردەیی پشت بە زمانێکیدی ببەستن. هەڵبەت، ڕەنگە لەسەرەتادا مرۆڤ زۆر هەست بە قووڵایی گرفتەکانی هەڵەی زمانی نەکات، بەڵام کاتێک بە وردی بیر لە ئاکامی هەبوونی هەڵە لە جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکانی سیستەمی پەروەردەدا دەکرێتەوە، هەست دەکرێت، سووکایەتی بە زمانەکە کراوە و لەئاکامدا بۆی هەیە، تاکی سەر بە زمانەکە تۆڕهەڵداتە دەرەوەی نیشتمانی زمانەکەی خۆی. بۆ وردبوونەوە لە هۆی ئەم گرفتە دەکرێت باسی ئەوە بکرێت کە زمانی کوردی لە قۆناخی بە ستانداردبووندایە و هێشتا نەیتوانیوە ئەرکی زمانێکی گەشە کردووی مودێرن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پەروەردەیی ببینێت. بۆیە پێویستی بە تێپەڕاندنی ڕۆژانە و ساڵانەی قۆناخەکانی ستاندارد سازی زمان هەیە. بۆ نموونە، پێوەرسازی و پاڵاوتنی هەڵەی ڕێنووسیی و ڕێزمانی و خاڵبەندی و مانایی و هەتا دوایی. ڕادەی سەرکەوتنی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە پێداچوونەوە بە هەڵەکانی جەستەی زمانی نێو کتێبە وانەییەکان و نوێکردنەوە و پەرەپێدان و پاڵاوتنی زمانی

کوردی کتێبە وانەییەکان، پێشاندەری ڕادەی گەشەی تکنیکی ئەو سیستەمەیە کە خۆی لەژێر کاریگەری گەشەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووریدا بەرهەمدێت.

ڕێژەی ٦٣٪ قوتابیان ڕایان وایە، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵەی کەم تێدایە. هەرچەند هەڵبژاردنی بژاردەی کەم بە واتای بێهەڵەبوون نایەت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئەوە نیشان دەدات، سەرەڕای ئەو گرفتانەی باسیان کرا، جەستەی زمانی کوردی قوناخێکی باشی تێپەڕاندووە و لە ڕەوتی ستانداردبووندا، توانیویەتی پێشکەوتن بە دەست بێنێت و دەیسەلمێنێت، زمانی کوردی ئەو تواناییەی هەیە، ئەم ڕەوتە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت. ئەوە دەریدەخات، پێداچوونەوە و چاکسازی لە جەستەی زماندا پێویستە و لە هەمان کاتیشدا کارێکی زۆر دژوار نییە.

ڕای ئەو قوتابیانەی کە پێیان وایە جەستەی زمانەکە هەڵەی زۆر یا یەکجار زۆری تێدایە، جێگەی سەرنجی زۆرترە. ئەو ڕێژەیە کە لەسەر یەک ٢٦٪ قوتابیان دەگرێتەوە، تا ڕادەیەک گریمانەی تێزەکە پشت ڕاست دەکاتەوە کە سیستەمی پەروەردە بە شێوەی پێویست بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕانەگەیشتووە. هەرئەوەش وادەکات، پێشنیاز بکات کە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، خێراتر و مکوڕتر ئاوڕ لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بداتەوە. چونکە ئەو بابەتە هەم کێشەی تێگەیشتن و زانستی بۆ قوتابی دەنێتەوە و هەم دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێگەی زمانی کوردی لای قوتابی و هەمیش دەبێتە هۆی نارەزامەندی و بێ متمانەیی بە کتێبە وانەییەکان کە سیاسەتی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە قوتابخانەدا پێ بەڕێوەدەچێت. لە پرسیاری دوازدەهەمدا باشتر دەچینە ناو وردەکاری و جۆری هەڵەی جەستەی زمانی کوردی ناو کتێبە وانەییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان.

## ٥. ١. ١٢. وەسف و لێكدانەوەی پرسیاری دوازدەهەم

پرسیاری دوازدەهەم تەواو کەری پرسیاری یازدەهەمە. لە پرسیاری یازدەهەمدا پرسیار لە چەندایەتی هەڵەکان کرا و لەو پرسیارەدا، پرسیار لە چۆنییەتی هەڵەکان دەکرێت. ئەو پرسیارە دەیهەوێ بزانێت، ئاخۆ، هەڵەکانی زمانی ناو کتێبە وانەییەکان کە پەیوەندیان بە جەستەی زمانەوە هەیە چین. بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم زانیاریانەی کە لە قوتابی وەردەگیرێن، جۆری پێچارانی سیستەمی پەروەردە بە لقەکانی جەستەی زمان درک بکرێت و لەدواییدا لێکبدرێنەوە و بکرێن بە بەرچاوروونی بۆ چاکسازی لە جەستەی زمانی ئەو کتێبە وانەییانەی بە زمانی کوردی نووسراون. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە چوار بژاردە لە بەردەستی قوتابی داندراوە کە بریتین لە ڕێنووس، ڕێزمان، ناوەرۆک و هەموویان. هەژمار و ڕێژەی وڵامەکان بە شێوەی خشتە و وێنەی خوارەوەن.

خشتەی ٥. ١١ هەژماری قوتابی لەبارەی چۆنییەتی هەڵەکانی زمانی کوردی کتێبی وانەیی

| قوتابخانە | ڕێنووس | ڕێزمان | وشە | هەموویان | بێ وەڵام | ڕێژەی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 6 | 11 | 10 | 15 | 5 | 47 |
| ئەختەر | 11 | 2 | 2 | 11 | 0 | 26 |
| فاخیر | 42 | 6 | 6 | 25 | 10 | 89 |
| کۆی گشتی | 59 | 19 | 18 | 51 | 15 | 162 |




وێنەی ٥. ١١ ڕێژەی جۆر و هەژماری هەڵەکان

ئەم تێزە بە یارمەتی ئەو پرسیارە هەوڵی داوە، لە پرسیارە گشتییەکانرا، شۆڕ بێتەوە نێو چۆنییەتی پلاندارێژیی لقەکانی جەستەی زمانی کوردی لە کتێبە وانەییەکانی پۆلی نۆی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان. بۆ ئەو مەبەستە لە بوارەکانی ڕێنووس، ڕێزمان و وشەی کۆڵیوەتەوە و، هەوڵی داوە چۆنییەتییەکەیان لە ناو کتێبە وانەییەکاندا بزانێت و پێکەوە بەراوردیان بکات. ئەوەی لە وەڵامەکان دەردەکەوێت ئەوەیە: ٣١٪ قوتابیان ڕایان وایە کە کتێبەکان هەڵگری هەمەجۆر هەڵەی زمانین. لە ڕوانگەی قوتابییەوە، لە ناو لقەکانی جەستەی زماندا، ڕێنووس زۆرترین هەڵەی پێوە دیارە. دوای ڕێنووس ڕێزمان و وشە زۆرترین هەڵەیان پێوە دیارە. ئەو وەڵامە بەرهەمی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ جەستەی زمانی کوردی ناو کتێبە وانەییەکانە کە پێویستی بە پێداچوونەوە بە زمانەکەیان نیشان دەدات. لە لای دیکەشەوە، بەرهەمی جۆرێک لە گلەیی و گازندەیە کە قوتابی بە نیسبەت زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانەوە هەیەتی و لەوانەیە لەئاکامدا ببێتە هۆی بێ متمانەیی قوتابی لەبارەی توانایی زمانی کوردی بۆ ڕاپەراندنی ئەرکی زانستی لە سیستەمی پەروەردەدا. بابەتێک کە دواتر کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر پێگەی زمانی کوردی.

لە نێوان دەسنیشانکردنی جۆری هەڵەی کتێبە وانەییەکان، لە لایەن قوتابیانەوە، هەڵە لە ڕێنووسدا زۆرترین پشکی بەر کەوتووە. ئەوە نیشان دەدا کە چاوەدێری پێویست و شارەزایانە بە چۆنییەتی چاپی ئەو بابەتانەدا ناکرێتەوە. یا ئەوانەی چاوەدێری چاپی ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان دەکەن، لەوانەیە زۆر شارەزای بوارەکە نەبن. لەو ڕاپرسییەدا، هەڵەی ڕێزمانی، بە پلەی دووهەم دێت. لەوانەیە ئەم کێشەیە بەرهەمی تەرجەمەی حەرفی دەقی نووسراوی ناو کتێبەکان بێت. مەترسی هەڵەی ڕێزمانی لە لایەنەکانی دیکەی جەستەی زمان بەرچاوترە. چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی لە بابەتەکە تێنەگات و دواتر پێکهاتەی زمانی کوردیش وێران بێت و کاریگەری نەرێنی بخاتە سەر بیرکردنەو و نوسین و دەربڕینی قوتابی. واتە بە تێکدانی ڕێزمان یا بە هەڵەی ڕێزمانی، زمانی کوردی لاواز دەبێت. سولح جوو لەو بارەدا دەڵێت، ڕێزمانی دروست مەرجی سەرەکی گەیاندنی دروستی پەیامە، چونکە مەرج نییە بە چنینی کۆمەڵێک وشە لە تەنەشیت یەکدیکە، بتوانرێت ڕستەیەکی ماندار و تەواو بەرهەم بهێندرێت (صلح جو، ١٣٩١، ل ١٣٤). واتە ڕێزمانی نادروست ئەگەر ڕستە بە تەواوی بێ ماناش نەکا، وای لێدەکات، تێگەیشتن لێی دژوار بێت و لەئاکامدا لە گەیاندنی زانیاری بە قوتابیدا سەرکەوتوو نەبێت.

ڕێژەی هەڵە لە وشەدا بە پلەی سێهەم دێت. ئەوە نیشان دەدات، لەوانەیە دانەری کتێبە وانەییەکان بە باشی نەیانتوانیبێت وشەی گونجاو بۆ تێگەیەک یا زاراوەیەک بدۆزنەوە و لە دانانی وشەدا تووشی گرفت هاتبێتن. ئەوە کێشەیەکە، ئەو زمانانەی قۆناخی ستانداردکردن تێپەڕ دەکەن، لەگەڵی بەرەوڕوون. پێویستە حکومەت خەم لەو بابەتە بخوات. ناوەندەکانی پەیوەندیدار بەو بابەتە و خەڵکی لێزان و پسپۆڕ و زمانەوان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ڕابسپێرێت. لەو حالەتانەدا سوودوەرگرتن لە خودی زمانەکە و شێوەزارە جیاوەزەکانی دەتوانێت کاریگەری هەبێت. ئەوان دەتوانن بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پشت بە ئەکادیمیا و زمانناسان یا خەڵکی بەهرەدار ببەستن و ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە. ئەو چاکسازییە لە زماندا،

له لایەکەوە تێگەیشتنی قوتابی ئاسانتر و خێراتر دەکات و بەو جۆرە پەیوەندی نێوان قوتابی و کتێبە وانەییەکان خۆشتر دەبێت، واتە قوتابی باشتر لە ناوەڕۆکی کتێبەکان تێدەگات و لە لای دیکەشەوە بەهادان بەو بابەتە بەهادانە بە زمانی کوردی، کە خۆی پەیوەندی لەگەڵ پێگەی ئەو زمانە هەیە و دەبێتە هۆی هۆگری قوتابی و سەرکەوتوویی سیستەمی پەروەردە لە گەیشتن بە مەبەستەکانی، بۆیە زۆر گرنگە، قوتابخانە و سیستەمی پەروەردە بتوانێ وشەی وا بەکاربهێنێت کە بە یارمەتی ئەو تێگەیشتنی قوتابی خێراتر بێت و بەو جۆرە هۆگری قوتابی بە کتێبە وانەییەکان زیاد بکات، چونکە قوتابی چەقی پەروەردەیە و پەروەردەیەک سەرکەوتوو دەبێت کە بتوانێ تێگەیشتنی قوتابی ئاسان بکات وحەزی قوتابی بۆ لای ناوەڕۆکی کتێبەکان ڕابکێشێت.

بابەتێکیدی کە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا جێگەی باس و خواسە دەسنیشانکردنی بژاردەی هەموویانە. ئەم تێزە دروستبوونی ئەم باوەڕە لای قوتابی بە شتێکی مەترسیدار دەزانێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی متمانەی قوتابی بە کتێبە وانەییەکان کەم بێتەوە، سەرچاوەیەک کە قەرارە ببێت بە بنەمای دروستکردنی زانیاری لای قوتابی.

<u>لە ئەنجامی پرسیاری دوازدەهەمدا</u> دەردەکەوێت، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لە باری ڕێنووس و ڕێزمان و وشەدا هەڵەیان تێدایە و ڕادەی هەڵە لە ڕێنووسدا لە بەشەکانیدی زۆرترە. بۆیە پێویستە پلاندارێژانی جەستەی زمانی سیستەمی پەروەردە ئاوڕی مکوڕ لەو بابەتە بدەنەوە و حکومەت ئاگادار بکەنەوە کە بە یارمەتی زانکۆکان، ئەکادیمی و خەڵکی شارەزای ئەو بوارە چاکسازی لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا بکات.

## ٥. ١. ١٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێزدەهەم

لە پرسیاری سێزدەهەم لە قوتابی پرسیار کراوە کە بە چ ڕادەیەک لەو کتێبە وانەییانە دەگات کە بە زمانی کوردی نووسراون. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە، ئیختیار دراوە بە قوتابی کە لەنێو چوار بژاردەدا یەکێکیان هەڵبژێرێت کە بریتین لە زۆرکەم، کەم، زۆر، یەکجار زۆر. مەبەست لەو پرسیارە ئەوەیە، بزانرێ ئاخۆ کتێبە وانەییەکان بە چ ڕادەیەک توانیویانە زانیاری لای قوتابی دروست بکەن. ئەم تێزە ڕای وایە بەشێکی ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی جۆری پێڕاگەیشتن بە زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا، کە کەرەسەی گەیاندنی زانیاری بە قوتابییە. جۆری پێڕاگەیشتن بە زمانی کوردیش بەرهەمی جۆری پلاندارێژی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدایە و ئەویش بەرهەمی سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. ئەوە پرسیارێکی گرنگە کە ئایا پلاندارێژی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا خزمەتی ئەجێندای گشتی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکات؟ ئەو پرسیارە بۆیە کراوە کە لە ڕێگەی وەڵامەکانیانەوە بگەین بەو ئەنجامەی کە داخوا ڕەفتاری حکومەت لەگەڵ زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا چۆن بووە، چی لێکەوتۆتەوە و پێویستە چۆن بێت. هەژمار و ڕێژەی وەڵامەکان لەم خشتە و وێنەی خوارەوەدا نمایش کراون.

خشتەی ٥. ١٢ هەژماری قوتابی سەبارەت بە تێگەیشتن لە کتێبە وانەییەکان

| قوتابخانە | زۆر کەم | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 6 | 10 | 16 | 8 | 7 | 47 |
| ئەختەر | 2 | 4 | 15 | 5 | 0 | 26 |
| فاخیر | 3 | 12 | 59 | 15 | 0 | 89 |
| کۆی گشتی | 11 | 26 | 90 | 28 | 7 | 162 |




وێنەی ٥. ١٢ ڕێژەی تێگەیشتنی قوتابی لەکتێبە وانەییەکان

بەراوردی تێگەیشتنی قوتابخانەکان لە کتێبە وانەییەکان نیشان دەدات، قوتابیانی قوتابخانەی فاخیر، بە بەراورد لەگەڵ دوو قوتابخانەکانی دیکە، ڕادەی تێگەیشتنیان لە کتێبە وانەییەکان زۆرترە. بەپێی ئەوەی کتێبە وانەییەکان وەکوو یەکدیکەن، ئەم جیاوازییە لە تێگەیشتن دەتوانێت هۆی جۆراوجۆری هەبێت. بۆ نموونە، مامۆستا، دایکوباوک، بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و هەتا دوایی. بەپێی ئەوەی پلاندارێژیی فێرکاری یەکێک لە لقەکانی پلاندارێژیی زمانییە، دەکرێت لێکۆڵینەوە لەو بابەتە ببێتە هۆی بردنەسەری ئاستی تێگەیشتنی قوتابییەکانی قوتابخانەکانیدی.

ئەو قوتابیانەی زۆرکەم یا کەمیان هەڵبژاردووە، بەو شێوە باس لە هۆی بژاردەکەی خۆیان دەکەن: مەبەستەکان بە کورتی و پۆختی نەنووسراوە، لە زمانەکەی تێناگەم، زۆر تێکەڵە، وانەکان زۆرن، هەندێک قورسە، وشەکانی گرانە و مامۆستاکانمان ناشارەزان.

پەروەردەی سەرکەوتوو پەروەردەیەکە کە بتوانێت ئامانجە گشتی و وردیلەکانی خۆی لە درێژخایەن و کورتخایەندا جێبەجێ بکات. زمان جگە لەوەی دەتوانێت مەبەست بێت، هاوکات

کەرەسەیەکی گرنگیشە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەروەردەیی. واتە ئەو زمانەی کە سیستەمی پەروەردە بەکاری دێنێت، دەبێت بە جۆرێک دارێژرابێت کە بتوانێ زانیاری پێویست بە قوتابی بگەیێنێت. ئەگەر تێگەیشتنی قوتابی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان کەم بێت، ئەوە نیشان دەدات، پلاندارێژیی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان کەموکورتی تێدایە، کەموکورتییەک کە کاریگەری لەسەر کۆی پرۆسەی پەروەردە دادەنێت. کۆی گشتی ڕێژەی وەڵامی قوتابیان نیشان دەدات، زۆربەی قوتابیان لە کتێبە وانەییەکان دەگەن. ئەو ڕێژەیە لە وەڵامی قوتابی نیشان دەدات، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، زمانێکی گونجاوە بۆ ئەوەی قوتابی لەسەری ڕابهێندرێت و سیستەمی پەروەردە تا ڕادەیەکی زۆر لە کارکردن بە زمانی کوردی لە نێو کتێبە وانەییەکاندا، بە مەبەستی تێگەیاندنی قوتابی سەرکەوتوو بووە، بەڵام ئەوە کۆی دەسکەوتی ئەم تێزە سەبارەت بەو پرسیارە نییە. ڕێژەی سەرکەوتوو کاتێکە کە زۆربەی قوتابیان بە یەکجار زۆر وەڵامیان داباوە، کەچی ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، تەنیا بیست لە سەدی قوتابیان بە شێوەی یەکجار زۆر لە وانەکان تێدەگەن. ڕەنگە ئەو تێنەگەیشتنە، بە گشتی، بەرهەمی جۆری پلاندارێژیی زمانی کتێبە وانەییەکان نەبێت، بەڵام بێشک بەشێکی ئەم کەمایەسییانە پەیوەندیان بەو کەموکورتییانەوە هەیە کە لە سیستەمی پەروەردەدا هەن، چونکە لە پرسیاری پێشتردا بۆمان دەرکەوت، جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە هەڵەی تێدایە و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قوتابی بە باشی لە بابەتەکە تێنەگات.

ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات، حەڤدە لە سەدی قوتابیان بە کەمی لە وانەکان دەگەن و حەوت لە سەدیش زۆر بە کەمی، کە بەیەکەوە دەبێتە بیست و چوار لە سەدی قوتابیان. ئەم ڕێژەیە وامان لێ دەکات، بیر لە هۆی ئەم بابەتە بکەینەوە، بەڵام بەر لەوەی باس لە هۆی ئەم بابەتە بکەینەوە، پێویستە ئەوە وەبیربهێنینەوە کە تێنەگەیشتنی قوتابی لە وانەکان خەسارەتێکی زۆر تووشی کۆمەڵگە دەکات و ئەم ڕێژەیە لە تێنەگەیشتن وەک کەمایەسییەکی گەورە بەسەر سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا دەشکێتەوە. هەڵبەت ڕەنگە پاساو بهێنرێتەوە، لە

زۆربەی وڵاتان ڕێژەیەک لە قوتابیان هەن کە لە بابەتە وانەییەکان تێناگەن، بەڵام ئەم تێزە ڕای وایە، ئەو ڕێژەیە ڕێژەیەکی زۆرە و پەیوەندی نێوان قوتابی و ئامانجەکانی پەروەدە لاواز دەکات و لەدواییدا پەروەردە لە پێکانی ئامانجەکانی خۆی تووشی کەموکووڕی دەبێت. ئەم تێزە بەشێکی گرنگ لە تێنەگەیشتنی قوتابی بە پلاندارێژی زمانی کتێبە وانەییەکانەوە دەبەستێتەوە و پێی وایە ، دەبێت سیستەمی پەروەردە خەم لەو بابەتە بخوات و باشتر بە زمانی کوردی ڕابگات.

هاتنە خواری هەژماری تێگەیشتنی قوتابی، تا ڕادەیەکی زۆر، بەندە بە هەژماری ئەو هەڵانەی لە پرسیاری پێشوودا باسیان کرا. ئەو پرسیارە دەیەوێت بزانێت، ئاخۆ ئەو هەڵانەی کە باسیان کرا چەندە لەسەر تێگەیشتنی قوتابی کاریگەری نەرێنی داناوە. نزیکەی ٧٧٪ قوتابیان لە کتێبەکان تێدەگەن، ئەوە نیشان دەدات، کتێبە وانەییەکان تا ڕادەیەک توانیویانە مەبەستی خۆیان، واتە تێگەیاندنی قوتابی لە بابەتەکە پێک بێنن. ئەوە، ئەو پەیامە دەگەیێنێت کە دەرفەتی چاکسازی لە کتێبە وانەییەکاندا هەیە و سیستەمی پەروەردە بە ئەنجامدانی چاکسازی دەتوانێت زۆرتر لەوەش ڕەزامەندی قوتابی بەدەست بێنێت.

لە گەڕان بە دوای هۆی ئەو هەژماریە لە تێگەیشتنی قوتابی، بابەتی جۆراوجۆر دێتە گۆڕێ. بۆ نموونە دەکرێت باس لە ڕێنووس و ڕێزمان و وشە و داڕشتن و خاڵبەندی بکرێت. ئەو بابەتانە لە پرسیارەکانی پێشوودا بە وردی باسیان لێکرا. بابەتێک کە باسی لێنەکراوە چۆنییەتی و چییەتی زمانی کوردییە. لەو ڕوانگەوە دەکرێت پرسیار بکرێت، ئاخۆ زمانی کوردی بۆ دەربڕینی بابەتە زانستییەکان زمانێکی بە توانایە؟ ئایا زمانناسانی کورد و ئەوانەی ئەرکی داڕشتنی کتێبە وانەییەکانیان لە باری وشە و داڕشتنەوە لە ئەستۆیە، دەتوانن و توانیویانە، زمانی کوردی وەها لە دەستان خۆش بکەن کە بتوانێت ئەرکی زانستی، بە باشی، لە سیستەمی پەروەردەدا ڕاپەڕێنێت؟ ئایا لە لایەن سیستەمی پەروەردەوە هەوڵدراوە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر زمانی کوردی دابندرێت کە بتوانێت کارێکی پۆختی زانستی بە زمانی کوردی ئەنجام

بدرێت و لەئاکامدا قوتابیانی زانا پێبگەیەندرێن؟ ئەو پرسیارانە ئەم تێزە دەگەیینن بەو ئەنجامەی کە لەبارەی چییەتییەوە زۆرتر بیر لە چۆنییەتی زمانی کوردی و تواناکانی بکاتەوە. ئەوە بابەتێکە کە زۆربەی زمانەکانی دونیا بیری لێدەکەنەوە. بۆ نموونە، ئیمامی شووشتەری شک لە توانایی زمانی فارسی دەکات و دەڵێت، خودی چییەتی زمانەکە بۆتە هۆی دواکەوتوویی زمانی فارسی. ئەو دەڵێت، زمانی فارسی بۆ ورووژاندنی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی، زمانێکی کەم توانایە. ئەو کەم تواناییەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ چالاکانی بوارەکە و هەروەها ئەو پلانەی دەبوو بۆ گەشەی زمانەکە دابڕێژرێت، کەچی دانەڕێژراوە (داوری اردکانی، a، ۱۳۹۰، ل۲٤۹). ڕەفیق شوانی لەوبارەیەدا دەڵێت:"ئەزموونی کتێبە زانستییەکانی بیرکاری، فیزیا و کیمیا لە ساڵانی حەفتا تا ئێستا دەری خستووە کە زمانی کوردی توانای دەربڕینی زانستی هەیە." ئەو دەڵێت:" قوتابیم دیوە پێش بەیانی یازدەی ئازار، بە هۆی جۆری زمانەکەوە، لە وانەی زانستی دەرنەدەچووە، کەچی کاتێک زمانی وانەکان بوو بە کوردی، ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە" (لێدوانی دووکەسی لەبارەی زمان لە سیستەمی پەروەردەدا، هەولێر، ۱۲/ ۱۱/ ۲۰۱۸).

تێکەڵ بوونی بابەتە وانەییەکان و هەروەها زۆربوونیان هۆیەکی دیکەی کەم تێگەشتنی قوتابییە. ئەو هۆیە لایەنی فێرکاری دەگرێتەوە و نیشان دەدات کە قوتابی ڕێژەی بابەتەکانی پێ زۆرە. زۆری وانەکان دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی لەسەر ئەو بابەتەی کە حەزی خۆیەتی نەتوانی چەق ببەستێ. زۆر گرنگە گەر سیستەمی پەروەردە لە ڕێک خستنی بابەتە وانەییەکاندا حەز و خولیای قوتابی وەبەر چاو بگرێت. ئەوە وا دەکات، قوتابی زۆرتر تێکەڵ بە بابەتەکە بێت و خۆی ببێتە بەشێک لە تێگەیشتن و پێگەیشتن.

قورسبوونی بابەت یەکێکی دیکە لە هۆیەکانی هەڵبژاردنی بژاردەی کەمە. ئەم هۆیە پەیوەندی بە ڕادەی توانایی قوتابی لە تێگەیشتن و زانینی بابەتە دەرسییەکان هەیە. ئەم تێزە ڕای وایە، یەکێک لە مەرجەکانی تێگەیشتن جۆری ئەو زمانەیە کە بۆ نووسین و وانە گوتنەوە بەکار دەهێندرێت. واتە ئەگەر زمانی کوردی ئەم تواناییەی هەبێت، بابەتەکان بە وردی لە

قوتابی تێبگەیەنێت، لەوانەیە خودی بابەتەکە بۆ قوتابی قورس نەبێت. بەو شێوەیە دەگەین بەو ئەنجامەی کە دەکرێت ئەو گرفتە لە ڕوانگەی زمانییەوە سەیر بکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە. بە بڕوای هاگێن (١٩٦٦) پلاندارێژی چالاکییەکی هۆشیارانەیە کە بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ گرفتێکی زمانی ئەنجام دەدرێت و کاتێک دێتە ئارا کە بابەتەکان پێویستیان بە ڕێگەچارەیەکی زمانی هەبێت (رابرت فیلیپسن، ١٣٩٣، ل٢٥٥). بە هۆی ئەوەی کتێبە وانەییەکان خاوەنی هەڵەی زمانین و هەروەها بەپێی ئەوەی زمان هەردەم پێویستی بە پێداچوونەوە و چاکسازی هەیە پێویستە، پلاندارێژەرانی زمانی کوردی خەم لە پێگە و جەستە و فێرکاری زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بخۆن.

یەکێکیدی لەو بابەتانەی کە قوتابی باسی دەکات و بۆتە هۆی ئەوەی کەم لە بابەتە وانەییەکان تێبگات، دژواری وشەیە. وشەسازی یەکێک لە لقەکانی پلاندارێژیی جەستەی زمانە. زمان کاتێک دەتوانێت ئەرکی خۆی لە ناو سیستەمی پەروەردەدا راپەڕێنێت کە لە بواری وشە، ڕێنووس، ڕێزمان و هەتا دوایی گرفتی نەبێت یا هەر نەبێ گرفتی کەم بێت. گرانی وشەی نێو کتێبە وانەییەکان کە قوتابیان ئاماژەیان پێکردووە نیشان دەدات، کتێبە وانەییەکان لە باری وشەوە پێویستیان بە چاکسازی هەیە. ئەو ئاماژەیە پێویستی ئاوڕدانەوە لەو بابەتە، لەنێو کتێبە وانەییەکاندا، خێراتر دەکات.

ناشارەزایی مامۆستا، یەکێکی دیکە لەو شتانەیە کە بۆتە هۆی کەم تێگەیشتنی قوتابی. ئەم بەشە لە سکاڵای قوتابی، پەیوەندی بە فێرکاری لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. ڕاهێنانی مامۆستا و دابینکردنی مامۆستای باش و کارامە یەکێک لە مەرجەکانی پەروەردەیەکی سەرکەوتووە. مامۆستا یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی سیستەمی پەروەردەیە. بەشێک لە لێهاتوویی مامۆستا پەیوەندی بە زمان و جۆری بەکارهێنانی ئەو زمانەوە هەیە کە وانەی پێدەڵێتەوە. زۆر جار لەوانەیە مامۆستا بە زمانێک یا بە شێوازێک لە دەرەوەی زمان و شێوازی قوتابی وانە بڵێتەوە. یا ئەو شێوەزارەی وانەی پێدەڵێتەوە لەگەڵ شێوەزاری قوتابی یەک

نەگرێتەوە. یا نا بە هەمان شێوەزار وانە بڵێتەوە، بەڵام لە زمانەکە ئەوەندە شارەزا نەبێت کە بتوانێت زانیارییەکانی بۆ قوتابی پێ بگوازێتەوە. ڕەنگە زۆر بابەتیدی هەبن کە شارەزایی یا ناشارەزایی مامۆستا نیشان دەدات، بەڵام بەپێی ئەوەی ئەم تێزە لەسەر بابەتی زمان کار دەکات، ئاماژەی بەو هۆ زمانیانە کردووە کە دەبنە پێوانە بۆ توانایی مامۆستا لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی پەروەردەییدا.

ئەنجامی ئەو پرسیارە لە لایەک نیشان دەدات، کتێبە وانەییەکان توانیویانە تا ڕادەیەک ڕەزامەندی قوتابی بەدەستبێنن. ئەم تێزە پێی وایە کە بەشێکی ئەو بابەتە پەیوەندی بە توانایی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان و فێرکاری بەو زمانە لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. لە لای دیکەشەوە بە هەبوونی ڕێژەیەکی بەرچاوی قوتابی کە یا کەم لە کتێبە وانەییەکان دەگات یا زۆر کەم، دەگەین بەو ئەنجامەی کە پێویستە سیستەمی پەروەردە پلانێکی گونجاوی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا پەیڕەو بکات و هەوڵی چاکسازی خێرا لە زمانی کوردی کتێبە وانییەکان و زمانی ڕاهێناندا بدات و نیگەرانی ئەم تێزە لەوبارەیەدا برەوێنێتەوە. ئەم تێزە پێی وایە ئەگەر ئاوڕ لە پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا نەدرێتەوە، پرۆسەی زانیاری بەخشین بە قوتابی و پێگەیاندنی تووشی کێشە دەبێت و سیستەمی پەروەردە لە پێگەیاندنی نەوەیەکی تێگەیشتوو و پێگەیشتوودا سەرکەوتوو نابێ. سەرەڕای ئەوەش بێ متمانەیی بە زمانی کوردی پەرەدەستێنێت و ئەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردی دروست دەکات.

### ٥. ١. ١٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چواردەهەم

پرسیاری چواردەهەم لە قوتابی دەپرسێت، لە زمانی کام وانە باشتر تێدەگات. بۆ وەڵامدانەوە سێ بژاردە لە بەردەم قوتابی داندراوە کە بریتین لە کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی. ئەو پرسیارە نیشان دەدات کە ئاخۆ چ ڕێژەیەک لە قوتابیان لە زمانەکانی غەیری کوردی باشتر

تێدەگەن. وەڵامی ئەو پرسیارە لە لایەک پێگە و ئاستی زمانە غەیری کوردییەکان لای قوتابی نیشان دەدات و لە لایدیشەوە نیشان دەدات، گونجاوی زمانی کوردی لە بەرانبەر زمانەکانیدی بۆ ئەنجامدانی کاری پەروەردەیی چەندەیە. بە هۆی ئەوەی زمانی کوردی زمانی یەکەم و دایکی قوتابییە، ئەم بەراوردە پێگەی زمانی کوردی لە لای قوتابیانی کورد باشتر نیشان دەدات. هەژمار و ڕێژەی وەڵامدانەوەکان بەو جۆرە.

خشتەی ٥. ١٣ هەژماری قوتابی سەبارەت بە تێگەیشتن لە وانەی کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی

| قوتابخانە | کوردی | ئینگلیزی | عەرەبی | بێ وەڵام | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 19 | 15 | 3 | 10 | 47 |
| ئەختەر | 18 | 3 | 5 | 0 | 26 |
| فاخیر | 56 | 20 | 13 | 0 | 89 |
| کۆی گشتی | 93 | 38 | 21 | 10 | 162 |




وێنەی ٥. ١٣ ڕێژەی تێگەیشتنی قوتابی لە وانەی کوردی، ئینگلیزی و عەرەبی

ئەو پرسیارە ئەوەی لەبەر چاوە کە زمانی پێ خوێندن، لەو قوتابخانانەدا، زمانی کوردییە. ئەو پێشەکییە دەکرێت بە هەوێنی لێکدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ ئەوەی بەو شێوەیە زۆرتر لە بارودۆخی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا ورد بێتەوە. ئەم تێزە ڕای وایە کە ڕێژەی ٥٧٪ بۆ تێگەیشتن لە زمانی کوردی، بە بەراورد لەگەڵ زمانەکانیدی، ڕێژەیەکی کەمە. چونکە هەم زمانی دایکی زۆرینەیان کوردییە و هەم زمانی پێ خوێندن لە قوتابخانەکاندا زمانی کوردییە. بە هەر جۆرێک کە لێکبدرێتەوە، چاوەڕوانی دەکرا کە ئەم ڕێژەیە زۆر لەوە زۆرتر بێت. ئەو ڕێژەیە دەتوانێت هۆی جۆراوجۆری هەبێت. بۆ نموونە، دەکرێت ئاماژە بە هۆشیاری زمانی، جۆری پێراگەیشتنی سیستەمی پەروەردە بە زمانی کوردی و بنەماڵە و ڕاگەیاندن و هەتا دوایی هەبێت. لەسەرووی هەموانەوە، ئەوەی کە قوتابی نەیتوانیبێت بە باشی پەیوەندی لەگەڵ بابەتی نێو کتێبە وانەییەکان بگرێت، پەیوەندی بە جۆری پلاندارێژیی زمانی سیستەمی پەروەردە هەیە، چونکە هەر زمانێک کە بە شێوەیەکی زانستی و گونجاو پلانی بۆ دابڕێژرێت توانایی ئەوەی هەیە، سەرنجی قوتابی ڕابکێشێت و وەک کەرەسەیەکی سەرکەوتوو لە سیستەمی پەروەردەدا کاری پێبکرێت.

ئەم ڕاپرسییە دەریخستووە، هەرچەند زمانی ئینگلیزی زمانی دایکی قوتابی و زمانی فەرمی وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان نییە، بەڵام بە جۆرێک داڕێژراوە کە ٢٥ لە سەدی قوتابیان ئەو زمانەیان هەڵبژاردووە و تەنانەت لە قوتابخانەی جمهوری ئەو ڕێژەیە چل و یەک لە سەدە. ئەوە نیشان دەدات، جۆری داڕشتنی زمانی کتێبی وانەی ئینگلیزی و وانە گوتنەوەکەی بە جۆرێکە کە تێگەیشتنی وانەکەی لە وانەی کوردی بۆ قوتابی ئاسانتر کردۆتەوە. بەشێکیش لە هۆی ئەم بژاردەیە ڕەنگە بۆ گرنگی بگەڕێتەوە کە سیستەمی پەروەردە بەپێی پلانی خۆی بە زمانی ئینگلیزی داوە، یا ڕەنگە لەژێر کاریگەری هەژمۆنی زمانی ئینگلیزی بەرهەم هاتبێت، بەڵام بێ گومان بەشێکیشی پەیوەندی بە مامۆستا و کتێب و جەستەی زمانەکە و داڕشتنی کتێبە وانەییەکەوە هەیە کە توانیویە سەرنجی قوتابی بەو دەرەجەیە بۆ لای خۆی

ڕابکێشێت. ئەم ڕێژەیە نیشان دەدات، پێویستە سیستەمی پەروەردە، ئاوڕ لە زمانی کوردی بداتەوە و تا ئەو جێیەی پێی دەکرێت، ئەو مەرجانە بۆ زمانی کوردی دابین بکات کە بۆ زمانی ئینگلیزی دابین کراون.

ئەو ڕێژەیەی ئاماژەی بە زمانی عەرەبی کردووە، ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامانە: ١. لەوانەیە زمانی دایکی بەشێک لە قوتابیان زمانی عەرەبی بێت. ٢. قوتابی پێشتر لە قوتابخانەیەک خوێندبێتی کە زمانی پێ خوێندنەکەی عەرەبی بووە. ٣. داڕشتن و نووسین و دەقی کتێبی عەرەبی بێ هەڵەتر و سەرنج ڕاکێشتر بێت. بژاردەی یەکەم وامان لێدەکات کە بیر لەوە بکەینەوە ئاخۆ سیستەمی پەروەردە توانیوییە کە یارمەتی ئەو قوتابیانە بدات کە زمانی دایکی وان عەرەبییە بۆ ئەوەی بە باشی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان تێبگەن و لەدواییشدا زمانی کوردی کتێبی کوردی بە باشی تێبگەن و بیخوێنن و فێری بن. بژاردەی دووهەمیش وا لەم تێزە دەکات کە وەبیر سیستەمی پەروەردە بێنێتەوە، لەوانەیە بارودۆخەکە بۆ قوتابیان وەکوو یەک نەبێ و پێویستە بیر لەو بابەتە بکرێتەوە. چونکە لەوانەیە ئەرکی پەروەردە تووشی کێشە بکات. خاڵی سێهەمیش ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی کە کتێبی عەرەبی بەپێی ئەزموونێکی کە هەیەتی لەوانەیە لە باری ناوەرۆک و چاپ و زمانەوە باشتر ڕێکخرابێت و حەق وایە ئاستی کتێبە کوردییەکانیش بە هەمان شێوە بەرز بکرێتەوە.

ئەم تێزە لە ورووژاندن و لێکدانەوەی ئەم پرسیارەدا مەبەستی ئەوە نییە کە زمانەکان وەک جێگرەوەی یەکدیکە سەیر بکات. واتە لای وانییە کە گرنگی پێدان بە زمانی کوردی دەبێت ببێتە هۆی وەلانانی زمانەکانی دیکە یا لاوازبوونیان. تەنانەت پێی وایە ، بەرجەستەکردنەوەی شێوەزارێکیش نابێ ببێتە هۆی لاوازبوونی شێوەزارێکیدی زمانەکە. وەک محەمەدرەزا باتنی باس دەکات، جیا لەوەی کە زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانێکی جیهانی و پێویستە کە قوتابی بە باشی فێری بێت و بەکاری بێنێت، مرۆڤ ئەو توانایییەی هەیە، چەندین زمان بە باشی فێر بێت

و کاریان پێ بکات و پێویست نییه زمانێک له پێناو زمانێکیدیدا وەلا بندرێت (باطنی، ١٣٧٦، ل١٨٣).

بەراوردکردنی ڕێژەی ئەو قوتابیانەی له قوتابخانەی جمهوری ئاماژەیان بە ئینگلیزی کردووە، کە ٤١٪ قوتابیان دەگرێتەوە، لەگەڵ قوتابیانی دوو قوتابخانەی فاخیر و جمهووری کە هەر کامە و لەدوای یەک ٢٢٪ و ١٢٪ ن، نیشان دەدات، تەنیا جۆری کتێب و هەژمووونی زمان و ئاستی ژیانی ئابووری قوتابی و جۆری قوتابخانەکە کاریگەری لەسەر هۆگری قوتابی بە زمانی ئینگلیزی نییە. بەڵکوو ئەوە پلانی قوتابخانە و جۆری وانە گوتنەوەی مامۆستایە کە کاریگەری لەسەر ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی دادەنێت. قوتابخانە دەتوانێت لە پلاندارێژیی زمانیدا دەور ببینێت و کاریگەری بخاتە سەر تێگەیشتنی قوتابی لەسەر زمانە جۆراوجۆرەکان و هۆیەکانیدی ببەزێنێت. واتە لەو توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت، جگە لە جۆری پلاندارێژی سیستەمی پەروەردە، زۆر بابەتی دیکەی وەک مامۆستا کاریگەرییان لەسەر ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی هەیە. لە ئەنجامدا دەکرێت بگوترێ، ڕاهێنان و پەروەردەکردنی مامۆستایان لەسەر زمانی کوردی، دەتوانێت دەورێکی گرنگ لە بەرزکردنەوەی ئاستی پێگە و جەستە و فێرکاری زمانی کوردیدا ببینێت و ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی لە وانەکانی نێو پرۆگرامی خوێندن بەرز بکاتەوە.

### ٥. ١. ١٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پانزدەهەم

لە پرسیاری پانزدەهەم دا لە قوتابی پرسیار کراوە کە ئاخۆ لە زمانی کام وانە بە باشی تێناگات. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە ناوی کتێبە وانەییەکانی پۆلی ٩ نووسراون و قوتابی سەرپشک کراوە کە یەکێکیان هەڵبژێرێت. ئەوە ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێت، ڕای قوتابی سەبارەت بە جەستەی کتێبە وانەییەکان، ڕوون بکرێتەوە کە خۆی یەکێکە لە لقەکانی

پلاندارێژیی زمانی، هەروەها یارمەتی ئەم تێزە دەدا، بە شێوەیەکی خەسارناسانە و ڕەخنەگرانە لە کتێبە وانەییەکان ورد بێتەوە و زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لەگەڵ یەکدیکە بەراورد بکات. هەژمار و ڕێژەی وەڵامی قوتابیان بە پرسیاری پانزدەهەم بە شێوەی خوارەوەیە.

خشتەی ٥. ١٤ هەژماری قوتابی سەبارەت بە تێنەگەیشتن لە زمانی کتێبە وانەییە جۆراوجۆرەکان

| قوتابخانه | بیرکاری | عەرەبی | ئینگلیزی | کوردی | کیمیا | ئایین | فیزیا | بێ وەڵام | زیندەزانی | کۆی قوتابی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری | 17 | 9 | 7 | 2 | 1 | 0 | 1 | 9 | 1 | 47 |
| ئەختەر | 8 | 10 | 4 | 0 | 0 | 0 | 0 | 4 | 0 | 26 |
| فاخیر | 6 | 39 | 3 | 2 | 6 | 1 | 10 | 17 | 5 | 89 |
| کۆی گشتی | 31 | 58 | 14 | 4 | 7 | 1 | 11 | 30 | 6 | 162 |




وێنەی ٥. ١٤ ڕێژەی تێنەگەیشتنی قوتابی لە زمانی کتێبە وانەییە جۆراوجۆرەکان

ئەو ڕاپرسییە دەریدەخات، ئەو وانەیەی کە قوتابی بە زۆرترین ڕێژە لێی تێناگات، وانەی عەرەبییە. ئەوەیکە قوتابی بە باشی لە وانەیەک تێناگات هۆی زۆرە. ئەو هۆکارانە بریتین لە جۆری داڕشتنی دەقی کتێبە وانەییەکە، مامۆستای بابەتەکە، پێگەی زمانەکە لای قوتابی و قوتابخانە، ڕادەی ئەو بەهایەی کۆمەڵگە بەو زمانەی دەدات و جۆری پلاندانانی زمانی بۆ ئەو وانەیە لەنێو سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. ئەوەی پەیوەندی بە پلانداڕێژیی زمانییەوە هەیە، پێگە و جەستە و جۆری ڕاهێنانی قوتابی لەسەر ئەو بابەتەیە. ئەگەر ئەو بابەتە وەک کەموکورتی سەیر بکرێت، وەک مودەریسی باسی دەکات، بەرپرسیارەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی ڕێکخراوەکانی حکومەتی (مدرسی، ١٣٩٣، ل٢٥٩). لە درێژەدا، ئەم تێزە بە وردبوونەوە لە هۆی هەڵبژاردنەکان، باشتر دەچێتە بنجوبناوانی لێکدانەوەی ئەم بابەتە.

وانەی بیرکاری بە پلەی دووهەم دێ. واتە بیرکاری دوای عەرەبی وانەیەکە کە قوتابی بە باشی لێی تێناگات. ئەوەش دەکرێت هۆی جۆراوجۆری هەبێت. ئەوەی لێرە جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە وانەی بیرکاری پەیوەندی بە لایەنی فێرکارییەوە هەیە و مامۆستا و جۆری بابەتەکە زۆرترین دەوریان لە ڕادەی تێگەیشتن یا تێنەگەیشتنی قوتابیدا هەیە. ئەم تێزە ڕای وایە، بیرکاری، لە پەنا وانەکانیدی وانەیەکی گرنگە و پێویستە سیستەمی پەروەردە پلانی بۆ ئەم بابەتە هەبێت و توێژینەوەی لە بارەدا بکات، خاڵە لاوازەکان دەستنیشان بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە. بەتایبەتی کە ئەم وانەیە دەورێکی گرنگی لە ژیانی داهاتووی قوتابیدا هەیە.

دوای دوو وانەی عەرەبی و بیرکاری، ئینگلیزی بە پلەی سێهەم دێت. لەوانەیە بگوترێ کە بە هۆی ئەوەی ئەم دوو وانەیە زمانی دایکی قوتابی نین، کەم تێگەیشتن لەوان ئاساییە، بەلام ئەوەی لێرە جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە ئەگەر بیانیبوون مەرج بایە، دەبوو ڕادەی باش تێنەگەیشتنی قوتابی بۆ ئەم دوو وانەیە (عەرەبی و ئینگلیزی) وەک یەک بێت، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی پێگەی زمانەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین، ڕێی تێدەچێت کە بەرزبوونی پێگەی و هەژموونی زمانی ئینگلیزی وای کردبێت کە قوتابی زۆرتر بەها بە زمانی ئینگلیزی بدات و لە

وانەی ئینگلیزی باشتر تێبگات هەتا وانەی عەرەبی. ئەوەش ئەوە نیشان دەدات کە ئاستی پێگەی زمانەکان کاریگەری لەسەر ڕادەی فێربوونی وانەکە لای قوتابی دادەنێت. جێگەی سەرەنجە کە کتێبی ئایین کەمترین ڕێژەی تۆمار کردووە. بە بڕوای ئەم تێزە بەشێک لە هۆی باش تێگەیشتنی قوتابی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانەی کە ئەم کتێبەی پێ نووسراوەتەوە و ئەوە نیشان دەدا کە کەسانی ئایینی زۆرتر شارەزای زمانی کوردین. فاکتۆریدی بۆ ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی دەتوانرێت دەستنیشان بکرێت، کە مامۆستا و کتێب و ڕادە و جۆری ڕاهێنان لەو بابەتانەن، کە ئەویش هەر لایەنی فێرکاری و جۆری جەستەی زمانەکە دەگرێتەوە و پەیوەندی بە پلاندارێژیی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هەیە. دیارە ناکرێت دەوری کۆمەڵگە و بەتایبەتی بنەماڵەکان لەسەر ئەم ڕێژەیە وەبەرچاو نەگیرێت.

لە بەشی دوایی پرسیارەکەدا پرسیار لە قوتابی کراوە، بە چ هۆیەک لەو وانانەی کە دەستنیشانی کردوون بە باشی تێناگات. وردبوونەوە لە وەڵامی ئەو پرسیارە و لێکدانەوەی وەڵامی قوتابیان، جۆری پلاندارێژی زمانی سیستەمی پەروەردەمان، لەو قوتابخانانە، باشتر بۆ ڕوون دەکاتەوە.

هۆی باش تێنەگەیشتنی قوتابیانی ئەم سێ قوتابخانەیە، لە وانەکان ئەم خاڵانەن: لە مامۆستا تێناگەم (بیرکاری)، قورس و گرانە (بیرکاری)، یاسای زۆرە و لێم تێکەڵ دەبێت (ئینگلیزی)، وانەکان بە ڕوونی شەرح ناکرێن، لەبەر ئەوەی زمانی خۆمان نییە (عەرەبی)، چونکە زمانێکی ناخۆشە (ئینگلیزی)، پرسیارەکانی قورسە و مامۆستاش کەمێک باش شەرح ناکا (بیرکاری)، لەبەر ئەوەی عەرەبی نازانم، لە زمانی عەرەبی تێناگەم، زمانی خۆمان نییە، جۆری سیستەمەکە باش نییە، حەزم بۆ زمانی عەرەبی کەمە، زمانێکی گرانە (عەرەبی)، لە زمانەکەی تێناگەم (عەرەبی)، ناچێتە میشکم، هەبوونی مامۆستای توند و تیژ، چۆنییەتی شەرحکردن بە بێ دووبارەکردنەوە، زمانێکی زیادەیە و لە بەر ئەوەی قۆرترین و ناخۆشترین و گرانترین دەرسە و هیوادارم زمانی عەرەبی لە ناو بچێ! ئەوەی باسی وانەی ئایین دەکات، بەو شێوەیە باس لە

هۆیەکەی دەکات: مەرج نییە هەموومان لەسەر یەک ئایین بین. من باوەڕم بەو ئایینە نییە و کەچی گەر نەیخوێنم نمرەکانم دادەبەزێت. تێگەیشتنی من لەو بابەتە بە هۆی ئەوەیە کە چ پێویست دەکات ناموسڵمانێکیش بیخوێنێت.

ئەم پرسیارە و وەڵامەکەی پەیوەندی بە پلاندارێژی فێرکاریی زمانییەوە هەیە و ئەویش لقێکە لە لقەکانی پلاندارێژیی زمانی. لێرەدا هەوڵدەدرێت بە لێکدانەوەی هۆی وەڵامی قوتابیان ئەو بابەتە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا هەڵسەنگێندرێت و لێکبدرێتەوە. ڕێژەی زۆری ئەوانەی وانەی بیرکارییان هەڵبژاردووە، بە بەراورد لەگەڵ قوتابخانەی فاخیر مێرگەسۆری، کە ڕێژەکەی نۆ لە سەدە، نیشان دەدات، سەرەڕای زمانەکە، مامۆستا و جۆری وانە گوتنەوەی وانەی بیرکاری لەو قوتابخانەیەدا بۆتە هۆی تێنەگەیشتنی باشی قوتابی لە وانەکە. سەرەتا ئەوەمان لە بیر بێت، وانەی بیرکاری پێویستی بە تێگەیاندن و تێگەیشتنە و مامۆستا و جۆری دارشتنەکەی دەورێکی گرنگ لەو بابەتەدا دەبینن. ئەم سێ هۆیەی باسیان کرا، مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی قوتابی پێک دێنێت کە پەیوەندیان بە پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. بۆ نموونە، لە هۆیەکان قوتابی ئاماژە بەوە دەکات، لە مامۆستاکەی تێناگات. ئەوە نیشان دەدات، مامۆستا بە باشی بۆ ئەم مەبەستە ڕانەهێندراوە و پێویستە سیستەمی پەروەردە بە پلانی فێرکاریدا بچێتەوە. گرانی و قورسی وانەی بیرکاری و شێوازی وانە گوتنەوەی مامۆستاکەی هۆیەکیدی ئەو قوتابیانەیە کە وانەی بیرکارییان هەڵبژاردووە. ئەو داتایانە و بەراوردکردنی قوتابخانەکان لەگەڵ یەکدیکە نیشان دەدات، قورسی و گرانی وانەکان، لەنێو ئەواندا وانەی بیرکاری، پەیوەندی بەو خاڵانەوە هەیە کە باسیان کرا و ئەگەر ئەو مەرجانە پەیڕەو بکرێت، دەکرێت ببێتە مایەی ڕەزامەندی قوتابی بۆ ئەم وانەیە و لەدواییدا دەتوانێت، سەرکەوتنی پروسەی سیستەمی پەروەردەش لە پێگەیاندنی قوتابی مەیسوور بکات.

یەک لە هۆیەکانی دیکەی قوتابیان ئەوەیە کە وانەکان بە باشی شەرح ناکرێ. یەکێک لە ئامرازەکانی شەرح و تێگەیاندن زمانە. کەوایە باش شەرح نەکردن، هێمایەکە بۆ خراپی بارودۆخی زمان و فێرکاری لە سیستەمی پەروەردەدا. ئەو قوتابیانەی کە دەڵێن لە زمانی عەرەبی تێناگەن، ئاوا باسی هۆی تێنەگەیشتنی خۆیان لە زمانی عەرەبی دەکەن. ئەوان دەڵێن، زمانی عەرەبی زمانی خۆیان نییە. ئەو هۆیە جێگەی سەرنج و تێڕامانە و پێویستە لە چەند گۆشە نیگایەکەوە خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

یەکەم، نیشان دەدات، قوتابی زمانی عەرەبی بە زمانی خۆی نازانێت. ئەوە لە کاتێکدایە کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمی وڵاتی عیراقە و تاکی کوردیش هەتا ئێستا بە فەرمی خەڵکی ئەو وڵاتەیە. بەشیک لەو بۆچوونەی قوتابی بەرهەمی ئەو سیاسەت و ڕەفتارە زمانییەیە کە زمانی عەرەبی و خاوەنەکەی لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا بەرانبەر زمانی کوردی و ئاخێوەرانی زمانی کوردی ئەنجامیان داوە. واتە بارودۆخی سیاسی و مێژوویی کارێکی وای کردووە کە پێگەی زمانی عەرەبی لە هەرێمی کوردستان نزم بێت و تەنانەت تاکی کورد بە نەفرەتەوە سەیری زمانی عەرەبی بکات و بە زمانێکی خۆ سەپێنەر سەیری ئەو زمانە بکات. هۆیەکیدی کە قوتابیان باسیان کردووە ئەوەیە، قوتابی هەست دەکات زمانی عەرەبی بە کەڵکی نایە. ئەوە بەرهەمی لێک دابڕانی فەرهەنگی و ئابووری هەرێمی کوردستان لە وڵاتی عێراقە و ڕەنگە وردە وردە ببێتە هۆی ئەوەی کە کورد و عەرەب لە وڵاتی عیراق کە هاووڵاتی یەکدیکەن، لە داهاتوویەکی نزیکدا لە یەکدی تێنەگەن و ئەو شتە ببێتە هۆی دابڕانی زۆرتری تاکی ئەو وڵاتە لە یەکدیکە. دووهەم، نیشان دەدات، قوتابی تێنەگەیندراوە کە دەتوانێت هاوکات چەند زمان فێر بێ و بەکاری بێنێت. بەتایبەتی ئەو زمانەی کە زمانی فەرمی وڵاتەکەیەتی و دواتر دەتوانێت ببێ بە پاڵپشت بۆ بەردەوامی لە خوێندن و تەنانەت ژیانی ئابووری و ڕۆژانەشی پێ تێپەڕێنێت. سێهەم، نیشان دەدات، خاوەنی زمانی عەرەبی کە دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقن، نەیانتوانیوە ئەو زمانە لە لای تاکی کورد خۆشەویست بکەن. نیشان دەدات، کورد لە خاوەنی

ئەو زمانە ئازاری بینیوە و بەو زمانە هەڕەشەی لێکراوە و لێی دروواە و ئازاردراوە. واتە ئەو ڕەلامە پەیوەندی بە زەلزەلەیەکی کۆنی مێژووییەوە هەیە کە ئێستاش هەرێمی کوردستان دەلەرزێنێت و ڕۆژ نییە لە ڕێگەی ئەو زمانەوە هەڕەشەی لێنەکرێت و ئینکار نەکرێت. قوتابی بەرهەمی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی و پەروەردەیی سەردەمی خۆیەتی و مافی خۆیەتی دژکردەوە لە خۆی نیشان بدات و لەئاکامدا هەوڵی فێربوونی ئەو زمانە نەدا کە بیچمی زمانێکی خۆسەپێنەری پەیدا کردووە. چوارەرەم، جوگرافیای جیاواز و لێکدابڕانی کۆمەلایەتی و ئابووری هۆی دیکەی لاوازبوونی پێگەی زمانی عەرەبی لە هەرێمی کوردستانە. پیتر ترادگیل سەرەڕای کاریگەری جیاوازی نەژاد لەسەر پێگەی زمان، باس لە جیاوازی جوگرافیای دوو زمان دەکات و ڕای وایە کە جیاوازی جوگرافیایی دەبێتە هۆی لاوازبوونی پێگەی ئەو زمانەی کە بە ڕەسەنایەتی لە دەرەوەی جوگرافیاکەیە (پیتر ترادگیل، ١٣٩٥، ل١٠٣). واتە کەلەبەری جوگرافیایی وەک کەلەبەری سیاسی و ئایینی و کۆمەلایەتی و ئابووری دەتوانێت پێگەی زمانێک، هەر چەند زمانی فەرمی ولاتەکەش بێت، لای هاوولاتی ئەو ولاتە لاواز بکات. پێچەوانەکەشی ڕاستە. واتە ئەو جوگرافیایەی کە لە شوێنی دانیشتنی عەرەبەکان نزیکە، پێگەی زمانەکەش لای ئەوان بەرزترە.

زمانی ئینگلیزیش یەکێک لەو زمانانەیە کە قوتابی بە هۆی تێنەگەیشتن، لێی بێزارە. یەک لەو هۆیانەی کە قوتابی لە زمانی ئینگلیزی تێناگات ئەوەیە کە ڕای وایە کە زمانی ئینگلیزی یاسای زۆرە و تێکەلە و لە ئەنجامدا ناخۆشە. ئەوە ئەم گریمانەیە پشت ڕاست دەکاتەوە کە ئینگلیزی زمانێکی دژوارە و فێربوونی زەحمەتە. دەکرێت بۆ دژواری زمانی ئینگلیزی کۆمەلێک هۆ دەستنیشان بکرێت کە لایەنی وشە و ڕێنووس و ڕێزمان و جۆری فێرکاری دەگرێتەوە و وادەکات کە قوتابی بە باشی لەو زمانە تێنەگات.

چاکسازی لە پلاندارپێژیی زمانیدا ئەو ئیمکانە بۆ سیستەمی پەروەردە و قوتابخانە دەڕەخسێنێت، کە چارەسەری ئەم گرفتانە بکات، کە قوتابیانی ئەو قوتابخانانە باسیان کردووە.

وەک مودەریسی باس دەکات، پلاندارێژیی زمانی، وەکوو شێوەکانی دیکەی پلاندارێژیی، بەو چالاکیانە دەگوترێ کە بە درێژایی زەمەن ئەنجام دەدرێت و کاتەکەی بەپێی جۆری بابەتەکانی سەر بە زمان و هۆی دیکەی کاریگەر لەسەر بابەتەکە، دەگۆڕدرێت (مدرسی، ۱۳۹۳، ل۲۵۸). بۆیە دەکرێت، لە باری کاتەوە، ئەنجامی چاکسازی لە پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بەسەر سێ بەشدا پۆلێن بکرێت. کورتخایەن، درێژخایەن و مامناوەند. پێشبینیکردنی ئەو کاتەی بۆ ئەنجامی ئەو چاکسازییانە پێویستە، پەیوەندی بە سیستەمی پەروەردە و تواناییەکانییەوە هەیە کە ئەو سیستەمە لە بەردەستیدا هەیە و پەیوەندی بە ڕادەی گرنگی پێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سیستەمی پەروەردە و عەقلییەتی زاڵ بەسەر سیستەمی پلاندارێژیی زمانی لەنێو ئەو سیستەمەدا هەیە. ئەوەی پەیوەندی بە جەستەی زمانەوە هەیە دەکرێت زۆر بە خێرایی پلانی بۆ دابرێژرێت و ئەنجام بدرێت. ئەوەشی کە پەیوەندی بە فێرکاری و مامۆستا و ڕاهێنانی مامۆستاوە هەیە کاتێکی درێژخایەنتره و ماوەی زۆرتری دەوێت. ئەو بەشەش کە پەیوەندی بە بەرزکردنەوەی زۆرتری پێگەی زمانی کوردی هەیە، یا هەر سیاسەتێکی زمانی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستێتی، کاتێکی درێژخایەنی دەوێت و لە ڕێگەی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی حکومی و ناحکومی دەبێت کاری لەسەر بکرێت و، شوڕ بکرێتەوە ناو دەروونی کۆمەڵگەوە. سەرەڕای ئەوەش، چاکسازی لە جەستە و فێرکاریدا کاریگەریان لەسەر پێگەی زمانی کوردی دەبێت. لە لایدیشەوە لە بواریتری وەکوو میدیا، ئینترنێت، وەرگێران، زانکۆ، ئەکادیمیا و ... دەبنە هۆی چاکسازی لە زماندا.

لە لێکدانەوەی هۆی باش تێنەگەیشتنی قوتابی، توند و تیژی مامۆستا بابەتێکی دیکەیە کە جێگەی سەرنجی ئەم تێزەیە. وەک لە هۆیەکان دەردەکەوێت، یەکێک لەو بابەتانەی کە وای کردووە مامۆستا بە باشی ئەرکی خۆی ڕانەپەڕێنێت، کەمی یا نەبوونی مووچەیە. ئەوە دەریدەخات، دابینکردنی ژیانی مامۆستا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی چۆنییەتی فێرکاری. بۆیە سیستەمی پەروەردە دەبێت لە پێناو پلاندارێژییەکی سەرکەوتووی زمانی و پەروەردەییدا بیر

لە بەرزکردنەوەی بژێوی ژیان و داهاتی مادی مامۆستا بکاتەوە. لێرەدا قسەیەکی جوبران خەلیل جوبرانم وەبیر هاتەوە کە دەڵێت:" بو دروستکردنی ولاتێکی بەشکۆ سێ شت پێویستە: بنەماڵە، سیستەمی پەروەردە و هێما. بۆ یەکەمین دەبێت، بەها بە دایکان بدرێت، بۆ دووهەمی دەبێت، پشت بە مامۆستایان ببەسترێت و بایەخ بەوان بدرێت و بۆ سێیەمینیش دەبێت، ئوستوورەکان بەرز بنرێخێندرێن."

زیادبیوونی وانەیەک لە ڕوانگەی قوتابییەوە، بۆتە هۆی ئەوەی کە قوتابی بەهای پێویست بە وانەکە نەدات و لەدواییدا بە قۆڕ و بە زیادە وەسفی بکات. ئەوە نیشان دەدات، یەکەم، خودی قوتابی دەورێکی گرنگی لە بابەتی فێرکاریدا هەیە. بە جۆرێک کە خواستی قوتابی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕاهێنان و پەروەردەکردن و فێربوونی هەیە. لەو خاڵەڕا دەگەین بەو ڕاستییەی کە سیستەمی پەروورەدەی سەرکەوتوو سیستەمێکە، کە ویست و خواست و حەزی قوتابی بە هێند وەردەگرێت و لە ناو ڕەوتی ڕاهێناندا حیسابی بۆ دەکات. لە لایدیشەوە، ئەوە دەردەخات، پێگەی زمانی عەرەبی لای قوتابی لاوازە و لاوازی پێگەی زمانیش دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی لە وانەکە بێزار بێت و بە باشی لێی تێنەگات. بابەتێک کە بەشێک لە هۆیەکەی غەیری زمانییە و دەتوانێت لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و ئابووری هەبێت. سیاسی بەو مانایەی کە لەژێر کاریگەری سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستان و بنەماڵە و میدیادا بەرهەم هاتبێت. واتە بەرهەمی جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگە سەبارەت بەو زمانە بێت. مێژوویی بەو واتایەی کە مێژووی دەسەڵاتی ئەو زمانە بیرەوەرییەکی ئەرێنی لای قوتابی و کۆمەڵگە دروست کردبێت و بە زمانی سەرکوتکردن و هەڕەشەکردن وەسف نەکرێت.

## ٥. ١. ١٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شانزدەهەم

پرسیاری شانزدەهەم، کە پرسیاری کۆتایی قوتابیانە، دەیهەوێ دەرفەت بدا بەو کەسەی کە ڕاپرسی لەگەڵ دەکرێت، بۆ ئەوەی ڕای خۆی لەبارەی ئەو شتانەدا بلێت کە دانەری پرسیارنامە فکری پێی ڕانەگەیشتووە و یا بە هەر هۆیەک بێ نەیویستووە پرسیاریان لە بارەدا بکات. ئەمیر حەسەنپوور لەو بارەدا دەڵێت: "وەڵامدەر دەبێت بەشدار بێت لە دیاریکردنی بابەتەکانی لێکۆڵینەوە. تەنیا نابێ توێژەر بڕیار بدات، کە چ کێشەیەک شایەنی لێکۆڵینەوەیە (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١١، ل١٠٩). واتە ئەم تێزە پێی وایە ، دەبێت دەرفەت بە پێکهاتەکانی بەر توێژینەوە بدرێت کە بە شێوەی ڕەها و لە دەرەوەی ئەم پرسیارانەی کە توێژەر گەڵاڵەی کردوون، قسەی خۆی لەبارەی بابەتەکەدا بکات. بەو مەبەستە ئەم تێزە لە پرسیاری شانزدەهەمدا ویستوویە ڕای قوتابی لە دەرەوەی ئەو پرسیارانەی پێشتر کراون، سەبارەت بە پلاندارێژیی زمانی کوردی بزانێت. بۆ گەیشتن بەو مەبەستە داوا لە لە ١٦٢ قوتابی لە سێ قوتابخانە بە ناوەکانی ئەختەر، جمهووری و فاخیر کراوە کە تێبینی و بیروڕای خۆیان لەبارەی ناوەڕۆکی پرسیارەکە دەرببڕن.

ڕای قوتابیانی قوتابخانەی کچانەی ئەختەر کە ژمارەیان ٢٦ کەسە، لەبارەی پرسیاری شانزدەهەمدا بەو جۆرەیە: "پێویستە قوتابی و مامۆستا لێک نزیکتر بن، زۆر مامۆستا هەیە کە ترسناکە و توندە، ئەو کاتەی کە معاش بە تەواوی دەهات زۆر ڕووخۆش بوو، بەس ئەگەر معاش نەبێ زۆر تووڕەن، داڕشتن و ئەدەبی کوردی نەمێنێ، هیوادارم هەڵەی تێدا نەمێنێ، بابەتی مێژوویی ڕاشکاوانەتر بنووسرێ، زۆربەی مامۆستاکان ئەو تەلەبانە فەرامۆش دەکەن کە لە بابەتەکان تێناگەن، بۆ زووتر ڕۆیشتنی وانەکە، مامۆستا کێشەی کۆمەڵایەتی خۆی لەگەڵ وانەکان تێکەڵ دەکا، کەس ڕاو بۆچوونی ئێمە وەرناگرێ، زۆرتر گرنگی بە زمانی کوردی

بدریّ، هەندێک وشە هەیە کە بە کوردی نین وەکوو سورپڕایز، نازانین بە کوردی چی پێدەگوتریّ، کتێبەکان کۆن و دڕاون و هەڵەکان کەم بێتەوە".

وەڵامی٤٧ قوتابی لە قوتابخانەی کوڕانەی جمهووری لەو خاڵانەدا پۆلێن کراون: "حەز دەکەم زمانی کوردی بەرەو پێشەوە بچێت، هەموو تاکێک لە هەر پارچەیەک بە کوردییەکی پەتی قسە بکەن، قوتابخانەکان بە باشی زمانی کوردی بخوێنن و هەوڵ بدەن زمانی کوردی بەرەو پێشتر ببەن، نەخێر چونکە بە زمانی کوردی ڕازیم، لەبارەی قوتابخانەکەمدا ڕام ئەوەیە کە قوتابییەکان عەیبیان نییە بەس مامۆستاکان ناخۆشیان کردووە و مامۆستا بە جوانی کوردیمان فێر بکا".

تێبینی و سەرنجی ٨٩ قوتابی پۆلی نۆی قوتابخانەی فاخیر لەبارەی زمانی کوردی و قوتابخانەکەیدا بەو جۆرەیە: "زمانی کوردی پەرە بستێنێ بۆ دەرەوەی وڵات و زمانی تورکیش بخوێندریّ، گەر زمانی دیکەش بخوێنین، زمانی کوردی فەرامۆش نەکەین، هەر وانەیەک بخوێنین کە حەزمان لێیە. ئەو هەموو وانەیە بۆ هەموو قوتابیان پێویست نییە، ڕێگە بدریّ بەپێی توانا و ئارەزووی خۆمان بخوێنین، یەکێک لە مامۆستاکان زۆر تووڕەیە، گرنگی بە وشە ڕەسەنەکان بدریّ، لە کتێبی کوردیدا بە شێوەیەکی دوور و درێژ باس لە ئەدەبی کوردی کراوە، هەندێک کورت بکرێتەوە باشترە، سوپاس بۆ ئەوەی ڕێگەتان دا ڕای خۆم دەرببڕم، گرنگی بە وانەی کوردی بدریّ، چونکە قوتابی بۆ فێربوون ناخوێنیّ، بەڵکوو بۆ دەرەجە دەخوێنیّ و هیوادارم ئەو ڕەوتە بگۆڕدریّ".

ڕێژەی تێبینی قوتابیانی ئەو سێ قوتابخانەیە نیشان دەدات، زۆرترین تێبینیی قوتابیان لەسەر پێگەی زمانە. ئەو تێبینیانە نۆ دانەن و ڕێژەکەیان دەکاتە ٤٣٪ی قوتابیان. ئەوەی بە ڕێژەی دووهەم دێ لایەنی فێرکارییە کە قوتابی حەوت تێبینی لەسەری هەیە و ڕێژەکەی دەبێتە ٣٣٪ ی قوتابیان و دواتر جەستەی زمانە کە پێنج تێبینی لە بارەدا کراوە و ڕێژەکەی دەگاتە

٢٤٪ی قوتابیان. بۆ لێکدانەوەی پرسیاری شازدەهەم، پێویستە تێبینیی قوتابیان پۆلێنبکرێت. هەولدراوە تێبینییەکان بەسەر سێ قوڵی، پێگە، جەستە و فێرکاریدا دابەش بکرێن و لەدواییدا هەرکامە و بە جیا لێکبدرێنەوە.

جێگەی سەرنجە کە لە ڕووی ڕێژەکانەوە دەرکەوتووە کە قوتابیان توانای دارشتنیان باش نییە و بە وردی فۆرمی پرسیارەکانیان پڕ نەکردۆتەوە. ئەوە کێشەیەکی گەورە نیشان دەدات، ئەویش ئەوەیە کە قوتابی دوای نۆ ساڵ خوێندن ناتوانێ ڕای خۆی بە باشی بە کوردی بنووسێتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەم گرفتەش داتاکان شایستەیی ئەوەیان هەیە کە مەبەستی تێزەکەیان تێدا تەتەڵە بکرێت و وڵامی پرسیاری تێزەکەیان تێدا بدۆزرێتەوە.

ئەو بەشە لە تێبینییەکان کە پەیوەندیان بە پێگەی زمانەوە هەیە ئەوانەن: "زۆرتر گرنگی بە زمانی کوردی بدرێ، زمانی کوردی پەرە بستێنێ بۆ دەرەوەی وڵات، زمانی تورکیش بخوێندرێ، گەر زمانی دیکەش بخوێنین زمانی کوردی فەرامۆش نەکەین، گرنگی بە وانەی کوردی بدرێت، زمانی کوردی بەرەو پێش بچێ، هەموو تاکێک لە هەر پارچەیەک بە کوردییەکی پەتی قسە بکەن، قوتابخانەکان بە باشی زمانی کوردی بخوێنن و هەوڵ بدەن زمانی کوردی بەرەو پێشتر ببەن".

ئەو پرسیارە و وەڵامەکەی تا ڕادەیەک پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژیی زمانەوە هەیە. چونکە ئەمیر حەسەنپوور ڕای وایە، ئایدیۆلۆژیی زمانی بریتییە لەو باوەڕانەی خەڵک لەبارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان هەیانە (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١١، ل٦٤). پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا پەیوەندی بە جۆری پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردە و هەلسوکەوتی قوتابی و مامۆستا و دایکانوباوکان لەگەڵ ئەو زمانەدا هەیە. بەشێک لەو زانیارییانەی لەو پرسیارە کراوەیەدا کۆکراونەتەوە، پەیوەندیان بە پێگەی زمانی کوردی و

چۆنییەتی ڕای قوتابی لەو بارەوە هەیە کە پۆلێنکراوە و هەوڵ دەدەین تاوتوێیان بکەین، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە زۆرتر لە پێگەی زمانی کوردی لەنێو سیستەمی پەروەردەدا وردبینەوە.

بەشێک لە قوتابیان ڕایان وایە، پێویستە زۆرتر گرنگی بە زمانی کوردی بدرێ. ئەو تێبینییە نیشان دەدات، لە ڕوانگەی قوتابییەوە گرنگی و بەهای پێویست بە زمانی کوردی نەدراوە و پێویستە سیستەمی پەروەردە و حکومەت باشتر بە زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا ڕابگەن. لە پرسیارەکانی پێشتردا باس لە کەموکوورییەکانی زمانی کوردی لە باری پێگە و جەستە و فێرکاری کراوە کە سێ لقی سەرەکی پلاندارێژیی زمانین کە هەرکامە و کاریگەری لەسەر دوانەکەیدی هەیە.

کەمکردنەوەی بابەتی ئەدەبی و ئاوڕدانەوە لە بابەتی زمانی داوایەکیدی قوتابیانی پۆلی نۆی ئەو سێ قوتابخانەیەیە. ئەو بابەتە پێویستی بە وردبوونەوەی زۆرتر هەیە، بەڵام بێ گومان ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان دوو بابەتی ئەدەبی و زمانی لە ناو کتێبی زمانی کوردیدا، دەتوانێت بابەتێک بێ کە بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی سوودی لێوەربگیرێت. ئەوە خۆی دەتوانێت بابەتی لێکۆڵینەوەیەک بێت بۆ ئەوەی بزانرێ داخوا سیستەمی پەروەردە بە چ ڕێژەیەک و بە چ شێوەیەک پلانی بۆ دارشتووە و چیبکات باشترە.

پەرەپێدانی زمانی کوردی بۆ دەرەوەی وڵات بابەتێکی دیکەیە کە قوتابی ئاماژەی پێکردووە. ئەو بابەتە هەرچەند لەوانەیە پەیوەندی بە پێگەی زمانی کوردی لە ناو سیستەمی پەروەردەدا نەبێت، بەڵام باس لە چۆنییەتی پێگەی زمانی کوردی لای قوتابی دەکات کە حەزی لێیە زمانەکەی پەرە بستێنێت.

خوێندنی زمانی تورکی بابەتێکی دیکەیە کە قوتابی ئاماژەی پێکردووە. ئەو بابەتە دەتوانێت چەند هۆیەکی هەبێت. یەکەم، لەوانەیە زمانی دایکی قوتابی تورکی بێت و حەزی لێبێت کە زمانی ئەویش لە قوتابخانەدا بەهای پێبدرێت. دووهەم، زمانی تورکی بە هەر هۆیەک

توانیویەتی سەرنجی قوتابی ڕابکێشێ و بە پێویستی دەزانێت کە بخوێندرێت و فێری بێت. ئەو شێوە تێڕوانینە کاریگەری لەسەر پێگەی زمانی کوردی دەبێت. گەر پلاندارێژیی زمانی کوردی بە شێوەیەک بێت کە دیمۆکراسی پێوە دیار بێت، یا هەر نەبێت ئەو جۆرە پلاندارێژییە بە شێوەیەکی دیمۆکراسیانە و زانستانە و مەنتیقی گرنگی پێگەی زمانی کوردی بۆ قوتابی ڕوون بکاتەوە، دەتوانێت زۆرتر قوتابی ئاوێتەی زمانی کوردی بکات و بەو جۆرە پێگەی زمانەکە بەرزتر دەبێتەوە.

ڕای زۆرینەی قوتابیان ئەوەیە کە زۆرتر بەها بە زمانی کوردی بدرێت. ئەوە لەوانەیە لە لایەک بەرهەمی دڵەڕاوکەی قوتابی بە هۆی جۆری پێراگەیشتنی سیستەمی پەروەردە بە زمانی کوردی بێ و، لە لایدیش، بەرهەمی ئەو کاریگەریانە بێت کە لە دەرەوەی قوتانخانە خراوەتە سەر قوتابی. ئەگەر هەر کام لەو هۆیانە ڕاست بن، یا تەنانەت گەر هەر دوویان ڕاست بن، پێویستە سیستەمی پەروەردە گرنگی پێبدات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕای ئەو قوتابیانەیە کە لە زمانی کوردی ڕازی نین و حەزیان لێی نییە. دەکرێت ڕای ڕێژەیەکی کەم لە قوتابیان بەو جۆرە بێت. ناکرێ پێمان وابێت کە ئەمە نیشانەیەکە بۆ سەلماندنی لاوازبوونی پێگەی زمانی کوردی لای قوتابی، بەڵام ئەوە بەو مانایەش نییە کە ئەو جۆرە دەنگانە بە هەند وەرنەگیرێن. پەروەردەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم جۆرە شتانەدا بکات. ئەم دەنگانە ببیسێت و هۆیەکانی بدۆزێتەوە و خەمی لێبخوات. ئەم خەمخۆرییە، لە لایەک، بەهادانە بە ڕاهێنان و پەروەردەی قوتابی و دۆزینەوەی کەموکوورییەکانی سەر بە بابەتە جۆراوجۆرەکانی ناو پەروەردە و، لە لایدیشەوە، بەهادان بە ڕای قوتابییە کە پێشاندەری جۆرێک لە پەروەردەیە کە لەودا قوتابی بەشێکی پەراوێزخراو نییە، بەڵکوو بەشێکی چالاکە لە پرۆسەکەدا.

ئەم بەشە لە تێبینی قوتابیانی ئەم سێ قوتابخانەیە کە پەیوەندیان بە جەستەی زمانەوە هەیە ئەمانەن: "دارشتن و ئەدەبی کوردی نەمێنێ، هەڵەی تێدا نەمێنێ، هەندێک وشە هەیە بە کوردی نین، وەکوو سوورپرایز، نازانین بە کوردی چی پێدەڵێن، هەڵەکان کەم بێتەوە و گرنگی بە وشە ڕەسەنەکان بدرێ"

دارشتن و ئەدەبی کوردی دوو بابەتن کە بەشێک لە قوتابیان پێیان باشترە، ئەم بەشانە لەنێو وانەی کوردیدا نەمێنن. دارشتن بەشێکە لە وانەی کتێبی کوردی کە لەودا قوتابی ڕادەهێندرێت، لەبارەی بابەتێکدا، بنووسێت. ناشارەزایی لە بابەتێکدا، یەک لەو هۆیانەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی حەزی لە بابەتەکە نەبێت. ناشارەزایی بەرهەمی جۆری ڕاهێنانی قوتابییە. ئەم کێشەیە بە کۆمەڵگەی کوردەواریشەوە دیارە. چونکە گەلێکی نووسەر نییە و لەو بوارەدا سەرکەوتوو و چالاک نییە. ئەگەر ئەوە وەک کێماسی سەیر بکرێت، بەشێک لە هۆی ئەم کوموکوورییە جۆری ڕاهێنانی تاک لە سیستەمی پەروەردەدایە. بۆیە پێویستە سیستەمی پەروەردە ئاوڕ لە بابەتی دارشتن و نووسین بداتەوە و بە مێتۆدێکی وا ئەم ئەرکە ڕاپەڕێنێت کە ببێتە هۆی هۆگری قوتابی بە بابەتی دارشتن. ئەدەبی کوردی بابەتێکی دیکەیە کە بەشێک لە قوتابییان حەز دەکەن لەنێو کتێبە وانەییەکاندا نەمێنێت. ئەو بەشە دەتوانێت هۆی جۆراوجۆری وەکوو پەروەردەیی، جۆری وانە و ڕادەی بەهادانی کۆمەڵگە و سیستەمی پەروەردە بەو بابەتەوە هەبێت و پێویستە سیستەمی پەروەردە چارەسەری بکات.

بوونی هەڵە لە نووسیندا، لە دوو جێگە بۆتە هۆی ڕەخنەی قوتابی. دیارە ئەم تێزە ئەوە دەزانێت کە هەڵە هەر ڕوودەدات و تەنانەت بە بێ هەڵەکردن ناتوانین باس لە تێگەی ڕاستکردنەوە بکەین و ئەم ڕێبازە بپێوین. وەک ئەمیر حەسەنپوور باس دەکات، ئەم کێشەیە ئێستاش لە زمانی ئینگلیزی و فەرانسەویدا هەیە (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٠، ل٥٣). هەڵە لە نووسینی کتێبە وانەییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، دەتوانێت هۆی جۆراوجۆری هەبێت. بۆ نموونە، بە هۆی ئەوەی بابەتی کتێبە وانەییەکان لە عەرەبییەوە

وەرگێڕدراونەتە سەر کوردی، پێکهاتەی زمانی عەرەبیان بەسەرەوە دیارە. چونکە ئەو کەسانەی لەسەرەتاوە ڕێزمانی کتێبەکانیان داڕشتووە (سعید صدقی) بە پێوانەی سەرف و نەحوی عەرەبی کاریان کردووە. واتە عەرەبی بۆتە بنەمای دانانی ڕێزمانی کوردی. وەک تەوفیق وەهبی لە وتووێژێکدا، باس دەکات، لەسەرەتادا (١٩٢٠) داڕشتنی ڕێزمانی کوردی بەو دەسپێرن، بەڵام لەدواییدا وەزارەتی مەعاریف وەهبی وەلا دەنێ و ئەرکی دانانی ڕێزمانی کتێبە وانەییەکان بە سەعید سیدقی دەسپێرێ (هەمان، ل١١٣). بە هۆی ئەو شتانەی باسیان کرا و بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە زماندا بە گشتی و لە زمانی کوردیدا ڕوویان داوە، پێویستە وەزارەتی پەروەردە ساڵانە بە ڕێنووس، ڕێزمان و وشەی کوردی کتێبە وانەییەکاندا بچێتەوە. ئەو دەست تێوەردانە لە بە ستانداردکردنی زۆرتری زمانی کوردیدا، دەورێکی باش دەبینێت، چونکە زمان بە شێوەیەکی خۆڕسکی ستاندارد نابێ و پرۆسەیەکە کە پێویستی بە پلان و دەست تێوەردانێکی هۆشیارانە هەیە.

دوو خاڵ لە تێبینی قوتابیان لەبارەی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان، پەیوەندی بە بابەتی وشەوە هەیە. خاڵێکیان داوا دەکات، بەها بە وشە ڕەسەنەکان بدرێت و خاڵیدیش دەڵێت، کۆمەڵێک وشەی وەک سووڕپڕایز هەن، کە دیار نییە بە کوردی چیان پێدەکوترێت. وردبوونەوە لە وشە یەکێک لە لقەکانی سەر بە جەستەی زمانە. جەستەی زمانیش لقێکی سەرەکی پلاندارێژی زمانییە. یەکێک لە ڕەوتەکانی ناو پلاندارێژیی جەستەی زمانی، پاڵاوتنی زمانە. پاڵاوتنی زمان یەکێک لەو بابەتانەیە کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەی زمانی کوردی. دۆزینەوەی وشەی ڕەسەنی نێو زمانەکە و بەکارهێنانی لەنێو بابەتە وانەییەکاندا و هەروەها داتاشینی وشە بۆ تێگە و وشەی بێگانە، یەکێک لە ئەرکەکانی پلاندارێژی جەستەی زمانە کە لە لایەن ئەکادیمیا و زمانناسان و ئەدیبان ئەنجام دەدرێت. بە ڕای ئەردەکانی، نوێکردنەوەی زمان پێویستی بە دۆزینەوەی وشە و وشەسازی هەیە، بۆ ئەوەی زمانێک بتوانێ ئەرکی ڕۆژانەی خۆی بە باشی ڕاپەڕێنێت. چونکە ڕۆژانە تێگەی تازە لە دایک دەبێت و مرۆڤ پێویستە لە

زماندا بەکاریان بێنێت. سادەسازیش یەک لەو بابەتانەیە کە پێویستی بە دەستوەردان لە وشەدا هەیە. واتە سادەسازی لایەنی وشە دەگرێتەوە بۆ ئەوەی زمان بتوانێ ئاسانتر مەبەستی خۆی بپێکێت (داوری اردکانی، a، ١٣٩٠، ل١٣). ئەمیر حەسەنپوور زمانپاڵێوی بە پەتیگەری ناو دەبا. ئەو ڕای وایە کە ڕۆشنبیرانی کورد لە پاڵاوتنی زماندا زیادە ڕەویان کردووە و هەر بەو بۆنەوە ڕەخنەیان لێدەگرێت. تەنانەت بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە بە پاکتاویکردنی زمانی کوردی دەزانێت و ڕای وایە، ڕۆشنبیران لەخۆڕا پێیان وابووە کە کێشەی زمانی کوردی ئالوودەبوونییەتی بە وشەی خوازراو (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٠، ل٩٨). ئەوەی ئەو پێداگری لەسەر دەکات ئەوەیە کە پێویست ناکات ئەو وشانەی کە زمانی کوردی لە زمانەکانیدی خوازتوونەتەوە و لە ناو زمانی کوردیدا جێگەی خۆیان کردووەتەوە، وەلا بندرێن یا بگۆڕدرێن. ئەو لادانی ئەو جۆرە وشەیە بە پاکتاویکردنی زمانی کوردی لە قەڵەم دەدات. بۆ نموونە باس لە وشەی وەکوو "قەڵەم"، "کاغەز"، "کتێب"، "دەفتەر" ، "مەنتیق"، "قانوون" و هەتا دوایی دەکات و دەڵێت، پێویست نییە کە بکرێن بە "پێنووس"، "تێنووس"، "پەرتووک"، "پەڕاو"، "ژیربێژی" و "یاسا" (هەمان، ل١٢٦). کەچی لە تێبینی قوتابیاندا دەردەکەوێت، قوتابی حەزی لێیە، ئەو وشانەی کە بەکاریان دێنێت، وشەی ڕەسەنی کوردی بن یا هەر نەبێ کورد بۆخۆی وشەیەکی لە زاران خۆشی بۆ داتاشیبێت. بۆ نموونە، وەک کەمایەسی سەیری وشەی سووڕپرایز لە ناو زمانی کوردیدا دەکەن.

ئەو تێبینیانەی کە قوتابیانی ئەو سێ قوتابخانەیە لەبارەی فێرکارییەوە هەیان بووە، لەو خاڵانەی خوارەوەدا پۆلێنکراوە: "پێویستە مامۆستا و قوتابی لێک نزیکتر بن، زۆر مامۆستا هەیە کە ترسناک و توندە، لەبارەی قوتابخانەکەمدا ڕام ئەوەیە کە قوتابییەکان عەیبیان نییە بەس مامۆستاکان ناخۆشیان کردووە! ئەو کاتەی کە معاش بە تەواوی دەهات، مامۆستا زۆر ڕووخۆش بوو، بەس، ئەگەر معاش نەبێ زۆر تووڕەن، مامۆستا کێشەی کۆمەڵایەتی خۆی

لەگەڵ وانەگوتنەوە تێکەڵ دەکا، زۆربەی مامۆستایان ئەو تەلەبانە فەرامۆش دەکەن کە لە بابەتەکان تێناگەن، بۆ زووتر ڕۆیشتنی وانەکە، مامۆستا بە جوانی کوردیمان فێر ناکا".

نزیکایەتی مامۆستا و قوتابی سەرنجێکە کە بەشێک لە قوتابیان هەیانە و پێیان وایە کە بۆ باشتربوونی ئەزموونی فێرکاری ئەو شتە پێویستە. توندوتیژی مامۆستا دەبێتە هۆی ساردبوونەوە و نامۆیی قوتابی لە بابەتە دەرسییەکان و پێویستە، سیستەمی پەروەردە ڕێنمایی پێویست لەوبارەدا ئەنجام بدات. بابەتێکیدی کە قوتابی پێی وایە کاریگەری لەسەر چالاکی مامۆستا هەیە، بارودۆخی مووچەیە. بەشێک لە قوتابیان ڕایان وایە کە نەبوونی معاش دەبێتە هۆی تووڕەیی مامۆستا. ئەم بابەتە نیشان دەدات، مەسەلەی مادی و چۆنییەتی باری ئابووری مامۆستا کاریگەری لەسەر ڕەوتی وانە کوتنەوە و فێرکاری لە قوتابخانەکاندا هەیە.

تێبینییەکی دیکە کە بە زمانێکی تەنزامێز دەربڕدراوە، باس لە جۆری پەیوەندی مامۆستا لەگەڵ قوتابی دەکات. مامۆستا دەتوانێت قوتابخانە بۆ قوتابی شیرین بکات، نەک ئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی قوتابی ئارەزوو بکات کە مامۆستا بۆ قوتابخانە نەهاتبا. هەرچەند ئەوە بەشێکی پەیوەندی بە تەکلیفاتی خوێندن و خوێندنەوە هەیە، کە بە شێوەیەکی ئاسایی بەشێک لە قوتابیان پابەندی نابن، بەڵام ئەوە هەموو چیرۆکەکە نییە و بەشێکی پەیوەندی بە پلاندارێژیی فێرکاری لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە.

بابەتێکیدی کە قوتابی ڕای وایە، کاریگەری لەسەر پرۆسەی ڕاهێنان هەیە، چۆنییەتی باری کۆمەڵایەتی مامۆستایە. ئەوە نیشان دەدات، کۆمەڵگەیەک کە باری کۆمەڵایەتییەکەی باش بێ، کاریگەری ئەرێنی دەخاتە سەر دەروون و ڕەفتاری مامۆستا و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی فێرکاری لە قوتابخانەکاندا. دیارە ئەو بابەتە پێچەوانەکەشی ڕاستە. بۆیە پێویستە زۆرتر سەرنج بدرێتە چاکسازی لە کۆمەڵگەدا، چونکە وەک لەو توێژینەوەیەدا دەردەکەوێت پەیوەندی بە چۆنییەتی باری پەروەردە و ڕاهێنان لە قوتابخانەکاندا هەیە.

تێبینیەکی دیکەی قوتابیان لەبارەی چۆنییەتی وانە گوتنەوەی مامۆستا نیشان دەدات، بەشێک لە مامۆستایان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئەرکی خۆیان، کە بریتییە لە گوتنەوەی وانەکە، بە جێ بگەیەنن و تێپەڕن. کەچی لە پرۆسەیەکی سەرکەوتوودا، مامۆستا دەبێت بزانێت کە ئاستی قوتابیان وەک یەک نییە و پێویستە مامۆستا وانەکانی بە جۆرێک بڵێتەوە کە زۆربەی قوتابیان بتوانن بە باشی فێری بن و سوودی لێوەربگرن. تەنانەت مامۆستا خەم لە فێرنەبوونی ڕێژەیەکی کەم لە قوتابیانیش بخوات کە لەوانەیە لە ئاستی قوتابی باش یا ناوەندندا نەبن. واتە وەک قوتابیان داوایان کردووە باشتر وانەی کوردیان فێر بکات. بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە پلانەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان باشتر بەرەو پێش بڕوات.

خاڵێکی دیکە کە قوتابییان باسیان لێوە کردووە، ئەوەیە کە مێژووی وڵاتەکەیان بە ڕاشکاوانەتر باس بکرێت. ئەوە نیشان دەدات، بەشێک لە قوتابیان متمانەیان بە ناوەڕۆکی مێژوویی کتێبە دەرسییەکان نییە. ئەم بێ متمانەییە بەرهەمی جۆری پەروەردە و لە هەمانکاتدا جۆری نووسینەوەی مێژوو لە ناو کتێبەکاندایە، کە لەوانەیە بنەماڵە، میدیا یا کۆمەڵگە لە دەرەوەی قوتابخانەدا، بە جۆرێک دیکەی بگێڕێتەوە. لە دەرەوەی ڕاستی یا ناڕاستی وانە مێژووییەکان، ئەوە گرنگە کە قوتابی بە تەواوی متمانەی بە کتێبە دەرسییەکانی هەبێت. ئەگەر ئەو متمانەیە بە هەر هۆیەک تووشی گرفت بێت، لەوانەیە پرۆسەی فێرکاری لە پەروەردەدا تووشی کێشە بکات و پێویستە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سەرنجی پێبدات.

### ئەنجامی ڕاپرسیی قوتابیان

لەوەسف و لێکدانەوەی کۆی وەڵام و هۆیەکانی قوتابیانی ئەو سێ قوتابخانەیە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە بەدەستکەوتوون.

١. زمانی پێخوێندن لە پۆلی نۆی قوتابخانەکاندا کوردییە. زۆربەی قوتابیان لەو زمانە کوردییەی دەرسی پێدەخوێنن ڕازین. ئەوە نیشان دەدات کە زمانی کوردی خاوەنی پێگەیەکی بەرزە، پێگەیەک کە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بەپێی سیاسەتی زمانی و قانوونی زمانی هەرێمی کوردستان و دەستووری وڵاتی عێراق، بە زمانی کوردی بەخشیوە. واتە ئەو سیاسەتەی سەبارەت بە زمانی پێخوێندنی پۆلی نۆ بەڕێوەدەچێت نیشان دەدات، دەسەڵات درکی بە ویستی خەڵک و گرنگی زمانی کوردی لە پرۆسەی پەروەردەدا کردووە و لە لایدیشەوە نیشان دەدات، سیاسەتی زمانی حکومەت لەو قۆناخەدا، پاڵپشتی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا دەکات.

٢. سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی ئێستاش لە زمانەکانیدی خۆشەویستترە، بەڵام ڕێژەی خۆشەویستی زمانی ئینگلیزی نیشان دەدات، ئەو زمانە توانیوییە هەژمۆنی خۆی بەسەر زەینی قوتابی پۆلی نۆدا بسەپێنێت و زۆربەی قوتابیان حەزیان لەوە بێت، بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن. هۆیەکەشی لە لایەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەرفەتانەی کە زمانی ئینگلیزی بەرهەمی دێنێت و لە لایدیشەوە پەیوەندی بە جۆری پلاندارێژی و سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێم و سیستەمی پەروەردە و بنەماڵە و میدیا و ... هەیە.

٣. زۆرینەی قوتابیان وەک شوناسی نەتەوەیی سەیری زمانی کوردی دەکەن و خوێندنی زمانەکەی خۆیان پێخۆشە و بە هۆی سیاسی، سۆزی و مەنتیقی و پەروەردەیی، زمانی کوردی بە لای قوتابییەوە خۆشترین زمانە، بەڵام لە هەمان کاتدا چوونە سەری ڕێژەی خواستی قوتابی بۆ زمانی ئینگلیزی جێگەی سەرنجە. ڕای کچان و کوڕان سەبارەت بە پێخوێندن بە زمانی کوردی، تا ڕادەیەک، جیاوازە و هوگری کچان بۆ خوێندن بە زمانی دایک لە هی کوڕان زۆرترە.

٤. خوێندنەوە و بەدواداچوونی قوتابی بۆ بابەتە غەیری وانەییەکان کەمە و، ئەگەر خوێندنەوەیەکیش هەبێت، زۆرتر پەیوەندی بە بابەتە زانستییەکانەوە هەیە. واتە کۆمەڵگە و سیستەمی پەروەردە نەیتوانیوە نەوەیەکی خوێندەوار و نووسەر پەروەردە. لە هەڵسەنگاندنی قوتابی بۆ ئەوەندە بابەتە غەیری وانەییەش، زۆربەی قوتابییان لە زمانی نووسینی بابەتە غەیری وانەییەکان ڕازین.

٥. هەڵسەنگاندنی لایەنی پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی کوردی لە ڕووی ڕای قوتابیانەوە دەریخستووە کە ٤٨٪ قوتابیان ڕەخنەیان لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە. دوای ئەو فێرکاری زۆرترین ڕەخنەی لە سەرە و دواتر پێگەی زمان دێت.

٦. هەڵە لە ڕێنووس، خاڵبەندی، ڕێزمان و داڕشتنی کتێبەکان دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن، هەڵە تێگەیشتن، فەوتانی کات، بێ متمانەیی بە زمانەکە و لاوازبوونی زمانەکە کە یەکێکە لە ستوونەکانی شوناسی نەتەوەیی. ئەوانەش دەبنە هۆی لاوازبوونی پلانەکانی پەروەردە بە گشتی و دواتر گەشە نەکردنی زانستی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەی کوردستان.

٧. سەرەڕای چۆنییەتی پێگە و جەستەی زمان کە باسیان کرا، لایەنی فێرکاریش کێشەی هەیە. کتێبە وانەییەکان بەو هۆیانەی باسیان کرا، لە بەخشینی زانیاری بە قوتابی بە ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو نین و مامۆستاش لە تێگەیاندن و شیکردنەوەی وانەکان کێشەی هەیە.

٨. ڕادەی مووچە و چۆنییەتی گوزەرانی ژیانی مادی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی مامۆستا کاریگەری لەسەر ڕەوتی فێرکاری لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە.

٩. پێگەی زمانی کوردی بەبەراورد لەگەڵ جەستە و فێرکاریی زمانی کوردیدا خاوەنی ئاستێکی بەرزترە و سیستەمی پەروەردە پێویستە جگە لە پێداچوونەوە بە پێگەی زمانی کوردی، بەهای زۆرتر بە پلاندارێژیی جەستە و فێرکاریی زمانی بدات.

١٠. جۆری وڵامدانەوە بە ڕاپرسییەکان نیشان دەدا کە کچان لە وڵامدانەوەدا وردترن و زۆرتر هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن.

## ٥. ٢. وەسف و شیکردنەوەی ڕاپرسیی مامۆستایان

ئەم تێزە، مامۆستایان بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی سیستەمی پەروەردە دەزانێت و پێی وایە کە ڕای مامۆستایان دەتوانێت یارمەتیدەر بێ بۆ تێگەیشتن لە جۆری پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەرەوەردەدا، هەروەها پێی وایە کە مامۆستایان کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. کاریگەری مامۆستایان لە لایەک بریتییە لە چۆنییەتی جێبەجێ کرنی ئەو پلانانەی کە سیستەمی پەروەردە بۆ قوتابخانەکان دایناوە و لە لایدیش، ئەو چالاکیانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ ئامانجەکانی سیستەمی پەروەردە یەک ناگرنەوە. ئەوە نیشان دەدات کە مامۆستایان لە دەرەوەی شێواز و ڕێنماییەکانی سیستەمی پەروەردە، ئامانج و ڕێبازی خۆیان هەیە و زۆر جار ئەو ئامانج و ڕێبازانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. بەو هۆیانەوە، ئەم تێزە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ڕای ئەوانەوە بە دوای دۆزینەوەی پرسیاری تێزەکەدا بگەڕێت کە بریتییە لە چۆنییەتی پێڕاگەیشتنی سیستەمی پەروەردە بە زمانی کوردی. جیگالن، ویلیام و ئارتور لەو بارەدا دەڵێن: "مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی پەروەردەیی دەورێکی بونیادییان لە ڕێکخستنی پلانی وانەیی قوتابخانەدا هەیە (جی گالن سیلور، ویلیام ام. الکساندر، آرتور جج. لوئیس، ١٣٧٨، ل٨٩). پلانی وانەیی قوتابخانەش پەیوەندی ڕاستەخۆی بە چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانییەوە هەیە. بۆیە ڕای مامۆستایان ئەو دەرفەتە بۆ تێزەکە دەڕەخسێنێت، زۆرتر لە جۆری پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا ورد بێتەوە و بەو جۆرە لە ڕێگەی ڕای ئەوانەوە لە کێشەکانی پلاندارێژیی زمانی باشتر تێبگات و لە ڕووی پێشنیازەکانی ئەوانەوە چارەیان بۆ

بدۆزرێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ٢٢ مامۆستا لە سێ قوتابخانەی تێکەڵی فاخیر مێرگەسۆری، کچانەی ئەختەر و کوڕانەی جمهووری، ڕاپرسی ئەنجام دراوە و لەو بەشەدا ئەم بیروڕایانە وەسف دەکرێت، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێک دەدرێتەوە و لە کۆتاییدا ئەنجامەکەی پۆلێن دەکرێت، بۆ ئەوەی لە ئەنجامی گشتیدا سوودی لێوەربگیرێت.

**٥. ٢. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم**

لە پرسیاری یەکەمدا لە مامۆستا پرسیار کراوە کە داخوا پێی باشە خوێندن بە کام زمان بێت. بۆ وەڵامدانەوە چوار بژاردە دیاری کراوە کە بریتین لە کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەرەنسی. ڕادەی وڵامەکان بەم جۆرەن. ١٩ کەس زمانی کوردی هەڵبژاردووە و دوو کەس زمانی ئینگلیزی و کەسێکیش وڵامی نەداوەتەوە. ڕێژەی وەڵامەکان بە جۆرەی ئەم وێنەی خوارەوەن.




وێنەی ٥. ١٥ ڕێژەی حەزی مامۆستا لەبارەی زمانی پێخوێندن

ئەو پرسیارە لەسەر ئەو بنەمایە کراوە کە وەک سادق عوسمان دەڵێت، زمان جگە لە کەرەستەی ڕاگواستنی زانیاری، خاوەنی مانای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە (سادق عوسمان، ٢٠١٤، ل٨٣). کەواتە دەکرێت، لە ڕێگەی وردبوونەوە لە ڕای مامۆستایان پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەڵسەنگێندرێت. ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، زمانی کوردی لای مامۆستایان بۆ پێخوێندن خاوەنی پێگەیەکی بەرزە و باشترە کە سیستەمی پەروەردە لە دانانی هەر پلانێکی زمانی وەبەرچاوی بگرێت. بە هۆی ئەوەی مامۆستایان بەردی بناغەی سیستەمی پەروەردەن و بەشی سەرەکی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی ئەو وەزارەتە لە ئەستۆی ئەوانە. ڕای مامۆستایان دەتوانێت زۆر واقیعی و کاریگەر بێت. بۆیە پێویستە لە دارشتنی پلانی زمانیدا بەشداریان پێبکرێت و ڕەزامەندی وان، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕێژەییش بێت، لەبەرچاو بگیرێت. چونکە نارەزامەندی وان سەبارەت بە زمانی پێخوێندن دەتوانێت پرۆسەی پەروەردە تووشی کێشە بکات. واتە ڕەزامەندی دەروونی ئەوان سەبارەت بە چۆنییەتی زمانی خوێندن، کاریگەری دەخاتە سەر کۆی پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا. لە درێژەی ئەم باسەدا لە هۆی مامۆستایان بۆ بژاردەکەیان ورد دەبینەوە و لە ڕووی هۆی مامۆستایانەوە زۆرتر دەچینە ناو وردەکاری بابەتەکە.

ئەو مامۆستایانەی پێیان باشە خوێندن بە زمانی کوردی بێت و ڕێژەکەیان دەگاتە ٨٩٪، هۆیەکانیان ئەوانەن: "زمانی دایکە، زمانی خۆمانە، با زمانی کوردی نەفەوتێ، زمان بنەمای دروستبوونی دەوڵەتە، پاریزراوی زمانی کوردی، خوێنمان بۆ ئەو زمانە ڕشتووە و دەمانەوێ بەو زمانە ببین بە دەوڵەت، بۆ تێگەیشتنی قوتابی باشترە و سەرەتا دەبێت شارەزایی لە زمانی دایک هەبێت و پاشان زمانەکانی دیکە". ئەو مامۆستایانەی پێیان باشە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بێت و ڕێژەکەیان ٥٪، هۆیەکانیان ئەوانەن: "زمانێکی فراوانە، زمانێکی نێودەوڵەتییە و لە هەموو جیهاندا بەکار دەهێندرێت و زمانی تێکنۆلۆژییە".

پۆلکردنی هۆی ئەو مامۆستایانەی پێیان باشە خوێندن بە زمانی کوردی بێت، لە ڕووی لقەکانی پلاندارێژیی زمانییەوە، بەو جۆرەیە. ٧٥٪ی ئەو مامۆستایانەی پێیان باشە خوێندن بە زمانی کوردی بێ، هۆیەکانیان پەیوەست بە پێگەی زمانی کوردییە و ٢٥٪ی هۆی مامۆستایانیش پەیوەندی بە گرنگی زمانی کوردی بۆ فێرکاری هەیە. واتە مامۆستایان پێیان وایە کە زمانی کوردی بۆ فێرکاری لە زمانەکانیدی باشترە.

هۆی مامۆستایان ئەم تیۆرەش پشتڕاست دەکاتەوە کە زمان تەنیا کەرەسەی فێرکردن نییە، بەڵکوو بەشێکە لە شوناسی تاک و بابەتێکە کە لە ڕێگەی ئەوەوە دەکرێت کەیانێک بۆ کورد دابمەزرێندرێت. چونکە بەشێک لە مامۆستایان ڕایان وایە کە زمانی کوردی بنەمای دروستکردنی دەوڵەتە. ئەوە وادەکات، زمان بەهایەکی سیاسی پەیدا بکات و بە جۆرێک ببێت بە بنەمای دامەزراوەیەکی سیاسی و حکومی کە بە زمان دەناسرێتەوە. ئەو شێوە تێڕوانینە سەرەڕای ئەوەی زمان تا ڕادەی کەرەسەیەکی سیاسی بەرتەسک دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا نیشان دەدات، پاراستن و پەرەپێدانی زمانی کوردی لە ڕوانگەی بەشێک لە مامۆستایانەوە خاوەنی بەهایەکی نەتەوەیی و مێژوویی و جوگرافیاییە کە فەلسەفەی شوناسی تاکی کوردی لەسەر بونیاد نراوە و بونیاد دەنرێت.

ڕای ٢٥٪ی مامۆستایان کە باس لە گرنگی زمانی کوردی بۆ ڕاهێنان و پەروەردە دەکەن، ئەو بیرۆکەیە پشتڕاست دەکاتەوە کە زمانی دایک باشترین زمانە بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنانی قوتابی. چونکە زمانێکە کە قوتابی لە هەموو زمانەکانیدی باشتر دەزانێت و دایک و باب و بنەماڵە دەتوانن لە ڕێگەی ئەو زمانەوە، هاوکاری باری زانستی قوتابی بکەن. زمانێک کە قوتابی دەتوانێت تێگە و بابەتە سەرەتاییەکانی پێفێربێت و لەدواییدا لە ڕووی ئەو زانیاریانەوە نە تەنیا زانست، تەنانەت زمانەکانیدیش بە باشی فێربێت.

۱۰۰٪ی هۆی ئەو مامۆستایانەی کە پێیان باشە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی بێت، پەیوەندی بە پێگەی زمانی ئینگلیزییەوە هەیە. واتە پەیوەندی بەو هەژمۆنییەوە هەیە کە زمانی ئینگلیزی هەیەتی و توانیوییەتی بایەخێکی زۆر لای مامۆستایان پەیدا بکات. وردبوونەوە لە هۆی ئەو مامۆستایانە نیشان دەدات، زمانی ئینگلیزی بۆتە زمانێکی جیهانی. ئەو مامۆستایانە رایان وانییە، زمانی ئینگلیزی تەنیا زمانێکی نێوانگیرە کە قوتابی دەتوانێت لە پەنا زمانی دایک فێری بێت و کاری پێبکات. بەڵکوو پێیان باشە کە زمانی ئینگلیزی، زمانێکی جێگرەوە بێ بۆ پێخوێندن لە سیستەمی پەروەردەدا. بۆ ئەوەش پاساوی ئەوە دێننەوە کە زمانی ئینگلیزی زمانی تکنۆلۆژییە. ئەو پاساوە نیشان دەدات، ئەو مامۆستایانە لە ڕوانگەی مادی و ئابوورییەوە دەڕواننە زمان و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، شوناسی و مێژوویی زمانیان فەرامۆش کردووە. ئەوان، بە پێچەوانەی تێڕوانینی توێژەری ئەم تێزە، پێیان وایە کە خوێندن بە زمانی ئینگلیزی دەبێتە هۆی پێشکەوتنی بواری ئابووری و زانستی. ئەو ڕوانینە ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی، پێویستە بواری ئابووری و زانستی بۆ زمانی کوردی برەخسێنێت. چونکە بەشێک لە هۆی بەرزبوونەوەی پێگەی هەر زمانێک پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە و پێگەی زمانیش پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ جەستەی زماندا هەیە کە لە پرسیاری دووهەمدا باس دەکرێت.

### ٥. ٢. ٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووهەم

پرسیاری دووهەم لە مامۆستا دەپرسێت، داخوا چەندە لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان کە بە زمانی کوردی نووسراون، ڕازییە. ئەو پرسیارە لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ورد دەبێتەوە، کە لقێکی سەرەکی پلاندارێژی زمانییە. هەژمار و ڕێژەی ڕەزامەندی مامۆستایان لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان بەم جۆرەی خوارەوەیە.

خشتەی ٥. ١٥ هەژماری مامۆستایان سەبارەت بە جۆری ڕەزامەندی لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان

| | نەخێر | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام |
|---|---|---|---|---|---|
| مامۆستایان | 4 | 11 | 4 | 1 | 2 |




وێنەی ٥. ١٦ ڕێژەی ڕەزامەندی مامۆستایان لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان

ئەو ڕێژانە نیشان دەدەن کە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان هەڵەی زۆرە و بەو هۆیە مامۆستایان ڕەخنەی توندیان لە خاڵبەندی نێو کتێبە وانەییەکان هەیە. چونکە لەسەر یەک ٦٨٪ی مامۆستایان یا لە خاڵبەندی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازی نین یا بە کەمی لێی ڕازین. ڕێژەی ڕەزامەندیی مامۆستایان دەریدەخات، کە یا ئەوەیە ئەو ڕێژەیە لە مامۆستایان زانیارییان لەبارەی خاڵبەندیدا نییە یا ئەوەیە سەرنجیان نەداوەتە ئەو بەشە لە نووسین. ئەگەر ئەو گریمانەیە ڕاست بێت، دەردەکەوێت کە بەشێک لە مامۆستایان بیر لە چۆنییەتی نووسین و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ناو کتێبە وانەییەکاندا ناکەنەوە و پەیڕەوی لە بڕیار و چۆنییەتی کارپێکردنی پەروردە بە زمانی کوردی دەکەن. ئەوە نیشان دەدات، بەشێک لە مامۆستایان

لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان کەمتەرخەمن و هۆیەکی ئەو کەمتەرخەمییەش دەتوانێت ئەوە بێت، کە ئەوان ئاگادار نین، کە کەم تا زۆر، ڕاوبۆچوونی ئەوان دەتوانێت کاریگەری لەسەر چۆنییەتی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەبێت. کووپر لەو بارەوە دەڵێت، پلاندارێژیی زمانی پەیوەندی بەو کەسانەوە هەیە کە بڕیار لەبارەی زماندا دەدەن و جێبەجێی دەکەن (داوری اردکانی، ١٣٩٠، ل١٠)، مامۆستایان کەسانێکن کە لە چۆنییەتی بە ئەنجام گەیاندنی پلانی زمانی سیستەمی پەروەردەدا دەوریان هەیە. لە لایدیشەوە، ڕێژەی نارەزایەتی مامۆستایان، ئەم بابەتە دەسەلمێنێت و لەئاکامدا ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی، کە پێویستە زۆرتر ئاوڕ لە خاڵبەندی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بدرێتەوە. لە درێژەی وەسف و لێکدانەوەی ئەم پرسیارەدا، لە رووی هۆی هەڵبژاردنی مامۆستایانەوە، زۆرتر باس لە وردەکارییەکانی چۆنییەتی خاڵبەندی لە کتێبە وانەییەکاندا دەکرێت.

هۆی ئەو مامۆستایانەی بژاردەی کەمیان هەڵبژاردووە ئەوانەن: "چونکە لە پێناسەکاندا تەرجومەی حەرفی کراوە و بەو هۆیەوە تێگەیشتن زۆر زەحمەتە، کەموکووڕی هەیە، زۆر بە وردی دیاری نەکراوە، نابنە هۆی تێگەیشتن، دەبێت بابەتی زمانەوانی باشتر بکرێت، بە جۆرەی پێویست مەسرەف لە زمانی کوردی ناکرێ، بەڕادەیەکی تەواو خاڵبەندی نەکراوە و هەڵەی تێدایە و تێکەڵ کراوە". ئەوانەی بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە دەڵێن: "زۆر نارێکە و کەموکووڕی تێدا هەیە". ئەوانەی بە زۆر وەڵامیان داوەتەوە بەو جۆرە باس لە هۆیەکانی دەکەن: "لەگەڵ ئاستی قوتابی دەگونجێ، بە ڕێکوپێکی داندراوە، وانەی من ئینگلیزییە و هیچ کرفتێکی تێدا نییە و ڕوون و ئاشکرایە". ئەوانەی بە یەکجار زۆر وەڵامیان داوەتەوە دەڵێن: "تێبینی تەواو بۆ بابەتی خاڵبەندی کراوە".

کێماسیی لە خاڵبەندیدا بۆتە هۆی ئەوەی، تێگەیشتن لە بابەتەکان دژوار بێت. هەر لە باسکردنی هۆی وەڵامی مامۆستایان دەردەکەوێت، مامۆستایان بە جێی ئەوەی وەڵامی هۆی نارەزایەتی خۆیان لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان باس بکەن، باسی جۆری وەرگێڕان و ڕێزمانی

زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەکەن. ئەوە دەریدەخات، بەشێک لە مامۆستایان شارەزای بابەتی خاڵبەندی نین.

ئەو مامۆستایانەی لایان وایە، خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان تەواوە، ڕایان وایە کە خاڵبەندی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بە ڕێکوپێکی داندراوە و لە ئاستی قوتابیان دایە و بە ڕوون و ئاشکرایی یاریدەی جۆری خوێندنەوە و تێگەیشتنی بابەتەکان دەدات. ئەوە نیشان دەدات ئاستی تێگەیەشتنی بەشێک لە مامۆستایان لە بابەتی خاڵبەندی لە ئاستی نووسەری کتێبەکان دایە و عادەتیان بەو جۆرە خاڵبەندییە کردووە و بە گونجاوی دەزانن، عادەتێک کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵەکان باش نەبیندرێن.

بەشێک لە هۆیەکان ئەم ئەنجامەیان لێدەکەوێتەوە کە خاڵبەندی زمانی کوردی بەبەراورد لەگەڵ زمانی ئینگلیزی هەڵە و کەموکووڕی زۆر تێدایە. هەڵەیەک کە سەرەڕای دروستکردنی گرفت لە تێگەیشتندا، خێرایی قوتابیش کەم دەکاتەوە و بە بەراورد لەگەڵ خاڵبەندی زمانی ئینگلیزی دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی زمانی کوردی بەرانبەر بە زمانی ئینگلیزی بێتە خوار و بێ باوەڕی و بێ متمانەیی بە زمانی کوردی دروست بێت. چونکە دروست نووسین یەکێک لەو بابەتانەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی زمانێک لای مامۆستا و قوتابی بەرز بێتەوە. سەرەڕای ئەوەش، بۆ تێگەیشتن و خێرا تێگەیشتن گرفت دروست دەکات و دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی فێرکاری لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. بۆیە پێویستە سیستەمی پەروەردە ئاوڕ لە بابەتی خاڵبەندی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بداتەوە و چاکسازییان تێدا ئەنجام بدات. لە درێژەی توێژینەوەکەدا، بۆ وردبوونەوەی زۆرتر لە چۆنییەتی خاڵبەندی و ڕێنووسی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، پرسیاری دیکەی سەر بەو بابەتە لە مامۆستایان کراوە.

### ٥. ٢. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم

لە پرسیاری سێهەمدا لە مامۆستا پرسیار کراوە، ئایا قوتابی لەسەر جەستەی زمان واتە وشە و ڕێنووس و ڕێزمانی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان تێبینی هەیە. مەبەستی ئەو پرسیارە سەرەڕای وردبوونەوە لە وشە و ڕێنووس و ڕێزمانی کتێبە وانەییەکان، کە لقێکە لە پلاندارێژیی زمانی، وردبوونەوە لە پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستایە و پەیوەندی بە فێرکاری لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. هەژماری وڵامی مامۆستایان بەم جۆرەیە، نەخێر ٦ کەس، کەم ٩ کەس، زۆر ٣ کەس، یەکجار زۆر ٢ کەس و ٢ کەسیش وڵامیان نەداوەتەوە. ڕێژەکەشیان لەم وێنەی خوارەوەدا نیشان دراوە.




وێنەی ٥. ١٧ ڕێژەی تێبینی قوتابی لەسەر جەستەی زمانی کوردی

هەژماری ئەم ڕێژەیە نیشان دەدات، یا قوتابیان سەرنجیان لەسەر جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان کەمە یا کەمتر لەگەڵ مامۆستاکانیان باسی دەکەن. کەمبوونی تێبینی

قوتابی لەسەر ئەم بابەتانە لە لایەکەوە دەتوانێت بەرهەمی ڕەزامەندی ڕێژەیەکی زۆری قوتابی بێت و لە لایەکیش لەوانەیە بەرهەمی جۆری پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا بێت. بەپێی لێکدانەوەیەکی کە لە ڕاپرسیی بەشی قوتابیاندا کراوە، دەرکەوتووە، قوتابی لەگەڵ مامۆستا لەوبارەدا کەمتر گفتوگۆ دەکەن و زۆرینەی قوتابیان لەوبارەدا لەگەڵ مامۆستایان نادوێن. ئەوە نیشان دەدات کە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە باری دیمۆکراسییەوە ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا پێک نەهاتووە. واتە وەک کامیل عومەر باس دەکات، سیستەمی پەروەردە لەسەر شێوازی پێشووی ئیدارەکردن دەڕوا و ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە سیستەمی پەروەردەدا پێک نەهاتووە (کامیل عومەر، ٢٠١٧، ل١٠٨). بۆیە دەکرێت بگوترێ تا ڕادەیەکی زۆر لە جۆری بەڕێوەبردنی ئیدارە و جۆری فێرکاریدا، هەمان شێوازی دەوڵەتی بەعس پەیڕەو کراوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر عەسکەری و نادیموکراتیک بووە. نادیمۆکراتیکبوونی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە داتاکانی ئەم تێزەدا دەرکەوتووە. بۆ نموونە، لە ڕای قوتابی و مامۆستایان دا دەبیندرێت کە دەڵێن، ڕای ئەوان ناخوێندرێتەوە و بە هەند وەرناگیرێت و لەئاکامدا قوتابی و مامۆستا، هەروەها وەک لە دواییدا دەرکەوتووە دایکان و باوکان، بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاران، نابن بە بەشێکی کاریگەر لە چۆنییەتی چاکسازیی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. سەرەڕای ئەوانەش، ڕێژەی سەرەوە نیشان دەدات، قوتابی هەستی بەو کێشەیە کردووە. بە ڕادەیەک کە بەو ڕێژەیەی باسی کرا لەگەڵ مامۆستایان باسی لێوە دەکەن. هۆی ئەو مامۆستایانەی بە کەم وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە بەو جۆرەیە: "خۆیان ڕێنووسیان تەواو نییە، دەرفەتیان نییە و سیستەمی هەڵبژاردن بۆی ئاسانترە".

ئەوانەی بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە سەبارەت بە هۆی وەڵامەکەیان دەڵێن: "خاڵبەندی کێشەی قوتابی و مامۆستا نییە، قوتابی ئاگاداری ئەو شتانە نییە و بایەخی پێنادات". ئەوانەی بە زۆر وەڵامیان داوەتەوە دەڵێن: "بە هۆی ناڕوونی تێگەکان و زەحمەت تێگەیشتنیان و دەقیکی

یەکگرتووی نییە". ئەوەی بە یەکجار زۆر وەلامی داوەتەوە دەڵێت: "چونکە کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر دەقی زمانی وانەکان زۆرە".

هۆی ئەو مامۆستایانەی کە بژاردەی کەمیان هەڵبژاردووە، نیشان دەدات، قوتابیان لەو ئاستەدا نین کە بتوانن  بە تەواوی بیر لە دروستی و نادورستی خالبەندی و ڕێزمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بکەنەوە. بەشێک لە وەلامەکانیش دەریدەخات، قەوارەی دەرسەکان دەرفەتی ئەم جۆرە گفتوگۆیە بە قوتابی و مامۆستا نادات. هەر دووی ئەو هۆکارانە ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی، یەکەم، پێویستە ئاستی قوتابی لە پۆلی نۆدا گەیبێتە ئەو ڕادەیەی کە بتوانێت لەبارەی ڕێزمان و جۆری خالبەندی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بدوێ و دووهەم، باشتر وابوو، ئەوەندە دەرفەتە بۆ قوتابی و مامۆستا هەبا کە لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، بە یەکەوە، باس و گفتوگۆ بکەن.

کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر ڕێزمانی کوردی کتێبە وانەییەکان یەکێک لەو بابەتانەیە کە مامۆستایان لە هۆی وەلامی ئەم پرسیارە و پرسیاری پێشتریشدا ئاماژەیان پێکردووە. هۆی ئەم کاریگەرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، یەکەم جار، وەک ئەمیر حەسەنپوور دەڵێت: "ڕێزمانی کوردی لە باشووری کورستان کەوتۆتە ژێر کاریگەری سەرف و نەحوی عەرەبی." (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١٠، ل١٠١). هەر وەک ئەوەی زمانی کوردی لە ئێران و تورکیادا، کاریگەری زمانی فارسی و تورکییان بەسەرەوە دیارە. ئەم تێزە ڕای وایە کە ڕاوەستاوی و گەشەی هەر زمانێک زۆرتر لەوەی پەیوەندی بە وشە و فۆنیمەوە هەبێت، پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە. بۆیە پێی وایە پلاندارێژەرانی زمانی لە ناو سیستەمی پەروەردەدا، دەبێت ئاوڕی مکوڕ لە ڕێزمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بدەنەوە.

بابەتێکی دیکە کە مامۆستایان ئاماژەیان پێکردووە ئەوەیە کە کتێبە کوردییەکان خاوەنی دەقێکی یەکگرتوو نین. نەبوونی دەقی یەکگرتوو بە مانای ئەوە دێت، ڕستە، پاراگراف و دواتر

کۆی بابەتەکان پێکبەستراوە نین و ناتوانن بابەتەکەیان بە شێوەی پێویست دەرببڕن و لای قوتابی یا مامۆستا زانیاری دروست بکەن. ئەم ڕەخنەیە پەیوەندی بە دارشتنەوە هەیە کە پێویستە میتۆدێکی وای بۆ ڕەچاو بکرێت کە بتوانێت ئەرکی دەقێکی وانەیی ڕاپەڕێنێت. واتە چۆنییەتی دارشتنەوەی بابەتە دەرسییەکان بە زمانی کوردی، پێویستی بە پێدا چوونەوە هەیە. بابەتێک کە پەیوەندی بە جەستە و فێرکاری زمانییەوە هەیە کە دوو لقی سەرەکی پلاندارێژیی زمانین.

بابەتێکیدی کە بۆتە هۆی ئەوەی قوتابیان پرسیار لە مامۆستایان بکەن، هاڵۆزی و دژواری تێگەکانە. لە ئەنجامی پێداچوونەوە و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم، بۆ ئەم تێزە دەرکەوتووە کە پێویستە یەکەم، پێداچوونەیەک لە نێوان جۆری پەیوەندی مامۆستا و قوتابی بکرێت، دووهەم، جۆری تێڕوانینی قوتابیان و مامۆستایان ئەوە نیشان دەدات، قوتابیان و مامۆستایان بە ڕادەیەکی زۆر، شارەزای بابەتی خاڵبەندی و بەهای خاڵبەندی نین. سێهەم، جۆری خاڵبەندی و ڕێزمانی کتێبە وانەییەکان هەڵەیان تێدایە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی هەم تێگەیشتن و هەم خێرایی مامۆستا و قوتابی کەم بێتەوە. لە لایدیش بۆتە هۆی ئەوەی کە پێگەی زمانی کوردی تووشی لاوازی بێت. چوارەم، جۆری پێناسەکردن و ناولێنانی تێگەکان بۆتە هۆی ئەوەی زانیاری پێویست لای قوتابی دروست نەبێت و قوتابی پەنا بۆ لەبەرکردنی بابەتەکان بەرێت. چونکە کتێبی وانەیی دەبێت ئە توانایییەی هەبێت کە بە شێوەیەکی ئاسان، تێگەکان شەرح بکات و ببێتە مایەی دروستکردنی زانیاری لای مامۆستا و قوتابی. ڕێنووسی کتێبە وانەییەکان بابەتێکی دیکەیە کە ئەم تێزە لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە لێکیدەداتەوە.

## ٥. ٢. ٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم

پرسیاری چوارەم، لە مامۆستا دەپرسێت، ئاخۆ لە ڕێنووس و ڕێزمانی دەقی کتێبەکان ڕازییە. ئەم پرسیارە پەیوەندی بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانەوە هەیە، چونکە لە کاتی پێدانی ڕاپرسییەکە بۆ مامۆستایان ڕوون کراوەتەوە کە مەبەست ڕێنووس و ڕێزمانی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکانە. بەپێی ئەوەی کە مامۆستایان ساڵانە ئەم کتێبانە بە قوتابی دەڵێنەوە و ڕۆژانە سەروکاریان لەگەڵ دەقی نێو کتێبە وانەییەکان هەیە، باشتر لە هەموو کەس ئاگاداری چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانن و ڕای ئەوان دەتوانێت، بە باشترین شێوە، چۆنییەتی ڕێنووس و ڕێزمانی کتێبەکان نیشان بدات. هەژماری وڵامی مامۆستایان بۆ ئەم پرسیارە بەم جۆرەیە: نەخێر ٥ کەس، کەم ١٠ کەس، زۆر ٥ کەس، یەکجار زۆر سفر و ٢ کەسیش وڵامیان نەداوەتەوە. ڕێژەی ڕەزامەندی مامۆستا لە ڕێنووس و جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لەم وێنەیەی خوارەوەدا نیشان دراوە.




وێنەی ٥. ١٨ ڕێژەی ڕەزامەندی مامۆستا لەڕێنووسی کتێبە وانەییەکان

ئەم ڕێژەیە نیشان دەدات، ڕێنووس و ڕێزمانی کتێبە کوردییەکان هەڵەی زۆر تێدایە. ناڕەزامەندی مامۆستایان بەو ڕێژە زۆرە، جیا لەوەی کاریگەری دەخاتە سەر پرۆسەی ڕاهێنان و پەروەردەکردن، دەبێتە هۆی ئەوەی، پێگەی زمانی کوردیش لاواز بێت، چونکە لەوانەیە قوتابی و مامۆستا هەست بەوە بکەن، سیستەمی پەروەردە بایەخێکی ئەوتۆ بە زمانەکە نادات. یا لەوانەیە ئەم گومانە بکەوێتە سەر زمانی کوردی کە خودی زمانەکە بەو ڕادەیە ستاندارد نەکراوە، کە بتوانێت، کاری پەروەردەیی بە باشی ئەنجام بدات، چونکە ڕێنووس و ڕێزمانێکی دروست و یەکدەست، یەک لە قوناخەکانی بە ستانداردکردنی زمانە. لەبارەی هەبوونی هەڵەدا، پێویستە بگوترێت کە بە بێ هەڵەکردن ناتوانرێت باس لە هەڵە بکرێت و هەبوونی هەڵە کۆتایی زەمان نییە. کەوابوو، هەبوونی هەڵە ئەم تێزە ناهومێد ناکات، بەڵکوو هانی دەدات کە پێشنیاز بکات بە خێرایی ڕێنووس و ڕێزمانی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان پێداچوونەوەی پێدا بکرێت و چاک بکرێت. پێداچوونەوە بە جەستەی زماندا، تەنیا پەیوەندی بە هەڵەی ڕێنووسی یا ڕێزمانییەوە نییە. بەڵکوو بەپێی ئەوەی زمان دایمە لە حاڵی گۆڕان و پێشکەوتن دایە، پێویستە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕێنووس و ڕێزمانی کتێبە وانەییەکان، پێداچوونەوەیان پێدابکرێت.

ئەم تێزە لە پێداچوونەوە بە ڕێنووس و ڕێزمانی کتێبە وانەییەکان و بە گشتی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، ئەوەی لەبەر چاوە کە زمان بە شێوەی خۆڕسکی ڕەوتی ستانداردبوونەکەی بەرەوپێش ناچێت، بەڵکوو پێویستی بە پلانداڕێژیی وردی زمانەوانان و پشتگیری دەسەڵات هەیە. لە درێژەدا بە وەسف و لێکدانەوەی هۆی بژاردەی مامۆستایان بۆ پرسیاری چوارەم، درێژە بە نووسینی تێزەکە دەدرێت.

هۆی ئەو مامۆستایانەی کەم لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازین، بەو جۆرەیە: "هەڵەی زۆر تێدایە، ڕێنووسەکەی هەڵەی زۆر تێدایە، قوتابیان لێی تێناگەن، باسی شتی زۆر کۆن دەکات و هەڵەی ڕێزمانی و چاپی هەیە". ئەو مامۆستایانەی بە ڕادەیەکی زۆر لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازین، بەو شێوەیە باسی هۆیەکانی دەکەن: "لە

کتێبە ئەدەبییەکان باشە، بەڵام لە کتێبە زانستییەکاندا هەڵە زۆرە، بە ڕای من ناوەڕۆک گرنگە و ئەو شتە شتێکی لاوەکییە و لە بەر ئەوەی خوێندنەوە و بینینی باشە". ئەو مامۆستایانەی لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازی نین و نەخێریان هەڵبژاردووە، ئاوا باسی هۆیەکەی دەکەن: "کەموکورتی هەیە و چارەسەر ناکرێ، هەندێ وشەی تێدایە مامۆستاش نایزانێ، هەڵەیان تێدایە و لە بەر ئەوەی تەرجەمەی حەرفی کراوە".

٦٣٪ی هۆی ئەو مامۆستایانەی کە لە جەستەی زمانی کوردی ڕازی نین، پەیوەندی بە هەبوونی هەڵەوە هەیە. بە ڕای مامۆستایان هەبوونی هەڵە بە ڕادەیەکە کە جاریوایە تێگەیشتنی قوتابی و مامۆستا تووشی گرفت دەکات. تەنانەت ئەو بەشەش لە مامۆستایان کە لە جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان ڕازین، بە هۆی ئەوە نییە، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵەیان تێدا نییە، بەڵکوو هۆی ڕەزامەندی ئەوان ئەوەیە، بەهایەکی ئەوتۆ بۆ جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان قایل نین و پێیان وایە, ناوەڕۆک گرنگە. ئەو ڕێژەیە لە هەڵە، ئەم تێزە نیگەران دەکات و پێی وایە کە لە لایەکەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردی هەیە و لە لایدیشەوە ڕەوتی پەروەردەکردنی قوتابی تووشی گرفت دەکات. بۆیە پێی وایە، پێویستە پێداچوونەوەی خێرا و مکوڕ بۆ ئەم بابەتە بکرێت. بەو شێوەیە، دەگەینە پرسیاری پێنجەم، کە تەواوکەری پرسیاری چوارەمە, دەیهەوێت بزانێت ئاخۆ مامۆستایان تێبینیان لەسەر ڕێنووس و ڕێزمان و خاڵبەندی و داڕشتنی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە.

### ٥. ٢. ٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم

پرسیاری پێنجەم دەیەوێ بزانێت ئاخۆ مامۆستایان بە چ ڕێژەیەک تێبینیان لەسەر جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە. دەیەوێ بزانێت، داخوا مامۆستایان بە چ ڕێژەیەک بەرانبەر بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەستیارن، چۆنی دەردەبڕن و

ئاکامەکانی چین. ئەم پرسیارە بۆیە لە مامۆستایان کراوە، چونکە ئەم تێزە پێی وایە، یەکەم، مامۆستا شارەزای چۆنییەتی زمانی کتێبە وانەییەکانە. دووهەم، ڕای مامۆستا لەبارەی چۆنییەتی زماندا، دەتوانێت باشتر ئەم تێزە لە ئامانجەکانی خۆی نزیک بکاتەوە، ئەویش تێگەیشتنە لە جۆری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا. سێهەم، جۆری بیروباوەڕی مامۆستا سەبارەت بە زمانی خوێندن و زمانی پێخوێندن و زمانەکانیدی کاریگەری لەسەر پێگە و جەستەی زمان و هەروەها کۆی پرۆسەی پلاندارێژی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە.

فێرکردنی زمان، فێربوونی جۆری زمان و دەوری زمان لە فێرکردندا، چەند خاڵێکن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پلاندارێژیی فێرکاریی زمانەوە هەیە، ئەویش بریتییە لە کاریگەری دانان لەسەر زمانی خوێندن، زمانی پێخوێندن، فێرکردنی زمانەکان و هەڵس و کەوت لەگەڵ جۆرەکانی زمانی یەکەم، دووهەم یا زمانە بیانییەکان (کووپر، ل١٩٧٨). بابەتێک کە کاریگەری دەخاتە سەر پێگە و ئاستی ئەو زمانەی کە کاری فێرکاری پێ ئەنجام دەدرێت ( داوری اردکانی،١٣٩٠، b، ل٣٥).

ڕای مامۆستا لەبارەی جەستەی ئەو زمانەی کە کاری فێرکاری پی ئەنجامدەدا، نیشان دەدات، بارودۆخی ئەو زمانە چۆنە و دەوری مامۆستا لەودا چەندەیە و داهاتووی ئەو زمانە چی لێدێتەوە. لەو پێناوەدا پرسیاری پێنجەم لە مامۆستا دەپرسێت، ئاخۆ لەسەر ڕێنووس و خاڵبەندی و داڕشتنی کتێبەکان تێبینی هەیە. ڕێژەی وەڵامەکان بەو جۆرەیە. بەڵێ ٧٤٪ و نەخێر ٢٦٪.

ئەم ڕێژەیە نیشان دەدات، یەکەم، جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵگری سەرنجی زۆرە و دووهەم، ڕێژەیەکی بەرچاو لە مامۆستایان لەو بارەدا تێبینیان هەیە. واتە مامۆستایان وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکی سیستەمی پەروەردە بایەخ بە جەستەی ئەو زمانە

دەدەن کە کاری پەروەردەیی لە قوتابخانەدا پێدەکرێت. ئەوە ئاماژەیەکی باشە بۆ ئەوەی بزانین کە مامۆستایان خەمخۆری زمانەکەن و ئەگەر سیستەمی پەروەردە بەها بە تێبینی و سەرنجی ئەوان بدات، دەبێتە هۆی چاکسازی خێرا لە جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. تێبینی ئەو مامۆستایانەی کە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە بریتییە لە "هەڵە لە خاڵبەندیدا، هەڵە لە ڕێزماندا، بەڵام دواتر بەشێکیان دەڵێن کە سیستەمی پەروەردە چی پێناکرێت و دەسگایەکی مردووە، پێویستی بە پێداچوونەوەیە، ئەوانەی بە کتێبەکاندا دەچنەوە حەقە کوردیزان بن، بەڵام نین، تەرجەمەکان بەپێی وشەکان دەنووسرێت نە بەپێی ڕستە و مانا و هەڵە لە ڕێنووسدا". ئەو مامۆستایانەی کە تێبینیان لەسەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نییە دەڵێن: "لە ژیانی قوتابی نزیکە، چونکە زانیاریم نییە و چونکە باشە".

ڕای بەشێک لەو مامۆستایانەی کە تێبینیان لەسەر جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نییە، نیشان دەدات، بەشێک لە مامۆستایان شارەزای جەستەی زمانی کوردی نین و ئەوەش ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی کە لەوانەیە یەکێک لە هۆیەکانی چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی، بەرهەمی چۆنییەتی ژینگەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بێت، کە ئەویش دەچێتە خانی ناهوشیاری زمانی بەشێک لە مامۆستایان و ڕانەهاتنیان لەسەر ئەو بابەتە. ڕای مامۆستایان سەبارەت بە کوردیزان نەبوونی ئەو کەسانەی کە بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا دەچنەوە، بابەتێکی دیکەیە کە سەرنجی ئەم تێزەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. ئەم تێبینییەی مامۆستایان نیشان دەدات، لەوانەیە ئەوانەی بە کتێبە وانەییەکاندا دەچنەوە، زانیاریان لەبارەی ناوەرۆکی بابەتە دەرسییەکاندا هەبێت، بەڵام شارەزای چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی نەبن. ئەم تێبینییە و لێکدانەوەکەی ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی، پێویستە لە پەنا کونترۆڵی زانستی کتێبەکان، کونترۆڵی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکانیش بکرێت و ئەو کارە لە لایەن کەسانێکەوە ئەنجام بدرێت کە شارەزای بابەتی زمان بەتایبەتی جەستەی زمانی کوردین.

لە تێبینی مامۆستایاندا بۆ پرسیاری پێنجەم، جیا لەو خاڵانەی سەرەوە و جیا لە دووبارەبوونەوەی هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا، کە جەختکردنەوەیەکی دووبارەیە و جێگەی بەها پێبەخشینی زۆرتر بەو بابەتەیە، خاڵێکیدی لە هۆی مامۆستایاندا وەبەرچاودەکەوێت کە جێگەی بایەخە. ئەویش ئەوەیە، بەشێک لە مامۆستایان بە ناهۆمێدییەوە سەیری چاکسازی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا دەکەن و، سیستەمی پەروەردە بە دەسگایەکی مردوو لە قەڵەم دەدەن کە توانای چاکسازی تێدا نییە. ئەم هۆیە دەتوانێت بەرهەمی بێ وەڵام مانەوەی داواکاری و تێبینی مامۆستایان بێت. واتە سیستەمی پەروەردە دەبێت سەرنج و تێبینی مامۆستایان بە هەند وەربگرێت. بۆ ئەوەی مامۆستا بەو ئاکامە نەگات. بێ هیوایی مامۆستا لە چاکسازی دەبێتە هۆی ئەوەی وزەی مامۆستا وەک مەکینەی بەرەوپێشبردنی مەبەستەکانی پەروەردەیی، تووشی سڕبوون بێت. لەئاکامدا دەبێتە هۆی لاوازبوونی کاری پەروەردەیی. بۆیە ئەم بەشە لە توێژینەوەکە، کەمتەرخەمی سیستەمی پەروەردە نیشان دەدات، چونکە بەها بە ڕاوبۆچوونی مامۆستایان نادات. لە پرسیاری شەشەمدا هەوڵدەدرێت زۆرتر لە وردەکاری ئەم بابەتەدا بکۆڵدرێتەوە و بزانرێت ئاخۆ مامۆستایان لەگەڵ لقەکانی پلاندارێژیی زمانیدا چۆن مامەڵە دەکەن و ئاکامەکانی چین.

### ٥.٢.٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شەشەم

لە پرسیاری شەشەمدا، لە مامۆستا پرسیار کراوە، ئاخۆ تێبینییەکانی لەبارەی جەستەی زماندا بۆ سەرووی خۆی باسدەکا یا دەنێری؟ ڕێژەی ناردنی تێبینییەکان ٣٦٪. لە درێژەدا پرسیار لە مامۆستا کراوە کە ئاخۆ نووسین و ناردنی تێبینییەکانی چ ئاکامێکی هەیە؟ لەو پێناوەدا داوا کراوە کە مامۆستا باس لە جۆری ئاکامی تێبینییەکانی بکات. لە ڕووی وەڵامی ئەم پرسیارەوە بۆمان دەردەکەوێت، سیستەمی پەروەردە کەمتر بایەخ بە ڕای مامۆستایان دەدا.

ئەوە لە کاتێکدایە، پەروەردەی سەرکەوتوو پەروەردەیەکە کە ڕای مامۆستایان بە گرنگ بزانێت و هەوڵ بدا ڕەچاوی تێبینی ئەوان لەبارەی ئەم بابەتەدا بکات. وەک جی گالێن و ویلیام ئێم و ئارتورجی دەڵێن، پێویستە مامۆستایان بەشداری چالاکیان لە پلاندارێژی کۆی پلانی وانەیی و ڕەوتی فێرکاریدا هەبێت (جی گالن، ویلیام ام و آرتور جی، ١٣٧٨، ل٩٧). ئەوە دەیسەلمێنێ، بەشداری پێکردنی مامۆستایان چ لە چۆنییەتی جەستەی زماندا و چ لە بەهەند وەرگرتنی ڕای ئەوان، مەرجێکی گرنگە بۆ دامەزراندنی پەروەردەیەکی تەندروست. ڕێژەی بە هەند وەرگیرانی تێبینی مامۆستایان بەو جۆرەیە: هیچ ئاکامی نییە ٥٠٪، ئاکامی کەمە ٤٢٪ و ئاکامی زۆرە ٨٪.

وەڵامی پرسیاری شەشەم نیشان دەدات، سیستەمی پەروەردە، بە گوێرەی مامۆستایان نییە. واتە مامۆستایان لە چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانیدا دەوریان نییە و تەنانەت دواتریش ڕای ئەوان بە هەند وەرناگیرێت. ئەگەر لە ڕوانگەی تێگەی دیمۆکراسییەوە سەیری ئەم بابەتە بکرێت، دەتوانرێ بگوترێت، ئەم جۆرە سیستەمە پەروردەیە سیستەمێکی دیموکراتیک نییە. چونکە سیستەمی دیمۆکراتیک سیستەمێکە کە ئەندامەکانی لە چۆنییەتی بەڕێوەبەرییەکەیدا بەشدارن (اندروهیود، ١٣٩١، ل١٠٤). وەک ئەوەی فێمینیستەکان خوازیاری بە دیمۆکراتیکبوونی ژیانی بنەماڵەیین. یا وەک ئەوەی سوسیالیستەکان زۆرتر لە سیاسەت باس لە دیمۆکراتیککردنی ژیانی کۆمەلایەتی و پیشەیی دەکەن (هەمان، ل١٠٦). مرۆڤ کاتێ لە پرۆسەیەکدا چالاکانە بەشداری دەکات کە لە جۆری دارشتنی پلاندانەکەدا بەشداری پێکرابێت. لەو ڕوانگەوە، چۆنییەتی هەڵس و کەوت لەگەڵ ڕای مامۆستا لەبارەی پلاندارێژیی زمانییەوە، نیشاندەری ڕەوتێکی نادیمۆکراتیکە، چونکە دیموکراسی بە واتای بەشداری ئەندامانی یەک گرووپە لە چۆنییەتی ئیدارەدانی سیستەمەکەدا. تەنانەت بەڕێوەبردنی پۆلێکی وانەیی کاتێک دیموکراتیکە کە قوتابیان بتوانن لە چۆنییەتی ئیدارەکردنەکەیدا بەشدار بن. بۆیە بە هەند وەرنەگرتنی ڕای مامۆستا دەبێتە هۆی ئەوەی لە وزەی مامۆستایان لە چۆنییەتی پلاندارێژیی سیستەمی پەروردەدا، سوود وەرنەگیرێت و هێزی هزری ئەوان نەبێتە پاڵپشتی چاکسازی لە

چۆنییەتی پلاندارێژی لە سیستەمی پەروەردەدا، بەتایبەتی لە پلاندارێژیی زمانیدا. لە درێژەدا ئەم تێزە دەیەوێت لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە ئاستی بەشداری قوتابی لە پلاندارێژیی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا بزانێت.

### ٥. ٢. ٧. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم

پرسیاری حەوتەم دەپرسێت، داخوا، قوتابی ڕای خۆی سەبارەت بە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەردەبڕێت. ئەم پرسیارە دەیەوێت لە لایەکەوە، ئاستی قوتابی لە پرۆسەی پەروەردە و لە پەیوەندی لەگەڵ مامۆستادا بزانێت و لە لای دیکەشەوە لە ڕووی ئەم پرسیارەوە دەیەوێ بزانێت، بارودۆخی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا چۆنە. هەژماری وڵامی ئەم ٢٢ مامۆستایە بەم جۆرەیە، نەخێر ٢، کەم ٩، زۆر ٩، یەکجار زۆر ١ و کەسێکیش وڵامی نەداوەتەوە. ڕێژەی وەڵامەکان بە گوێرەی ئەم وێنەیەی خوارەوەیە.




وێنەی ٥. ١٩ ڕێژەی دەربڕینی ڕای قوتابیان سەبارەت بەزمانی کوردی لە ڕوانگەی مامۆستایانەوە

ڕێژەی ئەم وەڵامانە نیشان دەدات، قوتابی بە تەواوی ڕای خۆی لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەرنابڕێت. ئەوە لەسەرەتاوە نیشان دەدات، یەکەم، هەموو قوتابیان بە شێوەی پێویست سەرنجییان نەداوەتە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، دووهەم، ئەگەر سەرنجیشیان دابێت، هەموویان ئەوەندە شارەزای جەستەی زمانی کوردی نین و سێهەم، ئەم ڕاستییە دەردەخات کە پەیوەندییەکی ورد و گەرموگوڕ و هەمەلایەنە لە نێوان مامۆستا و قوتابیدا نییە، کە لەئاکامدا ئەو وردەکاریانە لەگەڵ یەکدیکە باس بکەن.

خاڵی یەکەم ئەم تێزەی گەیاندووە بەو ئەنجامەی کە پێویستە قوتابی شارەزاییەکی زۆرتری لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا هەبێت و زۆرتر لەگەڵ جەستەی زمانی کوردی و چۆنییەتییەکەی ئاشنا بکرێت و خاڵی دووهەمیش، ئەم قەناعەتەی لای ئەم تێزە دروست کردووە کە پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی باشتر بکرێت، بەڵکوو بتوانن لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان و بابەتەکانی دیکەی پەروەردەیی بەیەکەوە گفتوگۆ بکەن، هەروەها نیشانی داوە، سەرەڕای ئەم دوو خاڵەی سەرەوە، بەشێک لە قوتابیان سەرنجیان لەسەر جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە. ئەوەش گریمانەی ئەم تێزە پشت ڕاست دەکاتەوە کە سیستەمی پەروەردە بە شێوەی پێویست بە زمانی کوردی ڕانەگەیشتووە و لەسەری واجبە، بەردەوام بە جەستەی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکاندا بچێتەوە.

ئەو مامۆستایانەی بژاردەی کەمیان هەڵبژاردووە، بەو شێوەیە باس لە هۆیەکانی دەکەن: "زۆربەی قوتابیان هیچ نازانن، تەنها هاتوون لە تاقیکردنەوە دەرچن، تاقیکردنەوەکان لەسەر هەڵبژاردنە، بە هۆی گرنگی نەدان بە زمان و ڕێنووس و لە بەر خۆشەویست نەبوونی خوێندن". ئەوانەی بە زۆر وەڵامیان داوەتەوە دەڵێن: "چونکە قورس وەرگێڕدراوە، بەتایبەتی لە مادە زانستییەکان، وشەی قورسی تێدایە و قوتابی لێی تێناگات، شێوەزاری دەرەوەی شێوەزاری قوتابی بۆ ئەو گرانە، ڕایان زۆرە، بەڵام نە لە قوتابی و نە لە مامۆستاکەی ڕا وەرناگیرێ و شارەزاییان لە زمانەکە هەیە و هەست بە هەڵەکانی دەکەن".

لە ڕووی ئەم هۆیانەی سەرەوە، ئەم تێزە دەگا بەو ئەنجامەی، بردنە سەری ئاستی زانیاری قوتابی دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی لەسەر چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا دابنێت. بابەتێکیدی کە لە هۆیەکاندا ئاماژەی پێکراوە، کێشەی قوتابی لەگەڵ ئەو شێوەزارەیە، کە شێوەزاری قوتابی نییە. ئەوە نیشان دەدات، یا ئەوەیە دەبێت قوتابی بە شێوەزارەکەی خۆی بخوێنێت، یا سیستەمی پەروەردە، بە جۆرێک قوتابی لەسەر شێوەزاری پێخوێندن ڕابێنێت کە لە تێگەیشتنی قوتابیدا کێشە دروست نەکات.

وەرنەگیرانی ڕای قوتابیان گازندەیەکە کە لەو بەشەشدا باسی کراوە. لە بەشەکانی پێشوودا بە وردی باس لە خەسارەتی ئەم خەمساردییە کرا، کە پێویستە گوێ لە ڕای مامۆستا و قوتابی بگیرێت. بۆ ئەوەی ئەوان ببن بە بەشێک لە پرۆسەی چاکسازی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا. تێبینی زۆرتری مامۆستایان ئەم بابەتە زۆرتر ڕوون دەکاتەوە و لە درێژەدا باسی دەکرێت.

## ٥.٢.٨ وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری هەشتەم

پرسیاری هەشتەم داوا لە مامۆستا دەکات، ئەگەر لە دەرەوەی ئەم پرسیارانە تێبینییەکی لەبارەی زمانی کوردی کتێبە دەرسییەکان هەیە بینووسێت. تێبینییەکان بەم شێوەیەن: "پێویستە گرنگی زۆرتر بە زمانی کوردی بدرێ، زمانی کوردی پێویستی بە ستانداردکردن هەیە، هەرچی بکەی و بڵێی بێ سوودە، درەنگ پەرتووک دەگا بە قوتابی، لە زمانی ڕەسەن و پەتی سوود وەربگیرێ، ئەوانەی کتێبەکانی وانەیی وەردەگێڕن و پێیدا دەچنەوە لە ئەساسی توانایی و پسپۆڕی وەربگیرێن نەک حیزبایەتی و حیسابی شەخسی و هەرچی بنووسین ئەخرێتە ناو سەتڵی زباڵە".

لێکدانەوەی تێبینی مامۆستایان لە دەرەوەی ئەم حەوت پرسیارەی پێشتر لەوان کراوە، بەسەر چەند خاڵێکدا دابەش دەکرێت. یەکەمیان پەیوەندی بە جەستەی زمانەوە هەیە.

دووهەمیان پەیوەندی بە جۆری بەڕێوەبەرایەتی سیستەمی پەروەردەوە هەیە و ئەویدییان پەیوەندی بە پێگەی زمانی کوردییەوە هەیە. ئەو بەشانەی کە پەیوەندیان بە پێگە و جەستەی زمانی کوردییەوە هەیە، لە لێکدانەوەی پرسیارەکانی پێشوودا بە وردی باسیان لەسەر کرا. ئەوەی باسی نەکراوە ئەوەیە کە وەک لە تێبینی مامۆستایان دەردەکەوێت، یەکەم، سیسستەمی پەروەردە بەهایەکی ئەوتۆ بە ڕای مامۆستایان نادات، دووهەم، لە بابەتەکانی سەر بە پلاندارێژیدا، سیاسەت زۆرتر دەور دەبینت تا لێهاتوویی و پسپۆڕی. ئەم دوو بابەتە نیشان دەدات، پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان خەم لەو بابەتە بخوات و کارێکی وابکات، هەموو سیستەمەکانی حکومەتی، بەتایبەتی سیستەمی پەروەردە بە موئەسەساتی بکرێت و پسپۆڕی لە بابەتەکان ببێتە مەرجی دانانی ئەو کەسانەی کە قەرارە بە بابەتەکاندا بچنەوە. لەئاکامدا کارێکی وابکات، وزەی مامۆستایان و ڕای ئەوان لە بواری چاکسازی زمانی کوردیدا سوودی لێوەربگیرێت.

لەوەسف و لێکدانەوەی ڕاپرسی مامۆستایان دەگەین بەو ئەنجامانە، پێگەی زمانی کوردی لای مامۆستایان ئاستێکی بەرزی هەیە و مامۆستایان پێیان باشە کە خوێندن بە زمانی کوردی بێت. بەرزبوونی پێگەی زمانی کوردی، کە لقێکی سەرەکی پلاندارێژیی زمانییە، زۆرتر لەوەی بەرهەمی چۆنییەتی پێراگەیشتنی سیستەمی پەروەردە بە زمانی کوردی بێت، هۆی سیاسی هەیە. زۆرینەی مامۆستایان لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازی نین و پێیان وایە، پێویستی بە چاکسازی و پێدا چوونەوە هەیە؛ پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی لە ئاستی پێویستدا نییە و ڕێژەیەکی کەم لە قوتابیان لەبارەی جەستە و پێگەی زمانی کوردیدا لەگەڵ مامۆستایان وتووێژ دەکەن و مامۆستایان لە پەیوەندی نێوان خۆیان و سیستەمی پەروەردە ڕازی نین و ڕایان وایە کە بیروبۆچوونی ئەوان بە هەند وەرناگیرێت. پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی، مامۆستا و سیستەمی پەروەردە نیشان دەدات، سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سیستەمێکی تەواو دیمۆکراتیک نییە و لەئاکامدا لە وزەی

مامۆستا و قوتابی بۆ چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی و چۆنییەتی ئیدارەی سیستەمی پەروەردە سوود وەرناگیرێت. بە حیزبیکردنی ئیدارەی سیستەمی پەروەردە، بابەتێکی دیکەیە کە لە ئەنجامی وەسف و لێکدانەوەی داتاکاندا بەدەست ئەم تێزە کەوتوون.

### ٥. ٣. وەسف و شیکردنەوەی ڕای دایکانوباوکان

ئەوەی دایکانوباوکان لەبارەی زماندا ئەنجامی دەدەن بەشێکە لە پلاندارێژیی زمانی و ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە کە سەرپەرشتی بنەماڵە لەبارەی زماندا ڕەچاوی دەکات. چالاکی دایکانوباوکان لەبارەی پلاندارێژیی زمانیدا ئەو کاریگەریانە دەگرێتەوە کە ئەوان لەسەر جەستە و پێگە و فێرکاری زمان هەیانە. کەواتە دایکانوباوکان، بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەن، کە هەر وەک چۆن کاریگەری لە جۆری سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی حکومەت وەردەگرن، بەو شێوەیەش کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی دادەنێن و هەر وەک سادق ئەحمەد لە زمان مەنزەر هاشم خەتیبەوە دەڵێت، هەماهەنگی لە نێوان قوتابخانە و خێزاندا یەکێک لە مەرجەکانی پرۆگرامی نوێی خوێندنە (سادق ئەحمەد عوسمان، ٢٠١٤، ل٦٤). ئەردەکانی لەبارەی خێزانەوە دەڵێت، پلاندارێژیی زمانی چالاکییەکە، کە خێزانەکانیش لەماڵەوە پێوەی خەریکن. ئەو لە زمان کووپرەوە دەڵیت، ئەو بڕیارانەی خێزانەکان لەبارەی زماندا دەیدەن، زۆر گرنگن (داوری اردکانی، ١٣٩١، b، ل١١). واتە بنەماڵە هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرە کە لەسەر جۆری پلاندارێژیی زمانی و جۆری جێبەجێکردنی ئەم پلانانە کاریگەری هەیە. کوپڕ ڕای وایە کە دایکانوباوکان کاریگەریان لەسەر ڕەوتی پلاندارێژیی زمانی منداڵانیاندا هەیە. کوپڕ پێی وایە، پلاندارێژیی زمانی تەنیا بە پلانە گشتییەکانەوە نابەسترێتەوە. ئەو پێی وایە، بەم کارە زۆربەی چالاکییە واقعییەکانی پلاندارێژیی زمانی وەبەرچاو ناگیرێت. بە باوەڕی کوپڕ، ئەوە سیاسەتە گشتییەکانی بنەماڵەکانە کە دەبێتە هۆی پاراستن یا گۆڕینی زمان (داوری اردکانی، ١٣٩٢، ل٣).

بەو پێیە، پلاندارێژیی زمانی سەرکەوتوو کاتێک مسۆگەر دەبێت کە لە لایەک خێزانەکان خاوەنی ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری و هۆشیاری زمانی بن و لە لایدیش سیستەمی پەروەردە گەیشتبێتە ئەو دیمۆکراسییەتە کە لە وزەی دایکان و باوکان لەو بارەدا سوود وەربگرێت. سەرەڕای ئەوانەش، بەپێی ئەوەی دایکانوباوکان بە شێوەی ڕۆژانە سەروکاریان لەگەڵ قوتابخانە و وانەکانی خوێندنی منداڵانیاندا هەیە، ڕای ئەوان دەتوانێت بۆ وردبوونەوە لە پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بە سوود بێت. ئەو بەشە لە تێزەکە بە پشتبەستن بەو تیۆرە، ڕای دایکانوباوکانی پرسیوە و دەیەوێت ڕای ئەوان و کاریگەری ئەوان لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بزانێت و لە ڕێگەی لێکدانەوەی ڕای ئەوانەوە، لە چۆنییەتی پێ ڕاگەیشتن بە زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بکۆڵێتەوە و لە چارەنووسی زمانی کوردی تێبگات.

لێرەدا هەوڵدراوە، لە ڕێگەی دوو دەستە پرسیارەوە، چەندایەتی و چۆنایەتی هزر و بیری دایکانوباوکان لە بەرانبەر زمانی کوردیدا بزانرێت. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ١٠ کەس لە دایکانوباوکانی قوتابخانەی ئەختەر و جمهووری و لەگەڵ ١٥ کەس لە دایکانوباوکانی قوتابخانەی فاخیر ڕاپرسی کراوە. هەوڵدراوە لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە چۆنییەتی پێگە و جەستە و فێرکاری زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بزانرێت و دواتر لێکبدرێتەوە.

### ٥. ٣. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم

پرسیاری یەکەم لە دایکانوباوکان دەپرسێت، ئاخۆ پێیان خۆشە منداڵەکانیان بە کام زمان بخوێنن. بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە چوار بژاردە دیاری کراوە کە بریتین لە کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و فەرەنسی. هەژمار و ڕێژەی وەڵامی دایکانوباوکان لەم خشتە و وێنەی خوارەوەدا نیشان دراون.

خشتەی ٥. ١٦ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە حەزی ئەوان لەبارەی زمانی پێخوێندنی منداڵەکانیان

| دایکان وباوکان | کوردی | ئینگلیزی | عەرەبی | فرەنسی | بێ وەلام | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری وئەختەر | 3 | 6 | 0 | 0 | 1 | 10 |
| فاخیر | 10 | 5 | 0 | 0 | 0 | 15 |
| کۆی گشتی | 13 | 11 | 0 | 0 | 1 | 25 |




وێنەی ٥. ٢٠ ڕێژەی حەزی دایکانوباوکان سەبارەت بە زمانی پێخوێندنی منداڵەکانیان

بەبەراوردکردنی ڕێژەی حەزی دایکانوباوکانی ئەم سێ قوتابخانەیە دەردەکەوێت کە مەسەلەی خوێندەواری و مەسەلەی جیاوازی ئاستی ژیان کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوەی دایکانوباوکان هەیە، بە جۆرێک کە دایکانوباوکانی قوتابخانەی فاخیر کە چینێکی خوێندەوارتر و دەوڵەمەندترن پێیان باشە منداڵەکانیان بە زمانی کوردی بخوێنن. لە کاتێکدا دوو قوتابخانەکەی دیکە کە سەر بە چینی ناوەندین، زۆرینەیان، پێیان باشە، منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن. بابەتێک کە ڕەنگە بووبێتە هۆی ئەوەی وەزارەتی پەروەردە، خوێندنی بابەتە زانستییەکانی سەرەتایی بکات بە زمانی ئینگلیزی. ئەم تێزە پێی وایە، بابەتی چینایەتی کاریگەری لەسەر جۆری هەڵوێست و حەزی دایکانوباوکان هەیە. ئاریانپوور لەو بارەدا دەڵێت:" ئەندامانی چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ، بە حکومی جۆری ژیانی چینەکەی خۆیان، بە

شێوەیەکی تایبەت بۆ جیهان دەروانن و هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن. ئەو ڕای وایە، مەسەلەی چینایەتی کاریگەری لەسەر جۆری پەروەردەی منداڵ هەیە (آریان پور، ١٣٥٧، ل٢١٣)، بۆیە مەسەلەی چینایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جۆری بیرکردنەوەی دایکوباوک سەبارەت بە زمانی پێ خوێندن هەیە، کە دواتر بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەخۆ، کاریگەری دەخاتە سەر سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا. با بزانین هۆی دایکانوباوکان بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم چییە.

ئەو دایک و باوکانەی لە قوتابخانەی جمهوری و ئەختەر، پێیان باشە کە منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن، فێربوونی زمانێکیدی بۆ منداڵانیان بە سوودمەند دەزانن. چونکە بە ڕای ئەوان منداڵان لە ماڵ و گەڕەکدا فێری زمانی کوردی دەبن و فێربوونی زمانی ئینگلیزی پێویستی بە ڕاهێنان لە قوتابخانەدا هەیە. بەتایبەتی چونکە زمانی ئینگلیزی زمانێکی جیهانییە و مرۆڤ دەتوانێت لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە کار بەو زمانە بکات. بۆ نموونە، لە زانکۆکانی دەرەوە پێی بخوێنێت. بەشێک لە دایکانوباوکان بە هۆی گرێی دەروونی خۆیان پێیان باشە، منالەکانیان فێری زمانی ئینگلیزی بن. بۆ نموونە، بەشێک لەوان دەڵێن:"خۆم نایزانم ئەمەوێ منداڵەکەم بیزانێ، لە زمانی ئینگلیزی تێبگا و قسەی پێبکا، حەزم لێیە." کەواتە کاریگەری زمانی ئینگلیزی هۆیەکیدی کە دایکانوباوکان منداڵانیان لە بەر خوێندنی ئینگلیزی ناوە.

زمانی دایکبوون هاوەڵناوێکە کە سەرنجی بەشێک لە دایکانوباوکان بۆ لای ئەو زمانە ڕادەکێشێت. بۆ نموونە، دایکانوباوکان لە دوو قوتابخانەی ئەختەر و جمهووری باسی ئەو هۆیەیان کردووە. شوێن پێکەوتنی باب و باپیران لە مەسەلەی زماندا، وا دەکات کە پێگەی زمانی کوردی لای دایکانوباوکان بەرز بێتەوە. سەرەڕای ئەوەش دایکانوباوکان هەست بەوە دەکەن، منداڵانیان لە زمانی کوردی باشتر تێدەگەن و، بەو هۆیە زمانی کوردی کەرەسەیەکی باشترە بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵان. ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە، زۆربەی دایکانوباوکان هۆگریان بە زمانی کوردی هەیە. چونکە زمانی کوردی یەکێک لە ئامرازەکانی شوناسی

نەتەوەیی گەلی کوردە. بۆ نموونە، بەشێک لە دایکانوباوکانی قوتابخانەی فاخیر دەڵێن، زمانی کوردی زمان و کەلتووری خۆمانە و منداڵ پێویستە زمانی نەتەوەیی خۆی فێربێت و پێی بخوێنێت. هۆیەکیدی بۆ ئەوەی دایکانووباوکان پێیان باشە منداڵانیان بە زمانی کوردی بخوێنێت ئەوەیە، کە خوێندن بە زمانی کوردی دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان لە تاقیکردنەوەکاندا سەرکەوتووتر بن. بۆ نموونە دایکانوباوکان لەو بارەیەدا دەڵێن: "خوێندن بە زمانی کوردی دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵان لە پۆلی دوازدەدا سەرکەوتووتر بن".

هۆی دایکانوباوکان، جگە لە ڕێژەکەی، کە لە نێوان ئەم سێ قوتابخانەیەدا جیاوازە و پێشتر لێکدراوەتەوە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکدیکە و تەنانەت لەگەڵ ئەو هۆیانە نییە کە قوتابیان و مامۆستایان باسیان کردبوو. واتە هۆی حەزی دایکانوباوکان بۆ خوێندنی منداڵانیان بە زمانی کوردی لە چەند خاڵێکی مێژوویی، سۆزی، سیاسی و نەتەوەیی پۆلێن دەکرێت. هۆی حەزیشیان بۆ خوێندنی منداڵانیان بە زمانی ئینگلیزی لە چەند خاڵی وەک، عالەمیبوون، ئابووری و زانستیدا پۆلێن دەکرێت کە هەژموونییەکی باڵایان بە زمانی ئینگلیزی بەخشیوە و زمانی کوردیان خستۆتە ژێر گوشارەوە.

دایکانوباوکانی دوو قوتابخانەی جمهووری و ئەختەر، بە ڕێژەی ٦٠٪ حەزیان لێیە منداڵیانیان بە ئینگلیزی بخوێنن. واتە بە شێوەی گشتی، بە ڕێژەی ٤٤٪ دایکانوباوکانی ئەم سێ قوتابخانەیە حەزیان لێیە منداڵەکانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن، ئەو ڕێژەیە بە پێچەوانەی مێژووی خەباتی باشووری کوردستانە، چونکە خەڵکی کوردستان هەوڵێکی زۆریان لە پێناو بەرزڕاگرتنی پێگەی زمانی کوردیدا داوە. هەولێکی زۆریان داوە بۆ ئەوەی منداڵان بتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٥٧ زایینیدا، قوتابیان بە هۆی ئەوەی زمانی خوێندنیان کرابوو بە زمانی عەرەبی، ناڕەزامەندیان دەربڕیبوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٠دا، دایک و باوکان و بازاریانی باشووری کوردستان، وێڕای چینەکانی دیکەی کۆمەڵگە، داوایان کردبوو کە خوێندن لە قوتابخانەکان بە زمانی کوردی بێت (ئەمیرحەسەنپوور، ١٩٩٢،

ل٣١٦ و ٣٢٢ ). کەچی ئەو ڕێژەیەی بەدەست ئەم تێزە کەوتووە باس لە دابەزینی ڕادەی حەزی دایکانوباوکان بە خوێندنی منداڵانیان بە زمانی کوردی دەکات. ئەوە واقعێکە، کە ڕەنگە هۆی جۆراجۆری هەبێت، هەندێکیان لێرە باس دەکرێت. یەکەم، نیشان دەدات، یەکێک لە هۆیەکانی خۆشەویستی زمانی کوردی بەرهەمی خەبات لە پێناو گەیشتن بە شوناسی نەتەوەییدا بووە کە زمان یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەم شوناسەیە. ئێستا، کە ئەم مافە دەستەبەر کراوە، زمان ئەم ئەرکەی خۆی لە دەست داوە، هەروەها نیشان دەدات، هوشیاری زمانی دایکانوباوکان بەرانبەر زمانی کوردی بەو ڕادەیە نەگەیشتووە کە ئەرکەکانی دیکەی زمانی دایک درک بکەن و بەو شێوەیە ئەرکەکانیدی زمانی دایک نەبوونەتە پێوانەیەکی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ئەو زمانەی کە منداڵانیان پێی بخوێنن. دووهەم، ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی سیستەمی پەروەردە و جومگانی دی کە کاریگەریان لەسەر پلاندارێژیی زمانی هەیە، نەیانتوانیوە کارێکی وا بکەن، پێگەی زمانی کوردی بەرز بێتەوە. سێهەم، ستەم و زۆر دەبێتە هۆی بەرگری زۆرتر، واتە خەڵک لە بەرانبەر سیاسەتەکانی دەسەڵاتە پاوانخوازەکاندا بەرگری لەو شتانە دەکەن کە دەسەڵاتەکە هەوڵی سڕینەوەیان دەدات. کاتێ ئەم ستەمە لەسەر زمانی کوردی هەڵگیراوە، بەرگری خەڵکیش، کە بە هۆی ستەمەکەوە ڕوویدابوو، کەم بۆتەوە، بۆیە پێویستە هۆیدی، بۆ نموونە هۆشیاری زمانی، جێگەی هەستی بەرگریکردن بگرێتەوە.

### ٥.٢.٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووهەم

پرسیاری دووهەم لە دایکانوباوکان دەپرسێت، ئاخۆ زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانیان پێچۆنە. بۆ وەڵامدانەوە چوار بژاردە دیاری کراوە کە بریتین لە خراپ، ناوەند، باش و زۆر باش. هەژمار و ڕێژەی وەڵامەکانی دایکانوباوکان بەم جۆرەی خوارەوەن.

خشتەی ٥. ١٧ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان

| دایکان وباوکان | زۆر باش | باش | ناوەند | خراپ | بێ وەڵام | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەختەر ، جمهوری | 4 | 3 | 2 | 1 | 0 | 10 |
| فاخیر | 1 | 7 | 6 | 0 | 1 | 15 |
| کۆی جۆری وەڵام | 5 | 10 | 8 | 1 | 1 | 25 |




وێنەی ٥. ٢١ ڕێژەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لە ڕوانگەی دایکانوباوکانەوە

لێکدانەوەی ڕای دایکانووباوکان، لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم تێزە باشتر لە چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی کوردی تێبگات، کەموکورتییەکان دەستنیشان بکات، ڕێگەی چاکسازییان بۆ پێشنیاز بکات و داهاتووی زمانی کوردی پێشبینی بکات، هەروەها لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت لە هەڵوێستی خەڵکی باشووری کوردستان بەرانبەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان تێبگات، کە بەشێکی کاریگەرە لەسەر پلاندارێژی زمانی لەو هەرێمەدا.

ڕەزامەندی زۆربەی دایکانوباوکان لە چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نیشان دەدات، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆیدا سەرکەوتوو بووە و پلانەکانی وەزارەتی پەروەردە بێ ئەنجام نەماونەتەوە، بەڵام ئەم ڕێژە بەرچاوەی

دایکانوباوکان، که ڕەخنەیان لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە، ئەوە نیشان دەدات، کۆمەڵگە دڵەڕاوکەیەکی مکوڕی بەرانبەر بە جۆری پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. ئەو ڕێژەیە کە لەدرێژەدا هۆیەکانی شیدەکرێتەوە، نیشان دەدات، پێویستە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بیر لە چاکسازی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بکاتەوە.

ڕێژەی ڕەخنە و ناڕەزامەندی دایکانوباوکانی قوتابخانەی فاخیر مێرگەسۆری لە بەرانبەر قوتابخانەکانی دیکەدا نیشان دەدات، چینی باڵاتر وردتر دەڕوانێتە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان. ناڕەزامەندی ئەوان لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ئەم ڕاستییە دەردەخات، ئابووری باشتر، دەبێتە هۆی ئەوەی کە دایکانوباوکان زۆرتر خۆیان بە خوێندنی منداڵەکانیانەوە خەریک بکەن و هەر ئەوەش بۆتە هۆی سەرنجی زۆرتری ئەوان بە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان. ئەوە لەکاتێکدا جێگەی سەرنجی زۆرترە، کە وەک لە پرسیاری یەکەمدا بۆمان دەرکەوتووە، دایکانوباوکانی قوتابخانەی فاخیر زۆرتر لە قوتابخانەکانی ئەختەر و جمهووری حەزیان لەوە بوو، منداڵانیان بە زمانی کوردی بخوێنن. ئێستا بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی لە هۆی وەڵامەکانی پرسیاری دووهەم دەست کەوتوون، درێژە بە باسەکە دەدرێت. تێبینیی دایکانوباوکان بۆ پرسیاری دووهەم، لە ڕوانگەی تیۆری پلاندارێژیی زمانییەوە، بەو شێوەیە پۆلێن دەکرێت.

ئەو دایکوباوکانەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانیان پێ باشە، ٢٥٪ بە هۆی پێگەی زمانی کوردی، ٦٣٪ بە هۆی بەرزبوونی توانایی زمانی کوردی لە ئەرکی فێرکردندا و ١٢٪ بە هۆی جەستەی زمانی کوردییەوە بووە. ئەو دایکوباوکانەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانیان پێ باش نییە، ١٢٪ بە هۆی لاوازی پێگەی زمانی کوردی، ٣٧٪ بە هۆی لاوازی زمانی کوردی لە ڕاهێنانی زانستی و ٥١٪ بە هۆی هەبوونی هەڵەی جەستەی زمانی کوردی ناو کتێبە

وانەییەکاندا بووە. هەر ئەوانەش بوونەتە هۆی ئەوەی دایکانوباوکان پێیان باش بێت کە منداڵانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن.

تێگەیشتنی باشتر لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان یەکێک لەو هۆیانەیە کە ڕەزامەندی بەشێک لە دایکانوباوکانی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکەن مسۆگەر کردووە. بۆ نموونە، ڕێژەیەک لە دایکانوباوکانی قوتابخانەی ئەختەر لەبارەی هۆی ڕەزامەندی خۆیان لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەڵێن: "چونکە منداڵەکەم زۆر بە باشی لێی تێدەگا و دەیخوێنێ." ئەگەر تێگەیشتن بکرێتە پێوەر بۆ حەزی دایکانوباوکان، فرە شێوەزاری لە ناو کتێبە وانەییەکان، یا هەماهەنگ نەبوونی شێوەزاری کتێبەکان لەگەڵ شێوەزاری ماڵباتی قوتابیان دەبێتە هۆی نارەزامەندی دایکانوباوکان لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان. بۆ نموونە، لە هۆی ئەو دایک و باوکانەی، کە چۆنییەتی زمانەکەیان بە ناوەند لە قەڵەمداوە، ئەو هۆیە دەبیندرێت. لە ڕوانگەی دایکانوباوکانەوە، کێشەیەکی دیکەی زمانی کوردیبوونی کتێبەوانییەکان، کەمبوونی سەرچاوە بە زمانی کوردییە. واتە نەبوونی سەرچاوەی زانستی، بە ڕادەی پێویست، بە زمانی کوردی، یەک لەو هۆیانەیە کە حەزی دایکانوباوکانی بە زمانی کوردی دابەزاندووە. هێز یەکێکدی لەو بابەتانەیە کە بەها بۆ زمانێک دروست دەکات و بە ڕای دایکانوباوکانەوە دیارە. بەو پێیە بەهێزبوونی زمانی ئینگلیزی لە باری سەرچاوە و زۆر شتێدی کە لەو تێزەدا بە وردی باسکراوە، بۆتە هۆی ئەوەی نرخی زمانی کوردی لای دایکانوباوکان کەم بێتەوە. بۆیە پێویستە حکومەت و سیستەمی پەروەردە، بۆ بردنە سەری پێگەی زمانی کوردی لای دایکانوباوکان، خەم لەو بابەتە بخوات. لە دەرەوەی ئەو بابەتانە، ڕادەی خۆشەویستی زمانی کوردی لای دایکانوباوکان، پەیوەندی بە جۆری وانە، جۆری دارشتنی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، شێوەی ڕەنگ و دارشتنی بابەتەکان و ڕێژەی هەڵە لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا هەیە. بابەتێکیدی کە دایکانوباوکان لەبارەی زمانی کوردیدا ئاماژەیان پێکردووە، ئەوەیە، زمانی کوردی بە شێوەی حەرفی لە عەرەبییەوە وەرگێردراونەتەوە. ئەوان لایانوایە، ئەوە بۆتە هۆی

لاوازی پێگە و جەستەی زمانی کوردی. ئەمیر حەسەنپوور لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا، کە نامەی دکتۆراکەیەتی، لەبارەی هۆی کاریگەری زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردیدا دەڵێت، لە ساڵی ١٩٨٣ و پێشتریش، هەموو کتێبە دەرسییەکان کە ١٧ بابەتیان دەگرتەوە، لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردرانەوە سەر زمانی کوردی. ئەوەش جگە لە ڕێزمانی کوردی کە ئەویش لەسەرەتاوە لە لایەن سعید صدقی لە ڕووی ڕێزمانی عەرەبی داڕێژدرابوو (ئەمیرحەسەنپوور، ١٩٩٢، ل٣٢٦).

ستانداردنەبوونی زمانی کوردی کتێبی وانەیی بابەتێکە کە بۆتە هۆی نارەزایەتی دایکانوباوکان لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان. بابەتێک کە سیستەمی پەروەردە ناچار دەکات خەمی لێبخوا. زۆر بابەت هەن، یارمەتی ڕەوتی ستانداردسازی دەدەن. بۆ نموونە، ئەکادیمیا، ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیران و زمانەوانان، بەڵام ئەوە لە بەرپرسیارەتی وەزارەتی پەروەردە بەرانبەر ئەم بابەتە کەم ناکاتەوە. ستانداردکردنی زمان کارێکی بە بەرنامە و زانستی و هوشیارانەیە، کە لە درێژایی زەمەندا لەسەردەستی کومەڵگە زمانییەکە بە ئەنجام دەگات. ئێستا زمانی کوردی لە قۆناخێک لە قۆناخەکانی بە ستانداردبوون دایە. وەبیر هێنانەوەی ئەم بابەتە لە لایەن دایکانوباوکانەوە نیشان دەدات، ئەم هۆشیارییە زمانییە، تا ڕادەیەک، لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە و داوای کۆمەڵگە ئەوەیە کە ڕەوتی ستانداردسازی زمانی کوردی لە کتێبە وانەییەکاندا پەرەبستێنێت.

### ٥. ٣. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم

پرسیاری سێهەم لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنە کراوە کە پێی وایە، یەکێک لە مەرجەکانی پەروەردەی سەرکەوتوو، بەشداری دایکانوباوکان لە بابەتی پەروەردە دایە. میریام ئێستاپێرد لەو بارەدا دەڵێت، زۆرجار دایکانوباوکان حەز دەکەن لە چالاکییەکانی قوتابخانەدا بەشدار بن و لە ئەنجامی ئەرکەکانی قوتابخانەدا یارمەتی منداڵانیان بدەن. ئەو پێی وایە،

باشترین ڕێگە بۆ ئەم کارە ئەوەیە کە لەگەڵ مامۆستا (و قوتابخانەدا) پەیوەندیان هەبێت و بیروڕای خۆیان لەگەڵ یەکدیکە بگۆڕنەوە (میریام استاپرد، ١٣٨٨، ل١٧٩، ١٨٠). لەسەر ئەساسی ئەو بیرۆکەیە، پرسیاری سێهەم لە دایکانوباوکان دەپرسێت، ئایا تێبینی خۆیان لەسەر زمانی کوردی بۆ قوتابخانە دەنێرن. داوایان لێکراوە بە بەڵێ یا نەخێر وەڵام بدەنەوە. هەژمار و ڕێژەی وڵامەکان بەو جۆرەی خوارەوەن.

خشتەی ٥. ١٨ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە ناردنی تێبینی لە سەر زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان

| | بەڵێ | نەخێر | بێ وەڵام | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ئەختەر و جمهوری | 1 | 9 | 0 | 10 |
| فاخیر | 1 | 13 | 1 | 15 |
| | 2 | 22 | 1 | 25 |




وێنەی ٥. ٢٢ ڕێژەی ناردنی تێبینی دایکان وباوکان لەسەر زمانی کوردی بۆ قوتابخانە

ڕێژەی وەڵامەکانی پرسیاری سێهەم نیشان دەدات، دایکانوباوکان، بە ڕێژەیەکی کەم تێبینی خۆیان لەسەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بۆ قوتابخانە دەنێرن. ئەوە نیشان دەدات، دایکانوباوکان لە پلاندارێژیی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەورێکی ئەوتۆیان نییە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ، کاریگەریان لەسەر ئەو بابەتە کەمە. هەبوونی ئەو ڕێژە کەمەی کە تێبینی خۆیان بۆ قوتابخانە دەنووسن، جێگەی سەرنجە. ڕادەی ئەم ڕێژەیە، دەتوانێت هۆی جۆراوجۆری بۆ دەستنیشان بکرێت. بۆ نموونە، ڕادەی هوشیاری زمانی کۆمەڵگە، ڕادەی خەمخۆری کۆمەڵگە بەرانبەر بە زمانی کوردی، ڕادەی بەهادانی سیستەمی پەروەردە بە ڕای دایکانوباوکان و هەتا دوایی. لە درێژەی ئەو باسەدا، بۆ وردبوونەوەی زۆرتر لەو بابەتە، هۆی ناردن و نەناردنی تێبینی دایکانوباوکان بۆ قوتابخانە پۆلێن کراوە و دواتر لێکدراوەتەوە.

هۆی دایکانوباوکانی قوتابخانەی ئەختەر و جمهوری کە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە ئەوەیە، زمانی کتێبە وانەییەکان هەڵەی تێدایە. جێگەی سەرنجە کە دایکانوباوکانی قوتابخانەی ئەختەر و جمهووری زۆر بە وردی هۆی وەڵامی خۆیان بۆ پرسیاری سێهەم نەنووسیوە. لەو پرسیارەدا داوا لە دایکانوباوکان کراوە کە هۆی نووسین یا نەنووسینی تێبینی خۆیان بۆ قوتابخانە بنووسن. خودی وەڵام نەدانەوە بەو پرسیارە، تا ڕادەیەک، ئەوە نیشان دەدات کە دایکانوباوکانی ئەم دوو قوتابخانەیە ئامادە نین لە پرۆسەی سیستەمی پەروەردەدا بەشدار بن. ئەوەش، تا ڕادەیەک پێشاندەری <u>ناهۆشیاری زمانی کۆمەڵگەیە</u> کە بەرانبەر چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بێ هەڵوێستە و خۆشیان دان بەو بابەتەدا دێنن. بەشێک لە دایکانوباوکانی قوتابخانەی ئەختەر دەڵێن: "بە هۆی کەمتەرخەمییەوە تێبینی خۆیان بۆ قوتابخانە نانێرن". لە لایدیشەوە، سیستەمی پەروەردە بەهایەکی ئەوتۆ بە ڕای دایکانوباوکان نادا، چونکە بەشێک لە دایکانوباوکان لەوبارەدا دەڵێن: "گرنگی بە ڕای ئێمە نادرێت و ڕای ئێمە بە هەند وەرناگیرێ".

ئەو کەسانەی کە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە و ڕەخنەیان لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە، ڕەخنەکەیان لایەنی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان دەگرێتەوە. ئەوانەی وەڵامیان نەداوەتەوە پێیان وایە، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵەی تێدا نییە و پێداچوونەوە بەو بابەتە لە توانایی ئەواندا نییە. گشتاندنی ئەم نموونانە بەسەر کۆی دایکانوباوکانی ئەو دوو قوتابخانەیەدا دەریدەخات، دایکانوباوکان زۆر لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ورد نابنەوە و پێداچوونەوە بە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بە ئەرکی خۆیان نازانن.

## ٥. ٢. ٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم

دایکانوباوکان ئەرکێکی گرنگیان لە دیاریکردنی پێگەی زماندا هەیە، هەروەها ئەرکێکی گرنگیان لە چاوەدێری و پەروەردەی قوتابی لە قۆناخە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا هەیە. جودی فۆرد پێی وایە، دایکانوباوکان دەبێت ئاگایان لە وردەکارییەکانی پەروەردەی منداڵ لە قوتابخانەدا هەبێت و بەر لەوەی قوتابی تووشی گرفتێک بێت، لێی بپرسنەوە و چاوەدێری کاروباری ئەو لە قوتابخانەدا بکەن (جودی فورد، ١٣٨٨، ل٢٩). زمان یەکێک لەو بابەتانەیە کە ئەرکی پەروەردە ڕادەپەڕێنێ و وردبوونەوە لە چۆنییەتی ئەو زمانەی قوتابی پێی دەخوێنێت یەکێک لەو بابەتانەیە کە لە ڕێگەی ئەوەوە دایکانوباوکان دەتوانن لە پرۆسەی ڕاهێنان و پەروەردەکردندا دەور بگێڕن. لەو ڕوانگەیەوە پرسیاری چوارەم لە دایکانوباوکان دەپرسێت، ئایا زمانی کوردی بە لای ئەوانەوە گرنگە. هەژمار و ڕێژەکان بەم جۆرەن.

خشتەی ٥. ١٩ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە گرنگی زمانی کوردی

| | بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ئەختەر و جمهوری | 9 | 1 | 10 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| فاخیر | 14 | 1 | 15 |
| | 23 | 2 | 25 |




وێنەی ٥. ٢٣ ڕێژەی گرنگی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لای دایکانوباوکان

ڕای دایکانوباوکان سەبارەت بە پێگەی زمان گرنگە. چونکە دایکانوباوکان بەشێکن لەو لایەنانەی کە کاریگەریان لەسەر پێگە و جەستەی زمان و پرۆسەی فێرکاری هەیە. جۆری ڕوانینی ئەوان بۆ زمانی کوردی، واتە پێگەی زمان لای ئەوان پێوەرێکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ئێستا و داهاتووی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە سیستەمی پەروەردەدا. ئەو ڕێژەیەی سەرەوە ئەم متمانەیە ئەبەخشێت کە زمانی کوردی خاوەنی پێگەیەکی بەرزە و، ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیستەمی پەروەردە بیانەوێ، دەتوانن بۆ پەرە پێدانی زمانی کوردی سوودی لێببینن. لە ڕووی ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە دایکانوباوکان پێیان خۆشە منداڵانیان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن، دەردەکەوێت کە گرنگی زمانی کوردی لای دایکانوباوکان کۆتا مەرجی پەرەسەندنی زمانی کوردی نییە، بەڵکوو ئەم گرنگییە کاتێک بەرجەستە دەبێتەوە کە بە شێوەیەکی کرداری خۆی بنوێنێ و بە باوەڕ و بە کردار بکات. ئەوەش پەیڕەوی لەو سیاسەتە زمانییە دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆمەڵگە و لە سیستەمی پەروەردەدا بەڕێوەی دەبات. بە جۆرێک کە بتوانێت دایکانوباوکان

ڕازی بکات بەوەی، زمانی کوردی زمانێکە کە دەتوانێت لە داهاتوودا مەرجەکانی خۆشبەختی و پێگەیشتنی منداڵانیان دابین بکات.

لە پێداچوونەوە بەو هۆیانەی کە دایکانوباوکان بۆ هۆگری بە زمان دایکی باسیان کردووە، دەردەکەوێت کە زمان تەنیا کەرەسە نییە، بەڵکوو بەشێکە لە شوناسی تاکی کورد و گرنگی زمانی کوردی بۆ ئەوان، دژکردەوەیەکە لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی زمانی عەرەبیدا، کە بەردەوام پەرەی بە زمانەکەی خۆی داوە و هەوڵی سڕینەوەی زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا داوە. بۆ نموونە، بەشێک لە دایکانوباوکان لەوبارەدا دەڵێن: "بەو زمانە (زمانی کوردی) فێربوون باشترە، چونکە زمانی دایکە." واتە ئایدیۆلۆژی زمانی کاریگەری لەسەر تێڕوانینی دایکانوباوکان بە زمانی کوردی هەیە. تا ڕادەیەک کە بەشێک لە دایکانوباوکان زمانی کوردی بە بنەمای دامەزراندنی دەوڵەت و بەزامنی شەکاوەیی ئاڵای کوردستان دەزانن. وەک ئەمیر حەسەنپوور باس دەکات، ئایدیۆلۆژی زمان بریتییە لە بڕوای خەڵک سەبارەت بە ئەوەی، زمان چییە و چۆن دەبێت دەکار بکرێت (ئەمیر حەسەنپوور، ٢٠١١، ل٨). بابەتێکیدی کە بۆتە هۆی ئەوەی دایکانوباوکان زمانی کوردییان لەلا گرنگ بێت ئەوەیە، کە گۆڕینی زمان پرۆسەیەکی درێژ خایەن و زەحمەتە و لەوانەیە ئەم ئاڵوگۆڕە دژوارە لە باری زانیارییەوە قوتابی تووشی لاوازی بکات. بۆ نموونە بەشێک لە دایکانوباوکان دەڵێن، "هەتا قوتابی زمانێکیدی فێر دەبێت زۆری پێدەچێت و تەنانەت گەر فێریشی بێت هەر زمانی کوردی باشتر دەتوانێت ئەرکی تێگەیاندن و پێگەیاندنی قوتابی بەجێ بێنێت".

### ٥. ٣. ٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم

پرسیاری پێنجەم دەپرسێت، ئایا منداڵەکەت لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان پرسیارت لێدەکات. هەژمار و ڕێژەی وەڵامەکان بەم جۆرەی خوارەوەن.

خشتەی ٥. ٢٠ هەژماری دایکانوباوکان سەبارەت بە پرسیارکردنی منداڵەکانیان لەبارەی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان

| | نەخێر | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جمهوری و ئەختەر | 5 | 3 | 0 | 1 | 1 | 10 |
| فاخیر | 4 | 9 | 2 | 0 | 0 | 15 |
| | 9 | 12 | 2 | 1 | 1 | 25 |




وێنەی ٥. ٢٤ ڕێژەی پرسیاری منداڵ لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لە ڕوانگەی دایکانوباوکانەوە

ئەم ڕێژەیە نیشان دەدات کە دایکانوباوکان بە گشتی دەورێکی زۆریان لە پرۆسەی فێرکردن و ڕاهێنانی دەرسی منالانیاندا نییە. واتە کەلتووری زاڵ ئەوەیە کە ئەرکی خوێندن و پەروەردەکردن کەوتۆتە سەرشانی قوتابخانە و دایکانوباوکان لە فێرکردنی وانەکان دەورێکی ئەوتۆ نابینن. گەر لەو بارەوە قوتابخانەی فاخیر لەگەڵ دوو قوتابخانەی جمهووری و ئەختەر بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بارودۆخی ئابووری کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕێژەی بەشداری دایکانوباوکان لە ڕاهێنان و فێرکردنی قوتابیاندا هەیە.

ئەوەی لە زۆربەی وەڵامی دایکانوباوکان بۆ ئەم تێزە دەردەکەوێت ئەوەیە، کە بە هۆی ئەوەی کە زمانی پێ خوێندن زمانی کوردییە، قوتابی بە باشی لێی تێدەگات و پێویستییەکی ئەوتۆی بە هاوکاری دایک و باوکی نابێت. هۆی دایکانوباوکان نیشان دەدات، زمانی دایک باشترین و گونجاوترین زمانە بۆ پێخوێندنی قوتابی. چونکە لە هۆیەکاندا باسی ئەوەیان کردووە، کە بە زمانی دایک دەخوێنن و تێگەیشتن لە زمانی دایک ئاسانە. لە بەشێکیدی هۆیەکاندا، دەردەکەوێت، فرە شێوەزاری دەقی کتێبەکان وایکردووە، قوتابی پێویستی بە هاوکاری دایکانوباوکان بێ. ئەوە دەتوانێت هەم بە ئەرێنی و هەم بە نەرێنی وەسف بکرێت. ئەرێنییە چونکە یەکەم، دایکانوباوکان زۆرتر دێنێتە ناو پرۆسەی پەروەردە، دووهەم، منداڵ لەگەڵ شێوەزارەکانی دیکەی کوردی ئاشنا دەبێت و سێهەم، بەهادانە بە شێوەزارە جیاوازەکانی زمانی کوردی و جۆرێکە لە ڕەفتاری دمۆکراتیک لەگەڵ زمان، نەرێنیشە، چونکە لەوانەیە تێگەیشتنی قوتابی لە بابەتەکە تووشی لاوازی بکات.

لە بەشێکیدی لە هۆیەکاندا دەبیندرێت کە دایکانوباوکان ڕەخنەیان لە سیسەتی پەروەردە و سیاسەتی میدیایی بەرانبەر بە زمانی کوردی هەیە. ئەوەی لە وەڵامی ئەوان دەردەکەوێت پەیوەندی بە جۆری پلاندارێژی و سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. ئەوان ڕایان وایە، بەهای پێویست بە زمانی کوردی نادرێت و ئەوەش دەبێتە هۆی هاتنەخواری پێگەی زمانی کوردی، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی، پرۆسەی پەروەردە و ڕاهێنان لە قوتابخانەکان لاواز بێت، چونکە کەرەسەی فێرکردن و ڕاهێنان لە قوتابخانەکاندا زمانە. بەشی ناوەرۆکی کتێبە وانەییەکان بابەتێکی دیکەیە کە دایکانوباوکان ڕەخنەیان لێگرتووە و گوتوویانە، ناوەرۆکی کتێبەکان زانیارییەکی گرنگ بە قوتابی نابەخشێت کە پێویست بێ ئەوان سەری لەگەڵ بهێشێنن. ئەم بابەتە نیشان دەدات، ناوەرۆکی کتێبەکان ویستی بەشێک لە دایکانوباوکانی دابین نەکردووە. ئەم بابەتە جێگەی وردبوونەوەی زۆرترە و پێویستە زانیاری ناوکتێبەکان بەرۆژ بکرێتەوە و سوود بە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە بگەیەنێ.

### ٥.٣.٦. وەسف ولێکدانەوەی پرسیاری شەشەم

پرسیاری شەشەم پرسیار لە چۆنییەتی پەیوەندی دایکانوباوکان لەگەڵ قوتابخانەدا دەکات. هەژمار و ڕێژەی وڵامەکان لەو خشتە و وێنەی خوارەوەدا نیشان دراون.

خشتەی ٥. ٢١ هەژماری دایکانوباوکان لەبارەی ڕادەی پەیوەندی لەگەڵ قوتابخانەدا

| | کەم | زۆر | یەکجار زۆر | بێ وەڵام | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەختەر و جمهوری | 5 | 1 | 3 | 1 | 10 |
| فاخیر | 3 | 10 | 2 | 0 | 15 |
| | 8 | 11 | 5 | 1 | 25 |




وێنەی ٥. ٢٥ ڕێژەی پەیوەندی دایکان وباوکان لەگەڵ قوتابخانەدا

ڕێژە گشتییەکە دەریدەخات، پەیوەندی دایکانوباوکان بە گشتی لەگەڵ قوتابخانەدا باشە. واتە دایکانوباوکان بە ڕێژەیەکی باش لە کاروباری قوتابیان دەپرسنەوە، بەڵام ئەو بەشدارییە لەوانەیە زۆرتر لایەنی کارگێڕی هەبێت تا پەروەردەیی، چونکە لە هۆی وەڵامەکاندا

دەردەکەوێت کە دایکانوباوکان زۆرتر بە هۆی کارگێڕی یا بە هۆی ئەو پارەیەی کە سەرفیان کردووە سەردانی قوتابخانە دەکەن. دڵنیابوون لە باشی مامۆستا و ناشارەزایی لە زمان و زانستەکانیدی بابەتێکی دیکەیە. ئەوە وای کردووە کە دایکانوباوکان زۆر سەردانی قوتابخانە نەکەن و لە پرۆسەی پەروەردەییدا بەشدار نەبن. زۆر جاریش ئاستی قوتابی و دەرچوونی قوتابی لە دەرسەکان، دایکانوباوکان دەگەیێنێتە ئەم ئەنجامەی کە پێیان وایە، پێویست نییە سەردانی قوتابخانەکان بکەن. بابەتێکیدی کە دەبێتە هۆی سەرنەدانی دایکانوباوکان، بەتایبەتی باوکان، سەرقاڵی ئەوان بە ئیش و کاری رۆژانەوەیە. ئەوە نیشان دەدات، زۆربەی دایکانوباوکان لەسەر ئەو باوەڕەنین کە دەبێت لە هەر حالەتێکدا بەشێک لە کاتی خۆیان تەرخان بکەن بۆ ئەوەی بە دوای خوێندنی منداڵانیاندا بڕۆن. نازانن کە پێڕاگەیشتن بە خوێندنی منداڵ و پێگەیاندنی دەسمایەیەکی گەورەیە کە لە داهاتوودا بەهاکەی دەردەکەوێت. لە پەنا ئەوەش بەشێک لە دایکانوباوکان کە ڕێژەیان ڕێژەیەکی بەرچاوە، سەردانی قوتابخانە دەکەن. ئەوەش ئەو دایکوباوکانە دەگرێتەوە کە لە وێنەکەدا دیارە و ٦٤٪ کۆی دایکانوباوکان پێکدێنن، ئەو ڕێژەیەش کە بە کەمی سەردانی قوتابخانە دەکەن ٣٢٪ ە و ئەوە جۆرێک لە ناهۆشیاری پێوە دیارە.

زمان یەکێک لەو بابەتانەیە کە لە پرۆسەی پەروەردەدا دەوری گرنگ دەگێڕێت و ئەم ڕێژەیە لە پەیوەندی نێوان دایکانوباوکان لەگەڵ قوتابخانەدا دەتوانێت لەسەر پلاندارێژیی زمانی کوردی قوتابخانەکان کاریگەری هەبێت. ئەو بیرۆکەیە پشت بەو تیۆرە دەبەستێ کە ڕۆناڵد وارداف باسی دەکات. ئەو دەڵێت، دەکرێت لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی زمانەوە، بارودۆخی ئێستا و داهاتووی زمانی وڵاتەکە باشتر بناسرێ (رونالد وارداف، ١٣٩٣، ل٣٦). بۆ ئەم تێزە ڕوون بۆتەوە کە دایکانوباوکان کەمیان سەرنج لەسەر پلاندارێژیی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە و ئەوە جۆرێکە لە کەمتەرخەمی و ناهۆشیاری بەرانبەر چارەنووسی نەتەوەیی.

بەبەراوردکردنی پەیوەندی نێوان دایکانوباوکانی قوتابخانەی فاخیر لەگەڵ دوو قوتابخانەی ئەختەر و جمهووریدا، دەردەکەوێت، ئاستی ئابووری و جۆری ژیانی کۆمەلایەتی و کەلتووری بنەماڵەکان، کاریگەری لەسەر ڕادەی پەیوەندی دایکانوباوکان لەگەڵ قوتابخانەدا هەیە. زانراوە کە پەیوەندی نێوان دایکانوباوکان لە قوتابخانەدا، دەبێتە هۆی چاوەدێری زۆرتر و لە ئەنجامدا سەرکەوتنی زۆرتری قوتابیان لە پرۆسەی پەروەردەدا. سەرکەوتنی زۆرتریش واتە بەدەست هێنانی دەرفەتی زۆرتر و لەئاکامدا لەوانەیە ببێتە هۆی لاسەنگبوونی زۆرتری بارودۆخی ئابووری کۆمەڵی کوردەواری. بۆیە دەبێت سیستەمی پەروەردە پلانێکی وا دابڕێژێ کە بتوانێت لە کاری پەروەردەییدا دادپەروەری بەرقەرار بێت.

لە هۆی وەڵامەکاندا دەردەکەوێت کە سەرقاڵی و کەمبوونی کات یەک لەو هۆیانەیە کە باوکان ناتوانن سەردانی قوتابخانە بکەن و بەدوای چۆنییەتی دەرس و وانەی منداڵاندا بچن. یەکێک لە هۆیەکانی ئەوەی کە باوکان کاتیان بۆ چوون بۆ قوتابخانە و پێداچوونەوە بە کتێبە وانەییەکان نییە، هۆی ئابوورییە. واتە مەسەلەی چینایەتی چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی کۆمەلایەتی کارێکی وادەکات، باوان کەمتر بتوانن لە چۆنییەتی کاری قوتابی بپرسنەوە وئەوەش کاریگەری نەرێنی خستۆتە سەر لقەکانی پلاندارێژیی زمانی بەتایبەتی پلاندارێژیی فێرکاری.

### ٥.٣.٧ وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم

پرسیاری حەوتەم و کۆتایی داوا لە دایکانوباوکان دەکات، ئەگەر تێبینییەکان لەسەر زمانی کوردی و قوتابخانەی منداڵەکانیان هەیە بینووسن. ئەوە پرسیارێکی کراوەیە و بەو مەبەستە کراوە کە دایکانوباوکان ئازاد بن لەوەی هەر سەرنجێکیان هەیە لەبارەی قوتابخانە و زمانی کوردیدا باسی بکەن. ئەو پرسیارە تا ڕادەیەک ئەم بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، کە ئەگەر

بابەتێکی گرنگ لای دایکانوباوکان هەبێت و پرسیاری لێنەکرابێ، دایکانوباوکان لەو بەشەدا باسی بکەن.

بەپێی لقەکانی پلاندارێژی زمانی کە ناونیشانی ئەم تێزەیە، لە رووی تێبینی مامۆستایان لەم پرسیارەدا، دەکرێت بە شێوەی ئەم وێنەیەی خوارەوە ڕێژەی تێبینی دایکانوباوکان لە پرسیاری حەوتەمدا پۆلێن بکرێت.




وێنەی ٥. ٢٦ ڕێژەی جۆری تێبینی دایکان وباوکان لە سەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان

ڕێژەی تێبینییەکان نیشان دەدات، زۆربەی تێبینی دایکانوباوکان لەسەر جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانە. ئەوان ڕایان وایە، پێویستە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان پێداچوونەوەی پێدابکرێت. بۆ نموونە، بەشێک لە دایکانوباوکان دەڵێن، پێویستە ڕێنووس و ڕێزمان و خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان چاکسازی تێدا بکرێت. ئەوە و چەند تێبینییەکی دیکەی دایکانوباوکان ئەوە دەسەلمێنێت کە پێویستە ئەو کەسانەی کە بە بابەتەکاندا دەچنەوە، سەرەڕای شارەزایی بواری زانستی، لە بواری زمانیشدا شارەزا بن. بۆ ئەوەی بتوانن بە

خاڵبەندی، ڕێزمان و وشەی کتێبەکاندا بچنەوە و چاکی بکەن. ئەوەی لە تێبینی دایکانوباوکان دەردەکەوێت، پێشتریش چەند جار ئاماژەی پێکراوە و بریتییە لە فرە دیالکتیکی نووسینی کتێبەوانەییەکان و لە لایەن دایک و باوکانەوە وەک گرفت سەیر کراوە. ئەو گرفتە ڕەنگە پەیوەندی بە ڕادی تێگەیشتنی قوتابی و دایکانوباوکان لە شێوەزارە جیاوازەکان هەبێت. یا ڕەنگە بە هۆی جۆری بیرکردنەوەی تاکی سەر بە شێوەزارەکان، بەرانبەر بە شێوەزارەکانی دیکەی کوردی بەرهەم هاتبێت. ٤٠٪ی ئەو دایک و باوکانەی لە بواری پێگەی زمانەوە تێبینیان هەبووە، ڕایان وایە، دەبێت بایەخی زۆرتر بە زمانی کوردی بدرێت. ڕەنگە، ئەو بەشە لە تێبینی دایکانوباوکان نیشانبدات، پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانەدا لاواز بووە و پێویستە سیستەمی پەروەردە بەهای زۆرتر بە پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا بدات. ڕێژەیەکی کەم لە دایکانوباوکان ئاماژەیان بەوە کردووە، پێویستە گرنگی زۆرتر بە زمانی عەرەبی بدرێت. ئەو ئاماژەیە لە بەشەکانیدی ڕاپرسییەکەدا وەبەر چاو دەکەوێت. ئەو تێبینییە لەوانەیە، بەرهەمی هەژموونی زمانی عەرەبی لە وڵاتی عیراق و هەروەها گرنگی فێربوونی ئەو زمانە لە ژیانی زانستی و ئابووری قوتابی یا هەبوونی ڕێژەیەکی کەم لە دانیشتوانی عەرەب لە شاری هەولێردا بێت. بۆیە گەر ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لە هەولێر و لە هەرێمی کوردستاندا زیاد بکات، کاریگەری دەخاتە سەر جۆری پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. وەک لە ڕێژەکان دەرکەوت ١٣٪ی دایکانوباوکان تێبینیان لەسەر بابەتی فێرکاری لە قوتابخانەکاندا هەیە. ئەو ڕێژەیە سەرنجی ئەم تێزە بۆ ئەوە ڕادەکیشێت کە پێویستە سیستەمی پەروەردە لە پرۆسەی ڕاهێنانی مامۆستادا چالاکتر بێت.

## ئەنجامی ڕاپرسیی دایکانوباوکان

گەشە و نەشەی هەر وڵاتێک لە گرەوی سیستەمێکی پەروەردەی پێشکەوتوو دایە. پەروەردەی پێشکەوتووش پەروەردەیەکە کە هەموو دەرفەتێک بۆ پێشکەوتن دابین بکات و لە هەموو کەرەسەکانی سوود وەربگرێت. زمانی کوردی کەرەسەیەکی گرنگی پەروەردەیە و دەکرێت دایکانوباوکان لە چاکسازی ئەودا دەور بگێڕن. واتە هۆشیاری زمانی دایکانوباوکان دەتوانێت یارمەتی سیستەمی پەروەردە لە پلاندارێژیی زمانیدا بکات. لەو ڕاپرسییەدا دەرکەوت، یەکەم، دایکانوباوکان زمانی کوردیان خۆش دەوێت، بەڵام بە هۆی هەژموونیی زمانی ئینگلیزی، ئابووری، زانستی و سیاسەتی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان، ویست لەسەر زمانی کوردی بۆ پێخوێندن لە زمانی ئینگلیزی کەمترە. دووهەم، زۆرینەی تێبینی دایکانوباوکان لەبارەی زمانی کوردیدا، جەستەی زمانەکە دەگرێتەوە. سێهەم، زۆرینەی هاتوچۆی دایکانوباوکان بۆ قوتابخانە بە هۆی کارگێڕی ئەنجام دەدرێت و دایکانوباوکان بە ڕێژەیەکی کەم لە پرۆسەی پەروەردەدا بەشداری دەکەن. ئەوە ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی، پێویستە سیستەمی پەروەردە کار بۆ **بە**شداری پێکردنی زۆرتری دایکانوباوکان لە پرۆسەی پەروەردەدا بکات، هەوڵی بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی بدات و بەپێی ڕێژە، بایەخی زۆرتر بە جەستە و پێگە و فێرکاری لە سیستەمی پەروەردەدا بدات.

## ٤.٥ وەسف و لێکدانەوەی ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە

بەڕێوەبەرانی قوتابخانە پردی پەیوەندی نێوان دایکانوباوکان و مامۆستایان و قوتابیان و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیین. لەم تێزەدا لەگەڵ دە کەس لە بەڕێوەبەران لە سێ قوتابخانەکە (فاخیر ٥، ئەختەر ٣، جمهووری ٢) ڕاپرسی کراوە. دواتر داتاکان بە شێوەی

ڕێژەیی نووسراونەتەوە، وێنە بۆ بەشێکیان داندراوە و وەسف کراون و ئەوجار لە بەر ڕۆشنایی تیۆری پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە، بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێکدراونەتەوە. لە کۆتاییدا بۆ کۆی ڕاپرسییەکە، پوختە و ئەنجامێک نووسراوەتەوە.

### ٥. ٤. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم

پرسیاری یەکەم دەپرسێت، ئاخۆ، بەڕێوەبەرانی قوتابخانە پێیان باشە قوتابی بە کام زمان بخوێنێت. ١٠٠٪ بەڕێوەبەران پێیان باش بووە کە قوتابی بە زمانی کوردی بخوێنێت. ئەم پرسیارە دەیەوێت بزانێت، ئاخۆ پێگەی زمانی کوردی لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە لە چ ئاستێکدایە. وەڵامی ڕاپرسییەکە دەریخستووە، زمانی کوردی، لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، خاوەنی پێگەیەکی بەرزە. واتە بە ڕای ئەوان زمانی کوردی باشترین کەرەسەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنە. بەپێی ئەوەی پلاندارێژیی زمانی لە کۆمەڵگەی بچووکتری وەک قوتابخانەشدا ئەنجام دەدرێت، ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کاریگەری لەسەر پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. واتە قوتابخانە تا ڕادەیەک خاوەنی سیاسەتی زمانی تایبەت بە خۆیەتی کە بەڕێوەبەری قوتابخانە لە چۆنییەتی ئەودا دەور دەبینێت و لە ئەنجامدا کاریگەری دەخاتە سەر بەرزبوونەوەی پێگەی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا. لە درێژەی ئەم پرسیارەدا، هۆی وەڵامی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان بۆ ئەم پرسیارە لێکدەدرێتەوە.

هەڵبژاردنی زمانی کوردی بۆ خوێندن لە قوتابخانەکان، لە لایەن بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، دەتوانێت هۆی جۆراوجۆری هەبێت. بۆ وێنە، دەتوانێت هۆی زانستی، سوزدارانە، هۆی سیاسی یا ئابووری هەبێت. ئەوەی بەڕێوەبەران لە هۆی پرسیاری یەکەمدا باسیان کردووە لایەنی سوزدارانە و سیاسی دەگرێتەوە. چونکە ئەوان گوتوویانە، زمانی کوردی زمانی

خۆمانە و زمانی دایکە. ئەوە نیشان دەدات، ئەوان بیریان لە لایەنی زانسی و پەروەردەیی و ئابووری نەکردووەتەوە و گەر بیریشیان لێ کردبێتەوە لە هۆیەکانیاندا باسیان نەکردووە. ئەوەش ئاماژەیەکە بە ڕادەی قووڵبوونەوەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان بە بابەتێکی گرنگی وەک زمانی کوردی و زمانی پێ خوێندن لە قوتابخانەکاندا. سەرەڕای ئەوەش بە هۆی ئەو ڕێژەیەی بە دەست هاتووە، بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان بەهایەکی زۆر بە پێگەی زمانی کوردی دەدەن و زمانی دایک بە باشترین کەرەسەی راهێنان و پەروەردەکردنی قوتابی دەزانن.

### ٥. ٤. ٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووهەم

پرسیاری دووهەم ویستوویە ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بزانێت. ڕێژەی وڵامی ئەو دە کەسە لەم وێنەیە خوارەوەدا نیشان دراوە.




وێنەی ٥. ٢٧ ڕێژەی ڕای بەڕێوەبەری قوتابخانەکان لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان

ڕێژەی وەڵامی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان نیشان دەدات، ئەوانیش هەستیان بەوە کردووە کە کتێبە وانەییەکان لە باری جەستەوە هەڵەیان تێدایە و بۆتە هۆی ئەوەی پلانەکانی پەروەردە لە پێناو کۆنترۆڵکردنی داهاتووی هەرێمی کوردستان، تووشی کێشە ببێ و لەئاکامدا لەوانەیە، ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگە تووشی لاوازی بکات. چونکە هەڵە لە جەستەی زماندا دەبێتە هۆی ئەوەی کتێبەکان لە بەخشینی زانیاری بە قوتابی تووشی کێشە ببن، بەڵام ئەوە هەموو ئەو شتە نییە کە لە ڕێژەی وەڵامەکانی پرسیاری دووهەم بەدەست ئەم تێزە کەوتوون. لە ڕووی ئەو ڕێژەیە لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان لەبارەی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانیاندا دەردەکەوێت، هەرچەند جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵەی تێدایە، بەڵام لە بەئەنجامگەیاندنی کاری پەروەردەییدا سەرکەوتوویە و توانیویەتی ئەرکی زمانێکی سەرکەوتوو لە پەروەردەدا ببینێ. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە وەزارەتی پەروەردە خەم لە چاکسازی جەستەی زمانی کوردی نەخوا، چونکە ڕێژەی پەنجا لەسەدی بەڕێوەبەران بژاردەی ناوەندیان بۆ چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی دەستنیشان کردووە. ئەوەش نیشان دەدات، جەستەی زمانی کوردی بەهای پێویستی پێنەدراوە و پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت. لە درێژەدا، لە ڕووی هۆی وەڵامی بەڕێوەبەران زۆرتر لە چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ورد دەبینەوە.

ئەم تێزە، لە ڕووی ئەو هۆیانەی کە بژاردەی ناوەندیان هەڵبژاردووە، تێگەیوە، یەکەم، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵەی تێدایە، دووهەم، بە هۆی هەبوونی گیروگرفتی زمانی کتێبە وانەییەکان نەیانتوانیوە، بە گوێرەی پێویست، زانیاری بە قوتابی ببەخشن. واتە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بە هۆی هەبوونی هەڵە لە ڕێزمان و لە داهێناندا، نەیانتوانیوە ئەرکی خۆیان بە تەواوی جێبەجێ بکەن. بەم شێوەیە جۆری پلاندارێژیی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، بۆتە هۆی ئەوەی بەشێک لە بەڕێوەبەران بژاردەی خراپ بۆ چۆنییەتی زمانی کوردی هەڵبژێرن. ئەوە سەرەڕای ئەوەی لاوازی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان

نیشان دەدات، دەبێتە هۆی لاوازی پێگەی زمانی کوردی لای ئەوان و ڕێگە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە لەبارەی پێگەی زمانی کوردیدا بگۆردرێت و لە داهاتوودا زمانی ئینگلیزی یا هەر زمانێکیدی لە زمانی کوردی بە گونجاوتر بزانن.

### ٥. ٤. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم

پرسیاری سێهەم دەپرسێت، داخوا بەڕێوەبەرانی قوتابخانە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەیان سەبارەت بە زمانی کوردی پێ باشە. ڕێژەی وەڵامەکان بەو جۆرەی خوارەوەن.




وێنەی ٥. ٢٨ ڕێژەی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە

ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بە ڕادەی پێویست نین. واتە وەزارەتی پەروەردە لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا، توێژینەوەی ئەوەندە نییە کە ساڵانە بۆ باشتربوونی پێگە و جەستەی زمانی کوردی ڕێنمایی پێویست بۆ قوتابخانەکان دەربکات. بە جۆرێک کە ئەوان بتوانن بە باشی سوودی لێببینن. ئەوە لە کاتێک دایە کە زمانی

کوردی کتێبە وانەییەکان پێویستی بە چاوەدێری و دواتر ڕێنمایی بەردەوامی پسپۆڕانی زمانیی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان هەیە.

لە هەڵسەنگاندنی هۆی پرسیاری سێهەم دەردەکەوێت، وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بەو بابەتە کەمتەرخەمە. ئەو کەمتەرخەمییە لەوانەیە بە هۆی ئەوە بێت کە وەزارەت هەستی بەوە نەکردبێ، کەمتەرخەمی لەبارەی پلاندارێژیی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان چەندەی کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەوتی ڕاهێنان و فێرکاری قوتابی هەیە، یا وەک لە بەشێک لە هۆی وەڵامەکان ئاماژەی پێکراوە، ڕەنگە هەست بەو کەموکوڕییە کرابێت، بەڵام بە هۆی بێ سەرەوبەرەیی و نەبوونی پەیوەندی لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەم چاکسازییە بە جۆری پێویست ئەنجام نەدرابێت. بۆ نموونە، ئەو بەڕێوەبەرانەی کە لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە ڕازی نین دەڵێن: "بە هۆی بێ سەرەوبەرەیی و تێکەڵوپێکەڵی و نەبوونی تەنسیق لە نێوان لایەنە پەیوەندی دارەکانەوە، لە ڕێنماییەکان ڕازی نین". هەرکام لەو هۆیانە یا هەر هۆیەکیدی لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی لاوازی کۆی سیستەمی پەروەردە و دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو سیستەمە نەتوانێت بە باشی ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکات. بۆیە ئەم تێزە بە زەرووری دەزانێت، ئاوڕی مکوڕ و خێرا لەو بابەتە بدرێتەوە.

### ٥. ٤. ٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم

پرسیاری چوارەم دەیەوێت بزانێت مامۆستایان ڕای خۆیان سەبارەت بە چۆنییەتی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان، بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان دەردەبڕن. ڕێژەی وەڵامەکان لەو وێنەیەی خوارەوەدا نیشان دراون.




وێنەی ٥. ٢٩ ڕێژەی دەربڕینی ڕای مامۆستایان بۆ بەڕێوەبەرانی قوتابخانە

یەکێک لەو زانیاریانەی کە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بۆ ئەم تێزە دەردەکەوێت، ئەوەیە کە ڕێژەیەکی کەم لە مامۆستایان ڕای خۆیان لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان دەڵێن. ئەو ڕێژەیە بە هۆی هەبوونی هەڵەی زمانی نیشان دەدات، یا مامۆستایان لە ئەنجامی چاکسازی ناهومێد بوون، یا هەستیان بە گرنگی ئەو بابەتە نەکردووە و یا پێیان وایە، بابەتەکە پەیوەندی بە ئەوانەوە نییە، یا پەیوەندی بە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەوە نییە. ئەم کەمتەرخەمییە بە هەر هۆیەک بێت، کە دواتر لە درێژەی لێکدانەوەی ئەم پرسیارەدا باس دەکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی، لە توانایی بەڕێوەبەران لە چاکسازی زمانیدا سوود وەرنەگیرێت. بە وردبوونەوە لە هۆی وەڵامی پرسیاری چوارەم درێژە بەو بەشە دەدەین.

بەشێک لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە باسیان لە هۆی ئەوە نەکردووە کە بۆچی مامۆستایان ڕای خۆیان لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەرنابڕن. ئەوە نیشان دەدات، ئەو بەڕێوەبەرانە زۆر لەو بابەتە ورد نەبوونەوە. ئەوەش ئەو بیرۆکەیە لای ئەم تێزە دروست دەکات کە بەشێک لە بەڕێوەبەران، بە هەر هۆیەک بێت، هەستیان بە گرنگی پلاندارێژیی زمانی نەکردووە و نەچوونەتە ناو هۆ و ئەنجامی ئەو هەڵانەی لەو بارەیەوە هەن. بە هۆی ئەوەی قوتابخانە دەتوانێت کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی کوردی لە ناو قوتابخانەدا هەبێت و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بەشێکی کاریگەر و گرنگی نێو قوتابخانەکانن،

پێویستە زۆرتر سەرنجی ئەوان بۆ ئەم بابەتە ڕابکێشرێت. بە جۆرێک کە لە لایەک، کاریگەری زۆرتریان لە داڕشتنی پلانی زمانی قوتابخانەدا هەبێت و لە لایدیش، سەرنجەکانیان بۆ وەزارەتی پەروەردە بنێرن. ئەم تێزە، بێهەڵوێستی بەڕێوەبەران، بە کەمتەرخەمی وەسف دەکات و پێی وایە، کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەوتی چاکسازی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا دادەنێت. ئەو بەشە لە بەڕێوەبەران کە باسی هۆی سەرنجی مامۆستایان دەکەن و دەڵێن، مامۆستایان بە هۆی نادروستی و کەموکووڕی زۆری زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان ڕەخنەیان هەیە، ئەو گریمانەیە پشت ڕاست دەکاتەوە، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەڵەیان تێدایە و پێویستییان بە چاکسازی هەیە.

### ٥. ٤. ٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم

پرسیاری پێنجەم دەیەوێ بزانێت، مامۆستایان تێبینی خۆیان لەسەر زمانی کوردی بە بەڕێوەبەران و جێگرەکانیان دەدەن. بەو شێوە وەڵامیان داوەتەوە. ٧ کەس بەڵێ، دوو کەس نەخێر و کەسێکیش وڵامی نەداوەتەوە. ڕێژەی وڵامەکان لەو وێنەیەی خوارەوەدا نیسان دراوە.




وێنەی ٥. ٣٠ ڕێژەی تێبینی مامۆستایان بۆ بەڕێوەبەران سەبارەت بە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان

ئەم ڕێژەیە نیشان دەدات، لەو ٣٠٪ مامۆستایان کە تێبینیان لەسەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە، ڕێژەی ٧٨٪ تێبینی خۆیان دەدەن بە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە کە ٤٢٪یان بە شێوەی نووسراون و ٥٨٪یان بە شێوەی زارەکین. واتە ئەگەر ڕێژەی کۆی مامۆستایان لە بەرچاو بگرین ١٠٪ مامۆستایان بە شێوەی نووسراو تێبینی خۆیان لەسەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەدەن بە بەڕێوەبەران. ئەو ڕێژەیە هەر چەند ڕێژەیەکی کەمە، بەڵام ئەگەر بەهای پێبدرێت، دەتوانێ ببێت بە سەرچاوەیەکی باش بۆ دۆزینەوەی هەڵەکان و هەروەها دەتوانێ ببێت بە هاندەرێکی باش بۆ پێداچوونەوە و جۆری پێداچوونەوە بە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان.

### ٥. ٤. ٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شەشەم

پرسیاری شەشەم دەپرسێت، ئاخۆ، دایکانوباوکان پەیوەندییان لەگەڵ قوتابخانەدا چۆنە. ڕێژەی وەڵامەکان لەو وێنەیەی خوارەوەدا نیشان دراوە.




وێنەی ٥. ٣١ ڕێژەی پەیوەندی دایکانوباوکان لەگەڵ قوتابخانە لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان

ڕێژەی وەڵامی ئەو پرسیارە نیشان دەدات کە پەیوەندی نێوان قوتابخانەکان و دایکانوباوکان باش نییە. واتە ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە ئەوەیە کە دایکانوباوکان بە ڕادەی پێویست هاتووچۆی قوتابخانە ناکەن و لە چۆنییەتی کتێب و خوێندنی منداڵەکانیان ناپرسن. جێگەی سەرنجە کە لە ڕووی ئەو ڕاپرسییەی کە لەگەڵ دایکانوباوکان کراوە، زانراوە کە زۆربەی ئەو ڕێژەیە لە دایکانوباوکان کە سەردانی قوتابخانەکان دەکەن، بە مەبەستی کاروباری کارگێڕی، هاتووچۆی قوتابخانەکان دەکەن. ئەوە بۆ ئەم تێزە ڕوون دەکاتەوە کە دایکانوباوکان بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەشداری پرۆسەی پەروەردە لە قوتابخانەکان دەکەن و هەر بەو پێیەش کاریگەریان لەسەر چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان کەمە. ئەوە دەتوانێت دوو هۆی هەبێت. یا ئەوەیە کە دایکانوباوکان هەست بەوە ناکەن کە پێویستە سەردانی قوتابخانە بکەن و بە جۆرێک لە جۆرەکان بەشداری لە ڕەوتی پەروەردە و ڕاهێنانی منداڵەکانیاندا بکەن، یا هەر نەبێ ئاگایان لە جۆری خوێندنی منداڵەکانیان هەبێت، یا بە هۆی باری ئابووری ناتوانن ئەو کارە بکەن، یا ئەوەیە لەو بارەدا زانیارییان نییە و لایان وایە، هاتووچۆی ئەوان ناتوانێ یارمەتی قوتابخانە بدات و بەو هۆیە کات بۆ چوونە قوتابخانە

تەرخان ناکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە هاوکاری دایکانوباوکان دەتوانێت کاریگەری لەسەر لقەکانی پلاندارێژیی زمانی هەبێت. لە درێژەی لێکدانەوەی ئەم پرسیارەدا، هۆی وەڵامی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بۆ پرسیاری شەشەم لێکدەدرێتەوە.

لە لێکدانەوەی هۆی وەڵامی قوتابیان بۆ پرسیاری شەشەم دەردەکەوێت، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و کەلتووری سێ هۆن، کە دەتوانن کاریگەریان لەسەر ڕادەی بەشداریکردنی دایکانوباوکان لە پرۆسەی پەروەردەدا هەبێت. بۆ نموونە، بەڕێوەبەرانی قوتابخانە باسی ئەوە دەکەن، کە دایکانوباوکان بە هۆی سەرقاڵبوون بە کاروباری خۆیانەوە، پەیوەندیان لەگەڵ قوتابخانەدا کەمە. ئەوە نیشان دەدات کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابووری هەرێمی کوردستان بە جۆرێکە، کە ڕێگە نادا دایکانوباوکان بەشداری لە پرۆسەی پەروەردەدا بکەن. بەشێک لە بەڕێوەبەران ڕایان وایە، پەیوەندی کەمی دایکانوباوکان هۆی کەلتووری هەیە و ئەوەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کاریگەری ئەوان لەسەر پلاندارێژیی زمانی. ئەو بابەتە ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی، کە ئەگەر هەرێمی کوردستان بیەوێت خاوەنی پەروەردەیەکی پێشکەوتوو و سەرکەوتوو بێت، پێویستە بیر لە چاکسازی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی هەرێمی کوردستان بکاتەوە. لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرانەوە، هۆیەکیدی کەمی پەیوەندی دایکانوباوکان لەگەڵ قوتابخانەکان، بارودۆخی ئابووری و گوزەرانی بنەماڵەکانە. جاری وا هەیە دووری ڕێگە و سەرقاڵبوون بە کاروباری ڕۆژانەی ژیان، دایکانوباوکان لەسەردانی قوتابخانەکان خافڵ دەکات. لە درێژەدا، بە لێکۆڵینەوە لە ڕادەی شارەزایی مامۆستایان لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەوە درێژە بە بابەتەکە دەدەین.

## ٥. ٤. ٧. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم

شارەزایی مامۆستایان لەبارەی ئەو زمانەی کە وانەی پێدەڵێنەوە کاریگەری لەسەر پێگە و فێرکاری ئەو زمانە دادەنێت کە لە قوتابخانەدا وانەی پێ دەگوترێتەوە. پلاندارێژیی پێگە و فێرکاری زمانی دوو لقی سەرەکی پلاندارێژیی زمانین. ئەو پرسیارە لە پێناو وردبوونەوە لەو بابەتە لە قوتابخانەکەندا، لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە دەپرسێت، ئاخۆ لە شارەزایی مامۆستاکان سەبارەت بە زمانی کوردی ڕازین. ڕێژەی وەڵامەکان بەم جۆرەیە. زۆر ٧٠٪، کەم ٢٠٪ و نەخێر ١٠٪.

ئەم ڕێژەیە نیشان دەدات، توانایی مامۆستایان لەبارەی زمانی کوردیدا، لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەدا باشە. واتە زمانی کوردی زمانێکی گونجاوە بۆ ئەوەی کتێبەکانی پێ بنووسرێتەوە و وانەی پێ بگوترێتەوە، چونکە شارەزایی مامۆستا و قوتابی بەو زمانەی کە دەرسی پێ دەخوێنن، مەرجی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆژەکانی سیستەمی پەروەردەیە. جگە لەو ڕێژە زۆرە، بەشێک لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، کە سی لە سەدی وان دەگرێتەوە، ڕایان وایە، مامۆستا یا شارەزای زمانی کوردیی نییە، یا شارەزاییەکەی لە باری زمانی کوردی کەمە. ئەوە نیشان دەدات کە بە تەنیا زانینی زمانێک بەس نییە بۆ ئەوەیکە مامۆستا بە تەواوی بتوانێت وانەی پێ بڵێتەوە. واتە زانینی زمانەکە مەرجی پێویستە، بەڵام مەرجی کافی و تەواو نییە. مامۆستا دەبێت ئاگاداری وردەکارییەکانی جەستەی زمانی کوردی، داڕشتن و جۆری پێڕاهێنان بەو زمانە بێت. ئەو ڕێژە لە ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە نیشان دەدات، پێویستە وەزارەتی پەروەردە خەم لەو بابەتە بخوات و بەردەوام خولی ڕاهێنانی زمانی کوردی و جۆری فێرکاری بۆ مامۆستایان بەڕێوە ببات.

## ٥.٤.٨ وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری هەشتەم

پرسیاری هەشتەم دەیەوێ بزانێت، ئا خۆبەڕێوەبەرانی قوتابخانە تێبینی خۆیان لەسەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەنووسن. ڕێژەی وەلامەکان بەو جۆرەیە. ١٠٠٪ وەلامی ئەو پرسیارەیان بە نەخێر داوەتەوە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە یەکەم، خۆیان گرنگییان بەو بابەتە نەداوە و دووهەم، لەو بارەوە پرسیان پێنەکراوە و گرنگی بە ڕای وان نەدراوە.

دەکرێ وەلام و هۆی ئەم پرسیارە بە چەند شێوەیەک لێکبدرێتەوە. یەکەم، ئاستی هۆشیاری کۆمەلگە سەبارەت بە زمانی کوردی نزمە، چونکە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە بەشێکن لە کۆمەلگە و بەشێکی گرنگ و کاریگەریشن لە سیسیتەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. ئەگەر ئاستی هۆشیاری زمانیان بەرز با، لە لایەک، بەرانبەر بە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان و لە لایدیش لە جۆری مامەلەی مامۆستا و سیستەمی پەروەردە بەرانبەر بە زمانی کوردی غافل نەدەبوون. دووهەم ئەوەیە، سیستەمی پەروەردە لە شێوەی بەڕێوەبەری خۆیدا، کارێکی وەهای کردووە کە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە هەست بکەن کە ڕای ئەوان بە هێند وەرناگیرێت و بیروڕای ئەوان کاریگەری لەسەر جۆری پلاندارێژیی زمانی سیستەمی پەروەردە نییە. ئەوە لە کاتێکدایە، ئەگەر هۆشیاری زمانی بەڕێوەبەرانی قوتابخانە لە ئاستێکی بەرزدا بێت، بە هۆی ئەوەی ئەوان خۆیان دەتوانن کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی دابنێن، دەیانتوانی لەو بارەدا کاریگەری خۆیان نیشان بدەن، لە لایدیش دەریدەخات، سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سیستەمێکی تەواو دیمۆکراتیک نییە و ڕای بەڕێوەبەران بە جۆری پێویست وەرناگرێت و گرنگی پێنادات.

### ٥. ٤. ٩. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری نۆیەم

ئەم تێزە لە پرسیاری نۆیەم و کۆتاییدا داوا لە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە دەکات، تێبینی خۆیان لەسەر زمانی کوردی وقوتابخانەکەیان بنووسن. بۆ ئەوەی ئەگەر سەرنجێکیان هەبێت کە لەبارەی پلاندارێژیی زمانیدا و پرسیاری لێنەکرابێ بیخەنە ڕوو. دەکرێت تێبینی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان لە چەند خاڵێکدا پۆلێن بکرێت, کە بەو جۆرەن. ٤٥٪ باسی جەستەی زمان، ٣٥٪ باسی پێگە و ٢٠٪ باسی چۆنییەتی فێرکاری زمانی کوردی دەکەن. بەڕێوەبەران داوا دەکەن کە بابەتەکان وەک کتێبەکانی پێشووی لێ بێتەوە و هۆیەکەشی زۆرتر ناوەرۆک و فێرکاریی زمانی کوردی دەگرێتەوە، نەک جەستە و پێگەی زمانی کوردی. ئەوان هۆی گەڕانەوە بۆ رابردوو، بۆ باشتربوونی ناوەرۆکی کتێبە کۆنەکان دەگەڕێننەوە و، پێیان وایە، قوتابی شتی باشتریان لێ فێردەبوو و باشتریشی لەبیر دەمان. جگە لەوانە، لە ڕووی ئەم ڕاپرسییە دەردەکەوێت، کەمبوونەوەی مووچە و تێکچوونی باری گوزەرانی مادی مامۆستایان و بنەماڵەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر ڕەوتی پەروەردە داناوە. ئەو بەشە کە باسی جەستەی زمان دەکەن، نە تەنیا جەخت لە ڕێنووس و ڕێزمان و داڕشتن و خاڵبەندی دەکەنەوە، بەڵکوو باسی ڕەنگ و کوالێتی و دیزاینی کتێبەکانیش دەکەن و پێیان وایە، پێویستە کتێبە دەرسییەکان لەو بوارانەشدا پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت. پێگەی زمانی کوردیش بابەتێکە کە بەڕێوەبەرانی قوتابخانە دوبارە ئاماژەیان پێکردووەتەوە و لایان وایە، پێویستە سەرنجی زۆرتر بەو بابەتە بدرێت.

## ئەنجامی وەسف و لێکدانەوەی ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان

لە ڕووی ئەو ڕاپرسییە دەردەکەوێت، زمانی کوردی لای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە خاوەنی پلەیەکی بەرزە و ئەوان ئەو زمانە بە باشترین کەرەسەی ڕاهێنان و پەروەردەکردن دەزانن. بە ڕای ئەوان هەرچەند پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی کوردی پێویستی بە پێدا چوونەوە هەیە، بەڵام زمانی کوردی بەو شێوەیەی ئێستاش ئەم توانایییەی هەیە کە کاری خوێندن و ڕاهێنانی پێ ئەنجام بدرێت. ئەوان پێیان وایە، هەرچەند ڕێنماییەکانی پەروەردەیی یەکێک لەو کەرەسانەن کە لە درێژەی ساڵدا کاریان پێدەکرێت، بەڵام ڕێنماییەکانی زمانی لە ئاستی پێویستدا نین. بابەتێکیدی کە لەو توێژینەوەیەدا دەرکەوتووە ئەوەیە کە ١. مامۆستایان کەمتر ڕای خۆیان لەبارەی جەستە و پێگەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەردەبڕن. ئەوەندەشی کە دەریدەبڕن نیوەی زارەکییە و نیوەکەی دیکەشی کە بە نووسراو پێشکەشی بەڕێوەبەری قوتابخانەی دەکەن، دواتر ئەنجامێکی ئەوتۆی لێناکەوێتەوە. ٢. پەیوەندی دایکانوباوکان لەگەڵ قوتابخانەدا باش نییە و ئەوەندەشی کە هەیە، زۆرتر کارگێڕییە و بە ڕادەیەکی کەم لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان قسە دەکەن و ئەوەندەشی کە قسە دەکەن، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا نییە. ٣. بابەتێکیدی کە لەو ڕاپرسییەدا دەرکەوت و پەیوەندی بە فێرکاری زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە ئەوەیە کە بە ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، مامۆستایان زۆر شارەزای زمانی کوردی نین. ڕێگەچارەی ئەم تێزە لە ئاکامی ڕای بەڕێوەبەراندا ئەوەیە، لە پلاندارێژیی سیتەمی پەروەردەدا ئەم کێماسییانە وەبەر چاو بگیرێن و توێژینەوەی زۆرتریان لە بارەدا بکرێت، سیستەمی پەروەردە بە دیمۆکراسی بکرێت، ڕێنماییەکان زانستیتر و زۆرتر بکرێن، پەیوەندی لە نێوان پێکهاتەکانی پەروەردەیی فراوانتر بێتەوە و لە کۆتاییشدا مامۆستایان لەسەر زمانی کوردی باشتر ڕابهێندرێن.

## ٥. ٥. وەسف و لێکدانەوەی ڕای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی

سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بەشێکن لە سیستەمی پەروەردە کە چاوەدێری کۆی پلانی پەروەردە لە قوتابخانەدا دەکەن. ئەوان ڕاسپێردراون کە لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بکۆڵنەوە و کەموکووڕی پلانی زانستی و زمانی و فێرکاری دەستنیشان بکەن و بۆ سەرووی خۆیانی بگوازنەوە. واتە پردێکن لە نێوان قوتابخانە و وەزارەتی پەروەردەدا. ڕای ئەوان لەو ڕوویەوە گرنگە کە کۆی ڕەخنە و پێشنیازەکان دەچێتە لای ئەوان و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەگوازرێتەوە وەزارەت. بۆیە ڕای ئەوان چ وەک تێگەیشتن لە بارودۆخی زمانی کوردی و چ وەک چۆنییەتی بەشداری لایەنەکانی پەیوەندیدار و چ وەک ئەو کارانەی کە بۆ کاریگەری خستنە سەر زمانی کوردی لە پەروەردەدا ئەنجام دەدرێن، جێگەی سەرنجە.

ئەم تێزە پێی وایە، ڕای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دەتوانێت، یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی باشتر لە پلاندارێژی و سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا ورد بێتەوە، هەروەها پێی وایە، ڕای ئەوان ڕێگە خۆش دەکات، بۆ تێگەیشتنی زۆرتر لە چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، چونکە ڕای مامۆستایان و دایکانوباوکان و بەڕێوەبەری قوتابخانە دەگاتە دەستی سەرپەرشتیاران و دەبێت ئەوان ڕاپۆرتی لەسەر بنووسن و بەرزی بکەنەوە. لە لایدیشەوە، لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە ڕادەسپێردرێن، پلانەکانی ئەوان لە سیستەمی پەروەردەدا کونترۆڵ بکەن. بەو هۆیانە ئەم تێزە ڕای ئەوانی لەبارەی سیاسەت و پلاندارێژی زمانی وەرگرتووە و لەو بەشەدا وەسفیان دەکات و هەوڵ دەدات بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لێکیان بداتەوە. لە بەشی یەکەمدا هەوڵدراوە بە دیاریکردنی ڕێژەی وەڵامەکان و لێکدانەوەیان چەندایەتی بابەتەکە باس بکات و دواتر بە لێکدانەوەی هۆی وەڵامەکان، چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا نیشان بدات. بۆ ئەم مەبەستە لە پازدە پرسیاردا، ڕاپرسی

لەگەڵ ١٤ کەس لەسەرپەرشتیارانی پەروەردەیی کراوە و وەلام و هۆی وەلامەکانیان بە شێوەی خوارەوەیە.

### ٥. ٥. ١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم

پرسیاری یەکەم لەسەرپەرشتیار دەپرسێت، داخوا پێی باشە منداڵ بە کام زمان بخوێنێت. لە نێوان ١٤ کەسدا ١١ کەس کوردی و ٣ کەس ئینگلیزیان هەڵبژاردووە کە ڕێژەکەی لەو وێنەیەی خوارەوەدا نیشان دراوە.




وێنەی ٥. ٣٢ ڕێژەی حەزی سەرپەرشتیار لەبارەی جۆری زمانی پێخوێندن

هۆی وەلامی ئەم پرسیارە بەو جۆرەیە. ئەوانەی زمانی کوردیان هەڵبژاردووە دەڵێن، ئەوەی لە ڕای سەرپەرشتیاران دەردەکەوێت ئەوەیە، پێگەی زمانی کوردی لای ئەوان ئاستێکی بەرزی هەیە و زۆرینەیان پێیان باشە کە منداڵان بە زمانی کوردی بخوێنن. سەرەڕای ئەوەش ڕێژەیەکی بەرچاو لەسەرپەرشتیاران پێیان باشە کە منداڵان بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن. ئەوە نیشان دەدات، پێگەی زمانی کوردی لای سەرپەرشتیاران، بەبەراورد لەگەڵ ڕای مامۆستایان و

بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، لاوازترە و پێگەی زمانی ئینگلیزی لە هەڵکشان دایە. بە هۆی ئەوەی سەرپەرەشیتارانی پەروەردەیی کاریگەری زۆرتریان لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەی، پێشبینی بکرێت کە پێگەی زمانی ئینگلیزی لە سیستەمی پەروەردەدا، لەوانەیە لە داهاتووشدا زۆرتر هەڵبکشێت، بەڵام لە هەمان کاتدا، ئەو ڕێژەیە لەسەرپەرشتیاران کە پێیان باشە خوێندن بە زمانی کوردی بێت، دەیسەلمێنێت، زمانی کوردی بە گشتی خاوەنی پێگەیەکی بەرزە و ئەم پێگەیە دەتوانێت پاڵپشتێکی گەورە بێت بۆ بەرزڕاگرتنی ئاستی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. وردبوونەوە لە هۆی وەڵامی سەرپەرشتیاران بەو پرسیارە، ئەو بابەتە زۆرتر روون دەکاتەوە.

هۆی ئەو سەرپەرشتیارانەی کە پێیان باشە منداڵ بە زمانی دایک بخوێنێت دوو لایەنی پێگەی زمانی و فێرکاری زمانی دەگرێتەوە. ئەوەی لە قسەی ئەوان دەردەکەوێت ئەوەیە، پێویستە پلاندارێژیی زمانی لە دیاریکردنی جۆری زماندا، لایەنی پێگە و لایەنی فێرکاری وەبەرچاو بگرێت. بە وەبەرچاوگرتنی ئەم پێوەرانە، زمانی کوردی گونجاوترین زمانە بۆ پێخوێندن لە قوتابخانەکانی هەرێمدا.

ئەوانەی کە زمانی ئینگلیزیان هەڵبژاردووە و ڕێژەشیان کەم نییە، پێیان وایە، ئەگەر قوتابی بە زمانی ئینگلیزی بخوێنێت، لەوانەیە لە داهاتوودا، بە یارمەتی زمانی ئینگلیزی، هەم ببێتە خاوەنی ئابووریەکی باشتر و هەم لە داهاتوودا ئەگەری خوێندنی لەنێوخۆی وڵات و لە دەرەوەی وڵاتدا باشتر بۆ بڕەخسێت. ئەوە باوەڕێکە کە یەکەم، بە هۆی هەژموونیی زمانی ئینگلیزی، دووهەم، بە هۆی جۆری پلاندارێژیی زمانی سیستەمی پەروەردە و سێهەم، بە هۆی جۆری مامەڵەی زانکۆکانی کوردستان لەگەڵ زمانی کوردی و ئینگلیزی بەرهەمهاتووە. دەکرێت بە گۆڕینی ئەم هۆیانە پێگەی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان بەرزتر بکرێتەوە.

### ٥. ٥. ٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دووەم

پرسیاری دووەم دەپرسێت، ئاخۆ سەرپەرشتیار زمانی کوردیی کتێبەکانی خوێندنی پێچۆنە؟ چوار بژاردە بۆ وەڵامدانەوە دیاری کراوە کە بریتین لە خراپ، ناوەند، باش و زۆرباش. ڕێژەی وەڵامەکان لە ڕووی ئەوەی ١٠ کەس ناوەند، ٢ کەس خراپ، ١ کەس باش و ١ کەس زۆر باشیان هەڵبژاردووە و ڕێژەکەی بەو شێوەی خوارەوە دەرکەوتووە.




وێنەی ٥. ٣٣ ڕێژەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە

لە ڕووی ئەو ڕێژەیەوە دەردەکەوێت، سەرپەرشتیاران ئاگایان لە چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە. ئەم ئاکامە لەوە بەدەستهاتووە، حەفتاویەک لە سەدی ئەوان بژاردەی ناوەندیان هەڵبژاردووە و پازدە لە سەدیش خراپ. ئەوانەی بژاردەی خراپیان هەڵبژاردووە بە ئاشکرا پێیان وایە، زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان پێویستی بە ئاوڕدانەوەی مکوڕ هەیە، هەروەها ئەوانەی ناوەندیشیان هەڵبژاردووە ڕێژەیەکی زۆرن. لە ڕای ئەوانەوە دەردەکەوێت، چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نەیتوانیوە ڕەزامەندی ئەوان بە تەواوی پێک بێنێت و پێویستی بە چاکسازی هەیە. لە هەمان کاتدا ئەو ڕێژەیە ئەوە نیشان

دەدات، ئاستی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بە جۆرێکە کە توانای ڕاپەڕاندنی کاری پەروەردەیی هەیە. لە ڕووی ئەو ڕێژەیەوە بۆمان دەردەکەوێت، ئەگەر سیستەمی پەروەردە ئاوڕ لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نەداتەوە، لەوانەیە پێگەی ئەو زمانە لای سەرپەرشتیاران لاواز بکات و کۆی زمانی کوردی بخاتە ژێر کاریگەری خۆی. هەروەها لە ڕووی ئەو ڕێژەیەوە دەردەکەوێت، ئەگەر سیستەمی پەروەردە ئاوڕ لە زمانی کوردی بداتەوە، پێگەی زمانی کوردی لای سەرپەرشتیاران بەرز دەبێتەوە و، ڕای ئەوان لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بەرەو ئاستێکی باشتر دەچێت. ئەم تێزە وردبوونەوە لە هۆی سەرپەرشتیاران، بۆ وەڵامی پرسیاری دووهەم، لە چەند بەشێکدا پۆلێن دەکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم پۆلێنەوە باشتر لە چۆنییەتی بارودۆخی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا وردبێتەوە.

<u>یەکەم، نوێبوونەوە</u>، ئەم خاڵە کاریگەری لەسەر پێگەی زمان هەیە. بە ڕای سەرپەرشتیاران کتێبە وانەییەکان پێویستیان بە نوێبوونەوەی بەردەوام هەیە، بۆ ئەوەی هەم لە باری ناوەرۆک و هەم لە باری زمانییەوە چاکسازی تێدا بکرێت و هەم لە باری ناوەرۆکەوە لەگەڵ زانستە نوێیەکانی سەردەم خۆی ڕێکبخا. خودی ئەم تێبینییە نیشان دەدات، نوێکردنەوە لە کتێبە وانەییەکاندا لە ئاستێکی گونجاودا نییە. ئەو کەموکوڕییە ڕەنگە هۆی جۆراوجۆری وەکوو ئابووری و نەبوونی پسپۆڕی هەبێت. ئەم تێزە ڕای وایە، هەست پێکردن بە پێویستی ئەنجامدانی ئەو بابەتە و دواتر پلان بۆ دانانی دەتوانێت، بواری چاکسازی بڕەخسێنێت. پێشی وایە، ئەنجامی ئەو کارە، کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی بە گشتی لە سیستەمی پەروەردە و دواتر کۆی بارودۆخی زمانی کوردی دەبێت. چونکە ئەگەر زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان ئەم ئاڵوگۆڕانەی بەسەردا بێت و هەڵگری باری زانستی بابەتەکانی ڕۆژ لە نێو قوتابخانەکاندا بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی باشتر پەرە بستێنێت و لەئاکامدا یارمەتی کورد و زمانەکەی دەدات کە لە هەموو بوارێکدا پێشکەوێت.

دووهەم، ستانداردکردنی زمان و بەکار هێنانی وشەی گونجاو. ئەم دوو خاڵە پەیوەندیان بە جەستەی زمانەوە هەیە. بە بڕوای ئەم تێزە ستانداردسازی ڕەوتێکە کە نابڕێتەوە و پێویستە بۆ ڕاوەستاوی و گەشەی هەر زمانێک، بەردەوام کاری لەسەر بکرێت. ستانداردسازی لایەنی ڕێزمان، ڕێنووس، وشە و دارشتن دەگرێتەوە. بەشێک لەو بابەتانەی کە سەرپەرشتیاران ئاماژەیان پێداوە نیشان دەدات، کە ئەوان سەرنجیان زۆرتر لەسەر وشەیە. ئەوان ئاماژەیان بەوە داوە، وشەکان بەپێی ژینگەی قوتابی دابندرێن. ئەوە خاڵێکی گرنگە کە سەرنجی ئەم تێزەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و پێویستی ئاوڕدانەوە لە وشە دەکارکراوەکانی نێو کتێبە وانەییەکانی دەرخستووە. هەبوونی هەڵە لە زماندا بابەتێکی دیکەیە کە سەرپەرشتیاران ئاماژەیان پێداوە. ئەو تێبینییە لێرەشدا ئەمە دەسەلمێنێ کە کتێبە وانەییەکان، لە باری جەستەوە، پێویستیان بە پێداچوونەوەی بەردەوام و ڕۆژانە هەیە.

سێهەم، ئاماژەی سەرپەرشتیاران بە چۆنییەتی بەکارهێنانی شێوەزارە جیاوازەکانە. ئەوەی ئەوان ئاماژەیان پێداوە، نیشان دەدات، تێکەڵکردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی یارمەتی پرۆسەی پەروەردەیی نادات. دیارە هۆیەکەشی ئەوەیە کە قوتابیان شارەزاییان بەسەر شێوەزارە جیاوازەکاندا نییە. ئەوەش ئەرکی زمان لە کاری پەروردە و ڕاهێناندا لاواز دەکات. ئەوە بابەتێکە کە دوو لایەنی هەیە. ئەگەر مەبەستی سیستەمی پەروەردە ڕێکخستن و نزیککردنەوەی شێوەزارە جیاوازەکان بێت، ئەوە سیاسەتێکی دروستە، بەڵام ئەگەر مەبەستی پەروەردە زمان نەبێت، بەڵکوو ڕاهێنانی زۆرتری قوتابی لەسەر بابەتەکان بێت، پێویستە گونجاوترین زمان بۆ ئەم مەبەستە بەکار بێنێت. هەڵبەت ئەم تێزە ئەوەی لەبیرە کە ئەوە بیروڕای بەشێک لەسەرپەرشتیارانە و دەکرێت باس لە لایەنی ئەرێنیبوونی شێوەزاری جیاواز لە کتێبە وانەییەکاندا بکرێت. بۆ نموونە، لەوانەیە دانیشتوانی شوێنە جۆراوجۆرەکانی هەرێمی کوردستان خاوەنی شێوەزاری جیاواز بن، کە بەکارهێنانی شێوەزاری زمانی ئەوان لەنێو کتێبە وانەییەکاندا، دەبێتە هۆی ڕەزامەندی ئەوان.

چوارەم، یەکدەست نەبوونی ئەو بریارانەیەی سەبارەت بە پلاندارێژی زمانی لە سیستەمی پەروەردە دەردەچێت. ڕای جیاوازی هاوکات بە نیسبەت زمان لە سیستەمی پەروەردەدا، بە جۆرێک کە سەر لە قوتابی بشێوێنێ و سیستەمی پەروەردە تووشی پاشاگەردانی بکات، دەبێتە هۆی دارمانی پەروردە و بەو جۆرە کاریگەری دەخاتە سەر پێگە و ئاستی زمانی کوردی بە گشتی و کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر پرۆسەی پەروەردە. واتە گونجاندنی ڕای جیاواز لەسەر زمان لە سیستەمی پەروەردەدا، جۆرێک سەرلێشێواوی بەرهەمدێنێت کە قوربانییەکەی قوتابی و دواتر ئەو کۆمەڵگەیەیە کە قەرارە لە ڕێگەی زمانەوە پەروەردە بکرێت و پێبگات. ئەم تێزە هەوڵ دەدات لە لێکدانەوەی پرسیاری سێهەمدا زۆرتر لە لقەکانی پلاندارێژی زمانی، لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە، ورد بێتەوە.

### ٥. ٥. ٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێهەم

پرسیاری سێهەم پرسیوییەتی، ئاخۆ زمانی کوردی بە لای سەرپەرشتیارانەوە گرنگە؟ داوای لەسەرپەرشتیاران کردووە کە وەڵامی ئەم پرسیارە بە بەڵێ یا بە نەخێر بدەنەوە و دواتر باس لە هۆی وەڵامەکانیان بکەن. ١٠٠٪ بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە. ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، پێگەی زمانی کوردی لای سەرپەرشتیاران ئاستێکی زۆر بەرزی هەیە. واتە هەموویان گرنگی ئەو زمانە بۆ ژینگەی کوردستان هەست پێدەکەن و لە دەرەوەی ئەوەش سۆزێکی تایبەتیان سەبارەت بە زمانی کوردی هەیە. ئەوە دەرفەتێکی گرنگە بۆ ئەوەی پلاندارێژەرانی زمانی پشتی پێ ببەستن و ئەو متمانەیەش بە تویژەر دەبەخشێت، کە زمانی کوردی خاوەنی پالپشتێکی گشتییە. هۆی سەرپەرشتیاران بۆ پرسیاری سێهەم نیشان دەدات، پێگەی هەر زمانێک پەیوەندی بە ئەرکی کەرەسەیی و شوناسی و سوزدارییەوە هەیە. چونکە لە هۆیەکاندا گوتراوە زمانی نەتەوایەتییە، ڕۆژانە بەکاردەهێندرێت و زمانی دایکە. واتە ئەو سێ بابەتە بۆتە هۆی

بەرزبوونەوەی پێگەی زمانی کوردی لای ئەوان. ئەوان پێیان وایە، زمان شوناسی نەتەوەییە و کورد بەو زمانە دەناسرێتەوە.

بەکارهێنانی ڕۆژانە هۆیەکی دیکەیە کە پێگەی زمانی کوردی لای سەرپەرشتیاران بەرز کردووەتەوە. واتە ئەو ئەرکە کەرەسەییەی زمان هەیەتی، کاریگەری لەسەر پێگەی زمانەکە، لای ئەوان، داناوە. زمانی دایکبوون هۆیەکی دیکەیە کە پێگەی زمانی لای سەرپەرشتیاران بەرز کردووەتەوە. ئەم هۆیە نیشان دەدات، زمان تەنیا ئەرکی کەرەسەیی نییە، بەڵکوو خاوەنی لایەنێکی سۆزدارانەشە کە لەسەرەتای ژیانەوە، لە تاکدا بەدی دەکرێت و گەشە دەکات و دواتر دەبێت بە پێوەرێک بۆ هەڵوێستی مرۆڤ بەرانبەر بە زمانە جیاوازەکان. ئەم هۆیە ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی، کە زمانی کوردی زمانی ڕۆژانەی شەقام و بازار و نێومالی زۆربەی سەرپەرشتیارانە. چونکە ئەوان پێیان وایە، کوردی زمانێکە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا کاری پێدەکرێت. ئەو هۆیە بابەتێکە کە سیستەمی پەروەردە دەبێت بەهای پێبدات، بۆ ئەوەی ژینگەکە لە بەکارهێنان و کارپێکردنیدا سەرکەوتووتر بێ و لە ئەنجامدا بە هۆی گەشەکردنی زمانی کوردی، هزر و بیری کۆمەڵگە پەرە بستێنێت. واتە فراوانکردنەوە و بایەخدان بەو زمانە، بایەخدانە بە ئاستی ڕۆشنبیری و باقی تێگەکانی سەر بە کۆمەڵگەی کوردەواری کە زمان بەرهەمیان دێنێت.

### ٥. ٥. ٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم

پرسیاری چوارەم دەیەوێت بزانێت، سەرپەرشتیاران لە لایەن وەزارەتەوە، هیچ ڕێنمایییەکیان لەبارەی زمانی کوردییەوە پێدەگات. بۆ وەڵامدانەوە دوو بژاردەی بەڵێ یا نەخێر دیاری کراوە. ڕێژەی وەڵامەکان لە وێنەی خوارەوەدا نیشان دراوە.




وێنەی ٥. ٣٤ ڕێژەی گەیشتنی ڕینماییەکان بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی

ئەو ڕێژەیە باس لە لاوازی سیستەمی پەروەردە دەکات، چونکە یەکێک لە فەلسەفەکانی هەبوونی سەرپەرشتیاران ئەوەیە، کە ڕێنمایی پێویست و گونجاویان پێبگات و ئەوانیش ئەم ڕێنماییانە بدەن بە قوتابخانەکان و دواتر لە چۆنییەتی جێبەجێکردنەکەی دڵنیا ببنەوە. بۆ ئەوەی پلانەکانی پەروەردە لە قوتابخانەکان جێبەجێ بکرێن. بەشێک لەو ڕێنماییانە، پەیوەندییان بە بابەتی زمان و لە نێواندا زمانی کوردی هەیە، بۆیە کەمبوونی ئەم ڕێنامایییانە نیشان دەدات، یەکەم وەزارەتی پەروەردە بە تەواوی خەم لە بابەتی زمان ناخوات و ئەوەندەشی کە خەمی لێدەخۆن، کەمتر دەگاتە دەست سەرپەرشتیاران بۆ ئەوەی ئەوان لە قوتابخانەکاندا جێبەجێی بکەن. ئەو ڕێژەیە لە ڕای سەرپەرشتیاران، ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی، کە پێویستە سیستەمی پەروەردە پێداچوونەوە بە جۆر و ڕادەی ڕێنماییەکان و هەروا چۆنییەتی جێبەجێکردنی وان لە قوتابخانەکاندا بکات. پرسیاری دوایی لە چۆنییەتی ئەو ڕێنماییانە دەکۆڵێتەوە کە بە سەرپەرشتیاران دەگات.

### ٥. ٥. ٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پێنجەم

پرسیاری پێنجەم دەپرسێت، ئاخۆ تا چ ڕادەیەک ڕێنماییەکانیان پێ باشە. ١٠٠٪ سەرپەرشتیاران بژاردەی کەمیان هەڵبژاردووە. هۆی هەڵبژاردنەکەیان بۆ کەمبوونی ڕێنمایی، ناشارەزایی ئەو کەسانەی ڕێنمایی دەردەکەن و ئەو ئەرکەیان پێسپێردراوە، دەگەڕێننەوە.




وێنەی ٥. ٣٥ ڕێژەی گەیشتنی ڕینماییەکان بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی

لە وەڵامی ئەو پرسیارەڕا دەردەکەوێت، لە دەرەوەی چۆنییەتی جێبەکردنی ڕێنماییەکان، سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی ڕێنماییان کەم پێدەگات. ئەوە نیشان دەدات، ئەو بەشە لە پەروەردە، بەشێکی چالاک نییە و سیستەمی پەروەردە بەهایەکی ئەوتۆ بەوە نادا، کە ساڵانە لە بواری پلاندارێژیی زمانییەوە، ڕێنمایی دەربکات و ئەوجار هەوڵبدا لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ قوتابخانەکانی بنێرێت بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت. ئەوە بە و مانایەیە، کە سیستەمی پەروەردە، لە درێژەی ساڵدا و تەنانەت بە شێوەی ساڵانە، بەرنامەیەکی لە پێناو چاکسازی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەییدا نییە و زمان و بەتایبەتی زمانی کوردی یەکێک لەو بابەتانەیە کە ئەو خەمساردییەی پێوە دیارە.

هۆی سەرپەرشتیاران چەند بابەتێک بۆ ئەم تێزە ڕوون دەکاتەوە. یەکەم، سیستەمی پەروەردە، ساڵانە لەبارەی چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، توێژینەوە و خەسارەتناسی نییە، تا دواتر لە ڕێگەی پسپۆرانی سەر بەو بابەتە ڕێنمایی بۆ قوتابخانەکان دەربکات. هەر بەو هۆیەش ڕادەی ڕێنماییەکان یەکجار کەمن. دووهەم، وەک لە ڕای سەرپەرشتیاران دەردەکەوێت، کەسانێک کە بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراون شارەزای بابەتەکە نین و نازانن، زمان دەبێت چۆن بێت، پلاندارێژیی زمانی چییە و گرنگییەکەی چییە و دەبێت چۆن کاری لەسەر بکەن و چی بکەن. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی کە پلانێکی ساڵانە لەو بارەیەدا نەبێت و پلانەکە لە سیستەمی پەروەردەدا بەڕێوە نەچێت. ئەم تێزە ڕای وایە، پێویستە بەشێکی تایبەت بە پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بکرێتەوە، یا ئەگەر هەیە، خەڵکی شارەزای ئەو بابەتەی لێدابندرێت. بۆ ئەوەی ساڵانە بتوانێت بەو بابەتەدا بچێتەوە و چاکسازی لە لقەکانی پلاندارێژیی زمانیدا ئەنجام بدات. لە پرسیاری شەشەمدا لەوە دەکۆڵدرێتەوە کە داخوا ئەوەندە ڕێنماییەی دەشنێردرێت، بە چ شێوەیەک جێبەجێ دەکرێت.

### ٥. ٥. ٦. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری شەشەم

پرسیاری شەشەم لەسەرپەرشتیار دەپرسێت، داخوا بە چ ڕێژەیەک لە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە زمانی کوردی ڕازییە. ڕێژەی وەڵامەکان بە شێوەی خوارەوەیە.




وێنەی ٥. ٣٦ ڕێژەی ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران سەبارەت بە وەبەرچاوگرتنی ڕێنماییەکان

ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە کە لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانەوە دەدرێن بە قوتابخانەکان، بە شێوەی پێویست کاریان پێناکرێت. کەمایەسی ئەم کارپێنەکردنە کاتێک زۆرتر بەرجەستە دەبێتەوە، کە وەک لە وێنەی ٥، ٣٤دا هاتووە، ڕێژەی ڕێنماییەکان زۆر نین و هاوکات، وەک لە وێنەی ٥. ٣٥دا دەەکەوتووە، شارەزایانە و پسپۆڕانە نین. ئەو پرسیارە لە چۆنییەتی ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکان بەرانبەر زمانی کوردی قوتابخانەکان پرسیار دەکات. کەواتە ئەو بەشە لە پلاندارێژیی زمانی کە پەیوەندی بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندایە و دەبێت لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانەوە جێبەجێ بکرێت، لاوازە و پێویستە وەزارەتی پەروەردە خەمی لێبخوات. بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم ڕێنمایانەوە، زۆرتر سوود لە ڕای پێکهاتەکانی کاریگەر لە پەروەردەدا وەربگیرێ و بەو شێوەیە کاری گرووپی پەرەبستێنێ و کۆمەڵگە گەشە بکات و سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت.

هۆی نارەزایەتی سەرپەرشتیاران لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە زمانی کوردی لەو سێ خاڵەدا پۆلێن دەکرێت. یەکەم، کەمتەرخەمی لە بەدواداچوون بۆ چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، دووهەم، نەبوون یا کەمی ڕێنماییەکان و سێیەم

ناشارەزایی ئەو کەسانەی کە ئەرکی ئەوەیان پێ سپێردراوە کە بە چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا بچنەوە. ئەم سێ خالە پەیوەندیان بە چۆنییەتی جێبەجێکردنی پلانی زمانی سیستەمی پەروەردەوە هەیە و کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی کوردی هەیە و وا نیشان دەدات کە ئەم جۆرە سیستەمە کارامەیی کەمە و پێویستە ئالوگۆڕی بەسەردا بێت. باسکردنی هۆی وەلامی ئەم پرسیارە، لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە، دەریدەخات، سیستەمی پەروەدە توێژینەوەیەکی ئەوتۆ لەبارەی ئەو بابەتەدا ناکات و هەر بەو هۆیەش ڕێنمایی پێویست بۆ ئەم بابەتە دەرناکات. وەک لە هۆی پرسیارەکەش دەردەکەوێت، ئەم کەسانەی کە ئەو کارەیان پێ سپێردراوە، شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەوبارەدا نییە. بە بڕوای ئەم تێزە، کۆی ئەو کێشەیە، پەیوەندی بە پلانەکانی وەزارەتەوە هەیە. ئەویش دەگەڕێتەوە سەر عەقلانییەتێک کە ئەم ئیدارەیە بەڕێوە دەبات. ئەویش ئەوەیە کە پێویستیی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بە باشی درک نەکراوە و لەوە ورد نەبوونەتەوە کە بایەخی ئەم بابەتە لە پێناو سەرخستنی ئامانجەکانی پەروەردەییدا چەندە گرنگە.

### ٥. ٥. ٧. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم

پرسیاری حەوتەم دەپرسێت، داخوا مامۆستا کێشەی لەگەڵ زمانی کوردی لە باری وشە، ڕێنووس، ڕێزمان و خاڵبەندییەوە هەیە. ڕادەی وڵامەکانی ئەم چواردە سەرپەرشتیارە بەم شیوەیە، یەکجار زۆر ٢، زۆر ٥، کەم ٢، نەخێر ٣ و دوو کەسیش وڵامیان نەداوەتەوە. ڕێژەی وڵامەکان لە وێنەی خوارەوەدا نیشان دراوە.




وێنەی ٥. ٣٧ ڕێژەی کێشەی مامۆستا لەگەڵ جەستەی زمان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە

ئەو پرسیارە رادەی کێشەی مامۆستایان لەگەڵ جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەردەخات. وەڵامی ئەو پرسیارە نیشان دەدات، زۆربەی مامۆستایان هەستیان بە کەموکورتییەکانی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان کردووە. ئەوەش دەریدەخات، کتێبە وانەییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر هەڵەی جەستەی زمانیان هەیە. بەپێی ئەوەی پلاندارێژیی جەستەی زمانی لقێکی سەرەکی لە پلاندارێژیی زمانییە، پێویستە سیستەمی پەروەردە چاودێری بەسەر چۆنییەتی جەستەی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بکات. هۆیەکی ئەوەی بەشێک لە مامۆستایان ڕەخنەیان لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نییە، لەوانەیە ئەوە بێت، کە لە لایەکەوە، مامۆستایان لەگەڵ هەڵەی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان ڕاهاتبێتن و بەو جۆرە قبووڵیان کردبێت. ئەوەش خۆی تێکدانی مەزاجی مامۆستایە و ڕاهێنانی ئەوە لەسەر هەڵە لە جەستەی زماندا. کە خۆی دەبێتە ڕێچکەیەک کە دواتر هەڵەی دیکەی جەستەی زمانی بەرهەمدێنێت. لە لایدیشەوە، ئەوە نیشان دەدات کە زمانی کوردی بەو حاڵەشەوە توانیوییەتی ڕەزامەندی مامۆستا بە دەست بێنێت و ئەرکی پەروەردەیی لە قوتابخانەدا ڕاپەڕێنێت.

### ٥. ٥. ٨ وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری هەشتەم

پرسیاری هەشتەم دەپرسێت، داخوا ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایانیان سەبارەت بە زمانی کوردی پێدەگات. ڕێژەی وەڵامەکان بە جۆرەی ئەم وێنەیەی خوارەوەیە.




وێنەی ٥. ٣٨ ڕێژەی گەیشتنی ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایان سەبارەت بە زمانی کوردی بە سەرپەرشتیاران

وەڵامی ئەو پرسیارە، ئاکامی پرسیارەکانی دیکەی ئەم تێزە سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵسوکەوتی مامۆستایان و بەڕێوەبەران لەگەڵ زمانی کوردی پشتڕاست دەکاتەوە. واتە ئەوان سەرەڕای ئەوەی هەست بە گیروگرفتی جەستە و پێگە و فێرکاری زمانی کوردی دەکەن، بەڵام ڕای خۆیان بەشێوەی نووسراو بەرز ناکەنەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرپەرشتیاران، زۆر ئاگاداری ڕای ئەوان لەبارەی چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نەبن.

ناشارەزایی، بێئەنجامی، نەبوونی پەیوەندی، خەمساردی و بەهانەدان بە ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەران، ئەو هۆیانەن، کە بەڕای سەرپەرشتیاران بوونەتە هۆی ئەوەی،

مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی پەروەردەیی ڕای خۆیان لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بۆ سەرپەرشتیاران نەنووسن. ئەو هۆیانە دەریدەخەن، یەکەم، سیستەمی پەروەردە نەیتوانیوە بوارێکی وا بڕەخسێنێت کە لەودا مامۆستا و بەڕێوەبەری شارەزا پەروەردە بێت، بە جۆرێک کە زانیاری پێویستی لەبارەی ئەو بابەتانەدا هەبێت، کە پەیوەندیان بە پلاندارێژیی زمانییەوە هەیە بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لەبارەی ئەو بابەتە دەرببڕن، دووهەم، ئەگەر مامۆستا و بەڕێوەبەران، تەنانەت زانیاریشیان هەبێت، بە هۆی بێ ئەنجام مانەوەی ڕای ئەوان، زۆر خۆیان بەو بابەتەوە ماندوو ناکەن. واتە ئەوان هەست ناکەن کە بەشێکن لە پرۆسەی چاکسازیی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا. سێهەم، پەیوەندی سەرپەرشتیاران لەگەڵ مامۆستایان و بەڕێوەبەران لاوازە. بە جۆرێک کە ڕای ئەوان لەبارەی پلاندارێژیی زمانی بە سەرپەرشتیاران ناگات. چوارەم، ئەم هۆشیاری و دڵسۆزییە لە لایەن مامۆستا و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکاندا بە ڕادەیەک نییە کە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان ڕای خۆیان بە شێوەی نووسراو لەبارەی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان بە سەرپەرشتیاران بگەیەنێن تا لە ڕێگەی ئەوانەوە بگاتە دەستی سیستەمی پەروەردە و دواتر بەدواداچوون بۆ ڕای خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی سیستەمی پەروەردە چاکسازی لەو بارەدا بکات. وردبوونەوە لە چۆنییەتی ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەران باشتر ئەم تێزە دەگەیێنێتە ئامانجەکانی.

### ٥. ٥. ٩. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری نۆهەم

پرسیاری نۆهەم لە سەرپەرشتیار دەپرسێت، داخوا ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی پێ باشە. ڕێژەی وەڵامەکان بەو جۆرەیە کە لە وێنەی خوارەوەدا نیشاندراوە.




وێنەی ٥. ٣٩ ڕێژەی ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران لە ڕای بەڕێوەبەران و مامۆستایان

وەک لە وەڵامەکانی پێشتردا بۆ ئەم تێزە دەرکەوت، ڕێژەیەکی کەم لە مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان ڕای خۆیان بە شێوەی نووسراو بە سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی دەگەیێنن. ڕای سەرپەرشتیاران لەچاو چۆنییەتی ئەوەندە ڕایەش نیشان دەدات، زۆرینەی ئەم بیروڕایانە یا کەم باشن یا ئەوەیە، باش نین. لەو بارەیەوە پێشتر قسە کرا. ئەوەی لێرەدا ئەم تێزە دەیەوێت سەرنجی پێ بدا ئەو ڕێژەیە لە ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەرانە کە سەرپەرشتیاران پێیان باشە.

ئەگەر سەرپەرشتیاران بەها بەو ٣٣٪ بدەن، کە بیروڕایەکی وردیان لەسەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە، سیستەمی پەروەردە دەتوانێت پشتیان پێ ببەستێ و لە ڕووی ئەوان لە چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردە بگات و بیانکاتە بەشێک لە دەسمایەی پێداچوونەوە و چاکسازی بە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکاندا، هەروەها ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، بەشێک لە مامۆستایان و بەڕێوەبەران بە شێوەیەکی شارەزایانە و کاریگەر لەو بارەدا بیروڕای خۆیان دەردەبڕن و ئەوە هەرچەند ڕێژەیەکی کەمیش دەگرێتەوە، بەڵام هەستیاری بەشێک لەو چینە پیشان دەدات و جێگەی بەها پێ بەخشین و بایەخ پێدانە.

ڕازی نەبوونی سەرپەرشتیاران لە ڕای بەڕیوەبەران و مامۆستایان چەندین هۆی جیاوازی هەیە. یەکەم، مامۆستایان و بەڕێوەبەران بە شێوەی نووسراو، ڕای خۆیان لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نادەن بە سەرپەرشتیاران، یا زۆر کەم ئەو کارە دەکەن. واتە ڕێژەی کەمی نووسینی بیروڕای ئەوان بۆتە هۆی ناڕەزامەندی سەرپەرشتیاران و هۆیەکەشی بۆ کەمەتەرخەمی و ناشارەزایی ئەوان، لەبارەی زمانی کوردیدا دەگەڕێننەوە. ئەو هۆیە نیشان دەدات، هوشیاری زمانی مامۆستایان و بەڕێوەبەران کەمە و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردە دابنێت. لە لێکدانەوەی هۆی ڕەزامەندی بەشێک لەسەرپەرشتیاران دەردەکەوێت، هۆشیاری زمانی و زانیاری لەبارەی زماندا، دەورێکی گرنگی لە نووسینی بیروڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەراندا هەیە. ئەوەش بابەتێکە کە کاریگەری لەسەر ڕەزامەندی سەرپەرشتیاران داناوە و لەوانەیە تا ڕادەیەک ببێتە هۆی چاکسازی لە بابەتەکانی سەر بە پلاندارێژیی زمانیدا.

### ٥. ٥. ١٠. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دەیەم

لە پرسیاری دەیەمدا لەسەرپەرشتیار پرسیار کراوە کە داخوا ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەران کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. ڕێژەی وەڵامەکان لە وێنەی خوارەوەدا نیشان دراون.




وێنەی ٥. ٤٠ ڕێژەی کاریگەری ڕای مامۆستایان لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە

ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، هەرچەند مامۆستایان کەمتر ڕای خۆیان لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەردەبڕن، بەڵام تا ڕادەیەک کاریگەریان لەسەر پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. بۆیە ئەگەر مامۆستایان زۆرتر لەوبارەدا بنووسن و سیستەمی پەروەردە زۆرتر بەها بە ڕای ئەوان بدات، دەتوانن کاریگەری زۆرتریان لەسەر چاکسازیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەبێت.

ئەو سەرپەرشتیارانەی پێیان وایە، ڕای مامۆستایان کاریگەری کەمی لەسەر پلاندارێژیی زمانی هەیە، هۆیەکەشی بۆ سێ شت دەگەڕێننەوە. یەکەم، کەسانێک لەسەرووی مامۆستایانەوە بڕیار لەو بابەتە دەدەن، دووهەم، ڕای مامۆستایان پسپۆڕانە نییە و سێهەم، مامۆستایان بەدواداچوون بۆ ڕای خۆیان ناکەن. ڕەخنەیەکی کە لەو بۆچوونانە دەگیرێت ئەوەیە کە بەشێک لەسەرپەرشتیاران ئەوەیان درک نەکردووە، کە مامۆستا دەتوانێت پێشنیاز بکات، نەک ئەوەی بڕیار بدات. دووهەمیش، ئەوەی دەبێت بەدواداچوون بۆ سەرنج و تێبینی مامۆستایان بکات خودی سەرپەرشتیاران و سیستەمی پەروەردەیە، نەک ئەو مامۆستایەی کە ئەنجامێک بۆ

ڕەخنە و پێشنیازەکانی نابینێت. ئەوە بابەتێکە کە وای لێکردووە ناهومێد بێت و بە شێوەی پێویست سەری خۆی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نەیەشێنێت.

ئەو ڕێژە لەسەرپەرشتیاران، کە پێیان وایە ڕای مامۆستایان کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی کوردی هەیە، هۆی کاریگەری ڕای مامۆستایان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ڕۆژانە سەروکاریان لەگەڵ زمانی کوردی هەیە و شارەزای بابەتەکەن. ئەوە نیشان دەدات، مامۆستایان دەتوانن کاریگەری ڕاستەخۆیان لەسەر زمانی کوردی و چۆنییەتی ئەو زمانە هەبێت. واتە جۆری کارپێکردن بە زمانی کوردی بەشێکی پەیوەندی بە جۆری بەرەوڕووبوونەوەی مامۆستایان لەگەڵ زمانی کوردی هەیە.

بەشێک لەسەرپەرشتیاران پێیان وایە، وەزارەتی پەروەردە خەبیری خۆی هەیە و هەر بەو هۆیە، ڕای مامۆستایان کاریگەری لەسەر چۆنییەتی زمانی کوردی نییە. ئەم تێزە پێی وایە، ئەم بیرۆکەیە بەرهەمی ڕوانین لەسەرەوە بۆ خوارەوەیە. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە و ئەم جۆرە تێڕوانینە و بەهانەدان بە ڕای مامۆستایان، دەبێتە هۆی ئەوەی مامۆستایان لە پرۆسەی چاکسازی زمانی کوردی دەرهاوێژرێن. ئەوە لە کاتێکدایە، کە بە هۆی ئەوەی زمان بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە حالی بە ستانداردبووندایە، مامۆستا وەک کەسێکی بە کار هێنەری ئەو زمانە دەتوانێت، دەورێکی چالاکی لەو بابەتەدا هەبێت و بە هێند وەرگرتنی ڕای مامۆستایان دەتوانێت ئەوان لەو بوارەدا و لە بواری پەروەردەدا بەگشتی، چالاک بکات و لە ڕای وان سوود وەربگرێت. بۆیە ڕێژەی هەناردەکردنی ڕای مامۆستایان بۆ وەزارەتی پەروەردە لە لایەن سەرپەرشتیارانەوە، بابەتێکی دیکەیە کە ئەم تێزە پرسیاری لە بارەدا کردووە.

## ٥. ٥. ١١. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یازدەهەم

پرسیاری یازدەهەم دەیەوی بزانێت کە تێبینی مامۆستایان بۆ وەزارەتی پەروەردە دەنێردرێت. ڕێژەی وەلامەکان بە گوێرەی وێنەی (٥. ٤١)ە کە لە خوارەوە داندراوە. لە درێژەی پرسیارەکەدا داوا کراوە، ئەگەر وەلامی پرسیاری یازدەهەم بەڵێیە تکایە پێمان بڵێن کە ناردنی بیر و ڕای مامۆستا بە چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر زمانی کوردی بووە. ڕێژەی وەلامەکان لەو وێنەیەی خوارەوەدا نیشان دراوە.




وێنەی ٥. ٤١ ڕێژەی ناردنی تێبینی مامۆستایان بۆ وەزارەتی پەروەردە

وەک لە وەلامی ئەو پرسیارە دەردەکەویت، هەرچەند مامۆستایان کەمتر ڕای خۆیان بە نووسراو بۆ سەرپەرشتیاران دەنووسن، بەلام سەرپەرشتیاران بە ڕێژەی ٥٧٪ ڕای ئەوان بۆ وەزارەتی پەروەردە دەنێرن، بەلام وەک لە درێژەی ئەم پرسیارە دەردەکەوێت، ڕادەی کاریگەری ڕای مامۆستایان لەسەر چۆنییەتی زمانی کوردی یا کەمە و یا ئەوەیە هیچ کاریگەرییەکی نییە. ئەوەندەش کە کاریگەری هەیە، بە هۆی ئەوەی ئەو ڕێژەیە لە مامۆستایان، کە ڕای خۆیان دەنووسن و دواتر دەنێردرێت، زۆر کەمە، ڕێژەی ئەم کاریگەرییە زۆر کەم

دەبێتەوە. ئەوە نیشان دەدات، مامۆستایان لە چاکسازیی زمانی کوردیدا، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە.

شارەزا نەبوون، هەبوونی رووتینیاتی زۆر و بەهانەدان بە ڕای سەرپەرشتیاران و مامۆستایان سێ بابەتن کە ئاکامی تێبینی مامۆستایان لەسەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان کەم دەکەنەوە. کەواتە پێویستە بۆ ئەوەی چاکسازی لە پلاندارێژیی زمانی کوردی بە ئەنجام بگات، بارودۆخی کارگێڕی چاک بکرێت و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا چاوەدێری بابەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بکەن. بەپێی ئەوەی پلاندارێژیی زمانی بریتییە لەو هەوڵە دەسانقەستانەی کە حکومەت لە پێناو کاریگەری دانان لەسەر زمان دەیدات، ئەگەر پسپۆڕی و شارەزایی لە بوارەکەدا کەم بێت، ڕەخنەکان نەخوێندرێنەوە و دواتر کێشەی رووتینیاتی کارگێڕیشی بکەوێتە سەر، کاریگەری حکومەت لەسەر بابەتی زمان زۆر کەم دەبێتەوە و ویستی حکومەت لەو پێناوەدا بە ئەنجام ناگات. بەتایبەتی ئەوەی لە هۆی ئەم پرسیارەدا دەردەکەوێت نیشان دەدات، پلاندارێژیی زمانی عەرەبی بە شێوەیەکی گونجاوتر جێبەجێ دەکرێت. بە جۆرێک کە بۆتە هۆی چاکسازی بەردەوام لە زمانی عەرەبی کتێبە عەرەبییەکاندا. لە درێژەی توێژینەوەکەدا هەوڵدەدرێت، ڕادەی سوودمەندی ڕێنماییەکانی پەروەردە لەبارەی زمانی کوردی لە قوتابخانەدا لێکبدرێتەوە.

### ٥. ٥. ١٢. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دوازدەهەم

پرسیاری دوازدەهەم دەیەوێت ڕای سەرپەرشتیار لەبارەی ڕادەی سوودی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە زمانی کوردی بزانێت. ڕێژەی وەڵامەکان بەو جۆرەیە کە لە وێنەی خوارەوەدا نیشان دراوە.




وێنەی ٥. ٤٢ ڕێژەی سوودی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەسەر زمانی کوردی لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە

چەندایەتی وەڵامەکان و ڕێژەی کەمی بەسوودبوونی ڕێنماییەکان، نیشان دەدات، سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە درێژەی ساڵی خوێندندا لە ڕێنمایی وەزارەت سەبارەت بە زمانی کوردی سوود وەرناگرێت، یا سوودی ڕێنماییەکانی بە ڕادەیەک کەمە کە دەکرێت بە هیچ لە قەڵەم بدرێت. ئەم تێزە پێی وایە، سەرەڕای هۆی کارگێڕی و نەبوونی پسپۆڕی و درک نەکردنی گرنگی مەسەلەی زمان، لەوانەیە بەشێکی دیکەی هۆیەکان بگەڕێتەوە بۆ هۆکاری فەرهەنگی. واتە لەوانەیە دایرەکانی هەرێم بە تەواوی هەست بە بەرپرسیارەتی نەکەن و تووشی جۆرێک لە کەلتووری کاربەڕیکەری بووبێن. ڕێی تێدەچێت، ئەو لایەنەی چاوەدێری ئیشی ئەوانیش دەکات، ئەویش ئاوێتەی ئەو عادەتە کۆمەڵایەتییە بووبێت و سیستەمەکە نەیتوانیبێت بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەم بەستێنە بڕەخسێنێت کە لایەنەکان ئەرکی قانوونی خۆیان بە تەواوی جێبەجێ بکەن و ئەنجامی کارەکەیان بۆ سەرووی خۆیان بگوازنەوە، بۆ ئەوەی دواتر ببێت بە جەدوەلێک کە لەودا کاری ساڵانەیان لەو بارەدا دیاری بکرێت و ئەنجامەکانی ببیندرێت. ئەم تێزە پێی وایە، گەیشتن بەم جۆرە سیستەمە زەمەن و

ماندووبوونی دەویت و سیستەمی سیاسی و کۆمەلایەتی دەتوانن ئەم بواری ئەم کارە برەخسێنن.

هۆی وەلامی پرسیاری دوازدەهەم، چۆنییەتی بەرەوڕووبوونەوەی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ پلاندارێژیی زمانی کوردی دەردەخات و وەک لە هۆیەکانیش دەردەکەویت چۆنییەتی ئەم بەرەوڕووبوونەوەیەش بەرهەمی ناپسپۆڕی و بەدوادانەچوون بۆ بابەتی زمان و دەرنەکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئەم بابەتەیە. چۆنییەتی بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ زمانی کوردی ئەوە نیشان دەدات، لە لایەک، سیستەمی پەروەردە بە کردەوە کەمتەرخەمە بەرانبەر بە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان و لە لایدیش، ئەو کاریگەرییەی دەبێت لە ڕێگەی ڕێنماییەکانەوە لەسەر زمانی کوردی هەیبێت بە ئەنجامی ناگەیێنێت. ئەوە ئەم تێزە دەگەیێنێت بەو ئەنجامەی کە کاریگەری سیستەمی پەروەردە لەسەر زمانی کوردی بەرۆژ نییە و ئەرکی پلاندارێژیی زمانی کە ڕێبازێکە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی حکومەت، بە باشی بەڕێوە ناچێت. بۆیە پێی وایە، دەبێت وەزارەتی پەروەردە چ لەبارەی پسپۆڕی و چ لەبارەی دانانی ڕێنمایی و چ لەبارەی جێبەجێکردنیان، چاکسازییەکی تەواو ئەنجام بدات.

### ٥.٥.١٣. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێزدەهەم

پرسیاری سێزدەهەم ویستوویە بزانێت، ئاخۆ ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ زمانی کوردی بە چ ڕادەیەک کاریان پێدەکرێت. ڕێژەی وەلامەکان بە گوێرەی ئەم وێنەیەی خوارەوەیە.




وێنەی ٥. ٤٣ ڕێژەی کارپێکردن بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە

چۆنییەتی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە، نیشان دەدات، تا چ هەژمارییەک وەزارەت لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانەوە کاریگەری لەسەر زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. پەروەردە شوێنێکی گرنگە بۆ کاریگەری دانان لەسەر زمان و بەشێک لە کەرەسەی ئەم کارەش ئەم ڕێنماییانەن کە ساڵانە لە لایەن وەزارەتەوە دەردەچن و لە قوتابخانەکاندا دەبێت بەڕێوە بچن. ئەو ڕێژەیەی کە لە هەژماری کارپێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە دەردەکەوێت نیشان دەدات، کاریگەری سیستەمی پەروەردە لەسەر زمانی کوردی چەندەیە. دیارە کۆی کاریگەری سیستەمی پەروەردە تەنیا بەو پێوەرە هەڵناسەنگێندرێت و بابەتیدی وەک بەشی پرۆگرامەکان هەیە، کە ساڵانە کاریگەری لەسەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دادەنێن، بەڵام ئەو ڕێنماییانە و جۆری جێبەجێکردنیان بەشێکن لە ڕەوتی کاریگەری دانان و لە وانەیە بە هۆی وێکچوونی سیستەمی کارگێڕی پەروەردە، بگەین بەو ئەنجامەی کە کەمتەرخەمی و ناپسپۆڕی بە کاری ئەوانیشەوە دیار بێت و بەو جۆرە پلانداڕێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بەرەوڕووی کەموکوورییەکی گرنگ بووبێتەوە.

بۆ وردبوونەوەی زۆرتر لەو بابەتە پرسیار لەسەرپەرشتیاران کراوە کە داخوا هۆی وەلامەکانیان چییە. ئەوەی لە هۆی وەلامی ئەو پرسیارە دەردەکەویت هەمان ئەو خالانەن کە پیشتر لە وەلام و هۆی وەلامەکانی پیشوودا دەست کەوتوون. واتە کار پینەکردن بە رینماییەکان، لاوازبوونی رینماییەکان، کەمتەرخەمی بەرپرسانی ئەو بابەتە و لاوازی بەریوەچوونی کاروباری کارگیری، کە بەیەکەوە دەبنە هۆی لاوازی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا.

### ٥. ٥. ١٤. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چواردەهەم

پرسیاری چواردەهەم دەپرسێت، ئایا مامۆستایانی ناوەندی خولی ڕاهێنانی مامۆستایەتیان بینیوە. ڕێژەی وەڵامەکان لەو وێنەیەی خوارەوەدا نیشان دراوە و دواتر وەسف و شەرح دەکرێت.




وێنەی ٥. ٤٤ ڕێژەی ڕاهێنانی مامۆستایان لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانەوە

ئەو پرسیارە لایەنی فێرکاری و هەروەها لایەنی جەستەی زمانیش دەگرێتەوە. دوو بابەت کە بە شێوەی ڕاستەخۆ کاریگەری دەخەنە سەر پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا. ڕاهێنانی بەردەوام یەکێکە لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی کاری پەروەردەیی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، کە بابەتی زمان یەکێکە لەو لایەنانە و لە نێو چوارچێوەی پلاندارێژیی زمانیدا دەگونجێت. بە جۆرێک کە ئەگەر مامۆستا بە بەردەوامی لە خولەکانی ڕاهێناندا بەشدار بن، دەتوانن ئەرکەکانی سەر بە پلاندارێژیی زمانی بە باشی بەڕێوە بەرن. ئەوەی لە ڕێژەی وەلامەکان دەردەکەوێت ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە ئەم ئەرکە بە باشی ڕاناپەڕێنێت و بەو جۆرە جۆری پلاندارێژیی زمانی کوردیش تووشی کەمایەسی بووە. لە لێکدانەوەی هۆی وەلامی ئەو پرسیارەدا باشتر لە لایەنەکانی ئەم بابەتە ورد دەبینەوە.

هۆی سەرپەرشتیاران بۆ پرسیاری چواردەهەم دەریدەخات، <u>بارودۆخی خراپی ئابووری</u>، <u>نەبوونی مامۆستای شارەزا</u> و دواتر <u>هەستنەکردن بە پێویستیی ئەم کارە</u>، سێ هۆی سەرەکی کەمبوونی خولی ڕاهێنانی ساڵانە بۆ مامۆستایانە. ئەو هۆیانە ئەم تێزە دەگەیەنێت بەو ئەنجامەی کە ئەگەر وەزارەتی پەروەردە بیەوێت پلانەکانی لە سیستەمی پەروەردەدا جێبەجێ بکات، پێویست دەکا، پارەیەکی زۆرتر سەرفی بەڕێوەچوونی ئەمری پەروەردەیی بکات و کردنەوەی خولی ڕاهێنانی مامۆستایان یەکێک لەو ئەرکانەیە، چونکە کاری ڕاهێنان کارێکی تایبەتە و پێویستە مامۆستا و جێگە و دەرفەتی بۆ دابین بکرێت.

دانانی مامۆستای شارەزا بۆ ئەم بوارە یەکێکی دیکە لەو کەرەسانەیە کە دەتوانێت پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بە ئەنجام بگەیێنێت. واتە دەبێت لەسەرەتاوە دەستەیەک مامۆستا پەروەردە بکرێن کە خۆیان گرنگی پلاندارێژیی زمانی بە تەواوی درک بکەن، بۆ ئەوەی دواتر بتوانن مامۆستایانی دیکەی لەسەر ڕابێنن. بەرزکردنەوەی پێگەی زمان و چاکسازی لە جەستەی زماندا و گەشەی فێرکاریی زمانی کوردی پێویستیان بە کاری زانستی و دواتر ڕاهێنانی مامۆستای شارەزا هەیە، چونکە وەک لە خاڵی سێهەمی هۆی

وەڵامەکان دەردەکەوێت، بەشێک لەسەرپەرشتیاران ڕایانوایە، چونکە مامۆستاکان دەرچووی بەشی کوردین یا بە کوردی خوێندوویانە یا زمانیان کوردییە ئەوە مەرجێکی تەواوە بۆ ئەوان و ئیتر پێویستی بە خولی ڕاهێنانی بەردەوام نییە، کەچی ئەوە هەڵەیە و دەرچوون لە بەشی کوردی یا بە کوردی خوێندن یا کوردبوون مەرج نییە بۆ ئەوەی، مامۆستا شارەزای پلاندارێژیی زمانی و چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئەرکی مامۆستایەتی بێت.

### ٥. ٥. ١٥. وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری پانزدەهەم

لە پرسیاری کۆتاییدا داوا لەسەرپەرشتیار کراوە، ئەگەر لە دەرەوەی پرسیارەکان، تێبینییەکی لەسەر زمانی کوردی لە قوتابخانەدا هەیە بینووسێت. لێکدانەوەی تێبینی سەرپەرشتیاران بەو شێوەیەی خوارەوەیە.

تێبینی سەرپەرشتیاران لەنێو لقەکانی پلاندارێژیی زمانیدا، واتە پێگە، جەستە و فێرکاریی زمانی کوردیدا پۆلدەکرێن. یەکەم، زمانی کوردی سادەتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی قوتابی لە بابەتەکان ئاسان بێتەوە و بەو شێوەیە پێگەی زمانەکە بەرز ببێتەوە، چۆنکە بە خێراتربوون و تۆکمەتربوونی پەیوەندی نێوان زمان و تاکی کورد و هەروەها بە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی لە دەقەکان هۆگری قوتابی و مامۆستا بە زمانی کوردی زۆرتر دەبێت و پێگەی زمانەکە، لای ئەوان بەرزتر دەبێتەوە. دووهەم، لێهاتوویی مامۆستا و شارەزایی ئەوان، کە لایەنی فێرکاری دەگرێتەوە، یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژیی زمانییە و بەهاکەی پێشتر باس کراوە. سێهەم، بابەتێک کە سەرپەرشتیاران جەختی لێدەکەنەوە، جۆری کارپێکردن بە شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی زمانی کوردییە. ئەوان پێیان وایە، پێویستە لە شێوەزارێک کەڵک وەربگیرێت، کە قوتابی و مامۆستا لێی شارەزاترن. بۆ ئەوەی تێگەیشتن و کارپێکردنی بۆ قوتابی و مامۆستا ئاسانتر بێت. ئەو بەشە لە ڕای سەرپەرشتیاران

نیشان دەدات، پێویستە ئەم بابەتە بە شێوەی سەربەخۆ و بە چڕوپڕی توێژینەوەی لەبارەدا بکرێت. چوارەم، بەشێک لە تێبینی سەرپەرشتیاران پەیوەندی بە جەستەی زمانەوە هەیە. ئەوان پێیان وایە، پێویستە کەسانی شارەزا پێداچوونەوە بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا بکەنەوە. ئەوە نیشان دەدات کە جەستەی زمان بە لای ئەوانەوە هەڵەی تێدایە و پێویستی بە چاکسازی هەیە. پێنجەم، بە هەند وەرگرتنی لیژنەکانە. ئەو بەشە نیشان دەدات، کۆبوونەوەی لیژنەکان لەسەر بابەتەکانی سەر بە پلاندارێژیی زمانی کەمن و هەروەها بەهای پێویست بە ڕای ئەوان لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نادرێت. ئەم تێزە پێی وایە، ئەگەر سیستەمی پەروەردە بیەوێت چاکسازی لە زمانی کوردیدا بکات و، دواتر، ئەو چاکسازیانە لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانەوە بە ئەنجام بگەیێنێت، پێویستە بەهای زۆرتر بە ڕای ئەوان بدات. بە جۆرێک کە ئەوان هەست بکەن بەشێک لە ڕەوتی چاکسازییەکەن و بەو جۆرە زۆرتر هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن و لەئاکامدا باشتر ئەرکی سەرپەرشتیاری خۆیان بەڕێوە ببەن.

لە کۆتاییدا وەک ڕابێرت فیلیپسن باسی دەکات (١٣٩٥، ل١٢٢) ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی پلاندارێژیی زمانی ئەوە بێت، کە هۆی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و زمانەوانی کێشەکانی زمان بدۆزێتەوە و چارەسەرییان بۆ پەیدا بکات، ئەوە ئەو بەشە لە تێزەکە، لە ڕوانگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەییەوە، دەستی خستۆتە سەر کێشەکانی سەر بە پلاندارێژیی زمانی و لە قەدەر توانای خۆی، باسی کردوون و لێکیداونەتەوە و ڕەخنەی لێگرتوون. پێشی وایە، چاکسازی لەو بارانەدا کە ڕەخنەی لێگرتوون، دەتوانێت چارەسەری بەشێک لە گرفتەکانی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا بکات و گەر بە هەند وەربگیرێن دەبنە هۆی سەرکەوتنی زۆرتری پلاندارێژی و سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا.

## ٥. ٦. وەسف و لێکدانەوەی ڕای بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان

ئەم تێزە لە ڕێکەوتی ٢٧/ ١/ ٢٠١٩ ز. لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، لە شاری هەولێر وتووێژێکی ئەنجام داوە. مەبەست لەم وتووێژە ئەوەیە کە بزانێت ئاخۆ سیاسەت و پلاندارێژیی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە زمانی کوردی چۆنە. بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان کەسی بەرپرس و کەسی یەکەمی بەڕێوەبەری پلانی وەزارەتی پەروەردەیە و بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدەی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ دەکات. ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە پاڵپشتی قانوونی عێراقی فیدراڵ و لەسەر ئەساسی سیاسەتی زمانی هەرێمی کوردستان، بڕیار لەبارەی چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانیدا دەدات و دواتر لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان جێبەجێی دەکرێت. واتە بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان شوێنێکی ناوەندییە و هەموو ناوەندکانی پەروەردەیی هەرێمی کوردستان بڕیارەکانی ئەوان لەبارەی پلاندارێژیی زمانیدا جێبەجێی دەکەن. بۆیە وەسفکردن و لێکدانەوەی وەڵامی بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان یارمەتی ئەم تێزە دەدات، لە لایەک لە چۆنییەتی سیاسەتی زمانی و چۆنییەتی دروستبوونی بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی زمانی کوردیدا باشتر تێبگات و، لە لای دیکەشەوە لەچۆنییەتی جێبەجێکردنی پلانەکانی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە ورد بێتەوە و لەو ڕێگەیەوە لە وەڵامی پرسیاری سەرەکییەکەی نزیک بێتەوە و بزانێت کە ئاخۆ سیستەمی پەروەردە بە چ شێوەیەک بە زمانی کوردی ڕادەگات. ئەم وتووێژە بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە ئەنجامدراوە و دواتر لە بەر ڕۆشنایی تیۆر و بە یارمەتی ڕێبازی توێژینەوەکە، وەسف کراوە و لێکدراوەتەوە و هەوڵدراوە بە یارمەتی لێکدانەوەی داتاکانیدی ئەنجامێکی

شایان بەرهەم بێت. بۆ لێکدانەوەی وردتر، لێدوانەکەی بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بە دوو تەوەرەی سیاسەتی زمانی و پلاندانانی زمانی دابەش دەکرێت و دواتر تەوەری پلاندانانی زمانی لەسەر سێ تێگەی پلاندانانی پێگە و پلاندانانی جەستە و پلاندانانی فێرکاریی زمانی وەسف دەکرێت و بە شێوەی ڕەخنەگرانە لێکدەدرێتەوە.

پرسیاری یەکەم دەیەوێت بزانێت ئاخۆ چ کەسێک یا کەسانێک لەبارەی چۆنییەتی پلاندانانی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بڕیار دەدەن. وەک لە وەڵامی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە دەردەکەوێت، حکومەت لایەنی فەرمییە، کە لەبارەی چۆنییەتی پلاندانانی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، بڕیار دەدات. چۆنییەتی ئەم بڕیارانەش پەیڕەوی لە سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. بەپێی ئەوەی ئەم سیاسەتە و پلانێکی کە بۆی دادەڕێژرێت کاریگەری لەسەر پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە، دەکرێ بگوترێت کە بارودۆخی ئێستای زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا و تەنانەت لە شوێنەکانیدیش، تا ڕادەیەکی زۆر، بەرهەمی سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە و هەر بەو پێیەش بارودۆخی داهاتووی زمانی کوردی دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. واتە ئەو قەرارانەی کە ئەنجومەنی وەزیران لەژێر کاریگەری جۆری سیاسەتی زمانی، دەریان دەکات، چۆنییەتی پلاندانانی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا دیاری دەکات و کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر چۆنییەتی بارودۆخی زمانی کوردی لە ئێستا و داهاتووی هەرێمی کوردستاندا دادەنێت و دواتر لە ڕێگەی شرۆڤەی زۆرتری ئەم وتوویژە وردەکارییەکانی زۆرتر ڕوون دەکرێتەوە.

لە پرسیاری دووهەمدا لە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان پرسیار کراوە، ئاخۆ، وەزارەتی پەروەردە ڕێژەی خوێندن و پێخوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانیدا، بۆ پۆلی نوێ ناوەندی، دیاری کردووە. لە وەڵامەکەدا بۆمان دەردەکەوێت، لە هەموو قوناخەکانی خوێندن

ڕێژەی خوێندن و پێخوێندن بە زمانی کوردی دیاری کراوە. ئەم ڕێژەیە دەریدەخات، ٧٧٪ خوێندن و پێ خوێندن لە پۆلی نۆی ناوەندی کوردییە و بە زمانی کوردییە. ئەو ڕێژەیە لە ڕووی ڕێژەی ئەو وانانە دەردەکەوێت کە بە زمانی کوردی نووسراون و کتێبیان بۆ چاپ کراوە و مامۆستایان بۆ پەروەردە کراوە و قوتابی پێ پەروەردە دەکرێت. وەک لە وەڵامەکان دەردەکەوێت کۆمەڵێک قوتابخانە هەن کە بە زمانی عەرەبی یا تورکمانی دەخوێنن. لەو قوتابخانانەدا زمانی یەکەم زمانی کوردی نییە و زمانی کتێبە وانەییەکان تورکی یا عەرەبییە و زمانی کوردی وەک وانەیەک دەخوێندرێت.

لە ڕووی وەڵامی پرسیاری دووهەم دەردەکەوێت کە سیاسەتی زمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی لە سیستەمی پەروەردەدا جێبەجێ دەکرێت و ڕێژەی زمانی خوێندن و پێ خوێندن لە لایەن حکومەتەوە دیاری دەکرێت. ئەوە نیشان دەدات، بابەتی زمان بیری لێکراوەتەوە و حکومەت خاوەنی بیرۆکەی سیاسەتی زمانییە و لە سیستەمی پەروەردەشدا بەڕێوەی دەبات. لە ڕووی ئەو ڕێژەیەی کە بۆ زمانی کوردی تەرخان کراوە، پێگەی زمانی کوردی لە پۆلی نۆدا ئاستێکی بەرزی هەیە. ئەوە نیشان دەدات، لە سیاسەت و پلاندارێژیی سیستەمی پەروەردەدا بەها بە پیگەی زمانی کوردی دراوە. هاوکات سیستەمی پەرەوەردەی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک و دادپەروەرانە لەگەڵ زمانە غەیری کوردییەکان هەڵسوکەوت دەکات و مافی زمانی ئەوانی وەبەرچاو گرتووە.

لە <u>پرسیاری سێهەمدا</u> هەوڵدراوە ڕێژەی خوێندنی زمانی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی لە پۆلی نۆهەمدا بزانرێت. وەک لە وەڵامی سەرۆکی پرۆگرامەکان دەردەکەوێت، هەموو وانەکان بە زمانی کوردی دەخوێندرێن. جگە لە عەرەبی و ئینگلیزی کە ڕێگە پێدراون، بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بخوێندرێن. ئەگەر پێگەی زمانی کوردیی پۆلی ٩ لە سیستەمی پەروەردەدا لە ڕووی بەشە وانەی حەفتانە لێکبدرێتەوە، ڕوون دەبێتەوە، کە لە کۆی ٣٦ وانەی حەفتانە، ٢٢٪ وەبەر ئینگلیزی و عەرەبی دەکەوێ و ٧٧٪ پشکی زمانی کوردییە. ئەو ڕێژەیە نیشان

دەدات، زمانی کوردی خاوەنی پێگەیەکی بەرزە. واتە ئەو ڕێژەیە لە خوێندنی زمانی کوردی و خوێندن بە زمانی کوردی، کە دەگاتە ٧٧٪ ی کۆی بابەتی خوێندن و پێخوێندن و کاریگەری دەخاتە سەر پێگەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان و ئاستی ئەو زمانە بەرز دەکاتەوە. واتە ئەوە بەشێکە لەو هەوڵانەی کە کرداری زمانی تاکی سەر بەو کۆمەڵگەیە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی و بەهای زمانی کوردی لای ئەوان بەرز دەکاتەوە. ئەوە نیشان دەدات، زمانی کوردی ئەرکێکی زۆری لە سیستەمی پەروەردەدا پێ بەخشراوە و کاریگەری دەخاتە سەر لایەنی شوناس و لایەنی زانستی و هەروەها جۆری خۆشەویستی و هۆگری بە زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا زیاد دەکات. واتە هەم لایەنی زانستی زمانی کوردی پەرە پێدەدا و هەم دەبێتە هۆی گەشەکردن و پەرەسەندنی خودی زمانەکە.

سەرەڕای ئەو ڕێژەیە لە خوێندن و پێخوێندنی زمانی کوردی، زمانی کوردی وەکوو وانەیەکی دەرسی لە پۆلی نۆی قوتابخانەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش دەخوێندرێت کە خوێندن لەواندا بە زمانی کوردی نییە. واتە ئەوانیش وانەیەکی کوردیان هەیە و ئەوەش خۆی بەرهەمی پلاندارێژیی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندایە و بەشێکە لەو سیاسەت و پلاندارێژییە زمانییەی کە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچێت. بەهۆی ئەوەیکە یەکێک لە مەبەستەکانی پلاندارێژیی پێگەی زمانی، بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردییە، دەکرێت ئەم پلانە ببێتە هۆی پتەوبوون و پەرەهەستاندنی ئەرکی زمانی کوردی لە پێناو چەسپاندنی زۆرتری شوناسی نەتەوەیی کورد لە سیستەمی پەروەردەدا. سەرەڕای ئەو شتانەی باسیان کرا، سیستەمی پەروەردە دەتوانێت بۆ بەرزکردنەوەی زۆرتری پێگەی زمانی کوردی هەندێک پلانی دیکەش دابڕێژێت. بۆ نموونە، کۆمەڵێک پلانی زانستی و ئابووری و کەلتووری دابڕێژێت کە زمانی ئینگلیزی بۆ بەرزکردنەوەی هەژمۆنی خۆی پەیڕەویان دەکات. سەرەڕای ئەوەش جۆری

پلاندارێژیی جەستە و فێرکاریی زمانی دەتوانێت، کاریگەری لەسەر پێگەی زمانی کوردی دابنێت.

لە پرسیاری چوارەمدا پێگەی زمانی کوردی لە ڕوانگەی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان هەڵدەسەنگێندرێت. ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات، لە ڕووی خوێندن و پێخوێندن، سیستەمی پەروەردە بەهای بە پێگەی زمانی کوردی لە پۆلی ٩ داوە. سەرەڕای ئەوەش، ڕای بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان دەری دەخات کە پێویستە سیستەمی پەروەردە بەهای زۆرتر بە پێگەی زمانی کوردی بدات. بۆ نموونە ئەو دەڵێت، هەرچەند وەزارەتی پەروەردە دوای ڕاپەڕین توانیوییەتی پەرە بە زمانی کوردی بدات، بەلام لە ئاستی پێویستدا نییە و پێویستە بەهای زۆرتری پێ بدرێت. واتە زمانی کوردی پێویستی بە پشتگیری زۆرتر لە لایەن حکومەتەوە هەیە. هۆی ئەوەش ئەوەیە کە بە هۆی پەرەسەندنی زمانی ئینگلیزی، پێگەی زمانی کوردی لە پەروەردەدا بەرەولاوازی دەچێت. بۆ نموونە، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان لەوبارەدا دەڵێت: "زمانی ئینگلیزی بۆتە سۆنامی بەسەر زمانی کوردیدا". بەو شێوەیە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان زمانی ئینگلیزی بۆ سەر زمانی کوردی بە هەڕەشە دەزانێت و وەک لە گوتەکانی دەردەکەوێت زمانی کوردی لە حالەتێکی شەڕ و بەرگریکردندا وەسف دەکات، بەڵام پێی وایە، سەرەڕای ئەم هێرشە نابەرانبەرەش، زمانی کوردی توانیوییەتی تا ئێستا خۆی ڕابگرێت. ئەو پێی وایە، زمانی کوردی پێویستی بە پشتگیری و بە چاکسازی و بە بەهێزکردن هەیە و دەبێ بەهای زۆرتر بە پێگە و جەستە و فێرکاریی زمانی کوردی بدرێت. واتە سەرەڕای ئەوەی سیاسەتی زمانی و پلاندارێژیی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا خزمەتی زمانی کوردییان کردووە، بەڵام کەموکووڕی تێدایە و پێویستی بە چاکسازی هەیە، بۆ ئەوەی پێگەی زمانی کوردی بەرزتر بێتەوە و باشتر بپارێزرێت. واتە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان سەرەڕای ئەوەی باس لە بەرزی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا دەکات، نایشارێتەوە کە بە هۆی ئەوەی زمانی

ئینگلیزی لە سیستەمی پەروەردەدا پەرەی هەستاندووە، زمانی کوردی لە حالی پاشەکشە دایە. بۆیە ڕای وایە، ئەم سیاسەتە پێویستە لە بەرژەوەندی زمانی کوردی ئالوگۆڕی بەسەردا بێت.

وەڵامی پرسیاری پێنجەم بۆمان ڕوون دەکاتەوە، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان هەستی بەوە کردووە کە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە بزانرێت، ئاخۆ پرۆسەی چاکسازی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان بە چ شێوەیەک ئەنجام دەدرێت. وەک لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەردەکەوێت، ئەم پرۆسەیە تا ئێستا بە شێوازێکی ڕێکوپێک بەڕێوە نەچووە، بەڵام لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٨ – ٢٠١٩ دا، بەشی پرۆگرامەکان هەوڵی داوە، تێبینی خەڵک و مامۆستایان وەربگرێت بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێویست لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا ئەنجام بدرێت و بە گوتەی بەڕیوەبەری پرۆگرامەکان "ئەو کێشانە بە یەکجار چارەسەر بکرێن". بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان لەو بارەوە دەڵێت: "وەک وەزارەت، یادادشتنامەکمان لەگەڵ ئەکادیمیای کوردی واژۆ کردووە و لەمەوبەدوا سەرجەم کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردە دەدرێت بە ئەکادیمیا و ئەوان لە باری زمانییەوە پێداچوونەوەی پێدا دەکەن."

گەڕانەوە بۆ ئاکادیمیا هەنگاوێکە کە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەبەستێتەوە بە ناوەندێکی زانستی، کە ڕێی تێدەچێت، شایستەیی ئەوەی هەبێت، لەبارەی چۆنییەتی جەستەی زماندا بڕیار بدات. ئەوە سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی چاکسازی لە جەستەی زماندا، دەبێتە هۆی خێرابوونی ڕەوتی ستانداردسازی و یەکدەستبوونی زمانی کوردی. ئەوەی لەدواییدا ئەو پرۆسەیە چۆن بەڕێوەدەچێت، دەبێت چاوەڕێ بین، بەڵام ئەوەی لە لایەن ئەم تێزەوە زانراوە، ئەوەیە کە هێشتا بە کردەوە هەنگاو بۆ ئەم بابەتە نەنراوە. کەواتە لە ڕووی واقیعی ڕووداوەکان و لە ڕووی ئەم وتووێژە دەردەکەوێت، سیستەمی پەروەردە تا ئێستا نەیتوانیوە بە شێوەیەکی مکوڕ هەوڵی چاکسازی لەو بابەتەدا بدات. سەرەڕای ئەوەش، دارشتنی پلانی چاکسازی لە لایەن وەزارەتەوە، ئەم تێزە هیوادار دەکات، وەزارەت هەستی بەو بۆشاییە

کردبێت و ئەوە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی هەوڵی چاکسازی بۆ بدات. پرۆسەیەک کە ئەگەر بە باشی بەڕێوە بچێت، دەتوانێت زمانی باشتر پێڕاگەیشتن بە زمانی کوردی لە داهاتوودا بێت و کاریگەری بخاتە سەر پێگەی زمانی کوردی لە جیهان و بەتایبەتی لە کوردستان و لە سیستەمی پەروەردەدا. جێگەی سەرنجە کە وەک لە وەڵامەکەدا دەردەکەوێت، سیستەمی پەروەردە پێی وایە، ئەو کارە بە یەکجار دەکرێت و کۆتایی پێدێت، کەچی پێداچوونەوە بە جەستەی زمان لایەنی نوێکردنەوە، پاڵاوتن، پێوەرسازی و ... هەیە و پێویستە بە شێوەی ساڵانە و بەردەوام پێداچوونەوە و چاکسازی تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی سیستەمی پەروەردە بتوانێت لە ڕێگەی زمانەوە نیازی ڕۆژانەی زانستی و پەروەردەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانی پێ دابین بکات. وشەسازی و سادەسازی دەتوانێت بەشێکی دیکە لە پلانەکانی سەر بەو بابەتە بێت. بۆیە وەک پێشنیار دەکرێت بگوترێ، وا باشە سیستەمی پەروەردە ئەم پرۆسەیە بە گرنگ بزانێت و سوور بێت لەسەر بەڕێوەبردنی و بەم جۆرە هەوڵ بدات بە شێوەیەکی بەردەوام بە چۆنایەتی و چەندایەتی پلاندارێژیی زمانیدا بچێتەوە.

یەکێک لە ئامانجەکانی دیکەی ئەم تێزە لەو وتووێژەدا ئەوە بووە کە تێبگات، ئاخۆ ڕای دایکانوباوکان، قوتابیان، مامۆستایان و سەرپەرشتیاران بە وەزارەت دەگات. چونکە وەک لە ڕاپرسی لەگەڵ قوتابیان، دایکانوباوکان، مامۆستایان، بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و سەرپەرشتیاران دەرکەوت، ئەو ڕەوتە جێگەی ڕەزامەندی ئەوان نییە. ئەم وتووێژە ڕای ئەوان پشتڕاست دەکاتەوە و نیشان دەدات کە ئەو ڕەخنە و بیروڕایانە بە ڕێکوپێکی بە دەست وەزارەت ناگەن. نموونەکەشی ئەوەیە کە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان دەڵێت، "ئێمە پلانێکمان داناوە کە چۆن بتوانین ڕای مامۆستایان وەربگرین." ئەو وەڵامە نیشان دەدات، تا ئێستاش پلانێکی تۆکمە بۆ ئەنجامی ئەو کارە دانەندراوە. لە شوێنێکی دیکە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان دەڵێت "دایک و باب دەتوانێت لە ڕێگەی وێبسایتی وەزارەتەوە، بەشی پرۆگرامەکان کە پەیجی فەیسبووکی هەیە، تێبینییەکانی بنێرێت". ئەوە نیشان دەدات، وەرگرتنی ڕای لایەنەکانی بەشدار

لە پرۆسەی پەروەردەدا بە سیستەم نەکراوە و لەئاکامدا بە شێوەی گونجاو سوود لە ڕای ئەوان سەبارەت بە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان وەرناگیرێت و بەو جۆرە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا نییە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، پرۆگرامەکان دەنگی خەڵکیان، هەرچەند کەمیش بێت، لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان پێنەگات. وەک لەم وتووێژەدا دەردەکەوێت، میدیا و دامودەزگای ڕاگەیاندن تا ڕادەیەک دەنگی خەڵک لەو بارەیەدا دەگوازنەوە و هەر ئەوەش کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بووە. بۆ نموونە، بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان لەوبارەیەدا دەڵێت: "ئێمە بەردەوام موتابیعەی دەسگا ڕاگەیێندنەکان دەکەین. ئەگەر دیتمان تێبینییەک لە جێگەی خۆیەتی، بەڕاستی زۆریش ئیستیفادەمان کردووە و خەڵک هەبووە هاوکارمان بووە لەو ڕووەوە". جیا لەوانە تەنانەت ڕای خەڵکی ئەکادیمیش کە لە سمینار و کونفرانسەکاندا بەشداری دەکەن و لەبارەی زماندا وتار بڵاو دەکەنەوە، کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ئەو ناوەندە دادەنێت. چۆنکە بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت: " ئێمە موتابعەی ڕاگەیاندن و مامۆستایان و خەڵکی ئەکادیمی (لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان) دەکەین و تێبینییەکانیان وەردەگرین".

ئەوەی لەو وتووێژەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە کە کەرەسەی وەزارەت بۆ وەرگرتنی ڕای خەڵک سەبارەت بە سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی ڕێکوپێک نییە و ڕەخنەی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بابەتی پلاندارێژیی زمانی کە ڕۆژانە سەروکاریان لەگەڵ زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە، بە شێوەیەکی پلان دارێژراو لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانەوە بە وەزارەتی پەروەردە و بەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان ناگات. واتە وەزارەت بە شێوەیەکی پەسەندکراو لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانەوە ڕای پێکهاتەکانی سیستەمی پەروەردە، واتە مامۆستایان و قوتابیان و دایکانوباوکان وەرناگرێت و تەنانەت سەرنجی زمانی لە خودی سەرپەرشتیارانیش بە تەواوی وەرناگرێت. بەڵکوو، لە دەرەوەی ئەو مکانیزمە، هەوڵی داوە

پلانێکیدی دابڕێژێت کە لەودا لە ڕێگەی دیکەوە، بۆ نموونە لە ڕێگەی سوشیال میدیاوە، ڕای خەڵک و لایەنی پەیوەندیدار وەربگرێت. ئەم تێزە پێی وایە، دەبێت وەزارەتی پەروەردە پلانێک دابنێت کە لەودا سەرپەرشتیاران لە ڕێگەی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەوە ڕای قوتابیان و دایکانوباوکان و مامۆستایان وەربگرن و دوایی وێڕای تێبینی سەرپەرشتیاران بۆ بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان بنێردرێت، بۆ ئەوەی وەزارەت لە رووی ئەم بیروڕایانە، پێداچوونەوە بە زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بکات.

ئەم تێزە دوای لێکدانەوەی چۆنایەتی و چەندایەتی وەرگرتنی ڕای کەسانی پەیوەندیدار بە بابەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، هەوڵی داوە بزانێت ئاخۆ شوێنێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕای ئەو کەسانە لە سیستەمی پەروەردەدا تەرخان کراوە. چونکە بیروڕای ئەم لایەنانە کاتێک دەتوانێت کاریگەری لەسەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا هەبێت کە وەزارەتی پەروەردە شوێنێکی بۆ وەرگرتن و پێداچوونەوەیان تەرخان کردبێت. وەک لە وتووێژ لەگەڵ بەڕێوەبەری پرۆگرامەکان دەردەکەوێت، وەزارەتی پەروەردە ژووری تایبەتی بۆ وانە جۆراوجۆرەکان تەرخان کردووە. ئەو دەڵێت: "لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان، مەسەلەن ئێستا ژوورێک تایبەتە بە کوردی، ژوورێک تایبەتە بە کیمیا، خەڵکی تێدایە، ئەوان دوو کەسن یا سێ کەسن. ئەوان تەنسیق دەکەن، بابەتێک گەر خیلافی هەبێت، دەنێرن لە دووی چەند سەرپەرشتیار و مامۆستایەک. کۆبوونەوەیەک دەکەن و دراسەتی دەکەن. بۆ ئەوەی ئەو تێبینیانە چارە سەر بکەن". بە پێی ئەم وەڵامە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر وانەیەی ژووری خۆی هەیە، بەڵام ژوورێک تایبەت نەکراوە بە ئەوەی کە لەو زمانە بکۆڵێتەوە کە وانەکانی پێ نووسراوەتەوە. ئەوە نیشان دەدات، وەزارەتی پەروەردە تا ئێستا بەهایەکی ئەوتۆی بەو بابەتە نەداوە و پێویستە ژوورێکی تایبەت بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکات، بۆ ئەوەی ڕای پێکهاتەکانی پەروەردەیی وەربگرێت، هەڵیان سەنگێنێت و بەوجۆرە پلان بۆ چاکسازیی زمان لە سیستەمی پەروەردەدا دابڕێژێت. واتە بۆشاییەکیدی کە دەکرێت ئاماژەی پێبکرێت جۆر و ڕادەی

وەرگرتنی ڕەخنەکان و کاریگەری ئەوان لەسەر پێداچوونەوە بە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکانە. کە دەکرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت و هەوڵی چاکسازی تێدا بدرێت.

جگە لە پێگە و جەستەی زمان، پلاندارێژیی فێرکاری بابەتێکی دیکەیە کە زمان دەورێکی گرنگی تێدا دەبینێت. ئەوەی کە وانەکان لە قوتابخانەکان بە چ زمانێک دەگوترێنەوە، یەکێک لە پرسیارەکانی ئەم تێزەیە کە کاریگەری لەسەر پێگە و جەستەی زمانی کوردی دادەنێت، هەروەها کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوە یا دابەزینی ئاستی زانستی قوتابی دادەنێت. چونکە زمان کەرەسەیەکی گرنگی بەخشینەوە و فێربوونی زانیارییە و باشترین زمان بۆ ئەو مەبەستە زمانی دایک یا ئەو زمانەیە کە قوتابی باشتر لێی تێدەگات و باشتری بەکار دێنێت.

زمانی فێرکاری لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا بەپێی جۆری زمانی کتێبە وانەییەکان دیاری دەکرێت. واتە ئەو زمانەی کە کتێبەکانی پێ نوسراوەتەوە و خشتەی خوێندنی بۆ دیاری کراوە. بەو پێیە ڕێژەی ئەو زمانەی کە کاری خوێندنی لەو قوتابخانانەدا پێدەکرێت بەو جۆرەیە. ٧٧٪ زمانی کوردی و ٢٣٪ زمانەکانی دیکەن. لەوەش زۆرتر، وەک لە قسەکانی بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان دەردەکەوێت، بە هۆی ئەوەی زمانی یەکەم زمانی کوردییە، وتووێژی ئاسایی و تەنانەت تا ڕادەیەک شیکردنەوەی بابەتە غەیری کوردییەکانیش بە زمانی کوردی ئەنجام دەدرێت. بەڕێوەبەری و پەروەردە و ئیدارەی قوتابخانەش بە زمانی کوردی دەکرێت، ئەوە دەریدەخات کە ڕێژەی فێرکاریی بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا لەسەرووی ٨٥٪ ە و ئەوەش باس لە بەهێزی ئاستی زمانی کوردی لە بواری فێرکاریدا دەکات و لەئاکامدا دەبێتە هۆی بەهێزبونی پێگەی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا.

لە کۆتاییدا دەگەین بەو ئەنجامەی کە وەزارەتی پەروەردە هەستی بەوە کردووە، پلاندارێژیی زمانی کوردیی لە سیستەمی پەروەردەدا کەموکورتی هەیە و جەستەی زمانی

کوردی کتێبە وانەییەکان پێویستی بە پێداچوونەوە و چاکسازی هەیە، بەڵام پلانێکی زانستانە بۆ ئەنجامی ئەم چاکسازییە بەدی نەکرا. زانرا کە پەیوەندی لە نێوان پێکهاتەکانی پەروەردەیی لەگەڵ وەزارەتدا لاوازە و وەزارەت نەیتوانیوە تا ئێستا پلانێکی تۆکمە بۆ وەرگرتنی ڕای لایەنە جۆراوجۆرەکانی نێو سیستەمی پەروەردە دابنێت و لە چاکسازیی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا بەکاریان بێنێت. وەزارەت تا ڕادەیەک هەستی بە کەموکووڕی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان کردووە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە ژوورێک بۆ ئەم بابەتە تەرخان بکات. وەک لە وتووێژەکەدا دەرکەوت، وەزارەت بۆ چاکسازی لە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکاندا، لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٨- ٢٠١٩ دا، پلانێکی داناوە کە ئەو بابەتە بە ئاکادیمیا بسپێریت. ئەوە نیشان دەدا کە وەزارەت هەستی بە زەرووەرەتی چاکسازی کردووە، بەڵام ئەویش جێبەجێ نەکراوە لەسەر کاغەز ماوەتەوە (سەرچاوە: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، جێگری ئەکادێمیای کوردیی ٢٠١٩/٨/١٥)، کارێک کە ئەگەر بە ئەنجامیش بگات، لە گرنگی پێکهێنانی لیژنەیەکی زمانی لە ناو وەزارەتدا کەم ناکاتەوە.

نەبوونی پسپۆڕی لە بواری پلاندارێژیی زمانی و نەبوونی توێژینەوەی بەردەوام لەم بارەیەدا، یەکێک لە کەموکووڕییەکانی دیکەی ئەم وەزارەتەیە. ئەم تێزە پێی وایە، سیستەمی پەروەردە پێویستی بەوە هەیە، زۆرتر بە سیستەم بکرێت و هەروەها ناوەندێکی توێژینەوە بۆ دەستنیشانکردنی کەموکووڕییەکان دابنێت، لە کەسی پسپۆڕی ئەم بوارە سوود وەربگرێت و دواتر حکومەت ئاگادار بکاتەوە و پلانی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکانی سەر بە سیاسەتی زمانی و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا دابڕێژێت.

# ئاکامی گشتی و پێشنیازەکان

ئەم تێزە گەڕانێک بوو بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارەدا کە ئاخۆ سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی چییە، لە عێراقدا چۆن بووە، چۆن گەیوەتە ئێستا، پەیوەندی بە چ تێگەیلێکەوە هەیە، سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان، لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە، چۆنی پراکتیزە کردووە و لەئاکامدا چۆن بە پێگە، جەستە و فێرکاریی زمانی کوردی ڕاگەیشتووە؟ توێژەری ئەم تێزە بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارە، تیۆر و بابەتەکانی پەیوەندیدار بەو بابەتەی خوێندۆتەوە و لێکی داونەتەوە، ئەوجار لە ڕووی میتۆدی لێکۆڵینەوەکە بە سێ جۆر داتای بۆ کۆکردۆتەوە کە بریتین لە بەڵگەنامە و سەرچاوەی چاپکراو، ڕاپرسی و وتووێژ. ڕاپرسییەکانی ئەم تێزە لەگەڵ قوتابی، مامۆستا، دایکوباوکان، بەڕێوەبەری قوتابخانە و سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی کراون و وتووێژەکەشی لەگەڵ بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردە کردووە. دواتر داتاکانی لە باری چۆنایەتی و چەندایەتییەوە وەسف کردوون و لە بەر ڕووناکایی بابەت و تیۆرەکانی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی، بە شێوەی ڕەخنەگرانە لێکی داونەتەوە و بە کۆمەڵێک ئاکام گەیشتووە کە دەکرێت لەو خاڵانەی خوارەوەدا پۆلێن بکرێن.

١. سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی بریتییە لە جۆری بیرکردنەوە لەبارەی زمان و ئەو هەوڵە دەستانقەستانەی، کە بە شێوەی جۆراوجۆر، لەژێر کاریگەری ئەم بیرکردنەوەیەدا، بۆ کاریگەری دانان لەسەر پێگە، جەستە و فێرکاریی زماندا لە لایەن حکومەت، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و تاکەکانەوە پلانی بۆ دادەندرێت و بەڕێوەدەچێت. جێگەی سەرنجە کە حکومەت زۆرترین ئەرکی لەو بارەوە دەکەوێتە سەر شان. وەک لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوت، وەزارەتی پەروەردە لە باری پلاندارێژیی جەستە و فێرکاریی زمانی نەیتوانیوە ئەم ئەرکە بە تەواوی بەڕێوە ببات و لەئاکامدا سیستەمی پەروەردە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی زمانی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، نەتەوەیی و هونەری خۆیدا بە تەواوی سەرکەوتوو نەبووە.

٢. سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی پەیوەندی بە کۆمەڵێک بابەت و تێگەوە هەیە کە کاریگەریان لێ وەردەگرێت و کاریگەریان لەسەر دادەنێت. ئەو بابەتانە بریتین لە حکومەت، سیاسەتی شاراوە و ئاشکرای زمانی، مافی زمانی، یەکریزی نیشتمانی، ئابووری، زمانی دایک، قوتابخانە، زمانی نیونەتەوەیی، ڕێژە، زمانپاڵێوی، زمانی ستاندارد، هاوسانی زمانی، شێوەزار، سەرەپەرەشتی و موهەندیسیی زمانی و داهاتووی زمان.

٣. دەکری سیاسەتی زمانی هەر وڵاتێک لە ڕوانگەی جۆراوجۆر و لە پەیوەندی لەگەڵ تێگەی جوراوجۆردا، بۆ نموونە لە رووی تێگەی دیمۆکراسییەوە لێک بدرێتەوە. ئەم تێزە لە ئاکامی توێژینەوەکەیدا بەوە گەیشتووە کە سیاسەتی زمانیی وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ وڵاتێکی وەکوو تورکیا، تەنانەت فەرەنسا، دیمۆکراتیک و پێشکەوتوویە، بەڵام پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی پەروەردەیی، بۆ نموونە پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی، پەیوەندییەکی دیمۆکراتیک و پێشکەوتوو نییە.

٤. زمانی کوردی لە دەستووری حکومەتی عێراقی فیدراڵدا، هەروەها لە دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا خاوەنی پێگەیەکی بەرزە و سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانیش بەهایەکی شیاوی بە پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا داوە، بەو واتایە کە لە قوتابخانە حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا، زمانی خوێندن و پێخوێندن بە ڕێژەی زۆرتر لە ٨٥٪ کوردییە و لە قوتابخانە غەیری کوردی و ئەهلییەکانیش وانەی زمانی کوردی دەخوێندرێت، بەڵام جۆری پلاندارێژیی جەستە و فێرکاریی زمانی کوردی کاریگەری نەرێنی خستۆتە سەر پلاندارێژیی پێگەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا.

٥. پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەرودەدا پێویستی بە پێدا چوونەوە و چاکسازی هەیە، چونکە بۆ نموونە، ٣٩٪ قوتابیان لە ڕێنووسی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان رازی نین (وێنەی ٥. ٧) یا لەگەڵ وشە و ڕێزماندا کێشەیان هەیە. ئەو بابەتە سەرەڕای دانانی

کاریگەری نەرێنی لەسەر پەروەردە و ڕاهێنانی قوتابی، کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی زمانی کوردیش دادەنێت. ئەو بابەتە خۆشەویستی و متمانەی قوتابی بە زمانی کوردی کەم دەکاتەوە و ڕێگە بۆ گەشەی هەژمۆنی زمانەکانی دیکە خۆش دەکات. بۆیە پێویستە پێداچوونەوە بە جەستەی زمانی کوردی (ڕێنووس، وشە، ڕێزمان، دارشتن و خاڵبەندی) کتێبە وانەییەکاندا بکرێت و جگە لەوەش زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان سادەتر بکرێتەوە. لەو پەیوەندییەدا، وەزارەتی پەروەردە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٨- ٢٠١٩ دا، پلانێکی داناوە کە لەودا، ئەرکی پێداچوونەوە بە زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان بە ئەکادیمیا ئەسپێردراوە، بەڵام تا ئێستا ئەم ئەرکە بەڕێوە نەچووە. جێگەی سەرنجە کە لە ڕوانگەی قوتابییەکانەوە، هەڵەی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکان لە هەڵەی  بابەتە غەیری وانەییەکان زۆرترە.

٦. بە وردبوونەوە لە داتاکانی ئەم تێزە دەرکەوتووە کە پلاندارێژیی فێرکاریی زمانی لە سیستەمی پەروەردا، دوای پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی، زۆرترین ڕەخنەی لەسەرە. بۆ نموونە، زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان، بە هۆی جۆراوجۆری وەکوو بارودۆخی جەستە و دارشتنییەوە، لە پێدانی زانیاری بە قوتابی کارا نییە و مامۆستاش لە تێگەیاندن و شیکردنەوەی وانەکان کێشەی هەیە، هەروەها باری ژیانی مادی مامۆستایان گونجاو نییە، خولی ڕاهێنانی ساڵانە بۆ مامۆستایان دانانردرێت و مامۆستا بە شێوەی بەردەوام ڕاناهێندرێت و ئەوانە کاریگەری نەرێنیان لەسەر سیستەمی پەروەردە داناوە.

٧. بۆ ئەوەی قوتابی لەسەر نۆرمێکی دروست ڕابهێندرێت و خوێندنەوەی کتێبە وانەییەکان ئاسانتر و دروستتر و خێراتر ئەنجام بدرێت، هەروەها بۆ ئەوەی لایەنی جوانیناسی و فێرکاریی زمانی کوردی گەشە بکات و بەو جۆرە پێگەی زمانی کوردی بەرز بێتەوە، پێویستە پێداچوونەوە بە بابەتی خاڵبەندی لە سیستەمی پەروەردەدا بکرێت.

٨. زمانی کوردی، بە ڕادەی پێویست، خاوەنی سەرچاوەی زانستی نییە و ئەو کەمایەسییە کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگە و فێرکاریی زمانی کوردی داناوە. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٥ز، بە بیانووی ئەوەی کە زمانی کوردی دەرەقەتی ماتماتیک و زانست نایەت، وەزارەتی پەروەردە زمانی کتێبەکانی بیرکاری و زانستی لە قۆناخی سەرەتایی کرد بە ئینگلیزی، بەڵام لە پاییزی ٢٠١٩دا، ئەم بڕیارە هەڵوەشاوە. جگە لەوەش، سیستەمی پەروەردە نەیتوانیوە، لە دەرەوەی بابەتە وانەییەکان، نەوەیەکی خوێندەوار و نووسەر بار بێنێت. چونکە هەژمارێکی بەرچاوی قوتابیان گوتیان، لە دەرەوەی دەوامی قوتابخانە بە کوردی ناخوێننەوە و نانووسن.

٩. زمانی ئینگلیزی بە هۆی جۆراوجۆر، کە لە تێزەکەدا بە وردی باس کراون، لە هەندێک جێ و لە هەندێک بوارەوە وەپێش زمانی کوردی کەوتووە و خاوەنی خۆشەویستی و هەژمۆنییەکی باڵایە. ئینگلیزی بە شێوەی گشتی بە نیوانێکی زۆر لە زمانی عەرەبی خۆشەویستترە. ئەوە لە کاتێکدایە کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمی وڵاتی عێراقە. ئەمە لەوانەیە وەکوو کێشەیەک لەنێو سیاسەتی زمانیی هەرێمی کوردستان و وڵاتی عێراق چاوی لێبکرێت، چونکە عەرەبی شانبەشانی کوردی زمانی فەرمی ئەو وڵاتەیە.

١٠. پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی، مامۆستا و سەرپەرشتیار، دایکانوباوکان و قوتابخانە و هی هەموو ئەوانەش لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە کەمە. زۆربەی بەشداران گلەییان هەبوو کە قسەیان وەرناگیرێت، مامۆستا گوێ بە قسەی قوتابی نادات، یا وەزارەت وەڵامی ڕاپۆرت و گازندەی سەرپەرشتیاران ناداتەوە. لەئاکامدا، لە بیروڕای پێکهاتەکانی پەروەردەیی، بۆ چاکسازی لە زماندا و هەروەها بۆ داڕشتنی پلانی زمانی و چۆنییەتی ئیدارەی سیستەمی پەروەردە، بە باشی، سوود وەرناگیرێت و بیچمێکی نادیمۆکراتیکی بەو وەزارەتە بەخشیوە.

١١. سیستەمی پەروەردە هەستی بە کەموکورتی پلاندانڕێژیی زمانی لە سیستەمەکەیدا کردووە، بەڵام بە هۆی لاوازی پسپۆڕی لەم بوارەدا و هەروەها بە هۆی ئەوەی پلانی گونجاوی بۆ

چاکسازی لەو بوارەدا نەبووە و گەر بوویێشیتی بە هۆی جۆراوجۆر جێبەجێی نەکردووە. بۆ نموونە لە دوایین چاوپێکەوتنی توێژەر لە مانگی ٨ی ٢٠٢٠دا، کەسێکی بەرپرس لە نێو ئیدارەی پرۆگرامەکانی وەزارەتی پەروەردەدا بە توێژەری ڕاگەیاند کە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتووە و بە شێوەی ساڵەکانی پێشوو ناردراون بۆ چاپ!

١٢. ڕادەی هۆشیاری زمانی لە هەرێمدا بەو ڕادەیە نییە کە بتوانێت بە شێوەیەکی سیستماتیک لقەکانی پلاندارێژی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا وەپێش بخات. ئەمەش دەتوانێت لەبەر ئەو قۆناخە ئەستەمە پەروەردەیی، سیاسی و ئابوورییە بێت کە هەرێمی کوردستان پێیاندا تێپەڕیوە و تێدەپەڕێت.

١٣. ئاستی بارودۆخی ژیانی مادی بنەماڵەکان، لەسەر شێوەی تێڕوانینی دایکانوباوکان سەبارەت بە زمانی پێخوێندنی مناڵاکانیان کاریگەری هەیە، بە جۆرێک کە ئەو دایکوباوکانەی بارودۆخی مادی ژیانیان باشترە و منداڵەکانیان لە قوتابخانەی باشتر دەخوێنن، زۆرتر حەزیان لەوەیە کە منداڵەکانیان بە زمانی کوردی بخوێنن.

١٤. کچان لە وڵامدانەوە بە ڕاپرسییەکان وردترن و زۆرتر هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن و دووهەم، ڕای کچان و کوڕان سەبارەت بە پێگەی زمانی کوردی، تا ڕادەیەک، جیاوازە و هۆگریی کچان بە زمانی دایک، بە مەبەستی پێخوێندن، لە هی کوڕان زۆرترە.

١٥. ئاستی قوتابی لە بواری داڕشتن و نووسین و خوێندنەوەدا نزمە و سیستەمی پەروەردە بە گوێرەی پێویست بەهای بە داڕشتن، ڕێنوس، ڕێزمان، خالبەندی و بە گشتی بە نوسین و خوێندنەوەی قوتابی نەداوە.

١٦. ڕێژەی بەشداری دایکانوباوکان لە پرۆسەی سیتەمی پەروەردەدا کەمە.

**پێشنیازەکان**: بەپێی ئەنجامی تێزەکە و دۆزراوەکانی، ئەم تێزە ئەم پێشنیازانە دەکات. یەکەم، سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی وەکوو بوارێکی ئەکادیمی زۆرتر بچێتە نێو زانکۆکانەوە.

بۆ وێنە، وانەیەک هەم لە ئاستی بەکەلۆریا و هەمیش لە ئاستی خوێندنی باڵادا (ماجستێر و دوکتۆرا) بۆ سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە زانکۆکاندا بکرێتەوە، هەروەها زمانناسان و شارەزایانی پەروەردەیی توێژینەوەی زۆرتر لەبارەی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروردەی هەرێمی کوردستاندا بکەن و ئەو تێگانەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی زمانیدا لەم تێزەدا باس کراون، ببنە ناونیشانی توێژینەوەیەکی سەربەخۆ و وەزارەتی پەروەردەش بایەخێکی زۆرتر بەم جۆرە توێژینەوانە بدا. دووهەم، سیستەمی پەروەردە لێژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا پێک بێنێت، کە بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی پلاندارێژیی زمانی، نەخشەی بەردەوامیان بۆ زمان لە سیستەمی پەروەردەدا هەبێت. بۆ نموونە، ژوورێک بۆ توێژینەوە لەبارەی سیاسەت و پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا تەرخان بکرێت و لەو ڕێگەیەوە هۆشیاری زمانی لە کۆمەڵگەدا بەرز بکرێتەوە. سێهەم، پێشنیاز دەکرێت، سیستەمی پەروەردە بایەخی زۆرتر بە ڕای قوتابی، مامۆستا و سەرپەرشتیار بدات، هەروەها بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و بەردەوام بڕوانێتە ئاکامی ئەو پلانانەی کە لە بواری زماندا بەڕێوەدەچن. بۆ ئەوەی کەموکورتییەکان بدۆزرێنەوە و بەپێی پێویست سیاسەتی نوێیان بۆ داڕێژرێت. چوارەم، ئەم جۆرە توێژینەوەیە لە قوتابخانە ئەهلییەکانیشدا بەڕێوە بچێت، چونکە ئێستا دەرچووی قوتابخانە ئەهلییەکان زۆرن و بەشێکی گرنگ لە مامۆستا و فەرمانبەر و بەڕێوەبەرانی داهاتووی کوردستان پێکدێنن. شەشەم: لە لێکۆڵینەوەکانی داهاتوودا مێتۆدی نوێ بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکار بهێندرێت. بۆ نموونە، لە شێوازی تاقیکاری و بینین (ئەو فامکردنەی کە بە یارمەتی کۆی ئەندامانی هەستۆکەوە بە دەست دەهێندرێت) سوود وەربگیرێت. چونکە بینین و تاقیکاری ئەم توانایییەی هەیە کە زانیاری زۆرتر بەرهەم بێنێت.

لە کۆتاییدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە کێشەیەک بکەم کە لەو لێکۆڵینەوەیەدا بەرەورووی بوومەوە. ئەویش کەمبوونی سەرچاوەی پێویست بە زمانی کوردی لەو بوارەدایە. لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەمدا، بە دەیان جار لە خۆم پرسیوە، گەلۆ ... گەر من زمانی فارسیم

نەزانیبا و دەستم بە دەیان سەرچاوەی فارسی رانەگەیشتبا، دەبوو چیم کردبا. بەڕای من ئەوە وانەیەکی زۆر گرنگی تێدایە کە دەبێت بیری لێبکرێتەوە. چونکە نەک هەر لەم بوارەدا، لە زۆر بواری دیکەشدا، سەرچاوە بە زمانی کوردی کەمە. هەڵبەت زۆربەی سەرچاوەکان لە زمانە باڵادەستەکاندا، بۆ نموونە، لە ئینگلیزی و فارسی و عەرەبیدا دەست دەکەون، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەرکەوتووە کە منداڵانی کورد ئینگلیزی و عەرەبییەکی وا فێرنابن کە توێژینەوەی پێ بکەن. بۆیە ئەم تێزە هیواداره وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاوڕێکی بە پەلە و شێلگیرانە لەو بابەتە بداتەوە و وەرگێڕانی سەرچاوە زانستییەکان بکات بە یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی.

# سەرچاوەکان

## کوردی:


- احمدێ خانی، (٢٠٠٩)، مەم و زین، آمادە کرن: حسین شمرخی، چاپخانەی ڕاژا
- تاریق جامباز، (٢٠٠٥)، زمانە فەرمییەکان لە دەستووری ویلایەتە فیدراڵییەکاندا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی
- تاریق جامباز، (٢٠١١)، دەستپێک لەبارەی (زمانپارێزی) سیاسەتی زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا (١٩٩٢- ٢٠٠٩)، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە ١٩، هەولێر
- تاریق جامباز، (٢٠١١)، سیاسەتی زمان ... ناسنامە و بوونی نەتەوە دەچەسپێنێ، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە ١١، هەولێر
- تاریق جامباز، (٢٠١٤)، بوونی نەتەوە و سیاسەتی زمان، ئاکادیمیای کوردی، هەولێر
- جەعفەر شێخۆلئیسلامی، (٢٠١٧)، زمانی کوردی لە ئێران، دانپێدانانی سنووردار و چاوەدێریکراو، وەرگێڕانی عەبدولخالەق یەعقووبی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
- خەلیل عەبدوڵلا، (٢٠١٢)، زمانی کوردی لە دەستوورەکانی عیراقدا، ئاکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران. سلێمانی
- ڕەفیق سابیر، (٢٠١٤)، بە ستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی غەزەلنووس
- ڕەفیق شوانی، (٢٠٠٨)، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر
- ڕەفیق شوانی، (٢٠٠٩)، زمانەوانی، چاپخانەی خانی، دهۆک
- ڕەفیق شوانی، (٢٠١٦) زمان و سنوور، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە ٣٦، هەولێر
- ڕەفیق شوانی، (٢٠١٦)، لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری زمانناسی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر

- ژان لوی ئاسۆلان دوشێرڤیل، (٢٠١٩)، کتاب الامثال والحکایات، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: چەند وەرگێڕێکی نەناسراو، ساغکردنەوەی دڵشاد هیوا و سەنا حەسەن، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر
- سەلام ناوخۆش، (٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپی یەکەم، هەولێر
- سەلام ناوخۆش، (٢٠١٤)، فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش، چاپخانەی هێڤی، باشووری کوردستان
- شەفیق قەزاز، (٢٠٠٤)، زمانی کوردی نێوان یاسای دەوڵەت و گرفتەکانی خۆی، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە ٢، هەولێر
- عەبدولمەناف ڕەمەزان ئەحمەد، (٢٠١١)، ئەتڵەسی زمانی، دهۆک، چاپخانەی خانی
- عەلی دلاویز، (١٣٩٠.ش)کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک مافی هەموانە، فصلنامەی فرهنگی/ ادبی/ اجتماعی، شمارە ٧٥، ٧٦، مەریوان
- فەرهاد شاکەلی، (٢٠١١)، زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
- کامیار سابیر، (٢٠٠٩)، لینگوافرانکای کوردیی، چاپخانەی ڕەنج، هەولێر
- کامیل عومەر، (٢٠١٧)، زمانی ستانداردی کوردی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، سلێمانی
- لویس جان کالفی، (٢٠١٢)، شەڕی زمان و سیاسەتی زمانەوانی، وەرگێر، بەهادین جەلال، هەولێر
- محمد معروف فتاح، (٢٠١١)، زمانەوانی، بڵاوکراوەی ئاکادێمیای کوردی، هەولێر
- مسعود بارزانی، (٢٠١٢)، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، چاپخانە گشتییەکان، هەولێر
- نەریمان عەبدوڵلا خوشناو، (٢٠١٣)، زمانی ستانداردی کوردی، چاپخانەی هێڤی

- ئاکۆ وەلەدبەیگی، (٢٠٠٥)، فەرهەنگی رامیاری نیگا، چاپکراوی وەزارەت، هەولێر
- ئەمیر حەسەنپوور، (٢٠١٠)، نەتەوایەتی و زمان لە کوردستاندا، وەرگێرانی باکووری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر
- ئەمیر حەسەنپوور، (٢٠١٤)، سەدەیێک خەبات لە پێناوی زمانی کوردیدا، تیۆری، سیاسەت و ئیدەئۆلۆژی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر

فارسی:

- اچ. جی. ویدوسن، (١٣٩٥.ش)، تحلیل گفتمان، ترجمەی نگار ایل غمی _ نگار داوری داوری اردکانی، نشر جامعەشناسان، تهران
- احمدی، حمید، (١٣٨٢.ش)، قومیت و قوم گرایی در ایران، نشر نی، تهران
- آریان پور، امیر حسین، (١٣٥٧)، زمینەی جامعە شناسی، چاپخانەی سپهر، تهران
- استفنی تیلور، (١٣٩٧. ش)، تحلیل گفتمان چیست، مترجمان: دکتر عرفان رجبی، پدرام منیعی، نشر نویسەی پارسی
- اصغر زارع کهنمویی، (١٣٩٥.ش)، پایان تک زبانی، نشر موغام، چاپ دوم، تبریز
- افشاری، رحمان، (١٣٩٥.ش)، ویرگول گذاری و مبانی نظری آن، چاپ طهرانی، تهران
- آقا گل زادە، فردوس، (١٣٩٤.ش)، زبان شناسی کاربردی و مسایل میان رشتەای زبان، نشر علمی، تهران
- اندرو هیود، (١٣٩١.ش)، سیاست، ترجمەی عبدالرحمان عالم، نشر نی، تهران
- باطنی، محمد رضا، (١٣٦٧.ش)، دربارەی زبان، موسسەی انتشارات آگاه، تهران
- باطنی، محمد رضا، (١٣٨٥.ش)، پیرامون زبان و زبانشانسی، موسسەی انتشارات آگاه، تهران
- باطنی، محمد رضا، (٢٥٣٥.شاهنشاهی)، مسائل زبانشناسی نوین،انتشارات آگاه، دانشگاه تهران

- باقری، مهری، (۱۳۹۳.ش)، مقدمات زبانشناسی، چاپ هجدهم، نشر قطره، تهران
- برایان پالتریج، (۱۳۹۶.ش)، درآمدی بر تحلیل گفتمان، ترجمه‌ی طاهره همتی، نشر نویسه پارسی، تهران
- پیتر ترادگیل، (۱۳۷۶.ش)، زبان شناسی اجتماعی، درآمدی بر زبان و جامعه، ترجمه‌ی محمد طباطبایی، نشر آگه، تهران
- جلیلیان، آذردخت، داوری اردکانی، نگار، (۱۳۹۲.ش)، جامعه شناسی زبان، دانشگاه شهید بهشتی،جامعه شناسان،تهران
- جودی فورد، (۱۳۸۸.ش)، چگونه فرزندان خود را دوست بداریم، مترجم: مهین شهبازی نیا، انتشارات انجمن اولیا و مربیان، تهران
- جی گالن سیلور، ویلیام ام. الکساندر، آرتور جی. لویس، (۱۳۷۸)، برنامه ریزی درسی، ترجمه‌ی دکتر غلامرضا خوی نژاد، انتشارات آستان قدس رضوی
- داوری اردکانی، نگار و جلیلیان، آذردخت، (۱۳۹۲.ش)، جامعه شناسی زبان، نشر جامعه‌شناسان، تهران
- داوری اردکانی، نگار، (۱۳۸۷.ش)، سره‌گرایی زبانی، انتشارات هرمس، تهران
- داوری اردکانی، نگار، (۱۳۹۰)، a، برنامه ریزی زبان فارسی و نگاهی به مبادی برنامه ریزی زبان، نشر ساقی، چاپ اول، تهران
- داوری اردکانی، نگار، (۱۳۹۰.ش)، b، درآمدی بر حوزه‌ی مطالعاتی برنامه ریزی زبان، نشر ساقی، تهران
- رابرت اندرسن هال، (۱۳۹۱.ش)، زبان و زبان شناسی، ترجمه محمدرضا باطنی، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران
- رابرت فیلیپسن، (۱۳۹۵)، امپراتوری زبانی، ترجمه فاطمه مدرسی، ابراهیم ملکی و یاسر رحمتی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران

- رفیع پور، فرامرز، (۱۳۹۱.ش)، تکنیکهای خاص تحقیق در علوم اجتماعی، شرکت سهامی انتشار، چاپ نهم، تهران
- رمضانی، علی، (۱۳۸۳.ش)، درست نویسی و نشانه گذاری، موسسه پخش کتاب حمید، تبریز
- رونالد وارداف، (۱۳۹۳.ش)، درآمدی بر جامعه‌شناسی زبان، ترجمه‌ی دکتر رضا امینی، بوی کاغذ، تهران
- زارع کهنمویی، (۱۳۹۵)، پایان تک زبانی، سیسده گفتگوی پژوهشی در باره‌ی حق زبان مادری، نشر موغام، تبریز
- ساعی ارسی، (۱۳۹۲.ش)، ایرج،مهارتهای نوشتاری پژوهش در علوم اجتماعی، بهمن برنا، تهران
- سپالسکی، برنارد، (۱۳۹۲.ش)، جامعه شناسی زبان، ترجمه‌ی سیده نسترن پزشکی، انتشارات روزآمد، تهران
- سپالسکی، برنارد، (۱۳۹۲.ش)، سیاست زبانی، مترجمین: سید مهدی عرفانی، حسین داوری، ابوطالب ایرنمهر، چاپ اول، انتشارات دانشگاه مغان
- صلح جو، علی، (۱۳۹۱.ش)، نکته‌های ویرایش، نشر مرکز، جاپ چهارم، تهران
- غفار ثمر، رضا، (۱۳۹٦.ش)، مبانی جامعه شناسی زبان، انتشارات دانشگاه تربیت مدرس، تهران
- گای کوک، (۱۳۸۹.ش)، زبان شناسی کاربردی، ترجمه‌ی دکتر علی روحانی، دکتر محمود رضا مرادیان، انتشارات رهنما، تهران
- لویی ژان کالوه، (۱۳۷۹.ش)، درآمدی بر زبان شناسی اجتماعی، ترجمه‌ی محمد جعفر پوینده، انتشارات نقش جهان، تهران
- محمد پور، احمد، (۱۳۹۳)، روش تحقیق کیفی ضد روش، جامعه‌شناسان، تهران
- مدرسی، یحیی، (۱۳۹۳)، درآمدی بر جامعه‌شناسی زبان، انتشارات زبانکده، تهران

- معينيان، نرمينه، (١٣٨٨.ش)، زبان شناسى از ديدگاه انسان شناسى، انتشارات ستوده، چاپ اول، تبريز
- ميريام استاپرد، (١٣٨٨.ش)، همه كودكان تيزهوشند اگر ...، ترجمه‌ى دكتر سهراب سورى، امير صادقى بابلان، نشر ذهن آويز، تهران
- ويليام سامارين، (١٣٧٨.ش)، زبان شناسى علمى، ترجمه لطيف عطارى، مركز نشر دانشگاهى، تهران

ئینگلیزی

- Amir Hassan pour, Nationalism and language in Kurdistan, 1918-1985, 1992
- Brigit Viney, 2003, The History of the English Language, Oxford Bookworms Factfiles
- Jaffer Sheyholislami, 2015, The Kurds(The language varieties of the Kurds) BFA-Staatendokumentation@bmi.gv.at www.ethnologue.com
- R. A. HUDSON, 1999, SOCIOL INGUISTIC, USA, Cambridge University Press, The Encyclopedia of Applied Linguistics, Edited by Carol A. Chapelle
- Tollefson and Tsui, 2004, LANGUAGE PLANNING IN EDUCATION, (PDF, Tollefson-LPP in educwtion)

نامەی ماستەر

- سادق ئەحمەد عوسمان، (٢٠١٤) ڕێزمانی کوردی لە نێوان پرۆگرامی خوێندنی کۆن و نوێدا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین

**ڕادیۆ**

(BBC)https://www.bbc.com/persian/search/?q=%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%AA+%DA%86%D9%86%D8%AF+%D8%B2%D8%A8%D8%A7%D9%86%DB%8C+%D8%AF%D8%B1+%D8%A7%DB%8C%D8%B1%D8%A7%D9%86%D8%9B+%D8%B6%D8%B1%D9%88%D8%B1%D8%AA+%D8%A7%D8%AE%D9%84%D8%A7%D9%82%DB%8C+%DB%8C%D8%A7+%D8%A7%D9%86%D8%AA%D8%AE%D8%A7%D8%A8+%D8%B3%DB%8C%D8%A7%D8%B3%DB%8C

روداو، وتوویژی رادیۆیی، سامان سوهەیلی(گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە) عەتا محەمەد ڕەمەزان، (جێگری یەکییەتی مامۆستایانی هەرێمی کوردستان) ئالان کوردۆ، محەمەد و ئارام (هاوولاتی شاری هەولێر) ٢٠١٧/٥/٢

**ئینترنێت**

- ئەمیر حەسەنپوور، وشە خواستن و داتاشین، وێبلاگی جەعفەری حوسێن پوور،هێدی، بۆ زمان و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی

http://hedih.blogspot.ca/2004/01/blog-post.html

- جەعفەر شێخۆلئیسلامی، زمان و زماننناسی کوردی

file:///C:/Users/H.D.R/Desktop/%D8%AF%DA%A9%D8%AA%D9%88%D8%B1%20%D8%AC%DB%95%D8%B9%D9%81%DB%95%D8%B1%20%D9%84%DB%95%20%D8%A8%D8%A7%D8%B1%DB%95%DB%8C%20%D8%AD%DB%95%D8%B3%DB%95%D9%86%D9%BE%D9%88%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%A7.pdf

- جەعفەر شێخۆلئیسلامی، زمانناسی چییە؟ وێبلاگی جەعفەری حوسێن پوور،هێدی، بۆ زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی

http://hedih.blogspot.ca/2004/01/blog-post.html
http://www.ronankurd.org/.../وتووێژی-تایبە/...%E2%80%8C%

- سایتی پەرلەمانی کوردستان

https://www.parliament.krd/media/2163/%DB%8C%D8%A7%D8%B
3%D8%A7%D9%89-
%DA%98%D9%85%D8%A7%D8%B1%D9%87-6-%D9%89-
%D8%B3%D8%A7%DA%B5%D9%89-2014-
%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D9%89-
%D8%B2%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%87-
%D9%81%D9%87-
%D8%B1%D9%85%DB%8C%DB%8C%D9%87-
%D9%83%D8%A7%D9%86-%D9%84%D9%87-
%D9%87%D9%87-%D8%B1%DB%8E%D9%85%D9%89-
%D9%83%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A
7%D9%86-%D9%80-
%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82.pdf

- قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران, اصل پانزدهم
https://www.lu.ac.ir/uploads/123456_20436.pdf

- یاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکانی کوردستان – عیراق، یاسای ژمارە ٥ ساڵی ٢٠١٥

https://www.parliament.krd/media/1981/%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%A7
%D9%89-%DA%98%D9%85%D8%A7%D8%B1%DB%95-5-%D9%89-

%D8%B3%D8%A7%DA%B5%D9%89-2015-
%DB%8C%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D9%89-
%D9%BE%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D9%86%D9%89-
%D9%85%D8%A7%D9%81%D9%89-
%D9%BE%DB%8E%DA%A9%D9%87%D8%A7%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A
7%D9%86-%D9%84%DB%95-
%DA%A9%D9%88%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-
%D9%80-%D8%B9%DB%8E%D8%B1%D8%A7%D9%82.pdf

- وێبلاگی جەعفەری حوسێن پوور(هێدی) بۆ زمان و فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کوردی
http://hedih.blogspot.ca/2004/01/blog-post.html

سمینار

- ئەمیر حەسەنپوور، سمیناری "شیر و قەڵەم"، ١٢ سێپتامبری ١٩٩٢، ستۆکهوڵم NNS
ROJ, Saturday, June 24, 2017

- گۆڤاری مهرنامه، تهران، ژماره ٣٤، ١٣٩٣
https://www.mathsisfun.com/data/data.html

حقمرادی، محمد (٢٠١٦)، ئاماژه
http://www.amazhe.com/%D9%88%D8%A7%D8%B3%D8%A7%D8%B2
%DB%8C-
%DA%AF%D9%81%D8%AA%D9%85%D8%A7%D9%86%D9%87%D8
%A7%DB%8C-
%D9%85%D9%84%DB%8C%e2%80%8c%DA%AF%D8%B1%D8%A7
%DB%8C%D8%A7%D9%86%D9%87-
%D8%A8%D8%AD%D8%AB%DB%8C-%D8%AF%D8%B1/

## پاشکۆ

## نموونەی ڕاپرسی و پرسیارەکان

ڕاپرسی تایبەت بە قوتابیان

قوتابی بەڕێز،

من ناوم سەعد عەبدولڕەزاق قازی یە و خوێندکاری دوکتۆرام لە زانکۆی سەلاحەدین. بۆ ئەم مەبەستە لەسەر چۆنیەتی پراکتیزەکردن یان نەکردنی سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا تۆژینەوە دەکەم. بەشێک لە تۆژینەوەکەم ئەمەیە کە بزانم تۆی قوتابی ڕات چییە لەسەر ئاستی فێرکردن و فێربوونی زمان بە گشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لە قوتابخانەکەت. تکایە، بەر لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان، سەرنجی ئەم چەند خاڵە بدە:

تکایە سەربەست بە لەوەڵامدانەوە.

ناوی خۆت لەسەر ئەم ڕاپرسییە مەنووسە. بەمجۆرە، هیچکەس نازانێ کە تۆ چیت نووسیوە.

وەڵامەکانت لە لای من دەپارێزرێن و هیچکەسی دیکە نایانبینێ. کاتێ لێکۆڵینەوەکەم تەواو بوو، وەڵامەکان دەفەوتێنم.

ئەگەر بە هەر هۆیەک حەز ناکەی هاوکاریم بکەی، تکایە ڕاپرسیەکە پڕ مەکەوە.

تکایە هەر پرسیارێک بە وردی بخوێنەوە، بۆ ئەوە کە بە باشی تێی بگەی. پاشان وەڵام بدەوە. ئەگەر لە پرسیارێک تێنەگەی، تکایە بپرسە.

دیسان سوپاسی هاوکاریت دەکەم.

واژۆی سەعد عەبدولڕەزاق قازی ..............................

واژۆی قوتابی ..........................

تکایە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە.

١. کامە لەم زمانانە دەخوێنی؟ تکایە بە بازنەیەک دیاری بکە.

ئینگلیزی کوردی عەرەبی فەرەنسی

٢. زۆرتر حەزت لە کامیانە؟ ئینگلیزی کوردی عەرەبی فەرەنسی

بۆ؟ ..................................................................................................................

٣. خوێندنی زمانی کوردیت پێخۆشە؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..................................................................................................................

٤. بە کوردی هیچت نووسیوە، وەکوو شیعر، چیرۆک، هتد؟

بەڵێ نەخێر

٥. ئایا جگە لەکتێبە وانەییەکان، کتێبی دیکە دەخوێنییەوە؟

بەڵێ نەخێر

٦. ئەگەر وەڵامی پرسیاری پێشووت بەڵێیە، زۆرتر چ جۆرە کتێبێک دەخوێنییەوە؟ (بە بازنە دیاری بکە)

رۆمان گۆڤار رۆژنامە شیعر کتێبی زانستی کتێبی وەرزیشی

٧. چەندە لەو زمانە ڕازی کە کتێبەکانی (غەیری وانەیی) پێ نووسراوە؟ (بە بازنە دیاری بکە)

هیچ ڕازی نیم کەم ڕازیم زۆر ڕازیم یەکجار زۆر ڕازیم

بۆ؟ ..................................................................................................................................

٨. لە باری ڕێنووسەوە، لە کتێبەکانت ڕازی؟ (بە بازنە دیاری بکە)

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..................................................................................................................................

٩. لە باری خاڵبەندی لە کتێبەکانت ڕازی؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..................................................................................................................................

١٠. ئایا ڕازیت لەو زمانە کوردییەی کتێبەکەتی پێ نووسراوە؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..................................................................................................................................

١١. ئایا کتێبەکان هەڵەیان تێدا؟

نا کەم زۆر یەکجار زۆر

١٢. زۆربەی هەڵەکانی ناو کتێبە کوردییەکان چین؟

ڕێنووس ڕێزمان بابەت/ناوەرۆک هەموویان

١٣. ئایا دە وانەکان دەگەی؟

زۆر کەم کەم زۆر یەکجار زۆر

ئەگەر "زۆر کەم" یان "کەم" تێیان دەگەی، بە کورتی بنووسە، بۆ؟

١٤. لە زمانی کام مادە/بابەت باشتر تێدەگەی؟

کوردی عەرەبی ئینگلیزی

١٥. لە زمانی کامە مادە بە باشی تێناگەی؟

کوردی فیزیا ئایین بیرکاری کیمیا عەرەبی ئینگلیزی

بۆ؟ ..............................................................................................................................

١٦. ئایا هیچ تێبینیەکی دیکەت لەسەر زمانی کوردی و قوتابخانە هەیە؟ تکایە بینووسە.

---

## ڕاپرسی تایبەت بە مامۆستایان

مامۆستای بەڕێز

من ناوم سەعد عەبدولڕەزاق قازی یە و خوێندکاری دوکتۆرام لە زانکۆی سەلاحەدین. بۆ ئەم مەبەستە لەسەر چۆنیەتی پراکتیزەکردن یان نەکردنی سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی

هەرێمی کوردستاندا تۆژینەوە دەکەم. بەشێک لە تۆژینەوەکەم ئەمەیە کە بزانم تۆی مامۆستا ڕات

چیە لەسەر ئاستی فێرکردن و فێربوونی زمان بە گشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لە قوتابخانەکەت. تکایە، بەر لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان، سەرنجی ئەم چەند خاڵە بدە:

-تکایە سەربەست بە لەوەڵامدانەوە.

-ناوی خۆت لەسەر ئەم ڕاپرسییە مەنووسە .بەمجۆرە، هیچکەس نازانێ کە تۆ چیت نووسیوە.

-وەڵامەکانت لە لای من دەپارێزرێن و هیچکەسی دیکە نایانبینێ. کاتێ لێکۆڵینەوەکەم تەواو بوو، وەڵامەکان دەفەوتێنم.

-ئەگەر بە هەر هۆیەک حەز ناکەی هاوکاریم بکەی، تکایە ڕاپرسیەکە پڕ مەکەوە.

-تکایە هەر پرسیارێک بە وردی بخوێنەوە، بۆ ئەوە کە بە باشی تێی بگەی. پاشان وەڵام

بدەوە. ئەگەر پرسیارەکان روونکردنەوەیان دەوێ، تکایە بپرسە.

دیسان سوپاسی هاوکاریت دەکەم.

واژۆی توێژەر(سەعد عەبدولڕەزاق قازی) ____________________

واژۆی مامۆستا____________________

تکایە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەوە.

١. پێت باشە خوێندن بە کام زمان بێ؟ (لەو چوار وەڵامە بە بازنەیەک یەکیان دیاری بکە.)

کوردی عەرەبی ئینگلیزی فەرانسی

بۆ؟ ..............................................................................................

٢. ئایا لە خاڵبەندی کتێبە وانەییەکان ڕازی؟ (بە بازنە یەکیان دیاری بکە)

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..............................................................................................

٣. ئایا قوتابییەکان لەسەر جەستەی زمان، واتە ڕێنووس و خاڵبەندی کتێبەکان تێبینیان هەیە؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..............................................................................................

٤. ئایا لە ڕێنووس و ڕێزمانی دەقی کتێبەکان ڕازی؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..............................................................................................

٥. تێبینیت هەیە لەسەر ڕێنووس و خاڵبەندی و داڕشتنی کتێبە وانەییەکان؟ بەڵی نەخێر

بۆ؟ ..............................................................................................

٦. ئایا تێبینییەکانت بە نووسراو یا بە گوتراو بەرز دەکەیەوە؟ بەڵێ نەخێر

ئەگەر وەڵامەکە ئایە، ئاکامی تێبینی ئێوە چی بووە؟

هیچ کەم زۆر یەکجار زۆر

٧. ئایا قوتابیان ڕای خۆیان سەبارەت بە زمانی کوردی ناو کتێبەکان دەر دەبڕن؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..........................................................................................................

٨. ئایا هیچ تێبینییەکی دیکەت لەسەر زمانی کوردی و قوتابخەنە هەیە؟ تکایە بینووسە.

## ڕاپرسی تایبەت بە دایکانوباوکان

دایک و باوکی بەرێز،

من ناوم سەعد عەبدولڕەزاق قازی یە و خوێندکاری دوکتۆرام لە زانکۆی سەلاحەدین. بۆ ئەم مەبستە لەسەر چۆنیەتی پڕاکتیزەکردن یان نەکردنی سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی

هەرێمی کوردستاندا تۆژینەوە دەکەم. بەشێک لە تۆژینەوەکەم ئەمەیە کە بزانم ئێوەی دایک و باب ڕاتان چییە لەسەر ئاستی فێرکردن و فێربوونی زمان بە گشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لە

قوتابخانەدا. تکایە، بەر لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان، سەرنجی ئەم چەند خاڵە بدە:

-تکایە سەربەست بە لەوەڵامدانەوە.

-ناوی خۆت لەسەر ئەم ڕاپرسییە مەنووسە. بەمجۆرە، هیچکەس نازانێ کە تۆ چیت نووسیوە.

-وەڵامەکانت لە لای من دەپارێزرێن و هیچکەسی دیکە نایانبینێ. کاتێ لێکۆڵینەوەکەم تەواو

بوو، وەڵامەکان دەفەوتێنم.

-ئەگەر بە هەر هۆیەک حەز ناکەی هاوکاریم بکەی، تکایە ڕاپرسیەکە پڕ مەکەوە.

-تکایە هەر پرسیارێک بە وردی بخوێنەوە، بۆ ئەوە کە بە باشی تێی بگەی. پاشان وەڵام بدەوە. ئەگەر لە پرسیارێک تێناگەی، تکایە بپرسە.

دیسان سوپاسی هاوکاریت دەکەم.

واژۆی توێژەر(سەعد عەبدولڕەزاق قازی) ____________________

واژۆی دایکانوباوکان____________________

تکایە وەڵای ئەم پرسیارانە بدەوە. (ولامی پرسیارەکان بە بازنەیەک دیاری بکە)

١. پێت خۆشە منداڵەکەت بە کام زمان بخوێنێت؟

کوردی عەرەبی ئینگلیزی فەرانسەوی

بۆ؟ ........................................................................................................

٢. زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانت پێچۆنە؟

خراپ ناوەند باش زۆرباش

بۆ؟ ........................................................................................................

٣. قەت تێبینی خۆت لەسەر زمانی کوردی بۆ قوتابخانە دەنێری؟ نەخێر بەڵێ

بۆ؟ ........................................................................................................

٤. ئایا زمانی کوردی گرنگە؟ بەڵێ نەخێر

بۆ؟ ........................................................................................................

٥. ئایا منداڵەکەت لەبارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان پرسیارت لێدەکات؟

نا کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..............................................................................................................

٦. پەیوەندیت لەگەڵ مەکتەبی منداڵەکەت چۆنە؟

هیچ کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..............................................................................................................

٧. ئایا هیچ تێبینییەکی دیکەت لەسەر زمانی کوردی و قوتابخەنە هەیە؟ تکایە بینووسە.............................................................................................................................
.............................................................................................................................

## ڕاپرسی تایبەت بە مودیری قوتابخانە

بەڕێوەبەری بەڕێز

من ناوم سەعد عەبدولڕەزاق قازی یە و خوێندکاری دوکتۆرام لە زانکۆی سەلاحەدین. بۆ ئەم مەبەستە لەسەر چۆنیەتی پراکتیزەکردن یان نەکردنی سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی

هەرێمی کوردستاندا تۆژینەوە دەکەم. بەشێک لە تۆژینەوەکەم ئەمەیە کە بزانم ئێوەی مودیر ڕاتان چییە لەسەر ئاستی فێرکردن و فێربوونی زمان بە گشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لە قوتابخانەدا. تکایە، بەر لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان، سەرنجی ئەم چەند خاڵە بدە:

-تکایە سەربەست بە لەوەڵامدانەوە.

-ناوی خۆت لەسەر ئەم ڕاپرسییە مەنووسە. بەمجۆرە، هیچکەس نازانێ کە تۆ چیت نووسیوە.

-وەڵامەکانت لە لای من دەپارێزرێن و هیچکەسی دیکە نایانبینێ. کاتێ لێکۆڵینەوەکەم تەواو بوو، وەڵامەکان دەفەوتێنم.

-ئەگەر بە هەر هۆیەک حەز ناکەی هاوکاریم بکەی، تکایە ڕاپرسیەکە پڕ مەکەوە.

-تکایە هەر پرسیارێک بە وردی بخوێنەوە، بۆ ئەوە کە بە باشی تێی بگەی. پاشان وەڵام بدەوە. ئەگەر لە پرسیارێک تێناگەی، تکایە بپرسە.

دیسان سوپاسی هاوکاریت دەکەم.

واژۆی توێژەر(سەعد عەبدولڕەزاق قازی) ______________________

واژۆی مودیر______________________

تکایە وەڵای ئەم پرسیارانە بدەوە. (ولامی پرسیارەکان بە بازنەیەک دیاری بکە)

١. پێت باشە منداڵان بە کام زمان بخوێنن؟

کوردی عەرەبی ئینگلیزی فەرەنسی

بۆ؟ ..........................................................................................

٢. زمانی کوردی کتێبەکانی خوێندنت پێچۆنە؟

خراپ ناوەند باش زۆرباش

بۆ؟ ..........................................................................................

٤. ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەتسەبارت بە زمانی کوردیت پێ باشە؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..........................................................................................

٥. ئایا مامۆستایان ڕای خۆیان سەبارەت بە چۆنییەتی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەردەبڕن؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ..........................................................................................

٦. ئایا مامۆستاکان تێبینی خۆیان لەسەر وانەی کوردی بە ئێوە دەدەنەوە؟ بەڵێ، نەخێر

ئەگەر بەڵی بە چ شێوەیەک؟ نووسراوە شیفاهی

٧. دایکانوباوکان پەیوەندیان لەگەڵ قوتابخانە چۆنە؟

هیچ کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ........................................................................................................................

٨. لە شارەزایی مامۆستاکان سەبارەت بە زمانی کوردی ڕازی؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟ ........................................................................................................................

٩. قەت تێبینی خۆت لەسەر زمانی کوردی بۆ قوتابخانە دەنێری؟ نەخێر بەڵێ

بۆ؟ ........................................................................................................................

١٠. ئایا هیچ تێبینییەکی دیکەت لەسەر زمانی کوردی و قوتابخەنە هەیە؟ تکایە بینووسە.

**ڕاپرسی تایبەت بە بۆ سەرپەرشتیارانی وەزارەتی پەروەردە**

سەرپەرشتیاری بەرێز

من ناوم سەعد عەبدولڕەزاق قازی یە و خوێندکاری دوکتۆرام لە زانکۆی سەلاحەدین. بۆ ئەم مەبەستە لەسەر چۆنیەتی پراکتیزەکردن یان نەکردنی سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی

هەرێمی کوردستاندا تۆژینەوە دەکەم. بەشێک لە تۆژینەوەکەم ئەمەیە کە بزانم ئێوەی چاودێر

ڕاتان چییە لەسەر ئاستی فێرکردن و فێربوونی زمان بە گشتی و زمانی کوردی بەتایبەتی لە قوتابخانەدا. تکایە، بەر لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان، سەرنجی ئەم چەند خاڵە بدە:

-تکایە سەربەست بە لەوەڵامدانەوە.

-ناوی خۆت لەسەر ئەم ڕاپرسییە مەنووسە. بەمجۆرە، هیچکەس نازانی کە تۆ چیت نووسیوە.

-وەڵامەکانت لە لای من دەپارێزرێن و هیچکەسی دیکە نایانبینێ. کاتێ لێکۆڵینەوەکەم تەواو بوو، وەڵامەکان دەفەوتێنم.

-ئەگەر بە هەر هۆیەک حەز ناکەی هاوکاریم بکەی، تکایە ڕاپرسیەکە پڕ مەکەوە.

-تکایە هەر پرسیارێک بە وردی بخوێنەوە، بۆ ئەوە کە بە باشی تێی بگەی. پاشان وەڵام بدەوە. ئەگەر لە پرسیارێک تێناگەی، تکایە بپرسە.

دیسان سوپاسی هاوکاریت دەکەم.

واژۆی توێژەر(سەعد عەبدولڕەزاق قازی) ______________

واژۆی چاوەدێر______________

تکایە وەڵای ئەم پرسیارانە بدەوە. (ولامی پرسیارەکان بە بازنەیەک دیاری بکە)

١. پێت باشە منداڵان بە کام زمان بخوێنن؟

کوردی عەرەبی ئینگلیزی فەرەنسی

بۆ؟ ..................................................

٢. زمانی کوردی کتێبەکانی خوێندنت پێچۆنە؟

خراپ ناوەند باش زۆرباش

بۆ؟ ..................................................

٣. ئایا زمانی کوردی گرنگە؟ بەڵێ نەخێر

بۆ؟.......................................................................................

٤. ئایا ڕێنماییەییتان لەبارەی زمانی کوردی لە پەروەردەڕا پێدەگا؟ بەڵێ نەخێر

٥. ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردەت سەبارەت بە زمانی کوردی پێ باشە؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟.......................................................................................

٦. لە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتیپەروەردە سەبارەت بە زمانی کوردی ڕازی؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟.......................................................................................

٧. مامۆستا کێشەی لەگەڵ زمانی کوردی لە باری ڕێنووس و ڕێزمان و وشە و خاڵبەندییەوە هەیە؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

٨. ڕای مودیران و مامۆستایانتان سەبارەت بە زمانی کوردی پێدەگات؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟.......................................................................................

٩. ڕای مامۆستایان مودیرانتان لەبارەی زمانی پێ باشە؟

نەخێر کەم زۆر یەکجار زۆر

بۆ؟.......................................................................................

١٠. ڕای مامۆستایان و مودیران، کاریگەری لەسەر چۆنییەتی زمانی کوردی هەیە؟

نەخێر            کەم            زۆر            یەکجار زۆر

بۆ؟ ..........................................................................................

١١. تێبینی مامۆستایان بۆ وەزارەتی پەروەردە دەنێرن؟    بەڵێ      نەخێر

ئەگەر وەڵام ئایە، راپۆرتی مامۆستاکان و ئی ئێوەش بۆ سەرەوە کاریگەری لەسەر زمانی کوردی بووە؟

نەخێر            کەم            زۆر            یەکجار زۆر

بۆ؟ ..........................................................................................

١٢. تاچ ڕادەیەک ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە زمانی کوردی بە سوودن؟

هیچ            کەم            زۆر            یەکجار زۆر    بۆ .........

١٣. تاچ ڕادەیەک ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە زمانی کوردی کاریان پێدەکرێت؟

هیچ            کەم            زۆر            یەکجار زۆر

بۆ؟ ..........................................................................................

١٤. ئایا مامۆستایانی ناوەندی خولی ڕاهێنانی مامۆستایەتییان بینیوە؟

١٥. ئایا هیچ تێبینییەکی دیکەت لەسەر زمانی کوردی و قوتابخەنە هەیە؟ تکایە بینووسە.

education system pays attention to such research. The education directorate can have a specialized committee researching and reviewing the Kurdish language teaching in schools. Moreover, limitations have been explained such as lack of adequate Kurdish resources which has had a negative impact on Kurdish planning in the education system.

*Key words:* The Kurdish language, language policy and planning, education, school, Kurdistan Regional Government

their historical framework. The findings can be summarized in the following points: 1. The Kurdish language has been paid much attention to in the education system of the Kurdistan Region, yet it needs more support especially in places where it has to compete with English; 2. The corpora of Kurdish language which consists of lexemes, graphology, grammar, and syllabus design contain some errors and needs some reforms. Moreover, the Kurdish language textbooks should be further simplified and demystified; 3. Kurdish educational planning and design in general also need revision. For instance, educating and training the teachers using modern methods can help achieve this goal so that the Kurdish language could be taught and written in the best way possible; 4. The education system in Kurdistan needs to be democratized. To that end, the perspective of all parties involved in education, such students, teachers and parents, should be taken more into consideration; 5. Teachers' salaries should be increased because their living conditions can influence the quality of education; 6. Different aspects in relation to language planning can play a great role in the education system. However, the government should assume more responsibility in this respect. Furthermore, based on the findings of this thesis, some recommendations have been made regarding the reforms of the status, corpus and acquisition of the Kurdish language in the education system. For example, it is recommended that courses on language policy and planning should be offered in universities so that further research in this area can be carried out. It is also important that the

# Abstract

Over the last few years, a great number of literary figures and scholars have complained about the quantity and quality of Kurdish use in the Kurdistan region, especially in the media, education and public administration domains. This great concern has motivated this researcher to embark on an academic study to investigate the extent to which those criticisms are related to the education system. Based on the assumption that community members learn how to use the standard and written language in school, this dissertation has investigated how the education system in Kurdistan has managed or manages the Kurdish language. Hence, theories vis-à-vis language policy and planning have been reviewed and various definitions have been highlighted and compared with one another. Furthermore, language policy and planning in a few countries have been tackled, and the history of language planning and policy in Iraq and Kurdistan have been discussed. Considering this background and theories discussed, the research method is outlined. Questionnaires were completed by students, teachers, parents, supervisors and head teachers in three schools of Hawler. Interviews have also been conducted with the director general of the curricula department affiliated with the Ministry of Education. In order to better validate the findings of this thesis, male and female participants have equally been involved in the questionnaire. Collected data have been analyzed using quantitative and qualitative methods. Then, the data have been explained and critiqued within

# Language Policy and Planning in the Education System of the Kurdistan Region

A Dissertation Submitted to the Council of the College of Languages at Salahaddin University-Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Doctor of Philosophy in Linguistics

*By*

**Saad Abdolrazzagh Ghazi…**

Kurdish Department

Linguistics

*Supervised by*

**Professor Dr. Rafiq Mohammed Muheden**

**Associate Professor, Dr. Jaffer Sheyholislami**

Erbil, Kurdistan

August 2020